# کورد و کوردستان

## لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمریکادا

### بەرگی یەکەم

ئامادەکردنی:
پرۆفیسۆر لوقمان محۆ

وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە:
وریا رەحمانی

چاپی سێیەم
2018

کوردوکوردستان له بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمریکادا
ئامادەکردنی: پرۆڤیسۆر لوقمان محۆ
وەرگێڕان له ئینگلیزییەوە: وریا رەحمانی
بەرگی یەکەم
چاپی سێیەم: ٢٠١٨

له بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان/هەرێمی کوردستان
ژمارەی سپاردن( ٧٥٥ ) ساڵی ٢٠١٨

نــرخــی ئــەو کــۆ بــەرهــەمــە
(٣٠٠,٠٠٠) سێ سـەد هەزار دینــارە

# پێرست:


پێشەکی- دۆکتۆر مەحموود عوسمان ........................................ ١٠
پێشەکی مێژوو و میراتی پشتیوانی ........................................ ١٤
پێشەکی- نوام چامسکی ........................................ ١٩
مێژوو و میراتی پشتیوانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە کورد ............ ٢٢
مێژووی کورد بە کورتی ........................................ ٢٨
کوردەکان لە عێراقدا ........................................ ٣٠
شەڕی ١٩٦١-١٩٧٥ی کوردەکان و حکوومەتی عێراق ........................ ٣٩
تێوەگلانی ئەمریکا لە شەڕی ١٩٩١ی کەنداو ........................................ ٤٧
**بەشی یەکەم:**
بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستانی عێراق لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ............ ٥٥
کوردەکان هەست دەکەن دەبێ پێشمەرگە بن: ........................................ ١٥٥
پەیامەکەی مستەفا بارزانی ........................................ ١٧١
کورد کێیە و لە کوێ دەژی ........................................ ١٧٨
کەسایەتی مەلا مستەفا بارزانی ........................................ ٢٢٧
**بەشی دووەم:**
کورد وکوردستانی عێراق لەئەجیندای کۆنگرێس، ........................................ ٢٤٠
ژینۆسایدی کورد ........................................ ٢٦٢
ڕژێمی سەرکووتکەری سەدام حوسەین هەڕەشەیە ........................................ ٢٨٧

## پێشەکی وەرگێڕ بۆ چاپی دووەم

هەروەها کە لە پێشەکی چاپی یەکەمدا ئاماژەی پێکرا کتێبی " کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنیەکانی ئەمریکادا" زیاتر وەرگێڕانی کتێبی "کێشەی کورد لە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا"یە[1] بەڵام کۆمەڵێک بەڵگەنامەی پەیوەندیداری دیکەم (بەڵگەنامەکانی ١٩٦٨ تا ١٩٧٢ کە گرنگترین بەشی بەڵگەنامەکانن) بە سەر ئەم کتیبەدا زیاد کردووە. ساڵی ٢٠١١ سەردانی ئارشیڤخانەی نیشتمانی ئەمریکام لە واشینگتۆن کرد و کۆمەڵێک بەڵگەنامەی نهێنی ئەمریکام دەربارەی شۆڕشی ئەیلوول و هەڵەبجە و ئەنفال دۆزییەوە. دەستبەجێ دەستم کرد بە وەرگێڕانی ئەو بەڵگەنامانە و لە دوو کتێبدا بە ناوی " شۆڕشی ئەیلوول لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمریکادا" و " هەڵەبجە و ئەنفال لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمریکادا" بڵاوم کردنەوە. لە کۆتایی ٢٠١٢ دیسان سەردانی ئارشیڤخانەی نیشتمانی ئەمریکام کردەوە و کۆمەڵێک بەڵگەنامەی نوێم دەربارەی مەلا مستەفا بارزانی دۆزییەوە کە بەمزوانە بڵاو دەبێتەوە. زمان و شێوازی داڕشتنی بەڵگەنامە لە زمان و شێوازی داڕشتنی دەقی ئاسایی زۆر جیاوازە و بە هەمان ڕێژەش وەرگێڕان و ساخکردنەوەی ئەستەمە، هەربۆیە وەرگێڕ هەوڵی داوە تا ئەو شوێنە کە پێی دەکرێت لە پەراوێزدا ئەم کەموکوڕییە سەرڕاست بکاتەوە. وەرگێڕ تا ئەو شوێنە کە پێیکراوە هەوڵیداوە کەموکوڕیەکانی چاپی یەکەم سەرڕاست بکاتەوە بەڵام دیسان هیوادارە کە خوێنەرانی بەڕێز بە چاوی لێبوردنەوە سەیری کەموکوڕییەکانی وەرگێڕانەکەی ئەم کوردە ڕۆژهەڵاتییە کوردی نەخوێندوو و کوردی لێ قەدەخەکراوە بکەن.

---

1 -The Kurdish Question in U.S. Foreign Policy: A Documentary ،Sourcebook By Lokman I. Meho ،Published by Greenwood Publishing Group ،USA, 2004

راستە ئەمە بەڵگەنامەیە بەڵام مەرج نییە هەرچی وتبێت راست و درست بێت. بەڵگەنامە هەڵەشی تێدایە و روانگە و حەزی شەخسی و بەرژەوەندی نەتەوەیی و نیشتمانی کاری لەسەر دەکات و بەتایبەت ئەو شتانە کە لە زمانی کەسانی دیکەوە باس دەکرێن لەوانەیە وەک خۆی نەبن. لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی ئەو شتانە کە لە بەڵگەنامەکاندا ئاماژەیان پێدەکرێت راستن و خوێنەر دەتوانێت زۆربەی راستیە شاراوەکانیان تێدا ببینێت.

لە کۆتاییدا جێگای خۆیەتی هەوڵی بەردەوامی هەندێ لە ئەندامانی کۆنگرێسی ئەمریکا وەبیر بهێنینەوە، بە تایبەت بەرێزان پێل، پۆرتێر، بیلبرەی و بە تایبەت باب فیلنێر و فرانک پالۆن کە لە رۆژانی تەنگانەدا داکۆکییان لە مافی گەلی کورد کردوە و پیلانەکانی دەوڵەتانی داگیرکەریان دژ بەم گەلە لەقاو داوە. بە دڵنیاییەوە گەلی کورد، دڵسۆزی و پشتیوانی ئەم کەسایەتییە ئازادیخوازانە قەد لە بیر ناکات و ئەمەکداریانە.

لەگەڵ رێزمدا

وریا رەحمانی
Arbaba380@gmail.com

هەواڵنامەی کتێب

## کتێبەکانی دیکەی وەرگێڕ:

١- **مێــژووی پەیوەنــدییەکانی کــورد و ئەمریکــا**، ٧٢٠ لاپــەڕە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٢
٢- **سیاســەتی ئەمریکــا لە کوردســتان لە ڕوانــگەی پســپۆڕانی رۆژئاوایی**، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١١
٣- **کوردســتان و کــورد لــە ڕوانگــەی نەخشــەوانییەوە**، ٥٢٠ لاپــەڕە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠٩
٤- **تراژیــدیای کــورد**، ژێــرار شــاڵیان، وەرگێــڕان لــە ئینگلیزییــەوە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠١٠
٥- **کولتــوور و ناســنامەی کــورد**، فیلیــپ کرینبــروک - کریســتییەن ئالیســـۆن، وەرگێـــڕان لـــە ئینگلیزییـــەوە، دەزگـــای چـــاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٨
٦- **تراژیــدیا کوردان(راپۆرتــەک ژبــۆ نەتــەوەیێن یــەکبوویی)**، ڤەرگــەرا ژ ئینگلیــزی بــۆ کوردیــا کورمــانجی، چاپخانــەیا وەزارەتــا رۆشنبیری، هەولێر ،٢٠٠٨، وەشانخانا لیس، دیاربەکر
٧- **شۆڕشــی ئەیلــوول لە بەڵگەنــامە نهێنییەکــانی ئەمریکــادا**، ٧٧٠ لاپەڕە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەندێشە، ٢٠١٣
٨- **ناســیونالیزمی کــورد و ڕوانــگەی رۆژئــاوا**، وەرگێــڕان لە ئینگلیزییەوە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٢
٩- **هەڵەبــجە و ئەنفــال لە بەڵگەنــامە نهێنییەکــانی ئەمریکــادا**، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١٣
١٠- **کردها(تــاریخ، فرهنــگ و هویــت)**، تــرجمە از انگلیســی بە فارسی، انتشارات خاوران، پاریس،

١١- شورشیان بدوی یا انقلابیون مدرن؟(جنبش ملی کرد در ترکیه)، ترجمه از انگلیسی به فارسی، انتشارات خاوران، پاریس،

١٢- بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد له تورکیه، پاوڵ وایت، وەرگێڕان له ئینگلیزییەوە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەندێشه

١٣- فەرهەنگی سیاسی و مێژوویی کورد (به زمانی فرەنسی )، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی پرین، پاریس

هەواڵنامەی کتێب

# پێشەکی

## دۆکتۆر مەحموود عوسمان

کێشەی کورد وەک کێشەی نەتەوەیەک هیچکات لە ئەجینداى ئەمریکادا نەبووە (ئیستاش نییە)، ئەمریکا زۆرتر لەگەڵ حکومەتەکان بووە، جار ناجار رێکخراوە مرۆڤدۆست و خەیرییەکان یارمەتی مرۆڤیان داوە بە کورد بەڵام وەک سیاسەت، حکومەتی ئەمریکا قەد وەکو نەتەوەیەک حیسابی بۆ کورد نەکردووە، بە تایبەت بەردەوام دژایەتی کوردەکانی تورکیای کردووە و قەد گرنگی بە کوردەکانی ئێران و سوریا نەداوە.

یەکەم جار کە پەیوەندی رەسمی لە نیوان ئەمریکا و کوردی عێراق دروستبوو، ساڵی ١٩٧٢ بوو، ئەویش لە سەر پێداگری مەلا مستەفا بارزانی لە سەر شا و پێداگری (شا)ش لە سەر ئەمریکا . وەختی خۆی کە هاوپەیمانی سۆڤیەت و عێراق کرا شا ترسا و ویستی ئەمریکاش لەملاوە تەییدی کورد بکات ، پەیوەندییەکیان دروست کرد لەگەڵ شۆڕشی کورد بەڵام نهێنی لە سەدا سەد یەعنی هیچ کەس نابێ بەم پەیوەندیە بیزانیبایا واتا پەیوەندییەکی لەرزۆک بوو. تەبعەن هەموو شتێک بە هۆی ئێرانەوە بوو یەعنی کلیلی پەیوەندییەکە شا بوو، هەر بۆیە ساڵی١٩٧٥ کە پەیمانی جەزایر مۆر کرا، شا وتی تەواو ، پەیوەندییەکە تەواو بوو و پاش ئەوە کە شۆڕشی ئەیلوول تیکچوو پەیوەندییەکەش هیچ نەما. هەندێ کەس ئەم سیاسەتەی ئەمریکا بە خیانەت دەزانن بەڵام وەختی خۆی ئەمریکا هیچ ئیلتیزامێکی بەرامبەر

بە ئیمە نەبووە تا بڵێین خیانەتی لە ئیمە کردووە،هیچ بەڵێنێکیان بە ئێمە نەدابوو ، یەکەم وەفد کە چووە ئەمریکا، من و رەحمەتی ئیدریس بارزانی بووین، ئەمەیان بە روونی پیمان وت، لێیان نەشاردینەوە. بەهەرحاڵ بەرژەوەندیان لەوەدا بوو کردیان و لایان برد، دەتوانین بڵێین فێڵیان لە کورد کرد.

پاش ئەوە لە کاتی شەڕی ئێران و عێراق، ئەمریکا بە تەواوی دۆستی سەدام بوو. ئێمە ئەنفال کراین، ئێمە کیمیاییمان لێدرا، هەموو وڵاتەکەمان وێران کرا، ئەمریکا لەگەڵ سەدام بوو، تەنانەت چەکی کیمیاییشی دابوویە یانی دژی ئێمە بوو.

بارودۆخەکە وا بوو هەتا ساڵی١٩٩١ کە عێراق کوێتی گرت، پاشان عێراق بوو بە مەسەلەیەکی گرنگ بە نیسبەت ئەمریکا و حیسابی بۆ کوردیش کرد وەکوو فاکتۆرێک لە ناو عێراقدا. ئیتر پەیوەندی پەیدا بوو، لە پێشا پەیوەندییەکە مرۆڤی بوو بەڵام وردە وردە تایبەتمەندی سیاسیشی بە خۆوە گرت تا ئەوەی کە ساڵی ٢٠٠٣ بڕیاریان دا سەدام بروخێنن، پاشان پەیوەندی کوردی عێراق و ئەمریکا پێی نایە قۆناخێکی گرنگ، پەیوەندییەکە زیاتر بوو و ئێستاش بەردەوامە . ئێستاش ئەمریکا دیسان پەیوەندی لەگەڵ کورد نییە وەک نەتەوەیەک بە جیا، وەک هاوپەیمان نا بەڵکوو وەک دۆستێک هەڵسوکەوت لەگەڵ کوردستانی عێراق دەکات چوونکە کورد بەشێکی گرنگە لە عێراق، هەرێمی هەیە و حکوومەتی هەیە، لە بەر ئەوە پەیوەندیان لەگەڵی هەیە وەک هەرێمێکی فدراڵ لە ناو عێراقدا.

پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا بۆ ئێمە گرنگە، زۆر هەوڵیشمان داوە و دەبێ هەوڵیشی بۆ بدەین بۆ ئەوەی پەیوەندیمان لە گەڵیان هەبێ و هاوکاریمان بکەن یانی حیسابێ بۆ کورد بکەن، کورد نەتەوەیەکە نزیکەی ٥٠ ملیۆنە، ئەم نەتەوەیە هەر هەمووی دەیەوێت دۆستایەتی لەگەڵ ئەمریکا بکات، بە کورتی کورد هەمیشە ویستوویەتی پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا هەبێت و هاوکاری بکات بەڵام ئەمریکا قەد نەیویستووە تێکەڵاوی کێشەی کورد بێت و هەمیشە بە کێشەیەکی ناوخۆیی زانیوە ، ئێستاش هەر بە کێشەیەکی ناوخۆیی دەزانێت.



هەواڵنامەی کتێب

بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی کورد لە گەڵ ئەمریکا بە بۆچوونی من دەبێ چەند شت بکرێت : یەکەم ئێمە یەک بین لە نیو خۆماندا، دووەم بە وردی بکۆڵینەوە لە سیاسەتی پەیوەندی ئەمریکا بۆ ئەوەی تێبگەین ئەم سیاسەتە چۆنە، ئەوەشمان لە بیر نەچێت هەموو شتێ بە پێی بەرژەوەندییە، ئەوان بەرژەوەندی خۆیان و ئێمەش بەرژەوندی خۆمان. حیسابی ئانکارا و بەغدادیش هەیە لە کێشەکەدا، مەسەلەی کورد تا رادەیەکی زۆر رای تورکیای تێدایە یانی فاکتۆری تورک شتێکی سەرەکییە لە سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە کورد، ئەمەش فاکتۆرێکی نەرێنییە بۆ ئێمە چونکە تورکیا هەمیشە سیاسەتی باش نەبووە بە رامبەر بە کورد. سییەم ئێمە دەبێ لۆبی خۆمان بەردەوام بکەین و بەهێزتری بکەین لێرە و لە ئەمریکا و لە هەموو شوێنێک بۆ ئەوەی زیاتر کێشەی خۆمانیان بۆ روون بکەینەوە ، بۆ ئەوەی ئەمریکا لێی تێبگات. چوارەم جارجاریش ئێمە دەبێ بڵێین نا، ئەوە نییە ئەمریکا هەر وەختێ هەرشتێکی وت بڵێین باشە، جارجاریش دەبێ رای خۆمان دەرببڕین. پێنجەم دەبێ پەیوەندیشمان لەگەڵ کۆمەڵگای ئەمریکا زیاد بکەین، تەنها هەر ئیدارەیش نیە، تەنها هەر ئەوە نییە تو بچی لەوێ حکوومەت ببینی، کۆنگرێس گرنگە، رۆژنامەنووس گرنگە، کۆمەڵگا گرنگە، رێکخراوەکان گرنگن، هەر یەکێ حیسابی تایبەتی خۆی هەیە، دەبێ لە هەموو ئاستیکدا لۆبی بکەین. ئەمە پرۆسەیەکی درێژە، دەبێ هەوڵی بۆ بدەین بە پێی توانا، دەبێ ئەم رەوتە بەردەوام بێ، بمانەوێ و نەمانەوێ وایە چونکە بە بەراورد لەگەڵ کێشەی تورکیا یا عێراق یا ئیران,کێشەکەی ئێمە بچووکترە ، وەک نەتەوەش حیسابمان بۆ نەکراوە، لە بەر ئەوە دەبێ هەوڵ بدەین و لەم پەیوەندییەدا بەردەوام بین لە هەوڵ و تەقەلاکانمان.

هەروەها کە ئاماژەم پێکرد ئێمە دەبێ بە وردی لە شێوازی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ ئەمریکا بکۆڵینەوە، تاوتوێکردنی بەڵگەنامەش یەکێ لەم میتۆدانەیە چونکە بەڵگەنامە دەریدەخات پەیوەندی چۆن بووە و چۆن نەبووە. بەڵگەنامە بۆ خۆی دوو جۆرە: جۆرێکی نهێنی نییە واتا دەتوانی هەموو کاتێک بڵاوی بکەیتەوە، بەڵگەنامەی واش هەیە پەیوەندی بە سیاسەتی وڵات و بەرژەوەندی وڵاتەکەوە هەیە کە ناکرێت

ئیستا باس بکرێت بەڵام پاش چەند ساڵ کە بوو بە مێژوو دەتوانی باسی بکەیت. دەبێ باسیشی بکەی بۆ ئەوەی خەڵک بزانێ چی بووە چی نەبووە، شت شاردنەوە هەڵەیە، هەق ئەوەیە ئەو زانیاریانەی هەمانە، ئەو پەیوەندیانەی هەمانبووە لەگەڵ دەوڵەتەکاندا ( بەڵگەنامەی هەبێ یان نەبێ ) بڵاوی بکەینەوە، شەفافیەت هەبێ باشترە.

کاک وریا رەحمانی کارێکی بەجێی کردووە هەڵساوە بە وەرگێڕانی ئەم بەڵگەنامانە، هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازم.

هەواڵنامەی کتێب

# پێشەکی

## پروفیسۆر مایکێل گەنتەر2

تێوەگلانی ئامریکا لە کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ جەنگی جیهانی یەکەم و ڕاگەیاندنە بەناوبانگەکەی وودرۆ ویلسۆنی سەرۆک کۆماری ئامریکا کە خاڵی ١٢یەمی پەیوەندی بە بەڵێنی خودمۆختاری بۆ نەتەوەکانی دیکەی ئیمپراتۆری عوسمانیەوە هەبوو کە کەوتبوونە ژێر دەسەڵاتی تورکیە. بەڵام خەباتی سەرکەوتووی کەمالیستەکانی تورکیا بۆ ڕاگرتنی یەکپارچەیی خاکەکەیان و بڕیاری بریتانیا بۆ ڕاگرتنی کۆنترۆڵی خۆی بەسەر ناوچەی دەوڵەمەند بەنەوتی کوردەکان کە پاشان بوو بە باکووری عێراق، هیوای نیوەچڵی کوردەکانی بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی یان تەنانەت جۆرێک خودموختاری لەناو برد. کەوابوو یەکەم قۆناخی کورتی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەنیسبەت کوردەکان کۆتایی پێهات.

زیاتر لە نیو سەدە دواتر وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دیسان کەوتەوە ناو کێشەی کوردەکان. بەڵام بەهۆی هاوپەیمانی ناتۆ، ئەمریکا پشتیوانی لە هەڵوێستی دەوڵەتی تورکیە بەنیسبەت کێشەی کورد کرد واتا ئەوە کە کوردەکان لە مافی کەمینەکانی دیکە بێبەش بکرێن بۆ ئەوەی داوای مافی زیاتر نەکەن کە ببێتە هەڕەشە بۆ یەکپارچەیی خاکی تورکیا.

---

[2] پروفیسۆر مایکێل گەنتەر مامۆستای زانستە سیاسیەکانە لە زانکۆی تنیسی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و سکرتێری ڕێکخراوی EUTCC لە بروکسل. مایکێل گەنتەر تا ئێستا ٧ کتێبی دەربارەی کێشەی کورد نووسیوە و ٧٢ وتاری دەربارەی بارودوخی کورد لە ڕۆژنامە بەناوبانگەکانی جیهاندا بڵاو کردووەتەوە.

بەهەرحاڵ وڵاتە یەکگرتوەکانی ئامریکا لەسەر بنەمای کۆمەڵێک هۆکار شۆڕشەکەی مەلا مستەفا بارزانی لەسەرەتای دەیەی ١٩٧٠ لە عێراق هاندا و ئەم قۆناخی دووەمی پەیوەندیەکانی ئامریکا و کوردەکان بە نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول لە ١٩٧٥ کۆتایی پێهات .

قۆناخی سێیەمی پەیوەندی ئامریکا و کوردەکان لە دەیەی ١٩٩٠ بە شەڕی ئامریکا لە کەنداوی فارس دژی سەدام حوسەین دەستی پێکرد. ئەمریکا زۆرتر چاوی بڕیبوە کوردەکان چونکە کوردەکان دژی دژمنی ئامریکا واتا دەوڵەتی عێراق بوون. ئەو کاتە ئامریکا تەنانەت کوردەکانی عێراقی تەشویق کرد حکومەتی هەرێمی کوردستان دابمەزرێنن. ئەمە کەم کەم بوو بە قۆناخی چوارەم و قۆناخی ئێستای پەیوەندیەکانی ئامریکا و کوردەکان.

کاتێک کە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئامریکا بۆ لەسەردەسەڵات لابردنی سەدام حوسەین لەسالی ٢٠٠٣ شەڕی کرد، بەهۆی ئەوەی تورکیە لەم هەوڵەی ئامریکادا بەشداری نەکرد، کوردەکانی عێراق بوون بەهاوپەیمانی سەرەکی ئامریکا لە بەرەی باکووری وڵات و بەسەرکەوتنی ئامریکا، کوردەکانی عێراق قازانجی زۆریان دەسکەوت و ئێستا لە سەرکەوتووترین قۆناخی مێژوی هاوچەرخی خۆیان چێژ وەردەگرن

ئێستاش وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا لە راستییدا هیچ ستراتیژییەکی تۆکمەی بۆ کورد وەکو نەتەوەیەک نییە چونکە ئەو وڵاتانە کە کورد تێیاندا دەژی (تورکیا، عێراق، ئێران و سوریا) بۆ سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان گرنگترن. کوردەکان گیروگرفت بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان دروست دەکەن لە کاتی مامەڵەکردنی وڵاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ ئەم دەوڵەتە گرنگترانەدا. لەگەڵ ئەمەشدا وڵاتە یەکگرتووەکان بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیەکانی خۆی لە پەیوەندی لەگەڵ سەقامگیری رۆژئاڵاتی ناوەڕاست و هەروەها مافی مرۆڤ، ئەوەی قبول کردووە کە بەرپرسیارە لە بەرامبەر ئەوەی کوردەکان تا رادەیەک بپارێزێت. ئەم مەسەلەیە بە تایبەت لە عێراق وەڕاست دەگەڕێت چونکە بینیمان چۆن کوردەکانی عێراق

پشتیوانیان له وڵاته یەکگرتووەکان کرد له کاتی شەڕ دژی سەدام حوسەین له ٢٠٠٣ له کاتیکدا که هێزەکانی دیکه وەک تورکیا پشتیوانیان لێنەکرد.

شەڕی وڵاته یەکگرتووەکانی ئەمریکا له عێراق که سەدام حوسەینی لە ساڵی ٢٠٠٣ له سەر دەسەڵات لابرد، ناسیونالیزمی کوردی زیاتر لە جاران بەرەوپیش بردووە و له سایەی دژایەتییە لەمێژینەکانی تورکیا لەگەڵ ئەمریکا، ناسیونالیزمی کورد لە عێراق زۆر زیاتر لەوەی که چاوەڕوان دەکرا بوو بە هاوپەیمانی نزیکی ئەمریکا. ئەم بارودۆخە هەستیارە لە ئەنجامی ئەوەدا پێکهات کە تورکیا ڕێگای بە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نەدا خاکی ئەو وڵاتە وەک پێگەیەک بۆ هێرشکردنە سەر عێراق له مارسی ٢٠٠٣ بەکار بێنێت .

کوردەکانی عێراق لەناکاو متمانەیان بە دەوری هاوپەیمانی لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کرد و بە پەرۆش و سەرکەوتوانە ئەم کارەیان جێبەجێ کرد. له کاتێکدا که نائارامییەکانی پاش شەڕی عێراق گەلێک لە ناوچەکانی عەرەبنشینی عێراقی کردووە بە ناوچەگەلی زۆر مەترسیدار، ناوچەی کوردنشینی عێراق بووە بە هەرێمیکی تا رادەیەک ئارام و ناسیونالیزمی کورد بووە بە پشتیوانێکی وەفاداری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. لە بەرامبەردا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پشتیوانی لە دەستووری عێراق دەکات کە دەسەڵاتێکی زۆری داوە بە کوردەکان بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیان له عێراقدا.

وڵاتە یەکگرتووەکان دژی سەربەخۆیی کوردەکانی عێراقە چونکە هەست دەکات دەبێتە هۆی پارچەپارچەبوون و لەناوچوونی عێراق و کەوابوو دەبێتە هۆی ناسەقامگیربوونی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. هەڵوێستی وڵاتە یەکگرتووەکان لە بەرامبەر سەربەخۆیی کورد لە ئێستادا توندوتۆڵترە چونکە تورکیا و دەوڵەتە جوراوجورە عەرەبەکان هەمویان دژی سەربەخۆیی کوردن، چونکە وەک هەڕەشەیەک لە سەر یەکپارچەیی خاکی خۆیان سەیری دەکەن.

وڵاتە یەکگرتووەکان وەکو تاقیکاری پشتیوانی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات وەک ڕێگایەک بۆ راگرتنی یەکگرتوویی سیاسی عێراق و رازیکردنی



هەولێرنامەی کتێب

کوردەکان. گەلێ لە چاودێران پێداگری لە سەر ئەوە دەکەن کە کوردەکانی عێراق ئەمریکاییەکانیان زۆر خۆش دەوێت. بە هەرحاڵ نابێت لەم مەسەلەیەدا زیادەڕۆیی بکرێت چونکە کوردەکان لەبیریان دێت پێشتر ٢ جار لە ساڵی ١٩٧٥ و دیسان لە١٩٩١ وڵاتە یەکگرتووەکان خیانەتی پێکردن و لەوانەشە دیسان خیانەتیان پێبکاتەوە.

لە راستیدا ترسی هەندێ لە کوردەکان لە دووپاتبوونەوەی ئەم مەسەلەیە کاتێ دەستی پێکرد کە راپۆرتی گروپی توێژینەوەی عێراق (بەیکێر هامیلتۆن) لە دسامبری ٢٠٠٦دا پێشنیاری ئەوەی کرد کە حکومەتی فیدراڵی کوردستان کە کورد بەو هەموو زەحمەتییە بە دەستی هێناوە ببێت بە قوربانی دامەزراندنی حکومەتێکی ناوەندیی سەرلەنوێ دروستکراو. خۆشبەختانە (بۆ کوردەکان) موچیارییەکانی ئەم راپۆرتە لە لایەن دەوڵەتی وڵاتە یەکگرتووەکانەوە قبوڵ نەکرا بەڵام ئەم راپۆرتە خۆی لە خۆیدا نیشان دەدات کە پشتیوانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە کوردەکان لە داهاتودا چەندە دەتوانێت لەرزۆک بێت. لە لایەکی دیکەوە وەزیری دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان، رۆبێرت گەیتس ئەوەی پشتڕاست کردوەتەوە کە هاوکاریی کورد زۆر زۆر پێویستە بۆ جێبەجێکردنی سەرکەوتوانەی ئاسایش و رێکەوتننامە ئیستراتژیکەکانی نێوان عێراق و وڵاتە یەکگرتووەکان و هۆکاری بنەڕەتییە بۆ پێکهاتنی عێراقێکی یەکگرتوو و ئاشتیخواز. لەوەش گرنگتر ئیدارەی ئۆباما چەند رۆژ پاش ئەوە بە ئاشکرا خۆی بە بەرپرسیار زانی لە بەرامبەر چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغداد و هەروەها یارمەتیدان بە چارەسەربوونی کێشەی کەرکوک.

وڵاتە یەکگرتووەکان وەکو دوست و هاوپەیمان سەیری حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات بەڵام ئەم هاوپەیمانی و دۆستییە ئەوەندەی تورکیا بۆ ئەمریکا گرنگ نییە، کەوابوو پەیامەکە روونە واتا حکومەتی هەرێمی کوردستان ناتوانێت حیساب لە سەر پشتیوانی ئەمریکا بکات. خۆشبەختانە سیاسەتی دەرەوەی نوێی تورکیا بە نیسبەت دراوسێکانی نیشان دەدات کە تورکیا دەستی کردووە بەوە کە

هەواڵنامەی کتێب

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە روی سیاسیەوە وەک دۆستیک قبول بکات نە ئەوە کە وەک هەڕەشەیەکی ئەمنی سەیری بکات ( کە پیشتر وا سەیری دەکرد).

بەهەرحاڵ روونە کە کێشەی کورد پێگەیەکی ئەوتۆی لە ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و رەوتی بە دیموکراسیکردنی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نیە کە وڵاتە یەکگرتووەکان بە دوایدایە.

**بە هیوای سەرکەوتنی وریا رەحمانی لە کار و لێکۆڵینەوەکانیدا.**

هەواڵنامەی کتێب

## پێشەکی- نوام چامسکی

وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەک بەهێزترین دەوڵەت لە جیهاندا، دەوری هەیە لە هەموو کاروباری جیهاندا و بێگومان دەستی هەبووە و دەستیشی هەیە لە کاروباری کوردەکاندا. بۆ نموونە وڵاتە یەکگرتووەکان تا ئاستێک پشتیوانی لە راپەڕینی کوردەکان لە عێراق لە سەرەتای دەیەی ١٩٧٠ کرد بەڵام دوابەدوای مامەڵەی ئێران و عێراق، بزووتنەوەی کوردی فرۆشت و لە ئاکامدا کوردەکان بوون بە قوربانی و کاتێ کە کۆنگرێس رەخنەی لە "هێنری کیسینجێر"ی وەزیری دەرەوە گرت کە بۆ سەرەتا پشتیوانی لە خەباتی کوردەکان کردوە و پاشان (کاتێک کە سوودیان بۆ ئەمریکا نەما) پشتی لێکردن، کیسینجێر قسەیەکی بەناوبانگی کرد کە واتاکەی ئەوەیە کە" کاری سیاسەتی دەرەوە نابێت لەگەڵ کاروباری ئایینی تێکەڵ بکرێت."

ئەمڕۆش ئەم مەسەلەیە بەنیسبەت دەوری وڵاتە یەکگرتووەکان لە کاروباری کوردەکان وەڕاست دەگەڕێت، بەتایبەت لەپەیوەندی لەگەڵ کوردەکانی تورکیا، چونکە دەوڵەتی وڵاتە یەکگرتووەکان لەم دوو دەیەی رابردووەدا بەردەوام پشتیوانی لە سەرکووتی کوردەکان بەدەستی دەوڵەتی تورکیا کردووە کە لە روانگەی منەوە هیچی لە (کۆمەڵکوژییەکەی) کۆزۆڤۆ کەمتر نییە. ئەمریکا بەردەوام رایگەیاندووە لە خەبات دژی تروریزم، دۆست و هاوپەیمانێکی بەتواناتر و باشتر لە تورکیای نییە، چونکە سوپای تورکیا توانایی خۆی لە هەڵمەتی دژەتیرور لە ناوچەی کوردنشینی باشوری رۆژهەڵات سەلماندووە .

مەسەلەی کوردەکانی تورکیا روونترین نموونەی پشتیوانی یەکلاییکەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە تروری دەوڵەتییە. دەوڵەتی وڵاتە یەکگرتووەکان زۆرترین چەکۆچۆڵی سەربازی داوە بە تورکیا ( لەپاڵ دەوڵ مێژوو و میراتی پشتیوانی ەتی ئیسراییل و میسردا) و قەت سەرنجی بە راپۆرتی رێکخراوە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ دەربارەی سەرکووت و تیروری بەردەوامی کوردەکان بە دەستی دەوڵەتی

تورکیا نەداوە کە لە ئەنجامیدا ملیونەها کورد لە زێدی خۆیان ئاوارە بوونە، چەند هەزار گوند کاول کراون، دەیان هەزار کورد کوژراون و هەموو جۆرە کردەوەیەکی هۆڤانە دژبە کوردەکان بەڕێوەچووە کە هەندێکیان لەڕیزی خراپترین تاوانەکان دژ بە مرۆڤایەتیدان.

ئەم کردەوانەی تورکیا (کە بە پشتیوانی وڵاتە یەکگرتووەکان ئەنجام دەدرێت) دەکەوێتە ناو پۆلێنی تیروریزمی نێونەتەوەیی- دەوڵەتی. پاکانەی تورکیا بۆ ئەم کردەوە دڵڕەقانە ئەوەیە کە وڵاتەکەی لەگەڵ مەترسی گریلا کوردە تیروریستەکان روبەڕوویە. بەڵام کێ تیروریستە و کێ دژە تیرورە؟. بە درێژایی مێژوو، سەرکوت بووەتە هۆی بەرخۆدانی و زۆربەی جارانیش ئەم بەرخۆدانییە توندوتیژانە بووە و پاشان سەرکوتکەرەکان ناویان ناوە خەبات دژی تیروریزم و بەو لایەنە کە چەوساندوویانەتەوە وتوویانە تیروریست. ئەم مەسەلەیە تەنانەت بۆ مرۆڤکوژترین رژیمەکانیش وەڕاست دەگەڕێت، بۆ نموونە دەوڵەتی ئاڵمانیای نازی دەیگوت ئەوە کە ئەوان دەیکەن بۆ پاراستنی خەڵکە لەبەرامبەر تیروریزمی پارتیزانەکان و دەیانگوت دەوڵەتی رەوای فەرانسا لە بەرامبەر پارتیزانە تیروریستەکان (کە لە دەرەوە رێنوێنی دەکرێن و یارمەتی دەدرێن)دەپارێزن. دەوڵەتی ژاپۆنیش لە هەرێمی داگیرکراوی "مەنچووری" چین دەیگوت خەڵک لە بەرامبەر تیروریزمی جەردە چینییەکان دەپارێزێت.

تایبەتمەندییەکی گرنگی دیکەی چەمکی تیروریزم ئەوەیە کە ئەو شتە کە بە دژە تیروریزم دەناسرێت لە لایەن دەوڵەتەکانەوە بەڕێوەدەچێت، دەوڵەتەکان دەیکەن، واتا تیروریزمی دەوڵەتییە و دەوڵەتەکانیش کۆمەڵێک سەرچاوەیان لە دەستدایە کە وایان لێدەکات لە هێزە نادەوڵەتییە تیروریستەکان توندوتیژتر و کاولکارتر بن. بەردەوام دەگوترێت تیروریزم چەکی لایەنە لاوازەکانە، بەڵام بەتەواوی بەپێچەوانەیە، تیروریزم هەر وەک هەموو ئامرازەکانی دیکە بە کاریگەرترین شێوە لەلایەن لایەنە بەهێزەکان، بەتایبەت بەهێزترین دەوڵەتەکانەوە بەڕێوەدەچێت

خەباتی گەلی کورد و ئامانجەکانیان لە تورکیا بۆ ئازادی و مافی مرۆڤ، بۆ خەڵکی دیکەی جیهان ئیلهامبەخشە، چونکە خەباتێکی سروشتی و راستەقینەیە و بە هەستکردن بە بەرپرسیارێتییەوە بەرێوەدەچێت و نموونەیەکی روونە کە نیشان دەدات مرۆڤ دەتوانێت لە بارودۆخێکی یەکجار دژوار و نالەباردا بەسەر سەرکوت و توندوتیژی دەوڵەتدا زاڵ بێت. لە تورکیا کوردەکان بوێرانە بەرخودانی دەکەن و کار دەکەن بۆ ئاڵوگۆڕ و پێکهاتنی کۆمەڵگایەکی کراوەتر، ئازادتر، لیبراڵتر و دادپەروەرانەتر. کوردەکان لە لایەن گەلێ لە خەڵکی ئازا و بەشەرەفی تورکیاوە پشتیوانیان لێدەکرێت .

کوردەکان تەنها ئەوەیان لە ئێمە دەوێت کە پشتیوانی لە ئامانجە رەوا و بەهەقەکانیان بکەین. واتای ئەم پشتیوانییە ئەوەیە کە ئێمە کۆتایی بێنین بە یارمەتییە یەکلاییکەرەوەکەمان بە سەرکووت و توندوتیژی دەوڵەتی تورکیا دژ بە کوردەکان. لەم چوارچێوەیەدا هیوادارم کوردستانێکی خودموختار دابمەزرێت کە هەموو کوردەکانی ناوچە کە دەیان ملیۆن کەس دەبن، تێیدا بگەن بە مافی خۆبەرێوەبردن و سەربەخۆیی کولتووری خۆیان بەدەستبهێنن و ببن بە بەشێک لە فدراسیونێکی بەرفراوانتر کە لە گروپە ئەتنیکی، نەتەوەیی و کولتوورییەکانی دیکە پێکبێت.

مەسەلەی کورد بە گشتی و کوردەکانی تورکیا بەتایبەتی یەکێ لەو مەسەلانەیە کە جێگای لە دڵمدایە، هەر ئەم هاوسۆزییە لەگەڵ بارودۆخی تراژیدیکی کوردەکانی تورکیایە کە هانیدام سەرەرای سەرقاڵییەکی یەکجار زۆر وەڵامی ئەرێنی بە داواکارییەکەی وریا رەحمانی بدەمەوە و ئەم چەند خاڵە لەگەڵ ئێوە بهێنمە بەرباس .

هەواڵنامەی کتێب

## مێژوو و میراتی پشتیوانی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە کورد

## لوقمان محۆ- مایکێل نەهمە[٣]

یەکگرتوویی کورد هەمیشە وەک هەرەشەیەک بۆ بەرژەوەندییەکانی رۆژئاوا لە رۆژهەلاتی ناوەراست سەیر کراوە. لە گەرماوگەرمی ئەو پشتوانییە کە ئەمریکا پاش شەری ١٩٩١ی کەنداو لە کوردەکانی دەکرد، ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تەنها لە رووی مرۆڤدۆستییەوە سەرنجی بە کوردەکان دەدا و بەرژەوەندی بەبارمەتەگیراوی کوردەکانی بە شێوازێکی راستەقینە بەفەرمی نەدەناسی. وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا کوردەکانی عێراقی بە "کوردە باشەکان" ناوزەد دەکرد و بەئەنقەست و بە ئاگادارییەوە کوردەکانی ئێران و سوریا و یەکێتی سۆڤیەتی پێشووی پشتگوێ دەخست ، سەرەرای ئەوەش بەرچەسپی تروریستی دابوو لە کوردەکانی تورکیا. مەبەست لە پاراستنی هەوایی باکووری عێراق لە لایەن ولاتانی رۆژئاوا لاوازکردن و کەمکردنەوەی دەسەلاتی سەدام بوو نە پاراستنی کوردەکان، تورکیاش هەر کاتێ بیویستبایا شالاوێکی بەرفراوانی دەرەوەی سنوری بۆ رەدوونانی کوردە راپەریوەکان

---

[٣] پرۆفیسۆر لوقمان محۆ پێشتر مامۆستای زانکۆی ئەیالەتی نیویۆرک بووە و ئێستا مامۆستای بەشی زانستە سیاسیەکانە لە زانکۆی ئیندیانا لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. لوقمانی محۆ کوردی لوبنانە و تا ئێستا کۆمەلێ کتێبی بە نرخی بە چاپ گەیاندووە کە هەندێکیان بریتین لە:

١- کولتوور و کۆمەلگای کورد (٢٠٠١)

٢-کورد و کوردستان (١٩٩٧)

٣- زانیارییەکان و کتێبخانەکان لە جیهانی عەرەبدا (١٩٩٩)

٤- سانسۆر لە جیهانی عەرەب (٢٠٠٦)

پرۆفیسۆر مایکێل نەهمە مامۆستای کۆلیژی زانستە سیاسییەکان و دیپلوماسییە لە زانکۆی ئەمریکایی- لوبنانی نۆترەدام و تا ئێستا کۆمەلێک کتێب و وتاری بە نرخی لە سەر کێشەی کورد و رۆژهەلاتی ناوەراست لە گۆڤار و رۆژنامە نێونەتەوەییەکاندا بلاو کردووەتەوە .

ئەنجام دەدا. رۆژئاوا (لە سەرویانەوە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) دەورێکی گرنگی لە کاروباری باکووری عێراق دا بە تورکیا بۆ ئەوەی جێگای دەسەڵاتی عێراق بگرێتەوە کە پیش لە ئاداری ١٩٩١ زۆر پێویست بوو بەڵام پاش ئەوە شەرمەزار کرا.

دەستێوەردانی تورکیا لە کاروباری کوردەکانی عێراق کە رەزامەندی تەواوی رۆژئاوای لەگەڵ بوو، جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ کاریگەری پیشوو و بەردەوامی سیاسەتەکانی سەدام لە نیو گروپ و هاوپەیمانییە جۆراوجۆرەکانی کورددا نەبوو. سیاسەتی تورکیا بە نیسبەت کوردەکانی عێراق (کە لە ژێرەوە لەگەڵ سیاسەتەکانی رژیمی سەدام هاوئاهەنگ کرابوو) یەکێ لە هۆکارە سەرەکییەکانی شەڕ و ناکۆکی ناوخۆ بوو کە بۆ یەکەم جار لە نیسانی ١٩٩٤ سەریهەڵدا.

رۆژئاوا بە ئاشکرا ئەم خاڵە پشتگوێ دەخات کە بارودۆخی ناوخۆی کوردستان لێکچوونی زۆری هەیە لەگەڵ بارودۆخی زۆربەی کۆمەڵگاکانی جیهانی سێیەم کە ئێستا خاوەن ئۆتونۆمین و فاکتۆرگەلی ناتەبا لە نێوانیاندا بەدی دەکرێت و دامەزراوەگەلی شیاویان نییە ، بەڵام رۆژئاوا لەم نێوەدا بەردەوام تەنها کوردەکان بە شیاوی ئۆتۆنۆمی نازانێت.

لە رووی سیاسییەوە دو حیزبی سەرەکی لە کوردستانی عێراقدان: پارتی دیموکراتی کوردستان (KDP) و یەکێتی نیشتمانی کوردستان (PUK)، هەروەها کۆمەڵێک حیزبی ناسیونالیستی باڵی راست و حیزبی ئیسلامی و گروپی بچووکی گوندیی دیکەش هەن. خەڵکی کورد رۆژ بە رۆژ لە رووی سیاسییەوە ژیرانەتر بیر لە دەستەواژەگەلێک وەک ئاشتی، دادپەروەری، خۆشبژێوی ئابووری و ئازادی دەکەنەوە و ئێدی متمانەیان بە دەوڵەتە سەرەکییە ناوچەیی و نێونەتەوەییەکان نییە. ئەم خەڵکە مێژوویەکی دووروودرێژیان لە کوێرەوەری و چەرمەسەری بینیوە. ئەم ئەزموونانە نیشان دەدات کە بەرکەنار لە تاقمچێتی سیاسی و پەخشوبڵاوبوونی کوردەکان لە رووی جوگرافیاییەوە، دەکرێت سیستمێکی تارادەیەک هاوئاهەنگ بۆ

کوردەکان دروست بکرێت، هەرچەند که کوردەکان مێژوویەکی دوورودرێژی ناکۆکی ناوخۆیی خوێناویان تێپەڕ کردووه .

سەرەڕای نەبوونی داهاتی راستەقینه یا پشتیوانی دەرەکی و سەرەڕای سەپاندنی دوو گەمارۆ[٤] به سەر کوردستاندا، خەڵکی کوردی عێراق توانیویانه زیندوو بمێنن و تەنانەت لەم دواییانەش توانیویانه خۆیان بەهێز بکەن .

به هەرحاڵ دەبێ به وردی سەرنج به شێوازی پشتیوانی رۆژئاوا له کوردەکان بدەین چونکه رۆژئاوا هەمیشه کاتێک پشتیوانی له کوردەکان دەکات که بیەوێت کوردەکان ئامادە بکات تا بکەونه نێو پێکدادانێکی خوێناوی لەگەڵ یەکێ له هێزە ناوچەییەکان که سەرەنجام ئاکام و لێکەوتەی تراژدیکی بو کوردەکان به دواوە دەبێت .

مێژووی کۆن و نوێ بەجاران سەلماندوویەتی که کوردەکان وەک یەکێ له ئەکتەرە سەرەکییەکانی سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست له رێگای دژواری خۆیان بۆ گەیشتن به ئۆتۆنۆمی، بەهۆی ناکۆکی له نێوان خۆیاندا و دەستێوەردانی هێزە ناوچەیی و نێونەتەوەییەکان ئاکام و ئەنجامی دڵتەزێنیان دەستکەوتووە . ئەم دەستێوەردانه بووە به ریسا و رێوشوێنێک بۆ راگرتنی هاوسەنگی هێزە جۆراوجۆرەکان له رۆژهەڵاتی ناوەڕاست . هاوپەیمانیی نێونەتەوەیی ١٩٩١ که له لایەن وڵاته یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ تێکشکاندنی هێزی سەربازی رووله زیادبوونی عێراق له ناوچه هاوئاهەنگ کرا، به ئاشکرا کوردەکانی تەشویق کرد له شەڕ دژی سەدام بەشداری بکەن. پاش تێکشکانی نیوەی سوپای عێراق و چەسپانەوەی سیستمی پاشایەتی له کوێت، سەرۆک بوش بڕیاریدا له کاروباری ناوخۆی عێراقدا دەستێوەردان نەکات. ئەم هەڵوێستەی ئەمریکا سەدامی هاندا به هۆی پشتیوانیکردن له ئەمریکا له شەڕی کەنداوی ١٩٩١ تۆڵه له کوردەکان بسێنێتەوە و تێکیانبشکێنێت.

---

[٤] مەبەستی گەمارۆی نەتەوە یەکگرتووەکان له سەر عێراق به گشتی و گەمارۆی رژێمی عێراق له سەر کوردستان پێش له هێرشی ئەمریکا بۆ عێراق له ساڵی ٢٠٠٣یە. (وەرگێڕ)

سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا دەبارەی ئۆتۆنۆمی گەلان لەنێو رژێمە سەرکوتکەرەکان بە "ئاژینی نوێی جیهانی" ° ئاڵوگۆڕی بە سەردانەهات. وادیارە ئیدارەی ئەمریکا هێشتا باوەڕی بە سیستمێکی نێونەتەوەیی هەیە کە بە تەواوی لە سەر بنەمای یەکپارچەیی دەوڵەت- نەتەوەکان دامەزراوە و رەخنەگرتنی زارەکی تەنها هاوێڕێکە (ناوێزە) بۆ کونترۆڵکردنی ئەو دەوڵەتانە کە بەشێوەیەکی درەندانە لەگەڵ خەڵکی وڵاتی خۆیان رەفتار دەکەن تەنانەت ئەگەر ئەم خەڵکە خۆیان لە گەل بارودۆخی هەنووکە بە نامۆ بزانن.

کاتێک کە جەیمز بەیکێر، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بارودۆخی یەک میلیون کوردی ئاوارەی لە ناوچە تاوتوێ دەکرد، وتی:

" ئەمرۆ ئێمە ئێش و ئازار و کوێرەوەری خەڵکی عێراق بەچاو دەبینین".

خۆبواردنی "بەیکێر" لە بەکارهێنانی وشەی "کورد" نموونەیەکی روونی هەڵوێستی ئەمریکایە بە نیسبەت کوردەکان لە راستیدا ئەمە شتێکی نوێ نییە لە پەیوەندییەکانی ئەمریکا و کوردەکانی عێراقدا بەتایبەت ئەگەر خولی یەکەمی ئەم پەیوەندییە لە ١٩٧٢-١٩٧٥ وەبیر بهێنینەوە. هێنری کیسینجێر، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا پاشان لە کتێبەکەیدا بەناوی "ساڵەکانی کۆشکی سپی[٦] " لەم پەیوەندییەدا نووسی:

"نیکسۆن (سەرۆک کۆماری ئەمریکا) بەوە رازی بوو شا تەشویق بکات پشتیوانی لە ئۆتۆنۆمی کوردەکانی عێراق بکات. ئەڵبەتە کاروباری کورد و ئاکامە تراژدیکەکەی لە

---

° ئاژینی نوێی جیهانی (New World Order)ئەو سیستمە سیاسییە جیهانییەیە کە جۆرج بوشی باوک، سەرۆک کۆماری ئەمریکا پاش شەڕی کەنداو رایگەیاند. هەندێ لە پرەنسیپەکانی ئەم سیستمە بریتین لە سەروەری یاسا، دەست نەبردن بۆ توندوتیژی، چارەسەرکردنی ئاشتیخوازانەی ناکۆکییەکان و رێزگرتن لە مافی مرۆڤ بە سەرۆکایەتی ئەمریکا و لە سەر بنەمای نۆرم و شرۆڤەی ئەمریکا. (وەرگێڕ)

٦ Henry A. Kissinger, *White House Years* (Boston: Little Brown and Company, 1979), pp. 1265-66.

خولی ١٩٧٢-١٩٧٥ له چوارچێوەی ئەم کتێبەدا ناگونجێت. من له بەرگی دووەمی ئەم کتێبەدا ئەم مەسەلەیە شی دەکەمەوە". (بەڵام کیسنجێر له بەرگی دووەمی کتێبەکەیدا ئەم مەسەلەیەی بە تەواوی پشتگوێ خست).

کیسینجێر له پەراویزی ئەم نووسراوانەدا ئەوەی زیاد کرد:

"بڕیاری شا له سالی ١٩٧٥ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەی لەگەڵ عێراق له سەر بنەمای ئەوهەڵێنجاندنە بوو (کە بەدڵنیاییەوە راستیش بوو) کە کوردەکان لەسەروبەندی بنکەوتندان. شا نەیدەویست هێزە سەربازییەکانی خۆی بخاتە ناو ئەم کێشەیە.... تەنانەت ئەگەر ئێمەش ئوپەراسیونە نهێنییەکەمان خێراتر کردبایا، لەوانەیە کوردەکان ئێمەیان له بەرامبەر چارەنووسی تراژدیکی خۆیان بە بەرپرسیار زانیبایا".

20 سال دواتر کیسینجێر بەشێکی تێروتەسەلی ٢١ لاپەڕەیی دەربارەی کوردەکان نووسی[٧] کە تێیدا رەفتاری ولاتە یەککرتووەکانی ئەمریکا و ئامرازە نێونەتەوەییەکەی (CIA)لەگەڵ کوردەکان کە بە ئاگاداری و رەزامەندی خۆی ئەنجام درابوو، دووپات کردەوە. کیسینجێر ئاماژە بەوە دەکات کە:

"تراژیدیای کورد زۆرتر مێژوو و جوگرافیا دروستی کردووە بەڵام بەهۆی جیاوازییە نەتەوەییەکانی ئێمە ئەم تراژیدییە زۆرتر بوو. ولاتە یەککرتووەکانی ئەمریکا سەرەڕای گرنگیدان بە ئۆتۆنومی گەلان، هیچ پەرۆشییەکی بۆ ئۆتۆنۆمی کوردەکان نەبوو".

ئامانجی یەکەمی ئەمریکا له مانگەکانی کۆتایی شەڕی ١٩٧٢-١٩٧٥ی کوردەکان و عێراق و پاش ئەوە بەهێزترکردنی دەسەلاتی حکوومەتی ناوەندی ئێران و پێشگرتن له دەستڕۆیشتوویی سۆڤیەت بوو. کوردەکان هەوڵیاندا پشتیوانی هێزەکانی رۆژئاوا بەدەستبهێنن بەڵام سەرکەوتوو نەبوون. بەهەرحال دەبێ پشتڕاست بکرێتەوە کە کوردەکان بەهۆی هەڵبژاردنی پشتیوانی ولاتە یەککرتووەکانی ئەمریکا (کە هیچ

[٧] Henry A. Kissinger, "Tragedy of the Kurds," in *Years of Renewal* (New York: Simon and Schuster)



هەواڵنامەی کتێب

بەرژەوەندییەکی ئەوتۆی لە ئامانجی کوردەکاندا نەبوو) تەنها کەوتنە ناو گەمەی زلهێزێک و هەڵەیەکی مێژوییان کرد.

کیسنجێر هەروەها دەڵێت:

"ئیستا پاش تێپەڕ بوونی دوو دەیە، من باوەڕم بە کۆمەڵێک ئالترناتیف هەیە کە ئەو کاتە ئێمە نەمانگرتە بەر" و پاشان دان بەوەدا دەنێت کە:

" ئەڵبەتە بۆ خەڵکی کورد کە قوربانی هەمیشەیی مێژوون، ئەم قسەیەی من دەردێکیان لێ دەوا ناکات."

کیسینجێر ناڕاستەوخۆ ئەوە دەڵێت کە:

"بەهای رزگارکردنی کوردەکان زۆر گران بوو، چونکە پێویستی بە کردنەوەی بەرەیەکی نوێ لە ناوچەیەکی شاخاوی ناگونجاو لە نزیکی سنووری سۆڤیەت دەکرد. کەوابوو مەسەلەی لایەنگری و پشتیوانی لە شەڕێکی وەها (کە لە رووی لوجستیکییەوە زۆر دژوار بوو و زۆر دووردەست بوو و بۆ هاووڵاتیانی ئەمریکا دەرکپێکراو نەبوو) لە ئارادا نەبوو. زێدەباری ئەمە شا بریاری خۆی دابوو و ئێمە هەڵێنجاندنێکی گونجاومان نەبوو و هیچ ستراتیژییەکیشمان نەبوو بۆ ئەوەی شا لە بریارەکەی پەشیمان بکەینەوە".

لە درێژەدا کیسینجێر کە ئیستا لە سەر دەسەڵات نییە و هەست بە ئازادی دەکات، دەڵێت :

"تراژیدیای کورد وەک بابەتی تاوتوێکردن، کۆمەڵێک فاکتۆرمان دەخاتە بەر دەست تا بگەینە کۆمەڵێک ئەنجامی جۆراوجۆر، لەوانە پێویستبوونی روونکردنەوەی ئامانجەکان هەر لە سەرەتاوە، گرنگبوونی هاوئاهەنگکردنی ئامانجەکان لەگەڵ ئیمکانەکانی بەردەست، پێویستی پێداچوونەی ماوە بە ماوە لە ئوپەراسیونەکان و پێویستی بوونی پەیوەندی لە نێو هاوپەیمانەکان ."

بە کورتی کوردەکانی عێراق دەوری مۆرەی پلە دوویان بۆ سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گێڕا. ئەمریکا پاش ئەوەی دوو جار کوردەکانی دژی رژیمی عێراق هاندا، نەیتوانی لە ماڵوێرانبوون بیانپارێزێت. هەر دوو جارەکە کە

هەواڵنامەی کتێب

ئەمریکا دەستێوەردانی لە کێشەکە کرد (دەستێوەردانی نهێنی لە شەڕی ١٩٦١-١٩٧٥ و دەستێوەردانی ئاشکرا لە شەڕی ١٩٩١) ئامانجی تەنها پاراستنی سەقامگیری نێونەتەوەیی و راگرتنی هاوسەنگی هێز لە ناوچە بوو. ئەم ئامانجەی ئەمریکا چارەنووسی ٣٠ میلیون کوردی رەش کردووە کە ٧٥ ساڵە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی خەبات دەکات.

## مێژووی کورد بە کورتی

کوردەکان خەباتێکی مێژویی دووردرێژ و نەپساوەیان کردووە بۆ ئەوەی نەهێڵن شوناسەکەیان بفەوتێت. کوردەکان خاوەن یەکێ لە کۆنترین کۆمەڵگاکانی رۆژهەڵاتی ناوەراستن کە هێشتا دەوڵەتی خۆیان نییە. بە هۆی ئامادەبوونی بەردەوام بۆ راپەڕین دژی سەرکوتی حکوومەتەکان، کوردەکان بەردەوام لە لایەن هێزە ناوچەیی و نێونەتەوەییەکانەوە کەڵکیان لێوەرگیراوە بۆ ئەوەی دەوری سەربازی لە ناسەقامگیرکردنی رژێمە ناوچەییەکان بگێڕن.

مێژووی کورد دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی "گوتییەکان"ی کەونار لە نزیکەی چوار هەزار ساڵ لەمەوبەر و وەک خەڵکێک کە رەگوڕیشەی "ئاری"یان هەیە زمانەکەیان سەر بە گرووپی ئێرانی زمانەکانی هیند و ئەوروپاییە و زۆربەیان موسڵمانن. هەر لە کۆنەوە کوردەکان لە ناو سێگۆشەیەکی مێژوویی و ستراتژیک بە پێوەری ٤٠٠ هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشەدا ژیاون.

لە ساڵی ١٥١٦ ناوچە کوردنشینەکان لە نێوان ئیمپراتۆری سوونەی عوسمانی و ئیمپراتۆری شیعەی سەفەویدا دابەش بوو. کوردەکان بوون بە پارێزەرانی سنوورەکانی ئەم دوو ئیمپراتۆرییە رکابەرە و توانیان ئۆتۆنۆمییەکی رێژەیی بە

دەستبهێنن. پلانی سایکس- پیکۆ[8] لە ساڵی ١٩١٦ و جێبەجێکرانی پاش جەنگی یەکەمی جیهانی، کوردەکانی پەخشوبڵاو کرد. هەڵسەنگاندنی ژمارەی دانیشتووەکانی کوردستان لە دەیەی ١٩٩٠ نیشان دەدات کە ٣٠ ملیۆن کورد لە نێوان تورکیا (٥١%)، ئێران (٢٤%)، عێراق (١٦%)، سوریا (٥%)، ئەوروپا (٣%) و یەکێتی سۆڤیەتی پێشوودا (١%) دابەش بوونە.

پێشتر زۆربەی کوردەکان سەر بە کۆمەڵگا عەشیرەتییەکان بوون و لەرێگای کشتوکاڵ دەژیان و زۆرتر گوێڕایەڵی ئەو ئەمارەتە بچووکانە بوون کە لە لایەن ئاغاکان و (یا) ڕیبەرە ئایینیەکانەوە بەڕێوە دەچوو.

لە کۆتایی سەدەی ١٩ ناسیونالیزمی کورد مێشکی بژاردە کوردەکانی بە خۆوە سەرقاڵ کرد و پاشان بوو بە هەوڵێکی ڕومانتیک لە نیو ژمارەیەک لە ڕوشنبیرە شارنشینەکاندا. ناسیونالیزمی کورد وەک ڕەوتێکی سیاسی نوێ، بوو بە هێزێکی تەیارکەری زیادە بۆ هەتاهەتاییکردنی دەسەڵاتی بژاردە جێکەوتووەکان و یارمەتیدانیان بۆ ئەوەی لە بەرامبەر هەوڵی دەوڵەتی تورکیا، ئێران و عێراق بۆ تواندنەوەی کوردەکان ڕابوەستن.

کوردەکان وەک کۆمەڵگایەکی ئەتنیکی لانیکەم بە هۆی دوو تایبەتمەندییەوە لەگەڵ هەڵاواردن ڕووبەڕوو بوونەتەوە: کوردەکان لە ڕوانگەی ئێرانییە شیعەکانەوە، سوونەن، لە ڕوانگەی عەرەبەکانەوە، غەیرە عەرەبن و لە ڕوانگەی تورکەکانەوە سەر بە شارستانییەکی ئەتنیکی و ڕەگەزی جیاوازن. کوردەکان هەست دەکەن لەگەڵ کۆمەڵگاکانی دەوروبەری خۆیان جیاواز و نامۆن. ئەم نامۆبوونە هێزێکی پێبەخشیون تا لە بەرامبەر توانەوەدا ڕابوەستن. کوردەکان بە هۆی لەیەکجیابوونی ناوچەکانیان و

[8] پەیماننامەی سایکس – پیکۆ ئەو پەیماننامە نهێنییە بوو کە بەریتانیا و فەرانسا ساڵی ١٩١٦ دوابەدوای وتووێژەکانی "سێر مارک سایکس" و "فرانسوا ژۆرژ پیکۆ" بۆ دابەشکردنی ئیمپراتۆری عوسمانی پاش شەڕی یەکەمی جیهانی دایانرێژت. ( وەرگێڕ)

پەراوێزکەوتوویی لە سیستەمی نێونەتەوەیی، بە ئاسانی بەتایبەت لە لایەن هێزە سەرەکییەکانەوە بە کارهێنراون.

خەباتی بەردەوامی کورد بۆ هەندێ شێوازی ئۆتۆنۆمی ئەنجامی سروشتیی پێشکەوتنی ژیانەوەی کولتوورییە لە کەشوهەوایەکی ناتەبادا. هەوڵی کوردەکان بۆ بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی بوو بە ئامرازێک بۆ هەموو ئەو هێزانەی کە بەرژەوەندییان لە ناوچەدا هەبوو تا کەڵکیان لێوەربگرن و پیلانیان بۆ دابڕێژن، هەر بۆیە کوردەکان زۆربەی جاران وەک داردەستی ئەکتەرانی سیاسی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناوزەد دەکرێن. لە دەیەی ١٩٢٠ بریتانیا کوردەکانی فریودا تا دژی تورکیا راپەڕین بکەن بۆ ئەوەی هاوسەنگی نێوان تورکیا و عێراق رابگیردرێت. هەروەها ئەمریکا کۆمەڵێ بەڵێنی خەوشداری دا بە کوردەکان تا دژی عێراق رابوەستن بۆ ئەو ئامانجە کە هاوپەیمانەکەیان واتا شا لە سەروبەندی کێشەکانی ئێران و عێراق لە دەیەی ١٩٧٠ بەهێز بێت. هاوکات ئێران، عێراق و سوریا لە دژمنایەتییە سیاسییەکانیاندا لە کوردەکان وەک ئامرازێک کەڵکیان وەرگرتووە لە پێناو بەرژەوەندی خۆیاندا. بەهەرحاڵ لە هەموو نموونەکاندا کوردەکان لە بەرامبەر چارەڕەشی خۆیان بە تەنیا هێڵراونەتەوە و لەگەڵ تۆڵەی خوێناوی حکوومەتە مەحەلییەکان رووبەڕوو بوونەتەوە.

هەولێرنامەی کتێب

## کوردەکان لە عێراقدا

کێشەی کوردەکانی عێراق دەگەڕێتەوە بۆ کاتی دامەزرانی حکوومەتی عێراق لە دەیەی ١٩٢٠. حکوومەتی عێراق لە لایەن بریتانیاوە پلانی بۆدارێژرا کە لە سێ پارێزگا (ویلایەت) پێکدەهات کە هەرکامیان کۆمەڵێ گروپی ئەتنیکی و تاقمی جیاوازی لەخۆدەگرت: ویلایەتی بەغداد لە ناوەڕاست کە زۆرتر لە عەرەبە سوننەکان پێکدەهات، ویلایەتی مووسڵ لە باکوور کە کوردەکان بە سەریدا زاڵ بوون (و ویلایەتی بەسرە لە باشوور وەرگێڕ). لکاندنی ناوچەی کوردنشین لە باکوور بە عێراقەوە کە پڕ بوو لە سەرچاوەی سرووشتی، دوو ئامانجی بنەڕەتی بریتانیای دەپێکا: یەکەم ئەوە کە بەم شێوەیە عێراق لە سەر پێی خۆی رادەوەستا و دووەم

ئەوە کە خەڵکی کوردی لە یەک جیا دەکردەوە ، کەوابوو ئیمکانی ئەوەی کەم دەکردەوە کە دەوڵەتی نەتەوەیی کورد لە داهاتوودا دروست بێت. ئەم شێوازی دەوڵەتداڕشتنە کە لە زۆربەی وڵاتە تازە سەربەخۆبووەکاندا وەڕاست دەگەڕا، هیچ حیسابێکی بۆ مافی کەمینەکان لە داهاتوودا نەدەکرد و ئەوەی پشتگوێ دەخست کە ئەم سیاسەتە کێشمەکێشی ناوخۆیی لێدەکەوێتەوە. کوردەکان دژی ئەم سیاسەتە راپەڕینیان کرد و داوای ئۆتۆنۆمیان کرد بەڵام بە شێوازێکی دڕندانە لە لایەن بریتانیاوە سەرکووت کران.

هەڵوەشاندنەوەی سیستمی پاشایەتی لە لایەن ژنەراڵ عەبدولکەریم قاسم لە ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ بوو بە خاڵی وەرچەرخان لە چارەنووسی کوردەکانی عێراق و بووە هۆی بەهێزبوونی بزووتنەوەی ناسیونالسیتی کورد کە زۆرتر لە شەڕی کورد و حکوومەتی عێراق لە ١٩٦١-١٩٧٥ و هەروەها ١٩٩١ رەنگی دایەوە کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەستی لە هەر دووییاندا هەبوو. ئەمریکا دوو ئامانجی سەرەکی لە دەستێوەردانی راستەوخۆ لەم دوو شەڕەدا هەبوو: یەکەم دەیویست هاوسەنگی هێز لە ناوچە رابگرێت و دووەم یارمەتی بدات بە دۆستەکانی واتا شا لە شەڕی یەکەمدا (١٩٦١- ١٩٧٥) و تورکیا و عەرەبستانی سەعوودی لە شەڕی دووەمدا (١٩٩١). هەردوو جارەکە ئەمریکا پەیوەندی لەگەڵ رێبەرانی کورد دروست کرد (پەیوەندی نهێنی لە خولی ١٩٧٢-١٩٧٥ و پەیوەندی ئاشکرا لە خولی ١٩٩١) و بەڵێنی پشتیوانی سەربازی دا بە کوردەکان و داواکاری ئۆتۆنۆمی ئەوانی تەشویق کرد. ئەم بەڵێنانەی ئەمریکا، ورەی کوردەکانی بەرز کردەوە بۆ ئەوەی بە توندی شەڕ بکەن و لە ئاکامدا دەیان هەزار کەسیان لێکوژرا و بریندار بوو و گوندەکانیان کاول بوو. ئەمریکا هەر دوو جارەکە کاتێ کەڵکی لە کوردە داردەستەکان وەرگرت کە دەوڵەتی عێراق لە رووی سەربازییەوە شێلگیر بوو کوردەکان تێکبشکێنێت. ئەو پرسیارە بێ وەڵامانەی کە لەم پەیوەندییەدا لە ئارادان بریتین لە:

نهێنی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و کورد چی بوو؟ ئایا ئەمریکا هەر دوو جارەکە گەیشتە ئامانجەکانی خۆی؟ کوردەکانی عێراق چۆن خزمەتیان بە بەرژەوەندییە

هەواڵنامەی کتێب

سیاسـیەکانی وڵاتە یەکگرتووەکـانی ئەمریکـا کـرد؟ ئایـا ئەمریکـا هەر لە سـەرەتاوە ئاگـاداری ئەوە بـوو کە ئامـانجە درێژخایەنەکـانی لەگەڵ ئامانجەکـانی کوردەکـان یەکناگرێتەوە؟ بۆ کوردەکان لە ١٩٧٥ و ١٩٩١ بە تەنیـا هێڵـرانەوە و هەرەسـیانهێنا. تەنهـا کاتێـک دەتـوانین وەڵامـی ئەم پرسـیارانە بـدەینەوە کە چوارچێـوەی سیاسـەتی دەرەوەی ئەمریکـا، ئامانجەکـانی، فورمـولەکەی، ئامرازەکـانی و شـێوازی جێبەجێکردنەکەی تاوتوێ بکەین:

## سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و بزووتنەوە ئۆتۆنۆمیخوازەکان

سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە پەیوەندی لەگەڵ ئۆتۆنۆمی لە جیهـانی سـێیەم و لەوە زیاتر لە پەیوەندی لەگەڵ سەربەخۆخوازەکان چەند لایەنێکی هەیە. ئەم لایەنـانە لە هەر دوو بواری سیاسی و ئاکادمیکدا هەتا رادەیەکی زۆر وەڕاسـت دەگەڕێت. هـانس مورگێنسـۆ، هێنـری کیسـینجێر و ڕیئالیسـتەکان[١] جەخـت لە سـەر ئەوە دەکەنەوە کە روانگە زاڵەکانی ئەمریکـا بەنیسـبەت سیاسـەتەکانی جیهـانی سـێیەم، زۆر بە قـازانجی جیهـانی سـێیەم نەبـووەوە و زۆربەی جـاران لەگەڵ دژایەتیکردنـی بەرچـاوی ئامـانجی بـزووتنەوە ئـازادیخوازە نەتەوەییەکـان بەرەوڕوو بـووەتەوە. سیاسـەتی ئاشـکرای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەمیشە ئەوە بـووە کە ئۆتۆنـۆمی مـافی گەلانـی بندەسـتی جیهانە بەڵام بەهەرحاڵ روون نییە ئەم مـافە چ کەسـانێک دەگرێتەوە. ئەم سیاسـەتە قەد لە خـزمەت ئامـانجی بـزووتنەوە رزگاریخوازەکانـدا نەبـووە، بەڵکـوو لە خـزمەت بەرژەوەنـدییە یەکلایـیکەرەوە نەتەوەییەکـانی ئەمریکـادا بـووە. نـاکۆکی نێـوان وڵاتە

---

[١] ڕیئالیزم ئەو ڕێبازە فیکرییە کە پەیوەندییەکانی تاک و کۆمەڵگا بەو شێوازە کە لە راستیدا هەیە شرۆڤە دەکات نە بەو شێوازە کە دەبێ هەبێت. لە فەلسەفەی سیاسیدا ڕیئالیستەکان (بە پێچەوانەی مورالیستەکان) پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان بە گوێرەی بەرژەوەندی نەتەوەیی و دەسەڵات دادەمەزرێنن و لە سەر ئەو باوەڕەن کە رەفتاری سیاسی دەبێت بە گوێرەی ناسینی واقعبینانەی بارودۆخی ناوخۆیی و نێونەتەوەیی بێت. (وەرگێڕ)

یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت لە کاتی شەڕی سارد[10]، ئەمریکای ناچار کرد سیاسەتێکی نهێنی بە نیسبەت هەموو بزووتنەوە نەتەوەییەکانی جیهانی سێیەم و بە تایبەت بەنیسبەت پشتیوانیکردن لە ئۆتۆنۆمی کوردەکانی عێراق بگرێتە بەر. بەهەرحاڵ پاش لەیەکهەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەستی کرد بە گرتنەبەری سیاسەتێکی ئاشکرا بە نیسبەت ئەم بزووتنەوانە، بۆ نموونە بزووتنەوەی کوردەکانی عێراق لە سالی ١٩٩١.

"ئارنۆلد وڵفێرز" جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کۆمەڵێ پرەنسیپی ناروونی لە سیاسەتی دەورووەی خویدا هەیە. ئەم ناڕوونیە لەگەڵ کەرەستە زۆرە بەردەستەکانی ئەمریکا تیکەڵ بووە و ڕێگای پێداوە بەنیسبەت ئامانجە نەتەوەییەکان توندبێ و بەئاسانی خۆی لەگەڵ هەلومەرجەکەدا بگونجێنێت. رئالیستەکان دەڵێن سیاسەتی دەرەوەی زلهێزەکان تەنها لە ڕێگای تواناییان بۆ گەیشتن بە بەرژەوەندی ئاسایشی نەتەوەیی مەزەندە دەکرێت کە هەندێکیان بریتین لە پاراستن و پشتیوانیکردن لە دۆستان و هاوپەیمانان، راگرتنی هاوسەنگی دەسەڵات لە نێوان دژبەرە جیاجیاکان و پاراستنی هاووڵاتیان لە دەرەوەی وڵات. لە لایەکی دیکەوە موراڵیستەکان[11] رەخنە لە رئالیستەکان دەگرن کە لە کاتی تاوتوێکردنی

---

[10] شەڕی سارد ئەو ململانێ و دوژمنایەتییە سیاسی، ئابووری ، سەربازی و ئیدوئولۆژیکیە بوو کە لە نێوان بلۆکی رۆژهەڵات (بە سەرکردایەتی سۆڤیەت) و بلۆکی رۆژئاوا (بە سەرکردایەتی ئەمریکا) لە ئارادابوو بێ ئەوەی دەست ببەن بۆ شەڕی راستەقینە (شەڕی گەرم). شەڕی سارد پاش شەڕی دووەمی جیهانی دەستی پێکرد و پاش لێدوانەکەی کارتێر، سەرۆک کۆماری ئەمریکا لە سالی ١٩٧٨ ( و بە باوەڕی هەندێ کەس لە سەرەتای دەیەی ١٩٩٠ بە لەیەک هەڵوەشانەوەی سۆڤیەت) کۆتایی پێهات. (وەرگێڕ)

[11] موراڵیستەکان (ئەخلاقخوازەکان) ئەو کەسانەن کە پەیڕەوی لەو بۆچوونە دەکەن کە دەبێ ئەخلاق و رێوشوێنە ئەخلاقییەکان بە سەر هەموو پرەنسیپەکانی تاک و کۆمەڵگادا زاڵ بێت. لە ئەدەبیاتی سیاسیشدا بەو رێبازە فیکریە دەگوترێت کە دەڵێت نابێت بایەخە ئەخلاقیەکان بکرێت بە قوربانی بەرژەوەندی سیاسی. (وەرگێڕ)

ئەم مەسەلەیە کە بڕیارە سیاسییەکان چۆن و بۆ دەربکرێن، لە پلەی دووەمدا گرنگی بە ریسا ئەخلاقییەکان دەدەن. هەروەها بە بۆچوونی مورالیستەکان دەستەواژەی "بەرژەوەندی ئاسایشی نەتەوەیی" خۆی لە خۆیدا نیشانەی مامەڵەیەکی خۆخوازانە و بێ پرەنسیپانەیە لە پەیوەندییەکانی دەرەوەدا و نیشاندەری پەیوەندی هەموو نەتەوەیەکە لەگەڵ بەرژەوەندییە ژئۆپلۆتیکی و ئابووریەکانی، بێ لەبەرچاوگرتنی ئەخلاق، ماف یان ژیانی نەتەوەکانی دیکە. مورالیستەکان رەخنە لە سیاسەتی دەرەوی ئەمریکا دەگرن کە بەبەهای پێشێلکردنی پرەنسیپەکان بەدوای بەرژەوەندییەکانی خۆیدا دەچێت و جەخت لە سەر ئەوە دەکەنەوە کە ئەم سیاسەتە بووەتە هۆی ئەوەی کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا رەفتارێکی سیاسی نائەخلاقی هەبێ .

"مورگێنسۆ" خۆبەرژەوەندی وەک ئامانجی کۆتایی هەموو نەتەوەکان ناوزەد دەکات و زیندوومانەوە بە بەرزترین پرەنسیپی ئەخلاقی هەر نەتەوەیەک دادەنێت و جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە کە دەوڵەت مافی ئەوەی نییە بەرژەوەندی نەتەوەیی خۆی بۆ هەندێ پرەنسیپی ئەخلاقی تایبەت بخاتە ناو مەترسییەوە و دەڵێت بەهەرحاڵ بەرژەوندی نەتەوەیی بە سەر ئەخلاقدا زاڵە. کەوابوو ئەو راستییە کە هەموو دەوڵەتەکان هەمان ئامانجەلی سیاسی لە سیاسەتی دەرەوەی خۆیاندا پەیڕەو دەکەن نیشان دەدات کە ویستی بەرژەوەندیخوازی لە رووی ئەتنیکییەوە پاساوهەڵگرە و داواکردنی ئایدیاڵەکان تەنها خۆلەناوبردنی لێدەکەوێتەوە . کێشەکە ئەوەیە کە ئامانجەلێکی وەها بەدینایەت مەگەر بە بەهای قوربانیبوونی بەرژەوەندی نەتەوەکانی دیکە و هەروەها کە "هۆلستی١٢" ئاماژەی پێدەکات دەوڵەتەکان بێ لەبەرچاوگرتنی هۆکاری ویژدان، پرستیژ و بەرژەوەندی نەتەوەکانی دیکە، زۆربەی جاران پەیوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ یەکدی لە سەر بنەمای ریساو رێوشوێنە قبووڵکراوە هاوبەشەکانی کایە دادەمەزرێنن.

---

١٢ Holsti

بە سەرهەڵدانی "ئاژینی نوێی جیهانی"، گەلێ گروپی ئەتنیکی وابیریان دەکەردەوە کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەوانەیە رەوتێکی نوێ لە سیاسەتی دەرەوەدا بگرێتەبەر، بەڵام بەهەرحاڵ سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەگشتی هەر وەک رابردوو دەمارگرژ، پراگماتیک و هەندێ جار بێبەزەییانەیە و ئاماژەی پڕ زرقو برقی ئەمریکا بە پرەنسیپەکان بە دوور لە راستییە کە هەندێ لەم پرەنسیپانە بریتین لە دیموکراسی و ئازادی بۆ هەموو خەڵک، نەمانی برسێتی و هەژاری و دۆستایەتی لەگەڵ هەموو نەتەوەکان .

لە سەرەتای دەیەی ١٩٦٠و ناوەڕاستی دەیەی ١٩٧٠ سیاسەتمەدارانی ئەمریکا رووبەڕووی کێشەیەکی جیدی بوونەوە و کۆمەڵێک کێشمەکێش لە نێوان سەرۆک کومار و کۆنگرێس لە سەر دەوری هەر کام لەمانە لە داڕشتنی سیاسەتی دەرەوە هاتە ئاراوە و سەرۆک کۆمار کەوتە بن کونترۆڵی وەزارەتی دەرەوە، ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی (NSC) و ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی (CIA). چاودێران ئەم کێشمەکێشە وەک ئاکامی ناکۆکی لەمێژینەی نێوان سیستمی سیاسی دیموکرات و سیستمی ئاسایشی لە خۆبایی نەتەوەیی ناوزەد دەکەن .

ئەم مەسەلەیە لانیکەم هەتا ناوەڕاستی دەیەی ١٩٧٠ وەڕاست دەگەرا واتا تا ئەو کاتە کە کۆنگرێس کەندوکۆسپی لە سەر هەندێ لە دەسەڵاتەکانی سەرۆک کۆمار دروست کرد. شەڕی ڤییەتنام، مەسەلەی واتێرگەیت[١٣] و چالاکی نهێنی نایاسایی ئەمریکا لە جیهانی سییەم کۆنگرێسی هاندا تا کۆمەڵێک سنوور بۆ ئازادی کاری سەرۆک کۆمار دابنێت. ئەم رەوتە کە کۆنگرێس گرتیە بەر، بۆ پێشگرتن لەم

[١٣] واتێرگەیت ئەو ریسواییە سیاسییە بوو کە لە گۆڕەپانی سیاسی ئەمریکا هاتە ئاراوە پاش ئەوە کە کۆمەڵێک ئامرازی گوێگرتنی شاراوە لە ناوەندی حیزبی دیموکراتی ئەمریکا (بینای واتێرگەیت) لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری ئەمریکا لە ساڵی ١٩٧٢ دانرا بۆ ئەوەی ریچارد نیکسۆن دیسان ببێتەوە بە سەرۆک کۆماری ئەمریکا. پاش ئاشکرابوونی ئەم ئۆپەراسیونە چەند کەسێک لە هاورێکانی نیکسۆن خرانە بەندیخانە و خودی "نیکسۆن"یش ناچار بوو لە ساڵی ١٩٧٤ دەست لە کار بکێشێتەوە. (وەرگێڕ)

ڕووداوانه زۆر پێویست بوو: یەکەم ڕووبەڕووبونەوه لەگەڵ ڤییەتنامێکی دیکه له ڕێگای مشتومڕی ئاشکرا له سەر ئاسایشی نەتەوەیی له باتی ئەوەی که تەنها گرووپی بچووکی دەورووبەرییەکانی سەرۆک کۆمار بڕیاری لەسەر بدەن. دووەم تاوتوێکردنی ئەو دەسەڵاتە یەکجار زۆرە که له سەرروویدا جەنابی سەرۆک کۆمار ڕاوەستاوه که هەوڵ دەدات به هەموو فرتوفێڵێک دەستڕۆیشتوویی کۆنگرێس و دادگاکان کەم بکاتەوه وکاری خۆی بەرەوپێش ببات . سەرۆک کۆمارەکان خۆیان له سەرووی یاسا دەزانی (به تایبەت له کاروباری پەیوەندیدار به سیاسەتەکانی ئاستی سەرەوه له سیاسەتی دەرەوە) و بۆ فریودانی کۆنگرێس و بیروڕای گشتی ڕاستییەکانان چەواشە دەکرد.

هەندێ له ناوچەکانی جیهانی سییەم ناچار کران دەوری داردەست له ناکۆکی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بگێڕن. "مایک باوکیر" دەڵێت پەیوەندییەکانی زلهێزەکان له کۆتایی شەڕی دووەمی جیهانی بەرەو ئەملا، سێ قۆناخی تێپەڕ کردووه: قۆناخی یەکەم ساڵەکانی نێوان ١٩٤٥ و ١٩٦٢-ه که تێیدا کێشمەکێشی نێوان زلهێزەکان توندتر بوو و تەنانەت ئیمکانی پێکدادانی ڕاستەوخۆ له نێوان دوو زلهێزەکە له ئارادا بوو. قۆناخی دووەم ساڵەکانی نێوان ١٩٦٢-١٩٨٩ بوو که تێیدا پێکەوەژیانی ڕکابەرانه هاته ئاراوه و ئاستی پێکدادانی ڕاستەوخۆ له نێوان دوو زلهێزەکە کەم بووەوه. ئەم قۆناخه له کێبەرکێی چەک و تەقەمەنی و ئەو شەڕانەدا ڕەنگی دایەوه که دەوڵەتەکان به نوێنەرایەتی له لایەن زلهێزەکانەوه دەیان کرد. قۆناخی سییەم ساڵەکانی پاش ١٩٨٩-یه که قۆناخی پێکەوه ژیان له سەر بنەمای هاوکارییه که تێیدا سیاسەتی وڵاته یەکگرتووەکان به نیسبەت ئۆتۆنۆمی گەلان هەروەک ڕابردوو ناڕوونه. لەم قۆناخەدا کەشوهەوا بۆ دەستێوەردان له کاروباری ناوخۆی وڵاتان (مادام که لەپێناو بەرژەوەندییه یەکلاییکەرەوەکانی ئەمریکادا بێت) زۆر لەبارە.

## دەستێوەردانی ولاتە یەکگرتووەکان لە کاروباری جیهانی سێیەم

"شرویدێر" دەستێوەردان وەک "کەڵکوەرگرتنی بەمەبەست و حیساببۆکراو له ئامرازگەلی سیاسی، ئابووری و سەربازی له لایەن ولاتێکەوە به ئامانجی کاریگەریدانان له سەر سیاسەتی ناوخۆیی یا دەرەکی ولاتێکی دیکه" پێناسه دەکات.
دەستێوەردان دوو شێوازی هەیه: نهێنی و ئاشکرا. به هۆی ئەوەی که دەستێوەردانی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا له شەڕی ساڵەکانی ١٩٦١-١٩٧٥ی نێوان کوردەکان و حکوومەتی عێراق به شێوازی نهێنی و نیمچەسەربازی بوو، سەرەتا دەبێ باسی تایبەتمەندییەکانی دەستێوەردانی نهێنی بکەین.

CIA دەستێوەردانی نهێنی وەها پێناسه دەکات:
"چالاکییەکی تایبەت که له دەرەوەی ولات و بۆ پشتیوانی له سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا پەیڕەو دەکرێت و له جێبەجێکردنیدا دەوری ئەمریکا نه شاراوەیه و نه به ئاشکرا پشتراست دەکرێتەوە".
له مەسەله یەکلاییکەرەوە و زۆر گرنگەکاندا که پەیوەندی به ئاسایشی نەتەوەیی ولاتەوە هەیه، CIAراستەوخۆ لەرێگای ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەییەوە راپۆرت دەدات به سەرۆک کۆمار. یاسای ئاسایشی نەتەوەیی ساڵی ١٩٤٧، پێنج ئەرکی سەرەکی خستووەتە ئەستۆی CIA که بریتین له:
یەکەم ئاگاداركردنەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی له بارەی چالاکییەکانی پەیوەندیدار به ئاسایشی نەتەوەیی. دووەم خستنەرووی موچیارییەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی بۆ هاوئاهەنگکردنی ئەم چالاکیانه. سێیەم هاوئاهەنگی و هەڵسەنگاندن و بڵاو کردنەوەی زانیارییەکان له ناو حکوومەت. چوارەم خزمەتکردن به دەزگاکان که ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی باشتر دەزانێت له هەمان ناوەندا ئەنجام بدرێت و پێنجەم ئەنجامدانی کاروبار و ئەرکەکانی پەیوەندیدار به هەواڵگری که لەوانەیه کاریگەری له سەر ئاسایشی نەتەوەیی هەبێت و ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی لەوانەیه جارجار بریاریان بۆ دەربکات.

چوار ئه‌رکی یه‌که‌م ته‌نها ناوه‌رۆکی هه‌واڵگرییان هه‌یه، به‌ڵام ئه‌رکی پێنجه‌م له‌وانه‌یه له ئۆپه‌راسیونی نهێنی و دووردەستدا که‌ڵکی لێوه‌ربگیردرێت. "دۆکترینی ترومه‌ن" ۱٤ که به ئامانجی رێگرتن له مه‌ترسی کومونیزم له ناوچه زۆر گرنگ و یه‌کلاییکه‌ره‌وه‌کان بۆ ئه‌مریکا ( واتا یونان و تورکیا و وڵاته تازه‌پێکهاتوو و تازه‌سه‌ربه‌ڵداوه‌کان له رۆژهه‌ڵاتی ناوه‌راست) دارێژرا، گرنگی ئه‌م پێنج ئه‌رکه‌ی زیاتر کرد. به‌ڵام ئه‌م ئه‌رکانه چۆن جیبه‌جێ ده‌کرێن ؟

"جانسۆن" ده‌ڵێت جگه له ئامرازه کۆنه‌شۆپه‌کانی حکومه‌ته‌کان، ئه‌م پێشگرتنه له رێگای ئۆپه‌راسیونی نهێنیCIA ش به‌رێوه ده‌چێت که بۆ خۆی چه‌ند جۆره: پروپاگه‌ندای سیاسی، پروپاگه‌ندای ئابووری و کاروباری نیمچه سه‌ربازی. ئۆپه‌راسیونی نیمچه سه‌ربازیی نهێنی زۆربه‌ی جاران پێویستی به شه‌رگه‌لی شاراوه و درێژخایه‌ن هه‌یه. له‌م شه‌رانه‌دا دابینکردنی چه‌ک و ته‌قه‌مه‌نی و هه‌روه‌ها دابینکردنی یارمه‌تی پێویست بۆ راپه‌ریوه‌کان له ئه‌ستۆی وڵاته یه‌کگرتووه‌کانی ئه‌مریکایه. له‌م ئۆپه‌راسیونه‌دا راپه‌ریوه‌کان وه‌ک نوێنه‌ری ئه‌مریکا کار ده‌که‌ن و به‌م شێوه‌یه ئه‌مریکا له ده‌ستێوه‌ردانی راسته‌وخۆ که پێویستی به به‌هایه‌کی گرانتر هه‌یه، دووری ده‌کات . ئه‌م مه‌سه‌له‌یه بۆ خۆی تا ئاستێک جیاوازی و کێشمه‌کێشی نێوان کۆنگرێس و ئیداره‌ی سه‌رۆک کۆمار له سه‌روبه‌ندی ئۆپه‌راسیونی نهێنی روون ده‌کاته‌وه. ئه‌م کێشمه‌کێشه له گه‌ڵ دوو هه‌ڵینجاندن رووبه‌روو ده‌بێته‌وه: یه‌که‌م هاوڕابوون له‌گه‌ڵ ئۆپه‌راسیونی نهێنی و دووه‌م دژایه‌تیکردنی ئۆپه‌راسیونی نهێنی. لایه‌نگرانی ئۆپه‌راسیونی نهێنی ئه‌م پاساوانه ده‌هێننه‌وه:

[14] ترومه‌ن، سه‌رۆک کوماری ئه‌مریکا له لێدوانێک له کۆنگرێسدا له ساڵی ۱۹٤۷ خوازیاری ئه‌وه بوو که یارمه‌تی به‌و وڵاتانه بدرێ که له‌گه‌ڵ مه‌ترسی کۆمۆنیزم به‌ره‌وڕوون (به‌تایبه‌ت تورکیا و یۆنان). ئه‌و سیاسه‌ته که بۆ پێشگرتن له کۆمۆنیزم له لایه‌ن ترومه‌ن و سه‌رۆک کۆماره‌کانی دواتری ئه‌مه‌ریکاوه گیرایه به‌ر، به دۆکتورینی ترومه‌ن ناسراوه. (وه‌رگێڕ)

١- یەکێتی سۆڤیەت بە توندی پشتیوانی لە ئۆپەراسیونی نهێنی KGB (دەزگای هەواڵگری و سیخوڕی سۆڤیەت) دەکات ٢- وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ئەستۆیەتی پشتیوانی لە هاوپەیمانان و دۆستەکانی بکات و ئەم ئەرکە پێویستی بە ئۆپەراسیونی نهێنی بۆ رزگارکردنی دۆستان لە کێشە ناوچەیی و نێونەتەوەییەکان دەکات.

٣- لەم ئۆپەراسیونانەدا خیرایی و نهێنیپاریزی، شتێکی یەکلاییەکەرەوەیە بۆ سەرکەوتن لە هەلومەرجە هەستیارەکاندا، کەوابوو CIA دەبێ پێش لە هەمووو شتێک رێگەپێدراو بێت کە ئەم مەسەلەیە لە خەڵک بشارێتەوە.

٤- ئۆپەراسیونی نهێنی باشترین ئامرازێکە کە لە دەستی حکوومەتدایە بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی. ئەم ئۆپەراسیونە کاتێ کاریگەر دەبێت کە مۆرکی "زانیاری پۆلێنبەندیکراو" (واتا نهێنی) لێبدرێت.

## شەڕی ١٩٦١–١٩٧٥ی کوردەکان و حکوومەتی عێراق

پاش کودیتای عەبدولکەریم قاسم لە ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ رێبەری ناسراوی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، مەلا مستەفا بارزانی رێگەی پێدرا پاش ١٣ سال دوورەوڵاتی لە یەکێتی سۆڤیەت بگەڕێتەوە بۆ عێراق. مەلا مستەفا لە بەرامبەر دوژمنەکانی قاسم پشتیوانی لە ناوبراو کرد، لە بەرامبەردا قاسم بەڵێنی ئۆتۆنومییەکی ریژەیی لە چوارچێوەی عێراقی دا بە کورد. قاسم بەڵێنەکەی بەجێ نەگەیاند و هێدی هێدی لەگەڵ راپەڕینی توندوتۆڵی کورد رووبەڕوو بووەوە. لە سەروبەندی ئەم راپەڕینە بەردەوامەدا کە لە ١٩٦١ دەستی پێکرد، بارزانی کۆمەڵێک وتووێژی بگرەوبەردەی لەگەڵ دەسەڵاتدارە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق ئەنجام دا و رایگەیاند کۆتایی بە راپەڕینەکە دێنێت ئەگەر ئوتونومییەکی ریژەیی بدرێت بە کورد.

یەکەم رێککەوتنی بارزانی لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی عێراق، عەبدولرەحمان بەزاز لە ١٩٦٥ بوو. بەزاز رایگەیاند حکوومەت دەیەوێت سیستمێکی ناوەندی یاسایی دابنێت و یەکپارچەیی عێراق بپارێزێت. بەهەرحاڵ شۆرشی کورد هەتا ناوەراستی ١٩٦٦ بەردەوام بوو. لەم قۆناخەدا سوپای عێراق لە هەوڵەکانی بۆ تێکشکاندنی کوردە شۆرشگێرەکان هەرەسی هێنا. ئەم سەرنەکەوتنە پرسیاری زۆری هێنایە ئاراوە دەربارەی ئەوەی کە ئایا مەعقولە سەرچاوەی دارایی وڵات بۆ شەری بێ کۆتایی لەگەڵ کوردەکان بە فیرۆ بدرێت. هەربۆیە بەزاز بەرنامەیەکی ئاشتەوایی١٤خاڵی پێشنیار کرد کە داواکاریەکانی بارزانی لەپەیوەندی لەگەڵ ئوتونومی ریژەیی بو کورد، وەدی دەهێنا. بەڵام بژاردە سەربازییەکانی ناو دەوڵەتی عێراق تۆمەتی خیانەت بە یاسای بنەرەتییان خستە پاڵ بەزاز و سەرەنجام دەوڵەتی بەزاز کتوپر پاش رێککەوتن لەگەڵ کوردەکان رووخا و شۆرشی کورد پاش بە دەسەڵاتگەیشتنەوەی بەعس لە ١٩٦٨ بەردەوام بوو.

حیزبی بەعس لە بنەمادا لە بەرامبەر پاراستنی یەکپارچەیی عێراق دەرووەس بوو، بەڵام بەهرحال چوونکە تازە گەرابووە سەر دەسەڵات، بەر لە هەموو شتێک ئامانجی ئەوە بوو دەسەڵاتی خۆی پتەو بکات، هەربۆیە بریاریدا پەیوەندییەکانی لەگەڵ کوردەکان باشتر بکات و رێککەوتننامەیەکی دوو لایەنەی لە ئاداری ١٩٧٠ لەگەڵ کوردەکان واژۆ کرد کە لەم خاڵانە پێکهاتبوو:

1 قبوڵکردنی زمانی کوردی وەک زمانی فەرمی لەو ناوچانەی کە زۆربەی دانیشتووەکانی کوردن. زمانی کوردی و عەرەبی پێکەوە لە هەموو قوتابخانەکاندا وانەیان پێدەگوترێتەوە

2- بەشداریکردنی کوردەکان لە دەوڵەت، لەوانە دانانی کوردەکان لە پۆستە گرنگەکانی وڵات

3- پەرەپێدانی پەروەردە و کولتووری کوردی

4- پێویستە ئەو کاربەدەستە (غەیرە کوردانە) کە لە ناوچە کوردنشینەکاندا کار دەکەن زمانی کوردی بزانن

5- دامه‌زراندنی ڕێکخراوی خوێندکاران، جوانان، ژنان و ماموستایانی قوتابخانه‌کان
6 - گه‌شه‌پێدانی ئابووری ناوچه کوردنشینه‌کان
7- گه‌ڕانه‌وه‌ی کورده‌کان بۆ گونده‌کانیان یان قه‌ره‌بووه کردنه‌وه‌یان
8 - چاکسازی له زه‌وییه‌کاندا
9- چاکسازی له یاسای بنه‌ڕه‌تی به شێوه‌یه‌ک که بڵێت خه‌ڵکی عێراق له دوو نه‌ته‌وه‌ی کورد و عه‌ره‌ب پێکهاتووه
10 - ته‌سلیمکردنی ده‌زگاکانی رادیۆ و چه‌کی قورس به حکوومه‌ت
11- دانانی کوردێک وه‌ک جێگری سه‌رۆک کۆمار
12 -چاکسازی له یاسای دابه‌شکردنی ئیداری به گویره‌ی ئه‌م راگه‌یاندننامه‌یه
13- پێکهاتنی دامه‌زراوه‌گه‌لی ئۆتۆنۆمی له ناوچه کوردنشینه‌کان

ئه‌م ڕێککه‌وتننامه‌یه به‌ڵێنی به بارزانی ده‌دا که ئه‌و ناوچانه‌ی که زۆربه‌ی دانیشتووه‌کانی کوردن له ماوه‌ی ٤ سال له کاتێ واژۆکرانی ئه‌م ڕێککه‌وتننامه‌یه ببه‌ن به خاوه‌ن ئۆتۆنۆمی. بارزانی به‌م ڕێگاچاره‌یه رازی بوو، هه‌رچه‌ند که ده‌یزانی ئه‌م ڕێککه‌وتننامه‌یه به ته‌واوی جێبه‌جێ ناکرێت. هێزه‌کانی بارزانی پاش ۹ ساڵ شه‌ڕی بێوچان ماندوو ببوون و که‌وتبوونه ژێر کاریگه‌ری ئه‌و پڕوپاگه‌ندایه که حکوومه‌ت ده‌رباره‌ی ئه‌م ڕێککه‌وتننامه‌یه ده‌یکرد و به هۆیه‌وه ستایشی خۆی ده‌کرد.

پاش مردنی جمال عبدالناسر له‌۱۹۷۰ و پاشه‌کشه‌ی بریتانیا له که‌نداوی فارس له ۱۹۷۱، ئێران به توندی ده‌یویست ئه‌و بۆشاییه‌ی ده‌سه‌ڵات پڕ بکاته‌وه که به هۆی پاشه‌کشه‌ی بریتانیا له ناوچه دروست ببوو. ئامانجی یه‌که‌می ئێران لاوازکردنی عێراق بوو له رووی ئابووری و سه‌ربازییه‌وه. ئێرانییه‌کان هه‌وڵیاندا کورده‌کان هان بده‌ن تا ئه‌و پوانانه ره‌ت بکه‌نه‌وه که عێراق پێیدابوون و به‌رده‌وام بۆ به‌ده‌ستهێنانی پوانی زۆرتر درێژه به شه‌ڕ بده‌ن. هاوکات حیزبی به‌عس له عێراق هه‌وڵی ده‌دا پاش مه‌رگی ناسر ببێ به پێشه‌وای جیهانی عه‌ره‌ب و پێش له باڵاده‌ستی ئێران له "که‌نداوی عه‌ره‌بی" بگرێت .

ساڵی ١٩٧٢ ڕژێمی عێراق بۆ گەیشتن بە ئامانجە زیادەخوازەکانی پەیماننامەی دۆستی و هاوکاری لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت واژۆ کرد، لە بەرامبەردا سۆڤیەت بڕێکی بەرچاو چەکی پێشکەوتووی دا بە عێراق. زیادبوونی دەستڕۆیشتوویی سۆڤیەت لە عێراق و زیادبوونی خەرجە سەربازییەکانی عێراق، ئێران و ئیسرائیل و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای نیگەران کرد. ئێران بە مەبەستی تەشویقکردنی کوردەکان بە بەرخۆدانی زیاتر لە بەرامبەر عێراق، پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ کوردەکان پەرەپێدا. بارزانی کە لە کڕینی چەکی پێشکەوتوو لە سۆڤیەت لە لایەن عێراقەوە دەترسا و نیگەرانی خیانەتی ئێران لە داهاتوودا بوو، داوای گارانتی نێونەتەوەیی کرد بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بە تەنیا نەمێنێتەوە و نەبێتە قوربانی تۆڵەسەندنەوەی عێراق.

کاتێ کە نیکسۆن و کیسینجێر لە ڕێگای گەڕانەوە لە کونفرانسێک لەگەڵ برژنێف (سەرۆک کۆماری سۆڤیەت) لە مۆسکۆ لە ٣٠ی مایسی ١٩٧٢ سەردانی تارانیان کرد، شا باسی بارودۆخی کوردەکانی بۆ کردن و پێیانی وت کوردەکان متمانەیەکی یەکجار زۆریان بە ئەمریکا هەیە و دەیانەوێت ئەمریکا چەکیان بداتێ. نیکسۆن ئەم داواکارییەی قبووڵ کرد و وتی ئێمە هەموو کارێک بۆ دۆست و هاوپەیمانە وەفادارەکانی خۆمان دەکەین.

وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە ریچارد نیکسۆن سەرۆکایەتی دەکرد و خولی سەروک کۆمارییەکەی بە خولی زێڕین ناوزەد کراوە، لەگەڵ هێنری کیسینجێری وەزیری دەرەوە (وەک ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی) دامودەزگای یارمەتی نهێنی ئەمریکایان بە شەڕی کوردەکان وەگەڕ خست و "بارزانی" یان لە نیازپاکی خۆیان دڵنیا کردەوە . ئەم شایەتینامەیە پۆلێنبەندی کرا (واتا مۆری نهێنی لێدرا) و نیکسۆن لە شوینی کارەکەی خۆی بردیە دەرەوە چونکە هیچ متمانەیەکی بە بوروکراسی وەزارەتی دەرەوە نەبوو .

مامەڵەی ئەمریکا لەگەڵ کوردەکان له راستیدا پشتگوێخستنی ئەو شەرت و مەرجانه بوو که نیکسۆن و کیسینجێر تۆزێ پێش لەوه له موسکۆ واژۆیان کردبوو.
کیسینجێر چەند رۆژ پێش لەوه له کونفرانسێکی چاپەمەنیدا له موسکۆ وتبووی:
" وڵاته یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت به تەواوی هاوڕان له سەر پێویستی کەمکردنەوەی ئاڵۆزییەکان له رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و ئامادەن هەرچی پێویسته بیکەن بۆ ئەوەی لەم پەیوەندییەدا بگەن به رێگاچارەیەک. رێگاچارەیەکی وەها دەتوانێت یارمەتی بدات به کەمبوونەوەی کێبەرکێی چەک له ناوچە. من لەلایەن وڵاته یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە دەتوانم بڵێم که هەوڵ دەدەین ئەم شەرتومەرجانه به گوێرەی مەبەستەکانی جێبەجێ بکەین ."
له راستیدا به قبوڵکردنی مامەڵەی ئێران و کوردەکان، نیەتی ئەمریکا بۆ جێبەجێکردنی ئەو شەرتومەرجانه تەنها یەک رۆژی خایاند. دیار بوو نیکسۆن و کیسینجێر بەم هوکارانەی خوارەوە نەیاندەتوانی ئەم مامەڵەیه پشتگوێ بخەن:
١- نیکسۆن و کیسینجێر به هۆی خۆماڵیبوونی (بەنەتەوەییکردنی) کومپانیای نەوتی عێراق زۆر شڵەژاو بوون.
٢- نیکسۆن و کیسینجێر بەهۆی دەستدرێژییەکانی عێراق له کەنداوی فارس وەک گوناهبارێک سەیری عێراقیان دەکرد که به نوێنەرایەتی سوڤیەت ئەم دەستدرێژییانه ئەنجام دەدات.
٣- کێشمەکێشێکی ناوخۆیی له عێراق دەیتوانی بواری چەقەکردنی دۆستان و هاوپەیمانانی ئەمریکا بەهیزتر بکات بۆ نموونه دەوری ئێران وەک پولیسی کەنداوی فارس و بەرپەرچدانەوەی بانگەشەکانی عێراق لەلایەن کوێتەوە دەربارەی خاکی ئەم وڵاته و بەهێزتربوونی ئیسرایيل له هاوسەنگییه سەربازییه ئیستراتژیکەکەی لەگەڵ جیهانی عەرەب.
٤- ئەم مامەڵەیه بەریانه چەپەکانی له نێو هەندێ له گروپه کوردەکان لەناو دەبرد.

یارمەتییە ماددی و سەربازییەکانی ئەمریکا بە کوردەکان لە ئابی ١٩٧٢ دەستی پێکرد. CIA بوو بە بەرپرسیاری بەڕێوەبردنی ئەم ئۆپەراسیونە ، وەزارەتی دەرەوە هیچ دەستێکی تێدا نەبوو. سەرکردایەتی کورد لەم راستیە بێ خەبەر بوو و وایدەزانی مامەڵە کردن لەگەڵ سەرۆک کۆماری ئەمریکا یانێ مامەڵەکردن لەگەڵ هەموو ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. بارزانی لە ماوەیەکی کورتدا ١٠٠ هەزار پێشمەرگەی دژی هێزەکانی عێراق وەگەڕ خست. لە ماوەی سێ سال پاش ئەوە CIA 16میلیون دولاری بۆ کوردەکان خەرج کرد کە زۆر کەمتر بوو لەو بڕە پارەیە کە بۆ سەرکەوتنی کوردەکان لەم بەربەرەکانییەدا پێویست بوو(٣٠٠ میلیون دولار بە وتەی کیسینجێر). شا هەوڵیدا خۆی ئەم کەموکوڕییە قەرەبوو بکاتەوە . یارمەتی ئامریکا کەمکەم بوو بە شتێکی سەمبولیک. سەرکردایەتی کورد کە لە شەڕێکی گەورەدا گیری کردبوو، بۆ ئەوەی تەماح بخاتە بەر ئەمریکا و قەناعەتی پێبهێنێت زیاتر یارمەتییان بدات، چەند جار رایگەیاند:

"جگە لە ئەمریکا، باوەڕی بە هیچ زلهێزێکی دیکە نییە و ئامادەیە کوردستان ببێ بە ئەیالەتی پەنجاویەکەمی ئەمریکا و سەرچاوەی نەوتی کوردستان بکەوێتە دەستی ئەمریکا و ئەگەر کوردستان (کە لە رووی سەرچاوەی نەوتەوە دەوڵەمەندە) سەربەخۆیی بەدەستبهێنێت، ئەمریکا دەتوانێت وەک دۆستێک لە رێکخراوی OPEK (ولاتانی نێردەری نەوت بۆ دەرەوە) پشتی پێببەستێت".

کوردەکان متمانەی تەواویان بە بەڵێنەکانی ئەمریکا هەبوو و دڵنیابوون کە نە ئەمریکا و نە شا ئەم بەڵێنانە پێشێل ناکەن بەلام پاشان بۆیان دەرکەوت کە نە شا و نە سەرۆک کۆمار و نە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا نایانەوێت کوردەکان سەر بکەون. ئەمانە تەنها دەیانەویست کوردەکان لە بەرامبەر سوپای عێراقدا رابوەستن و درێژە بە شەڕ بدەن و وزە و سەرچاوەکانی ولاتی عێراق بە فیڕۆ بدەن. راپۆرتێکی CIA لە ٢٢ی ئاداری ١٩٧٤ وەها باسی سیاسەتی دەرەوەی ئێران و ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە نیسبەت ئەم رەوتە دەکات:

" ئێمە ئەوە دەزانین کە ئێران رازی نییە بە دامەزرانی حکوومەتێکی کوردی کە خاوەن ئۆتۆنۆمییەکی پێناسەکراو بێت. ئێران هەروەک خۆمان قازانجی لەوەدایە کە بارودۆخەکە وەک خۆی بمێنێتەوە و عێراق لە ئەنجامی پێداگری کوردەکان لە سەر نیمچە ئۆتۆنۆمییەک بە تەواوی لاواز بێت. نە ئێمە و نە ئێران نامانەوێت مەسەلەکە بە شێوەیەک لە شێوەکان چارەسەر بێت. ئەم سیاسەتە هەروەها کە لەم راپۆرتەدا ئاماژەی پێکراوە بە لایەنی بەرامبەری ئێمە (کوردەکان)کە داوامان لێدەکردن درێژە بە شەڕ بدەن، رانەگەیەندرابوو. ئەم رەفتارە تەنانەت لە چوارچێوەی ئۆپەراسیونی نهێنیشدا کارێکی باش نەبوو ".

تەنانەت "راپۆرتی پایک[١٥]" (کە لایەن گرووپی تویژینەوەی کۆنگرێسەوە ئامادە کرابوو ) لایەنگری لەم هەڵسەنگاندنە دەکرد ، لانیکەم تا ئەو شوێنەی کە پەیوەندی بە سیاسەتی ئەمریکا و ئێران واتا سەرنەکەوتنی کوردەکانەوە هەبوو لایەنگری لەم هەڵسەنگاندنە دەکرد.

لە گەرماوگەرمی شەڕی تشرینی یەکەمی ١٩٧٣ی نێوان ئیسرائیل و عەرەبەکان، عێراق یەک فەوج سەربازی بۆ بەشداریکردن لەم شەڕەدا رەوانە کرد. کوردەکان لە سەر داوای ئیسرائیل دەیانویست کۆمەڵێک هێرشی بەرچاو بکەنە سەر هێزەکانی عێراق بەڵام کیسینجێر کە پەی بەوە بردبوو ئەگەر کوردەکان لەم هێرشەدا سەر بکەون، ئەمریکا تووشی زیان دەبێت ، لە ١٦ی تشرینی یەکەم فەرمانی بە CIAدا ئەم پەیامە بنێرێت بۆ کوردەکان:

"ئێمە نیازی ئێوە بۆ ئەنجامدانی هێرشی سەربازی کە ئیسرائیل پیشنیاری پێکردوون، بە شتێکی باش نازانین".

کوردەکانیش کە متمانەی تەواویان بە ئەمریکا هەبوو، ئەم مۆچیارییەی (کیسینجێر)یان بە قازانجی بێ ئەملاولای خۆیان لێکدایەوە و قبوڵیان کرد. بەڵام ئەوە سەلمێندرا کە متمانەی کوردەکان بە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا مەترسیدارە. CIAلە تەواوی ئەم ماوەیەدا کۆمەڵێک راستی لە بەر دەستدا بوو دەربارەی ئەوەی

[١٥] Pike report

که هەر کاتێک شا له سەر ناکۆکییەکه سنووریەکەی لەگەڵ عێراق رێکبکەوێت ، بێ گومان دەست له کوردەکان هەڵدەگرێت.

شا له سەروبەندی ناکۆکییەکەی لەگەڵ عێراق نه وەک کۆمەڵێک مرۆڤ بەڵکوو وەک ئامرازێک سەیری کوردەکانی دەکرد. CIAش هەمان خوێندنەوەی له کوردەکان هەبوو و وەک ئامرازێک بۆ لاوازکردنی پێگەی عێراق له زیادەخوازییە ناوچەییەکانیدا سەیری کوردەکانی دەکرد.

عێراق که به هۆی شەڕی کوردەکان له توانا کەوتبوو و لەوە دەترسا شەڕەکه درێژ بێتەوە، پێشنیاری ئێرانی بۆ وتووێژ له سەر بەخشینی کۆمەڵێک پوانی سەرزەمینی له سنووری ئێران و عێراق قبوڵ کرد له بەرامبەر ئەوەدا که ئێران پشتیوانی له کوردەکان رابوەستێنێت. رێکەوتننامەکه له ٦ی ئاداری ١٩٧٥ له میانەی کونفرانسی OPEKله ئەلجەزیرە مۆرکرا و دەستبەجێ پاش ئەوە ئێران سنوورەکانی خۆی له سەر کوردەکانی عێراق داخست و چەند رۆژ پاش ئەوە سوپای عێراق دەستی به هێرشێکی بەرفراوان و توند کرد. کوردەکان که له لایەن شا و ئەمریکاوە به تەنیا هێڵرابوونەوە، نەیاندەتوانی له بەرامبەر دێوەزمەی کوشتوکوشتاری عێراق رابوەستن و هێزی سەربازیان به ماوەی چەند ساڵ تێکشکا. له سەروبەندی هیرشەکانی عێراقدا، کوردە ئاوارەبووەکان به بێهیواییەوە کۆمەڵێک پەیامیان نارد بۆ CIA دەربارەی ئەوەی که:

"خەلکەکەمان و هێزەکانمان شلەژاون و تۆقیون. چارەنووسی خەڵکەکەمان له مەترسییەکی بێ وێنەدایە، لەگەڵ لەناوچونی تەواو بەرەوڕوین، هیچ پاساوێک بۆ ئەم رووداوانه له ئارادا نییە. ئێمە دەست به داوێنی ئێوە و دەوڵەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەبین وەها که بەڵێنتان پێدابووین، دەستێوەدان بکەن ."

له پەیامێکی دیکەی کوردەکاندا بۆ کیسینجێر هاتووە:

"جەنابی (کیسینجێر) ئێمە که هەمیشه له کێشەکێش و ناکۆکییەکاندا، لەوانە ناکۆکی ئێران و عێراق باوەڕمان به رێگاچارەی ئاشتیخوازانه بووە، خۆشحاڵین که ئێستا ئەم دوو وڵاتە گەیشتوونەتە کۆمەڵێک رێککەوتن ... بەڵام بەهەرحال خوێن له

دڵمان دەتکێت کە یەکێ لە ئاکامە کتوپڕەکانی ئەم ڕێککەوتنە، لەناوچوونی خەڵکی بێپاراستنی ئێمەیە. هەموو کەسێک بێ دەنگە. جەنابی (کیسینجێر) ئێمە وا هەست دەکەین ئەرکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە کە داکۆکی لە ئێمە بکات و بەرپرسیارێتی ئەخلاقی و سیاسی هەیە لە بەرامبەر خەڵکی ئێمە."

بەڵام ئەمریکا هیچ وەڵامێکی ڕاستەوخۆی بە کوردەکان نەدایەوە و هیچ کارێکی بۆ ڕزگارکردنی ٢٠٠ هەزار خەڵکی ئاوارە ئەنجام نەدا. کاتێ کە کارمەندانی کومیتەی پایک لە بارەی "هەبوونی دەستی ئەمریکا لە چارەڕەشی کوردەکاندا" گفتوگۆیان لەگەڵ کیسینجێر کرد، کیسینجێر لە وەڵامدا وتی :

"نابێ ئۆپەراسیونی نهێنی لەگەڵ پروپاگەندای کاروباری ئایینی تێکەڵ بکرێت ."

ئەو قسەیەی "جۆرج لنسۆڤێسکی" بەجێیە کە دەڵێت: "ڕێککەوتننامەی ئەلجەزایر کە ئەمریکا پێی ڕازی بوو، بۆ ناسیونالیستە کوردەکان جۆرێک یالتا ١٦بوو". ئەم قسەیە بۆ خۆی ناوەرۆکی چەند بەرگ کتێب لە خۆ دەگرێت.

"ئارتوور تۆرنیر" زۆرتر مەسەلەکە شی دەکاتەوە و دەڵێت:

"ڕیککەوتننامەی ئەلجەزایر کتێبی وانەیەکە کە نیشان دەدات چۆن وڵاتانی گەورە بۆ بەرژەوەندی خۆیان خەڵکی هەژار دەکەن بە قوربانی".

## تێوەگلانی ئەمریکا لە شەڕی ١٩٩١ی کەنداو

مێژوو لێوانلێوە لە ڕووداوگەلی سەیروسەمەرە کە هەندێکیان تراژدیک و هەندێکیان خیانەتبارن. دەستبەجێ دوابەدوای ئۆپەراسیونی سەربازی لە شوباتی ١٩٩١ و هەرەسهێنانی هێزەکانی عێراق، سەرۆک کۆماری ئەمریکا لە بانگەوازێکدا داوای لە

[16] لە ٤-١١ی شوباتی ١٩٤٥ کونفرانسێک لە یالتا بەڕێوەچوو کە سەرۆک کۆماری بریتانیا، سۆڤیەت و ئەمریکا تێیدا بەشداریان کرد و کۆمەلیک شەرتومەرجی گرانیان سەپاند بە سەر ئەو وڵاتانەدا کە شەڕی جیهانی دوەمیان دۆڕاندبوو، بە تایبەت ئاڵمانیا. مەبەستی نووسەر لێرە ئەوەیە کە پەیماننامەی جەزایر بە هەمان شێوەی کونفرانسی یالتا کۆمەڵێک ئاکامی گرانی بۆ کورد بەدواوە بوو. (وەرگێڕ)

خەڵکی عێراق کرد راپەڕن و رژێمی سەدام حوسەین بڕوخێنن. ئەم بەیاننامەیە، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای خستە ناو بارودۆخێکی دژواری سیاسی و ئاسایشی ناوچەیی و نێونەتەوەیی کە شۆکێکی ژئۆپلۆتیکی لێکەوتەوە کە هێشتاش کومەڵێک شەپۆلی ناسەقامگیری لە هاوسەنگی هێزەکاندا لە ناوچە دروست کردووە. بەهەرحاڵ هەم کوردەکان لە باکوور و هەم شیعەکان لە باشوور بە گرتنی و شەوقەوە وەڵامی ئەم داواکاریەی سەرۆک کوماری ئەمریکایان دایاوە. بەڵام لە کاتێکدا کە شیعەکان لە باشوور خۆیان باش نیشان نەدا، کوردەکان بە یارمەتی نەتەوە یەکگرتووەکان و هێزە هاوپەیمانەکان کە بنکەکانیان لە باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا بوو و "ئوپەراسیونی چەکوشی هاوسەنگی"یان بەرێوە دەبرد، توانیان کیانێکی ئانکلاوی١٧ سەربەخۆی لەرزۆک پێکبێنن.

بەهەرحاڵ هەروەها کە بوش رایگەیاند، سەقامگیری ناوچە تەنها پاش لەسەر دەسەڵاتنەمانی سەدام حوسەین دەستەبەر دەبوو. بوش هەوڵی دیپلوماتیکی زۆری دا لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان تا توانی بڕیارنامەی ٦٧٨ لە ٢٩ی تشرینی دووەمی ١٩٩١ پەسەند بکرێت. ماددەی ٢ی ئەم بڕیارنامەیە بە ئەنقەست نارروون دارێژرابوو بۆ ئەوەی شرۆڤە و کردەوەی جۆراوجۆر هەڵبگرێت و رێگای بۆ سەرجەم ئەو دەوڵەتانە کە لەگەڵ کوێت هاوکاریان دەکرد خۆش کرد لە هەموو ئامرازگەلی پێویست بۆ زیندووبوونەوەی ئاشتی و ئاسایشی ناوچە کەڵک وەربگرن.

ئاکام و ئەنجامەکانی بانگەوازە نابەجێکەی بوش نەتەنها نەبووە هۆی لەسەر دەسەڵاتنەمانی سەدام، بەڵکوو بووە هۆی کرانەوەی ئاسۆی دابەشبوونی کۆماری عێراق بە سێ کیانی جیاواز: شیعەکان لە باشوور، سوونەکان لە ناوەڕاست و کوردەکان لە باکوور. ئەم ئاسۆیە هاوسەنگی لەرزۆکی هێزەکانی لە ناوچە لەرزۆکتر

١٧ ئانکلاو بەو کیانە دەڵێن کە لەلایەن دەوڵەتانی دەورووبەرەوە گەمارۆ درابێ یان بە تەواوی کەوتبێتە ناو خاکی وڵاتێکی دیکە. (وەرگێڕ)

کرد. بەهەرحاڵ هەمان ئازموونی کورد و حکوومەتی عێراق لە ۱۹۷۲-۱۹۷۵ دووپات بووەوە و کوردەکان پاش ئەوەی لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە تەشویق کران دژی سەدام راپەڕن، بە تەنیا لە بەرامبەر ئاکام و ئەنجامگەلی خوێناوی رووبەڕوو بوونەوە و ئەمریکا هیچ یارمەتییەکی نەدان. بوش کە لەم پەیوەندییەدا تۆمەتی کەمتەرخەمبوونی خرابووە پاڵ بە تووڕەییەوە وەڵامی دایەوە :

"پێموانییە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گوناهبار بێ لە بەر ئەوەی پێشنیاری ئەوەی بە خەڵکی عێراق کردبێ حکوومەتی عێراق بڕوخێنن و مەبەستی ئەوە بووبێ کە وڵاتە یەکگرتووەکان دێتە مەیدان و پشتیوانی سەربازیان لێدەکات، نا شتی وا راست نییە، ئێمە قەت مەبەستێکی وامان نەبووە ".

پاشەکشەی بەرەبەرەی ئەمریکا لە پشتیوانیکردن لە ئۆپۆزیسیونی عێراق، یەکەم جار لە لایەن (کالین پاوڵ)ەوە ئاشکرابوو واتا ئەو کاتە کە ئەمریکا هوشداریدا بە سەدام کە لە پەیوەندی لەگەڵ سەرکوتی راپەرینە جۆراوجۆرەکان تۆزێ دەست بپارێزێت (واتای ئەوە کە تۆزی پارێز بکات ئەوە نەبوو کە سەرکوتەکە رابوەستێنێت).

پاشان لە ۲٦ی ئادار روون بووەوە کە دەوڵەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بڕیاریداوە بۆ پشتیوانی لە راپەڕیوان نەیەتە مەیدان. ئەوکاتە فەرماندەی ئەمریکایی هێزە هاوپەیمانەکان، ژەنەراڵ "نۆرمەن شوارزکۆف" و هاوتا عێراقییەکەی لە سەر ئەوە رێککەوتبوون کە سوپای عێراق لە کۆپتەری تۆپدار و ئۆتۆمۆبیلی سەربازی بۆ تێکشکاندنی راپەڕین کەڵک وەرنەگرێت .

چەند رۆژ پاش ئەوە هێرشێکی بەرفراوان بۆ سەر کوردە راپەڕیوەکان دەستی پێکرد. شارە سەرەکییەکان کەوتەوە دەستی هێزەکانی دەوڵەت و بە هەزاران کوردی تۆقاو بەرەو شاخەکان هەڵهاتن و بە شڵەژاوییەوە هەوڵیاندا خۆیان لە کۆمەڵکوژی سەدام رزگار بکەن. تا کۆتایی مانگی نیسان پتر لە دوو میلیون ئاوارە بەرەو سنوورەکانی ئێران و تورکیا کۆڕەویان کرد. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە کێشەی کوێتی چارەسەر کردبوو و هاوسەنگی هێزەکانی لە ناوچە زیندوو کردبووەوە، کێشەیەکی چەند رەهەندی دیکەی دروست کرد کە ئاکام و لێکەوتەی گەورەی بۆ

ئاسایشــی نــاوچه به دوواوه بــوو و هێــزه رکابەرەکــانی نــاوچەی ناچــار دەکــرد بەربەرەکانی لەگەڵ بکەن .

سەدام بەتواناییه خێرا و درەندەکەی بۆ کـونترولکردنی عێـراق و راگرتنـی دەسـەڵاتی خـۆی، جیهـانی تووشـی سەرسـوورمان کـرد. "برێنـت سـکۆکراڤت" لەم پەیوەنـدییەدا وەڵامی دایەوە:

"ئـێمه قەد چـاوەڕوانی ئەوەمـان نەدەکـرد هێرشـێکی ئەوەنـده تونـد بکـرێته سـەر کوردەکان١٨. "

ئەم کـاردانەوه درنـدانەیەی سـەدام، ئەنجـوومەنی ئاسایشـی نەتەوه یەکگرتووەکـانی ناچار کرد له ٥ی نیسانی ١٩٩١ بڕیارنامەی ٦٨٨ پەسەند بکات که تێیـدا سـەرکوتی خەڵکی سیڤیلی عێراق به تایبەت له ناوچه کوردنشینەکان شـەرمەزار کـرا و رێـگەدرا بەوەی هەرێمێکـی ئـارام دروسـت بکرێـت که ئێسـتا له کـردەوەدا بـووه به کیـانێکی جیاواز له ناو عێراقدا.

باری یەک میلیون ئـاوارەی کـوردی عێـراق که گەیشـتبوونه سـەر سـنووری ئێـران له سەر شانی ئەم وڵاته بوو و ئەم ژمـارەیه زیـاد بـوو به سـەر ئەو ٦٠٠ هەزار ئـاوارەیه که له ئاوارەییەکانی پێشووتردا چووبوونه ئێران. تورکیاش میلیۆنێـک کـوردی دیـکەی وەک ئـاواره قبـووڵ کردبـوو. تورکیـا که یەکـێ له بەشـداره سـەرەکییەکانی شـەڕی دووەمی کەنداو بوو و خـۆی کێشـەی زۆری لەگەڵ کوردەکـانی خـۆی هەبـوو، له لایەن رۆژئاواوه رێگەپێـدرا دەوری یەکلاییـکەرەوه له ئیـدارەی نـاوچەی ئـالۆزی کوردەکـان بگێڕێت. تورکیا هەر له سـەرەتاوه مەنتیقـی سیاسـەتی درێژخـایەنی خـۆی بەنیسـبەت چـۆنیەتی مـامەڵەکردن لەگەڵ قەیرانـی ئاوارەکـان نیشـان دا و رایگەیانـد ئاوارەکـان

---

١٨ ئیدارەی ئەمریکا ئاگاداری ئاکامەکانی به تەنیاهێشتنەوەی کوردەکان بوو و پێشبینی ئەوەی کردبوو که کوردەکان ئاواره دەبن، هەربۆیه پێداویستییەکانی ٢٠ هەزار ئاوارەی (واتا ١٠٠ قات کەمتر له ژمارەی ئەو کەسانه که له راستیدا ئاواره بوون) له خاکی تورکیا ئاماده کردبوو.

دەبێ بە زووترین کات خاکی تورکیا بە جێ بهێڵن. ئاوارەکان ناچار بوون خاکی تورکیا بە جێ بهێڵن بەڵام بەهەرحاڵ گەڕانەوە بۆ کیانێکی جیاوازی کورد لە ئارادا نەبوو، بەڵکوو دەبوایا گەڕابانەوە بۆ شوێنێکی ئارام لە ناو وڵاتی یەکپارچەی عێراقدا.

لاوازبوونی زیاتری عێراق و دروستبوونی حکوومەتێکی سەربەخۆی کورد هاوسەنگی هێزەکانی بە قازانجی هاوپەیمانیی هەستیاری ئێران و سوریا تێکدەدا. لە ٧ی نیسان ئوزال، سەرۆک کۆماری تورکیا وتی:

"ئێمە ناچارین ئەم خەڵکە (کوردەکان)لە ناو قەڵەمڕەوی عێراقدا بهێڵینەوە و ئاگامان لێیان بێت" (دەستەواژەی قەڵەمڕەوی عێراق دبێ سەرنجی پێبدرێت). جەیمز بەیکێر بوو بە خەمخۆری بەرژەوەندییەکانی تورکیا و بۆ ئەوەی کوردەکان تێبگەیەنێت ئەمریکا پشتیوانی لە شەڕەکەیان دژی دەوڵەتی عێراق ناکات، لە تورکیا رایگەیاند:

"وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نایەوێت بکەوێتە ناو لێژگەی گیرۆدەبوون بە شەڕی ناوخۆی عێراق"، مەبەستی ئەوە بوو کە بەهەرحاڵ دەوڵەتی درندەی سەدام حوسەین هێشتا دەسەڵاتی یاسایی عێراقە. دامەزراندنی ناوەندگەلی حەسانەوەی نێونەتەوەیی لە خاکی عێراق بێ رەزامەندی حکوومەتی عێراق ، زۆرترین دەستێوەردانێک بوو کە ئەمریکا دەیتوانی دژی یەکپارچەیی وڵاتێک بێکات کە لە ئاستی نێونەتەوەییدا بە فەرمی ناسرا بوو. پاساوی رێزگرتن لە یەکپارچەیی عێراق دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پرەنسیپە کە هاوپەیمانان تەنها بۆ ئازادکردنی کوێت ئەو شەڕە قورسەیانە کرد .

## ئەنجام

بە وتەی" گورێ ئاریە" هیچ نەتەوەیک لە سەدەی بیستەم بە قەد کورد نەبووە بە داردەستی هێزە ناوچەیی و جیهانییەکان. سیاسەتی دەرەوی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەنیسبەت کوردەکانی عێراق بابەتێکی گرنگە کە شرۆڤەی جیاجیا هەڵدەگرێت. دەستێوەردانی ئەمریکا لە کاروباری ناوخۆیی عێراق هەموو توخمەکانی سیاسەتی ماکیاوێلیستی[19] لەخۆ دەگرێت . تەشویقکردنی کوردەکان لە لایەن ئەمریکا بۆ درێژەپێدانی شەڕ ، دووجار هەموو دەرفەتەکانی لە ناو برد بۆ ئەوەی کوردەکان لە وڵاتی یەکپارچەی عێراقدا بە ئاشتی بژین.
ئیدارەی ئەمریکا هەردوو جارەکە (خولی ١٩٧٢-١٩٧٥ و خولی ١٩٩١) وەک ئامراز سەیری خەڵکی کوردی کرد، بێ لەبەرچاوگرتنی سەرجەم ئەو پرەنسیپە مرۆڤی و ئەخلاقیانە کە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە سەر بنەمای دامەزرابوو. لە ١٩٧٢-١٩٧٥ دا بە مەبەستی دڵنیابوون لەوەی کە ئەم ئۆپەراسیونە بێ هیچ رەخنە و پرۆتستۆیەک سەردەکەوێت، سەرۆک کۆماری ئەمریکا میکانیزمە چاودێریکارە ئاساییەکانی (کە بۆ ئۆپەراسیونێکی هەواڵگریی وەها پێویست بوو) پشتگوێ خست. ئاستی ئەم ئۆپەراسیونە لە رادەبەدەر نهێنی بوو. کۆنگرێس، وەزارەتی دەرەوە و تەنانەت باڵوێزی ئەمریکا لە عێراق ئەوەیان رەت دەکردەوە کە ئاگایان لەم پرۆژەیە هەبووبێت. سەرۆک کۆمار و وەزیری دەرەوە دڵنیا بوون لەوەی کە بە فەرمی هیچ زانیارییەک دەربارەی پرۆژەکە درزە ناکاتە دەرەوە. ئەم پلانە

---

[19] ماکیاوڵیزم رێبازێکی سیاسییە کە لە ناوی ماکیاوڵ، بیرمەندی ئیتالیایی (١٤٦٩-١٥٢٧) گیراوە و لە سەر ئەو باوەڕەیە کە مرۆڤ بۆ گەیشتن بە ئامانج دەبێ لە هەموو ئامرازێک کەڵک وەربگرێت وەک خیانەت، پەیمانشکێنی، درۆ، پیلانگێری و هتد. (وەرگێڕ)

ئاگای له سەرەنجامه گرنگ و جیدییەکەی خۆی هەبوو، پلانێک بوو که له رێگای رەوته جێکەوتووەکانی بریارپدانی ناو سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا نەخرابووه بەرباس و بریاری له سەر نەدرابوو.

هەروەها له سالی ١٩٩١ ئەمریکا نەیتوانی بەڵێنەکانی خۆی بەجێبێنێت. ورەدانی بوش به کوردەکان تەنها بۆ ئەوه بوو که تا ئاستێک بتوانن وەک نەیاری سەدام بمێننەوه نه بۆ ئەوه که ئەوەندە بەهێزبن که بتوانن عێراق دابەش بکەن. ئەم رووداوه نێونەتەوەییانەی دواییه، له خزمەت بەهێزتر کردنی سیاسەتی رئالیستی دەرەوەی ئەمریکادایه. راگرتنی هاوسەنگی دەسەڵات، بیری یەکەم و مەرجی سەرەکی ئەم سیاسەتەیه. بوش زۆر نیگەرانی ئەوه بوو که هەرچەند که دەبێ عێراق لاواز بکرێت بەڵام نابێت به تەواوی وەک وڵات تێکبچێت. لەناوچوونی عێراق هاوسەنگی هێزی له ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست و ناوچەکانی دەوروبەری تێکدەدا. ئەمریکا وا بیری دەکردەوه که مادام که هیچ کەس نییه جێگای سەدام بگرێتەوه که بتوانێت کورده راپەریوەکان له باکوور و موسڵمانه شیعەکان له باشوور (که پێیان باشتره بەشێک بن له ئێران) کونترۆڵ بکات، باشتر هەر ئەوەیه سەدام له سەر دەسەڵات بێت تا ئەوه که ئاڵۆزی به سەر عێراقدا زاڵ بێت و ناوچەکەش ناسەقامگیر بێت. ئەگەر کوردەکان ببن به بەشێک له دەرەوی عێراق یا کوردستانێکی سەربەخۆ دابمەزرێنن،هاوسەنگی لەمیژێنەی هێزەکان تێکدەچێت.

سەرلەشێواوی ئەمریکا بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەی عێراق و کوردەکان، گرتنه بەری رێگایەک به گوێرەی مافی مرۆڤی له ناو برد. ئەوەی که له پەیوەندی لەگەڵ مامەڵەکردن لەگەڵ هەر دوو مەسەلەکه (مەسەلەی عێراق و کوردەکان) روونه ئەوەیه که بارودۆخی ناوخۆیی و پەیوەندییه ناوخۆییەکانی هێزه جۆراوجۆره ناوچەییەکان له رۆژهەڵاتی ناوەراست به وردی حیسابی بۆ دەکرێت. به کورتی وڵاته یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرژەوەندی یەکلاییکەرەوەی له ناوچه هەیه که زۆر گرنگتره له مافی کەمینەکان و مافی مرۆڤی ئەتنیکەکان.

ڕێبەرایەتی کورد لە سەراسەری شۆڕشەکەیدا هیوادار بوو لە ڕێگای پشتیوانی دەرەکی بگات بە مافی نەتەوەیی خۆی و بەهەرحاڵ پەی بەوە نەدەبرد کە بە نوێنەرایەتی لە لایەن ولاتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانەکانی شەڕێکی بە وەکالەت دەکات. گوناهی بەشێک لەم سەرزەنشانە لە ئەستۆی نەبوونی دووربینی سیاسی نێونەتەوەیی لە نێو کوردەکانە. بێخەبەری ڕێبەرانی کورد، CIAو ئیدارەی ئەمریکای تەشویق کرد لە کێشەی ئاڵۆزی کورد کەڵک وەربگرن و پاشان وەک لەیزتوکێکی (ئامرازی کایە) بێ کەڵک بیانخەنە لاوە.

بۆ لاپەڕە ناخۆشەکەی دەستێوەردانی ئەمریکا لە کێشەی نێوان کوردەکان و عێراق دەبێ کێ سەرزەنش بکرێت: CIA یا ئیدارەی سەرۆک کۆمار و یا سیستمی ئەمریکا بە گشتی؟. بەهەرحال راستییەکی سەرسووڕهێنەر کە مرۆڤ دەتوانێت لەم ڕووداوە دڵساردکەرانە پەی پێببات ئەوەیە کە کوردەکان قەد فێری ئەوە نەبوونە خۆیان نەکەن بە داردەستی بەرژەوەندی زلهێزەکان و بەردەوام بە حوکمی ژئوپلوتیکەکەیان[20] بوونە بە قوربانی هەم ولاتە یەکگرتووەکان و هەم هاوپەیمانەکانی .

[20] ژئۆپلۆتیک بە واتای سیاسەتی جوگرافیاییە و مەبەست کاریگەری هەڵکەوتی جوگرافیایی لە سەر سیاسەتی ئەو ولاتەیە . (وەرگێڕ)

# بەشی یەکەم:

# بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستانی عێراق لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی وەزارەتی دەرەوەی  وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ساڵی ١٩٥٨ تا ١٩٧٢

1958 ـ ١٩٦٠ ، بەرگی XII ، لاپەڕەی ٣٤٤-٣٤٦)[٢١]

**138ـ تیلیگرام (بروسکە) لە باڵوێزخانەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە عێراق بۆ وەزارەتی دەرەوە**

**بەغداد ـ ١٤ ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٨ ، کاتژمێر ٧ ی سەرلەبەیانی نهێنی**

**بابەت: بارودۆخی عێراق و مەسەلەی کورد**

1312 : ئێستا ٣ مانگ تێپەڕ بووە بەسەر ئەو کودیتایە کە سەرتیپ "قاسم"ی هێنایە سەر دەسەڵات. لەم قۆناخەدا لەوانەیە سوودمەند بێت هەندێ لە لایەنەکانی بارودۆخی ئێستا شرۆڤە بکەین و هەڵیبسەنگێنین و هەوڵ بدەین پێشبینی بکەین کە لە مانگەکانی داهاتوو چی روو دەدات .

1ـ هێزە چەکدارەکان هێشتا لە باڵوێزخانە مۆڵیان داوە و چاودێری دەکەن بەسەر لیژنە بیانیەکانی دیکەدا، هەرچەند کە ئێستا ژمارەیان کەمتر بووە . هێشتا هەروەک کاربەدەستانی ئەمریکایی، سەردانکەرە دیپلوماتیک و تاکەکەسییەکان کێشەیان بۆ ساز دەکرێت لە دەروازەی باڵۆێزخانە، تەنانەت چەند رۆژ لەمەوبەر پێشیان بە هاتنە ژورەوەی خۆم گرت (پێش ئەوەی خۆم بناسێنم) هەرچەند کە لە ئۆتۆمبیلی رەسمیدا بووم کە ئاڵای بەسەرەوە بوو. ئیدارەی باڵوێزخانە لە تەموز، ئاب و ئەیلوول تەنها بەناو بوونی هەبوو و هێشتا ئێستاش کۆمەڵێک کەندوکۆسپی نامەعقولمان بۆ دروست دەکرێت. حکوومەتی عێراق هێشتا رێگە بە ئێمە نادات ئازادانە هاتوچۆی ئۆفیسەکانی USIS بکەین.

---

[٢١] سەرچاوە: وەزارەتی دەرەوە، فایلە ناوەندییەکان، ١٤٥٨ ـ ١٠/٠٠ . ٧٨٧ ، نهێنی، کراوە بە دوبەش و ناردراوە بۆ عەمان، ئانکارا، بەیروت، قاهیرە، دیمەشق، جەددە، کەراچی، لەندەن، تاران و تلابیب.

2ـ چاپەمەنی و رادیۆکانی عێراق بەردەوام هێرش دەکەنە سەر وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و سیاسەتەکانی رابردوو و سیاسەتە فەرمییەکانی ئێستای و نفرین لە کردەوەکانی ئێمە وەک کردەوەگەلی ئیمپریالیزتی دەکەن و هەمیشە ئەم کردەوانە پەیوەندی دەدرێت بە ئیمپریالیزمی بریتانیاوە. ئەو دەستەواژانەی کە لەم هێرشانەدا کەڵکی لێوەردەگیردرێت هەمان دەستەواژەکانی "موسکۆ"ن. خەڵک بە گشتی زۆرتر لەگەڵ ئەم ئاگری نەفرەتەدا دەکەون لە رێگای دادگاییکردنی کاربەدەستانی مەدەنی و سەربازی دەوڵەتەکانی پێشوو. ئەم دادگاییکردنانە لە لایەن رادیۆ و تەلەیوزیون و چاپەمەنیەکانەوە بۆ خەڵک بڵاو دەکرێتەوە. بۆ ئێمە کە لە باڵوێزخانەداین زۆر ناخۆشە کە دەبینین دۆستە فەرمییەکانی پێشوومان و پشتیوانە چالاکەکانی جیهانی ئازاد لە لایەن دادوەرێکی سەربازییەوە (کە وەک دادستین سەیری خۆیشی دەکات) دادگایی دەکرین.

3ـ ئێمە لە لایەن چەند سەرچاوەیەکەوە ئاگادار کراینەوە کە گلەو گازندە لە نێو دوکانـدارەکان و بە تایبەت کرێکاران بەردەوام زیاد دەبێت. ئەو بەڵێنانە کە بە هەراوهوریا و بە شێوازێکی بەرفراوان لە رۆژانی سەرەتای کودیتا دەربارەی ژیانێکی باشتر و ئازادتر دەدرا بە خەڵک بە هیچ شێوەیەک جێبەجێ نەکراوە. ئەمە هۆکاری سەرەکی زیادبوونی نارەزایەتی خەڵکە .

4ـ دەوڵەتی ئێستای عێراق چ جۆرە دەوڵەتێکە؟ بە گوێرەی دوایین لێکدانەوەکان ئەو دەوڵەتەی کە پاش ٣ مانگ لە کودیتا ئێستا لە عێراقدا هەیە لە هیچکام لە دەوڵەتەکانی رۆژئاوا ناچێت. وەزیرانی کابینە، هەرکام بۆ خۆیان بەرێوەبەرایەتی دەکەن و رێسا و رێوشوێن دادەنێن. چەند جار کابینە بە گشتی کۆمەڵێک یاسای پەسەند کردووە بەڵام تا ئەمڕۆ جێبەجێ نەکراوە و تەنها لە سەر کاغەز ماوەتەوە. ناوەرۆکی ئەم یاسانە ـ کە گەلێکیان بەپەلە ئامادە کراون و ئیمکانی جێبەجێکردنیان کەمە ـ پێویستی بە روونکردنەوەی بەردەوام هەیە ( وەک یاسای کونترۆڵکردنی کرێ و بەهای کرێکاری و بەرهەمی شەریکی). تەنانەت لە هەفتەکانی سەرەتای کودیتاوە ژیانی ئاسایی خەڵک تێکچووە لە بەرئەوەی پسپۆرەکانی ئەم بوارانە ئیدی خزمەتی

خەڵک ناکەن و ئەو کەسانەی کە ئێستا لە شوێنی ئەوان کار دەکەن توانایەکی ئەوتۆیان نییە. سەرەڕای کۆبوونە رۆژانەکانی کابینە، هیچ بەرنامەیەکی هاوئاهەنگی دەوڵەتی لە هیچ بوارێکدا نییە، نازانین چتی وا چۆن دەبێت؟ هەرچەند کە کۆمەڵێک کەس لە نێو کابینەدا هەن کە ئەزموونی پێشوویان هەیە بەڵام ئەم دەوڵەتە بەداخەوە پیاوی بەئەزموونی تێدا نییە کە بتوانێ کاری هەستیاری بەڕێوەبردنی دەوڵەت رابەڕێنێت.

ئەم کەموکورییە بە تایبەت لە بەشی ئابووریدا بەرچاوە. ئەو کەسانەی کە پۆستەکانی کابینەیان بەدەستەوەیە تا ئەمرۆش هیچ بەرنامەیەکی رێونوێنکردنیان بە دەستەوە نییە، جگە لە بەیاننامە بەردەوام دووپاتبووەکانی سیاسەتی گشتی سەرۆک وەزیرە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق نەبێت دەربارەی ئەوەی کە عێراق سەربەخۆیە، عێراق دەیەوێت ئاستی ژیانی خەڵک بەرز بکاتەوە، عێراق دەیەوێت دۆستی هەموو ئەو دەوڵەتانە بێت (چ دەوڵەتانی رۆژهەڵات و چ رۆژئاوا) کە دەیانەوێت دۆستی عێراق بن و پێش لە هەموو شتێک عێراق دەیەوێت هاوکاریی نزیکی هەبێت لەگەڵ دەوڵەتانی دیکەی عەرەب.

5ـ ئابووری وڵات هەروا راوەستاوە، زۆرتر بە هۆی ئەوەی کە ئەو بەرنامە پێشکەوتنە ئابوورییانە کە پێشتر تەشویق دەکران ئێستا راوەستاون. هەوڵە هێواشەکانی دەوڵەت بۆ بەڕێوەبردنی ئابووری وڵات، بووەتە هۆی ناڕازیبوونی بازرگانەکان.

6ـ هەرچەند کە کودیتا زۆرتر لە لایەن گرووپێکی زۆر بچووکی پیلانگێڕەوە جێبەجێ کراوە، ناکۆکی لە نێوان کودیتاچییەکان زوو پەرەی سەندووە. ناکۆکی لە نێو سوپا و هەروەها هەندێ لە کاربەدەستانی مەدەنی تایبەتی رژێم بەم زووانە سەرهەڵدەدات. ئێستا قاسم جارێ لە ترووپکدایە. عارف کە کەسایەتی دووەمی پیلانگێڕییەکەی ١٤ ی تەموز بوو، لە پۆستی سەربازی و سیاسی بێبەش کراوە و لە ١٢ ی تشرینی یەکەم عێراقی بەجێهێشتووە بۆ ئەوەی ببێ بە باڵوێزی عێراق لە "بۆن". ئەندامانی بە ناوبانگی بەعس لە کابینە دەرکراون یان پۆستەکەیان کەم کراوەتەوە، هەروەک چۆن عارف دەسەڵاتی کەم کراوەتەوە. کەوابوو گرنگترین کەسایەتیەکانی حکوومەت کە لە

پێناو یەکگرتن لەگەڵUAR (کۆماری یەکگرتووی عەرەبی میسر) کار دەکەن یا لانیکەم لە پێناو هاوکاری زۆر نزیک لەگەڵ ناسر (مەبەستی جمال عبدالناسرە- وەرگێر) کار دەکەن لە سەر پۆستە گرنگە دەوڵەتییەکان لابراون. ئەو گروپە کە وادیارە لە ئێستادا کاریگەریان لەسەر "قاسم" هەیە، ئەندامانی "حیزبی دیموکراتی نیشتمانی" بە رێبەرایەتی "کەماڵ چادرچی[٢٢]" و "محمد حەدید[٢٣]"ن. ئەم گروپە بەداخەوە ئاگاداری ئەو مەترسیە یەکجار زۆرەی زاڵبوونی کومونیزم بەسەر عێراقدا نین.

بە بیروبۆچوونی ئێمە قاسم دژی شیوعییەکانە و لەوانەیە هەوڵێکی راستەقینە بدات بۆ کونترۆڵکردنی شیوعییەکان. بە پێی ئەو راپۆرتانەی کە گەیشتووە بە دەستی ئێمە لە لایەن هاوکارە دیپلۆماتیکەکانمان و ئەو راپۆرتانەی کە لە سەرچاوە عێراقیەکان دزەی کردووە، شیوعیەکان دەورێکی گرنگیان گێراوە لە لەسەر دەسەڵات لابردنی عارف و وەزیرە بەعسیەکان. ئەمڕۆ شیوعییەکان ئەوەندە کاریگەری و دەستڕۆیشتوویان نییە لە نێو رژێمدا. بەهەرحاڵ بە لاوازبوونی کاریگەری بەعسیەکان، بێگومان شیوعیەکان کەشوهەوای زۆرتریان بۆ جموجۆڵ بۆ دەڕەخسێت.

شیوعییەکان هەروەها لە رێگای رێبەری (لە سۆڤیەت) گەڕاوەی کورد، مەلا مستەفا بارزانی بەرگی بەرەندەیەکی دیکەشیان هەیە. مەلا مستەفا ئەم ١١ ساڵە دواییەی لە دوورە وڵاتی لە یەکێتی سۆڤیەت تێپەر کردووە. مەلا مستەفا لە نێو زۆربەی کوردەکانی عێراق زۆر خۆشەویستە و توانایەکی بێ پایانی هەیە بۆ تێکدانی سەقامگیری عێراق . کەوابوو بە بیروبۆچۆنی ئێمە ئەمڕۆ گەورەترین هەڕەشە بۆ سەقامگیری عێراق و تەنانەت خودی رژێمی قاسمیش، شیوعیەکانن .

7ـ ئەمڕۆ پاش ٣ مانگ لە کودیتا، رژێمی قاسم بە هیچ شێوازێک روبەڕوی هیچ دەستدرێژییەک نەبووەتەوە. کۆمەڵێک گوشاری بەهێز لە نێو و لە دەرەوەی رژێم لە سەر رژێمی قاسم هەیە بەڵام هیچ ناکۆکی و گرژییەکی چڕوپڕ لە ئارادا نییە. ئەم

---

[٢٢] Kamal Chaderchi

[٢٣] Mohammed Hadid

چەند هەفتەیە کە ئێستا تێیداین (و لەوانەیە ببێ بە چەند مانگ) بارودۆخەکە روون و سەقامگیر نییە. بەدڵنیاییەوە هەفتەکانی داهاتوو هەستیار دەبێت. سەقامگیری زۆرتر پەیوەندی بە توانایی قاسمەوە هەیە بۆ ئەوەی لە بەرامبەر ئەو گوشارانەی کە دەخرێتە سەری رابوەستێت و وڵات بگەڕێنێتەوە بۆ دۆخی ئاسایی جاران .

8ـ رژیمی قاسم تا ئێستا (بە ئەنقەست یان بە سەهو) کۆمەڵێک کردەوەی خراپکارانەی ئەنجام داوە. بەبۆچوونی ئێمە هەندێ لەو کەسانەی کە بە دەورووبەری (قاسمدا)ن، سەرەنجام دەرک بەوە دەکەن کە رێگای سادەتر بۆ ئەوان ئەوەیە کە لە باتی ئەوەی دەوڵەت بەڕێوەببەن، بۆ کودیتا کار بکەن و دەوڵەت لە یەک هەڵبوەشێننەوە. بە گوێرەی بینین و ئەزموونی تاکەکەسی خۆم لە ماوەی ٤ ساڵی رابردوودا لە عێراق دەڵێم بە کوژرانی" نوری" ـ کە هەندێ جار لە ئاستی مەسایلی ناوخۆیی وڵات بیرتەسک و دەمارگرژ بوو ـ عێراق باشترین رێبەری خۆی کردە قوربانی کە بەهێزترین رێگربوو لە بەرامبەر گەڕانەوەی بێ سەرەوبەرەیی (ئەگەر نەڵێن وەحشیگەری) و دەیتوانی عێراق بەرەبەرە بەرەو ژیانێکی شیاو و باش ببات. ژمارەیەک لە کەسایەتییە زیرەک و بلیمەتەکانی عێراق لەم چەند رۆژەی دواییە پێمیانوت لە ماوەی ١٠ ساڵی داهاتوودا مونومینتێک لە بەغداد بۆ "نوری" دروست دەکرێت. هیوادارم ئەمە راست بێت ( و لەراستیدا لە سەر ئەو باوەڕەم کە هەرواش دەبێت).

**گاڵمەن**[٢٤]

---

٢٤ GALLMAN

**1958- ١٩٦٠ ، بەرگی XII ، لاپەڕەی ٤٦٠– ٤٦٣)٢٥**
**کۆبوونەوەی کومیتەی تایبەت دەربارەی ساڵیادی کودیتای قاسم**
**واشنگتۆن، ١ ی حوزەیرانی ١٩٥٩ ـ کاتژمێر ١١ ی پێش نیوەڕۆ**
**بەتەواوی نهێنی**

**بەشداربووان:**

یارمەتیدەری جێگری وەزیری دەرەوە، بەڕێز ویلیام رۆنتری (سەرۆکی کۆبوونەوە)

بەڕێز پارکیر ت هارت، جێگری یارمەتیدەری وەزیری دەرەوە

بەڕێز ستوارت راکویل، بەرپرسی ئیدارەی کاروباری رۆژهەڵاتی نزیک لە وەزارەتی دەرەوە

بەڕێز هارسیون سیمس، یارمەتیدەری تایبەتی بەڕێز رۆنتری

یارمەتیدەری وەزیری بەرگری، بەڕێز هایدین ویلیامز

دوکتۆر لینفۆرد ئا لاردنێر، ISA، وەزارەتی دەرەوە

کولونیل بوتلێر ـ (USAF) JCS

نوێنەریCIA

بەڕێز ویلیام ج هاندلی ، لە لایەن NEA ، USIA

بەڕێز فیلیپ ج هالا، کارمەندیNSC (ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی)

لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا بەڕێز "رۆنتری" وتی کە باشتر ئەوەیە گروپ بەردەوام لە رۆژانی دوشەممە، کاتژمێر ١١ کۆبوونەوە بگریت و ئاماژەی بەوە کرد کە لەوانەیە هەموومان راپۆرتی تیلگرافی گفتوگۆی باڵوێزی ئەمریکا لە عێراق،

[25] سەرچاوە: کتێبخانەی ئایزنهاوێر، فایلەکانی ئیدارەی کۆشکی سپی، پرۆژەی پاککراوە، رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتەواوی نهێنی

بەڕێز (جیرنیگان)مـان دیتبێـت کە دوابەدوای گەڕانەوەی لە راوێژەکـانی لە واشـنگتۆن لەگەڵ قاسم ئەنجامی داوە. بەڕێز "رۆنتری" وای بۆدەچوو کە بـاڵوێز "جیرنیگـان[٢٦]" لە ئەنجامی باس و قسەی دوایی لەگەڵ ڕێبەری عێـراق، نە دڵخـۆش بـووە و نە دڵسـارد. یارمەتیدەری وەزیری دەرەوە واهەستی دەکرد کە نیشانەیەکی ئەوتۆ لە دەسـتدا نیـیە دەربارەی باشـتربوونی بـارودۆخەکە، بە تـایبەت بە نیسـبەت شـیوعیەکان. بەهەرحـاڵ هیچ نیشانەیەک لە دەستدا نییە دەربارەی ئەوەی کە قاسم هێزی دژەشیوعی دروسـت کردبێـت بەڵام یەکـێ لە راسـتیە دڵخۆشـکەرەکان ئەوەیە کە قاسـم بڕیـاری داوە هێزەکـانی "بەرخـۆدانی گەل" چەکـدار نەکـات. لانـیکەم مـرۆڤ دەتوانێـت بڵێـت بارودۆخەکە لەمە خراپتر نابێت.

بەڕێز روندتری درێژەی بە قسەکانی دا و وتی دوایین رووداو لەم پەیوەنـدییەدا ئەوەیە کە عێراق بڕیاریداوە رێککەوتننامەی یارمەتی سەربازی و کڕینی پێداویسـتی سـەربازی لە ئەمریکـا هەڵبوەشـێنێتەوە. ئەم هەڵوەشـاندنەوەیە لە رێگـای یادداشـتێکی دیپلوماتیـک بە ئـێمە راگەیانـدراوە کە بـۆ خـۆی داهێنـانێکە، هەر چەنـد کە ئەم یادداشتە ماوەیەکی کورت پـێش ئەوەی کە چاپەمەنییەکـان بـڵاوی بـکەنەوە، تەسلیم بە ئێمە کراوە[٢٧].

وەزارەتی دەرەوە دڵنیـا نییە کە"رێککەوتننـامەی یـارمەتی ئـابووری"ی ٢٣ی تەمـوزی ١٩٥٧ چیـیە کە عێـراق هەڵیوەشـاندووەتەوە. بەڕێـز "راکویـل" وتـی لەوانەیە ئەم رێککەوتننامەیە پەیوەندی بەو رێککەوتننامە پولیسـییەوە هەبێـت کە لە لایەن لێـژنەی "ریچارد"ەوە واژۆ کراوە. تیلگیرافـی ژمـارە ٣٤٣٩ی باڵوێزخـانەی وڵاتە یەککگرتوەکـانی ئەمریکـا لە بەغـداد لە ٢٩ی مـایس - کە کـۆپییەکی هـاوپێچ کـراوە دەڵێـت ئەم رێککەوتننـامەیە، رێککەوتنـامەی (Telecommunication) -ە کە لە پەیوەندی لەگەڵ پەیماننامەی بەغداد واژۆ کراوە .

---

[٢٦] Jernegan

[٢٧] دەوڵەتی عێراق سەرلەبەیانی رۆژی ٢٩ی مایس ئەم یادداشتەی تەسلیم کردووە بە باڵوێزخانەی وڵاتە یەککگرتووەکانی ئامریکا لە عێراق.

نوێنەری بەڕێز "ڕۆنتری"، بەڕێز "پارکێر هارت" دەربارەی دوایین سەفەری خۆی بۆ ناوچه راپۆرتی دا و وتی مەبەستی سەرەکی ئەو لەم سەردانه ئەوه بووه که بارودۆخی عێراق لەگەڵ کاربەدەستانی تورکیا ( لەسەر داوای خۆیان) تاوتوێ بکات. بەڕێز "پارکێر" کونفرانسێکی درێژی گرتبوو له هوتێل "هیلتۆن" له ئیستانبول لەگەڵ وەزیرەی دەرەوی تورکیا، "زۆرلوو" و چەند کەسی دیکه له کاربەدەستانی تورکیا، لەوانه باڵوێزی پێشووی تورکیا له سوریا که پێشتر له دیمەشق له گەڵی ئاشنا بووه و ناسیویەتی. بەڕێز "هارت" وەک کەسایەتییەکی زۆر بەهێز سەیری ئەم پیاوه دەکات که ئێستا راوێژکاری "زۆرلوو"-ه له کاروباری رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا. قسه و باسەکه نیشان دەدات لەوانەیه "زۆرلوو" روانگەکانی خۆی به نیسبەت ناسیونالیزمی عەرەب تۆزێ گۆڕی بێت.

ئێستا وادیاره "زۆرلوو" له سەر ئەو باوەڕەیه که مەسەله مەسەلەی نێوان سەربەخۆیی و کومونیزمه له عێراق. له هەمان کاتدا "زۆرلوو" هیوادارە ئێمه یارمەتی نەدەین به زیندووبوونەوەی دەسترۆیشتوویی ناسر له عێراق. له میانەی قسەوباسەکاندا، "زۆرلوو" ئارام بوو و گوێی گرتبوو. له نێوان مەسەلەکانی دیکەدا، وەزیری دەرەوەی تورکیا رەزامەندی خۆی دەربری لەگەڵ پێشنیاری ئێمه دەربارەی ئەوەی که تورکەکان پەره به یارمەتیدانی سەربازی به ئاکادیمیای سەربازی ئەفغانستان بدەن .

هەڵویستی "زۆرلوو" به نیسبەت کوردەکان ئەوە بوو که کوردەکان به هۆی ململانییه کۆنەکان هیلاک بوونه و هەمیشه له نێوان خۆیاندا ناکۆکن. تورکەکان چالاکی کوردەکان له ئێستا به باش نازانن و لەم پەیوەندییەدا قاسمیان ئاگادار کردووەتەوە. بەهەرحاڵ "زۆرلوو" دەیوت کوردەکان فاکتورێکن که دەبێ جارێک رایانبگرێت بۆ ئەوەی له داهاتوودا کەڵکیان لێوەربگرێت ئەگەر هاتوو بارودۆخی عێراق خراپتر بوو. بەڕێز "هارت" ئاماژەی به کۆبوونەوەکەی کرد له ئێران لەگەڵ ژنەراڵ "پاکلەوان" (پاکرەوان دروسته - وەرگێڕ)، نوێنەری سەرەکیSAVAK (رێکخراوی هەواڵگری و ئاسایشی وڵاتی ئێران- وەرگێڕ) و پەی بەوه بردووه که پاکرەوان زۆر

شارەزای کاروباری عێراقە و هەڵویستی گشتی ئێران بە نیسبەت عێراق لە هەڵویستی لوبنان و تورکیا باشترە. وادیارە کە ژنراڵ "پاکرەوان" سەرچاوەی هەواڵگری جۆراوجۆری هەیە لە عێراق کە بە بۆچوونی بەڕێز" هارت" ئەم سەرچاوەیە لە نێو کۆمەڵگای مسڵمانە شیعەکانی عێراقدایە. بە باوەڕی "پاکرەوان" هێزێکی گەورە لە نێو سوپای عێراق دروست بووە کە خۆی ئامادە دەکات بۆ ئەوەی لە کاتی پێویستدا دژی شیوعیەکان چالاکی بکات. بەڕێز "هارت" هەروەها رایگەیاند کە ئێرانیەکان هەوڵیانداوە پشتی کوردەکان بگرن و لە داهاتوودا کەڵکیان لێوەربگرن .

لە وەڵامی پرسیارێکی مندا دەربارەی ئەوەی کە ئایا هێشتا هیچ جیاوازێکی بیروڕا هەیە لە نێوان "زۆرلوو" و سەرۆک وەزیرانی تورکیا، "عەدنان مەندەرەس" دەربارەی عێراق، بەڕێز "رۆنتری" وتی قسەی کردووە لەگەڵ "زۆرلوو" کاتێک کە"زۆرلوو" هەفتەی پێش لێرە بووە بۆ بەشداریکردن لە رێوەرەسمی بە خاک سپاردنی "دول"، وەزیری دەرەوی ئەمریکا.

بەڕێز "رونتری" بۆچوونەکانی بەڕێز "هارت"ی پشتڕاست کردەوە و جەختی لە سەر ئەوە کردەوە کە "زۆرلوو" لە ناسر بێزارە و هەست دەکات ئێمە نابێت رێبەری میسر بەهێز بکەین و وای بۆدەچێت کە لەوانەیە بارودۆخی عێراق بەخێرایی بەرەو خراپی بچێت. "زۆرلوو" دەیویست ئێمە دەست بکەین بۆ دانانی پلانێکی هاوبەش بۆ روبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەگەرەکانی عێراق. بەڕێز"رۆنتری" هێشتا وابیر دەکاتەوە کە ئەم مەسەلەیە زۆر مەترسیدار دەبێت و وتی بە وردی سەیری ئەم داواکارییەی تورکیا دەکات. یارمەتیدەری وەزیر وا هەست دەکات کە ئێمە دەبێ درێژە بدەین بە ئاڵوگۆڕی زانیاری بەڵام لەم قۆناخەدا لەمە زیاتر لەگەڵ تورکەکان نەچینە پێش.

پاشان بەڕێز "رۆنتری" لە بەڕێز "راکویل" دەربارەی بیروبۆچوونەکانی پرسیاری کرد. بەرێوەبەری کاروباری رۆژهەڵاتی نزیک، بەڕێز "راکویل" وتی بە بۆچوونی ئەو،

بارودۆخەکە بە نیسبەت ئەو کاتەی کە دوایین کۆبوونەوەی گروپ گیراوە تۆزێک باشتر بووە [28].

کاتێک کە بە نیسبەت بۆچوونەکانی پرسیاری لێکرا، بەڕێز "رۆنتری" وتی بارودۆخەکە باشتر بووە هەرچەند کە رووداوەکانی ئەم دواییانە خۆی لە خۆیدا شتێکی وا ناسەلمێنێت. "رۆنتری" وتی قاسم قەسدونیازە راستەقینەکانی خۆی ئاشکرا نەکردووە بەڵام ئێستا هەندێ دەنگۆ وشایعە هەیە کە قاسم دەیەوێت یەکێ یان هەر دو برایانی "تاهیر" (کە لایەنگری شیوعیەکانن) لە سەر دەسەڵات لاببات یا سەرتیپ "مەهدەوی" لە سەرۆکایەتی دادگای سەربازی لاببات. بەڕێز "هەندلی" لە بەڕێز "رۆنتری" سەبارەت بە بیروڕای وەزارەتی دەرەوە بە نیسبەت پێشنیارەکەی بەڕێز "جیرنیگان"، باڵوێزی ئەمریکا لە بەغداد پرسیاری کرد بۆ ئەوەی ئێمە نوێنەرێک بنێرین بۆ جەژنی شۆڕشی ١٤ ی تەموز. بەڕێز "رۆنتری" لەوەڵامدا وتی ئەگەر بانگهێشت بکرێین، ئێمەش بەشداری دەکەین بەڵام ئەگەر سۆڤیەت بانگهێشت بکرێت و ئەمریکا بانگهێشت نەکرێت زۆر گرنگ دەبێت.

بەڕێز "هەندلی" پاشان بە منی وت باڵوێز جیرنیگان پێشنیاری کردووە کە کەسێک وەک دوکتۆر ئیلسۆن لە"کلیسای نیشتمانی قەشەکانی پروتیستان" ببێ بە نوێنەری وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لەم جەژنەدا، هەرچەند کە هێشتا باسی ئەم مەسەلەیەی نەکردووە لە گەڵ بەڕێز "جۆرج ئالێن". بەڕێز "هەندلی" وتی دیاریکردنی نوینەر بەم جۆرە شیاو نیە و لە راستیدا سەرسامی دەربڕی کە ئایا ئێمە قەد دەبێ نوێنەرێکی تایبەت بنێرین بۆ ئەم جەژنە. من وتم لەوانەیە باشتر بێت نوێنەرێکی ناسراوی

[28] لە کۆبوونەوەی ٤٠٨ ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی لە ٢٨ ی مایس، "ئالین دولز" لەسەر کاریگەری پێشهاتە گرنگەکانی جیهان لەسەر ئاسایشی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کۆمەڵێک هێڵی هاوشێوەی بۆ ئەنجوومەن خستووەتە روو و ئاماژەی بەوە کردووە کە وادیارە "قاسم " دژی کومونیستە و بەپارێزەوە بەریانی بەرەولای رۆژئاوا هەیە. "دولز" هەروەها وتوویەتی کە هێشتا زۆر زووە بۆ دۆزینەوەی هەرچەشنە بەریانێکی روون لە "قاسم"دا (یادداشتنامەی گفتوگۆکان لەلایەن "گلیسۆن"ەوە، ٢٨ ی مایس، کتێبخانەی ئایزینهاوێر، فایلی ، تۆمارکراوەکانیNSC )

سەربازی بنێرین بۆ بەشداریکردن لەم جەژنەی رژیمی ئێستای عێراق، هەرچەند کە ئەڵبەتە دوکتور "ئیلسۆن" بە هۆی بەرژەوەندییەکانی لە کاروباری رۆژهەڵاتی نزیک بەناوبانگە.

بەڕێز "هیدن ویلیامز" بیروڕایەکی ئەوتۆی نەبوو و راپۆرتەکەی بەڕێز "رۆنتری" سەرنجڕاکێش و سودمەند وەسف کرد. "هیدن ویلیامز" لەگەڵ ئەوەدا بوو هەموو هەفتەیەک بەردەوام کۆبوونەوە بگیردرێت و زانیاری سودمەند بەدەست بخرێت بۆ دیاریکردنی پرەنسیپەکانی"ئەنجوومەن" بۆ قسەوباس لە سەر ئەوەی کە ئایا دەبێ راپۆرتێک ئامادە بکرێت و ئەگەر ئامادە بکرێت ناوەرۆکەکەی چی بێت. بەڕێز" ویلیامز" لایەنگری قسەوباسی گروپی بوو بۆ دیاری کردنی ناوەرۆکی راپۆرتەکە و وای بۆ دەچوو کە باشتر ئەوەیە لیستێک لەو کردەوانە (کە ئەنجام دراوە) بۆ ئەنجوومەن ئامادە بکرێت. بەڕێز "رۆنتری" بە گشتی لەگەڵ ئەم بیروڕایە بوو و ئاماژەی بەوە کرد کە گروپ رێکوپێک و بەردەوام کۆبوونەوە بگرێت.

من پرسیارم کرد ئایا کۆمیتە ئەم هەفتەیە راپۆرت دەدات یا نا؟ بەڕێز"رۆنتری" وتی بە گوێرەی هێڵەکانی راپۆرتی پێشوو راپۆرت ئامادە دەکرێت. بەڕێز "هەندلی" وتی USIAله سەر داوای عێراق، کتێبخانەی گەڕۆک لە رێگای UNESCO دروست دەکات و پرسیاری لە بەڕێز "رۆنتری" کرد کە روانگەت چییە بە نیسبەت ئەم سیاسەتە. بەڕێز"رۆنتری" لە وەڵامدا وتی لەگەڵ ئەم بیرۆکەیەدایە، هەرچەند کە پێیوانیە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە رێگای ئەم چالاکیانەوە خۆشەویستی خەڵک بەدەستبهێنێت. کاتێ کە پرسیاری وردەکارییەکانی ئەم مەسەلەیەی لێکرا، بەڕێز "هەندلی" وەڵامی دایەوە باشتر وایە USIA لە گەڵ ICA کار بکات و پەیوەندی هەبێت لە گەڵ بەشی پەیوەندییەکانی UNESCO لە وەزارەتی دەرەوە چونکە دروستکردنی ئەم کتێبخانە گەڕۆکانە خەرجی زۆری دەوێت. USIA دەتوانێت کتێبەکانی ئەم کتێبخانانە دابین بکات .

بەڕێز "لاردنێر" لە وەزارەتی بەرگری ئاماژەی بە کێشەی کاریگەرییە تایبەتەکانی هەڵوەشاندنەوەی رێککەوتننامەکانی یارمەتی سەربازی ئەمریکا بە عێراق کرد. ئەو

پرسیاره هاتەگۆڕێ که دەبێت هەوڵ بەدەین چی بکەین لەو کەرەسته (سەربازییانەی) که پێشتر داومانه به عێراق. باسی ئەوه کرا که ئێمه ٥ فڕۆکەی ٨٦ ـ F و ١٣ "هاوەنی ٨"مان داوه به عێراق که بەشێکن لەو کەرەستانەی که عێراق پێویستی پێیه بۆ هێزەکانی. بەڕێز "بوتلێر" وتی ئەم فڕۆکانه ناتوانن بفڕن له بەر ئەوەی هەندێ له پێداویستییەکانیان گەڕێندراونەته بۆ ئەمریکا بەڵام ئەم چەکانه کار دەکەن ئەگەر پاک و خاوێن بکرێنەوه . بەڕێز "ڕۆنتری" و بەڕێز "راکویل" له سەر ئەوه هاوڕا بوون که ئەمه کێشەیەکه که دەبێ لەگەڵ حکومەتی عێراق تاوتوێی بکەن. بەڕێز "راکویل" ئاماژەی بەوه کرد که له نێو ڕێککەوتنامەکەدا شەرت و مەرجێکی یەک ساڵه دانراوه بۆ هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنامەکە، بەڵام لەوه دڵنیا نەبوو که ئەمریکا بتوانێ کارێکی ئەوتۆ بکات ئەگەر عێراق به شێوازی یەکلایەنانه ڕێککەوتننامەکە هەڵبوەشێنێتەوه.

## یادداشتنامەی پێداچوونەوه

له دانیشتنی ٤١٤هەمینی "ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی" له ٢٣ی تەموز، بەرپرسی CIA بەڕێز" ئالێن دولز" وەک بەشێک له بەرنامەکەی خۆی له ژێر ناوی "کاریگەرییەکانی پێشهاته گرنگەکانی جیهان له سەر ئاسایشی وڵاته یەکگرتوەکانی ئەمریکا" دەربارەی بێ سەرەوبەرەیی له عێراق ئەنجوومەنی ئاگادار کردەوه.

ئەمه خاڵه سەرەکیەکانی وتەکانی بەڕێز"ئالێن دولز"ه:

بەڕێز "دولز" عێراقی وەک وڵاتێکی پڕکێشه وەسف کرد و وتی عێراق هێشتا کێشەی زۆری هەیه. وادیاره ڕاپەڕینی کەرکووک زۆر خێراتر لەوەی که چاپەمەنیەکانی خۆمان و میسر نیشانیان داوه، کپ کراوەتەوه. بەهەرحاڵ هێشتا هیچ کەس نازانێت ئەم ڕاپەڕینه چۆن و بۆچی دەستی پێکردووه. له لایەکی دیکەوه، لەوانەیه ڕاپەڕینی زۆرتر ڕوو بدات له داهاتوودا. قاسم هەموو ئەو لایەنانەی شەرمەزار کردووه که دەستیان لەم ڕاپەڕینانەدا هەبووه و بەتایبەت ئاماژەی به شیوعیەکان کردووه .

قاسم بانگهێشت کراوە بۆ موسکۆ بۆ سەردانێکی حکوومی و راپۆرت دراوە کە ئەم بانگهێشتەی قبوڵ کردووە بەڵام بەهەرحاڵ هیچ کاتێکی دیاری نەکردووە بۆ ئەم سەردانە. لە پەیوەندی لەگەڵ ئاژاوەکانی کەرکووک، سەرۆکی ئەنجوومەن دەربارەی ناکۆکیە ئەتنییەکانی نێوان کوردەکان و تورکمانەکان لە بەڕێز "دولز" پرسیاری کرد. بەڕێز "دولز" لە وەڵامدا وتی ئەمانە کۆمەڵێک عەشیرەتی جیاوازن و زمانی جیاوازیان هەیە و بە بۆچوونی ئەو (بەڕێز دولز) لە رووی ئەتنیکیەوە بەتەواوی جیاوازن. بەڕێز "دولز" وتی لێکۆڵینەوەیەکی دوورودرێژی دەربارەی کوردەکان تەواو کردووە و دەتوانێ لەم پەیوەندیەدا زانیاری زۆرتر بدات بە سەرۆکی ئەنجوومەن .

**فیلیپ ج هالا**

1961- ١٩٦٣ بەرگی XVIII ، لاپەرەی ١١٧ - ١١٦)[٢٩]

**49- تیلگرام (بروسکە) لە باڵوێزخانەی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە عێراق بۆ وەزارەتی دەرەوە**

**بەغداد - ٢٠ ی ئەیلوولی ١٩٦٢ ، نیوەڕۆ**

**نهێنی**

150: کاربەدەستێکی پارتی دیموکراتی کوردستان (PDK) - کە بەرپرسی کاروباری ئەم حیزبەیە لە بەغداد - پاش وەرگرتنی رێنوێنییەکانی مەلا مستەفا بارزانی لە ١٨ی ئەیلوول بەشێوازی نهێنی بانگهێشتی باڵوێزخانە کرا. کوردەکان بەتوندی داوای پشتیوانی لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دەکەن بۆ شۆڕشەکەیان. ئەم کاربەدەستەی PDK وتی ئێستا پێویستی بە پارە هەیە و لەوانەیە پاشان

---

[٢٩] سەرچاوە: وەزارەتی دەرەوە، فایلە ناوەندییەکان، ٢٠٦٢ - ٩/٠٠ . ٧٨٧ ، نهێنی ، بڵاوکردنەوەی سنووردار، نابێت بیانیەکان ببینن، بۆ ( باڵوێزخانەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) لە ئانکارا، دیمەشق، لەندەن، پاریس و تاران نێردراوە .

پێویستی بە چەک هەبێت و بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە زۆربەی شیوعییەکان لە PDKدەرکراون و ئەوانی دیکەش بەم زووانە دەردەکرێن .

لە بەرامبەر پشتیوانی ئێمە، مەلامستەفا بەڵێنی داوە کە: ١ـ بزووتنەوەکەی پاک بکاتەوە لەو کەسانەی کە ئێمە گومانمان لێیان هەیە. ٢ـ هاوکاری بکات لەگەڵ کەسایەتیە عەرەبە کۆنەپارێزەکانی عێراق، و عێراق بگەڕێنەتەوە بۆ نێو پەیماننامەی بەغداد، ئەگەر ئێمە بمانەوێت. ٣ـ دەستبەجێ زانیاری تەواو بدات بە ئێمە دەربارەی رووداوە سیاسی و سەربازییە ناوخۆییەکانی کوردستان یا عێراقی عەرەبی.

کاربەدەستەکەی PDK بانگەشەی ئەوەی کرد کە دەزگای هەواڵگری کوردەکان بەرفراوان و راست و دروستە و وتی ئەم مەسەلەیە بۆ کوردەکانی سوریا و ئێران و هەروەها عێراق وەراست دەگەڕێت . ئەم کوردە وتی PDK هەم لە بەغداد و هەم لە تاران پەیوەندی نزیک و دۆستانەی لەگەڵ دەوڵەتی ئێران هەیە. ئێرانیەکان رازی بوونە بەوەی کە کاریان بە هاتوچوی کوردەکان لە سەر سنوور نەبێت و پێش بەو یارمەتیانە نەگرن کە کوردەکانی ئێران دەیدەن بە شۆڕش. مەلامستەفا بارزانی خۆشحاڵە بە نیسبەت ئەم پەیوەندییە بەڵام داوای یارمەتی ماددی لە ئێران دەکات. کاربەدەستەکەی PDK وتی مەلامستەفا لە سەر ئەو باوەڕەیە کە پێشنیاری لکانی کوردستان بە ئێران وەک" کۆمارێکی خودموختار" بۆ شا سەرنجڕاکێشە.

کوردەکان هەروەها پەیوەندی بەردەوامیان هەیە لەگەڵ میسر (کە دۆستی کوردەکانە بەڵام یارمەتیان نادات) و باڵوێزخانەی سۆڤیەت لە بەغداد. کاربەدەستەکەی PDK وتی کوردەکان نایانەوێت هەموو پردی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ سۆڤیەت بڕوخێنن، هەتا کاتێک کە دڵنیانەبن لەوەی کە دەوڵەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پشتیوانی لە بزووتنەوەکەیان دەکات .

کاربەدەستەکەی PDK وتی مانگانە هەزار دولار لە باڵوێزخانەی سۆڤیەت بۆ هەندێ لە لایەنگرانی تایبەتی شیوعی لە ناو PDK وەردەگرێت بەڵام پارەکە دەچێتە ناو سندوقیPDK. مەلا مستەفا ئەم بڕە کەمە پارەیە بە یارمەتیدانی بزووتنەوەکەی نازانێت. کوردەکان داوای یارمتیان لە کوێت کردووە بەڵام کوێت رەتی کردووەتەوە.

باڵوێزخانەی بریتانیا له بەغداد ئەم هەواڵەی پشتڕاست کردووەتەوە. کاربەدەستەکەی PDKوتی بریتانیا مۆچیاری کوێتی کردووە پارە نەدات بە شۆڕشگێڕانی کورد. ئیسرائیل پێشنیاری یارمەتی داوە بە کوردەکان لە ئەوروپا بەڵام کوردەکان رەتیان کردووەتەوە، نە لە بەر ئەوەی کە کوردەکان دژی ئیسرائیلن بەڵکوو بەهۆی ئەوە کە دەترسن ئیسرائیل بە ئەنقەست زانیارییەکان ئاشکرا بکات و خەسار لە بزووتنەوەی کورد بکەوێت لە نێو وڵاتانی عەرەبیدا.

کاربەدەستەکەی PDK وتی مەلا مستەفا دەزانێ پاش رووخانی قاسم (کە بە بیروڕای بارزانی بەم زووانە روودەدات) سۆڤیەت نیگەران دەبێت و بە پارە و بە چەک یارمەتی کوردەکان دەدات. ئەم کوردە وتی مەلا مستەفا بە باشتر دەزانێت لەگەڵ رۆژئاوا هاوکاری بکات تا سۆڤیەت و متمانەی بە سۆڤیەت نییە. بەهەرحاڵ هەموو کوردەکان ناسیونالیستن و دەبێ ئێستا ئۆتۆنۆمی بەدەست بهێنن ئەگەرنا دەبێ خۆیان بۆ لەناوچوونی رەگەزیی ئامادە بکەن بەڵام بۆ ئەوەی شتێکی وا روونەدات کوردەکان یارمەتی لە سۆڤیەت یان تەنانەت لە شەیتانیش قبوڵ دەکەن.

کاربەدەستەکەی PDK بە روونی ئاگادار کرایەوە کە سیاسەتی دەوڵەتی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بەنیسبەت شۆڕشی کورد ئاڵوگۆڕی بە سەردا نەهاتووە[٣٠].

---

[٣٠] یادداشتنامەیەک لە ١١ ی ئەیلوول لەلایەن "سترانگ" بۆ "تالبۆت" ناردراوە کە هەڵوێستی گشتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەنیسبەت کێشەی کورد وەها وەسف دەکات:

وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کێشەی کورد لە عێراق بە کێشەیەکی ناوخۆیی دەزانێت کە دەبێت لە ناوخۆی عێراق چارەسەر بکرێت. دەوڵەتی ئێمە بە هیچ شێوەیەک پشتیوانی ناکات لە چالاکیەکانی کوردەکان دژی دەوڵەتی عێراق و هیواداره بەم زووانە رێگاچارەیەکی ئاشتیخوازانە بۆ ئەم کێشەیە بدۆزرێتەوە. ئێمە واتێدەگەین کە کوردەکان داوای ئەوە دەکەن کە هەندێ لە داواکارییەکانیان لەلایەن یاسای بنەڕەتییەوە زامن بکرێت. لەکاتێکدا کە هەڵویستی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا روونە بەنیسبەت ئەوەی کە یاسایەکی دیموکرات هەبێت لە عێراقدا، بەڵام هەرچەشنە شرۆڤەیەک دەربارەی ئەم داواکارییانە لە عێراق دەبێت بە دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆیی ئەم وڵاتە. بەبۆچوونی ئێمە، داهاتوو بۆ کوردەکان لە عێراق ( وەهەروەها لە ئێران و تورکیا) باش دەبێت ئەگەر پەیوەندییەکی نەپساوەیان

ئەویش لە وەڵامدا وتی ئەگەر وایە دەبێ بەزووترین کات پەیوەندی لەگەڵ مەلامستەفا بگرێت و پەیامی بۆ بنێرێت.

**میلبۆرن**

1963- ١٩٦١ ، بەرگی XVIII ، لاپەڕەی ٨٢ - ٣٨١)[٣١]

**173- یادداشتنامەی کارمەندی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ( روبێرت کۆمێر) بۆ یارمەتیدەری تایبەتی سەرۆک کۆمار بۆ کاروباری ئاسایشی نەتەوەیی(بەڕێز بۆندی)**

**واشنگتۆن، ١ ی ئاداری ١٩٦٣**

**نهێنی**

MCGB

**بابەت: مەترسی هەڵگیرسانەوەی کێشەی کورد**

هەندێ لە سیخوڕەکانمان بە تەواوی نیگەران بوونە لە مەترسی هەڵگیرسانەوەی کێشەی کورد کە دەبێت بە بەڵا بۆ رژێمی نوێی عێراق. وەڵامی ئەو پرسیارە زەحمەتە کە ئایا وتووێژەکانی نێوان کورد و حکوومەت لە بەغداد باش دەچێتە پێش یا نا بەڵام گەلێ دەوڵەت ( تورکیا، ئێران، میسر بە رێبەرایەتی ناسر و لە سەرووی هەموویان سۆڤیەت) پێیان خۆشە کوردەکان هان بدەن. ئێمە بە تایبەت هۆشداریمان داوە بە ئێران کە خۆی دور بگرێت لەم مەسەلەیە بەڵام ئەگەر شا بزانێت رژێمی نوێی عێراق زۆر لەگەڵ ناسر گەرمە، لەوانەیە ئەم مۆچیارییەی ئێمە پشتگوێ بخات. من

---

هەبێت لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە تێیدا دەژین. ئێمە دەزانین تورکیا و ئێرانیش هەر ئەم روانگەیانە هەیە و لەسەر ئەو باوەڕەن کە حکوومەتی عێراقیش بە هەمان شێوە هەست دەکات.

[٣١] سەرچاوە: کتێبخانەی کنیدی، فایلەکانی ئاسایشی نەتەوەیی، زنجیرەی وڵاتان، عەرەبستانی سعودی ٣/٦٣ - ١/٦٣، نهێنی

پێداگریم له سەر CIA کردووە کە بەرنامەیەک له گرووپی تایبەت بۆ جاری داهاتوو ئامادە بکات بۆ رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەگەرەکانی ئەم بارودۆخە و هیوادارم ئێوە پشتیوانیان لێبکەن. ئەوەی کە ئێمە ئێستا لە هەموو شتێک زیاتر پێویستیمان پێیەتی، دیپلۆماسی پێشگیرانەیە.

CIA نیگەرانە بەنیسبەت زیاد بوونی ئەگەری هێرشی زەمینی ناسر بۆ سەر عەرەبستانی سعودی (DIAش نیگەرانە بەڵام لە ئاستێکی کەمتردا). وەزارەتی دەرەوە وابیر دەکاتەوە کە بەلەبەرچاوگرتنی هاوسەنگی هێزەکان، روودانی شتێکی وا دوورە (ناسر نایەوێت بەم کارە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێمە بپچڕێنێت) بەڵام من پێموایە ناسر دەیەوێت تاقیمان بکاتەوە.

بەهەرحاڵ من پێداگریم لە سەر پنتاگۆن (وەزارەتی بەرگری ئەمریکا- وەرگێڕ) کردووە کردەوەی پێشگیرانە بگرێتە بەر یان دژکردەوەی سەربازی بە دوای ئەوە ئەنجام بدات. هیوادارم ناسر بارودۆخەکە لەمە زیاتر خراپ نەکات، بەڵام ئێمە دەبێ ئامادە بین ئەگەر پێویست بکات بڕیاری بە ئێش و ژان دەر بکەین.

باب

1961- ۱۹٦۳، بەرگی XVIII، لاپەڕەی ۳۸۲ - ۳۸۹)[۳۲]

---

[۳۲] سەرچاوە: وەزارەتی دەرەوە، فایلە ناوەندییەکان US - ۱ IRAQ POL، "سترانگ" و "کیلگۆر" له ۲۵ ی شوبات ئامادەیان کردووە و "تۆکز"، "بۆولینگ"، "نیکولاس"، "گاود" (AID) "مورهاوس (INR) "، "کۆنیست" (S/S) "کیرنز -

## ئەیرگرام لە وەزارەتی دەرەوە بۆ لایەنە تایبەتە پەیوەندیدارەکان CA-9411

## واشنگتۆن، ٢ی ئاداری ١٩٦٣ ، کاتژمێر ١:٥ ی پاش نیوەڕۆ

## نهێنی

## بابەت: سیاسەتی ڕێنوێنی کاتی بۆ مامەڵە لەگەڵ عێراق و پەیوەندییەکانی کودیتای ئەم دوایەی عێراق لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

ڕێنوێنی بۆ هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان :

کودیتای ئەم دواییەی عێراق (کە لەلایەن وتەبێژی کودیتاوە وەک درێژەی شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ وەسف کراوە) پێشهاتێکە کە لە بنەڕەتدا بۆ عێراق، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گرنگە. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەتوانێ لەگەڵ ڕژیمی نوێی عێراق بژی، هەر وەک ئێستا دەیبینین .

حکوومەتی عێراق لە ئاستی ناوخۆدا دەبێ لەگەڵ ٤ کێشەی بنەڕەتیدا مامەڵە بکات :

1- شۆڕشی کورد

2 - کومپانیای نەوتی عێراق (IPC)

3 - یاسای بنەڕەتی

4 - پێشکەوتنی ئابووری

سەرنەکەوتن لە دۆزینەوەی چارەسەرییەکی سیاسی بۆ کێشەی کورد، تەنها بە قازانجی سۆڤیەت و شیوعیەکانی عێراق دەبێت . وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەک مەسەلەیەکی بەتەواوی ناوخۆیی سەیری کێشەی کورد لە عێراق دەکات. ئێمە دەبێ

---

پریستۆن "(لە وەزارەتی بازرگانی) و "مەگهی" بینیویانە و لەلایەن "تالبۆت"ەوە پەسەند کراوە. هەروەها نێردراوە بۆ ئادیس ئابابا، ئەلجەزیرە، عەمان، ئاتێن، بەغداد، بەیروت، بیلگراد، بۆن، قاهیرە، دیمەشق، جەددە، کابۆل، کەراچی، خارتوم، لەندەن، موگادیشۆ، موسکۆ، نیودلهی، نیکوزیا، پاریس، ڕابات، ڕۆم، تایپە، تایز، تاران، تلابیب، توکیۆ، تریپولیی، تونس، وەرشەڤ ، ئاکرا و کوێت .

درێژه به راوێژ لەگەڵ بەریتانیا بدەین له بارەی مەسەلەکانی IPC و ئەو لایەنانه که بەشیان هەیه له IPC دا و بەتەواوی تەشویقیان بکەین وەڵامی نەرمونیان بدەنەوه به دەستپێشخەرییەکانی حکوومەتی عێراق بۆ چارەسەرکردنی کێشه چارەسەر نەکراوەکان. ئێمه دەبێ خۆشحاڵی خۆمان به نیسبەت نیازی عێراق (وەها که رایگەیاندووه) بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی یاساسەروه دەرببڕین.

حکوومەتی عێراق سەرچاوەی ماددی پێویستی هەیه (ئەگەر باش بەڕێوەی ببات) بۆ ئەوەی ئابووری وڵاتەکەی پێش بخات. وڵاته یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەبێ ئیرادەی خۆی نیشان بدات بۆ یارمەتیدانی عێراق بێ ئەوەی لەرووی مادییەوه ئاستی یارمەتی خۆی به عێراق بەرز بکاتەوه. دەبێ بازرگانانی ئەمریکایی تەشویق بکرێن له هەله بازرگانیەکانی عێراق کەڵك وەربگرن و حکوومەتی عێراقیش دەبێ ئەو کەندوکۆسپانه لاببات که "قاسم" لەسەر رێگای بازرگانی بیانی داینابوو.

له ئاستی دەرەکیدا حکوومەتی عێراق پێگەیەکی بەهێزی له نێو وڵاتانی رۆژهەڵاتی جیهانی عەرەب دەبێت ئەگەر هێزی خۆی پتەو بکات و یەکگرتوویی خۆی لەگەڵ ئەم وڵاتانه بپارێزێت و ئامانج و ئیدوئۆلوژی عێراق، به تایبەت سوریا، ئوردون، یەمەن و له ئاستێکی نزمتردا، کوێت، عەرەبستانی سعودی و لوبنان بەرەولای خۆی رادەکێشت.

حکوومەتی عێراق دەیەوێت له ئاستی دەرەوه لەسەر "پانعەرەبیزم" چڕ بێتەوه بەڵام هەوڵ دەدات پەیوەندی دۆستانەی لەگەڵ تورکیا و ئێران هەبێت بۆ ئەوەی بەرەی پشتی خۆی قایم بکات. ململانێی نێوان عێراق و UAR (میسر) لەوانەیه روو بدات. بەهەرحاڵ ئیسرائیل له کاریگەری رووڵەزیادبوونی عێراق له سەر عەرەبەکان نیگەران دەبێت. وڵاته یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەبێ عێراق تەشویق بکات پەیوەندی دۆستانەی لەگەڵ تورکیا و ئێران هەبێت و دەوڵەتی ئێرانیش هان بدات له کاروباری عێراقدا دەستێوەردان نەکات .

ئێمه دەبێ دووری بکەین له بەکارهێنانی دەستەواژەی "هیلالی خسیب"[٣٣] و درێژه به پەیوەندی دوو لایەنەی دۆستانه و پڕ قازانج لەگەڵ وڵاتانی دیکەی عەرەب بدەین و به تەواوی له کێشەی نێوان میسر و عێراقدا بێ لایەن بین. وڵاته یەکگرتووەکانی ئەمریکا (و بریتانیا) دەبێ دۆزینەوەی ڕێگایەک بۆ پێکەوەژیانی کوێت و عێراق تەشویق بکەن و له هەمان کاتدا درێژه بدەن به پشتیوانیکردن له سەربەخۆیی کوێت. ئەگەر کوێت ئازادانه سیستمی فدراتیو لەگەڵ عێراق هەڵبژێرێت ئێمه نابێ دژایەتی ئەوە بکەین که کوێت دەسەڵاتی بڕیاردانی تەواوی هەبێت لەسەر مەسەلەی نەوت. وڵاته یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەبێ به توندی پشتیوانی له ئۆردون بکات.

سوریا بەرەولای عێراق ڕادەکێشرێت. وڵاته یەکگرتووەکانی ئەمریکا نابێ دژایەتی سیستمی فدراسیونی سوریا لەگەڵ عێراق یا میسر بکات. لەم پەیوەندییەدا پێویست به کەڵکوەرگرتن له هێزی سەربازی ناکات و زۆربەی خەڵکی سوریا بەم سیستمه ڕازی دەبن. ئێمه دەبێ وەک ڕابردوو وەڵامی ئەرێنی بدەینەوە به داواکارییەکانی سوریا بۆ یارمەتی ئەمریکا بەو وڵاته. ئێمه دەبێ له نیگەرانیەکانی عەرەبستانی سعودی له بارەی عێراق کەڵک وەربگرین بۆ ئەوەی تێوەنەگلانی یەمەن و پێشکەوتنه خێراکان لەپەیوەندی لەگەڵ چاکسازی و نۆژەنکردنەوە تەشویق بکەین .

ئێمه دەبێ لوبنان و وڵاتانی دیکه سەرلەنوێ دڵنیا بکەینەوە که پشتیوانی له سەربەخۆییان دەکەین بێ ئەوەی چاومان له هیچ بێت. لەبەر دژایەتیکردنی عێراق لەگەڵ بەریتانیا له عەدەن و لەگەڵ عەرەبستانی سعودی ئێمه نابێ چالاکیەکانی عێراق له یەمەن تەشویق بکەین. ئێمه دەبێ له نیگەرانی ئیسرائیل دەربارەی ئاکامەکانی شۆڕشی عێراق تێبگەین و له هەمان کاتدا درێژه بدەین به بێ

---

٣٣ له ئەدەبیاتی سیاسیدا مەبەست له "هیلالی خسیب" (کەوانەی بەپیت) ئەو سیاسەتەیه که زلهێزەکان بۆ پێشگرتن له تەشەنەکردنی ئیسلامی سیاسی و بەربەرەکانی لەگەڵ ڕۆحی نەیاریێتی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا له ناو وڵاته ئیسلامیەکاندا گرتیانه بەر. هەندێ له وڵاتانی ئیسلامی لەوانه میسر، لوبنان، فەلەستین و بەشێک له ئۆردۆن، سوریا، عێراق ، تورکیا و ئێران دەکەوتنه ناو ئەم کەوانەیه. (وەرگێڕ)

لایەنبوونمـــان لە نێـوان ئیســرائیل و وڵاتـــانی عەرەبـــی. لەهەمـــان کاتــدا دەبـــێ بەرژەوەندییەکانی خۆمان (بە نیسبەت ئاسایشـی ئیسـرائیل و مـافی دەوڵەتبـوونی ئەم وڵاتە و بـوونی ئاشـتیەکی هەنگـاو بە هەنگـاوی هەمیشـەیی لە نێـوان عەرەبەکـان و ئیسرائیل) بۆ عێراق و دەوڵەتانی دیکەی عەرەب روون بکەینەوە .

## الف- روانگەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە نیسبەت مەسەلە ناوخۆییەکانی عێراق:

حکـوومەتی عێـراق ئەوەی سـەلماندووە کە دەتـوانێ دەسـەڵاتی خـۆی پـتەو بکـات. حکوومەتی نوێی عێراق (کە حکوومەتێکی بەعسـی ئیئتیلافیـی ناسیونالیسـتە) لەسـەر "پـــانعەرەبیزم" لە چوارچێـــوەی بەرژەوەنـــدییە نەتەوەییەکـــانی عێـــراق و بـــوونی حکـــوومەتێکی بـــێلایەن، چاکســـازەخواز و سوسیالیســـت (وەک نمـــونەی وڵاتـــانی ئیسکاندیناویا) پێ دادەگرێ و دەڵێت ئامانجەکانی هەمان ئامانجەکانی خەڵکی عێـراق دەبێت. وادیارە دوابەدوای ئارامکردنەوەی وڵات (لەوانە چارەسەرکردنی کێشـەی کـورد) حکـوومەتی عێـراق هەوڵ دەدات ببـێ بە حکـومەتێکی دیمـوکرات و یاسـاسـەروەر و زۆرتر خۆی لە پێشکەوتنی ئابووری نزیک بکاتەوە.

لە روانـگەی کاروبـاری نـاوخۆیی عێـراقەوە، ئـێمە چـاوەڕوانی ئەوە دەکەیـن کە وڵاتە یەکگرتووەکـانی ئەمریکـا بتـوانێ لەگەڵ حکـوومەتی عێـراق بـژی. هەرچەنـد لەوانەیە لەمەوبەدوا شیوعیەکان بتـوانن پێگەیەکـی جەمـاوەری بەدەستبهێنن بەڵام حکـوومەتی عێراق دەیەوێت کاریگەریان بەرتەسک بکاتەوە. چاوەڕوان دەکرێـت حکـوومەتی عێـراق هەڵوێستێکی نادەروەس بگرێتە بەر کە لە کـردەوەدا پـێگەی بلـۆک (ی رۆژهەڵات) لە عێراق لاواز دەکات .

ئێمە هیوادارین حکوومەتی عێراق بە شێوەیەکی مەعقول لەگەڵ IPC مـامەڵە بکـات. بەهەرحـاڵ هەنـدێ نیشـانەی درێژخـایەنتر هەن کە کـار دەکەنە سـەر سیاسـەتی دەرەوەی عێراق کە بۆ ئێمە ناخۆشە. لە بەشی ٢ دا باسی ئەم مەسەلەیە دەکەین.

لە پەیوەندی لەگەڵ ئەم چوار مەسەلە ناوخۆییە بنەڕەتیە کە حکوومەتی عێراق دەبێ مامەڵەی لەگەڵ بکات، ڕێنوێنیتان دەکەین کە :

## 1- شۆڕشی کورد:

سەرنەوکەوتن لە دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەکی سیاسی بۆ کێشەی کورد بەم زووانە تەنها بە قازانجی سۆڤیەت و شیوعیەکانی عێراق دەبێت.

**هەڵوێستی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا:** وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەبێ درێژە بەوە بدات کە کێشەی کورد بە مەسەلەیەکی بە تەواوی ناوخۆیی عێراق بزانێت کە نایەوێت هیچ دەورێکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەخۆی تێدا ببینێت. لە کاتی قسەوباس لەگەڵ دەوڵەتی عێراق و دەوڵەتانی دیکە، کاربەدەستانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەبێ تەنها هیوای خۆیان دەرببڕن کە حکوومەتی عێراق و کوردەکان بتوانن بگەن بە ڕێککەوتنێک کە هەر دولا پێی ڕازی بن و لەم پەیوەندییەدا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سیاسەتێکی بێ لایەنانە بگرێتە بەر. ئێمە دەبێ کار بکەینە سەر ئێران و تورکیا بۆ ئەوەی سیاسەتێکی بێ لایەنانەی هاوشێوە لەلایەن خۆیانەوە بگرنە بەر .

## 2- مەسەلەی نەوت:

IPC بەو ئاکامە گەیشت کە ناتوانێ مامەڵەیەکی مەعقول لەگەڵ قاسم بکات. لە کاتێکدا کە حکوومەتی نوێی عێراق حکوومەتێکی لاواز نییە بەڵام بەڵگەکان وا نیشان دەدەن کە دەیەوێت لەگەڵ IPC لەسەر مەسەلە گرنگەکان ڕێکبکەوێت. ئێستا وەزیرێکی لێهاتوو و عاقڵ بووە بە وەزیری نەوت و دەستپێشخەری کردووە بۆ دەستپێکردنەوەی وتوویژ لەگەڵ IPC . ئێمە چاوەڕوانی ئەوە دەکەین کە ئەم وتوویژە ببێتە هۆی گفتوگۆکردن لەسەر کۆمەڵێک مەسەلەی دیکە. لە میانەی ئەم وتوویژەدا ڕوونتر دەبێتەوە چۆن حکوومەتی عێراق دەیەوێت یاسای ٨٠ جێبەجێ بکات و "کومپانیای نیشتمانی نەوتی عێراق" چ دەورێک دەگێڕێت .

**هەڵوێستی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا:** هەر لەکۆنەوە IPC لە ژێر بەڕێوەبەری بریتانیادا بووە و ئێمە هیچ هۆکارێک نابینین ئەم مەسەلەیە بگۆڕین. بەهەمان شێوە وتووێژەکان هەمیشە لە لایەن "کومپانیای نیشتمانی نەوتی عێراق" بێ دەستێوەردانی دەوڵەتی بریتانیا یا ئەمریکا بەڕێوە چووە. ئەم ڕەوتە دەبێ بەردەوام بێت، هەرچەند کە لە کاتی ڕوودانی کێشەیەکی جیدی کاربەدەستانی بریتانیا یا ئەمریکا (یا پێکەوە) دەبێ لەگەڵ حکوومەتی عێراق گفتوگۆ بکەن. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەبێ لە هەموو پێشهاتەکاندا لەگەڵ بریتانیا لە پەیوەندیدا بێت و هەوڵ بدات تێگەیشتنێکی هاوبەشی لەگەڵ بریتانیا لە هەموو کاتێکدا هەبێت. هەروەها وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەبێ لەگەڵ کۆمپانیە ئەمریکاییە خاوەن بەشەکان (Jerseg and socongلە IPC) لە پەیوەندیدا بێت و دەبێ تەشویقیان بکات هەتا ئاستێک نەرمونیان بن لە کاتی مامەڵەکردن لەگەڵ حکوومەتی عێراق .

بەرەپێشچوون لە دامەزراندنی حکوومەتێکی یاساسەروەر: "قاسم" زۆر جار بەڵێنی دا کە حکوومەتێکی یاساسەروەر (بە پێی ریفراندۆم) دابمەزرێنێت و هەڵبژاردنەکانی پارلمان بەڕێوە ببات بەڵام هیچ ڕووی نەدا. حکوومەتی نوێی عێراق بەئاشکرا رایگەیاندووە پاش ئەوەی کە عێراق سەقامگیر بوو (لەوانە لە ڕێگای چارەسەرکردنی کێشە لەگەڵ کوردەکان) پێشنیار دەکات حکوومەتێکی یاساسەروەر بەزووترین کات پێکبێت. بە لەبەرچاوگرتنی پێداگرتنی بەعسیەکان لەسەر یەکێتی نیشتمانی، ئەو هیوایە هەیە کە حکوومەتی نوێی عێراق بەرنامەکەی خۆی جێبەجێ بکات .

هەڵوێستی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا: هەر وەک کێشەی کورد، مەسەلەی پێکهێنانی سیستەمێکی ناوخۆیی سیاسی مەسەلەیەکە کە بەتەواوی پەیوەندی بە بڕیاری عێراقەوە هەیە. لەکاتی گفتوگۆ لەگەڵ دەوڵەتی عێراق و دەوڵەتانی دیکە، کاربەدەستانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەبێ تەنها ئەوە بڵێن کە:

١- خۆشحاڵن بە نیسبەت ئەو بەرنامانەی کە حکوومەتی عێراق رایگەیاندووە دەیەوێت ئەنجامیان بدات. ٢- هیوادارن بارودۆخەکە بەم زووانە بۆ جێبەجێکردنی ئەم بەرنامانە هەموار بێت. ئێمە نابێ حکوومەتی عێراق مۆچیاری بکەین چ جۆرە سیستەمێک

هەڵبژێرێـت و پێویسـت ناکـات بە حکـوومەتی عێـراق بڵـێن چـۆن مـامەڵە لەگەڵ کومونیزمی ناوخۆیی عێراقدا بکات .

## 4ـ پێشکەوتنی ئابووری:

بـۆ پێشـکەوتنی ئـابووری، سـەرچاوەی پێویسـت (هەم گشـتی و هەم هـی کەرتـی تایبەت) لە دەستی حکوومەتی عێراقـدا هەیە (ئەگەر بـاش بەڕێوەی ببـات). جـگە لە بەرنامەرێژی کاریگەر، ئەوەی کە بۆ عێراق زۆرتـر پێویستە زینـدووکردنەوەی دڵنیـایی بازرگانییە. "دوکتۆرینی بەعس" داوای ئابوورییەکی تـێکەڵاو و سـەرمایەگوزاری کەرتـی تـایبەت لە هەمـوو بەشـەکاندا (جگە لە سـەرچاوە بنەرەتیەکـان) دەکـات، کەوابـوو مەیدانێکی بەرفراوان هەیە بۆ کەرتی تایبەت. لە کاتی رژێمی قاسمدا، عێـراق رۆژبەرۆژ خۆی زیاتر لە بواری پێشکەوتن و تجارتدا بە بلوکی سۆڤیەت دەبەستەوە. لە کاتێکدا کە دەبـێ چـاوەڕوان بـین بـزانین عێـراق لەم بـوارانەدا چەنـدە بەرەولای رۆژئـاوا دێـتە پـێش ، بەڵام میسـر و سـوریا بـۆکرینی چەک هەروا بەردەوام پشـت بە سـۆڤیەت دەبەستن بەڵام لە بواری مەسەلە ئابوورییەکاندا لە سۆڤیەت دوور کەوتوونەتەوە .

**هەڵوێستی وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا:** وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمریکـا بـێ ئەوەی ئاستی یارمەتی خۆی بە عێراق بەرز بکاتەوە، دەبـێ ئیـرادەی خـۆی نیشـان بـدات بـۆ ئەوەی بە هەمـوو شـێوەیەک کە قـازانجی تێدابێت یـارمەتی عێـراق بـدات. بە تـایبەت دەبێ بازرگانانی ئەمریکایی تەشویق بکەین هەلەکان لە عێراق بقۆزنەوە و حکـوومەتی عێراق دەبێ ئاگادار بکرێتەوە کە دەبێ ئەو کەندوکۆسـپانە لاببات (یـا لانـیکەم هەمـوار بکات) کە رژێمی قاسم بە سەر بازرگانی بیانیـدا سـەپاندبووی (بنـواڕن بـۆ بروسـکەی ۲٥١ ی وەزارەتی دەرەوە لە ١٥ ی شوباتی ١٩٦٣).

حکوومەتی نوێ عێراق بە پتەوکردنی دەسـەڵاتی خـۆی، پێگەیکی بەهێـزی لە بەشـی رۆژهەڵاتـی جیهـانی عەرەبیـدا دەبێـت. ئەو ئامـانج و ئیـدوئۆلۆژییە کە پێگەیەکـی جەمـاوەری بەهێـزی لە عێـراق هەیە، دەتوانێـت بەتـایبەت خەڵکـی سـوریا، ئـۆردۆن ، یەمەن و لە ئاستێکی نزمتردا خەڵکی کوێت ،عەرەبستانی سعودی و لوبنـان بەرەولای خـۆی رابکێشـێت. پـێش لە شۆڕشـی ١٩٥٨ توانـایی عێـراق بـۆ گێڕانـی دەورێکـی

یەکلاییکەرەوە لە جیهانی عەرەب، بەهۆی پەیوەندییە بەرتەسکەکانی عێراق لەگەڵ ڕۆژئاوا قەتیس مایەوە و پاش شۆڕشی ١٩٥٨ ئەم مەسەلەیە بەهۆی یەکریزبوونی دەوڵەتی عێراق لەگەڵ بلوکی سۆڤیەت سنووردار بوو. دەوڵەتی عێراق لە رووی خۆشەویستی جەماوەری و هێزەوە، دووەمین دەوڵەتە (پاش میسر) لە نێو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی جیهانی عەرەبیدا و ئابوورییەکی زیندووی هەیە .

حکوومەتی نوێی عێراق کە پەیڕەوی لە سیاسەتی بەعس دەکات، بۆ یەکێتی عەرەب لە سەر بنەمای سیستمیکی "فدراتیو"ی هەوڵ دەدات کە تێیدا کاروباری دەرەوە، سەربازی ومەسەلەی فەلەستین بە شێوازی هاوبەش بەڕێوە بچێت بەڵام سیاسەتی ناوخۆیی لە لایەن هەرکام لە ئەندامەکانەوە دیاری بکرێت .

بەپێچەوانەی جمال عبدالناسر کە دەیەوێت یەک پیاو و یەک دەوڵەت بەسەر یەکێتی عەرەبدا زاڵ بێت و ئەم یەکێتیشیە لە کۆمەڵێک حکوومەت بە پێی مودیلی ناوخۆیی میسر پێکبێت، حکوومەتی عێراق لەبەر هەڵکەوتی جوگرافیایی و نفوس و سەرچاوەکانی میسر، وەک هۆکارێکی یەکلاییکەرەوە بۆ ئامانجی عەرەبەکان سەیری ئەم دەوڵەتە دەکات، کەوابوو حکوومەتی عێراق هەموو کارێک دەکات (جگە لە تەسلیمکردنی خۆی بە میسر) بۆ ئەوەی بەئاشکرا درز نەکەوێتە ناویان و هەوڵ دەدات روانگەکانی میسر نەرم بکات .

**ب- روانگەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەنیسبەت مەسەلە دەرەکییەکانی عێراق:**

## 1- ململانێی عێراق و میسر:

حکوومەتی عێراق بەهەوڵدان بۆ پتەوکردنی هێزی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی جیهانی عەرەب (سوریا ، ئۆردون ، کوێت ، عەرەبستانی سعودی و یەمەن) ، کۆمەڵێک کێشەی تایبەت بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دروست دەکات. ئێمە پێمان باشە ئەم بەهێزبوونە لە ماوەی چەند ساڵدا روو بدات بەڵام کێشەکە ئەوەیە بەهێزبوونەکە بەرەو عاقاری بەعس دەچێتە پێش. وادیارە ململانێی نێوان عێراق و میسر( وەک دو جەمسەری سەرەکی هێزەکە) پەرە دەسێنێت. ئەم مەسەلەیە وڵاتە یەکگرتووەکانی

ئەمریکا ناچار دەکات سیاسەتێکی زۆر زۆر هەستیار لە پەیوەندی لەگەڵ میسر و عێراقدا بگرێتە بەر .

هەر یەک لە عێراق و میسر، یارمەتی ئەمریکا بە لایەنی بەرامبەر بە رەفتارێکی نادۆستانە لەقەڵەم دەدەن. لەمەزیاتر دوکتورینی بەعس زۆر ناسیونالیستە و دەیەوێت هەنگاوبەهەنگاو کونترۆڵی عەرەبەکان بەسەر سەرچاوەکانی وڵاتانی عەرەبیدا مسۆگەر بکات. هەروەها دوکتورینی بەعس کە لەگەڵ هەستە بەرفراوانەکانی عەرەبەکان هاورایە ، دژی بوونی ئیسرائیلە و لانیکەم وەک هەرەشەیەک بۆ ئاسایشی عەرەبەکان و لەمپەرێکی فیزیکی لە نێوان دو بەشی جیهانی عەرەبدا سەیری ئیسرائیل دەکات. ئیسرائیل کاردانەوەی دەبێت لە بەرامبەر جێگیربوونی هێزەکانی عێراق لەسەر سنوورەکانی .

هەڵوێستی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا: وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەبێ بەتەواوی لەکێشەی نێوان عێراق و میسردا بێ لایەن بێت و دەبێ درێژە بە پەیوەندییەکانی بدات لەگەڵ سەرجەم دەوڵەتە عەرەبەکان لەسەر بنەمایەکی دولایەنە و بە گوێرەی بەرژەوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. ئێمە دەبێ لە بەرەوپێشبردنی بیرۆکەی"هیلالی خسیب" دووری بکەین و نابێت لە گفتوگۆکانمان یان لە بەڵگەنامەکانماندا کەڵک لەم دەستەواژەیە وەربگرین. بەهۆی ئەوەی کە هەر چەشنە بەرژەوەندی یا گوشارێکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ پێشکەوتنی ناوچەیی لە بەشی رۆژهەڵاتی جیهانی عەرەب تەنها بە قازانجی عێراق دەبێت، ئێمە دەبێ لە پەیرەوکردنی بیروکەی"هیلالی خێیب" دووری بکەین. دەبێ لەکاتێکی گونجاودا عێراق بەنیسبەت پێوانەکانمان بۆ یەکگرتوویی عەرەبەکان ئاگادار بکەینەوە. هەروەها دەبێ لەپەیوەندی لەگەڵ نیگەرانیەکانمان بەنیسبەت سەقامگیری ئۆردون، عەرەبستانی سعودی و عەدەن و هەروەها بەرژەوەندییەکانمان بە نیسبەت نۆژەنکردنەوە و چاکسازییەکی خێرا حکوومەتی عێراق ئاگادار بکەینەوە .

## 2ـ تورکیا و ئێران

حکوومەتی عێراق کە لە ئاستی دەرەوە دەیەوێت لەسەر پانعەرەبیزم چڕ بێتەوە، وادیارە دەیەوێت پەیوەندی دۆستانەی لەگەڵ تورکیا و ئێران هەبێت بۆ ئەوەی پشتی قایم بێت لە کاتێکدا کە خۆی بۆ ئەرکی سەرەکی (مەبەستی یەکگرتنی جیهانی عەرەبە - وەرگێڕ) تەرخان دەکات .

هەڵوێستی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا: وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەبێ هەرچی لە دەستی دێت لەگەڵ ئەم سێ دەوڵەتانە (ئێران، عێراق، تورکیا) بیکات بۆ ئەوەی پەیوەندی دۆستانەیان پێکەوە هەبێت. ئێمە دەبێ تورکیا و ئێران تەشویق بکەین دەستتێوەردان نەکەن لە کاروباری عێراقدا و ئەگەر کێشەیەک لە نێوان ئێران و عێراق لەسەر شەتولعەرەب سەریهەڵدا، ئێمە دەبێت کتوپڕ بۆ ئارام کردنەوەی هەوڵ بدەین.

## 3- کوێت

بەبۆچوونی ئێمە عێراق بانگەشەکانی خۆی گەرموگوڕتر ناکات لەسەر کوێت بەڵام هەوڵ دەدات ڕێگایەک بدۆزێتەوە بۆ ڕاکێشانی سەرچاوەکانی کوێت بەرەولای سەرمایەگوزاری لە عێراق. هاوکات عێراق بە شێوازێکی ورد و ناسک سەربەخۆیی کوێتیش بەفەرمی قبوڵ دەکات. ڕێگاچارەیەکی وا بە قازانجی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە. کوێت و عێراق لەوانەیە پاشان لەسەر سیستمێکی "فدراتیوی" بڕیار بدەن. هەڵوێستی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا: ئەگەر پێویست بکات ئێمە دەبێ بە پارێزەوە پێداگری لەسەر هەردولا (و بەراوێژ لەگەڵ بریتانیا) بکەین کە بۆ چارەسەر کردنی کێشەکە بگەن بە ڕێککەوتنێکی دو لایەنە ، بەشێوەیەک کە سەربەخۆیی کوێت بپارێزێت. ئێمە دەبێ لە خستەڕووی هەرچەشنە پێشنیارێک ( کە بە قازانجی یەکێ لە لایەنەکان بێت و نەگات بە ئاکام) بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە دووری بکەین. کوێت دەبێ ئازادانە سیستمی فدراتیوی لە گەڵ عێراق هەڵبژێرێت. ئێمە نابێت دژایەتی ئەوە بکەین کە کوێت دەسەڵاتی تەواوی بریاڕدان لەسەر مەسەلەکانی پەیوەندیدار بە نەوت بە دەست بهێنێتەوە .

## 4- ئۆردۆن:

هەرچەند کە حکوومەتێکی عێراقی کە بەعس بە سەریدا زاڵ بێت خەڵکی ئۆردۆن بەرەولای خۆی رادەکێشێت، بەڵام ئێمە لەسەر ئەو باوەڕە نین کە حیزبی بەعس بتوانێ لە ناو گروپە دابڕاوەکانی خۆی لە ئۆردۆن، رێکخستنێک پێکبهێنێت کە بتوانێ لە داهاتوویەکی نزیکدا "مەلیک حوسەین" لەسەر دەسەڵات لاببات. خەڵکی فەلەستین بەریانیان بەرەولای رێبەرایەتی "ناسر" و میسر هەیە نە بەغداد. ئەفسەرانی سوپای ئۆردۆن کە لە تاکە نەخوێندەوار و عەشیرەتی و نیمچە عەشیرەتیەکان پێکهاتوون هەتا ئاستێک لەگەڵ ئیدوئۆلۆژییە جۆراوجۆرەکان نامۆن، لەوانە ئیدوئۆلۆژی سوسیالیستی و پانعەرەبی (هەم ئەوەی میسر و هەم ئەوەی عێراق).

هەڵوێستی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا: ئێمە دەبێ بە توندی درێژە بدەین بە پشتیوانی کردن لە سەربەخۆیی ئۆردۆن بە یارمەتی ئابووری، سەربازی و تەکنیکی ئەمریکا. ئێمە دەبێ بەریانە چاکسازەخوازەکانی حکوومەتی ئێستای ئۆردۆن تەشویق بکەین کە کار دەکەن بۆ پێشکەوتنی ئابووری و چاکسازی کۆمەڵایەتی. ئەگەر ئۆردۆن بگاتە ئەو قەناعەتە کە درێژە بەم ئاراستەیەی ئێستا بدات، توانایی بەعسیەکان بۆ پێشخستنی رێکخراوێکی سیاسی بەهێز کەم دەبێتەوە. بەرژەوەندی یەکلاییکەرەوەی ئێمە لەوەدایە کە بارودۆخی ئێستای ئۆردۆن هەر وەک خۆی بمێنێتەوە و دەبێ چاودێری ورد بکەین بەسەر بارودۆخەکەدا. ئیسرائیل لە یەکگرتنی ئۆردۆن لەگەڵ عێراق یا میسر نیگەران دەبێت چونکە دەبێتە هۆی کۆبوونەوەی سوپایەکی گەورەتر و مودێرنتر لەسەر سنووری ئیسرائیل و ئۆردۆن .

### 5- عەرەبستانی سعودی:

بەبۆچوونی ئێمە عێراق دەتوانێت هەتا ئاستێک خەڵکی عەرەبستانی سعودی بەرەولای خۆی رابکێشێت و دەیەوێت هێدی هێدی میکانیزمێکی سیاسی دروست بکات بۆ ئەوەی بتوانێ هێدی هێدی حکوومەتی پاشایەتی عەرەبستانی سعودی بروخێنێت بەڵام ئێمە گومانمان هەیە بە نیسبەت ئەوە کە رێکخراوێکی کاریگەری بەعسی ناسیونالیستی بتوانێ لەکورتخایەندا دروست بێت. لەکاتێکدا کە عێراق بۆ عەرەبستانی سعودی دەتوانێ ببێ بە هاوسەنگییەک لە بەرامبەر گوشارەکانی میسر،

ئێمه لەسەر ئەو باوەڕه نین که عێراق بەوه رازی بێت که به قازانجی عەرەبستانی سعودی دژی میسر له یەمەن کایه بکات.

هەڵوێستی وڵاته یەکگرتووەکانی ئەمریکا: به قازانجی ئێمه نییه هەوڵ بدەین هیچ پەیوەندییەکی تایبەت لەنێوان عێراق و عەرەبستاندا دروست بێت. لەبەر ئەوەی بنەماڵەی پاشایەتی عەرەبستانی سعودی تەنها لەلایەن عێراقەوه هەست به هەڕەشه دەکەن ئێمه دەبێ کەڵک لەم راستیه وەربگرین بۆ ئەوەی قەناعەت به (مەلیک فەیسەڵ بهێنین که له کاروباری یەمەندا دەستێوەردان نەکات و هەنگاوی خێرا و چڕوپڕ بەرەو چاکسازی و نۆژەنکردنەوه هەڵبگرێت.

## 6- میسر:

حیزبی بەعس که به سەر حکوومەتی ئێستای عێراقدا زاڵە پێگەیەکی ئەوتۆی له میسر نییه و تواناییەکانی بۆ ئاوەژۆکردنی دەوڵەتی میسر زۆر لاوازه.

هەڵوێستی وڵاته یەکگرتووەکانی ئەمریکا: ئێمه دەبێ هەروا بەتەواوی له نێوان عێراق و میسردا بێ لایەن بین و دەبێ درێژه به بەرنامه یارمەتیدەرەکانمان به میسر بدەین بۆ ئەوەی میسر گۆڕانکارییەکی جیدی له سیاسەتەکانی ئێستای خۆیدا نەکات که به زەرەری ئێمه بێت.

## 7- سوریا:

رژێمی نوێی عێراق دەتوانێت بەشێوازێکی بەهێز سوریا بەرەولای خۆی رابکێشێت و دەتوانێت له کورتخایەندا سوریا ناسەقامگیرتر بکات. ئێمه بوارێکی ئەوتۆمان نییه له سوریا جگه له پێشگرتن له کاریگەری و زاڵبوونی کومونیستەکان بەسەر سوریا و بەدەستهێنانی کاریگەرییەکی وا له سەر سوریا که بتوانین سوریا هان بدەین دژی ئیسرائیل چالاکی نەکات .

هەڵوێستی وڵاته یەکگرتووەکانی ئەمریکا: به نزیکبوونه له ململانێی عێراق و میسر بۆ راکێشانی سوریا، وڵاته یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەبێ بەجیدی دووری بکات له لایەنگری له یەکێ لەم لایەنانه. ئێمه دەبێ هەروەک رابردوو وەڵامی ئەرێنی به داواکارییەکانی سوریا بۆ یارمەتیدانی ئەمریکا بدەینەوه. ئێمه ناتوانین دژی یەکێتی

سوریا لەگەڵ میسر یا عێراق رابوەستین ئەگەر ئەم یەکێتیە بێ بەکارهێنانی هێزی سەربازی جێبەجێ بکرێت و زۆربەی خەڵکی سوریا ئازادانە بڕیاری لەسەر بدەن. بە قازانجی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نییە عێراق لەگەڵ سوریا ببێ بە هاوپەیمان چونکە لەوانەیە وەک هەڕەشەیەک بۆ ئیسرائیل لەقەڵەم بدرێت و (لە رێگای سەقامگیرتربوونی سوریا لە ئاکامی یەکێتی لەگەڵ عێراق) هەتا ئاستێک هاوسەنگییەکە بشێوێنێت (لانیکەم لە کورتخایەندا). ئەگەر فدراسیونی سوریا ـ عێراق روو بدات و ئەگەر عێراق بیەوێت هێزەکانی بگوازێتەوە بۆ سەر سنووری ئیسرائیل و سوریا، ئێمە دەبێ چالاکانە هەوڵ بدەین پەشیمانی بکەینەوە ئەم کارە نەکات .

## 8- لوبنان:

لەوانەیە لوبنان پێشوازی لە شۆڕشی عێراق بکات چونکە دەیەوێت ئەو ناهەماهەنگیە سەرراست بکاتەوە کە لەجیهانی عەرەبدا هەیە. بەهەرحاڵ لوبنان لەوە دەترسێت (لانیکەم لە کورتخایەندا) کە پەیوەندییە هەستیارەکانی لەگەڵ سوریا کاریگەری پێچەوانەوەی بەدواوە بێت.

هەڵوێستی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا: ئێمە دەبێ لوبنان و ولاتانی دیکە دڵنیا بکەینەوە کە پشتیوانی لە سەربەخۆیی لوبنان دەکەین و نامانەوێت لوبنان لە ولاتانی عەرەبی دابڕێت.

## 9- ئیسرائیل:

ئیسرائیل دەبێ بە نیگەرانییەوە سەیری شۆڕشی عێراق بکات چونکە لەوانەیە عێراق ببێ بە هێزێکی هاوشێوەی میسر، بەهەرحاڵ ئاکامەکەی بەهێزبوونی یەکێتی عەرەبەکانە کە ئەمەیش ئیسرائیل دەترسێنێت.

هەڵوێستی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا: ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە درێژە بە پەیوەندییە زۆر دۆستانەکانی لەگەڵ ئیسرائیل دەدات، دەبێ بەتەواوی لە نێوان ئیسرائیل و ولاتانی عەرەبدا بێ لایەن بێت. ئێمە دەبێ لە بەرامبەر هەرچەشنە هەوڵێکی ئیسرائیل رابوەستین بۆ فورمالیزە کردن یا بنیادنانی پەیوەندیی تایبەت لە نێوان ئیسرائیل و ئەمریکا لە بواری ئاسایشدا کە

پەیوەندییەکانی ئەمریکا و عەرەبەکان تێکدەدات. لە لایەکی دیکەوە ئێمە دەبێ بەرژەوەندی خۆمان (لە بارەی ئاسایش و و مافی دەوڵەتبوونی ئیسرائیل و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی رێگایەک بۆ ئاشتی هەمیشەیی لە نێوان عەرەبەکان و ئیسرائیل) بۆ دەوڵەتی عێراق روون بکەینەوە، هەروەها کە بۆ دەوڵەتانی دیکەی عەرەبی روونی دەکەینەوە. ئێمە دەبێ عێراق و هەروەها دەوڵەتانی دیکەی عەرەب تەشویق بکەین کە لەسەر پێشکەوتن و چاکسازی چڕ ببنەوە نە ئەوەی وزە و سەرچاوەکانی خۆیان بۆ ناکۆکی عەرەب و ئیسرائیل بەفیڕۆ بدەن .

## 10- یەمەن:

ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هیچ بوارێکی ئەوتۆی نییە لە یەمەن. بەرژەوەندی ئێمە لەوەیەدایە بەسەر کاریگەری سۆڤیەت یا کومونیستەکان لە یەمەن زاڵ بین و لە لایەن ئەوانەی کە دژی بوونی بنکەی بریتانیان لە عەدەن و دژی دەسەلاتداری سوریان لە یەمەن وەک بنکەکەیەک کەڵک وەربگرین. لەوانەیە عێراق بە پاڵپشتی قورسی میسر یا بلوکی چین - سۆڤیەت پێشنیاری ئاڵترناتیڤێک بکات بە یەمەن. گومان لەوەدا هەیە کە عێراق بتوانێت کارێکی وا بکات هەتا کاتێک کە هێزەکانی میسر لە ناوچە نەچنە دەرەوە.

## هەڵوێستی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا:

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە عێراق لە عەدەن هەم دژی بەریتانیایە و هەم دژی دەسەلاتداری عەرەبستانی سعودییە، ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نابێ هیچ کارێک بکات بۆ تەشویقکردن یا یارمەتیکردنی عێراق بۆ ئەوەی پێگەی خۆی لە یەمەن بەهێز بکات کە ئێستا لەسەر بنەمای گروپێکی بچووکی بەعسی و پەیوەندی لەگەڵ ئەو یەمەنیانە راوەستاوە کە لە عێراق پەروەردەیان بینیوە. ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەبێ لە کاتی گونجاودا روانگەی خۆی بەنیسبەت چالاکیەکانی عێراق لە یەمەن کە بەرەو عەدەن و عەرەبستانی سعودی ئاراستە دەکرێت، بۆ ئەم دەوڵەتە روون بکاتەوە .

## روسک

1961 ـ ١٩٦٣ ، بەرگی XVIII ، لاپەڕەی ٣٩٧)[٣٤]

**178ـ یادداشتنامەیەک لە لایەن کارمەندی ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی (روبرت کومێر) بۆ یارمەتیدەری تایبەتی سەرۆک کۆمار لە کاروباری ئاسایشی نەتەوەیی (بەڕێز بۆندی)**

**واشنگتۆن، ٦ ی ئاداری ١٩٦٣**

**MCGB**

**نهێنی**

**بابەت: ئەگەری هەڵگیرسانی شۆڕشێکی دیکەی کوردەکان**

FGI: کودیتای عێراق بووەتە هۆی روونتربوونەوەی سیاسەتە ناوخۆییەکانی عەرەبەکان کە پێویست بەوە دەکات ئێمە کۆمەڵێک کاری سەرپێیی لە چەند مانگی داهاتوودا ئەنجام بدەین.

ئەو پێشامەدانەی کە ئەگەری روودانیان هەیە بریتین لە:

1 ـ شۆڕشێکی دیکەی کوردەکان[٣٥]

2ـ کودیتایەک بەلایەنگری لە جمال عبدالناسر لە عێراق

---

[٣٤]سەرچاوە: کتێبخانەی کنێدی، فایلەکانی ئاسایشی نەتەوەیی، زنجیرەی کۆبوونەوەکان و یادداشتنامەکان، یادداشتنامەی کارمەندان، "روبێرت کۆمێر"، بەرگی ١ ، نهێنی

[٣٥] لە ٧ ی ئادار، جێگری بەڕێوەبەری بەشی هەواڵگری لە ئاژانسی ناوەندی هەواڵگری، بەڕێز "رەی کلین"، نووسراوەیەکی لەژێر ناوی" کێشەی کورد: مەترسیە نوێکان" ناردووە بۆ "مەک جۆرج بۆندی" کە لە ٥ ی ئادار لەلایەن "ئیدارەی هەڵسەنگاندنە نیشتمانیەکان"ەوە ئامادە کراوە. لەم نووسراوەیەدا "کلین" ئاماژەی بەوە کردووە کە:" شانسی ئەوە زیاد بووە کە کێشەی کورد لە مانگەکانی داهاتوودا ئاڵۆزتر ببێت. بەدەسەڵات گەیشتنی رژێمێکی دژە کومونیست لە عێراق، کەندوکۆسپەکانی پشتیوانیکردنی سۆڤیەت لە کوردەکانی لابردووە و ئەم کێشەیە ئاکام و لێکەوتەی گرنگی دەبێت بۆ دەرەوەی عێراق". (کتێبخانەی کنیدی، فایلەکانی ئاسایشی نیشتمانی، زنجیرەی وڵاتان، عێراق، ٦٣ / ٨ ـ ٦٣ /٦).

3 ـ کودیتایەک بەلایەنگری له عێراق یا جمال عبدالناسر له سوریا

4 ـ ئاژاوە له عەرەبستانی سعودی

باشترین سیاسەت بۆ ئێمە ئەوەیە که به تەواوی دابنیشین و ئامادەبین مامەڵە بکەین لەگەڵ هەر کەسێکدا که سەر بکەوێت. خۆشبختانه سیاسەتی ئێمە ئێستا رێگەمان پێدەدات لەم پەیوەندییەدا بچینە پێش و یەکێ له هۆکارەکانی ئەوەی که ئێمە نابێ لایەنی عەرەبستانی سعودی به دژی ناسر بگرین ئەوەیە که دەستمان ئاوەڵا بێت. پاراستنی عەرەبستانی سعودی له بەرامبەر دەستدرێژی، مەسەلەیەکە و راگەیاندنی ئەوەی که ئێمە مەلیکەکانی (عەرەبستانی سعودی)مان بۆ رێبەرایەتی کردنی جیهانی عەرەب، هەڵبژاردووە مەسەلەیەکی دیکە یە. ئەگەر ئێمە بەم شێوازە بچینە پێش له راستیدا نەوتەکەمان له کیس دەدەین.

1961ـ ١٩٦٣ ، بەرگی XVIII ، لاپەرەی ٤٦ ـ ٤٤٥)[٣٦]

**204ـ یادداشتنامەی کارمەندی ئاسایشی نەتەوەیی (بەرێز هارۆڵد ساندێرز) بۆ یارمەتیدەری تایبەتی سەرۆک کۆمار بۆ کاروباری ئاسایشی نەتەوەیی (بەرێز بۆندی)**

**واشنگتۆن، ٢ ی نیسانی ١٩٦٣**

**نهێنی**

**بابەت: کوردەکانیش دەتوانن چەک و تەقەمەنی له ئێمە بکرن**

ئەمرۆ سەرۆکی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی له وەڵامی پرسیارێکدا دەربارەی ئەوەی چۆن مامەڵە لەگەڵ رژێمی نوێی عێراق بکەین، وتی ئێمە دەمانەوێت تا ئەو شوێنەی که پێماندەکرێت لەم پەیوەندییەدا یارمەتیدەر بین بێ ئەوەی بکەوینە ناو

[٣٦] سەرچاوە: کتێبخانەی کنیدی، فایلەکانی ئاسایشی نیشتمانی، زنجیرەی وڵاتان، عێراق، نهێنی .

پرۆگرامێکی یارمەتیدانی گەورە[٣٧]. وەزارەتی دەرەوە وا هەست دەکات ئێمە تا ئەو شوێنە کە پێمان دەکرێ خۆمان لەم مەسەلەیە ببوێرێن هەتا ئەو کاتە کە دەوڵەتی عێراق بتوانێ زیاتر لە سەر پێی خۆی رابوەستێ.

رژێمی نوێی عێراق هەنگاوێکی ناڕوونی هەڵگرتووە بۆ وەرگرتنی یارمەتی ئابووری لە ئێمە بۆ ئەوەی پاساو بۆ دابڕان لە شیوعیەکان بهێنێتەوە. ئێمە دەمانەوێت یارمەتی خۆمان بە عێراق لە ئاستی یارمەتی تەکنیکی و متمانەی فرۆشتن رابگرین نە ئەوە کە سلفە بدەین بۆ پرۆژەکانی پێشکەوتن. دەوڵەتی عێراق سەرمایەی پێویستی لە داهاتی نەوت هەیە ئەگەر بە شێوازێکی عاقڵانە کەڵکی لێوەربگرێت. AID بڕی پارەی تەرخانکراوی خۆی زیاد کردووە (لە ٦٠٠ هەزار دولار بۆ ٨٠٠ هەزار دولار) بۆ بەشداریکردن لە بەشی راهێناندا.

هەروەها ئێمە بە دەوڵەتی عێراقمان وتووە ئامادەین یارمەتیان بدەین بۆ ئەوەیهەڵبسن بە جێبەجێکردنی IBRD لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکان یا یارمەتی تەکنیکی کەرتی تایبەتی ئەمریکا و متمانەی EXIM بەدەست بهێنن بۆ تەشویقکردنی سەرمایەدارانی کەرتی تایبەتی ئەمریکا و لەوانەیە وتووێژ دەربارەی دانانی بەرنامەیەک بۆ زامنکردنی سەرمایە بۆ عێراق (لە هەر کاتێکدا کە دەوڵەتی عێراق ئامادە بێت) و تەشویقکردنی بازرگانی رۆژئاوا لە عێراق یەنجام بدرێت.

ئێمە رەزامەندی خۆمانمان دەربڕیوە بۆ فرۆشتنی ١٢ هیلیکۆپتەر بە عێراق کە دەوڵەتی عێراق داوای کردووە، ماوەتەوە خۆیان بڕیاری ئەوە بدەن کە چی جۆرە

---

[٣٧] بەگوێرەی یادداشتەکانی "لیگیر"، لە کۆبوونەوەی رۆژانەی کارمەندانی کۆشکی سپی لە ٢ ی نیسان، کاتێک کە "بۆندی" لە "سەندێرز" (لە نەبوونی"کۆمێر"دا) دەپرسێت وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەتوانێت چی کردەوەگەلێک بگرێتە بەر بۆ نیشاندانی پشتیوانی خۆی لە رژێمی عێراق، "سەندێرز" لە وەڵامدا دەڵێت: "سەرۆک ئەرکانی سوپای عێراق، ئەم دواییانە داوای ژمارەیەک تانکی کردووە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ هێزەکانی عێراق، بەڵام ئێمە دەبێ لەسەر ئەم مەسەلەیە بیر بکەینەوە لەبەر ئەوەی کە لەوانەیە عێراق ئەم تانکانە بەکاربهێنێت بۆ سەرکوتکردنی راپەڕینی کوردەکان و ئەمە شتێکە کە ئێمە نامانەوێت حەتمەن بیکەین. جارێ ئەم بابەتە با دوا بخەین". (زانکۆی بەرگری نەتەوەیی، نووسراوەکانی "تەیلۆر"، یادداشتنامەکانی رۆژانەی کۆشکی سپی).

کۆپتەرێکیـــان دەوێـــت (نرخەکەی ٤ ـ ١٥ میلیـــون دولارە بە گـــوێرەی مـــۆدیلی کۆپتەرەکان).

دەوڵەتی ئەمریکا هەروەها لەوانەیە بڕیاری فرۆشتنی ٤٠ تانکی سووک بدات بە عێـراق کە پێشـتر عێـراق داوای کـردووە بـۆ ئەوەی بیانخـاتە جێگـای ئەو تانکـانەی کە ئـێمە پێش لە ساڵی ١٩٥٨ داومانە پێیان. ئێستا چاوەڕوانی ئەوە دەکرێـت کە سیاسـەتێکی نـوێ لە ڕێگـای بەرنـامەی "تـالبۆت ـ هاریمـان" بگیـردرێتە بەر بـۆ دیـاریکردنی ڕێوشوێنەکانی چەک و تەقەمەنی قـورس کە لەوانەیە لە ڕێگـای سوریاوە بگـوازرێتەوە بۆ بەرەی شـەڕ لەگەڵ ئیسـرائیل. بەهەرحـاڵ ئـێمە گیروگرفتێکـی جیـدی نـابینین بـۆ فرۆشتنی تانکی سووک و چەکی بچووک و تەقەمەنی و پێداویستەکانی Commg و تەنانەت فڕۆکەی گوازتنەوە بە عێراق، ئەگەر عێراق داوای بکـات. هەروەهـا AID و DOD لە بەشی مەدەنـی عێـراق کـار دەکەن بەڵام ئەمە پەیوەنـدی بەوە هەیە کە ئایا عێراق دەیەوێت ئێزن بە ئێمە بدات لە نزیکەوە لە گەڵ سوپاکەیان کار بکەین.

کوردەکـانیش دەتـوانن چەک و تەقەمەنـی لە ئـێمە بکـڕن هەرچەنـد کە ئـێمە پێشـتر داواکاری ئەوانمـان بـۆ یـارمەتی سـەربازی ڕەت کـردووەتەوە. بەهەرحـاڵ بە بۆچـوونی ئێمە مەسەلەی گرنگتر بـۆ ئەمریکـا لەم پەیوەندییـدا ئەوەیە کە لە بەرامبەر ڕژێمـی نوێی عێراق وەڵامدەر بین. ئێمە دەمانەوێت کوردەکان بۆ چارەسـەرکردنی کێشـەکەیان لەگەڵ دەوڵەتـی نـوێی عێـراق وتـووێژ بـکەن. ئەگەر ئەم وتـووێژانە سـەرنەکەوێت، بەرژەوەنـدی ئـێمە ئەو کـاتە باشـتر دەپارێزرێـت کە دەوڵەتـی عێـراق بتوانێـت کوردەکان کونترۆڵ بکات نە ئەوە کە شۆڕشـی کـورد ئەوەنـدە سـەربکەوێت کە ببێتە هۆی دەستێوردانی سۆڤیەت یا ئێران لە کێشەکەدا.

**هال**[٣٨]

1961 ـ ١٩٦٣، بەرگی XVIII، لاپەڕەی ٤٥١ ـ ٤٥٢)[٣٩]

[٣٨] HAL

## 208ـ بروسكه له وەزارەتـی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکـان بـۆ باڵوێزخانەی ئەمریکا له عێراق

## واشنگتۆن، ٥ ی نیسانی ١٩٦٣ ، کاتژمێر ٩:٧ ی سەرلە بەیانی پەنانەکی

## بـابەت: نیگەرانـی وەزارەتـی دەرەوە لە ئەگەرە مەترسـیدارەکانی سەرنەکەوتنی وتووێژەکانی نێوان کوردەکـان و حکوومەتی عێـراق و دەستپێکردنەوەی ناکۆکیەکان

331ـ له وەڵامی تیلیگرامی ٦١١ ی باڵوێزخانەی ئەمریکا له عێراقدا [٤٠]:

وەزارەتـــی دەرەوە رۆژبەرۆژ نیگەرانتـــر دەبێـــت له ئەگەرە مەترســـیدارەکانی سەرنەکەوتنی وتووێژەکانی نێوان کوردەکان و حکوومەتی عێـراق و دەسـتپێکردنەوەی ناکۆکیەکـان. سیاسـەتی وڵاتە یەکگرتوەکـانی ئەمریکـا بەنیسـبەت کـورد هەمـان سیاسەتی پێشووە و نەگۆڕاوە واتا ئێمە کێشەی نێوان کوردەکان و حکوومەتی عێـراق

---

[٣٩] سەرچاوە: وەزارەتی دەرەوە، فایلە ناوەندییەکان، پەنانەکی ،"کیلگۆر" و "دەیویز" له ٤ ی نیسان ئامادەیان کردووە و "سترانگ"و "جود" بینیویانە و "تالبۆت" بڕیاری لەسەر داوە. بۆ لەندەن، ئانکارا و تاران نێردراوە.

[٤٠] لە بروسکەی ژمارەی ٦١١ لە ١ ی نیسان، باڵوێزخانەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا له بەغداد، ناوەرۆکی پەیامەکەی رێبەری کورد، مەلامستەفا بارزانی ناردووە بۆ وەزارەتی دەرەوە. ئەم پەیامە لەلایەن جەلال تاڵەبانیەوە (کە سەرۆکی لێژنەی کورد بووە کە هاتووە بۆ بەغداد بۆ وتووێژ لەگەڵ حکوومەتی عێراق) تەسلیم بە باڵوێزخانە کراوە. لەم پەیامەدا مەلامستەفا پێشنیاری پەیوەندیی دۆستانەی کردووە لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و داوای یارمەتی بۆ شۆڕشی کورد کردووە و هەروەها داوای کردووە لەگەڵ نوێنەری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دیدار بکات. لە وەڵامدا، کاربەدەستێکی باڵوێزخانە بە جەلال تاڵەبانی وتووە کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کێشەی کورد بە مەسەلەیەکی ناوخۆیی عێراق دەزانێت و یارمەتی نادات بە کوردەکان و هیچ کاربەدەستێکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش ناتوانێت لەگەڵ مەلامستەفا دیدار بکات.

بە کێشــەیەکی ئەســتەم دەزانــین. بەهەرحــاڵ ئاکــام و لێکەوتەکــانی تێکچــوونی وتووێژەکانی ئێستا ئەوندە مەترسیدارە کە دەبێت هەوڵ بدەین قەنـاعەت بە هەر دو لا بهێنـین کە لە رێگـای پێکەوەسـازانێکی دولایەنە بـگەن بە رێگاچـارەیەکی بە قـازانج. کەوابوو ئێوە لەگەڵ (جەلال) "تاڵەبانی" قسە بکەن بۆ ئەوەی پەیـامی دەوڵەتـی وڵاتە یەکگرتوەکــانی ئەمریکــا بگەیەنێــت بە مەلا مســتەفا دەربــارەی ئەوە کە ئــێمە هەڵویســتەکانی کاربەدەســتی باڵوێزخانەکەمــان لە عێــراق بەتەواوی پشتڕاســت دەکەینەوە.

هەروەها ئێوە وەک باڵوێزخـانەی ئەمریکـا لە عێـراق رێگەپێـدراون هەرکـام لە لایەنـی کوردەکان یا دەوڵەتی عێراق بە شێوازی غەیرە فەرمی ئاگادار بکەنەوە کە باڵوێزخـانە هیوادارە رێگاچارەیەکی گونجاو بۆ کێشەکە بدۆزرێتەوە و لە سەر ئەو باوەڕەیە کە بـۆ کوردەکان قازانجی زۆری تێـدایە کە لە وتووێژەکـانی ئێسـتادا بە شـێوەیەکی مەعقـول لەگەڵ دەوڵەتـی عێـراق رێکبکـەون. ئـێمە نامانەوێـت لە بـارەی وردەکارییەکـانی ئەم سازشە قسەوباس بکەین.

باڵوێزخانە لە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ کوردەکان دەتوانێ ئەم خاڵانە لـەبەرچاو بگرێت :

1- دەستپێکردنەوەی ناکۆکیەکان دەتوانێ ئەو دەستکەوتانە لە ناو ببات کە تا ئێسـتا بە دەست هاتوون.

2- قازانجی زیاتری کوردەکان لەوەدایە کە ببن بە بەشێک لە دەوڵەتی عێراق.

3- دەوڵەتی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دەرک بە ئامانجە رەواکانی کورد دەکـات لە ناو دەوڵەتی عێراقدا و هاوخەمی ئەم ئامانجانەیە بەڵام بە هـیچ شـێوەیەک رێـگە بەوە نادات کە ئەم هـاوخەمییە کـار بکـاتە سـەر ئـاوەڕۆبوونی پەیوەنـدییە زۆر نزیکەکـانی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە گەڵ رژیمی نوێی عێراق.

4ــ خواسـتی کوردەکـان بـۆ ئەوەی بە کەمتـر لە سـەرجەم ئامانجەکانیـان (کە لە روانگەی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاوە واقعبینانە نیـیە) رازی بـن متمـانەی زۆرتـر لە

نێوان هەر دوولا دروست دەکات کە شتێکی پێویستە بۆ ئارامبوونەوەی بارودۆخەکە و بەرێوەچوونی وتووێژێکی مەعقول بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیەکانی دیکە .
کەوابوو باڵوێزخانە دەبێ دەوڵەتی عێراق لەپەیوەندی لەگەڵ هەڵویستەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە نیسبەت کورد ئاگادار بکاتەوە و پێداگری لە سەر دەوڵەتی عێراق بکات کە خۆی ئامادە بکات داواکارییەکانی کوردەکان هەتا رادەیەکی مەعقول جێبەجێ بکات . باڵوێزخانە هەروەها دەبێ جەخت لە سەر ئەوە بکاتە کە سیاسەتی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بە نیسبەت کورد نەگۆڕاوە و ئەمریکا بەردەوام وەک کێشەی ناوخۆیی عێراق سەیری کێشەی کورد دەکات و نەیویستووە و نایەوێت راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ دەستێوردان لەم کێشەیەدا بکات.
ئێمە ئێستا لە بەر ئەوە دەستپێشخەری دەکەین کە قازانجی یەکلاییکەرەوەی ئێمە لەوەدایە کە دەوڵەتی عێراق بارودۆخی ناوخۆیی خۆی پتەو بکات. لە کاتێکدا کە ئێمە نامانەوێت بە وردی خۆمان بخەینە ناو ئەم مەسەلەیە بەڵام لە سەر ئەو باوەڕەین کە رێگاچارەیەکی گونجاوی پێکەوەسازانە بۆ کێشەی کورد، دەتوانێ و دەبێ بدۆزرێتەوە.
لە روانگەی ئێمەوە (بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ناکۆکیە تۆکمانەی کە ئێستا لە نێوان کوردەکان و دەوڵەتی عێراقدا هەیە) بەدگومانییە دوولایەنەکانی نێوان دەوڵەتی عێراق و کوردەکان، مەترسیەکی گەورەتر بۆ سەرکەوتنی وتووێژەکان دروست دەکات. کەوابوو جەختکردنەوە لە سەر رەفتاری دەستپێشخەرانەی دەوڵەتی عێراق دەتوانێ زۆر گرنگ بێت وەک ئەوەی کە عێراق رایگەیاندووە دەیەوێت بەندکراوە کوردەکان ئازاد بکات و کۆتایی بە گەمارۆی ئابووری لە سەر کوردەکان بهێنێت.
ئێمە لە سەر ئەوە پێدادەگرین کە دەوڵەتی عێراق بە لەسەرخۆیی و شێلگیرییەوە لەگەڵ کوردەکان وتووێژ بکات بۆ ئەوەی بگەن بە رێگاچارەیەکی ئاشتیخوازانە.
بۆ لەندەن: دەوڵەتی بریتانیا دەربارەی ئەو شتانەی کە وترا ئاگادار بکەنەوە و هیوای وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دەربببڕن کە باڵوێزی بەریتانیا لە بەغداد بە هەمان شێوە رێنوێنی بکرێت.

روسک

1961- ١٩٦٣ ، بەرگی XVIII ، لاپەڕەی ٥٤٢ - ٥٤٣)[٤١]

## 251- راپۆرتی کۆبوونەوەی گروپی تایبەت (CI)دەربارەی نیشانەکانی سەرهەڵدانەوەی ناکۆکیەکانی نێوان حکوومەتی عێراق و کوردەکان[٤٢]

واشنگتۆن، ١٦ ی مایسی ١٩٦٣، کاتژمێر ٢ ی پاش نیوەڕۆ

نهێنی

بەشدار بووان:

پارێزگار هاریمان، دادئەستێنی گشتی، بەڕێز گیلپاتری، ژنەراڵ تەیلۆر، بەڕێز فۆریستاڵ، بەڕێز کافین جێگری بەڕێز بیل، بەڕێز ویلسۆن، جێگری بەڕێز مۆرۆ، بەڕێز کارامسینیز،جێگری بەڕێز مەککۆن.

بەڕێز مارتین و بەڕێز بیلچێر (بۆ تەوەری ژمارە١ ئامادە بوون)

بەڕێز بۆولینگ (بوو بۆ تەوەری ژمارە٣ ئامادە بوو )

بەڕێز ماشلینگ

## نیشانەکانی سەرهەڵدانەوەی ناکۆکیەکانی نێوان حکوومەتی عێراق و کوردەکان[٤٣]:

---

[٤١]، سەرچاوە: وەزارەتی دەرەوە، گروپی تایبەت، فایلی دژە راپەرینەکان ، نهێنی، "دینگمەن" ئامادەی کردووە و نێردراوە بۆ گروپی تایبەت لە ٢٠ ی مایس لە ژێر ناوی یادداشتنامەیەک لەلایەن "کارۆل مۆر" بۆ کۆبوونەوەی گروپی تایبەت.

[٤٢] لە سەرەتای مانگی مایس وەزارەتی دەرەوە، باڵوێزخانەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای لە بەغداد ڕێنوێنی کردووە کە بەحکوومەتی عێراق بڵێت درێژە بە وتووێژەکانی بدات لەگەڵ کوردەکان و دووری بکات لە دەستپێکردنەوەی شەڕ(بروسکەی ٥٨٣ بۆ لەندەن، ٤ ی مایس، بنوارن بۆ: فایلە ناوەندییەکان ( IRAQ 26 POL) . بۆ بەڵگەنامەی زۆرتر لەم پەیوەندییەدا بنوارن بۆ IRAQ 27 POL

[٤٣] لە سەرەتای مانگی مایس وەزارەتی دەرەوە، باڵوێزخانەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای لە بەغداد ڕێنوێنی کردووە کە بە حکوومەتی عێراق بڵێت درێژە بە وتووێژەکانی

بەڕێز "کارامسنیز" لەبارەی هەڵسەنگاندنی تایبەت کە بۆ ئەم تەوەرە ئامادە کرابوو، وتی کۆمەڵێک هێما نیشان دەدات کە کوردەکانی عێراق و دەوڵەتی عێراق بۆ دوژمنایەتیکردنی یەکدی خۆیان ئامادە دەکەن. ئێمە هیچ نیشانەیەکی فەرمیمان لە بەردەست دا نییە دەربارەی ئەوەی کە سۆڤیەت یارمەتی چەک و تەقەمەنی دەدات بە کوردەکان یا نا.

ژنەراڵ "تەیلۆر" وتی ئێمە دەبێ لەم پەیوەندییەدا لەگەڵ بریتانیا و فەرانسا پەیوەندی بگرین. سەرۆکی کۆبوونەوەکە ئەوەی زیاد کرد کە ئەمە کێشەیەکی زۆر جیدییە و پێیوانییە کە دەوڵەتی عێراق بتوانێت بە شێوازێکی سەرکەوتوو لە بەرامبەر شۆڕشی کوردەکاندا (کە لەوانەیە رووبدات) رابوەستێت. ژنەراڵ "تەیلۆر" ئاماژەی بەوە کرد کە بوونی بەرژەوەندییەکانی سۆڤیەت لەم رووداوانە، نیشانەیەکی خراپە.

لە وەڵامی پرسیارێکی بەڕێز "فۆریستاڵ"دا، بەڕێز "کارامسینیز" وتی شا هەندێ یارمەتی و پشتگیری دەدات بە کوردەکان بەڵام یارمەتیە مادەییەکەی شا ئەوەندە نییە. کوردەکانی عێراق لە ناوچە سنوورییەکانی ئێران وەک ناوچەیەکی پارێزراوی کاتی کەڵکیان وەرگرتووە و شا یارمەتی بە کوردەکان دەدات.

گرووپی تایبەت رەزامەندی لە سەر ئەوە دەربڕی کە ئەم مەسەلەیە بە وردی لە لایەن CIAوە چاودێری بکرێت و بەردەوام راپۆرت بدرێت بە گروپ، ئەگەر بارودۆخەکە بەرەو خراپی بچێت. بەڕێز "بۆولینگ" وتی نیگەرانە بەنیسبەت ئەگەری دروستبوونی پەیوەندییەکی بەرفراوان لە نیوان کوردەکان و سۆڤیەت کە رێگا خۆش دەکات بۆ دابینکردنی پێداویستەکانی کوردەکان لە لایەن سۆڤیەتەوە .

سەرۆکی گروپ ئاماژەی بەوە کرد کە باڵوێزخانەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە تاران وەڵامی تیلگیرامی وەزارەتی دەرەوەی داوەتەوە و جەختی لە سەر هەوڵەکانی

---

بدات لەگەڵ کوردەکان و دووری بکات لە دەستپێکردنەوەی شەڕ (بروسکەی ٥٨٣ بۆ لەندەن، ٤ ی مایس، بنوارن بۆ: فایلە ناوەندییەکان، (IRAQ 26 POL بۆ بەڵگەنامەی زۆرتر لەم پەیوەندییەدا بنوارن بۆ IRAQ 27 POL

"تیمی وڵات" کردووتەوە بۆ یارمەتیدانی بەرنامەی چاکسازی زەوی و ئەو میتـودانە کە لە ڕێگایـانەوە ئـێمە دەتـوانین کـار بکەیـنە سـەر ئێـران بـۆ ئەوەی سیاسـەتە دارایـیە کۆنەشۆپەکەی خۆی چاک بکـات. سـەرۆکی گـروپ پێشـنیاری کـرد پـاش ئەوەی ئەم وەڵامە لە لایەن ئاژانسەکانی بەرپرسـیاری واشـنگتۆنەوە تـاوتوێ کـرا، بخـرێتە بەردەم گروپی تایبەت.

جەیمز دینگیمان

سکرەتێری کارگێڕی

گروپی تایبەت ( CI)

1961ـ ١٩٦٣ ، بەرگی XVIII ، لاپەڕەی ٦٦٥ ـ ٦٦٦)[44]

**307ـ یادداشتنامەیەک لە سکرتێری کارگێڕی وەزارەتی دەرەوە (بەڕێز مەککیسۆن) بۆ یارمەتیدەری تایبەتی سەرۆک بۆ کاروبـاری ئاسایشـی نەتەوەیی (بەڕێز بۆندی)**

**واشنگتۆن، ٦ی ئابی ١٩٦٣**

**نهێنی**

**بابەت: نامەی مەلا مستەفا بارزانی بۆ سەرۆک کۆمار کنێدی**

باڵوێزخانەی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکـا لە تـاران لە ئەیرگرامـی ٦٧ لە بەرواری ٣٠ ی تەموزی ١٩٦٣ (کە کۆپیەکەی ناردراوە بۆ کۆشکی سپی) کـۆپیەک لە نـامەی مەلا مسـتەفا بـارزانی (ڕێبەری هێـزە شـەڕکەرەکانی کـوردی عێـراق) بـۆ سـەرۆک کۆمـاری ئەمریکـای بەدەسـت گەیشـتووە کە تێیـدا مەلا مسـتەفا بـارزانی داوای لە سـەرۆک

[44] سەرچاوە: وەزارەتی دەرەوە، فایلە ناوەندییەکان، POL ١٣ ـIRAQ 3 ، نهێنی، "کیلگۆر" ئامادەی کردووە و "تالبۆت" ڕەزامەندی لەسەر داوە. یادداشتێک کە لەسەر دەقی سەرچاوەکە نووسراوە کە نیشان دەدات "کۆمێر" پێشنیارەکەی نێو ئەم یادداشتنامەیەی لە ٧ ی ئاب پەسەند کردووە.

کۆماری ئەمریکا کردووە پشتیوانی لە ئۆتۆنۆمی کورد لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا بکات.

بەبۆچوونی ئێمە وەڵامدانەوەی سەرۆک کۆمار بە نامەکەی بارزانی لەوانەیە زیان بە پەیوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لەگەڵ عێراق بگەیەنێت ، کەوابوو ئێمە پێشنیاری ئەوە دەکەین کە کونسولگەری ئێمە لە تەوریز بە شێوازی زارەکی بە گوێرەی رێنوێنیە ستانداردەکانی سیاسەتەکەمان بە نیسبەت کوردەکانی عێراق، وەڵامی نوێنەرەکانی بارزانی بداتەوە واتا ئەوە کە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا هاوخەمە لە گەڵ ئامانجە رەواکانی کورد لە چوارچێوەی یەکپارچەیی عێراقدا بەڵام ئەم هاوخەمییەی ئێمە نابێت زەرەر لە پەیوەندییە زۆر نزیکەکانی ئێستای ئێمە لە گەڵ عێراق بدات. ئێمە پێشنیاری ئەوە دەکەین کە کونسولی ئێمە لە تەوریز هەنگاوێکی دیکە بچێتە پێش (زۆرتر لەو هەنگاوانەی کە باڵوێزی ئێمە لە ئێران پێشنیاری کردووە) و ئەگەر نامەی دیکەی بارزانی بە دەست گەیشت، پەیامەکەی بنێرێ بۆ وەزارەتی دەرەوە و خودی کونسولگەری بە نوێنەراتی لە لایەن دەوڵەتی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاوە بە گوێرەی رێوشوێنە ئامارە پێکراوەکان وەڵامی بداتەوە. ئێمە لە سەر ئەو بڕوایەین کە ئەگەر لە کونسولی ئێمە پرسیار کرا کە ئایا نامەکەی بارزانی تەسلیم بە واشنگتۆن کراوە و کونسول وەڵام بداتەوە بەلێ، ئەمە زەرەر بە پەیوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و عێراق ناگەیەنێت. لە هەمان کاتدا وەڵامێکی وەها نیشان دەدات کە تەنانەت ئەگەر بە شێوازێکی سەمبولیکیش بێت وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا نیگەرانی کوردەکانە و سەرنجیان پێ دەدات.

ئێمە پێشنیار دەکەین تیلیگرامی هاوپێچ[45] کە دەبێ کۆشکی سپی پەسەندی بکات، بنێردرێ بۆ تاران .

---

[45] ئەم بروسکەیە بە ژمارەی ٩١ لە ٧ ی ئاب نێردراوە بۆ تاران. لە ١٢ ی ئەیلوول، "رێد" نامەیەکی دیکەی ناردووە بۆ "بۆندی" کە مەلا مستەفا بارزانی لە ١٨ ی تەموز ناردبووی بۆ "کنیدی" و لە ٢٧ ی ئاب تەسلیم بە باڵوێزخانەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە تاران کراوە. ئەم نامەیە هاوشێوەی نامەکەی ١٢ ی تەموز بووە. بەهەمان شێوە کە هیچ وەڵامێک

ج و دەیویس

1961 ـ ١٩٦٣ ، بەرگی XVIII ، لاپەڕەی ٦٧٣ ـ ٦٧٥)١

**311ـ یادداشتنامەی سەرۆک ئەرکانی سوپای ئەمریکا بۆ وەزیری بەرگری، بەڕێز مەکنامارا**

63. ٦٢٣ ـ Jcsm

واشنگتۆن، ١٥ ی ئابی ١٩٦٣

نهێنی

**بابەت: فرۆشی پیداویستی سەربازی لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە عێراق**

1ـ بەلەبەرچاوگرتنی یادداشتنامەی یارمەتیدەری تەکنیکی وەزیری بەرگری (ISA) بە ژمارەی ٦٣ /٢٥٣٢١ ـ I لە بەرواری ٢ ی ئابی ١٩٦٣

2ـ روانگەکانی سەرۆک ئەرکانی سوپای ئەمریکا دەربارەی سیاسەتی ئەمریکا بۆ فرۆشتنی چەک بە عێراق (هەروەها کە لە نامەی Jcsm ـ ١٩٧ ـ ١٦٣ ، بەرواری ٩ ی ئاداری ١٩٦٣دا هاتووە) بە گوێرەی ئەو بۆچوونە بوو کە پێشهاتەکانی دواتر، گەوهەری دژە کومونیستی دەوڵەتی عێراق ئاشکرا دەکات کە لە ٨ ی شوباتی ١٩٦٣ هاتووەتە سەر دەسەڵات. رووداوەکانی دواتر ئەوەی پشتڕاست کردووەتەوە کە سیاسەتی دەوڵەتی عێراق ئەوەیە لە رێژەی بەستراوەبوونی خۆی بە پشتیوانی سۆڤیەت کەم بکاتەوە و کەسایەتییە شیوعیە مەحەلیەکان کونترۆڵ بکات. لەمە زیاتر سۆڤیەت بە پشتیوانیکردن لە هەوڵی خستنەرووی مەسەلەی کورد لە نەتەوە یەکگرتووەکان، بە ئاشکرا پشتیوانی خۆی لە کەسایەتیە شۆڕشگێرە کوردەکان

---

بە نامەکەی ١٢ تەموز نەدراوەتەوە، وەزارەتی دەرەوە هیچ وەڵامێکی بە نامەکەی ١٨ی تەموزیش نەداوەتەوە. لەسەر یادداشتنامەکەی وەزارەتی دەرەوە، "کۆمێر" نووسیویەتی:

" ئێمە بە باڵوێزخانەمان وت بە نوێنەرەکانی مەلامستەفا بڵێت نامەکە گەیشتووە بە دەستمان و ناردومانە بۆ واشنگتۆن بەڵام هیچ وەڵامێکی ئەرێنی پێ نەدراوەتەوە."

نیشان داوە کە زۆرتر بە زەیانی پەیوەندییەکانی سۆڤیەت و عێراقە. هەروەها چەند نیشـانەیەکی دیـکە هەیە کە نیشـان دەدات سـۆڤیەت لەوانەیە بە ئەنقەسـت تەسلیمکردنی یارمەتی سەربازی بە عێراق دوا بخات.

3- پێشهاتێکی دیکە کە بە قازانجی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکایە هەڵکشانی حیزبی بەعس لە عێراق و سوریا و ناکۆکی بەعس و زیادەخوازییەکانی جمال عبدالناسر لە جیهانی عەرەبدایە. ئاشنایەتی سوریا لەگەڵ سیاسەتە دژە کومونیستیەکانی عێراق، یارمەتیدەرە بووە بۆ کەمبوونەوەی کاریگەری سۆڤیەت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. نایەکگرتوویی بەردەوامی ناسر و حکوومەتی عێراق دەتوانێ گوشارەکان لە سەر پاشایەتیەکانی نیمچە دوورگەی عەرەبی و هەروەها ئیسرائیل و ئەندامە ناوچەییەکانی پەیمانی CENTO کەمتر بکات.

4- هەرچەند کە دەوڵەتی عێراق نیازی خۆی دەربڕیوە بۆ گرتنەبەری سیاسەتێکی بێ لایەنانە لە نێوان بلوکی کومونیست و بلوکی رۆژئاوا، بەڵام پێشهاتەکان نیشان دەدات ئەگەری نەمانی کاریگەری کومونیست لە عێراق و یەکرپزبوونی عێراق و سوریا لەگەڵ رۆژئاوا (لە داهاتوویەکی نەچەندان نزیکدا) زۆرە. ئێمە دەبێ ئاگادار بین کە نەبینە هۆی بەدگومانبوونی عەرەبەکان بەنیسبەت قەسد و نیازەکانی ئەمریکا و هاوسەنگی هێزی سەربازی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست تێکنەدەین، بەواتایەکی دیکە بە زەرەری بەرژەوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا کار نەکەین لە رێگای پەیرەوکردنی ئامانجگەلی ناواقعبینانەی کورتخایەن لە عێراق و سوریا. لەگەڵ ئەمەشدا سیاسەتی فرۆشتنی چەک لەلایەن وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بە عێراق دەبێ لە پێناو راکێشانی عێراق (و لەوانەیە سوریا) بەرەولای رۆژئاوا ( وەک سەرچاوەی سەرەکی کرینی چەک و تەقەمەنی پێویست) بێت.

5- هۆکاری پێویستیی دەستبەجێی عێراق بە چەک ئەوەیە کە دەوڵەتی عێراق هەوڵ دەدات شۆڕشی کورد سەرکووت بکات و بتوانێت بگات بە ئاستێک کە یارمەتی دەوڵەتی سوریا بدات ئەگەر پێویست بکات.

ئـلـف - وەک ئامـانجێکی درێژخـایەن، وڵاتە یەکگرتوەکـانی ئەمریکـا دەبـێ درێـژە بە هەوڵەکانی بدات بۆ ئەوەی کوردەکـان لە نـاو سنوری نەتەوەیـی عێراقـدا بتـاوێنەوە و حکوومەتی عێـراق مـافی خۆبەڕێـوەبردنێکی محەلـی لە نـاوچە زۆرتـر کوردنشـینەکان ببەخشێ بە کورد. بەهەرحاڵ درێژبوونەوەی نـاکۆکی کوردەکـان و دەوڵەت لە عێـراق، سـەقامگیری ئەم وڵاتە تووشـی مەترسـی دەکـات و هەل دەڕەخسـێنێت بـۆ ئەوەی کومونیسـتەکان لە کێشـەی کـورد لە عێـراق و لە وڵاتـانی دراوسـێ کەڵکـی خـراپ وەربگـرن. قـایمبوونی بـارودۆخی سـەربازی عێـراق (لەگەڵ جێبەجێکردنـی داخـوازە ڕەواکانی کورد) باشترین و هیوابەخشترین ڕێگایە بۆ کۆتـایی پێهاتنی ناکۆکیەکـان بە نزوتـرین کـات و بەرەوپێشـچوونی سـەقامگیری نـاوخۆیی لە عێـراق. بـۆ ئەم ئامـانجە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دەبێ وەڵامی ئەرێنی بداتەوە بە داخـوازییە مەعقولەکـانی عێراق بۆ کڕینی چەک و تەقەمەنی و هەوڵ بـدات لە ڕێگـای کـاریگەرییەکی بەئەنجـام، لە سەر میانەڕەوبوونی دەوڵەتی عێراق پێداگری بکات.

ب - هەروەها کە لە بڕگەی ٣دا ئامـاژەی پێکـرا، ئەگەر عێـراق توانـایی ئەوەی هەبێـت یارمەتی دەوڵەتی سوریا بدات بۆ ئەوەی ڕاپەڕینە سـەرەکیەکان سـەرکووت بکـات، بە قازانجی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاش دەبێت.

6- هەرچەند کە داهاتی ئاسایی عێراق دەبـێ وەڵامـی خەرجـی چەک و تەقەمەنـی بـۆ بەرگری لە وڵات بدات ( بـێ ئەوەی کـاریگەری ئەرێنـی هەبێـت لە سـەر ئـابووری ئەو وڵاتە) خەرجـی زۆری کڕینـی چەک و تەقەمەنـی لە هەمـوو وڵاتـانی ڕۆژئـاوا لە داهاتوویەکی نزیکدا دەتـوانێ کـاریگەری چارەسـەرنەکراوی هەبێـت لە سـەر عێـراق بە تـایبەت ئەگەر لە گەڵ خەرجـی شـاڵاوی سـەربازی دژی کوردەکـان هاوکـات بێـت. کەوابوو ئێمە دەتوانین لە کورتخایەندا یارمەتی بدەین بە سەقامگیری عێراق لە ڕێگـای وەڵامدانەوە بە داخوازییە مەعقولەکانی عێراق بۆ متمانەی ئابووری.

7- جـگە لە پێویسـتیی هەمـوارکردنی کەندوکۆسـپەکانی سـەر ڕێگـای پەرەسـەندنی متمانەی ئابووری، سەرۆک ئەرکانی سوپا وتی سیاسەتی پەسەندکراوی ئێسـتای وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بۆ فرۆشـتنی چەک بە عێـراق بە تەواوی ڕێـگە بەوە دەدات کە

وەڵامـی ئەرێنـی بـدرێتەوە بە عێـراق بە گـوێرەی ئامانجەکـانی وڵاتە یەککگرتووەکـانی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

بە لەبەرچـاوگرتنی ئەو مەسـەلانە کە بـاس کـرا، سـەرۆک ئەرکـانی سـوپای ئەمریکـا پێشنیاری کرد کە:

الف ـ وڵاتە یەککگرتوەکانی ئەمریکا وەڵامـی ئەرێنـی بـداتەوە بە داواکارییەکـانی عێـراق بـۆ کڕینـــی چەک لە ئــێمە کە لە چوارچێــوەی سیاســەتی وڵاتە یەککگرتوەکــانی ئەمریکادایە و لە توانایی وڵاتە یەککگرتوەکانی ئەمریکاشدا هەیە.

ب ـ تەسـلیمکردنی ئەم چەکە پەسـەندکراوانە بە عێـراق بە گـوێرەی ئیمکـان و گرنـگ بـوونی چەکەکـان بە رەزامەنـدی لەگەڵ وەرگـری چەکەکـان بە زووتـرین کـات ئەنجـام دەدرێت.

ج ـ پێداویستیەکانی چەکەکان بە جیـا بە عێـراق دەفرۆشـرێت، بەڵام مـاوەی متمـانەی ماددی هەتا کاتی پێویست دەدرێت بە وەرگـری چەکەکـان بـۆ ئەوەی لە کورتخایەنـدا کاریگەری خراپی نەبێت لە سەر ئابووری عێراق.

د ـ لەگەڵ فرۆشیارانی دیکەی چەک لە نێو دەوڵەتانی جیهانی ئازاد راوێژ دەکرێت بـۆ ئەوەی تەشویق بکرێن سیاسەتگەلێک هاوشێوەی سیاسـەتەکانی وڵاتە یەککگرتووەکـانی ئەمریکا بگرنە بەر.

سەرۆک ئەرکانی سوپای ئەمریکا

جان م رەینۆڵدز

ژنەراڵی گشتی ، USAF

جێگری بەڕێوەبەر، سەرۆکایەتی ئەرکان

1964ـ ١٩٦٨ ، بەرگی XXII ، لاپەڕەی ٣ ـ ٨)[٤٦]

---

[٤٦] سەرچاوە: ناوەندی تۆمارکراوە نیشتمانیەکانی واشنگتۆن، فایلەکانی OSD / 330 RG . 3131 A 69 FRC، عێراق، ١٩٦٣ ، نهێنی

## 2ـ نامەی (شا) ی ئێران بۆ جانسۆن، سەرۆک کۆماری ئەمریکا تاران، ٧ ی کانوونی دووەمی ١٩٦٤

## بابەت: پەیوەندییەکانی ئێران و عێراق و کێشەی کورد

.....

جارێکی دیکە بگەڕێینەوە بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بارودۆخی عێراق ناسەقامگیرە. بە رووخانی رژێمی لەرزۆکی قاسم، ئێمە هیواداربووین کە پەیوەندی نزیکترمان لەگەڵ عێراق هەبێت و وابیرمان دەکردەوە کە بەهۆی ئەوەی کە بەعسیەکان وڵاتی عێراقیان لە کومونیستەکان پاک کردووەتەوە، ئێمە لە شەڕی دراوسێیەکی کێشەخولقێنەر رزگارمان بووە بەڵام بەهەرحاڵ خۆشبینیەکەمان زۆری نەخایاند چونکە ماوەیەکی کورت پاش ئەوە، بنکەی سیخوڕی عەرەبەکانمان لە باشووری ئێران کەشف کرد کە چاوی تەماحیان بڕیوەتە بەشێکی تایبەتی جیانەکراوەی وڵاتی ئێمە (پارێزگای خوزستان) کە ناوەندی سەرەکی پیشەسازی نەوتی ئێمەیە.

بە رووخانی دەوڵەتی بەعس لە عێراق، ئەم مەترسییە وادیارە کەم بووەتەوە بەڵام بەهەرحاڵ بەدگومانییەکە هەر بەردەوامە. زانیارییەکانی ئێمە نیشان دەدات کە خودی "مارشاڵ عارف" بەتەواوی ئاگاداری ئەم چالاکیانە بووە و بەتەواوی پشتیوانی لێکردووە .

بەداخەوە دەبێ بڵێم کە پێشتر "مارشاڵ عارف" بەریانی بەرەولای میسر نیشان دابوو. ئەگەر من لەسەر ئەم مەسەلەیە پێدادەگرم و نیگەرانی خۆم دەردەبڕم لەبەر ئەوەیە کە ئێمە بەتەواوی ئاگاداری پێشهاتەکانی ئەم ناوچەیە و ئەو رێگایەین کە ئەوان دەیانەوێت بیگرنە بەر.

دەبێ بڵێم هەڵویستی ئێمە بەنیسبەت عێراق هەمیشە دۆستانە بووە و هەمیشە هیوادار بووینە کە عێراق دەوڵەتێکی بەهێز و سەقامگیری هەبێت کە بتوانێ سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت و داکۆکی لە بەرژەوندییە نەتەوەییەکانی بکات.

کێشەی کورد هێشتا چارەسەر نەکراوە. داردەستەکانی کومونیزمی نێونەتەوەیی هەموو هەوڵێک دەدەن بۆ ئەوەی بارودۆخەکە بە قازانجی خۆیان بقۆزنەوە و میسر

دەیەوێت دەوری خۆی (کە بە بۆچوونی ئێمە دەورێکی گومانلێکراوە) لە هەموو پێشهاتەکانی ئەم بارودۆخەدا بگێرێت. ئەگەر وتووێژەکانی نێوان حکوومەتی عێراق و کوردەکان هەرەسبهێنێت، چاوەڕوانی ئەوە دەکرێت کە شەڕ لە بەهار دیسان دەست پێبکاتەوە .

ئێمە کۆمەڵێک راپۆرتی متمانەپێکراومان لە دەستدایە کە "سەرۆک کۆمار ناسر" هەوڵی داوە (و ئێستاش هەوڵ دەدات) ببێ بە ناوبژیوان لە نێوان کوردەکان و دەوڵەتی ناوەندی عێراق. ئەم هەوڵانە هەرچەند کە جێگای دەستخۆشییە، بەڵام بەتەواوی زیانی هەیە (بۆ ئێمە). بەهەرحاڵ ناوەرۆکی یەکێ لە پەیامەکانی ناسر بۆ کوردەکان، نیازخراپی ناسر بەنیسبەت ئێران بەتەواوی نیشان دەدات. بەگوێرەی زانیارییەکانی ئێمە، ناسر لە کردەوەدا وتوویەتی کە جێگای داخە کوردەکان لەگەڵ عەرەبەکان شەڕ دەکەن و وتوویەتی بەتەواوی پشتیوانیان لێدەکات ئەگەر کوردەکان ئاراستەی شەڕەکە بگۆڕن بەرەولای ئێران. کەوابوو بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی عێراق و پێشکەوتنەکانی میسر لە یەمەن و شوێنەکانی دیکە کە وادیارە لە شوێنەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی ناوەراستیش دەتەقێتەوە، ئەرک و بەرپرسیارەتییەکانی من بەنیسبەت وڵاتەکەم و خەڵکەکەم، ناچارم دەکات هەموو تەگوبیرێکی پێویست بۆ پاراستنی وڵات و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانمان بگرمەبەر. ئێمە ناتوانین کاریگەری خراپکارانەی میسر لەبەر دەرگای ماڵەکەمان تەحەمول بکەین و بە مەسەلەیەکی جیدی دەزانین .

من پێموایە (هەروەها کە پێشتریش باسم کرد) سەقامگیری ئێران گرێدراوە بە ئاسایشی هەموو رۆژهەڵاتی ناوەراست. لەکاتێکدا کە ئێمە لە ئێران بۆ زامنکردنی ئاسایش و سەقامگیری وڵاتەکەمان و کەنداوی فارس هەوڵ دەدەین ، یارمەتی دەوڵەتانی دیکەش دەدەین بۆ پاراستنی ئاشتی لە سەراسەری ئەم ناوچەیە کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرژەوندی یەکلاییکەرەوەی تێدا هەیە. خۆشبختانە لەم مەسەلەیەدا (هەر وەک مەسەلەکانی دیکە) ئێمە پەیوەندی نزیک و زۆر دۆستانەمان

لەگەڵ ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەیە و قەد روانگەی جیاوازمان نەبووە لەم پەیوەندییەدا.

جارێکی دیکە شادی و سەرکەوتنتان بۆ بە ئاوات دەخوازم لە خزمەتکردن بە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئامانجی پێکهاتنی جیهانێکی ئازاد.

لەگەڵ ئەوپەڕی رێزمدا

**محمد رەزا پەهلەوی**

1964 ـ ١٩٦٨ ، بەرگی XXI ، لاپەڕەی ٣٣٤ ـ ٣٣٣)[٤٧]

## 162ـ ئەیرگرام لە باڵوێزخانەی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە عێراق بۆ وەزارەتی دەرەوە

## A ـ786

بەغداد، ٢٤ ئاداری ١٩٦٤

پەنانەکی

**بابەت: سەردانی جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە عێراق**

سەردانە لەناکاو و کورتەکەی [٤٨]وەزیری دەرەوە، بەڕێز تالبۆت لە عێراق لە رووی سیاسیەوە سەرکەوتوو بوو، سەرەڕای کورتبوونی سەردانەکە و سەرەڕای ئەو راستیە

---

[٤٧]سەرچاوە: کتێبخانەی جانسۆن، فایلی ئاسایشی نیشتمانی، فایلی هەواڵنێری تایبەتی سەرۆک کۆمار، هەواڵنێری ئێران ـ سەرۆک کۆمار، پۆلێنبەندی نەکراوە. کۆپی نامەکەی شا لە وەزارەتی دەرەوە هاوپێچ کراوە لەگەڵ یادداشتنامەیەک کە نیشان دەدات ئەسڵی نامەکە لەلایەن باڵوێزخانەی ئێران لە ئەمریکا لە ١٧ی حوزەیران تەسلیم بە وەزارەتی دەرەوە کراوە (وەزارەتی دەرەوە، فایلە ناوەندییەکان، US/JOHNSON

[٤٨] ئەم سەردانە لە کاتژمێر ٩:١٥ ی سەر لە بەیانی رۆژی ٢١ ی ئادار تا کاتژمێر ٢:٣٠ پاش نیوەڕۆی ٢٢ ی ئاداری خایاند. "تالبۆت" هەروەها سەردانی چەند وڵاتێکی رۆژهەڵاتی نزیکی کرد .

کە ئەو سەفەرە هاوکات بوو لەگەڵ رۆژی "جومعەی مسلمانان" و سەرەڕای ئەوەی کە پێداویستییەکانی ئەو سەفەرە لە ماوەیەکی کورتدا ئامادە کرابوو و سەرەڕای ئەوە کە بەڕێز تالبۆت ١٢ کاتژمێر درەنگ گەیشتە بەغداد ( لە ئانکاراوە) و سەرەڕای ئەو راستیە کە گەیشتنی بەڕێز "تالبۆت" هاوکات بوو لە گەڵ رێورەسمی رۆیشتنی "عارف"، سەرۆک کۆمار و "عبدالحامد"، وەزیری دەرەوەی عێراق بۆ پاکستان و هیند لە فرۆکەخانەی بەغدادەوە .

جگە لە قسە وباسەکانی نێو باڵوێزخانە و سەردانە بازرگانی و کولتورییەکانی لە بابل و مۆزەخانەی عێراق، بەڕێز "تالبۆت" توانی لەگەڵ ژمارەیەک لە وەزیران و کەسایەتیە بلیمەتە سەربازی و مەدەنیەکان (لەوانە رێبەری میانەڕەوی کورد،"بابا عەلی)[٤٩] دیدار بکات و قسەوباسی پەنانەکی بکات لەگەڵ باڵوێزی بەریتانیا و جێگری وەزیری دەرەوەی عێراق، بەڕێز "علی حیدر سلیمان" و بە شێوازی جیاواز دیدار بکات لەگەڵ سەرۆک وەزیران و کەفیلی وەزیری دەرەوەی عێراق .

کەشوهەواکە - کە رۆژی هەینی سارد بوو - لە رۆژی شەممە بەهۆی بانگهێشتە جۆراوجۆرەکان و ئێوارەخوانەکەی باڵوێز گەرم بوو. لە دوایین دیدار کە راست تۆزێک پێش لە گەڕانەوەی بەڕێز "تالبۆت" ئەنجام درا، وەزیرانی دەوڵەتی عێراق کاتێکی باشیان لە گەڵ بەڕێز "تالبۆت" بە سەر بردو سەبارەت بە سیاسەتی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بە نیسبەت ئیسرائیل باس و گفتوگۆیان کرد. هاوکات لەگەڵ ئەوەی وا باشتر بوو قسەوباسی زۆرتر لەم پەیوەندییەدا کرابایا بەڵام وەڵامەکانی بەڕێز "تالبۆت" زۆر کاریگەر بوو .

---

[٤٩] هەروەها کە لە بەڵگەنامەیەکی دیکەدا ئاماژەی پێکراوە بابا عەلی کوڕی شیخ مەحموودی بەرزەنجی، رێبەری ناسراوی کوردستان بووە کە ئەو کاتە وەزیری کابینەی عێراق بووە و جارناجار وەک ناوبژیوانێکی بێ لایەن لە کاتی شەڕی کورد و دەوڵەتی عێراق لە نێوان ئەم دووو لایەنەدا ناوبژیوانی و وتووێژی کردووە (وەرگێڕ).

پێشـهاتی سـەرەکی (کە دەتـوانین کۆمەڵێـک ئەنجـامی جۆراوجـۆری لێـوەربگرین) گفتوگۆی ٥٠ خولەکی بەڕێز "تـالبۆت" بوو لەگەڵ سـەرۆک وەزیرانـی عێـراق. سـەرۆک وەزیـران بەم دیـداره خۆشـحاڵ بـوو و باسـی ئەو تەوەرانەی نەکـرد کە مشـتومڕی لە سەرە.

## ئەنجامەکان:

1ـ کاربەدەستانی پایەبەرزی ئەمریکا لە عێراق پێشوازیان لـێ دەکرێـت و بە ئەدەب و میهرەبانی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکرێت (بەپێچەوانەی ساڵانی رابردوو).

2ـ دەوڵەتی عێراق رژێمێکی میانەڕەوە و نایەوێـت مەسـەلەی فەلەسـتین، پەیوەنـدییە دولایەنە پڕ قازانجەکـانی لەگەڵ وڵاتە یەکگرتوەکـانی ئەمریکـا تێکبـدات بەڵام ئـێمەش دەبـێ لە گەڵ دەوڵەتـی عێـراق لە بـارەی سیاسـەتەکانمان لەم نـاوچەیە قسـەوباس بکەین.

3ـ دەوڵەتـی عێـراق چـاوەڕوانی بەردەوامبـوون و زیـاد بـوونی قـازانجی ئـابووری و یارمەتی تەکنیکی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بە عێراقە. بـواری هاوکـاری کولتـووری و پەروەردەیی لە نێوان ئێمە و عێراق بەرفراوانە.

4ـ دەوڵەتی عێراق لە راستیدا دەیەوێت کێشەی کورد بە شێوەیەک چارەسـەر بکـات کە زۆربەی کوردەکـان رازی بکـات و تونـدڕەوەکان پەراوێـز بخـات. دەوڵەتـی عێـراق دەیەوێت زیادەی بەرنامەی خۆراکی Title II جێبەجێ بکرێت.

5ـ بارودۆخی سیاسی ئێستا، باشـترین بـارودۆخ بـووە لە مـاوەی سـاڵانی رابـردوودا و ئاسۆیەکی روون چاوەڕوان دەکرێت بۆ بەردەوامبوونی ئەم بارودۆخە. سەرۆک وەزیـران و سەرۆک کۆماری عێراق هاوکاری یەکدی دەکەن.

رۆبیرت سی سترانگ

1964 ـ ١٩٦٨ ، بەرگیXXI ، لاپەڕەی ٧ ـ ٤)[٥٠]

---

[٥٠] سەرچاوە: کتێبخانەی جانسۆن، فایلی ئاسایشی نەتەوەیی، فایلەکانی "کۆمێر"، دوانزەهەمین کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیرانی CENTO ، 28ـ ٢٩ ی نیسانی ١٩٦٤ ، پەنانەکی. "لی ف دینسمۆر" لە ئیدارەی کاروباری رۆژهەڵاتی نزیک ئامادەی کردووە و

## ڕەشنووسی ئامادەکراو لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بۆ کۆبوونەوەی دوازدەهەمینی وەزیرانی CENTO[51]

واشنگتۆن، ٢٨ ـ ٢٩ ی نیسانی ١٩٦٤

**پەنانەکی**

**بابەت: بارودۆخی کورد**

پاش ٢ ساڵ و نیو شەڕ ـ کە کوردەکان لە کاتێکدا کە لە لوتکەدا بوون توانیان یەکینە ڕێکوپێکەکانی سوپای عێراق تێوەبگلێنن و هەرەسیان پێبهێنن و لە کاتێکدا کە زۆر لاواز بوون توانیان ناوچە شاخاوییە بەرزە دەستپێڕاگەیشتووەکانیان رابگرن ـ دەوڵەتی عێراق و نوێنەرانی کورد لە ١٠ ی شوباتی ١٩٦٤ لەسەر ئاگربەست ڕێککەوتن. بەداخەوە وادیارە بەهەڵەتێگەیشتنێک لە شەرت و مەرجەکانی ئەم ڕێککەوتنە دروست بووە. دەوڵەتی عێراق دەڵێت شەرت و مەرجەکانی

---

پەسەند کراوە لەلایەن "دەیوێز"، "جیرنیگان"، جێگری بەڕێوەبەری ئیدارەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیک و کاروباری ناوچەی باشووری ئاسیا، جان والش" و بەرپەرسی کاروباری CENTOلە NEA/NR ، "ماتیۆ ئیسمیت."

[51] دوانزەهەمین کۆبوونەوەی وەزیرانی پەیمانی ڕێکخراوی ناوەندی ( CENTO)لە ٢٨ ـ ٢٩ ی نیسان لە واشنگتۆن بەڕێوە چوو و ئەم کەسانە بەشداریان تێدا کرد: وەزیری دەرەوەی ئێران، عەباس ئارام، وەزیری دەرەوەی پاکستان، زولفەقار عەلی بوتۆ، وەزیری دەرەوەی تورکیا، فەرەیدون جەمال ئەرکین، وەزیری دەرەوەی بەریتانیا، بوتلێر و وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، ڕوسک. بۆ بەڵگەنامەکانی پەیوەندیدار بەم کۆبوونەوەیە بنواڕن بۆ کتێبخانەی جانسۆن، فایلی ئاسایشی نەتەوەیی، فایلەکانی کۆمێر، کۆبوونەوەی دوانزەهەمینی وەزیرانی CENTO ، 28ـ ٢٩ ی ئاڤریلی ١٩٦٤ ، هەروەها بنواڕن بۆ وەزارەتی دەرەوە، فایلەکانی Lot 75 D 312 : NEA/RA ، فایلەکانی وەزیرانی CENTO، 1962ـ ١٩٦٨ ، کۆبوونەوەی دوانزەهەمین، واشنگتۆن دی سی، ٢٨ ـ ٢٩ ی نیسانی ١٩٦٤ .

رێککەوتننامەکەی جێبەجێ کردووە و کوردەکانیش جەختیان لەسەر نیازخراپی دەوڵەت کردوەتەوە بۆ جێبەجێنەکردنی شەرت و مەرجەکانی (کوردەکان ئێستا داوای پوانی زۆرتر دەکەن لەو پوانانەی کە دەوڵەت ئێستا ئامادەیە پێیان ببەخشێت). لەگەڵ ئەمەشدا دەوڵەت یەکینەکانی سوپا و سازوبەرگی سەربازی لە باکوور کێشاوەتەوە و هەموو نیشانەیەکی دەرخستووە کە نایەوێت لەوە زیاتر لەگەڵ کوردەکان شەڕ بکات.

کۆمەڵێک راپۆرت هەیە دەربارەی ناکۆکی لە نێو کوردەکان، بەهۆی نەبوونی یەکڕیزی لە نێوان پێشمەرگە عەشیرەتیەکان و کادرە خوێندەوار و چاوکراوەترەکانی نێو حیزبە کوردەکە. پێشمەرگەکانی حیزبە کوردەکە هەڕەشەیان کردووە کە دەست بە توندوتیژی دەکەنەوە ئەگەر حکوومەت بە تەواوی ئەو ئۆتۆنۆمیانە پێ نەبەخشێت کە شەڕی بۆ دەکەن. رێگاچارەی کۆتایی هێشتا ناڕوونە و بەم زووانەش بەدی ناکرێت. لەهەمان کاتدا کۆمەڵێک راپۆرت هەیە دەربارەی دەستبەسەربوونی کۆمەڵێک کەس لە ناوچە کوردنشینەکانی ئێران کە بەشوێن هەمان ئامانجگەلی هاوشێوەدان کە کوردەکانی عێراق بە شوێنییەوەن. ئەم پێشهاتانە بەوردی لەژێر چاودێریدان. گرووتینی ناسیونالیستیی کوردی لە ئێران شتێکی نوێی نییە. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەک کێشەیەکی ناوخۆیی سەیری نائارامی کورد لە ئێران دەکات (بە هەمان شێوە کە سەیری کێشەی کورد لە عێراق دەکات).

249_ (١٩٦٤ ـ ١٩٦٨ ، بەرگی XXI ، لاپەڕەی ٣٣٧)[٥٢]

[٥٢] سەرچاوە: ئیدارەی ئارشیف و تۆمارکراوە نیشتمانیەکان، RG٥٩ ، فایلە ناوەندییەکان، ١٩٦٦ ـ ١٩٦٤ ، IRAQ . دینسمۆر" ئامادەی کردووە و بەرپرسانی کاروباری کۆماری یەکگرتوویی عەرەبی و کاروباری کۆماری عەرەبی سوریا، "کورتیز جۆنز"، "دەیویس"،

## 165- تیلیگرام لە وەزارەتی دەرەوە بۆ باڵوێزخانەی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە عێراق

واشنگتۆن، ٥ ی حوزەیرانی ١٩٦٤ ، کاتژمێر ١:٦ی پاش نێوەڕۆ

نهێنی

## بابەت: بارودۆخی هەستیاری کورد و دەوڵەتی عێراق

٥٦٩- ئامـاژە بە بروسـکەی٢٩٢٤ی باڵوێزخـانەی وڵاتە یەکگرتووەکـانی ئەمریکـا لە قاهیرە :

نە "شـەوکەت عەقـراوی"[٥٣] و نە "لوقمـان ئەلبـارزانی[٥٤]" نـاتوانن بەرژەوەنـدییەکانی کوردەکان لە واشنگتۆن بەرەوپێش بەرن. بە پێچەوانەوە، بارودۆخی هەستیاری نێـوان کورد و دەوڵەتی عێراق لەوانەیە خراپتر بێـت بەهـۆی ئەو گفتوگـۆانە کە "عەقـراوی" و "لوقمان ئەلبارزانی" لەگەڵ ناسیونالیستە کـوردە ناسـراوەکان لە واشـنگتۆن دەیـکەن. باڵوێزخانەی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە عێراق دەتوانێت وەک کاناڵێک کار بکـات بۆ گەیانـدنی مەسـەلەکانی پەیوەندیـدار بە کوردەکـانی عێـراق بە وڵاتە یەکگرتوەکـانی ئەمریکا و روونکردنەوەی هەڵوێستەکانی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بۆ کوردەکان . وەزارەتی دەرەوە لە سەر ئەو باوەڕەیە کە نـوێنەرە کوردەکـان هەرچەنـد کە لە کـاتی سـەردان لە وڵاتە یەکگرتووەکـانی ئەمریکـا پێشـوازیان لێکـراوە بەڵام تەنهـا کـاتی خۆیان لێرە (بۆ ئاگاداربوون لە کاردانەوەکانی دەوڵەتی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا) بەفیـڕۆ دەدەن چونکـە لەم پەیوەنـدییەدا دەتـوانن لە ڕێگـای باڵوێزخـانەی ئـێمە لە بەغداد وەڵام و راوێژی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا وەربگرن .

---

"ویلیام وۆل ( NEA/NE)"، "هالپریس (AID/MR/ARD)"و بەرپرسی بەشی AID لە ئیدارەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیک، "جەیمز فلینت" بینیوییانە و "جیرنیگان" پەسەندی کردووە. هەروەها نێردراوە بۆ قاهیرە و بەیروت.

[٥٣] Luqman al-Barzani ١

[٥٤] Shawqat Aqrawi

له وەڵامی ئەو پرسیارانەی که بەردەوام دەخرێنه ڕوو، دەڵێین:

1 ـ خۆراکه زیادییەکانی وڵاته یەکگرتووەکانی ئەمریکا تەنها کاتێک دەخرێته بەر دەستی وەرگرەکانی که لەگەڵ دەوڵەتی عێراق ڕێککەوتن بکرێت بۆ زامنکردنی ئەوەی که خۆراکه پێشکەشیەکان دەگات به دەستی وەرگره ڕاستەقینەکانی.

2 ـ ئەو داستانه ڕاست نیه که کوردەکان ڕاپۆرتیان به کاربەدەستی باڵوێزخانەی وڵاته یەکگرتووەکانی ئەمریکا له قاهیره داوه که گوایه وڵاته یەکگرتوەکانی ئەمریکا بەڵێنی به کوردەکان داوه له کاتی دەستپێکردنەوەی شەڕ له عێراق له ڕێگای وڵاتێکی سێیەمەوه یارمەتییان بدات.

وەزارەتی دەرەوه دەیەوێت شتی زۆرتر دەربارەی ناسنامەی ئەو"کاناڵه نوێیه" بزانێت که ئاماژەی پێکراوه.

**ڕوسک**

1964ـ ١٩٦٨ ، بەرگی XXI ، لاپەرەی ٣٤٠ ـ ٤١)[٥٥]

**تیلیگرام له باڵوێزخانەی وڵاته یەکگرتوەکانی ئەمریکا له عێراق بۆ وەزارەتی دەرەوه**

**بەغداد، ٢٦ ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٤ ، Z0845**

**پەنانەکی**

**بابەت: جێبەجێکردنی تاقیکاری ڕێککەوتنامەکەی دەوڵەتی عێراق لەگەڵ کوردەکان**

٣٦٢: له ٢٣ ی تشرینی یەکەم، "مەسعود محمد"، وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری باکووری عێراق ئاگاداری کردمەوه دەیەوێت ئەو ڕۆژه بەرەو باکووری عێراق بچێت بۆ جێبەجێکردنی تاقیکاری ڕەوتی ڕێککەوتنامەکەی دەوڵەتی عێراق لەگەڵ کوردەکان

[٥٥] سەرچاوه: ئیداری ئارشیڤ و تۆمارکراوه نیشتمانیەکان ١٩٦٦ ـ ١٩٦٤، پەنانەکی. نێردراوه بۆ ئانکارا، تاران، حەلەب، بەسره، بەیروت، قاهره، دیمەشق، لەندەن و تەورێز.

که له ئه‌نجامی چه‌ند کۆبوونه‌وه‌یه‌ک له نێوان خۆی و وه‌زیری ناوخۆ و سه‌رۆک ئه‌رکانی سوپا و سه‌رۆکی ئیستخباراتی سوپا و موته‌سه‌ریفه‌کانی باکوور به‌ده‌ست هاتووه[٥٦]. ئێستا ده‌وڵه‌تی عێراق خۆی ئاماده ده‌کات بۆ هه‌ڵگرتنی یه‌که‌م هه‌نگاو له‌م پرۆسه‌یه‌دا که بریتیه له:

1 ـ ئازادکردنی سه‌رجه‌م به‌ندکراوه کورده‌کان، له‌وانه ئه‌وانه‌ی که تاوانی سه‌ربازییان خراوه‌ته پاڵ

2 ـ گه‌ڕانه‌وه‌ی کارمه‌ندانی کورد بۆ سه‌ر پۆسته پێشووه‌کانیان به تایبه‌ت له باکوور

3 ـ بردنه ده‌ره‌وه‌ی فه‌وجی سلاح الدین له باکوور

4 ـ بردنه ده‌ره‌وه‌ی عه‌شیره‌ته عه‌ره‌به‌کان له ناوچه کوردنشینه‌کان و گه‌ڕانه‌وه‌ی ئه‌و کوردانه‌ی که له گونده‌کانیان ده‌رکراون

5 ـ قه‌ره‌بووکردنه‌وه‌ی ئه‌و که‌سانه‌ی که له میانه‌ی ئه‌م کێشانه‌ی دواییه، زه‌ره‌رمه‌ند بوونه .

دوابه‌دوای ئه‌م کرده‌وانه‌ی حکومه‌تی عێراق، کورده‌کانیش ده‌بێ ئه‌م هه‌نگاوانه هه‌ڵبگرن:

1 ـ پێشمه‌رگه له جاده سه‌ره‌کییه‌کان پاشه‌کشه بکات و هێرشه‌کانی رابوه‌ستێنێ

2ـ ئه‌و چه‌کانه ته‌سلیم به حکوومه‌ت بکه‌نه‌وه که له سوپای عێراق سه‌ندوویانه ("مه‌سعود" وتی ته‌سلیمکردنه‌وه‌ی چه‌که‌کان بۆ پاراستنی شه‌ره‌فی ده‌وڵه‌تی عێراقه)

3 ـ رێگه بده‌ن به پێکهاتنی ئیداره‌ی مه‌حه‌لی که زۆرتر له کورده‌کان پێکدێت به‌ڵام له ژێر چاودێری ده‌وڵه‌تی عێراقدا بێت.

---

[٥٦] له بروسکه‌ی ٧٦٥ ی ٢٨ی تشرینی یه‌که‌مدا هاتووه ئه‌و پێشامه‌دانه‌ی که له بروسکه‌ی ٣٦٢ راپۆرت دراوه، وه‌زاره‌تی ده‌ره‌وه ته‌شویقیان ده‌کات و هاوڕایه له‌گه‌ڵ ئه‌و هێڵه که باڵوێزی وڵاته یه‌کگرتووه‌کانی ئه‌مریکا له عێراق گرتویه‌تیه به‌ر .

گفتوگۆی "مه‌سعود" له‌گه‌ڵ باڵوێزی وڵاته یه‌کگرتووه‌کانی ئه‌مریکا له عێراق نیشان ده‌دات که بارودۆخێک هاتووه‌ته پێش که کورده‌کان له‌ده‌روونی خۆیاندا وڵاته یه‌کگرتووه‌کانی ئه‌مریکا به پشتیوانی خۆیان ده‌زانن بێ ئه‌وه‌ی وڵاته یه‌کگرتووه‌کانی ئه‌مریکا به‌شوێنی ئه‌وه‌دابێت که له‌م په‌یوه‌ندییه‌دا ده‌ور ببینێت.

ئەگەر ئەم کردەوانە جێبەجێ بێت، حکومەتی عێراق و کوردەکان دەبێ دابنیشن و رێگاچارەیەکی ئاشتیخوازانه بدۆزنەوە. "مەسعود" چاوەڕوانی ئەوە دەکات کە پاش هەفتەیەک لە باکوور بگەڕێتەوە و کوردەکان ئەم پێشنیارانە قبوڵ بکەن، چونکە ئەم پێشنیارانە نیازپاکی دەوڵەتی عێراق دەردەخات. مەسعود جەختی لە سەر ئەوە کردەوە کە مەلا مستەفا وەک کلیلی چارەسەرکردنی کێشەی کورد سەیری دەوڵەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکات و دەوڵەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەتوانێت لەم پەیوەندییەدا هەنگاو هەڵبگرێت. مەسعوود هەروەها وتی مەلا مستەفا بەو هاوکارە عێراقیانەی کە لەگەڵ من رەوانەی کردبوون وتوویەتی کە دەیەوێت لە سەر رێککەوتننامەی تاقیکاری گفتوگۆ بکات.

هەڵسەنگاندن: هەرچەند ئەم هەنگاوە سەرەتاییانەی دەوڵەتی عێراق بە واتای قبوڵکردنی داواکارییە سیاسیەکانی کورد نییە بەڵام ئەو هەنگاوانەی تێدایە کە کوردەکان هەمیشە بۆ سەلماندنی نیازپاکی دەوڵەتی عێراق داوایان کردووە. کەوابوو بۆ کوردەکان قبوڵکردنی ئەو پێشنیارە ئاسانە کە ئەو چەکانە تەسلیم بە حکوومەت بکەنەوە و تەنانەت ئەگەر ژمارەی ئەم چەکانەش کەم بێت حکوومەت قبوڵی دەکات. ئەگەر حکوومەتی عێراق و کوردەکان بەرپرسیارەتییەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن وتووێژی سیاسی دەتوانێت بەردەوام بێت .

"مەسعود" خوی بە بزوێنەری سەرەکی خولقانی ئەم بارودۆخە نوێیە دادەنا بەڵام لە سەر ئەوە کۆک بوو کە میسر هۆکارێکی گەورە بووە لەم پەیوەندییەدا چونکە چارەسەرنەکردنی کێشە ناوخۆییەکانی عێراق دەبێتە هۆکاری دواکەوتنی یەکگرتوویی (مەبەستی یەکگرتوویی جیهانە عەرەبە لە بەرامبەر ئیسرائیل ـ وەرگێڕ).

بەهەرحاڵ هەر ئەوە کە حکوومەتی عێراق دەیەوێت هەنگاوی یەکەم هەڵبگرێت شتێکی گرنگە و نیشانەی بە فەرمیناسینی ناڕاستەوخۆی هەڵویستی بەهێزی کوردەکان و کاریگەرییەکانی گوشاری میسرە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو هەڵسەنگاندنەی باڵوێزخانە دەربارەی ئەوەی کە نە حکوومەتی عێراق و نە مەلا مستەفا بارزانی

نایانەوێت ناکۆکییەکان سەرهەڵبداتەوە، پێشنیاری ئێستای حکوومەتی عێراق لەوانەیە ببێت بە خاڵی وەرچەرخان.

لە کاتی گفتوگۆکەماندا، "مەسعود محمد" چەند جار وتی مەلا مستەفا گوێ لە مۆچیاری وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دەگرێت. منیش بە شێوازێکی جەوهەری بە "مەسعود محمد" م وت کە:

1ـــ وڵاتە یەکگرتوەکـانی ئەمریکـا هیـوادارە چارەسـەرییەکی ئاشـتیخوازانە لە چوارچێوەی عێراق، بێ دەستێوەردانی بیانی بۆ ئەم کێشەیە بدۆزرێتەوە.

2ـ کوردەکان دەبێ لەگەڵ حکوومەتی عێراق هاوکاری بکەن چونکە هیچیان نییە لە دەستی بدن.

3ــ کوردەکـان بەنیسـبەت وتـووێژە درێژخایەنەکـان لە سـەر چارەسـەری سیاسـی ناوخۆیی دەبێ لەسەرخۆ بن و ئامادەبن لە سەر داخوازە گەورەکانیان سازش بکەن.

هەروەهـا وتـرا کە ئامـانجی کـورد باشـتر دەپارێزرێـت ئەگەر کوردەکـان نەبـن بە داردەستی کەسانی دیکە و دەبێ دوری بکەن لەوەی کە خۆیـان بـۆ قـازانجی کەسـانی دیکە بکەن بە قوربانی.

لە کۆتایی گفتوگۆکەماندا، "مەسعود" زۆر بە جیدی پرسـیاری ئەوەی لەمـن کـرد کە ئایـا لە کـاتی سـازبوونی کێشـە دەتـوانی داوای پەنـابەری سیاسـی لە باڵوێزخـانەی ئەمریکا بکات. منیش پێموت ئەم مەسـەلەیە لە کـاتی خۆیـدا بریـاری لەسـەر دەدرێـت بەڵام وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکـا ئەم کـردەوانە تەشـویق ناکـات. لەوانەیە مەبەسـتی "مەسعود" ئەوە بووبێ ئەوەم پێبڵێت کە لە ژێر گوشـارێکی گرانـدا کـار دەکـات. ئەمە لەوانەیە راسـت بێـت. "مەسـعود" لەسـەر ئەو بـڕوایە بـوو کە لەوانەیە کـوردە توندڕەوەکان لە بەغداد دەست بە گرژییەکی رەگەزی خوێناوی بـکەن و ژیـانی ئەو بکەوێتە ناو مەترسییەوە.

**هاوپێچ**

له ٢٤ ی تشرینی یه‌که‌م له‌گه‌ڵ وه‌زیری ده‌ره‌وه‌ی عێراق گفتوگۆم کرد. له کۆتایی گفتوگۆکه‌مان بۆ به‌ره‌نگاربوونه‌وه له‌گه‌ڵ ئه‌و ده‌نگۆیانه که له‌وانه‌یه وه‌زیری ده‌ره‌وه‌ی عێراق سه‌باره‌ت به خوانی ئێواره‌که‌م له گه‌ڵ "مه‌سعود" بیبیسێت، به (وه‌زیری ده‌ره‌وه‌ی عێراق)م وت که به "مه‌سعود"م وتووه:

1 ــ ده‌وڵه‌تی وڵاته یه‌کگرتووه‌کانی ئه‌مریکا به‌رده‌وام لایه‌نگری چاره‌سه‌ریه‌کی ئاشتیخوازانه و وتووێژکارانه‌یه بۆ کێشه‌ی کورد.

2 ـ به‌کارهێنانی هێزی سه‌ربازی ناتوانێت کێشه‌که چاره‌سه‌ر بکات.

3ـ هێماکان وا نیشان ده‌دات که ده‌وڵه‌تی عێراق نایه‌وێت کرده‌وه‌ی سه‌ربازی زۆرتر ئه‌نجام بدات .

4ـ کورده‌کان زۆر مۆچیاری کراون که به گوێره‌ی ئه‌و رێککه‌وتننامه‌یه کاربکه‌ن که به هه‌وڵی "مه‌سعود" له‌گه‌ڵ ده‌وڵه‌تی عێراق پێکیانهێناوه .

5ـ ده‌توانین چاوه‌ڕوان بکه‌ین ئایا حکوومه‌تی عێراق به نیاز پاکی کار ده‌کات.

6 ــ ئه‌گه‌ر ده‌وڵه‌تی عێراق به نیازپاکی کاری کرد کورده‌کانیش به‌رپرسیارن که به‌هه‌مان شێوه کار بکه‌ن.

7 ـ له کاتی وتووێژی سیاسیدا، کورده‌کانیش ده‌بێ ئه‌وه قبوڵ بکه‌ن که ئه‌م ره‌وته ره‌وتێکی ئاڵۆزه و ده‌بێ به له‌سه‌رخۆییه‌وه نزیک ببنه‌وه.

8 ـ ده‌وڵه‌تی وڵاته یه‌کگرتووه‌کانی ئه‌مریکا نایه‌وێت بکه‌وێته ناو ورده‌کارییه‌کانی ئه‌م کێشه‌یه .

وه‌زیری ده‌ره‌وه‌ی عێراق وتی ده‌رک به هه‌ڵوێستی ئێمه ده‌کات و سوپاسی وته‌کانی منی کرد. له قسه‌کانی وه‌زیری ده‌ره‌وه‌دا هیچ نیشانه‌یه‌ک به‌دی نه‌ده‌کرا که مه‌به‌ستی ده‌ستێوه‌ردانی ئێمه له کێشه‌ی کورده‌کان بێت و قسه‌کانی زۆر دۆستانه و نه‌رم بوو . هه‌ڵسه‌نگاندن: گوازتنه‌وه‌ی له‌شکری ٣ ی سوپای عێراق بۆ ٣ـ H پێگه‌ی کورده‌کان به‌هێزتر ده‌کات و گوشاره‌کان له سه‌ر ده‌وڵه‌تی عێراق زیاتر ده‌کات بۆ ئه‌وه‌ی کێشه‌ی کورده‌کان چاره‌سه‌ر بکات. ئه‌مه یه‌کێ له پێشنیاره‌کانی میسر بوو( له سه‌ر داواکاری UAC ) که عێراق له‌شکری ٣ ی خۆی بگوازێته‌وه.

"سترانگ"

1964 ـ ١٩٦٨ ، بەرگی XXI ، لاپەرەی ٣٤٣ ـ ٣٤٥) [٥٧]

## 169ــ گفتوگۆی لیژنەی وەزارەتی دەرەوە لەگەڵ کاربەدەستانی حکوومەتی عێراق له نوزدەهەمین کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان

نیویۆرک، ١٠ ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٤ ، کاتژمێر ٤:٣٠ پاش نیوەڕۆ

28/ MC / DEL SEE

پەنانەکی

**بابەت: کێشەی کورد**

بەشدار بووان:

١ـ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا:

NEA ـ بەڕێز واڵش

٢ـ عێراق:

وەزیری دەرەوە، ناجی تالیب

جێگری وەزیرە دەرەوە، خادم خەلاف

وەزیری دەرەوەی عێراق وتی دەیەوێت سەرنجی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بەرەولای بارودۆخی کورد رابکێشێت. وەزیری دەرەوەی عێراق هەروەها وتی کێشەی کورد لەبنەڕەتدا بەسەر کەشوهەوای عێراقدا زاڵ بووە و تەواوی کاتی دەوڵەتی عێراق بەم کێشەیە گیراوە و دەوڵەتی عێراق کاتێکی ئەوەندە یا وزەیەکی ئەوتۆی بۆ

[٥٧] سەرچاوە: ئیدارەی ئارشیف و تۆمارکراوە نیشتمانیەکان، RG٥٩ ، فایلە ناوەندییەکان، ١٩٦٦ ـ ١٩٦٤ ، POL ٢٣ IRAQ 9 ، پەنانەکی." واڵش" لە ١١ ی کانوونی یەکەم ئامادەی کردووە و لە ١٧ ی کانوونی یەکەم لە ئۆفیسی وەزیری دەرەوە پەسەند کراوە. یادداشتنامەکە ٣ بەشە کە ئەمە بەشی یەکەمیەتی .

تاوتوێکردنی کێشە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی دیکەی وڵات نەماوە. ناوبراو دڵنیا نەبوو کە لەچاو چەند ساڵ پێش (کە شەڕی کورد و حکوومەت هەڵنەگیرسابوو) ئێستا چارەسەری کێشەکە نزیک بێت.

وەزیری دەرەوەی عێراق وتی ناتوانێت لە هەندێ لە فاکتۆرەکانی کێشەی کورد تێبگات، مەبەستی ئەوە بوو کە هەندێ هێزی نەناسراو هەن کە پشتیوانی لە کوردەکان دەکەن. ناوبراو وتی:

" کوردەکان خەڵکێکی هەژارن و وڵاتەکەیان بە هۆی شەڕ کاول بووە و دیار نییە پارەی کڕینی خۆراک، چەک و پێداویستیەکانیان لە کوێ دێنن؟ کێن ئەم هێزە رەمزناکانە کە پشتیوانی لە کورد دەکەن و چییان دەوێت؟ "

وەزیری دەرەوەی عێراق وتی دەوڵەتەکەی لەوانەیە بتوانێت لەگەڵ مەلامستەفا بارزانی مامەڵە بکات بەڵام مامەڵەکردن لەگەڵ شیوعیەکان و پارتی دیموکراتی کوردستان زۆر زەحمەتە. بە بۆچوونی وەزیری دەرەوەی عێراق، کوردەکان لە لایەن شیوعیەکانەوە کونترۆڵ دەکرێن و ئەگەر دەوڵەتێکی کوردی دابمەزرێت، دەبێت بە کیانێکی کومونیستی کە درز دەخاتە ناو جیهانی عەرەبی و کەمەربەندی پاراستنی پەیمانی[٥٨] CENTO دەبچڕێنێت و تورکیا و ئێران ناسەقامگیر دەکات. ناوبراو وتی نەقشەیەکی کوردستانم بینیوە کە وڵاتی کوردی لە ئیسکەندرون (تورکیا) بۆ بەسرە (لە عێراق) راکێشابوو.

وەزیری دەرەوەی عێراق وتی دەوڵەتی تورکیا سنووری ناوچە کوردنشینەکانی خۆی قەپات کردووە بەڵام لە رێگای سنووری درێژی ئێرانەوە هەندێ پشتیوانی لە کوردەکان دەکرێت. ئەم پشتیوانییە لەوە ناچێت ئاکامی سیاسەتی دەوڵەتی ئێران

---

[٥٨] CENTO (رێکخراوی پەیمانی ناوەندی) رێکخراوێکی سەربازی بوو کە ساڵی ١٩٥٩ بە بەشداری بەریتانیا، تورکیا، پاکستان، ئێران و بە هاوکاری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دامەزرا و جێگای "پەیمانی بەغداد"ی گرتەوە. ئەم پەیماننامەیە ئاڵقەی زنجیرە سیستمی بەرگری و هێرشی رۆژئاوا بوو کە رێکخراوی پەیمانی ئاتلانتیکی باکوور (NATO)و رێکخراوی پەیمانی باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا (CETO) بە یەکەوە دەبەستەوە. (وەرگێڕ)

بێت بەڵکو نیشانەی ناتوانی دەوڵەتێکی لاوازه که ناتوانێت سنوورەکانی بپارێزێت. وەزیری دەرەوەی عێراق جەختی لەسەر ئەوه کردەوه که نایەوێت ئەوه بڵێت که وڵاته یەکگرتوەکانی ئەمریکا پشتیوانی له کوردەکان دەکات بەڵام دەوڵەتەکەی سەری سوڕماوه له پیلانی هەندێ له هێزه ڕمزناکەکان که پشتیوانی له کوردەکان دەکەن.

له وەڵامدا وەزیری دەرەوەی ئەمریکا وەزیری دەرەوەی عێراقی دڵنیا کردەوه که وڵاته یەکگرتوەکانی ئەمریکا به شێوازی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پشتیوانی له بزووتنەوەی کورد ناکات و پشتیوانی سەربەخۆیی، یەکپارچەیی و خۆشبەختی عێراقه و هیچ بەرژەوەندییەکی دیکەی نییه. لەمه زیاتر وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لەگەڵ وەزیری دەرەوەی عێراق هاوڕا بوو بەنیسبەت مەترسیەکانی دزەکردنی کومونیزم له ڕۆژهەڵاتی نزیک له ڕێگای "بزووتنەوەی سەربەخۆیی کورد"ەوه.

وەزیری دەرەوەی عێراق وتی زۆر خۆشحاڵ بووه له ئاڵوگۆڕ کردنی بیروڕا لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا و له سیاسەتی ئەمریکا دڵنیا بووەتەوه. ناوبراو هەروەها وتی وڵاته یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەتوانێ یارمەتی عێراق بدات له ڕێگای دیاری کردنی ئەوەی که سەرچاوەی دارایی و دابینکردنی پێداویستەکانی کوردەکان کێیه و هانای ئەم سەرچاوەیه چییه بۆ یارمەتیدانی کوردەکان.

1964ـ ١٩٦٨ ، بەرگی XXI ، لاپەرەی ٣٤٥)[٥٩]

## 170ـــ تیلیگـرام له وەزارەتـی دەرەوه بـۆ باڵوێزخـانەی وڵاته یەکگرتوەکانی ئەمریکا له عێراق

## واشنگتۆن، ١٤ ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٤ ، کاتژمێر ٧:٤٤ ی پاش نیوەڕۆ نهێنی

[٥٩] سەرچاوه: ئیدارەی ئارشیف و تۆمارکراوه نیشتمانیەکان، RG٥٩ ، فایله ناوەندییەکان، 9 IRAQ ـ٢٣ POL ، نهێنی، "دنیسمۆر" له ١١ ی کانوونی یەکەم ئامادەی کردووه و جێگری بەڕێوەبەری ئیدارەی کاروباری یۆنان، تورکیا، ئێران، "جان مۆویسۆن" و "دەیویس" بینیویانه و "تالبۆت" پەسەندی کردووه و نێردراوه بۆ تاران.

## بابەت: ڕوانگەی وڵاته یەکگرتوەکانی ئەمریکا بەنیسبەت بەشداریکردنی کوردەکان له هەر پیلانێک دژی دەوڵەتی عێراق

٣٤٣: ئاماژه به Noforn/ 6583 ـ :NIT

وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا گەیشتووەته ئەو قەناعەته که بەشداربوونی کوردەکان له هەر پیلانێک بۆ ڕووخانی ڕژێمی عێراق، نابێت به زامنی ئەوەی که ڕژێمێک بێته سەر دەسەڵات که له ئامانجەکانی کوردەکان نزیکتر بێت. "جمال عبدالناسر" به زەحمەت دەتوانێت درێژه به دەوری ئێستای خۆی بدات بۆ دۆزینەوەی چارەسەرییەکی ئاشتیخوازانه بۆ کێشەی کورد و ڕێککەوتن له نێوان حکوومەتی عێراق و کوردەکاندا، بەتایبەت بەهۆی پیلانگێڕییەکانی ئێران. لەمه زیاتر ئەگەر دەوڵەتێکی نوێش بگات به دەسەڵات، کوردەکان هێشتا ڕووبەڕوی گیروگرفت دەبنەوه بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەیان له گەڵ دەوڵەتی عێراق .

کوردەکان خۆیان وانیشان دەدەن که دەیانەوێت له گەڵ پیلانی ئێران دژی دەوڵەتی عێراق هاوکاری بکەن ، کەوابوو دەبنه هۆی بەدگومانی قوڵی عەرەبەکان و زیان دەگەیەنن به داواکارییەکانی خۆیان. تا ئێستا گەلێ له عەرەبەکان تا ڕادەیەک خەمخۆری کوردەکان بوونه . بەهەرحاڵ چاوەڕوان ناکرێت هیچکام له دەوڵەتەکانی دواتری عێراق به گەورەیی و لێبوردوییەوه مامەڵه له گەڵ کوردەکان بکەن یان داوای لێبوردن له ئێران بکەن. پەیوەندی ئێران لەگەڵ ئەم پیلانه درەنگ یا زوو ئاشکرا دەبێت و چاودێری توندی ئەم دواییانەی دەوڵەتی عێراق به سەر کومونیستەکان و هەوڵەکانی حیزبی بەعس بۆ ڕووخانی ڕژێمی ئێستای عێراق (به گوێرەی ڕاپۆرته جۆراوجۆرەکانی CAS) دەمانباته سەر ئەو قەناعەته که دەوڵەتی عێراق ئاگاداری چالاکیه خراپکارانەکانی ئێرانه .

باڵوێزخانەی وڵاته یەکگرتوەکانی ئەمریکا له عێراق دەبێ ڕێگایەک بدۆزێتەوە (بێ ئاشکراکردنی زانیارییەکان) بۆ ئەوەی کوردەکان ئاگادار بن که ڕوانگەی ئێمه چییه بەنیسبەت بەشداریکردنیان له هەر پیلانێک دژی دەوڵەتی عێراق، لەوانه کودیتا

1964 ـ ١٩٦٨ ، بەرگی XXI ، لاپەڕەی ٣٤٦ ـ ٣٤٧)[٦٠]

**171ـ تیلیگرام لە باڵوێزخانەی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە عێراق بۆ وەزارەتی دەرەوە**

**بەغداد، ١٦ ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٤ ، کاتژمێر ٣ ی پاش نیوەڕۆ**

**نهێنی**

**بابەت: ئێران هەوڵ دەدات کوردەکان بخاتە ناو جموجۆڵ**

486-ئاماژە بە تیلیگرامی ٣٤٣ ی وەزارەتی دەرەوە:

کوردەکان پێمانیان وت دەوڵەتی ئێران پێداگری کردوە لە سەریان کە دەست بکەنەوە بە شەڕ (تیلیگرامی ٤٥٨ ی باڵوێزخانە)[٦١]، بەڵام کوردەکان دەزانن بزوێنەری ئێران بۆ ئەم کارە چییە. ئێمە پێشتر بە کوردەکانمان وتووە نابێت وەک داردەستی کەسانی دیکە کار بکەن یان خۆیان بکەن بە قوربانی بەرژەوەندییەکانی کەسانی دیکە (تیلیگرامی ٣٦٢ ی باڵوێزخانە) و نابێت گوێ لەو کەسانە بگرن کە دەیانەوێت شەڕ دەست پێبکاتەوە (گفتوگۆی ئاکین[٦٢] لەگەڵ "عەقراوی"، ٨ی کانوونی یەکەم). "مەسعود محمد" و "عەقراوی" دەزانن مەبەستی ئێمە چییە. من لەکاتی گفتوگۆ لەگەڵ وەزیرەی دەرەوەی عێراق (هاوپێچی تیلیگرامی٣٦٢ ی باڵوێزخانە ) لە ٢٤ی تشرینی یەکەم باسی ئەم خاڵەم لەگەڵ "مەسعود محمد" کرد بەڵام بۆ "سوبحی عەبدوالحەمید[٦٣]"م نەدرکاند.

---

[٦٠]سەرچاوە: ئیدارەی ئارشیف و تۆمارکراوە نیشتمانیەکان، ١٩٦٤ ، ، نهێنی ، نێردراوە بۆ تاران و ئانکارا.

[٦١] ٨ ی کانوونی یەکەم (ئیدارەی ئارشیف و تۆمارکراوە نیشتمانیەکان، RG٥٩ ، فایلە ناوەندییەکان ٦٦٠ ـ ١٩٦٤ ، IRAQ 22 POL)

[٦٢] Akin

[٦٣] Subhi Abd al-Hamid

کاربه‌ده‌ستێکی باڵوێزخانه به‌رنامه‌ی داناوه بۆ دیدار له‌گه‌ڵ نوێنه‌رانی مه‌لامسته‌فا و مه‌کته‌بی سیاسی نوێ له ۱۹ ی کانوونی یه‌که‌م. له‌م دیداره‌دا کاربه‌ده‌ستی باڵوێزخانه بێ ئه‌وه‌ی ئاماژه به هیچ پیلانێکی تایبه‌ت بکات ، ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ وته‌کانی پێشوو له‌باره‌ی ئه‌وه‌ی که ئێرانیه‌کان هه‌وڵ ده‌ده‌ن کورده‌کان بخه‌نه ناو جمۆجۆڵ و پێیان ده‌ڵێت به بۆچوونی ئێمه کورده‌کان باشیان کردووه له به‌رامبه‌ر ده‌مته‌ڕی ئێران راوه‌ستاون و هیوادارین هه‌روه‌ها ئارام بن و هه‌وڵ بده‌ن بگه‌ن به رێگاچاره‌یه‌ک له‌گه‌ڵ ده‌وڵه‌تی عێراق ( که زۆربه‌ی وه‌زیره‌کانی به‌ریانیان به‌روه لای کورده‌کان هه‌یه).

به بۆچوونی ئێمه ئامانجی کورده‌کان له عێراق به توندی تووشی زیان ده‌بێت ئه‌گه‌ر کورده‌کان وه‌ک داردەستی به‌رژه‌وه‌ندییه‌کانی که‌سانی دیکه کار بکه‌ن. ده‌بێ له‌بیرمان بێت کورده‌کان پێویستیان به هێڵی دابینکردنی پێداویستیه‌کانیان هه‌یه له رێگای ئێرانه‌وه و ته‌نها له رێگای پێشنیاری یارمه‌تی به‌ره‌ولای ئێرانییه‌کان راده‌کێشرێن. ئه‌م هۆکارانه ته‌نها کاتێک له گرنگی ده‌که‌ون که ده‌وڵه‌تی عێراق نیازپاکی خۆی نیشان بدات و ئه‌وه بسه‌لمێنێت که ده‌یه‌وێت وتووێژی راسته‌قینه بکات له‌گه‌ڵ کورده‌کان. ئه‌گه‌ر حکوومه‌تی عێراق وابکات، کورده‌کان به‌شداری ناکه‌ن له پیلانی ئێراندا هه‌رچه‌ند که له‌وانه‌یه هه‌ندێ له ناسیونالیسته کورده شارنشینه‌کان به‌شێوازی سه‌ربه‌خۆ کار بکه‌ن.

به بۆچوونی" عه‌قراوی" (که به وته‌ی ناوبراو، مه‌لا مسته‌فاش له سه‌ر ئه‌م باوه‌ڕه‌یه) جمال عبدالناسر خوازیاری چاره‌سه‌ری ئاشتیخوازانه‌ی کێشه‌که‌یه و هه‌ر ڕژێمێکیش که جێگای ده‌وڵه‌تی ئێستای عێراق بگرێته‌وه (به‌تایبه‌ت ئه‌گه‌ر ڕژێمێکی دیکتاتوری سه‌ربازی بێت) له ده‌وڵه‌تی ئێستای عێراق ئاشتیخوازتر نابێت به‌ڵام ئه‌گه‌ر ده‌وڵه‌تی عێراق به‌م زووانه به ئاشکرا نیازی خۆی بۆ وتووێژ نیشان نه‌دات ، مه‌لا مسته‌فا ده‌گاته ئه‌و ئه‌نجامه که ده‌وڵه‌تی عێراق له مانگی شوباتی رابردووه‌وه به نیازخراپی کاری کردووه (هه‌ر وه‌ک چۆن زۆربه‌ی کورده‌کان پێشتر گه‌یشتوونه‌ته سه‌ر ئه‌و قه‌ناعه‌ته). ئه‌و کاته ئیدی مه‌لا مسته‌فا بۆ ده‌ستپێکردنه‌وه‌ی شۆڕش پێویستی

بە تەشویقی دەرەکی نامێنێت و خۆی دەست بە کار دەبێت. لە حاڵێکدا کە بە هیچ شێوەیەک ناکرێت لە پێشەوە مەزەندەی ئەوە بکەین کە ئەم پێشهاتە کەی روو دەدات بەڵام بەهەرحاڵ کوردەکان بێکار دانانیشن. ئەگەر شەڕ دەست پێبکاتەوە، چاوەروانکردنی ئەوە زەحمەتە کە کوردەکان یارمەتی ماددی و پارە لە ئێران وەرنەگرن.

رەنجاندی ناسر یان هەڵسانی رق وکینەی عەرەبەکان - کە گەلێکیان هاوخەمی کوردەکان نین - دەبێت بە مایەی نیگەرانی کوردەکان. ئەگەر شەڕ دەست پێبکاتەوە، کەندوکۆسپەکانی ئێستای سەر رێگای ئامانجەکانی کورد لەوانەیە لەناو بچێت و کێشەی کورد ببێ بە کێشەیەکی نێونەتەوەیی و ئاکام و لێکەوتەی جیدی بە دواوە بێت[٦٤].

**سترانگ**

1964- ١٩٦٨ ، بەرگی XXI ، لاپەرەی ٣٤٨ - ٣٤٧)[٦٥]

## 172- تیلیگرام لە باڵوێزخانەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ئێران بۆ وەزارەتی دەرەوە – تاران، ١٢ ی نیسانی ١٩٦٥

**پەنانەکی**

**بابەت: سەردانی نوینەرانی PDK لە باڵوێزخانەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا لە ئێران**

[٦٤] بە گوێرەی بروسکەی ژمارە ٣٥٠ بۆ بەغداد لە ١٦ ی کانوونی یەکەم، باڵوێزخانە دەبێ پێداگری لەسەر هەموو تاقم و گروپە کوردەکان بکات کە دەست بە شەڕ نەکەنەوە و بانگەشەکانی کوردەکان بە درۆ بخاتەوە کە ئێران پێداگری لەسەر کوردەکان کردووە دەست بەشەڕ بکەنەوە.

[٦٥] سەرچاوە: ئیدارەی ئارشیف و تۆمارکراوە نیشتمانیەکان، پەنانەکی، نێردراوە بۆ بەغداد، ئانکار ٥٩ قاهیرە.

پیاوێک به ناوی "شمس الدین مفتی" و هاورێیەکی به ناوی "مەسعود بارزانی" ئەمرۆ هاتن بۆ باڵوێزخانه که نامەیەکی ناساندنیان له لایەن مەلا مستەفا بارزانییەوه پێبوو. هەروەها پەیامێکی زارەکییان له لایەن مەلا مستەفاوه پێبوو که به توندی داوای یارمەتی راستەوخۆی له وڵاته یەکگرتوەکانی ئەمریکا کردبوو. "شمس الدین مفتی" وتی کوردەکانی عێراق پێویستیان به یارمەتی دارایی و سەربازی هەیه، به تایبەت چەکی گران و دەیانەوێت کاربەدەستانی ئەمریکا بێنه ناو ناوچەکەیان و وەک"ویلایەتێکی دیکه"ی وڵاته یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەیری ناوچەکەیان بکەن. "مفتی" هەروەها وتی بارزانی وتوویەتی سەرچاوەکانی نەوتی کوردستان دەبێت له لایەن کومپانییەکی ئەمریکاییەوه به رێککەوتنی راستەوخۆ له گەڵ کوردەکانی عێراق بەرهەم بهێنرێت. ئەڵبەته ئێمه له بەرامبەردا هیچ جۆره لێدوانێکی تەشویقکارانەمان نەهێنایه سەر زمان .

"مفتی" وتی بارزانی داوای کردووه پەیامەکەی بنێردرێت بۆ واشنگتۆن و لەمەوبەدوا باڵوێزخانەی دەوڵەتی وڵاته یەکگرتووەکانی ئەمریکا له تاران وەک خاڵی پەیوەندی لەگەڵ بارزانی کەڵکی لێوەربگیردرێت چونکه بەهۆی جموجۆڵەکانی ئەم دواییەی سوپای عێراق زۆر زەحمەته بارزانی بۆ پەیوەندی گرتن لەگەڵ وڵاته یەکگرتووەکانی ئەمریکا کەڵک له بەغداد وەربگرێت." مفتی" هەروەها وتی بارزانی دەیەوێت کاناڵی پەیوەندی راستەوخۆی (نه لەرێگای دەوڵەتی ئێرانەوه) لەگەڵ وڵاته یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەبێت چونکه متمانەی ئەوەی به ئێران نییه که بیروبۆچوونەکانی بارزانی به راستی وەک خۆی بگوازێتەوه بۆ ئەمریکا.

له وەڵامدا کاربەدەستی باڵوێزخانه ئاماژەی به سیاسەتی نەگۆڕی وڵاته یەکگرتووەکانی ئەمریکا کرد به نیسبەت کێشەی کوردەکانی عێراق، بەو شێوەیه که له نامەی ٩٤١١ ـ CA له ٢ ی ئاداری ١٩٦٣دا خاڵەکانی دیاری کراوه[٦٦].

---

[٦٦] له نامەکەدا هاتوه که وڵاته یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەبێ درێژه بەو سیاسەته بدات که شۆڕشی کورد به کێشەیەکی بەتەواوی ناوخۆیی عێراق بزانێت که وڵاته یەکگرتووەکانی ئەمریکا نایەوێت راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ هیچ دەورێکی تێدا ببینێت (١٩٦٣ ـ ١٩٦١)

کاربەدەستەکە وتی پەیامەکەیان دەگەیەنێت بە واشنگتۆن بەڵام بەرپرسیار نیە لە وەڵامدانەوە بە پەیامەکەیان. لەگەڵ ئەمەشدا "مفتی" وتی لە تاران چاوەڕوان دەبێت. "مفتی" و "مەسعود بارزانی" وتیان کاربەدەستانی ئێران ئاگاداری هاتنی ئەوان بۆ باڵوێزخانە نین[٦٧].

هێرز

1964- ١٩٦٨ ، بەرگیXXI ، لاپەڕەی ٣٥٠ - ٣٤٨١[٦٨]

**173- تیلیگرام لە باڵوێزخانەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە عێراق بۆ وەزارەتی دەرەوە**

**بەغداد، ٣٠ ی نیسانی ١٩٦٥**

**پەنانەکی**

**بابەت: پەیوەندییەکانی کوردەکان و ئێران**

937- ئاماژە بە تیلیگرامی ٨٠٤ و ٩٢٦ ی باڵوێزخانە:

---

[٦٧] بروسکەی ٩٨٣ بۆ تاران لە ١٤ ی نیسان ڕێنوێنی باڵوێزخانەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای لە تاران کردووە کە هەر وەک رابردوو بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ نوێنەرەکانی بارزانی وتووێژ نەکات و جەختی لەسەر ئەو کردووەتەوە کە سیاسەتی خوتێوەنەگلاندنی ئەمریکا لە کێشەی کوردەکان و حکومەتی عێراق نەگۆڕاوە. هەروەها لە بروسکەکەدا هاتووە کە لە ڕێگای کانالی گونجاو، دەبێ SAVAK (ڕێکخراوی ئاسایش و هەواڵگری ئێران - وەرگێر) باش ئاگادار بکرێتەوە دەربارەی ئەم دیدارە و ئەو وەڵامە کە دراوەتەوە بە کوردەکان (ئیداری ئارشیف و تۆمارکراوە نیشتمانیەکان، RG٥٩ ، فایلە ناوەندییەکان ١٩٦٤ - ١٩٦٦ ، POL.٢٣ IRAQ 29 )

[٦٨] سەرچاوە: ئیدارەی ئارشیف و تۆمارکراوە نیشتمانیەکان، RG٥٩ ، فایلە ناوەندییەکان، ١٩٦٤ - ١٩٦٦ ، POL ٢٣ IRAQ 29 ، پەنانەکی، نێردراوە بۆ لەندەن، تاران، کویت، جەددە، ماهاران، تایز، قاهیرە، ئانکارا و کەراچی.

وەزیری دەرەوەی عێراق، "تالیب" شەوی رابردوو دیسان له شوێنی ژاپۆنیەکان لەگەڵ من گفتوگۆی کرد کە وەزیری پەروەردە، بەڕێز "زەکی"ش تێیدا ئامادە بوو. دیار بوو "تالیب" لەوە زیاتر خۆی پێنەدەگیرا و بابەتە کۆنەکەی دوپات کردەوە کە سیاسەتی ئێران لە راستیدا هەمان سیاسەتی CENTO یە و وتی بۆ دەوڵەتی عێراق مەسەلەیەکی یەکلاییکەرەوەیە کە بزانێت لە کۆبوونەوەکانی CENTO [69] یان دانیشتنە دۆستانەکاندا باسی چی کراوە.

بۆ یەکەم جار "تالیب" ئێرانی تۆمەتبار کرد کە یارمەتی سەربازی دەدات بە کوردەکان و رایگەیاند سیاسەتی شا بە نیسبەت کوردەکان، باروودۆخێکی لێدەکەوێتەوە کە مەترسیدار دەبێت بۆ خودی ئێران و هەروەها بۆ CENTO "تالیب" ئاماژەی بەوە کرد کە ئێران هیچ کێشەیەکی لە گەڵ عێراق نەبووە کاتێک کە هەر دو وڵات ئەندامی "پەیمانی بەغداد" بوونە . وادیارە مەبەستی ئەوە بوو کە ئامانجی ئێران ئەوەیە لە رێگای کێشەی کوردەوە بارودۆخێک لە عێراق دروست بکات کە ببێتە هۆی ئەوەی دەوڵەتی عێراق ببێ بە ئەندامی CENTO . مەبەستی راشکاوانەی "تالیب" ئەوە بوو کە بنەمای سیاسەتی شا بەنیسبەت عێراق، دەگەڕێتەوە بۆ بێزاربوونی شا لە جمال عبدالناسر.

من دوپاتم کردەوە کە باسی کێشەی کورد نەکراوە لە CENTO دا و ئاگاداری هیچ دانیشتنێکی دۆستانەش نیم لەم پەیوەندییەدا. هەروەها وەبیری "تالیب"م هێنایەوە کە پاکستان ئەندامی CENTO یە بەڵام لە رێگای کارەبەدەستەکانەوە ئەوپەڕی هەوڵی خۆی داوە بۆ ئەوەی ئێران و عێراق پێکەوە رێکبکەون . پاکستانیەکان دەتوانن بە عێراق بڵێن کە ئایا لە کۆبوونەوەکەی CENTO دا باسی کوردەکان کراوە یا نا و ئایا شا گوێڕایەڵی مۆچیارییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە لەم پەیوەندییەدا یا نا؟ لەسەر داوای من، "تالیب" وتی یارمەتی سەربازی ئێران بە کوردەکان بریتیە لە چەند بار پێداویستی نەناسراو کە

---

[69] سیزدەهەمین کۆبوونەوەی وەزیرانی رێکخراوی پەیمانی ناوەندی ( CENTO)لە ٧ - ٨ ی نیسان لە تاران بەڕێوە چوو .

گوازراوەتەوە بۆ ناو خاکی عێراق لە رێگای ژمارەیەک ئۆتۆمبیلی "جیپ" کە ژمارەیان بە سەرەوە نەبووە ("زەکی" ئەوەی گوت کە شا یارمەتیشی ناردووە بۆ لایەنگرانی سیستمی پاشایەتی لە یەمەن، بەڵام ئەم مەسەلەیە بەدواداچوونەوەی لەگەڵ نەکراوە) .

پاشان سەرزەنشتی "تالیب"م کرد کە دوابەدوای دوایین گفتوگۆکەماندا هەڵوێستەکانی توندتر بووە و وتم ئەم گفتوگۆیە ( لەوانە زانیارییەکانی لە بارەی یارمەتی سەربازی ئێران بە کوردەکان) راپۆرت دەدەم بۆ واشنگتۆن . "تالیب" بە نیسبەت ئەم مەسەلەیە خوشحاڵ بوو و وتی رێزی هەیە بۆ دەسەلات ودەستڕۆیشتوویی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەڵام من ئەوەم بۆ"تالیب" پشتراست کردەوە کە گەلێ مەسەلەی گرنگ هەیە کە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ناتوانێت کونترولی بکات یا تەنانەت کاریگەری هەبێت لە سەری.

" تالیب" وتی دەوڵەتی عێراق وا هەست دەکات دەوڵەتی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەگەر بیەوێت دەتوانێت کار بکاتە سەر شا بۆ ئەوەی سیاسەتەکەی بگۆڕێت. کاتێ کە لە یەک جودا بووینەوە، بۆ ئەوەی"تالیب" زیاتر رازی بکەم، پێمگوت بەگوێرەی دوایین راپۆرتی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، پێداویستە سەربازییە تاکەکەسیەکانی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە مانگی مایس، حوزەیران و تەموز تەسلیم بە عێراق دەکرێت بەڵام بەهۆی ئەوەی کە ئەم راپۆرتە لەگەڵ زانیارییەکانی دیکە ناگونجێت بەدوای بەیاننامەی کاربەدەستانی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا دەگەڕێم. ئەویش خۆشحاڵ بوو.

## هەڵسەنگاندن:

خودی "تالیب"، CENTOبە شتێکی تاکتیکی دەزانێت بەڵام هەندێ لە هاوکارەکانی بە دڵنیاییەوە باوەڕیان پێیەتی. هەمووی ئەم کەسانە لە سەر ئەو باوەڕەن کە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەتوانێ شا ناچار بکات سیاسەتی خۆی بە نیسبەت کوردەکان بگۆڕێت .

باڵوێزی تورکیا (لە عێراق) لە کاتی گفتوگۆی تەلەفۆنی لەگەڵ من لە ٥ ی نیسان ئەو بیرۆکەیەی خستەڕوو کە بەهۆی سەرنەکەوتنی سوپای عێراق لە هەرەسهێنان بە کوردەکان، دەوڵەتی تورکیا دەیەوێت عێراق بباتە نێو پەیماننامەیەکی ناوچەیی لە گەڵ تورکیا و ئێران .

بە بۆچوونی ئێمە، ئەمە پێویست ناکات. ئەگەر شا وابیر دەکاتەوە کە دەتوانێ دەوڵەتێکی لایەنگری ئێران بە یارمەتی کوردەکان لە عێراق بێنێتە سەر دەسەڵات، بەقەد ئەوە بە هەڵەدا چوە کە پێشتر وا بیری دەکردەوە کە یەکێتیەک لە نێوان عێراق و میسر بەم زووانە دادەمەزرێت .

من هێشتا هیوادارم بتوانم"تالیب" لە شوێنی کارەکەی ببینم بۆ ئەوەی لەسەر هەندێ مەسەلەی دیکە گفتوگۆی لەگەڵ بکەم. دەمەوێت لە چوارچێوەی باس و گفتوگۆ لەسەر سێ گۆشەی کورد ـ ئێران ـ عێراق بچمە دەرەوە، تەنها دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە دەستێوەردانی عەرەبەکان لە خوزستان لە لایەن شاوە پشتگوێ ناخرێت. ئەگەر وەزارەتی دەرەوە شتێک بە سودمەند دەزانێت کە لەگەڵ "تالیب" باس بکرێت، ئاگادارم بکەنەوە. هەروەها باش دەبێت ئەگەر ڕێنوێنیم بکەن چۆن وەڵامی پرسیارە بەردەوامەکانی "تالیب" بدەمەوە دەربارەی گفتوگۆ دۆستانەکانی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە تاران. وادیارە ئیدی بێ سودە ئێران هەوڵ بدات خۆی وا بنوێنێت کە یارمەتی بە کوردەکان نادات[٧٠].

---

[٧٠] بروسکەی ٦٥٥ بۆ بەغداد لە ٤ ی مایس دەیگوت: وەزارەتی دەرەوە لەسەر ئەو باوەڕەیە کە باڵوێزی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە عێراق هەموو بەڵگە و نیشانەکان بخاتە ڕوو بۆ ئەوەی قەناعەت بە حکوومەتی عێراق بهێنێت کە دەوڵەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هیچ دەستێکی نییە لە کێشەی کورددا. بە دوور دەزانرێت کە هەلێنجاندنی زۆرتر لەم پەیوەندییەدا بتوانێ بەدگومانیەکانی وەزیرانی دەرەوەی بەشدار لە CENTOلاببات، بەڵام کاربەدەستانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەبێ درێژە بدەن بە سەر لەنوێ خستنەڕووی خاڵە سەرەکییەکانی سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. هەروەها"سترانگ" دەتوانێت بە "تالیب" بڵێت کە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا،" روسک "هیچ مەسەلەیەکی نوێی نەهێناوەتە بەرباس لە کاتی گفتگو لەگەڵ شا دەربارەی ئاسایشی ئێران.

**سترانگ**

1964 ـ ١٩٦٨ ، بەرگی XXI ، لاپەڕەی ٣٥٠ ـ ٣٥١ )[٧١]

**174ـــ تیلیگــرام لە وەزارەتـــی دەرەوە بـــۆ باڵوێزخـــانەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە عێراق**

**واشنگتۆن، ٦ ی مایسی ١٩٦٥ ، کاتژمێر ٤:٥١ ی پاش نیوەڕۆ**

**پەنانەکی**

**بابەت: وەڵامی ئێمە بە داواکارییەکانی کوردەکان هەمان وەڵامەکەی پێشووە**

661ـ ئاماژە بە تیلیگرامی ٩٥٦ ی باڵوێزخانە[٧٢]:

---

[٧١] سەرچاوە: ئیدارەی ئارشیف و تۆمارکراوە نیشتمانیەکان، "دنیسمۆر" و "هۆویسۆن" لە ٥ ی مایس ئامادەیان کردووە و "دەیویس" بینیویەتی و "جیرنیگان" پەسەندی کردووە و ناردراوە بۆ ئانکارا، لەندەن، تاران و تلابیب.

[٧٢] لە بروسکەی ژمارە ٩٥٦ لە ٥ ی مایس، "سترانگ" راپۆرتی دیدارێکی دیکەی داوە لەگەڵ "تالیب"، وەزیری دەرەوەی عێراق کە تێیدا "تالیب" مەسەلەی سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای بە نیسبەت کوردەکان هێناوەتە بەرباس. "تالیب" هەروەها شک و گومانی خۆی دەربڕیوە بەنیسبەت ئەوەی کە نوێنەری کورد، "وانلی" (مەبەستی عیسمەت شەریف وانلی یە ـ وەرگێڕ) کە هەوڵ دەدات بۆ دامەزراندنی"نووسینگەی نوێنەرایەتی هەمێشەیی" بۆ کوردە شۆڕشگێڕەکان لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بتوانێ دژی خواستی دەوڵەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کار بکات. "تالیب" داوای ئەوەی کردووە کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نەهێڵێت "وانلی" چالاکی بکات و لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەری بکات و قەناعەت بە ئێران بهێنێت تەشویقکردن و یارمەتیدانی کوردەکان رابوەستێنێت . بە بۆچوونی "سترانگ"، دەوڵەتی عێراق گەیشتووەتە ئەوپەڕی بێچارەیی و داماوی. "سترانگ" هەروەها پێشنیاری کردووە کە ویزای "وانلی" هەڵبوەشێندرێتەوە و رەوتی هەناردنەوەی"وانلی" دەست پێبکات و لە مەلامستەفا بارزانی داوا بکرێت رێنوێنی"وانلی" بکات کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە جێ بهێڵێت .

تیلیگرامی ٦٥٥ زۆر درەنگ گەیشتە دەستمان بۆ ئەوەی لە گفتوگۆکەی ٥ ی مایس لەگەڵ وەزیری دەرەوەی عێراق کەڵکی لێوەربگرین. لەمەزیاتر ئێوە بە دەوڵەتی عێراق بڵێن کە:

1 ـ دەوڵەتی ئێران بەتەواوی ئاگاداری روانگەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە دەربارەی ئەوەی کە بەرژەوەندیی ئێران و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێویست بەوە دەکات کە هەموو هەوڵێک بدرێت بۆ باشبوونی پەیوەندییەکانی ئێران و عێراق و دووریکردن لە هەڵگرتنی هەر هەنگاوێک کە ئەم پەیوەندییە تێکبدات. بەهەرحاڵ (هەروەها کە ئێمە هەمیشە بە دەوڵەتی عێراقمان وتووە) ئێمە سیاسەتی دەرەوەی ئێران کونترۆڵ ناکەین، هەروەها کە ناتوانین سیاسەتی دەرەوەی تورکیا، پاکستان، یۆنان، هیند و هتد کونترۆڵ بکەین. ئێمە هیچ نموونەیەکمان لەبیر نایێت کە تێیدا وڵاتێکی جیهانی ئازاد بەوە رازی بوو بێت کە سیاسەتی نیشتمانی ئەو وڵاتە لە لایەن وڵاتێکی دیکەوە کونترۆڵ بکرێت تەنها لەبەر ئەوەی پەیوەندی هەیە لە گەڵ ئەو وڵاتە.

2 ـ وەزارەتی دەرەوە پێشنیاری ئەوە بە باڵوێزخانە دەکات کە کوردەکانی عێراق رازی بکات "وانلی"[٧٣] لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بانگهێشت بکەنەوە. لەگەڵ ئەمەشدا ئێمە تاوتوێی رێوشوێنەکانی گەڕاندنەوەی ناوبراو دەکەین، لەوانەیە بتوانین ناوی "وانلی" وەک کەسی نەخوازراو تۆمار بکەین و لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەری بکەین.

"جیرنیگان" لە کاتی دانیشتن لەگەڵ بەڕێز "ئەلهانی" [٧٤]، باڵوێزی عێراق لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ٥ ی مایس لە سەر بابەتێکی دیکە (کە بە جیا راپۆرت

---

[٧٣] مەبەستی عیسمەت شەریف وانلییە کە ئەو کاتە نوێنەری شۆڕشی ئەیلول بوە لە ئەمریکا. هۆکاری ئەوە دیار نیە کە بۆ ئەوەندە ئەمریکا دژی عیسمەت شەریف وانلی بوە بەڵام وادیارە یەکێ لە هۆکارەکانی ئەوە بوە کە عیسمەت شەریف وانلی کەسایەتیەکی چالاک بوە. (وەرگێڕ)

[٧٤] al-Hani

دراوە) خاڵی ١ و٢ ی سەرەوەی پێراگەیاندووە ( جگە لە رەستەی یەکەمی بەشی١) و دووپاتی کردووەتەوە کە وەڵامی ئێمە بە داواکارییەکانی کوردەکان هەمان وەڵامەکەی پێشووە و ئێمە وەک مەسەلەیەکی ناوخۆیی عێراق سەیری کێشەکەیان دەکەین.

"جیرنیگان" وتی وەزیری دەرەوەی عێراق دەربارەی"وانلی" زۆر نیگەرانە ، هەرچەند کە "وانلی" وەک تاک سەرکەوتوو نەبووە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. باڵوێز "ئەلهانی" وتی بە هەمان شێوە راپۆرتی ئەم گفتوگۆیە دەدات بە وەزارەتی دەرەوەی عێراق.

1964- ١٩٦٨ ، بەرگی XXI ، لاپەرەی ٣٥٢ - ٣٥١ )[٧٥]

## 172ـــ تیلیگرام لە وەزارەتی دەرەوە بۆ باڵوێزخانەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ئێران

**واشنگتۆن، ١١ ی ئابی ١٩٦٥ ، کاتژمێر ٧:١٥ ی پاش نیوەرۆ**

**پەنانەکی**

**بابەت: داواکاری دەوڵەتی عێراق بۆ پشتیوانی ئامریکا لە هەوڵەکان بۆ راوەستاندنی ناردنی چەک لە لایەن ئێرانەوە بۆ کوردەکانی عێراق**

138- ئاماژە بە تیلیگرامی ٧٤ ی باڵوێزخانەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە عێراق بۆ وەزارەتی دەرەوە [٧٦]:

---

[٧٥] سەرچاوە: ئیدارەی ئارشیف و تۆمارکراوە نیشتمانییەکان، پەنانەکی، "دەیویس" و "دنیسمۆر" ئامادەیان کردووە و "براکین" و "جود" بینیویانە و جێگری وەزارەتی دەرەوە بۆ کاروباری رۆژهەڵاتی نزیک و باشووری ئاسیا، "ویلیام هەندلی" پەسەندی کردووە و نێردراوە بۆ ئانکارا، بەغداد، کەراچی و لەندەن.

[٧٦] لە بروسکەی ٧٤ لە بەغداد بۆ وەزارەتی دەرەوە لە ١١ ی ئاب، بەرپرسی کاروباری باڵوێزخانە، "ویزلی ئادام"، راپۆرتی داوە کە جێگری وەزیری دەرەوەی عێراق ، خادم خەلاف، ئەوی بانگهێشت کردووە بۆ وەزارەتی دەرەوە و تکای لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کردووە ئێران رازی بکات کۆتایی بە ناردنی چەک بۆ کوردەکان بهێنێت. "ئادام" لەوەڵامدا وەک هەمیشە ئەوەی رەت کردوەتەوە کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بتوانێت

عێـراق داوای پشـتیوانی لە وڵاتە یەکگرتووەکـانی ئەمریکـا کـردووە لە هەوڵەکـانی بـۆ ڕاوەستاندنی ناردنی چەک لە لایەن ئێرانەوە بۆ کوردەکانی عێراق.

داواکاری دەوڵەتی عێراق - بۆ پشتیوانی ئەمریکا لە هەوڵەکان بۆ ڕاوەستاندنی نـاردنی چەک لە لایەن ئێرانەوە بۆ کوردە عێراقیەکانی دژبەری حکووت - مەعقـول نیـیە ڕەت بکرێتەوە. سیاسـەتی ئـێمە بەردەوام ئەوە بـووە کە ڕاپەڕینـی کـورد مەسـەلەیەکە کە تەنهـا پەیوەنـدی بە عێـراقەوە هەیە و نـاردنی چەک و سـەرباز (لە لایەن ئێـرانەوە بـۆ کوردەکان) بۆ ئەوەی گوشار بخـاتە سـەر دەوڵەتـی عێـراق، دژی ئامـانجی ئـێمەیە کە سـەقامگیربوونی نـاوچەیە. سـەرکەوتنی کـورد لە عێـراق لە ئاسـتی واقیعـدا زۆرتـرین زیانی بـۆ سـەقامگیری تورکیـا هەیە و بە قـازانجی یەکپـارچەیی خـاکی ئەم دو وڵاتە نییە.

ئەو بەڵگە و زانیاریانە کە ئێستا عێراق هەیەتی (دەربـارەی یارمەتیـدانی کوردەکـان لە لایەن ئێرانەوە) ڕاستن و بەرفراوانبوونی یارمەتی ئێران بە کوردە ڕاپەڕیوەکـان دەبێـتە هۆی خراپبوونی خێرای پەیوەندییەکانی ئێران و عێراق.

لە کـاتی دانیشـتن لەگەڵ کاربەدەسـتانی دەوڵەتـی ئێـران، ئێـوە دەبـێ هەڵوێسـتی عێراقیـان وەبیـربهێننەوە و نیگەرانـی وڵاتە یەکگرتووەکـانی ئەمریکایـان پێـرابگەیەنن دەربـارەی ئەو گوشـارانەی کە دەوڵەتـی عێـراق دەیخـاتە سـەر وڵاتە یەکگرتووەکـانی ئەمریکـا بەهـۆی یارمەتیـدانی ئێـران بە کوردەکـان. وڵاتە یەکگرتووەکـانی ئەمریکـا دەیەوێت پەیوەندی باشی لەگەڵ عێراق هەبێـت و بۆچـوونی وەزارەتـی دەرەوە ئەوەیە کە بە قــازانجی ئێرانیشــە کە دەستڕۆیشــتوویی ســنووورداری وڵاتە یەکگرتووەکــانی ئەمریکا لە سەر عێراق لاواز نەبێت [٧٧]

ئێران ڕازی بکات لەم پەیوەندییەدا، بەڵام وتوویەتی داواکارییەکەی دەنێرێت بۆ دەوڵەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا .

[٧٧] لە بروسکەی ١٥٣ لە تاران لە ١٣ ی ئاب، بەرپرسی کاروباری باڵوێزخانە، "مارتین هێرز" ڕاپۆرتی داوە کە ١٢ ی ئاب، داواکارییەکەی عێراقی گوازتوەتەوە بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئێران بەگوێرەی بروسکەی ١٣٨. ڕۆژی دواتر، "هێرز" لەلایەن"عەباس ئارام"

بۆ باڵوێزخانەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە عێراق:
باڵوێزخـانە دەتـوانێ ئەم ڕێنوێنیـانەی وەزارەتـی دەرەوە بە باڵوێزخـانەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە تاران بە ئاگاداری دەوڵەتی عێراق بگەیەنێت .
بۆ لەندەن: ئێوە دەتوانن وەزارەتی دەرەوە ئاگاداری ئەم ڕێنوێنیانە بکەنەوە .

**روسک**

1964 ـ ١٩٦٨ ، بەرگی XXI ، لاپەڕەی ٣٥٢ ـ ٣٥٥ )[٧٨]

**تیلیگرام لە وەزارەتی دەرەوە بۆ باڵوێزخانەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە عێراق**

**واشنگتۆن، ٢٦ ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٥، کاتژمێر ٢:١ ی پاش نیوەڕۆ پەنانەکی**

**بابەت: گفتوگۆی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی عێراق دەربارەی کێشەی کورد**

193ـ ئاماژە بە تیلیگرامی ٢٥٥ ی باڵوێزخـانەی وڵاتە یەکگرتووەکـانی ئەمریکـا لە عێراق[٧٩] :

---

وەزیری دەرەوەی ئێرانەوە بانگهێشت کراوە بۆ باس و گفتگو لەسەر پەیوەندییەکانی ئێران و عێراق. "ئارام" پێی لەسەر ئەوە داگرتووە کە ئێران یارمەتی کوردەکان نادات و گلەیی کردووە کە عێراق سیاسەتێکی بەرنامە بۆداڕێژراوی گرتووەتە بەر بۆ ئەزیەتدانی ئێران. "هێرز" هەروەها وتوویەتی "ئارام" نیگەرانی ئەوە بووە کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکەوێتە نێو مەسەلەکە.

[٧٨] سەرچاوە: ئیدارەی ئارشیڤ و تۆمارکراوە نیشتمانیەکان، "دنیسمۆر" ئامادەی کردووە و جێگری وەزیری دەرەوە بۆ کاروباری کارمەندان، "هووارد فونک" هاوڕی لەگەڵ "جان ریلی" لە ئیدارەی جێگری سەرۆک کۆمار و جێگری بەڕێوەبەری ئیدارەی کاروباری رۆژهەڵاتی نزیک، "هاریسۆن سیمنز" بینیویانە و "دەیویس" پەسەندی کردووە و نێردراوە بۆ قاهیرە و تاران.

[٧٩] بەرواری ٢٥ ی تشرینی یەکەم

ئەمە کورتەیەکە لە گفتوگۆکانی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی عێراق (بەزاز):

1- لە گفتوگۆکەی ٨ ی تشرینی یەکەم لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا[٨٠]، سەرۆک وەزیرانی عێراق کێشەی کوردی هێنایە بەرباس و هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە ئەم مەسەلەیەی بە مەسەلەیەکی ناوخۆیی ناوزەد کرد، ئاماژەی بەوە کرد کە ئەم مەسەلەیە هەندێ تایبەتمەندی دەرەکیشی هەیە. سەرۆک وەزیرانی عێراق وتی دەوڵەتی عێراق دەیەوێت وەک نەتەوە سەیری خەڵکی کورد بکات و بەهەرحاڵ ئاماژەی بەوە کرد کە قەد ناکرێت دەوڵەتێکی کورد هەبێت کە هەموو کوردەکان لەخۆ بگرێت. سەرۆک وەزیرانی عێراق هەروەها وتی ئەم کێشەیە چارەسەر دەکرێت ئەگەر وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بریتانیا مۆچیاری شا بکەن دەست لە سیاسەتە ناعاقڵانەکەی هەڵگری.

2- وەزیری دەرەوەی ئەمریکا دیسان جەختی لەسەر پشتیوانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە یەکپارچەیی خاکی عێراق کردەوە و داوای لە سەرۆک وەزیرانی عێراق کرد لەوە تێبگات کە دەستڕۆیشتوویی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەم جۆرە مەسەلانە سنووردارە و کێشەی هیند و پاکستانی وەک نمونە هێنایەوە.

3- لە وەڵامی پرسیاری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا (دەربارەی ئەوەی کە ئایا خواستی دو لایەنە هەیە لە نێوان ئێران و میسر بۆ ئەوەی پەیوەندی دۆستانەیان پێکەوە هەبێت) سەرۆک وەزیرانی عێراق بانگەشەی ئەوەی کرد کە ترسی شا لە سەرۆک جمال عبدالناسر زیادەڕۆیانەیە و وتی ناسر دەیەوێت لەگەڵ ئێران هاوکاری بکات بەڵام هاندانەکانی ئێران بووەتە هۆی ئەوەی ناسر کاردانەوە نیشان بدات. سەرۆک وەزیرانی عێراق ترسی شا لە زیادەخوازییەکانی (ناسر)ی بەراوردکرد لەگەڵ زیادەخوازییەکانی شا لە نێو وڵاتانی عەرەبی لە کەنداوی فارس.

---

[٨٠]گفتوگۆی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی عێراق، عبدالرحمان بەزاز لە نەتەوە یەکگرتووەکان ئەنجام درا. بەزاز" لە ٢١ ی ئەیلوولی ١٩٦٥ بووە بە سەرۆک وەزیرانی عێراق

وەزیـری دەرەوەی ئەمریکـا پێشـنیاری ئەوەی کـرد کە وەزیـری دەرەوەی ئێـران، "عەباس ئارام" لە گەڵ سەرۆک وەزیرانی عێراق گفتوگۆ بکات بەڵام سـەرۆک وەزیـران وەڵامی دایەوە مەعقول نییە هیچ کەس جگە لە شا بتوانێت هەڵویستی فەرمـی ئێـران بە نیسـبەت میسـر و جیهـانی عەرەب بگۆڕێـت و وای بۆدەچـوو کە تەنهـا مۆچیـاری زلهێزێکی دۆست دەتوانێ قەناعەت بە شا بهێنێت.

4ـ سەرۆک وەزیرانی عێراق وەک یەکەمین سەرۆک وەزیرانی مەدەنی عێـراق لە مـاوەی چەنـد سـاڵی رابـردوودا، هەسـتی بە کەشـوهەوایەکی سـەقامگیر دەکـرد. وەزیـری دەرەوەی ئەمریکا وتـی وڵاتە یەکگرتووەکـانی ئەمریکـا بەرژەوەنـدی سـەرەکی هەیە لە خۆشـبژیوی و یەکپـارچەیی خـاکی عێـراق و ئەوەی زیـاد کـرد کە ئـێمە هـیچ زیـادەخوازێیەکی نەتەوەییمـان لە عێـراق نییە و ئامـادەین یـارمەتی عێـراق بـدەین بـۆ ئەوەی بکەوێتە سەر رێگای پێشکەوتن.

5ـ سەرۆک وەزیرانی عێراق بەرنامەیەکی تایبەتی خستە ڕوو (کە بۆ خۆی زۆر هـۆگری بوو) بۆ ئەوەی زانکۆی بەغداد بکرێت بە بنیادێکی گەورە. وەزیـری دەرەوەی ئەمریکـا وتی وەزارەتی دەرەوە خۆشحاڵ دەبێت کە تاوتوێی ئیمکـانی یارمەتیـدانی ئەمریکـا بە عێراق بکات لە هەندێ گەڵاڵە و بەرنامەی زانکۆییدا.

6ــ سـەرۆک وەزیرانـی عێـراق رەزامەنـدی خـۆی لەگەڵ هەڵسـەنگاندنی ئیمکـانی سەرمایەگوزاری ئەمریکا لە عێراق بۆ زامنکردنی رێککەوتنەکە دەربڕی.

٧ـ لە کاتی گفتوگۆ لەگەڵ جێگری سەرۆک کۆماری ئەمریکا لە ١٥ ی تشرینی یەکەم [٨١]، "بەزاز" ئەوپەڕی رێـزی "عـارف"، سـەرۆک کۆمـاری عێراقـی بە سـەرۆک کۆمـاری ئەمریکا ڕاگەیاند و ئارەزووی چاکبوونەوەی خێرای بۆ خواسـت بـۆ نەشـتەرگەرییەکەی و وتی عێراق پاش تێپەڕکردنی زنجیرەیەک شـۆڕش ئێسـتا لە حـاڵی پێشـکەوتندایە و

[٨١] گفتوگۆی ١٥ ی تشرینی یەکەمی سەرۆک وەزیرانی عێراق لەگەڵ جێگری سەرۆک کۆماری ئەمریکا، "هامپری" لە یادداشتنامەی گفتوگۆکەدا تۆمار کراوە. بنواڕن بۆ هەمان سەرچاوە، فایلە ناوەندییەکان، ١٩٦٦ ـ ١٩٦٤.

وەک ئەندامێکی جیهانی ئازاد لە قۆناخی پەرەسەندن و بەرەوپێشچووندایە. "بەزاز" وتی دەوڵەتی ئێستای عێراق لەرووی سیاسییەوە "بێ لایەنە" و دەوڵەتەکانی رابردووی عێراق "بێ لایەن" بوونیان خراپ شرۆڤە کردووە. دەوڵەتی ئێستای عێراق سوسیالیستە بەڵام مارکسیست یا کومونیست نییە و دەوری کەرتی تایبەت بە فەرمی دەناسێت.

8ـ" بەزاز" وتی ناسر تەنیا رێبەرێکی عەرەبە کە بە شێوازێکی کاریگەر دژی کومونیزم و مارکسیزم خەبات دەکات و کلیلی پەیوەندی باش لەگەڵ عەرەبەکان ئەوەیە کە ئەو لایەنە پەیوەندی باشی لەگەڵ ناسرهەبێت.

9ـ سەرۆک وەزیرانی عێراق بانگەشەی ئەوەی کرد کە ئێران بۆ کۆمەڵێک ئامانجی خراپکارانە ئاژاوەگێڕییەکان لە باکووری عێراق تەشویق دەکات و وتی کێشەی شا، هەڵویستەکەیەتی بە نیسبەت ناسر و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەبێ لە رێگای گونجاوەوە قەناعەت بە ئێران بهێنێت کە یارمەتیدانی کوردەکان رابوەستێنێت.

10ـ سەرەنجام سەرۆک وەزیرانی عێراق پێداگری کرد کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا قەناعەت بە بەریتانیا بهێنێت هەڵویستێکی باشتر بەنیسبەت عەرەبستانی سعودی بگرێتە بەر.

11ـ جێگری سەرۆک کۆماری ئەمریکا وتی سەرۆک وەزیرانی عێراق بە شێوازێکی لایەنگرانە قسەی دەکرد. چاکسازی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی ئابووری تێکەڵ لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا روو دەدات. جێگری سەرۆک کۆماری ئەمریکا جەختی لەسەر جیاوازی نێوان کومونیزم و سوسیالیزم کردەوە و وتی نهێنی راستەقینەی ئازادی، مافی دەربڕین و ئاڵوگۆڕی بیروڕایە.

12ـ جێگری سەرۆک کۆمار ئاماژەی بەوە کرد کە سەردانی میسری کردووە و لەگەڵ ناسر گفتوگۆی کردووە و پەیامێکی لە لایەن سەرۆک کۆمار"کنیدی"یەوە بۆ بردووە [٨٢].جێگری سەرۆک کۆمار هەروەها وتی ئێمە کۆمەڵێک بیروڕای جیاوازیمان

[٨٢] بۆ زانیاری دەربارەی دیدارەکەی "هامپری" لەگەڵ نایر لە ٢٢ ی تشرینی یەکەمی ١٩٦١ بنواڕن بۆ ١٩٦٣ ـ ١٩٦١ ، بەرگی11 XV ، بەڵگەنامەی ١٣١

هەیە بەڵام سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەوەیە کە کۆمەڵێک رێگا بدۆزێتەوە بۆ رێککەوتن. ناوبراو ئەوەی وەک نموونە هێنایەوە کە ئەم دواییانە لە وەڵامی هەستە بەهێزەکانی هەندێ لە خەڵکی ئەمریکا، کۆنگرێسی وڵاتە یەکگرتووەکان دژی ناسر کاردانەوەی نیشان داوە و سەرۆک کۆمار، جێگری سەرۆک کۆمار و وەزیری دەرەوە ناچار بوونە هەوڵێکی زۆر بدەن بۆ ئەوەی بڕیارەکەی کۆنگرێس هەڵبوەشێننەوە بۆ ئەوەی خۆراک وەک رابردوو لە ئەمریکاوە بچێت بۆ میسر. ئێمە سپاسی وتە راشکاوانەکانی سەرۆک وەزیرانی عێراق دەکەین و بەهەرحاڵ "ناسر"یش دەبێت راشکاوانە قسە بکات .

13ـ جێگری سەرۆک کۆماری ئەمریکا هیچ باسی بارودۆخی کوردی نەکرد و وتی ئاگاداری وردەکارییەکانی نییە. سەرەنجام جێگری سەرۆک کۆمار مەسەلەی بریتانیا و عەرەبستانی سعودی گوازتەوە بۆ جێگری وەزیری دەرەوە، بەڕێز "هارە"

١٤- لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا (بەڕێز "مان") لە ١٥ ی تشرینی یەکەم[٨٣] ، سەرۆک وەزیرانی عێراق روانگە مودێرن و لیبراڵەکانی خۆی بەنیسبەت سوسیالیزم لەگەڵ روانگە وشک و توندەکانی سەرۆک وەزیرەکانی پێشووی عێراق بەراورد کرد و لە دروشمدان و خستنەرووی بیرۆکە دوکتورینیەکان دووری کرد. جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا وتی لەگەڵ بۆچوونەکانی سەرۆک وەزیرانی عێراق هاوڕایە و ئەوەی بە سەر قسەکانیدا زیاد کرد کە ئەو دوکتورینە ئابووریانە کە ١٠٠ ساڵ یا زیاتر لە ١٠٠ ساڵیان بەسەر دا چووە، بۆ ئەمڕۆ نابن ئەگەر گۆڕانکاریان تێیدا نەکرێت.

15ـ لە وەڵامی پرسیارێکی جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە بارەی پەیوەندییە ئابوورییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و عێراق، سەرۆک وەزیرانی عێراق وتی

---

[٨٣] گفتوگۆی ١٥ ی تشرینی یەکەمی سەرۆک وەزیرانی عێراق لەگەڵ جێگری وەزیری دەرەوەی ئامریکا بۆ کاروباری ئابووری، "توماس مان". تۆمار کراوە لە یادداشتنامەی گفتوگۆکەدا (ئیدارەی ئارشیف و تۆمارکراوە نیشتمانیەکان).

سیاسەتی عێراق ئەوەیە کە لە راستیدا "بێ لایەن" بێت و حکوومەتی عێراق هەموو مەسەلەکان بە پێی شیاوبوونیان و بەگوێرەی بەرژەوەندییەکانی عێراق تاوتوێ دەکات بەڵام هەلێکی باش رەخساوە بۆ هاوکاری و یارمەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا .

16ـ جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا باسی کاری کومپانیە بازرگانییەکانی ئەمریکای لە عێراق کرد کە وەڵامەکەی "بەزاز"مان لە تیلیگرامی ١٦٨ لە بەرواری ١٨ی تشرینی یەکەم ناردووە بۆ ئێوە بۆ بەغداد.

17ـ سەرۆک وەزیرانی عێراق دیسان داوای یارمەتی ئەمریکای کرد بۆ دروستکردنی زانکۆیەکی نوێ لە عێراق کە خەرجەکەی ٣٠ ـ ٣٥ میلیون دولار هەڵسەنگێندراوە و وتی عێراق دەتوانێت لە ماوەی ٧ ـ ٨ساڵدا ئەم پارەیە بداتەوە بە ئەمریکا. بەڕێز "مان[٨٤]" وتی تاوتوێی ئەم مەسەلەیە دەکات.

18ـ "بەزاز" وتی کێشەی کورد بووەتە هۆی وشکبوونی دارایی عێراق و ئابووری عێراقی فەلەج کردووە. هەروەها ئاماژەی بە بەرنامەی سلفە کرد بۆ عێراق و وتی عێراق پێویستی بە سەرمایە هەیە و لەوانەیە داوای ٧ ـ ٨ میلیون دولار سلفە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکات. بەڕێز "مان" وتی ئەم مەسەلەیەش تاوتوێ دەکات .

**روسک**

1964 ـ ١٩٦٨ ، بەرگی XXI ، لاپەڕەی ٣٥٥ ـ ٣٥٦)[٨٥]

**177ـ ئەیرگرام لە باڵوێزخانەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە عێراق بۆ وەزارەتی دەرەوە- ٤٢٤ ـA**

**بەغداد، ٣٠ ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٥**

**پەنانەکی**

---

[٨٤] Mann

[٨٥]سەرچاوە: ئیدارەی ئارشیف و تۆمارکراوە نیشتمانیەکان، نهێنی،"سترانگ" و "دونگان" لە ٢٩ ی تشرینی یەکەم ئامادەیان کردووە و "دونگان" پەسەندی کردووە و ناردراوە بۆ عەدەنا، حەلەب، ئانکارا، بەسرە، بەیروت، قاهیرە، دیمەشق، لەندەن، تەورێز و تاران.

## بابەت: هەڵسەنگاندنی کێشەی کورد

ئەمە هەڵسەنگاندنێکی گشتییە لەسەر مەسەلەی کورد لە عێراق کە باڵوێزی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە عێراق، بەڕێز "سترانگ" ئامادەی کردووە. ئەم هەڵسەنگاندنە باسی گەلێ بەرژەوەندی و هۆکاری هاندەری ململانێکەری کردووە لەم مەسەلەیەدا و بۆ هەموو ئەو کەسانە سودمەندە کە پەیوەندییان بە سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەیە بە نیسبەت کێشەی کورد لە عێراق .

ئەنجامی سەرەکی ئەم هەڵسەنگاندنە بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەوەیە کە ئۆتۆنۆمییەکی بەرفراوان یا سەربەخۆیی بۆ کوردەکانی عێراق، سەقامگیری ناوچە تێکدەدات و بە زیانی بەرژەوەندییە درێژخایەنەکانی ئێمەیە. بەردەوامبوونی شەڕی کوردەکان بە قازانجی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نییە، هەرچەند کە ئاکام و لێکەوتەکانی ئەم شەڕە (لانیکەم بۆ ئێستا) مەترسی نییە بۆ ئەمریکا و پێویست بە دەستپێشخەرییەکی ئەوتۆ ناکات لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە .

دوورە کە شیوعیەکان و سۆڤیەت بتوانن کونترۆڵی بەرفراوانی شۆڕشی کورد بکەن، تەنانەت ئەگەر کوردەکان بتوانن کوردستانێکی خاوەن ئۆتۆنۆمی یا ڕژێمێکی جیاوازیش دابمەزرێنن.

ئەم شیکارییە بەو ئەنجامە دەگات کە لە کاتێکدا کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، سۆڤیەت و میسر خوازیاری چارەسەرییەکی ئاشتیخوازانەن بۆ کێشەی کورد لە عێراق و لەم پەیوەندییەدا بەرواڵەت هاوتەریبن بەڵام ئامانجەکانیان جیاوازە و بە تایبەت لە پەیوەندی لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و سۆڤیەت ئەنجام و گریمانەی جیاوازی لە پشتە.

بەهەمان شێوە ئێران و ئیسرائیل ـ و لەوانەیە بریتانیا ـ ئامانجی جیاوازیان هەیە بۆ لایەنگریکردن لە بەردەوامبوونی ناکۆکییەکە بۆ ئەوەی عێراق لاواز ببێت. دەستێوەردانی بەردەوامی ئێران و ئیسرائیل لە کێشەکە، هەڕەشەیە بۆ پێگەی وڵاتە

یەکگرتووەکـــانی ئەمریکـــا له عێـــراق بەڵام بەداخەوه هـــیچ دەوڵەتێـــک رەچـــاوی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا ناکات لەم پەیوەندییەدا.

له داهـــاتوویەکی زۆر نزیکـــدا، نه کوردەکـــان و نه حکـــوومەتی عێـــراق نـــاتوانن به رێگاچارەی ســـەربازی ســـەرکەوتن بەدەســـت بهێـــنن. بەهەمـــان شـــێوه رێگاچـــارەیەک به گوێرەی وتووێژیش ناتوانێـت کێشـەکه بـۆ هەمیشـه چارەسـەر بکـات. کێشـەی کـورد، کێشەیەکی درێژخایەنه.

سیاسەتی ئێستای وڵاته یەکگرتووەکانی ئەمریکا گونجاوترین سیاسەته واتا ئەوه کـه کێشەی کورد کێشەی ناوخۆیی عێراقه و باشـترین رێگاچـاره، رێگاچـارەی سیاسـیه له سەر بنەمای وتووێژ .

بۆ باڵوێز:

**ئینۆچ س دونکان[٨٦]**

**راوێژکاری کاروباری سیاسی**

---

[٨٦] ENOCH S. DUNCAN

1964 ـ ١٩٦٨ ، بەرگی XXI ، لاپەڕەی ٣٥٧ ـ ٣٥٨)[٨٧]

**تیلیگرام له باڵوێزخانەی وڵاته یەکگرتووەکانی ئەمریکا له ئێران بۆ وەزارەتی دەرەوە**

**تاران، ٢٠ ی کانوونی دووەمی ١٩٦٦**

**نهێنی**

**بابەت: پەیوەندییەکانی ئێران و عێراق و کێشەی کورد**

## ١-پەیوەندییەکانی ئێران و عێراق

من ئەمڕۆ پێشنیاری ئەوەم به "شا" کرد که پەیوەندییەکانی ئێران و عێراق کونترۆڵ بکات و نەچێت بۆ سەفەرە بەرنامە بۆدارێژراوەکەی بۆ ئەورووپا، شا وەڵامی ئەرێنی بەم پێشنیاره دایەوە. شا وتی هەست دەکات ئێران گەیشتووە به ئامانجی سەرەکی خۆی واتا ئەوە که عێراقیەکان بزانن هەرچەشنه دەستدرێژییەکی سەربازی بۆ سەر سنووری ئێران، لەگەڵ وەڵامی توندی ئێران روبەڕوو دەبێتەوە و هەرکاتێک ئێران بیەوێت، سەرچاوەی ئەم چالاکیه بێ دەنگ دەکات.

## 2- ئامانجه درێژخایەنەکان:

شا وتی ئامانجی ئێران هیچ کاتێک ئەوە نەبووە که یەکپارچەیی خاکی عێراق بباته ژێرپرسیار و وتی هەر دو وڵات له رێگای پەیوەندی دراوسێیتیەوە دەتوانن هەموو دەستکەوتێک بەدەست بهێنن. شا وتی هەر دو وڵاتی ئێران و عێراق بەرهەمهێنەری نەوتن و سەرچاوەی ئاوی هاوبەشیان هەیه که دەبێ به شێوەیەکی یەکسان کەڵکی لێوەربگرن. هەروەها کۆمەڵگای شیعه له عێراق پەیوەندییەکی نزیکی هەیه له گەڵ شیعەکانی ئێران و هتد .

[٨٧] سەرچاوە: ئیدارەی ئارشیڤ و تۆمارکراوە نیشتمانیەکان، نهێنی . ناردراوە بۆ ئانکارا، بەغداد، جەددە و لەندەن.

### 3- کێشەی کورد:

شا وتی نایەوێت لە ڕێگای کارکردن دژی کوردەکانی عێراق، کوردەکانی ئێران بکات بە دوژمنی خۆی و وتی کوردەکان" ئاریایی ڕەسەنن " کە ڕەگەزی ئێرانیەکانە. خاڵەکەی شا ئەوە بوو کە کێشەی کوردەکان لە عێراق، کێشەی ناوخۆیی عێراقە کە لەڕێگای بەقوربانیکردنی کوردەکان چارەسەر ناکرێت و ناکرێت بینەردرێتە ناو ئێرانیش .

### 4- مەسەلەی "شەتولعەرەب":

شا وتی هەرچەند ئەوە گرنگە کە لە ناکۆکیەکەی لە گەڵ عێراق کەڵک وەربگرێت بۆ ئەوەی کێشەی "شەتولعەرەب" چارەسەربکرێت، بەڵام وتی ئەمە ئامانجی یەکەمی ئێران نییە و وتی ئەم کێشەیە ریشەیەکی دەیان ساڵەی هەیە و ئێران دەتوانێت چەند ساڵێکی دیکە چاوەڕوان بکات. لە ڕاستیدا لە ماوەی چەند ساڵی داهاتوودا بەهۆی گەشەکردنی بەندەرەکانی ئێران لە کەنداوی فارس، ئێران هیچ پێویستییەکی بە "شەتولعەرەب" نامێنێ. شا وتی کاتێ کە کەشتییەکان دێن بۆ بەندەرەکانی ئێران، عێراقیەکان کێشەیان بۆ ساز دەکەن و باری ئابووری ڕاگرتنی دەریاوانی "شەتولعەرەب" زیاد دەکەن. شا لە هەمان کاتدا ئاماژەی بەوە کرد کە کاربەدەستانی عێراق لە داهاتوودا سەردانی ئێران دەکەن و هیوای خواست ئەوانیش بەشێک لەم باری ئابوورییە بگرنە ئەستۆ و "شەتولعەرەب" لە نێوان خۆیاندا دابەش بکەن. بەهەرحاڵ شا ئەوەی وەبیرهێنایەوە کە بێ ئەنجامدانی گفتوگۆ، مەسەلەی ناکۆکیەکانی "شەتولعەرەب" دەبێ بە سەرچاوەی کۆمەڵێک کێشەی بێ کۆتایی لە نێوان هەر دوو وڵاتدا.

### 5- پێشهاتەکانی ئەم دواییانە:

ئاماژە بە گفتوگۆ تیروتەسەلەکەم (تیلیگرامی ١٠٣٤ ی باڵوێزخانە) لەگەڵ "حەسەن دوجەیلی"[٨٨]، باڵوێزی نوێی عێراق لە ئێران:

[٨٨] بەرواری ١٩ ی کانوونی دووەم (هەمان سەرچاوە)

من بە "شا"م وت هەر چەند ئەم دۆستەم بە ماوەی ١٨ ساڵ نەبینیوە بەڵام وەبیرم دێت دۆستێکی زۆر راستگۆ و یەکدڵ بوو. هەروەها بە (شا)م وت "دوجەیلی" منی دڵنیا کردووەتەوە کە هیچ دەوڵەتێکی عێراقی ناتوانێت لە ژێر زەخت و زۆردا لەسەر مەسەلەیەک وەک "شەتولعەرەب" گفتوگۆ بکات. وادیارە "دوجەیلی" بەتەواوی بە پەرۆشە کە گرژییەکانی نێوان ئێران و عێراق کەم بکاتەوە و پەیوەندییەکانی هەر دوولا پتەو بکات .

## 6- رەخساندنی دەرفەتێک بۆ "بەزاز":

هەروەها کە هێماکان نیشان دەدات لە کاتێکدا کە دەوڵەتی عێراق هێشتا رێگایەکی درێژی لەبەرە بۆ ئەوەی بتوانێ بگات بە ئامانجە پاک و شیاوەکانی سەردەمی پێش ١٩٥٨ ، من پێموایە "بەزاز" ( کە ئێستا لە سەر کورسی دەسەڵاتە لە عێراق) تا رادەیەک خۆی باش نیشان داوە و ئێرانیەکان دەبێ دەرفەتێکی باشی پێبدەن. شا بەمە رازی بوو و ئامارەی بەوە کرد کە لەوکاتەوە کە دەوڵەتی "حیزبی کار" لە بریتانیا گەیشتووە بە دەسەڵات، بە بەرپرسیارەتیەکی زۆرترەوە رەفتاری کردووە (زۆرتر لەوەی کە لە راگەیاندننامەکانیدا پێش لە گەیشتن بە دەسەڵات چاوەڕوان دەکرا).

هەروەها تێگەیشتنی شا لە رابردوو باشتر ببوو دەربارەی ئەوەی کە "بەزاز" و جێگری سەرۆک کۆماری عێراق حەتمەن عەبدی میسر نین بەڵام وتی "عارف" لایەنگری (ناسر)ە و شێتە. پاشان ئامارەی بە دۆستە عێراقیەکانی میسر کرد. هەروەها لەگەڵ ئەوە هاوڕا بوو کە تەنانەت ناسریش دەبێت لەوە تێبگات کە عێراق دەتوانێت لە سوریا کێشە خولقێنەرتر بێت .

## 7- بەرنامەی ٣ خاڵی:

شا وتی ئێران هەوڵی داوە لە رێگای قبوڵکردنی پێشنیارە ٣ خاڵییەکەی "بەزاز" نیوەی ئەو هەنگاوانە هەڵبگرێت کە لە ئەستۆیەتی بەڵام وتی ئەم بەرنامە ٣ خاڵییە

دەبێ دوو لایەنە بێت و ئێران نایەوێت عێراقیەکان واتێبگەن کە پەرداخت کردنی پارەی قەرەبووکردنەوە (کە دەبێ کومیسیونێکی لێپرسینەوەی هاوبەش بڕیاری لەسەر بدات) هەموو ناکۆکیە سەرەکیەکانی ئێران و عێراق چارەسەر دەکات و دەبێ دەرگای گفتوگۆ لەسەر کێشەکانی دیکە وەک کێشەی "شەتولعەرەب" و دابەشکردنی سەرچاوەکانی ئاو (کە ٦٥٪ ی لە خاکی ئێران سەرچاوە دەگرێت) کراوە بێت.

**8ـ هەڵسەنگاندەن:**

من وای بۆ دەچم کە شا پێش سەفەر بۆ دەرەوە، دەوڵەتەکەی دڵنیا دەکاتەوە کە ئێران هیچ هەنگاوێک هەڵناگرێت بۆ سەرهەڵدانەوەی گرژییەکانی ئێران و عێراق. کێشە درێژخایەنەکان (هەم مەسەلەی یارمەتی ئێران بە کوردەکان و هەم مەسەلەی "شەتولعەرەب") بە چارەسەرنەکراوی دەمێننەوە بەڵام بڕیاردان لەم پەیوەندییەدا ئێستا پێویست نییە. مەبەستی من لە دەربڕینی بۆچوونەکانم ئەوە بوو کە شا تەشویق بکەم وەزیرەکانی دڵنیا بکاتەوە کە دەیەوێت بارودۆخەکە لە کاتی نەبوونی خۆیدا ئارام بێت.

**مایێر[٨٩]**

1964 ـ ١٩٦٨، بەرگی XXI، لاپەڕەی ٣٦٠ ـ ٣٥٩ )[٩٠]

**180ـ تیلیگرام لە باڵوێزخانەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە عێراق بۆ وەزارەتی دەرەوە**

**بەغداد، ١٧ ی مایسی ١٩٦٦**

**پەنانەکی**

**بابەت: گفتوگۆ لەگەڵ "عارف"، سەرۆک کۆماری عێراق[٩١]**

---

[٨٩] MEYER

[٩٠] سەرچاوە: ئیدارەی ئارشیف و تۆمارکراوە نیشتمانیەکان، 1 IRAQ ـ ١٥ POL، پەنانەکی

ئاماژە بە تیلیگرامی ٦٧٧ ی باڵوێزخانە[٩٢] و تیلیگرامی ٥٣٨ ی وەزارەتی دەرەوە[٩٣]:

1ـ من بەماوەی ٣٥ خولەک لەگەڵ " عارف"ی سەرۆک کۆماری عێراق له نیوەڕۆی ١٧ ی مایس گفتوگۆم کرد و ئەوپەڕی ڕێز و سڵاوی سەرۆک کۆمار "جانسون"م بە "عارف" و دەوڵەتی عێراق ڕاگەیاند، پاشان "عارف" سپاسی منی کرد و داوای لێمکرد ئەوپەڕی ڕێز و سڵاوی ئەو بگەیەنم بە سەرۆک کۆمار "جانسۆن". پاشان "عارف" پەیوەندییە دۆستانەکانمانی (پێش ئەوەی کە ببێ بە سەرۆک کۆماری عێراق) وەبیرهێنایەوە و وتی ئاواتەخوازە پەیوەندییەکانمان بە هەمان شێوە بەردەوام بێت .

2ـ من بە کورتی باسی گرنگترین خاڵەکانی ئەرکەکانی خۆمم کرد بۆ پەرەپێدانی زۆرتری پەیوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و عێراق و هاوکاری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەگەڵ عێراق بۆ پەرەپێدانی سەقامگیری و پێشکەوتنی سیاسی و ئابووری عێراق تا ئەو ئاستە کە عێراق دەیەوێت و بە پێی ئیمکان. "عارف" وتی دەرک بەمە دەکات و سپاسی منی کرد و باسەکەی گۆڕی بۆ مەسەلەی یارمەتیدانی ئێران بە کوردەکان.

3ـ من بە وردی هەڵویستی دەوڵەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکام بە نیسبەت کێشەی کورد بۆ "عارف" شی کردەوە و باسی نیگەرانیەکانی ئێرانم کرد و هەوڵەکانی

---

[٩١] سەرۆک کۆماری عێراق، "عبدالسلام عارف" لە ١٣ ی نیسان له ڕووداوی کەوتنە خوارەوەی فڕۆکە (هلیکۆپتەر راستە ـ وەرگێڕ) کوژرا و براکەی، ژنەراڵ "عبدالرحمان عارف" لە ١٦ ی نیسان جێگای ئەوی گرتەوە.

[٩٢] بەرواری ١٦ ی مایس (ئیدارەی ئارشیف و تۆمارکراوە نیشتمانیەکان، IRAQ 1 ـPOL ١٥)

[٩٣] بروسکەی ٥٣٨ بۆ بەغداد لە ١٤ ی مایس ڕێنوێنی "سترانگ" ی کردووە کە لەلایەن سەرۆک کۆماری ئەمریکاوە پیرۆزبایی لە "عارف" بکات بەبۆنەی دەست بەکاربوونی و ئاماژە بەوە کردووە کە گفتوگۆی یەکەم دەبێ دۆستانە بێت، هەرچەند کە باڵوێزی ئەمریکا دەتوانێت باسی هەندێ مەسەلەی تایبەتی نێوان دەوڵەتی عێراق و ئامریکادا بکات ئەگەر پێویست بکات .

خۆمانم دووپات کردەوە بۆ تەشویقکردنی ئێران و عێراق بۆ دوزینەوەی ڕێگایەک بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیەکانیان بە شێوازی ئاشتیخوازانە و وتم بە بۆچوونی من تەنها ئێران و عێراق دەتوانن ناکۆکیە دولایەنەکانیان چارەسەر بکەن. "عارف" وتی ترسی ئێران لە عێراق بەهۆی پەیوەندییەکانی میسر و عێراق لە جێی خویدا نییە، بەڵام ئەگەر شا (کە تەنها خۆی بەرپرسیاری دوژمنایەتی ئێرانە لەگەڵ عێراق) پێداگری بکات لەسەر یارمەتیدانی کوردەکان، عێراقیش تا ئەو شوێنەی کە پێی بکرێت کێشە بۆ ئێران دروست دەکات ( لەم پەیوەندییەدا ئەیرگرامێک بە وردەکاری زۆرترەوە نێردراوە بۆ وەزارەتی دەرەوە[٩٤]).

4ـ هەڵسەنگاندن: "عارف" ئارام و لەسەرخۆ بوو و چەندجار لە میانەی گفتوگۆکەماندا سوحبەتی کرد و بە هۆی کردەوەکانی ئێران بە هیچ شێوەیەک سەرزەنشتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نەکرد و ئەوەی پشتڕاست کردەوە کە دەوڵەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا یارمەتی کوردەکان نادات. کاتێ کە من ئاماژەم بەو پرەنسیپە گەورانە کرد کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڤیەتنام شەڕی بۆ دەکات، "عارف" وتی دەرکی پێدەکات و لەگەڵیدایە. لە سەراسەری گفتوگۆکەماندا کەڵک لە وەرگێڕ وەرگیرا، جگە لە چەند کورتە باسی تاکەکەسی لە سەرەتا و کۆتایی گفتوگۆکەمان. "عارف" ئەوەندە ئینگلیزی دەزانێت کە بتوانێت وتووێژێکی ئاسایی پێ بکات.

5ـ ئەم گفتوگۆیە ئەو بۆچوونەی پشتڕاست کردەوە کە "عارف" بەریانی بەرەولای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەیە، هەرچەند کە ئێمە نابێت چاوەڕوانی ئەوەی لێ

---

[٩٤] ئەیرگرامی ٩٥٩ ـ A لە بەغداد لە ١٨ی مایس (هەمان سەرچاوە)"عارف" سپاسی باڵوێزی ئەمریکای کرد بۆ ئەم گفتوگۆیە و وتی ئەم گفتوگۆیە وەک نهێنییەک لای خۆی رادەگرێت. "عارف" هەروەها وتی دەیەوێت قسەکانمان وەک قسەوباسی نێوان دوو دۆست بێت نە سەرۆک کۆمارێک لەگەڵ باڵوێزێک. منیش وتم زۆر باشە و جارجار قسەوباسی دۆستانە لەگەڵ یەکدی دەکەین.

بکەین رەفتارێکی دۆستانەی ئاشکرای لەگەڵ ئێمە هەبێت و بێ گومان کۆمەڵێک پێشامەد لە داهاتوودا روو دەدات کە تا ئاستێک پەیوەندییەکانمان گرژ دەکات.

ستراتگ

1964- ١٩٦٨ ، بەرگی XXI ، لاپەڕەی ٣٦٢ - ٣٦٣)[٩٥]

**182- تیلیگرام لە باڵوێزخانەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە عێراق بۆ وەزارەتی دەرەوە**

**بەغداد، ٢ ی تەموزی ١٩٦٦**

**نهێنی**

**بابەت: روانگەی دەوڵەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا بەنیسبەت ئەو بەرنامە سیاسیە کە حکوومەتی عێراق بۆ کوردەکان دایڕشتووە**

12- ئاماژە بە تیلیگرامی ٣٩٦ ی وەزارەتی دەرەوە [٩٦]:

الف - وێڕای گەیاندنی پەیامی پیرۆزبایی دەوڵەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە دەوڵەتی عێراق بە بۆنەی پوچەڵکردنەوەی کودیتا، لەکاتێکی گونجاودا ئەم بابەتانە بە شێوازی زارەکی لەگەڵ رێبەرانی عێراق بهێننە بەر باس :

1- دەوڵەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێی ناخۆش بووە کە عێراق ناچار بووە تەحەمولی توندوتیژییەکی دیکە بکات.

---

[٩٥] سەرچاوە: ئیدارەی ئارشیف و تۆمارکراوە نیشتمانیەکان، POL ٢٣ IRAQ 9 ، نهێنی، نێردراوە بۆ قاهیرە.

[٩٦] بروسکەی ژمارە ٣٩٦ بۆ بەغداد لە ١ ی تەموز ئاماژەی بەوە کردووە کە وەزارەتی دەرەوە تاوتوێی ئەوە دەکات کە ئایا بە قازانجمانە باڵویزخانە پیرۆزبایی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بگەیەنێت بە "عارف"، سەرۆک کۆمار یا "بەزاز"، سەرۆک وەزیرانی عێراق بەبۆنەی پۆچەڵ کردنەوەی کودیتای ئەم دواییە. هەروەها داوای لە باڵوێزخانە کردووە تاوتوێی ئەو مەسەلەیە بکات کە راگەیاندنی چارەسەرکردنی کێشەی کورد تا چە رادەیەک هۆکاری ئەم کودیتایە بووە.

2 ـ دەوڵەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هیوادارە هەوڵەکانی دەوڵەتی عێراق ببێتە هۆی پاراستنی سەقامگیری ئەو وڵاتە و لە پێشکەوتنەکانیدا سەرکەوتوو بێت.
3 ـ دەوڵەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پیرۆزبایی لە حکوومەتی عێراق دەکات بە بۆنەی ئەو بەرنامە سیاسیە کە بۆ کوردەکان دایڕشتووە و کوردەکان قبوڵیان کردووە.
4 ـ دەوڵەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هیوادارە چارەسەری کێشەی کورد بە شێوازێکی ریکوپێک و بەردەوام و بە نیازپاکی حکوومەتی عێراق و کوردەکان جێبەجێ بکرێت و لە سەر ئەو باوەڕەیە کە ئەم رێگاچارەیە پڕبایەخە و پێش لە توندوتیژی دەگرێت[٩٧].

٢ـ دیاریکردنی کاتی کودیتا دژی حکوومەتی عێراق، بەشێکی بە هۆی راگەیاندننامەکەی ٢٩ ی حوزەیرانی "بەزاز" بووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد. وادیارە رێبەرانی کودیتا هیوادار بوونە کە کەسانی دیکە وەک کاربەدەستانی سەربازی خەڵکی موسڵ (کە گەلێکیان دژی کوردن) پەیوەست دەبن بە جووڵانەوەکەیان بۆ رووخاندنی رژیم کە بە بووچوونی ئەوان ئەم رژیمە خیانەتی بە عێراق کردووە چونکە تەسلیمی داواکارییەکانی کوردەکان بووە. بەشداریکردنی "عەتارباشی[٩٨]"، فەرماندەی لیوای ٤ لەم کودیتایە کە خەڵکی موسڵە ئەم راستیە دەسەلمێنێت. بەڵام وادیارە حکوومەتی عێراق متمانەی بە ناوبراو نەبووە چونکە چەند رۆژ پێش باسی ئەوە دەکرا کە سەرتیپ "عدنان عبدالجلیل[٩٩]" دەخرێتە شوێنی ئەو. لە لایەکی دیکەوە رێبەرانی کودیتا لە یەکەمین راگەیاندننامەی خۆیاندا کە لە رادیو بڵاو بووەوە، چارەسەرکردنی کێشەی کوردیان قبوڵ کرد. کێشەکە لە راستیدا

[٩٧] بروسکەی ١٢٠٧ بۆ بەغداد لە ٣ ی تەموز دەڵێت: "وەزارەتی دەرەوە هاوڕایە لەگەڵ کارە پێشنیارکراوەکەی باڵوێزی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە عێراق ."
[٩٨] Attarbashi
[٩٩] Adnan Abd al-Jalil

بەرەو چارەسەری دەچوو و شەرت ومەرجە گشتییەکانی هەفتەیەک پێش لە هەوڵی کودیتا بڵاو بووەوە.

ئەم خاڵانە دەمانباتە سەر ئەو باوەڕە کە کۆمەڵێک هۆکاری گرنگتر هەبووە بۆ دیاریکردنی کاتی کودیتاکە، بۆ نمونە چوونی "بەزاز" بۆ تورکیا لە ١ ی تەموز، هەروەها پاشنیوەڕۆی ٣٠ی حوزەیران سەرەتای پشووی دوو رۆژی بوو و دامەزراوە حکوومەتیەکان کاتژمێر ١:٣٠ی پاش نیوەڕۆ دادەخرێن. کاتێک کە ئاژاوەکە دەستی پێکرد، خەڵک لە خەوی نیوەڕۆدا بوون و ژمارەیەکی زۆر لە کاربەدەستان و سەربازان بە شێوازی ئاسایی لە ئیجازەی پشوو و کۆتایی حەوتوودا بوون.

3- خێرابوون و تیژبوونی کاردانەوەی هێزەکانی وەفادار بە حکوومەت نیشان دەدات حکوومەتی عێراق لە پێشەوە ئاگاداری پیلانی کودیتا بووە و وای بە باشتر زانیوە رێبەرانی کودیتا لە کاتی خۆیدا دەستگیر بکات (نە پێش لە کودیتا و بێ سەلماندنی نیازەکەیان). ئەم سیاسەتە لەگەڵ شێوەی تێڕوانینی عێراقیەکان بۆ مەسەلەکان دەگونجێت، بە تایبەت لەو کاتانە کە لە سەرکەوتنی خۆیان دڵنیا بن.

ستران

1964 ـ ١٩٦٨ ، بەرگی XXI ، لاپەڕەی ٣٦٣ ـ ٣٦٤)[١٠٠]

**183ـ تیلیگرام لە باڵوێزخانەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە عێراق بۆ وەزارەتی دەرەوە**

**بەغداد ـ ١٩ ی ئابی ١٩٦٦**

**پەنانەکی**

**بابەت: گفتوگۆ لە گەڵ سەرۆک وەزیرانی نوێی عێراق[١٠١] دەربارەی کێشەی کورد و ئێران**

[١٠٠] سەرچاوە: ئیدارەی ئارشیف و تۆمارکراوە نیشتمانیەکان، پەنانەکی، ناردراوە بۆ تاران، ئەلجەزایر، عەمان، ئانکارا، بەسرە، بەیروت، قاهیرە، دیمەشق، هاهاران، ئۆرشەلیم، جەددە، خارتوم، کویت، لەندەن، موسکۆ، ربات، تلابیب، تریپلولی، تونس.

1ـ من له ١٨ ی ئاب به ماوەی ٥٠ خولەک له گەڵ "تالیب" (سەرۆک وەزیرانی عێراق - وەرگێڕ) گفتوگۆم کرد. زۆربەی کاتی گفتوگۆکەمان به کێشەی کورد و ئێران (به دەستپێشخەری "تالیب") تێپەڕ بوو. من به"تالیب"م وت دەوڵەتی وڵاته یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئامادەیه کاربکات له گەڵ حکوومەتی ئێستای عێراق (هەر وەک حکوومەتەکانی پێشووی عێراق) له پێناو ئامانجی بنەڕەتی ئێمه که سەقامگیری و خۆشبەختی عێراقه و بەوردی باسی نیگەرانی خۆمانم بۆ کرد دەربارەی پێشنەچوونی کاری بەڵێندەرانی ئەمریکایی له عێراق، و راستیه بنەڕەتیەکانی بارودۆخی ڤیەتنام و واتاکەی بۆ جیهانی ئازاد و ئامانجەکانی وڵاته یەکگرتووەکانی ئەمریکام بۆی شی کردەوە. هەروەها نیگەرانی و بێ هیوایی قووڵی خومم بەنیسبەت هاوهەڵویست بوونی عێراق لەگەڵ سۆڤیەت دەربڕی. "تالیب" وتی تاوتوێی ئەم بانگەشانه دەکات و خۆی بوارد له قسەوباسی زۆرتر لەبارەی ڤیتنام و وتی کاتی کابینەی عێراق به مەسەله ناوخۆییەکان گیراوه و کاتی ئەوەی نییه (هەروەها که "بەزاز" له موسکۆ باسی کردبوو) که خۆی سەرقاڵی مەسەله جیهانیەکان وەک مەسەلەی ڤیەتنام و ئاڵمانیا بکات .

2ـ "تالیب" رایگەیاند حکوومەتی عێراق بەرنامەی چارەسەری کێشەی کورد بەتەوای جێبەجێ دەکات، بەڵام زۆرتر باسی گیروگرفتەکانی کردو ئاماژەی بەوە نەکرد که چۆن دەوڵەتی عێراق لەم پەیوەندییەدا دەچێته پێش. به وتەی "تالیب" جیدیترین کێشه لەم پەیوەندییەدا، بوونی ٣ کۆتله له نێو کوردەکاندایه . بارزانی پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت که حکوومەتی عێراق تەنها له گەڵ ئەو مامەڵه بکات بەڵام حکوومەت ناتوانێت ئەو کوردانه پشتگوێ بخات که لایەنگری حکوومەتی عێراقن یا ئەندامی کۆنی پارتی دیموکراتن. (PDK) تالیب وتی بارزانی دەیەوێت ببێت به پادشای کوردستان بەڵام بەرهەرحاڵ کەس نازانێت له راستیدا به شوێن چ ئامانجێکەوەیه .

[101] بەزاز له ٦ ی ئاب وەک سەرۆک وەزیرانی عێراق دەستی لەکار کێشایەوە و "ناجی تالیب" جێگای ئەوی گرتەوە.

3. "تالیب" پرسیاری له من کرد ئەگەر کوردەکان لەم پەیوەندییەدا جیدی بن ، حکوومەتی عێراق دەبێ چی بکات. منیش وتم حکوومەتی عێراق هەلێکی راستەقینەی بۆ رەخساوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە و کوردەکان نایانەوێت دەست بە شەڕ بکەنەوە، مەگەر ئەو کاتە کە حکوومەتی عێراق نەتوانێت کێشەکە چارەسەر بکات. من پێداگریم لەسەر ئەوە کرد کە حکوومەتی عێراق هەڵویستێکی زۆر ئەرێنی لە درێژخایەندا پەیرەو بکات بۆ ئەوەی نیازپاکی خۆی نیشان بدات. من وتم کاتێ کە کوردەکان ببینن حکوومەتی عێراق لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکە جیدییە ئیدی پشتیوانی لە شۆڕشی چەکداری ناکەن. "تالیب" گوێی گرتبوو، بەڵام دیسان جەختی کردەوە لەسەر گیروگرفتەکان و پێویستی هاوکاری کوردەکان.

4. "تالیب" وتی دڵنیایە ئێران هێشتا چەک بۆ کوردەکان دابین دەکات بەڵام داوای ئەوەی نەکرد کە حکوومەتی ئەمریکا گوشار بخاتە سەر ئێران و مەبەستی ئەوە نەبوو کە حکوومەتی ئەمریکا یارمەتی کوردەکان دەکات. من وتم پێموایە پاش ٢٩ ی حوزەیران، ئێران ئیدی چەک بۆ کوردەکان دابین ناکات، بەڵام لەوانەیە بە شێوەگەلێ دیکە یارمەتی کوردەکان بدات، بەڵام بەهەرحاڵ ئەم یارمەتییە رادەوەستێت ئەگەر حکوومەتی عێراق گەمارۆی ئابووری لەسەر باکوور لاببات بەو شێوەیە کە بەڵێنی داوە.

" تالیب" هەڵویستێکی زۆر توندی گرت و وتی ئێران چی لە عێراق دەوێت و هەڵویستی ئێرانی لەگەڵ هەڵویستی تورکیا بەراورد کرد. هەروەها وتی حکوومەتی عێراق دەیەوێت پەیوەندی باشی لەگەڵ ئێران هەبێت و "بەزاز" و "تاهیر یحیی" نەیانویستوە پەیوەندی خراپیان لە گەڵ ئێران هەبێت بەڵام ئێران وای لێکردوون. ئێستا ئێران هەوڵ دەدات کۆمەلێک شەرت ومەرجی نەلواو بەسەر عێراقدا بسەپێنێت، بەڵام هیچ دەوڵەتێکی عێراقی ناتوانێت لە سەر "شەتوالعەرەب" سازش بکات. منیش نیگەرانیەکانی ئێرانم بۆ شی کردەوە و پاشان ئاماژەم بەوە کرد کە لە چەند هەفتەی رابردووەوە دەرفەتی ئەوە بۆ عێراق رەخساوە تا پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران باش بکات. من پێداگریم لەسەر "تالیب" کرد لەم پەیوەندییەدا هەوڵ بدات،

ئەویش نە بە "بەڵێ" و نە بە" نەخەیر" وەڵامی نەدایەوە بەڵام بە دیقەتەوە گوێی بۆ قسەکانی من گرتبوو.

5- وەبیری "تالیب"م هێنایەوە کە ئێران بۆ ئامانجێکی سنووردار، کۆمەڵێک یارمەتی سنوورداری داوە بە کوردەکان بەڵام سۆڤیەت لە راستیدا ئامانجی کوردەکان هان دەدات و لە رۆژهەڵاتی ئەورووپاوە درێژە بە پەخشی بەرنامەی نهێنی دژی حکوومەتی عێراق دەدات. من وتم ئەم مەسەلانە سەرەنجام بۆ عێراق مەترسیدارتر دەبێت و جەختم لە سەر ئەوە کردەوە کە سۆڤیەت زیادەخوازی درێژخایەنی هەیە بەرەو کەنداوی فارس و هاندانی کێشەی کورد لە پێناو ئەم ئامانجەدایە. "تالیب" ئەمەی پشتڕاست کردەوە بەڵام وتی سۆڤیەت دۆستی عێراقە و عێراق پێویستی بە یارمەتی سۆڤیەتە.

## هەڵسەنگاندن:

الف: "تالیب" هیچ شتێکی نەدرکاند سەبارەت بە هێڵە گشتیەکانی ئەو سیاسەتە کە عێراق دەیەوێت بیگرێتە بەر و وتی سیاسەتی وەزارەتی دەرەوە لە بەیاننامەیەکدا لە چەند رۆژی داهاتوودا بڵاو دەبێتەوە. ئێستا زۆر زووە بۆ ئەوەی حکوومەتی ئێستای عێراق هەڵبسەنگێنین بەڵام لە چەند هەفتەی داهاتوودا کۆمەڵێک نیشانە دەردەکەوێت دەربارەی ئاراستە و تایبەتمەندییەکانی حکوومەتی عێراق.

ب - "تالیب" (کە خۆی شیعەیە) لەوانەیە وای بۆ بچێت کە پێویستە لەگەڵ ئێران توندوتۆڵ مامەڵە بکات و ببێ بە دژبەری ئێران بە هۆی ئەوەی کە بالوێزی ئێران لە بەغداد، بەرێز "پیراستە"[102] بە "تالیب" ی وتووە کە چونکە (تالیب) شیعەیە، لە کردەوەدا ئێرانییە و دەبێ لەگەڵ ئێران هاوکاری نزیک بکات. من هێشتا هیوادارم کە ئێران بە لەسەرخۆییەوە درگاکە بەکراوەیی بهێڵێتەوە و هەوڵی راستەقینە بدات بۆ باشتر کردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراق.

ج - "تالیب" لە رووی جەستەییەوە ماندوو بوو. "تالیب" زۆرتر حەزی لە مەسەلە بازرگانییەکان بوو بەڵام هەڵویستەکانی دۆستانە بوون و بەهەرحاڵ هیچ پرسیارێکی

[102] Pirasteh

نەخستەڕوو دەربارەی بەرنامەی ٤٨٠ PL (مەبەستی کڕینی گەنم لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە - وەرگێڕ) یا بەرنامەی حەسانەوە بۆ باکووری عێراق.

1964)- ١٩٦٨ ، بەرگی XXI ، لاپەڕەی ٣٦٥)[١٠٣]

**184ــ تیلیگرام لە وەزارەتی دەرەوە بۆ باڵوێزخانەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە عێراق**

**واشنگتۆن، ٨ ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٦ ، کاتژمێر ٣:٥٦ ی پاش نیوەڕۆ**

**نهێنی**

**بابەت: دیداری وەزیری دەرەوەی ئامریکا لە گەڵ وەزیری دەرەوەی عێراق و مەسەلەی کورد**

ئەمە کورتەیەکە لە ناوەرۆکی دیدارە کورتەکەی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لەگەڵ "پاچەچی" (وەزیری دەرەوەی عێراق - وەرگێر) لە ٥ی تشرینی یەکەم [١٠٤]:

**1- کێشەی کورد :**

"پاچەچی" وتی عێراق توانیویە کێشەی کورد چارەسەر بکات و هیوادارە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بتوانێ شتێک بکات بۆ راوەستانی یارمەتی ئێران بە

---

[١٠٣] سەرچاوە: ئیدارەی ئارشیف و تۆمارکراوە نیشتمانیەکان، 9 IRAQ- ٢٣ POL نهێنی، "کینسۆلونیگ" ئامادەی کردووە و "ئەسیرتۆن" بینیویەتی و "هەندلی" پەسەندی کردووە و نێردراوە بۆ بەیروت و تاران.

[١٠٤] دانیشتنی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لەگەڵ وەزیری دەرەوەی عێراق، "پاچەچی" لە نەتەوە یەکگرتووەکان بەڕێوەچوو. یادداشتنامەی گفتوگۆکە کە باسی مەسەلەی عەرەب - ئیسرائیلیشی تێداکراوە لە ١٩٦٨ - ١٩٦٤ ، بەرگی XV111 ، بەڵگەنامەی ٣٢٣ دا هەیە. یادداشتنامەکانی دیکەی گفتوگۆکان لە ئیدارەی ئارشیف و تۆمارکراوە نیشتمانیەکان، ٥٩ RGفایلی کونفرانسەکان: ٨٣ CF و ٣٠٥ D 67 Lot دا هەیە.

کوردەکان. "پاچەچی" هەروەها وتی زۆر باش دەبێت ئەگەر وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بتوانێ یارمەتی عێراق بکات بۆ ئاوەدانکردنەوەی باکووری عێراق.

"پاچەچی" لە نیویورک لە گەڵ کاربەدەستانی سەربازی ئەمریکا دیدار دەکات.

## 2- کاروباری ئابووری :

"پاچەچی" وتی حکوومەتی عێراق هیوادارە رێککەوتنامەکانی زامنکردنی سەرمایەگوزاری ئەمریکا لە عێراق هەموار بکات. هەروەها وتی عێراق هیوادارە دەوڵەتی ئەمریکا گوشار بخاتە سەر HMG و کومپانیاکانی US کە کاری IPC دەکەن بۆ ئەوەی لەم پەیوەندییەدا لەگەڵ حکوومەتی عێراق رێکبکەون.

## 3- مەسەلەی عەرەب - ئیسرائیل :

"پاچەچی" گلە وگازندەی ئەوەی لە ئەمریکا کرد کە چەک بە ئیسرائیل دەفرۆشێت، هەر بۆیە وڵاتانی عەرەبی وادەزانن کە لایەنگری ئیسرائیلە و وتی حکوومەتی عێراق زیزە لە کەمبوونەوەی رۆژ لە دوای رۆژی یارمەتیەکانی ئەمریکا بە UNRWA (ئاژانسی جیهانی ئاوارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان) و ئاماژەی بەوە کرد کە خودی ئاوارەکان دەڵێن هیچ هەوڵێکی راستەقینە نەدراوە بۆ یارمەتیدانیان و هەرچەند کە "جوزیف جانسۆن" هەوڵی باشی داوە لەم پەیوەندییەدا بەڵام یارمەتییەکان بە لاوازییەوە جێبەجێ کراون.

1964 - ١٩٦٨، بەرگی XXI، لاپەڕەی ٣٧٢)[١٠٥]

## 189- یادداشتنامەیەک لە سکرەتێرەی کارگێری وەزارەتی دەرەوە (بەڕێز رێد) بۆ یارمەتیدەری تایبەتی سەرۆک کۆمار (بەڕێز رۆستۆ) واشنگتۆن، ١٦ ی شوباتی ١٩٦٧

[١٠٥] سەرچاوە: ئیدارەی ئارشیف و تۆمارکراوە نیشتمانیەکان، POL ٢٣ IRAQ 9 نهێنی، "کینسۆلونیگ" لە ١٤ ی شوبات ئامادەی کردووە و "دەیویس" و بەرپرسی کاروباری لوبنان "جوردەن" و بەرپرسی کارەباری کۆماری سوریا و عێراق،" روبیرت هۆگتۆن" بینیویانە.

نهێنی

## بابەت: نامەیەک لە لایەن ڕێبەری شۆڕشی کورد، بارزانی بۆ سەرۆک کۆماری ئەمریکا

ئەمە ئەو نامەیەیە کە ڕێبەری شۆڕشی کورد لە عێراق، ژنەراڵ بارزانی ناردوویەتی بۆ سەرۆک کۆماری ئەمریکا. دۆکتۆر (محمود) عوسمان که یەکێ لە لایەنگرانی سەرەکی ژنەراڵ بارزانییە، نامەکەی هێناوە بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و تەسلیمی کردووە بە بەشی Desk level لە وەزارەتی دەرەوە کە نوێنەرە کوردەکان لەوێ وەردەگیرێن.

لە نامەکەدا داوا لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کراوە لە دەستێوەرنەدانی (دەستتێوەشتوویی) خۆی لە ناو دەوڵەتی عێراق کەڵک وەربگرێت بۆ ئەوەی ڕێگاچارەیەکی کۆتایی و ئاشتیخوازانە بۆ کێشەی کورد لە عێراق بدۆزرێتەوە. هەروەها لە نامەکەدا داوای یارمەتی ماددی کراوە بۆ کوردە هەژارەکان.

لە ڕاستیدا باڵوێزی ئێمە لە عێراق، "ڕوبێرت سترانگ" تا ئێستا چەندجار بە پارێزەوە پێداگری لە سەر دەوڵەتی عێراق کردووە کە هەنگاوی زۆرتر هەڵبگرێت بۆ قبوڵکردنی داواکارییە ڕەواکانی کورد لە چوارچێوەی خاکی عێراقدا. هەروەها لە ساڵی ١٩٦٤ وە ئێمە بەرنامەیەکمان جێبەجێ کردووە بۆ دابینکردنی خۆراک بۆ ئاوارە کوردەکان لە عێراق .

لە حوزەیرانی ١٩٦٦وە نیمچە ئاگربەستێک لە نێوان کوردە شۆڕشگێڕەکان و دەوڵەتی عێراق پێکهاتووە بۆ ئەوەی ڕێگاچارەیەک بۆ کێشەکە بدۆزرێتەوە. لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٦ بارزانی یادداشتننامەیەکی ناردووە بۆ سەرۆک کۆماری عێراق (کە کۆپییەک لەم یادداشتننامەیەی لەگەڵ نامەکەی خۆی ناردووە بۆ سەرۆک کۆماری ئەمریکا) کە تێیدا گلەیی و گازندەی ئەوەی کردووە کە ڕژیمی عێراق نیازپاکی خۆی نیشان نەداوە بۆ جێبەجێ کردنی شەرت و مەرجەکانی ئاگربەست.

به لەبەرچاوگرتنی ئەو راستیه که بارزانی تا ئێستا ملکەچی دەوڵەتی عێراق نەبووه ، ئێمه پێشنیار دەکەین هیچ وەڵامێکی نووسراوه نەدرێتەوه به نامەکەی بارزانی. له باتی ئەوه، پێشنیار دەکەین کاربەدەستێکی وەزارەتی دەرەوه له ئاستی Desk levelبه نوێنەرایەتی له لایەن سەرۆک کۆماری ئەمریکا، به شێوازی زارەکی گەیشتنی نامەکەی بارزانی پشتراست بکاتەوه و جەخت لەسەر ئەوه بکاتەوه که دەوڵەتی وڵاته یەکگرتووەکان له روانگەی مرۆڤدۆستانەوه نیگەرانی کوردەکانه، هەر بۆیه بەردەوام خۆراک دەنێرێت بۆ کورده هەژارەکان له عێراق. وەڵامێکی وەها دەگونجێت لەگەڵ وەڵامه پێشووەکانی ئێمه به پەیامەکانی بارزانی[١٠٦]

BR

1964 ـ ١٩٦٨ ، بەرگی XXI ، لاپەڕەی ٣٨٤ ـ ٣٨٦)[١٠٧]

**197ـ یادداشتنامەی هەواڵگری له لایەن بەرپرسی ئیدارەی هەواڵگری و لێکۆڵینەوه (بەڕێز هۆگز) بۆ وەزیری دەرەوه، بەڕێز روسک**

**ژماره ٧٠٩**

**واشنگتۆن، ١ ی ئەیلوولی ١٩٦٧**

**نهێنی**

**بابەت: مەترسی دەستپێکردنەوەی شۆڕشی کورد**

زێدەباری گەلێک کێشەی دیکه، رۆژهەڵاتی نزیک لەوانەیه له ماوەی ٣ یا ٤ مانگی داهاتوودا لەگەڵ شەڕێکی نوێ له نێوان پێشمەرگه کوردەکان و سوپای عێراق رووبەڕوو بێتەوه. هاوڕێیانی مەلا مستەفا رۆژ به رۆژ سەرکەشتر دەبن و زۆربەی

---

[١٠٦] یادداشتێک له بەرواری ٩ ی مایس لەسەر نامەکه بەم شێوەیه نووسراوه:" کۆشکی سپی بڕیاری داوه هیچ وەڵامێک بەم داواکارییه نەداتەوه."

[١٠٧]سەرچاوه: ئیدارەی ئارشیف و تۆمارکراوه نیشتمانیەکان، نهێنی ، له بەشی هەواڵگری و لێکۆڵینەوەدا ئاماده کراوه

جاران لە نێوان تاقمە کوردە رکابەرەکان و هێزەکانی مەلا مستەفا و یەکێنە بچووکە گۆشەگیرەکانی سوپای عێراق پێکدادان روو دەدات. وادیارە کوردەکان هەتا کۆتایی مانگی ئەیلوول ( کاتی خەلەوخەرمان) دەست بە شەڕ ناکەنەوە، بەڵام لەوانەیە پێش لەوە بە هۆی حیسابی هەڵەی حکوومەت یان گوشاری دەرەکی پێکدادان روو بدات.

## کوردەکان هەست دەکەن دەبێ پێشمەرگە بن:

گەلێ هۆکاری جۆراوجۆری ناوخۆیی و ناوچەیی کوردەکان هان دەدات تا لە هەر کاتێکدا کە خۆیان هەڵیبژێرن دەست بە شەڕ بکەنەوە :

## هۆکاری ناوخۆیی:

حکـوومەتی عێـراق کەمـتەرخەمە لە جێبەجێکردنـی بەڵێـنە ئاشـتیخوازەکانی. کەموکورتی بودجەی عێراق بە هۆی دابەزینی نرخی نەوت، جاری یەکەم لە تشرینی دووەم - کـانوونی یەکەم و پاشـان لە کـاتی شـەڕی عەرەبەکـان و ئیسـرائیل، بەرنامەکانی دەوڵەتی عێراقی فەلەج کرد بۆ ئاوەدانکردنەوەی بەرفراوانی ناوچەی کوردنشین کە بەشێک بوو لە رێککەوتنانامەی ئاشتی نێوان حکوومەت و کوردەکان. کوردەکان متمانەیان بە "تاهیر یحیی" نییە کە لە ١٠ ی تەموزەوە بووە بە سەرۆک وەزیرانی عێراق. کوردەکان هەست دەکەن "تاهیر یحیی" لە دانوستانەکانی پیشوودا، درۆی لەگەڵیـان کـردووە. "تـاهیر یحیـی" بـارزانی تـوڕەتر کـردووە لەبەر ئەوەی "عبدالفتاح الشـالی" (کە کەسێکی هەلپەرەستە) کردووە بە وەزیـر (وەک وەزیرێکـی کورد) لە کابینەی ئێستای خۆیدا. هەرەسهێنانی عەرەبەکان (لە بەرامبەر ئیسرائیل) پێشـمەرگە کوردەکـان زۆرتـر بـۆ شـەڕ هـان دەدات. پێشـمەرگە گەنـجە کوردەکـان دەیانەوێت هەلەکە بقۆزنەوە و زەبـر لە سـوپای هەرەسـهێناوی عەرەب بوەشێنن . لەوانەیە مەلا مستەفا نیگەران بێت بە نیسبەت وەفاداری ئەم کەسانە.

## حکوومەتی عێراق لاوازە:

کابینە و رژێمی عێراق زۆر لەرزۆکە. مەلا مستەفا لەسەر ئەو باوەڕەیە کە کوردەکان تەنها لە رێگای دەربرینی ئامادەیی و توانایی خۆیان بۆ شەڕ دەتوانن لە رووی سیاسیەوە قورسایی خۆیان بەسەر رژێمی ئێستا یان رژێمەکانی دواتری عێراقدا بسەپێنن.

## لەوانەیە کوردەکان پشتیوانی لە ئیسرائیل و ئێران وەربگرن:

بێ پشتیوانی دەرەکی کوردەکان هەوڵ نادەن دەست بە شەڕێکی بەرفراوان بکەنەوە، تەنانەت ئەگەر بە شێوەی پێشمەرگایەتیش بێت. بەهەرحاڵ پشتیوانە دەرەکییەکانی مەلا مستەفا ئێستا لە سەر ئەوە کۆکن کە کوردەکان کۆمەڵێک کردەوەی سنووردار ئەنجام بدەن، لانیکەم وادیارە دەیانەوێت توانایی و خواستی مەلا مستەفا بۆ شەڕ زیندو رابگرن .

## بەرەیەکی دووەم بۆ ئیسرائیل؟:

راست پێش ئەوەی شەڕ دەست پێبکاتەوە، کاربەدەستێکی ئیسرائیل لەگەڵ مەلا مستەفا دیداری کردووە و داوای لێکردووە کوردەکان ئەگەر بکرێت هەندێ چالاکی دژی سوپای عێراق ئەنجام بدەن بەڵام سەرکەوتوو نەبووە. بە هەرحاڵ ئیسرائیل لە کۆتایی نیسان دەستی کردووە بە ناردنەوەی یارمەتی ماددی بۆ کوردەکان .
چەند مانگ پێش لە نیسان، یارمەتیەکانی ئیسرائیل سنووردار بوو. ئێستا لەوانەیە ئیسرائیل پێداگری لەسەر کوردەکان بکات شەڕ بکەن بۆ ئەوەی گوشار لەسەر عەرەبەکان بمێنێتەوە. لە روانگەی سوریاوە (کە روانگەیەکی توندە) ئیسرائیل ئێستا دەیەوێت کوردەکانی سوریا هان بدات (کە بەشێکی بچووک بوونە لە راپەڕینەکەی پێش لە ئاگربەست دژ بە سووریا ).

## ئێران بەدگومانە:

دەوڵەتی ئێران (کە سەرەتا پشتیوانی بەهێزی شۆڕشی کورد بوو) پێش لە شەڕی حوزەیران سیاسەتێکی ئارام و نەرمی بە نیسبەت عێراق گرتەبەر بەڵام ئەم سیاسەتە تێکچوو بە هۆی لێدوانە توندەکانی عێراق لە کاتی شەڕ و بوونی "تاهیر یحیی" بە سەرۆک وەزیرانی عێراق کە ئێران بەلایەنگری "ناسر"ی دەزانێت. لەمە زیاتر، SAVAK (ڕێکخراوی هەواڵگری و ئاسایشی وڵاتی ئێران - وەرگێڕ) لەسەر ئەو باوەڕەیە کە چالاکیە رووخێنەرەکانی ناسر لە کاتی شەڕەوە زۆرتر بووە .

دەوڵەتی ئێران لەسەر ئەو باوەڕەیە کە ئێستا نە مەلا مستەفا و نە دەوڵەتی عێراق ئەوەندە بەهێز نین کە بتوانن بەسەری ئەوی دیکەدا زاڵ بن، بەڵام ئەوە بە دوور نازانن کە کوردەکان بتوانن زەبرێکی بەهێز لە حکوومەتی عێراق بوەشێنن. ئێران لەگەڵ مەلا مستەفا هاوڕایە دەربارەی ئەوەی کە رژیمی عێراق لە قەیرانێکی جیدیدایە و لەوانەیە ئێران بکەوێتەوە بیری ئەوە کە سەرلەنوێ یارمەتی کوردەکان بداتەوە بۆ ئەوەی رژیمی ئێستای عێراق بڕوخێت و رژیمێک بێتە جێگای کە لە ئێران نزیکتر بێت.

## سەرلەنوێ هەڵسانەوەی کوردەکان مەترسیدارە:

چالاکیە یەک لە دوای یەکەکانی پێشمەرگە کوردەکان دژی دەوڵەتی عێراق بۆ ماوەیەکی درێژ رووی داوە. بەهەرحاڵ ئێستا دەستپێکردنەوەی شەڕ لە ناوچەی کوردنشین دەتوانێ ببێ بە هۆکارێکی تێکدەر لە بارودۆخی لەرزۆکی ئێستادا، بە تایبەت ئەگەر ئاژاوەکە دزە بکاتە ناو سوریاش.

دەبێ هەر چەشنە تێوەگلانێکی ئێران و ئیسرائیل لەم کێشەیە ئاشکرا بکرێت لەبەر ئەوەی عەرەبە رادیکاڵەکان پڕوپاگەندای ئەوە دەکەن کە هیچ گومان لەوەدا نییە کە ئەمە پیلانێکی نوێ دژی عەرەبەکانە کە بە هاندانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەنجام دەدرێت.

1964ـ ١٩٦٨ ، بەرگی XXI ، لاپەڕەی ٣٨٧) [١٠٨]

**199ـ یادداشتنامەیەک لەلایەن کارمەندی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا (بەڕێز جان فۆستێر) بۆ یارمەتیدەری تایبەتی سەرۆک کۆمار (بەڕێز روستۆ)**

**واشنگتۆن، ١٧ ی تەموزی ١٩٦٨**

**نهێنی**

**بابەت: کودیتا لە عێراق**

هەتا کاتێک کە پێشهاتەکان خۆیان نیشان نەدەن و زانیاری باشترمان دەست نەکەوێت، ئێمە هیچ نوێنەرایەتیەکمان لە بەغداد نابێت و بە هیچ شێوەیەک ناتوانین بڵێین کە ئاکامی کودیتاکەی شەوی رابردوو چی دەبێت[١٠٩] .ئێمە تەنانەت ناتوانین لەوە دڵنیا بین کە ئایا بانگەشەی رێبەرانی کودیتا راستە لە پەیوەندی لە گەڵ ئەوەی کە پشتیوانی سەربازییان لە پشتە. ئەمرۆ لەوانەیە دژە کودیتایەک روو بدات.

بە گوێرەی خوێندنەوە سەرەتاییەکانی هەواڵگرانی ئێمە لە بەغداد، گروپی نوێ - وادیارە بەعسیەکانن - لە نمونە پێشووەکانی خۆیان کێشەی زۆرتریان دەبێت بەڵام لە حاڵی حازردا کەس نازانێت ئەم گروپە لە داهاتوودا چەندە رادیکاڵ دەبن. ئەم گروپە تا ئێستا لە راگەیاندننامەکانیدا، هێڵێکی میانەڕەوی گرتووەتە بەر(بە گوێرەی

[١٠٨] سەرچاوە: کتێبخانەی جانسۆن، فایلی ئاسایشی نەتەوەیی، فایلی وڵاتان، عێراق، بەرگی ١، ٧/٦٨ ـ ١٢/٦٣ ، نهێنی

[١٠٩]کودیتایەکی سەربازی (هەتا رادەیەک بێ خوێنرێژی)، رژیمی سەرۆک "عارف "ی لە ١٧ ی تەموز رووخاند. ئەنجوومەنی نوێی فەرماندەیی شۆڕش کاتژمێر ٧ ی سەرلەبەیانی بە تەواوی دەسەڵاتی گرتە دەست و بەتێکڕای دەنگ، جێگری پێشووی سەرۆک کۆمار و سەرژنەراڵی خانەنشین "احمد حسن البكر"ی وەک سەرۆک کۆماری عێراق هەڵبژارد. رادیۆ بەغداد پاشان رایگەیاند کە "عارف"، سەرۆک کۆماری پێشووی عێراق خانەنشین کراوە و دوورخراوەتەوە بۆ لای بنەماڵەکەی لە ئینگەلتەرا (یادداشتی هەواڵگری ٥٦١ ، ١٧ ی تەموز، ئیدارەی ئارشیف و تۆمارکراوە نیشتمانیەکان

پێوانەکانی عێراق) و بەڵێنی چاکسازی ئابووری، پێکهاتنی حکوومەتێکی پاک و یەکدڵ، دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەکی عاقڵانە بۆ کێشەی کورد[110] و یەکێتی عەرەبی دژی هەرەشەکانی سەهیونیزم و ئیمپریالیزم داوە. لە لایەکی دیکەوە ئەگەر ئەم گروپە کودیتاچییە، بەعسی بن، بەریانیان (مەیل) بەرەولای نزیکتر کردنەوەی عێراق لە "فتح" (مەبەستی ڕێکخراوی فەتحی فەلەستینە- وەرگێڕ)، سوریا و سۆڤیەت دەبێت. لە ڕوانگەی ئێمەوە گرنگترین پرسیار ئەوەیە کە ئایا کودیتاچییەکان درێژە بە پشتیوانی عێراق لە مەلیک حوسەین دەدەن یا نا. عێراق نزیکەی ٢٥ هەزار سەربازی لە ئوردۆن هەیە و بە ئاسانی دەتوانێت ژیانی مەلیک حوسەین بشێوێنێت.

ئەم یادداشتنامەیە تەنها بۆ ئەوە بوو کە باشترین هەڵسەنگاندنی خۆمان لە بارودۆخەکە پێشکەش بە ئێوە بکەین پێش ئەوەی ئێوە واشنگتۆن بەجێ بهێڵن.

**جان**[111]

---

[110] دەوڵەتی "عارف" پێشکەوتنێکی ئەوتۆی بەدەست نەهێنا لە جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی ئاگربەستی حوزەیران. بارزانی ئەوەی رەت کردەوەتەوە کە هێزە چەکدارەکانی خۆی هەڵبوەشێنێتەوە، مەگەر ئەو کاتە کە دەوڵەتی عێراق نیازپاکی خۆی نیشان نەدات بۆ جێبەجێ کردنی بەڵێنەکانی بۆ بەخشینی ئۆتۆنۆمیەکی بەرتەسک بە کوردەکان لە باکوور و بە ئەندامبوونی دادپەروەرانەی کوردەکان لە پارلمانی عێراق و هەڵوەشاندنەوەی هێزە کوردەکان کە سەر بە دەوڵەتن و دژی بارزانین. لەهەمان کاتدا هێزەکانی بارزانی کونترۆڵی دۆفاکتۆی باکووریان لەدەست دایە و ئەم دواییانە یارمەتی سەربازی و مادی ئێران و ئیسرائیلیان بەدەست هێناوەتەوە (یادداشتی هەواڵگری ٤٨٨ ، ٢٠ی حوزەیران، هەمان سەرچاوە).

[111] JOHN

1964ـ ١٩٦٨ ، بەرگی XXI لاپەڕەی ٣٨٨)[١١٢]

**200ـ یادداشتنامەیەک لە لایەن جان فۆستێر، کارمەندی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی بۆ یارمەتیدەری تایبەتی سەرۆک کۆمار (بەڕێز روستۆ)**

**واشنگتۆن، ٢٢ ی تەموزی ١٩٦٨**

**نهێنی**

**بابەت: وێنەیەکی روونتر لە کودیتاکەی عێراق**

لە کاتێکدا کە ئێوە لە واشنگتۆن چوونەتە دەرەوە، بارودۆخی عێراق روونتر بووە. مامەڵەکردنی ئێمە لەگەڵ ئەم دەوڵەتە نوێیە تۆزێ زەحمەتترە لە چاو دەوڵەتی پێشوو (تەنانەت ئەگەر دەرفەتێکیشمان هەبێت بۆ مامەڵە کردن لە گەڵ ئەم دەوڵەتە) بەڵام ئەگەر ناچار بین لەگەڵ دەوڵەتی عێراق مامەڵە بکەین، دەوڵەتێکی بەعسی باشترین دەوڵەتێکە کە دەتوانین چاوەڕوانی بین. بەعسیەکان لایەنگری حیزبێکی باڵی راستن (دژی ئەو بەعسیانەن کە لە سوریا لەسەر دەسەڵاتن) و غەیرە بەعسیەکان دەورێکی بەرچاو لە دەوڵەتی نوێ دەگێڕن. دەوڵەتی سوریا هیچ کارێکی بە کودیتاوە نییە. لە راستیدا یەکێ لە سەرنجراکێشترین پرسیارەکان کە لە کودیتاکە کەوتووەتەوە، ئەوەیە کە ئایا نمونەی کودیتای عێراق، بەعسیە میانەڕەوەکانی سوریا تەشویق دەکات (کە ئێستا لە دەرەوەی وڵاتن) کەڵک لەو درزە وەربگرن کە کەوتووەتە ناو رژێمی سوریا .

توانانەبوونی دەوڵەتی "عارف" بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشە ناوخۆییەکانی عێراق، هۆکاری ـ یا بەهانەی ـ کودیتا بووە و دەوڵەتی نوێ زۆرتر باسی چاکسازی ئابووری، لە ناوبردنی گەندەڵی و چارەسەرکردنی کێشەی کورد دەکات و راگەیاندننامەی ئاسایی دەربارەی سەهیونیزم، ئیمپریالیزم و یەکێتی عەرەب دەدات بەڵام تا ئێستا

[١١٢] سەرچاوە: کتێبخانەی جانسۆن، فایلی ئاسایشی نیشتمانی، فایلی وڵاتان، عێراق، بەرگی ١ ، ٧/٦٨ ـ ١٢/٦٣ ، نهێنی.

هیچ نیشانەیەک دەرنەکەوتووە بە نیسبەت ئەوەی کە سیاسەتی دەرەوەی عێراق رادیکاڵتر بێت. ئێستا زۆر زووە بۆ زانینی ئەوە کە ئایا هیچ بەرەوپێشچوونێک بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد بەدی دەکرێت یا کێشەکە ئاڵۆزتر دەبێت. ئەمە مەسەلەیەکی یەکلاییکەرەوەیە بۆ ئەوەی بزانین چۆن سەربازانی ئازادی عێراق هەڕەشە لە ئیسرائیل دەکەن .

هەتا کاتێک کە ئەم خەڵکە چالاک بن، ناتوانین بەدڵنیاییەوە بزانین لەگەڵ چ کێشەگەلێک روبەڕوو دەبینەوە بەڵام هیچ هۆکارێکی ئەوتۆ لە ئارادا نییە تا لەوە نیگەران بین کە ئێستا بارودۆخەکە زۆر جیاوازە لەگەڵ بارودۆخی چوارشەمەی هەفتەی رابردوو (مەبەستی بارودۆخی پێش لە کودیتایە - وەرگێڕ)

جان

**فایلی پەیوەندییەکانی دەرەوە ،١٩٦٩–١٩٧٦، بەڵگەنامەکانی ئێران و عێراق، بەرگیE4 ، 1969–1972[١١٣]**

**یادداشتنامەی کۆبوونەوەکان لە وەزارەتی دەرەوە**

**واشنگتۆن، ٢٩ ی مایسی ١٩٦٩،**

**نهێنی**

**بابەت: هەڕەشەی کوردەکان لە سەر دامەزراوە نەوتییەکانی کەرکووک و پشتیوانی ئێران و ئیسراییل لە ئاسووریەکان**

بەشداربووان:

بەڕێز زیا مەلیک ئیسماعیل

بەڕێز سام ئەندروز

بەڕێز ویلیام یۆنان

بەڕێز راجێر دەیویس لەلایەنNEA

[١١٣] سەرچاوە: کتێبخانەی جانسۆن، فایلی ئاسایشی نیشتمانی، فایلی وڵاتان، عێراق، بەرگی ١ ، ٧/٦٨ ـ ١٢/٦٣ ، نهێنی.

بەرێز برایان باس لەلایەنNEA/ARN

بەرێـز ئیسـماعیل و بەرێـز ئانـدروز لە سـەرەتای نیسـانی ١٩٦٩ سـەردانی ئێرانیـان کردووە و لە رێگای نـوێنەری ئاسـووریەکان لە مەجلیس (پارلمـان)ی ئێـران توانیویـانە ئیزن لە خودی شا وەربگرن تا لە کوردستان لەگەڵ مەلا مستەفا بـارزانی دیـداربکەن. ئامـانجی یەکەمـی دیـدارەکەیان ئەوە بـووە کە لە بـارودۆخی ئاسـووریەکان لە نـاوچە کوردنشـینەکان دڵنیـا ببـنەوە. هێـزە چەکـدارەکانی ئێـران بەرێـز ئیسـماعیل و بەرێـز "ئانـدروز"یان بە دەروەسـبوونەوە بە کـۆپتەر بـردووە بـۆ کوردسـتان، ٢٠ی نیسـان گەیشتوونەتە ئەوێ و ٢٣ی نیسان گەڕاونەتەوە .
بەرێـز ئانـدروز وتـی هەمـوو ئێـوارەیەک لەگەڵ مەلا مسـتەفا قسـە وبـاس و گفتوگـۆی تێروتەسـەلیان کـردووە و مەلا مسـتەفا نـامەیەکی پێـداون کە بـۆ وەزیـری دەورەوی ئەمریکـا، بەرێـز راجێـرز نووسـیویەتی. ئەم نـامەیە (کە کـۆپییەکی هـاوپێچ کـراوە)بە شـێوازی فەرمـی هەفـتەی داهـاتوو بە ئامـادەبوونی نـوێنەری کـورد لە واشـینگتۆن ، شەفیق قەزاز تەسلیم بە بەرێز راجێرز دەکرێت . ئەوان رێگایان پێدراین کۆپێیەک لەم نامەیە هەڵبگرین بۆ زانیاری خۆمان . مەلا مستەفا بە تایبەت داوای لە بەرێـز ئانـدروز و بەرێـز ئیسـماعیل کـردووە کە نـامەکە بگەیەنـن بە دەسـتی دەوڵەتـی ئەمریکـا. مەلا مسـتەفا دەیویسـت ئەوەمـان پێبڵێـت کە لە ژێـر گوشـاری هاورێکانیـدایە بـۆ ئەوەی دەست لە هێرش بۆ سەر دامەزراوە نەوتییەکانی کەرکـووک هەڵبگرێت. کوردەکـان بە جیـدی تـاوتوێ ئەم مەسـەلەیە دەکەن لە داهـاتوودا . مەنتیقـی کوردەکـان بـۆ ئەم هێرشانە ئەوەیە کە داهاتی نەوتی عێراق پێش لە هەمـوو شـتێک بـۆ کڕینـی چەک بـۆ هێرشکردنە سەر کوردەکان خەرج دەکرێت .
لە وەڵامـی پرسـیارێکی تـایبەتی بەرێـز بـاس، بەرێـز ئانـدروز وتـی مەلا مسـتەفا لە بەرامبەر رێککەوتـن لە سـەر ئەوەی کە هێـرش نەکـاتە سـەر دامەزراوە نەوتییەکـانی کەرکووک، داوای هیچی لە ئێمە نەکرد. مەلا مستەفا دەیویست تەنها ئێمە خەبەرداری

مەسەلەکە بین. بەڕێز ئاندروز وتی ئەڵبەتە مەلا مستەفا بە شوێن پشتیوانی هەموو لایەنێکدایە .

لە پەیوەندی لەگەڵ هەڕەشە بۆ سەر دامەزراوە نەوتییەکانیIPC (کومپانیای نەوتی عێراق- وەرگێڕ) لە کەرکووک وادیار بوو بەڕێز ئاندروز و بەڕێز ئیسماعیل خەبەریان لە هێرشی ئاداری ١٩٦٩ بۆ سەر ئەم دامەزراوانە نەبوو. ئەمە مەسەلەیەکی ئاڵۆزە چونکە کوردەکان بە گشتی هێرشەکانیان بۆ سەر ئەم دامەزراوە نەوتییانە توندتر کردووە .

بەڕێز ئاندروز وتی ئاسوورییەکان شانبەشانی کوردەکان لە گەڵ دەوڵەتی عێراق شەڕ دەکەن و وادیارە متمانەیەکی تەواو لە نێوان کوردەکان و ئاسوورییەکاندا هەیە و هێزە شەڕوانەکانیان تێکەڵ بووە. لەم پەیوەندییەدا بەڕێز ئاندروز وتی دەوڵەتی ئێران دڵنیای کردووەتەوە کە یارمەتی ئاسوورییەکان دەدات لە بەبەرەکانی لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا. ئاندروز هەروەها وتی لە تاران چاوی بە ئیسرائیلییەکان کەوتووە و ئیسرائیلییەکانیش دڵنیایان کردووەتەوە کە چەک بۆ ئاسوورییەکان دابین دەکەن. بەڕێز ئاندروز لە درێژەی قسەکانیدا وتی ئیسرائیل چەک بۆ کوردەکان دابین دەکات و لە هەمان کاتیشدا ئێران خۆراک و پێداویستییەکانی دیکەیان بۆ دابین دەکات. بەڕێز ئاندروز ئاماژەی بەوە کرد کە ئێران بە گوێرەی ڕێژەی ناکۆکییەکانی لە گەڵ دەوڵەتی عێراق یارمەتی کوردەکان دەدات و وتی مەلا مستەفا لای ئەو گلە و گازندەی کردووە کە هەر کاتێک ئێران و عێراق لە یەکدی نزیکتر دەبنەوە ئێران دڵۆپ دڵۆپ یارمەتیان دەدات. هەندێ جار (وەک ئێستا)ئێران باش پێداویستیەکانی کوردەکان دابین دەکات .

بەڕێز ئاندروز وتی وورەی کوردەکان زۆر بەرزە و شێلگیرن درێژە بە شەڕەکەیان لە گەڵ دەوڵەتی عێراق بدەن. ئێران، ئیسرائیل و کوردەکان لە سەر ئەوە هاوڕان کە تەنانەت ئەگەر "مەلا مستەفا"ش کۆچی دوایی بکات کوردەکان ئەوەندە یەکێتیان هەیە کە بتوانن درێژە بە شەڕەکەیان لەگەڵ دەوڵەتی عێراق بدەن .

له وەڵامی پرسیارێکی بەڕێز "دەیویس"دا، بەڕێز ئاندروز وتی ئێستا هیچ وتووێژێک له نێوان بارزانی و حکوومەتی عێراقدا له ئارادا نییه .
بەڕێز ئاندروز ئاماژەی به ئیمکانی یارمەتیدانی ئەمریکا به کورد و ئاسووریەکان کرد و وتی دوابەدوای ئاگربەستی ١٩٦٤ له نێوان کوردەکان و حکوومەتی عێراق، دەوڵەتی وڵاته یەکگرتووەکان بەرنامەیII TITLE ی له باکووری عێراق دارشتووه بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی کورده هەژارەکان بەڵام ئەم بەرنامەیه به پچڕانی پەیوەندییەکانی وڵاته یەکگرتووەکان و عێراق کۆتایی پیهاتووه و ئیدی ئێمه ناتوانین کاریکی ئەوتۆ بکەین بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی کەمینەکانی عێراق. بەڕێز دەیویس وتی ئێمه زۆر خەمی کەمینەکانی عێراق دەخۆین لەوانه کوردەکان، ئاسووریەکان، جولەکەکان، کەلدانییەکان و ئەوانی دیکه .
بەڕێز ئاندروز وتی دەبێت لەم پەیوەندییەدا لەگەڵ شەفیق قەزاز قسه بکات و پاشان لەگەڵ بەڕێز "باس" پەیوەندی دەگرێتەوه بۆ ئەوەی کاتێک دیاری بکەن بۆ دیدار لەگەڵ یەکدی بۆ ئەوەی نامەکەی مەلا مستەفا تەسلیم به وەزارەتی دەرەوه بکرێت. بەڕێز ئاندروز وتی ئامادەیه لەم پەیوەندییەدا هەر یارمەتییەک له دەستی دێت بیکات و وتی هەرکاتێ بەشداربووان بیانەوێت له گەڵیان دادەنیشێت. بەڕێز دەیویس سپاسی بەڕێز "ئاندروز"ی کرد و وتی خۆشحاڵین که ئەم کاناله نوێیەمان بۆ پەیوەندی و هاتوچۆ هەیه .
هاوپێچ : کۆپی نامەکەی مەلا مستەفا بۆ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا به ژمارەی LS 58-T 56 100که بەشی خزمەتگوزارییەکانی زمان له وەزارەتی دەرەوه له عەرەبییەوه کردوویەتی به ئینگلیزی .

## دەقی نامەکەی مەلا مستەفا بارزانی بۆ وەزیرەی دەرەوەی ئەمریکا

بەڕێز جەنابی "ویلیام راجێرز"، وەزیری دەرەوەی وڵاته یەکگرتووەکانی ئەمریکا

**سلاو و ڕێز**

ئێوه لەو راستییه ئاگادارن که خەڵکی کوردستانی عێراق زیاتر له هەفت ساڵ و نیوه بووه به قوربانی شەڕی رەگەزی دیکتاتورەکانی بەغداد که لەرێگای کودیتایەکی سەربازی خوێناوییەوه گەیشتوونه به دەسەڵات .

زێدەباری ئەو مەترسییه که ئامانجی ئەم شەڕه لەناوبردنی ئامانجه رەواکان و خودی خەڵکی ئێمەیه (هەم کورد و هەم ئاسوورییەکان) و بووه به کارەسات و نەهامەتی بۆ سەرجەم قوربانییەکان و هەموو خەڵکی کوردستان، به تایبەت ئاسووری و کوردەکانی له پەروەردە و پێداویستی تەندروستی بێبەش کردووه و دەیان هەزار کەسیانی لێ ئاوارە کردووه . هەمووی ئەمانه بووه به نەهامەتی بۆ ئێمه تەنها له بەر ئەوەی داوای مافه نەتەوەیی و مرۆڤییه رەوا و بنەڕەتییەکانی خۆمان دەکەین که ئێمه (وەک نەتەوەکانی دیکه) دەبێ هەمانبێت. نه یەک جار بەڵکوو به جاران خەڵکی ئێمه دەست به داوێنی خەڵک و حکوومەتی وڵاته یەکگرتووەکان بووه بۆ ئەوەی تا ئەو شوێنەی که پێی دەکرێت یارمەتیمان بدات ، هەروا که له هەموو بوارەکاندا یارمەتی خەڵکی گەشەنەکردووی جیهان دەدات .

ئێستا دیسان له رێگای جەنابتەوه داوا له خەڵک و دەوڵەتی وڵاته یەکگرتووەکان دەکەین یارمەتیمان بدەن و هیواداریین ئیدارەی سەرۆک نیکسۆن ئەم جاره خێرخوازتر بێت به نیسبەت ئامانجی ئێمه و ئەم داواکارییەی ئێمه له لایەن ئێوەوه به هەند وەربگیردرێت و لەگەڵ هاوخەمی و پشتیوانی ئێوه رووبەڕوو بێتەوه .

هەر هەنگاوێکی جیدی که ئێوه له پێناو ئەم ئامانجەدا هەڵیبگرن، دەبێته هۆی سپاس و پێزانینی بێ پایان و پشتیوانی خەڵکی ئێمه له ئێوه و هەروەها گەورەیی سیاسەتی وڵاته یەکگرتووەکان دەسەلمێنێت که ئامانجی خزمەتکردن به مرۆڤایەتی و پشتێوانی له نەتەوه بچووکه بندەست و چەوساوەکانه.

لێژنەیەک پیکهاتوو له شەفیق قەزاز، مەلیک ئیسماعیل و سام ئەندروز له لایەن منەوه رێگاپێدراون لایەنه جۆراوجۆرەکانی کێشەکەی ئێمه به وردی بخەنه بەر باس .

هیوادارم ئەم لێژنەیه له لایەن ئێوەوه به هەند وەربگیردرێت .

له گەڵ ئەو پەڕی رێزمدا

مستەفا بارزانی
22/4/ 1969

فایلی پەیوەندییەکانی دەرەوە ،١٩٦٩-١٩٧٦، بەڵگەنامەکانی ئێران و عێراق، بەرگی E4، 1969-1972

## یادداشتنامەی کۆبوونەوەکان لە وەزارەتی دەرەوە
## واشنگتۆن، ١٣ی حوزەیرانی ١٩٦٩، نهێنی

## بابەت: کورد و ئاسوورییەکان داوای یارمەتی لە وڵاتە یەکگرتووەکان دەکەن

بەشداربووان:

بەڕێز ویلیام یونان ، سەرۆکی فدراسیونی ئاسووری- ئەمریکایی

بەڕێز سام ئەندروز ، سکرتێری فدراسیونی ئاسووری - ئەمریکایی

بەڕێز زیا مەلیک ئیسماعیل ، نوێنەری ئاسوورییەکان لە سووریا

دۆکتۆر پیرلی ، نوێنەری یاسایی فدراسیونی ئاسووری- ئەمریکایی

بەڕێز شەفیق قەزاز ، نوێنەری شۆڕشی کورد لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

بەڕێز تالکۆت سیلی لە لایەن- NEA/ARN وە

بەڕێز برایان پ باس لە لایەن- NEA/ARN وە

لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا بەڕێز قەزاز وتی ئامانجی سەرەکی دیدارەکەی ئەوە بووە کە نامەکەی مەلا مستەفا بارزانی تەسلیم بە وەزیری دەرەوە ، ویلیام راجێرز بکات . - لەم نامەیەدا داوا لە حکومەتی وڵاتە یەکگرتووەکان کراوە یارمەتی بە خەباتی کورد و ئاسوورییەکان دژی حکوومەتی عێراق بدات. بەڕێز سیلی نامەکەی وەرگرت و ناوبراوی دڵنیا کردەوە کە نامەکە دەگەیەنێتە دەستی وەزیری دەرەوە .

- بەڕێز ئاندروز و بەڕێز ئیسماعیل هەمان قسەو باسەکانی کۆبوونەوەکەی ٢٩ ی مانگی مایسیان دووپات کردەوە کە بە عەرزی بەڕێز (دەیویس)یان گەیاندبوو. بەڕێز قەزاز باسی لایەنێکی دیکەی مەسەلەکەی کرد و جەختی لە سەر ئەوە کردەوە کە کوردەکان هەست دەکەن ناچارن کردەوەیەکی یەکلاییکەرەوە دژی دەوڵەتی عێراق ئەنجام بدەن . قەزاز وتی ئێستا زۆرتر لە هەرکاتێکی دیکە لە ماوەی ٨ ساڵی رابردوودا پێویستە کوردەکان هێرش بکەنە سەر دامەزراوە نەوتییەکانی IPC و جەرەیانی نەوت تێکبدەن و ئاماژەی بەوە کرد کە داهاتی نەوت شتێکی زۆر یەکلاییکەرەوەیە بۆ ئابووری عێراق و ئەگەر ئەم داهاتە بپچڕێت ئابووری وڵات تووشی توندترین زەبر دەبێت و خودی دەوڵەتەکەش لاواز دەبێت (لاوازترین حالەت لە مێژووی دامەزرانی دەوڵەتی عێراقدا) و پارەی نامێنێت چەکی پێبکڕێت و هەوڵە شەڕەنگێزانەکانی بە توندی کەم دەبێتەوە.

- قەزاز داوای یارمەتی لە حکوومەتی وڵاتە یەکگرتووەکان کرد. ناوبراو زۆر راشکاوانە قسەی نەدەکرد بەڵام وتی کوردەکان پێویستیان بە پارە هەیە بۆ کڕینی چەک و پێداویستییەکانی دیکە . قەزاز ئامارەی بە کوێرەوەرییەکانی کوردەکان لە باکووری عێراق و بەدخۆراکی لە نیو مندالان و نەبوونی پێداویستی تەندروستی کرد. قەزاز وتی ئەگەر پێداویستییە بنەڕەتییەکانی کوردەکان دابین بکرێت دەتوانن خۆیان بە سەر عێراقدا زاڵ بکەن و ئیدی پێویستیان بە یارمەتی زۆرتر نامێنێت. قەزاز وتی ئێستا ٢٥ هەزار کورد چەکدارن .

لە وەڵامی پرسیارێکدا دەربارەی یارمەتیدانی ئێران و ئیسرائیل، قەزاز یارمەتیدانی ئەم دوو سەرچاوەیەی پشتڕاست کردەوە بەڵام وتی ئەم یارمەتییە وەکوو پێویست نییە . پاش تۆزی قسە وباس کاتێک کە روون بووەوە حکوومەتی وڵاتە یەکگرتووەکان نایەوێت یارمەتی کوردەکان بدات بەڕێز قەزاز وتی ئەگەر کوردەکان لە بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمییەکی سنووردار یا سەربەخۆیی سەربکەون ئەوەیان قەد لە بیر ناچێت چ لایەنگەلێک لە رۆژی تەنگانەدا لە یارمەتیدانیان درێغی کردووە .

- بەڕێز سیلی زۆر راشکاوانە وتی حکوومەتی وڵاتە یەکگرتووەکان نایەوێت بکەوێتە ناو ئەم جۆرە ئۆپەراسیونە نهێنییانە و بەڕێز یونان وەک نموونە ئاماژەی بە چوونی هێزە سەربازییە دەروانییەکانی ئەمریکا بۆ لوبنان لە ١٩٥٨ کرد. بەڕێز سیلی وتی ئێستا کاتەکە گۆڕاوە و هەڵوێستی بیروڕای گشتی ئەمریکاش دەربارەی مەسەلەی گورخییەکانی (ماجەراجوویی) دەرەوە بە تەواوی جیاوازە. وادیار بوو بەڕێز قەزاز زۆر بە روونی تێگەیشت کە یارمەتی نهێنی لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکان بە کوردەکان لە ئارادا نییە .

- بەڕێز سیلی دەربارەی یارمەتی رێکخراوە نیونەتەوەییەکان بە کوردە هەژارەکان لە قەزاز پرسیاری کرد. بەڕێز قەزاز وتی JCRC لە رێگای رێکخراوی مانگی سووری ئێرانی هەندێ یارمەتی کوردەکانی داوە بەڵام رێکخراوی خاچی سووری ئەمریکی هیچ یارمەتییەکی بە کوردەکان نەداوە و هەست دەکات دەرگای یارمەتی ئەم رێکخراوەیە بە تەواوی بە رووی کوردەکان داخراوە. لە پەیوەندی لەگەڵ کێشەی کورد لە روانگەی مرۆڤدۆستانەوە بەڕێز قەزاز وتی کوردەکان دەست بە داوێنی UTHANT بوونە بۆ ئەوەی کێشەکەیان لە کومیسیونی مافی مرۆڤ بخاتە روو بەڵام وادیارە هیچ ئاکامێکی نەبووە .

- بەڕێز سیلی پرسیاری لە بەڕێز قەزاز کرد کە کوردەکان بە نیازن چی لەو یارمەتییە بکەن کە داوای دەکەن. بەڕێز قەزاز وتی کوردەکان دەیانەوێت رژێمی ئێستای عێراق بڕوخێت و دەوڵەتێک جێگای بگرێتەوە کە زۆرتر هاوکاری کوردەکان بکات. ناوبراو روونی نەکردەوە چۆن دەکرێت ئەم ئامانجە جێبەجێ بێت. بە هەرحال قەزاز پێداگری لە سەر ئەوە کرد کە کوردەکان قەد هاوکاری لەگەڵ دەوڵەتێکی عێراقی ناکەن کە مافەکانی کورد بە فەرمی قبوول نەکات و هەروەها وتی هەرچەند کە کوردەکان خوازیاری سەربەخۆیی نین (بەڵکوو داوای ئۆتۆنۆمییەکی سنووردار و سەروەری کولتووری دەکەن) بەڵام ناتوانێت زەمانەتی جۆری داواکارییەکانیان لە ٥ یا ١٠ساڵی داهاتوودا بکات . بە واتایەکی دیکە کوردەکان بە تەواوی بێزار بوونە و هیچ متمانەکیان بە عەرەبەکانی عێراق نەماوە و نایانەوێت لە گەڵیان بسازێن .

- بەشداربووە ئاسوورییەکان وتیان ئاسوورییەکانی ناوچە کوردنشینەکان چوونەتە پاڵ کوردەکان لە خەبات دژی عێراق و شانبەشانی کوردەکان شەڕ دەکەن و یەکێ لە حیمایەکانی ئیدریس بارزانی (ئیدریس کوڕی مەلا مستەفایە و یەکێ لە فەرماندەکانی هێزە کوردەکانە) ئاسوورییە. بەڕێز سیلی ئاماژەی بەوە کرد کە بەشداری ئاسوورییەکان لە شۆڕشی کورد کۆمەڵێک مەترسی بۆ کۆمەڵگای ئاسووری بە گشتی لە عێراق بە دواوە دەبێت .

- بەڕێز سیلی بەڕێز قەزازی دڵنیا کردەوە کە وڵاتە یەکگرتووەکان خەمخۆری ئێش و کوێرەوەرییەکانی کورد و ئاسوورییەکانە بەڵام بەهەرحاڵ پشتیوانی لە دەوڵەتیکی سەربەخۆی کورد و ئاسوری ناکات و ئامادە نییە بە نهێنی یا بە ئاشکرا پشتیوانی لەم ئامانجە بکات. بەڕێز سیلی ئەوەشی زیاد کرد کە وڵاتە یەکگرتووەکان بەرژەوەندی زۆری لە ناوچە هەیە و ناچارە حیساب بۆ ئەم بەرژەوەندیانەش بکات .

- لە کۆتاییدا بەڕێز سیلی وتی بە بیروبۆچوونی ئەو، ئەم دانیشتنە سودمەند بووە بۆ ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا و وتی خۆشحاڵ دەبێت دیسان لە داهاتوودا پێکەوە گفتوگۆ بکەن.

کاتێک کە بەڕێز قەزاز لە کۆبوونەوەکە دەچووە دەرەوە، دۆکتۆر پیرلی بەڕێز (باس)ی کێشایە سووچێک و پێی وت لە راستیدا لایەنگری دەوڵەتی سەربەخۆی کورد نییە چونکە دەزانێت ئەوکاتە کوردە مسڵمانەکان دەستبەجێ دژی ئاسووریە مەسیحیەکان هەڵدەسنەوە .

فایلی پەیوەندییەکانی دەرەوە ،١٩٦٩-١٩٧٦، بەڵگەنامەکانی ئێران و عێراق، بەرگی E4، 1969-1972

**-ئەیرگرامی ٢٢٢ لە باڵوێزخانەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە لوبنان بۆ وەزارەتی دەرەوە،١٦ ی تەموزی ١٩٧١، نهێنی**

**بابەت: داواکاری مەلا مستەفا بارزانی بۆ پەیوەندی نهێنی لەگەڵ دەوڵەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا**

**کورتە**

زاید عوسمان[١١٤] کە یەکێ لە دۆستە نزیکەکانی ڕێبەری کوردی عێراق، مستەفا بارزانییە، داواکاری بارزانی بۆ گفتوگۆی نهێنی لە نێوان نوێنەرانی گرۆپەکەی و نوێنەرانی دەوڵەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای گەیاندووە بە باڵوێزخانەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە بەیروت. بارزانی پێی خۆشە ئیمکانی پشتیوانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ڕاپەڕینێکی کورد- عەرەب دژی ڕژیمی عێراق تاوتوێ بکرێت.

ئێمە بە (زاید عوسمان)مان وت سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان ئەوەیە کە نایەوێت خۆی بخاتە ناو کێشەی ناوخۆیی وڵاتانی دیکە. پاش دوو هەفتەی دیکە زاید عوسمان دەیەوێت لەگەڵ بنەماڵەکەی لە ڕێگای بەیروتەوە لە لەندەن بگەڕێتەوە بۆ

---

[١١٤] زەید ئەحمەد عوسمان کە لێرە وەک زاید عوسمان (Zayid Uthman) ناوی هاتووە، کەسایەتییەکی سیاسی و رۆشنبیری شاری هەولێر بووە کە لە ساڵی ١٩٢٤ لە هەولێر لە دایک بووە و لە ١٧ی ئەیلوولی ١٩٧٨ کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی بنەماڵەکەی لە باداوە نێژراوە. زەید ئەحمەد عوسمان لە ساڵی ١٩٥٨وەک نوێنەری هەولێر هەڵبژێردراوە، دوای کودیتای ١٩٦٨ چووەتە پاڵ شۆڕشی ئەیلول، جێگای متمانەی شۆڕشی ئەیلول بووە و بەشداری لەو شاندانە کردووە کە لە گەڵ حکوومەت وتووێژیان کردووە. رۆحی زەید ئەحمەد عوسمان و هەموو ئەو کەسایەتییە رۆشنبیر و شۆڕشگێڕانەی کورد شاد بێت کە ژیانی خۆیان بۆ رزگاری گەلەکەیان بەخت کرد و ئاواتەکانیان لەگەڵ خۆیان بردە ژێر خاک ( وەرگێڕ ).

عێراق و له‌وانه‌یه سه‌ردانی باڵوێزخانه بکات بۆ ئه‌وه‌ی بزانێت که ئایا هه‌ڵوێستی وڵاته یه‌کگرتووه‌کان ئاڵوگۆڕی به‌سه‌ردا هاتووه یا نا .

## په‌یامه‌که‌ی مسته‌فا بارزانی

زاید عوسمان که کوردێکی هاوڕێی بارزانییه له ٨ی ته‌موز سه‌ردانی باڵوێزخانه‌ی کرد بۆ ئه‌وه‌ی په‌یامی مسته‌فا بارزانی بگه‌یه‌نێته ده‌ستی ده‌وڵه‌تی وڵاته یه‌کگرتووه‌کان. عوسمان سه‌ره‌تا وتی ئاره‌زووی بارزانی ئه‌وه‌یه له‌گه‌ڵ وڵاته یه‌کگرتووه‌کان هاوکاری بکات و پێی خۆشه ده‌وڵه‌تی وڵاته یه‌کگرتووه‌کان ده‌رک به‌وه بکات که ئامانجی دادپه‌روه‌رانه‌ی کورد به‌دی نایێت مه‌گه‌ر ئه‌و کاته که رژێمێکی دیموکرات له عێراق به ده‌سه‌ڵات بگات که رێز له عه‌ره‌ب و کورد بگرێت و پره‌نسیپه‌کانی کۆمه‌ڵگای کورد له سه‌ر بنه‌مای مافی "ئۆتۆنۆمی نه‌ته‌وه‌یی "بپارێزێت.

زاید عوسمان وتی بارزانی ده‌یه‌وێت ده‌وڵه‌تی ئه‌مریکا ئه‌وه بزانێت که کورد داواکاریی رژێمی به‌عسی ره‌ت کردووه‌ته‌وه بۆ ئه‌وه‌ی دژی ئێران کار بکات و هه‌روه‌ها کورده‌کانی بارزانی قه‌د کورده‌کانی تورکیایان دژی ده‌وڵه‌تی تورکیا هان نه‌داوه واتا له کاروباری تورکیا ده‌ستێوه‌ردانیان نه‌کردووه .

له روانگه‌ی بارزانیه‌وه رژێمی به‌عس خراپ له‌گه‌ڵ خه‌ڵکی عێراق هه‌ڵسه‌کوت ده‌کات . کورده‌کانی لایه‌نگری بارزانی له‌م رژێمه بێزارن و متمانه‌یان پێی نییه و هه‌رچه‌ند که بارودۆخه ناچاری کردوون رێککه‌وتنێک له‌گه‌ڵ ده‌وڵه‌تی عێراق مۆر بکه‌ن به‌ڵام قه‌د چاوه‌ڕوانی ئه‌وه ناکه‌ن که به‌عسییه‌کان رێز له‌م رێککه‌وتنه بگرن. ئێستا کورده‌کان ئاماده‌ن دژی ده‌وڵه‌ت راپه‌ڕن و ئه‌گه‌ر پێویست بکات له راپه‌ڕینێکی گشتی له‌گه‌ڵ عه‌ره‌به‌کانی نه‌یاری رژێم به‌شداری ده‌که‌ن و بۆ ئه‌م مه‌به‌سته پێشتر په‌یوه‌ندیان له گه‌ڵ عه‌ره‌به‌کان گرتووه. ئه‌و حکوومه‌ته که له ئه‌نجامی ئه‌م راپه‌ڕینه دێته سه‌ر ده‌سه‌ڵات ده‌بێت به لایه‌نگری وڵاته یه‌کگرتووه‌کان. بارزانی ده‌یه‌وێت ده‌وڵه‌تی وڵاته یه‌کگرتووه‌کان به په‌رۆشه‌وه سه‌یری بارودۆخی عێراق بکات . بارزانی

ئامادەیە لە هەموو مەسەلە سیاسیەکاندا لەگەڵ دەوڵەتی ولاتە یەکگرتووەکان راوێژ بکات و کەسایەتیە نەیارەکانی ئەمریکا لە ناوچەی ژێر کونترۆڵی خۆی پاک بکاتەوە . لە ئەنجامدا زاید عوسمان وتی ئەگەر دەوڵەتی ولاتە یەکگرتووەکان ئەم خاڵانە بە شیاوی ئەوە بزانێت کە گفتوگۆی لە سەر بکات، بارزانی بە شانازییەوە پێشوازی لە نوێنەرانی فەرمی ولاتە یەکگرتووەکان لە بارەگای سەرکردایەتی خۆی لە کوردستان دەکات یا کوڕەکەی، ئیدریس و زاید عوسمان دەنێرێت بۆ واشنگتۆن بۆ دانیشتن لە گەڵ کاربەدەستانی ولاتە یەکگرتووەکان .

لە وەلامی هەندێ پرسیاردا، زاید عوسمان لە پەیوەندی لەگەڵ پێشنیارەکەی بارزانی وتی بارزانی کونترۆڵی تەواوی کەرتی شاخاوی لە سنووری ئێران تا رۆژئاوای رواندوزی بە دەستەوەیە و هەرچەند کە شارە سەرەکییەکانی کوردستان بە دەستی حکوومەتەوەیە بەلام بە توندی لە لایەن هێزەکانی بارزانی لە شاخەکاندا گەمارۆ دراون .

بە گوێرەی شەرت و مەرجەکانی رێککەوتننامەی ئاداری ١٩٧٠ کوردەکان ئەنجوومەنی شۆڕش و کومیتەی کارگێڕیان هەڵوەشاندوەتەوە. بەهەرحاڵ دەزگای ئیداری کە بۆ بەڕێوەبردنی ناوچەکەیان پێویستە هیشتا هەر لە کاردایە. بارزانی هەر دوو مانگ ٥ دینار دەدات بە پێشمەرگەکانی و بۆ دابین کردنی خەرجی ئیدارەکردنی هێزەکانی و حکوومەتەکەی پێویستی بە یارمەتی ماددی هەیە. حکوومەتی ولاتە یەکگرتووەکان دەتوانێت ئەم یارمەتییە بە شێوەی ناڕاستەوخۆ لە رێگای عەرەبستانی سعوودی، ئوردۆن یا ئێرانەوە دابین بکات. لە رابردوودا بارزانی کۆمەڵێک یارمەتی لە ئێران وەرگرتووە .

عوسمان بە رووترشییەوە وتی ئێران پێشتر بەشداری زۆری کردووە لە هەموو پیلانەکانی عەرەبەکان دژ بە رژیمی بەغداد کە سەرنەکەوتنی ئەم پیلانە بووەتە هۆی لە سێدارەدانی نزیکەی ٥٠کەس لە پیلانگێڕان لە ١٩٧٠. عوسمان وا هستی دەکرد کە بۆ ئێران فەرقی نییە ئەنجامەکە چی بێ .

بە هەرحال بارزانی دەیەوێت پەیوەندی نهێنی لەگەڵ دەوڵەتی وڵاتە یەکگرتووەکان دابمەزرێنێت و پێشنیارەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان وەربگرێت دەربارەی ئەوەی کە چۆن شۆڕشەکەی دژی رژێمی عێراق بباتە پێش. لەوانەیە بکرێت نوێنەرێکی ئەمریکا لە بارەگای سەرکردایەتی بارزانی (کە کۆخێکی هەرگینە) لە حاجی عومەران دیدار بکات کە ٣ کیلۆمەتر لە سنووری ئێران دوورە و یەک و نیو تا دوو کاتژمێر بە ئۆتومۆبیل لە شاری رەزاییە لە ئێران دوورە ( لە تارانەوە دەتوانی بە فڕۆکە بچێتە رەزایە). روونە کە دەوڵەتی ئێران ئاگاداری دیدارێکی وا دەبێت بەڵام نابێت دەوڵەتی عێراق پێی بزانێت. ئەگەر حکوومەتی وڵاتە یەکگرتووەکان بڕیار بدات پێشوازی لە نوێنەرانی بارزانی لە واشنگتۆن بکات، ئەم لێژنەیە ئیدریس بارزانی سەرۆکایەتی دەکات کە ٢٧ ساڵیەتی و بە تواناترین کەسە لە نیو ٦ کوڕەکەی بارزانیدا . ئیدریس نازانێت زۆر بە ئینگلیزی قسە بکات بەڵام زاهیر عوسمان لەگەڵی دێت .

## پلانەکانی راپەڕین

زاید عوسمان ئەو روانگەیەی دەربڕی کە بە هۆی ئەوەی کە بەعس زۆر توند کونترۆڵی بارودۆخەکە دەکات، زەحمەتە کودیتا دژی ئەم رژێمە لە پایتەختی عێراق سەربکەوێت. سوپای عێراق بە گشتی لە بارودۆخەکە رازی نییە بەڵام هیچ کەس ناوێرێت دژی رژێم کار بکات. لە ئەنجامدا تەنها هیوا بە راپەڕین هەیە کە لەو ناوچەیە دەست پێبکات کە لە کونترۆڵی کوردەکاندایە لە باکوور.

بارزانی هیوادارە قەناعەت بە دەوڵەتی وڵاتە یەکگرتووەکان بهێنێت پشتیوانی لە راپەڕینێکی وا بکات. تەمەنی بارزانی ئێستا ٦٨ی ساڵە و بە وتەی عوسمان ئەگەر بارزانی پێش لە ئازادی عێراق کۆچی دوایی بکات ئەو مەترسییە گەورەیە دێتە ئاراوە کە بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد بکەوێتە دەستی کەسایەتییە رادیکالەکان و کۆمەڵگای گەورەتری کورد لە تورکیاش بکەویتە ژێر کاریگەری ئەم رادیکالیزمە.

زاید عوسمان ئێستا چالاکانە بۆ بەدەستهێنانی یارمەتی ئەمریکا بۆ شۆڕش هەوڵ دەدات و کەسایەتییەکە کە لە لایەن بارزانییەوە ئەو دەسەڵاتەی پێدراوە بچێتە

هەموو شوێنێک، بۆ نموونە واشنگتۆن یا نەتەوە یەکگرتووەکان. ئێران بەڵێنی بە کوردەکان داوە ئەگەر شەڕ دەست پێبکاتەوە یارمەتیان بدات. زاید عوسمان چەند مانگ پێش لەگەڵ مەلیک فەیسەڵ دیداری کردووە و فەیسەڵ پێشوازییەکی دۆستانەی لێکردووە و پشتیوانی لە پرەنسیپی راپەڕین لە عێراق کردووە بەڵام پێش لەوەی کە وەڵامی عوسمان بداتەوە داوای وردەکاری زۆرتری لەم پەیوەندییەدا کردووە .

عوسمان وتی پاش ماوەیەکی کورت بەیروت بەرەو لەندەن بەجێ دەهێڵێت بۆ ئەوەی سەردانی بنەماڵەکەی بکات کە بە فڕۆکە لە بەغداد چوونەتە لەندەن. عوسمان دەیەوێت لە کۆتایی مانگی تەموز بگەڕێتەوە بۆ بەیروت و لەوانەیە سەردانی باڵوێزخانە بکات بۆ ئەوەی بزانێت کە ئایا هەڵوێستی وڵاتە یەکگرتووەکان هیچ بەرەوپێشچوونیکی بە خۆوە بینیوە یا نا. هەروەها لەوانەیە سەردانی مەلیک فەیسەڵ و مەلیک حوسەین بکات.

## ژیاننامەی زاید عوسمان

زاید عوسمان کە تەمەنی نزیکەی ٤٧ ساڵە، پێش لە شۆڕشی کورد لە زانکۆی قاهیرە خوێندوویەتی و پاش ئەوە کاری یاسایی کردووە لە بەغداد. لە ساڵی ١٩٦٦ یارمەتی داوە بە ئامادەکردنی رەشنووسی رێککەوتننامەی کورد و حکوومەتی عێراق لە لایەن سەرۆک وەزیران بەزاز. زاید عوسمان دەڵێت بە هۆی چالاکی سیاسی ٥ جار لە بەغداد خراوەتە بەندیخانە . رووخانی حکوومەتەکەی بەزاز و درزی دواتری نێوان بارزانی و حکوومەتی عێراق لە ١٩٦٨ عوسمانی ناچار کرد بە بەهای لەدەستچوونی ژیانی لە بەغداد هەڵبێت. لەو کاتەوە عوسمان لە بارەگای سەرکردایەتی بارزانی دەژی و زۆربەی جاران وەکە لێژنە دەچێتە دەرەوەی عێراق. زاید عوسمان پاش رێککەوتننامەی ئاداری ١٩٧٠ ی نێوان بارزانی و حکوومەتی عێراق تا ئێستا نەچووەتە لای بنەماڵەکەی لە بەغداد چونکە متمانەی بە رژێمی بەعس نییە. زاید عوسمان هەرچەند کە زۆر شارەزای زمانی ئینگلیزییەوە و بە راستی بە سەر ئەم

زمانەدا زاڵە بەڵام مرۆڤێکی بە شەرم و حەیایە و لە قسەکردندا بە تەواوی مرۆڤ بە قەناعەت دەگەیەنێت. زاید عوسمان لایەنگری شێوە ژیانێکی دیموکراتانەیە وەک ئەوەی لە ئەمریکادا هەیە .

## هەڵوێستی وڵاتە یەکگرتووەکان

کاربەدەستی باڵوێزخانە سوپاسی زاید عوسمانی کرد بۆ شیکردنەوەی بارودۆخی عێراق و جەختی لە سەر ئەوە کردەوە کە وڵاتە یەکگرتووەکان سیاسەتی دەستتێوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆیی وڵاتانی دیکە پەیرەو دەکات، کەوابوو پێی وانییە حکوومەتی وڵاتە یەکگرتووەکان بتوانێ هیچ کارێک لەم بارودۆخەدا ئەنجام بدات.

**بوفووم**

فایلی پەیوەندییەکانی دەرەوە ،١٩٦٩-١٩٧٦، بەڵگەنامەکانی ئێران و عێراق، بەرگی E4، 1969-1972

## تـوێژینەوەی ئیدارەی هەواڵگری و لێکۆڵینەوەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا دەربارە کوردەکانی عێراق
## 31 ی مایسی ١٩٧٢

### بابەت: کوردەکانی عێراق: هەڵگیرسانەوەی شۆڕش

کوردەکانی عێراق جارێکی دیکە داوای پشتیوانی دەرەکی دەکەن بۆ شەڕە ناوخۆییەکەیان لەگەڵ دەوڵەتی عێراق کە لەوانەیە هەڵبگیرسێتەوە. ئەم توێژینەوەیە رابردووی ناکۆکییەکانی کوردەکان و دەوڵەتی عێراق و پێگەی کوردەکان لە پەیوەندییەکانی ئێران و عێراق و نیو وڵاتانی عەرەبی و دەرفەتەکانی سەرهەڵدانەوەی ئەم شەڕە و ئاکامەکانی شی دەکاتەوە .

## کورته

خەڵکی کورد هەر له سەردەمی کەونارەوە له زۆربەی ئەو ناوچه شاخاوییانه ژیاون که ئێستا لێی دەژین و ژمارەیان ئێستا نزیکەی ٦ ملیۆنه و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ هەموو ئەو دەوڵەتانەی که تێیاندا دەژین واتا یەکێتی سۆڤیەت، تورکیا، ئێران، عێراق و سووریا ئاڵۆزه. مەلا مستەفا بارزانی که دوایین ڕێبەری کورده که هێزی مەعنەوی پێویستی هەیه بۆ ئەوەی عەشیره جۆراوجۆرەکان له چوارچێوەی هێزێکی نیمچه سەربازیی بەرچاودا کۆ بکاتەوە، سەرەتا له دەیەی ١٩٤٠ دژی پاشایەتی عێراق ڕاپەڕی بەڵام ناچار بوو بچێته ئێران و پاشان بچێته یەکێتی سۆڤیەت و ١١ ساڵ لەوێ ژیا و فێری ئەوه بوو که نابێ متمانه به سۆڤیەت بکات.

مەلا مستەفا ماوەیەکی کورت پاش شۆڕشی ١٩٥٨ گەڕایەوە بۆ عێراق و ساڵی ١٩٦١ بوو به ڕێبەرێکی بێ وێنه له ناو عەشیره کوردەکاندا و شەڕیکی پێشمەرگەیی ڕێبەری کرد که پاش گۆڕانی ٤ ڕژێم له عێراق (که ئەم شەڕه یارمەتی به رووخانی هەر چواریان داوە) تا ئێستا بەردەوامه . له ماوەی چوار ساڵ شەڕی قورسدا هێزەکانی مەلا مستەفا له لایەن ئێران و وڵاتانی دیکه (له ڕێگای ئێرانەوە) یارمەتی دەدران و پۆشته دەکران. ئامانجی ئێران ئەوه بوو که دەستڕۆیشتوویی و کاریگەری جمال عبدالناسر له سەر دراوسێ لاوازەکەی (عێراق) لا ببات و پێش له بڵاوبوونەوەی کێشەکه له له نیو کوردەکانی ئێراندا بگرێت .

ڕژێمی ئێستای عێراق له ژێر گوشاری هەندێ له دەوڵەتانی عەرەبیدایه بۆ ڕازیکردنی کوردەکان بۆ ئەوەی سوپای عێراق (که به هۆی پەرەسەندنی شۆڕشی کورد به تەواوی دەستی بەسترابووەوە) بتوانێت دەستی ئاوەڵا بێت ئەگەر هاتوو دوژمنایەتی عەرەب- ئیسرایل به تەواوی پەره بسێنێت. سۆڤیەت بەردەوام پێداگری له سەر ئەوه کردووه که عێراق کوردەکان کونترۆڵ بکات ، هەروەها که خودی سۆڤیەت کەمینه نەتەوەییەکانی خۆی کونترۆڵ دەکات. لەوانەیه سۆڤیەت دەوری بینیبێ لەو پێشنیاره یەک لایەنەیه که حکوومەتی عێراق بۆ چارەسەرکردنی

كێشەكەی لە گەڵ كوردەكان خستییە ڕوو و كوردەكانیش قبوڵیان كرد، بەڵام قەد بە تەواوی جێبەجێ نەكرا .

ئێستا سۆڤیەت دەیەوێت لە ڕێگای پەیماننامەیەكی نوێ و بەرنامەگەلی گەورە بۆ یارمەتیدانی سەربازی و تەكنیكی بە عێراق، پەیوەندییەكانی لەگەڵ ئەم وڵاتە پتەوتر بكات. سۆڤیەت نایەوێت خۆی بخاتە ناو كێشەی عێراق و ئێران و هەروەها نایەوێت بكەوێتە نێو شەڕی ناوخۆیی بێ كۆتایی عێراق لەگەڵ كوردەكان . سۆڤیەت گوشار دەخاتە سەر كوردەكان تا پەیوەست بن بەو دەوڵەتی بەرەی نیشتمانییە كە حیزبی بەعس و حیزبی شیوعی عێراق سەركردایەتی دەكەن .

مەلا مستەفا بە دروستی پێشبینی ئەوەی كرد كە ئەگەر بەم پلانە ڕازی بێت، نیمچە ئۆتۆنۆمییەكەی ناوچە كوردنشینەكان لە ناو دەچێت كە كوردەكان بە هێزی سەربازی بە دەستیان هێناوە . مەلا مستەفا دەزانێت دەوڵەتی عێراق (و لەوانەیە سۆڤیەت) لە پشتی هەوڵ بۆ كوشتنی خۆی و كوڕە گەورەكەی، ئیدریس دان كە لە هاوینی ڕابردوو ئەنجام درا. بارزانی هیچ متمانەیەكی بە دوو لایەنی دیكەی ئەم هاوپەیمانییە پێشنیاركراوە نییە . بارزانی هەروەها دەزانێت دەوڵەتی عێراق ئەم دواییانە هەوڵیداوە پشتیوانی عەشیرەتە نەیارەكانی بارزانی بەرەولای خۆی ڕابكێشێت و هەوڵی داوە لە ڕێگای بەرتیلدان بە هەندێ لە هاوڕێكانی، بارزانی بێ وەج (بێ حەیسییەت) بكات .

بەهەرحاڵ وادیارە ئێستا بارودۆخەكە باشتر بووە بۆ ئەوەی بارزانی بتوانێت بۆ هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش، پشتیوانی پێویستی دەرەكی بە دەست بهێنێت. ئەگەر بارزانی ئەم پشتیوانییە بە دەست نەهێنێت ناتوانێت هیوادار بێت كە هیچ كارێك جگە لە بەرگریكردن لە خۆی لە شاخەكان ئەنجام بدات. هەڵگیرسانەوەی شۆڕشێكی دیكەی كوردەكان لەوانەیە ببێتە هۆی ڕووخانی حكوومەتی بێزلێكراوی بەعس. بەهەرحال لەوانەیە كوردەكان نەتوانن پێكهاتەی ڕژیمی دوایی عێراق دیاری بكەن و وادیارە ڕژیمەكانی دواتری عێراق لە ڕژیمی ئێستا سەقامگیرتر، بەهێزتر و سەربەخۆتر لە سۆڤیەت نابن .

بارزانی کە لە نێو نەوەی خۆیدا بەهێزترین کەسایەتییە، بە توندی دووری کردووە لە هاندانی سیاسی یا بەڕێکخستنکردنی کوردەکانی وڵاتانی دراوسێی عێراق. سۆڤیەت (کە لەوانەیە راستەوخۆ بکەوێتە ناو کێشەی کوردەکان) بارودۆخێکی سیاسی دژواری هەیە بەڵام ئامرازەکانی ئەوەشی لە دەستدایە کە گوشار بخاتە سەر ئێران و (لە پێوەرێکی کەمتردا) تورکیا، ئەگەر بڕیار بدات کەڵکی لێوەربگرێت.

ئیدارەی کاروباری رۆژهەڵاتی نزیک و باشووری ئاسیا لە وەزارەتی دەرەوە

بەڕێوەبەر: کورتیس جونز

**شیکار: شارلۆت مۆرهاوس**

## کورد کێیە و لە کوێ دەژی

کورد گروپێکی ئەتنیکی جیاوازی هیندوئەوروپاییە کە زۆربەی دانیشتوانی سەرزەمینێکی شاخاوی پێکدەهێنن کە نزیکەی ١٠٠ هەزار مایلی چوارگۆشەیە و لەگەڵ تورکیا، ئێران، عێراق، سووریا، ئازەربایجان و ئەرمەنستانی سۆڤیەت هاوسنوورە. ئەم کوردستانە کۆنە قەد کیانێکی سیاسی جیاوازی نەبووە، کەوابوو بە وردی پێناسە نەکراوە . هەندێ کۆمەڵگای کورد لە دەرەوەی ئەم ناوچە کوردنشینانە لە عێراق ، ئێران، تورکیا و سوریا هەیە و لە لوبنان و ئەفغانستان بڵاون .

هیچ ئامارێکی ورد دەربارەی ژمارەی کوردەکان لە بەردەستدا نییە و ئاماری دەوڵەتەکان، کورد بە خەڵکێکی جیاواز دانانێن بەڵام بە گوێرەی هەڵسەنگاندنە باوەڕپێکراوەکان ژمارەیان لە نێوان ٥ و ٦ میلیون کەسە کە ٨٩ هەزاریان لە سۆڤیەت دەژین .

نزیکەی نیوەی ئەو کوردانەی کە لە دەرەوەی سۆڤیەت دەژین لە تورکیان کە گەورەترین کەمینەی ئەم وڵاتەن و ژمارەیان ٣ میلیۆن کەسە واتا ٨%ی نفووسی گشتی تورکیا. هەروەها ژمارەیەکی بەرچاو لە کوردەکان (نزیکەی میلیۆنێک و پەنجا هەزار کەس کە دەکاتە نزیکەی ٣%لە سەرجەم دانیشتوانی ئێران) لە ئێران و نزیکەی میلیۆنیک و ٧٩٥ هەزار لە عێراق دەژین کە دەکاتە ١٨%ی سەرجەم

دانیشتووانی ئه‌م وڵاته و نزیکه‌ی ٢٤٠ هه‌زار له سووریا ده‌ژین . زۆربه‌ی هه‌ره‌زۆری کورده‌کان موسڵمانی سوونه‌ن به‌ڵام ٢٥٠ هه‌زار ئیزدی ( که لقێکی جیابوو له ئایینزای شیعه‌یه و باوه‌ڕی ئائیسلامی و مه‌سیحی تێدایه[١١٥]) و یه‌ک له سێ یا که‌متری کورده‌کانی ئێران مسڵمانی شیعه‌ن که ئایینی زاڵی ئێرانه .

کورده‌کان له سه‌رده‌می که‌ونارەوه له ناوچه شاخاویه‌کانی خۆیاندا ژیاون و "گزینفۆن"[١١٦] باسی کردوون و مێژوونووسه کلاسیکه‌کان له ژێرناوی "کاردوکی" و "گوتی" ناوی لێبردوون (کورده‌کانی ئێران هه‌ندێ جار به نادروست خۆیان به نه‌وه‌ی ماده‌کانی که‌ونار ده‌زانن). کورده‌کان شاخنشینن و زۆرتر ئاژه‌ڵداری ره‌وه‌ند و نیمچه ره‌وه‌ندن، هه‌رچه‌ند که هه‌ندێکیان یه‌کجێنشینن و هه‌ندێکی دیکه‌یان شارنشینن .

کورده‌کان شانازی به خۆیان ده‌که‌ن و خۆڕاگر و هێژان. کورده خوێنده‌واره‌کان پۆستگه‌لی باڵایان له‌و وڵاتانه‌ی که تێیدا ده‌ژین به ده‌ست هێناوه. هه‌ستی کوردایه‌تی و پاراستنی شوناس و دابونه‌ریتی باوباپیران له نێو کوردان به‌هێزه و به توندی له به‌رامبه‌ر تاواندنه‌وه، به تایبه‌ت له وڵاتانی عه‌ره‌بیدا راوه‌ستاون چونکه کورده‌کان به گشتی هه‌ر له کۆنه‌وه خۆیان له عه‌ره‌به‌کان به ره‌سه‌نتر ده‌زانن .

سه‌ربه‌خۆیی سیاسی کوردستان ئاواتی له‌مێژینه‌ی کورده‌کانه و له کونفرانسی ئاشتی پاش شه‌ڕی یه‌که‌می جیهانی[١١٧] داوای سه‌ربه‌خۆیان کرد به‌ڵام ئه‌م سه‌ربه‌خۆییه زۆرتر به هۆی رکابه‌ری و جیاوازی عه‌شیره‌تی و دوژمنایه‌تی ناوخۆیی کورده‌کان ده‌سته‌به‌ر نه‌بوو. به هۆی نه‌بوونی کاناڵی په‌یوه‌ندی له نێوان سه‌رزه‌مینی شاخاوی کورده‌کان،

---

[١١٥] ئه‌م پێناسه‌یه زۆرتر بۆ ئایینی یارسان (کاکه‌یی) ده‌گونجێت. ( وه‌رگێڕ)

[١١٦] ئاماژه‌یه به گزێنفۆن، شاگردی سوقرات و سه‌رداری یۆنانی که ساڵی ٤٠١ی به‌ر له زایین کاتی گه‌ڕانه‌وه له ئێران به‌ره‌و یۆنان تووشی کورد بووه و له کتێبه‌که‌ی خۆیدا به ناوی" ئانابازیس" یان گه‌ڕانه‌وه‌ی ١٠ هه‌زار که‌سی باسی ئه‌و زه‌برانه‌ی کردووه که کورد له سوپاکه‌ی وه‌شاندوویه. (وه‌رگێڕ)

[١١٧] مه‌به‌ستی کونفرانسی ئاشتی پاریسه که ژنه‌راڵ شه‌ریف پاشا به نوێنه‌رایه‌تی له نه‌ته‌وه‌ی کورد تێیدا به‌شداری کرد و په‌یماننامه‌ی "سێڤر"ی لێکه‌وته‌وه که بواری بۆ سه‌ربه‌خۆیی کوردستان له ئیمپراتۆری عوسمانی خۆش ده‌کرد. ( وه‌رگێڕ)

سێ زاراوەی جیاوازی کوردی دروست بووە کە ئەوانەی کە قسەیان پێدەکەن بە دەگمەن لەیەک تێدەگەن. زاراوەی ناوچەی سلێمانی لە عێراق نزیکترین زاراوەیە بە زمانی فەرمی کوردی .
بیست وسێ گرووپی عەشیرەتی سەرەکی لە نێو کورداندا هەیە کە گرنگترینیان دزەیی، هەرکی و جافـ ن. بارزانی عەشیرەت نییە بەڵکوو کونفدراسیونی کۆمەڵێک گوندە کە لە لایەن بزووتنەوەیەکی ئایینییەوە لە سەرەتای سەدەی ١٩ بە رێکخستن کراوە.

## راپەڕینە سەرەکییەکان

راپەڕینە جیدییەکانی کورد تەنها کاتێک بووە بە کێشە بۆ دەوڵەتەکان کە رێبەرێکی کورد توانیبێتی بە هێزی مەعنەوییەوە عەشیرەتە جۆراوجۆرەکان بە رێکخستن بکات. راپەڕینگەلێکی وەها لە دەیەی ١٩٢٠ لە ئێران و لە ساڵی ١٩٣١ لە عێراق بە رێبەرایەتی شیخ مەحموود (باوکی بابا عەلی، وەزیری پێشووی کابینەی عێراق کە جار جار وەک ناوبژیوانێکی بێ لایەن لە کاتی شەڕی کورد و دەوڵەتی عێراق لەگەڵ ئەم دووو لایەنە وتووێژی دەکرد) رووی داوە .
مەلا مستەفا بارزانی سەرەتا دژی سیستمی پاشایەتی عێراق لە دەیەی ١٩٤٠ راپەڕینی کرد و ناچار بوو لەگەڵ هاورێکانی بچێتە باکووری ئێران (رۆژئاوای ئێران راستە - وەرگێڕ ) و لە کۆماری کورتە تەمەنی مهابادا بەشداری کرد کە بە پشتیوانی سۆڤیەت لە بەشێک لە ئێران کە سۆڤیەت لە کاتی جەنگی دووەمی جیهانیدا داگیری کردبوو، دامەزرا. کاتێ کە سۆڤیەت ناچار بوو ساڵی ١٩٤٦ لە ئێران بچێتە دەرەوە ، کۆماری مهاباد بە خیرایی رووخا و مەلا مستەفا لەگەڵ ٥٠٠ کەس لە هاورێکانی لە ساڵی ١٩٤٧ چووە ناو خاکی سۆڤیەت و ١١ ساڵ لەوێ مایەوە .
کۆماری تورکیا هەوڵی زۆری داوە بۆ ئەوەی کوردەکان بکات بە تورک و لە سەر ئەو باوەڕەیە کە ئێستا کوردەکان مەترسی سیاسی نین بۆ تورکیا، هەرچەند کە هەستی سەربەخۆیی کوردستان لە نێواندا هەر هەیە. لە کاتی پەرەسەندنی شەڕی

ناوخۆی عێراق لە دەیەی ١٩٦٠ چەند سەد کەس لە کوردەکانی تورکیا هاتنە ریزی برا کوردەکانیان لە عێراق.

کوردەکانی ئێرانیش بەردەوام رەخنەیان لە حکوومەتی ئێران گرتووە کە زۆرتر بە هۆی هەڵاواردنی ئابوورییە کە بە وتەی خۆیان ئێران دژ بەوان پەیرەوی دەکات. راپەرینی کوردەکانی عێراق و هەروەها چەند هۆکارێکی دیکە بووەتە هۆی ئەوەی کۆمەڵێک چاکسازیی بەپەلەی ئابووری لە کوردستانی ئێران ئەنجام بدرێت .

## کورد و سیاسەتی عەرەبەکان

لە عێراق کوردەکان بێ لەبەرچاو گرتنی ژمارەیان، خاوەن قورساییەکی سیاسین چونکە وڵاتی عێراق پێکهاتەیەکی ئەتنیکی و ئایینی تایبەتی هەیە . دانیشتووە عەرەبەکانی عێراق بە شێوازێکی یەکسان بە شیعە و سوونە دابەش کراون . لە راستیدا ژمارەی عەرەبە شیعەکان لە عەرەبە سوونەکان زۆرترە بەڵام بە هۆکارگەلی مێژوویی هەمیشە عەرەبە سوونەکان دەسەڵاتیان بە دەستەوە بووە . کوردەکان لە رووی ئەتنیکییەوە لە عەرەبەکان جیاوازن بەڵام لە رووی ئایینیەوە سوونەن، کەوابوو هاوسەنگی هێزەکەیان بە دەستەوەیە . حکوومەتی عێراق بە هۆی ئەم هاوسەنگییە ئایینییە داواکاری کوردەکان بۆ ئۆتۆنۆمی ناوچەیی رەت دەکاتەوە لە بەر ئەوەی دەترسێت ئەگەر داواکارییەکەی کوردەکان جێبەجێ بکات شیعەکان و کەمینە بچووکترەکانی دیکەش داوای هەمان مافانە بکەن و هەروەها بە هۆی ئەوەی کە کۆنترین و گەورەترین ناوچەی بەرهەمهێنانی نەوتی عێراق لە سەرزەمینی کوردەکاندایە .

کوردەکان پاش شەڕی یەکەمی جیهانی نەیانویست ببن بە بەشێک لە دوو وڵاتی عەرەبی عێراق و سووریا و بەرژەوەندیان لەوەدا بوو کە دژایەتی هەر چەشنە یەکێتییەکی عەرەبی بکەن کە تێیدا ببەن بە کەمینەیەکی بچووکتر، هەربۆیە کوردەکان دژی یەکێتی سەرنەکەوتووی عێراق و ئوردن لە دژی جمال عبدالناسر لە ١٩٥٨ راوەستان. کوردەکان هەروەها دژی هەوڵەکانی ناسر بۆ یەکخستنی عەرەبەکان

راوەستاون و بە چاوێکی نەرێنی سەیری حیزبی بەعسی دەسەڵاتداریان کردووە کە لایەنگری یەکێتی عەرەبەکانە بە شێوازێکی دوگم . کوردەکان تەنانەت هەندێ جار هەوڵیان داوە بەعسییەکان و لایەنگرانی ناسر دژی یەکدی هان بدەن .

ماوەیەکی کورت پاش شۆرشی ١٩٥٨ واتا ئەو کاتە کە قاسم هاتە جیگای ئەو رێبەرە نیشتمانییانە کە لەگەڵ رژیمی پێشوو هاوکاریان کردبوو عبدولکەریم قاسم مەلا مستەفا و هاورێکانی بانگهێشت کرد لە سۆڤیەت بگەرێنەوە بۆ عێراق و لە بەر چاوی خەڵک کردی بە شێر. قاسم ئەوەی بە دروستی هەڵنەسەنگاندبوو کە مەلا مستەفا هێشتاش سەمبولی بەرخۆدانییە لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی. مەلا مستەفا وەک سەرکردەکانی دیکەی کورد دەیویست ئەو بەشانە لە خاکی کوردستان بە دەست بهێنێتەوە کە لە لایەن هێزەکانی دیکەوە داگیر کرابوو، کەوابوو ئەم هەست و گروتینە بەدەر لە چوارچێوەی ئەو پوانانە بوو کە قاسم ئامادە بوو پێی بدا.

قاسم زۆر درەنگ هەوڵیدا یارمەتی عەشیرەتەکانی نەیاری بارزانی بدات بۆ ئەوەی پێش لە پەرەسەندنی بزووتنەوەی کورد بگرێت و لە ئابی ١٩٦٠ شەری نێوان عەشیرەتەکان هاتە ئاراوە. بارزانی تا تەموزی ١٩٦١ عەشیرەتە دوژمنەکانی دەر کرد یا خستنییە ژێر رکێفی خۆی .

یاسای بنەرەتی ١٩٥٨ی عێراق مافە ئابووری و کولتوورییەکانی کوردەکانی لە خۆ دەگرت و پێشنیاری ئەوەی دەکرد کە دەوڵەتی فدراڵی عەرەب و کورد دابمەزرێت و دوو پایتەختی لە بەغداد و سلێمانی هەبێت. رێبەرایەتی کورد بە واقعبینییەوە ئەو کاتە و پاش ئەوەش خوازیاری سەربەخۆی نەبوو و تەنها داوای ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی عێراقی دەکرد. لە ناوەراستی ئەیلوولی ١٩٦١ حکوومەتی عێراق دەستی کرد بە بومبارانکردنی هەوایی ناوچە کوردنشینەکان و لە ١٩٦٣ گازی کیمیایی دژی کوردەکان بە کار هێنا . ئەم تاکتیکەی عێراق هەرچەند کە لە رووی سەربازییەوە سەرکەوتوو بوو بەڵام بووە هۆی شەرمەزاربوونی عێراق چونکە ئاراستەی با کیمیاییەکەی برد بەرەولای سنووری ئێران و کاری کردە سەر هەندێ لە گوندەکانی ئێران و چەند سەر مەر وماڵاتێکی کوشت .

ناکۆکی نێوان کورد و حکوومەتی عێراق بە خێرایی بوو بە بەربەرەکانییەکی سەربازی و کوردەکان کونترۆڵی تەواوی ناوچە شاخاوییەکانی باکووریان (لە باشوورەوە تا رووباری زێی بچووک و لە رۆژئاواوە تا چیای حەمرین) گرتە دەست بەڵام هەوڵیان نەدا شارە سەرەکییەکانی ناو دەشتەکان وەک هەولێر و کەرکووک یا ریگا سەرەکییە گرنگەگان بگرن بەڵام هەرکاتێک کە بیانویستبایا جادەکانیان دەگرت و شارۆچکەکانیان گەمارۆ دەدا. کوردەکان لە ناوچەی ژێر کونترۆڵی خۆیان (کە پتر لە ١١ هەزار مایلی چوارگۆشە بوو واتا بە قەد ئەیالەتی "مریلەند" و "دیلوەیر" [118] دەبوو) دەوڵەتی باڵادەست بوون و باجیان کۆ دەکردەوە (لەو ناوچانەی کە کوردەکان و حکوومەت لە سەری ناکۆک بوون ئەم باجە دووجار وەردەگیرا) و گومرکیان لە خاڵە سنوورییەکان دانابوو و ئیدارەکەیان رۆژ بەرۆژ نوێتر دەکردەوە.

ئەم بارودۆخە هەروا ٨ ساڵ بەردەوام بوو( بەڵام بە هۆی سەرمای زستان یا هەوڵی وتووێژەکان شەڕ رادەوەستا) و کوردەکان نەیانتوانی ناوچەی زیاتر لە ژێر چنگی هێزەکانی حکوومەت بهێننە دەرەوە و هێزەکانی حکوومەتیش نەیانتوانی سەرکەوتنێکی یەکلاییکەرەوە بە دەستبهێنن. لە ماوەی ئەم ٨ ساڵەدا پێشمەرگەکان توانیان بە سەرکەوتوویی چوار لە پێنجی هێزەکانی عێراق سەرقاڵی خۆیان بکەن و بۆ ماوەگەلێکی کورت تەنانەت زۆرتر لەم رێژەیەش لە سەرچاوەکانی عێراق بە فیرۆ بدەن. زۆربەی ئەو کوردانەی کە پۆستی حکوومەتیان هەبوو، یا بە هۆکاری ئەمنی دەرکران و یا خۆیان دەستیان لە کار کێشایەوە و سەدان کورد لەوانە دوو ئەفسەر بە پلەی ژنەراڵی پەنایان بۆ لایەنی کوردەکان برد.

بەردەوامبوونی شەڕی بێ ئاکامی ناوخۆیی یەکێ لە هۆکارەکانی ناکارامەبوونی حکوومەت بە گشتی و سوپا لە نێو ئەم رژیمە یەک لە دوای یەکانە لەم دە ساڵەدا بووە، کەوابوو شەڕ یەکێ لە هۆکارە گرنگەکانی رووخانی خێرای ئەم رژیمانە بووە. پیلانگێرانی کودیتا حیسابیان بۆ مەسەلەی کورد دەکرد و رێبەرایەتی کورد گەیشتبووە ئەو قەناعەتە کە بۆ یەکەم جار لە مێژووی عێراقدا کورد بووە بە

---

[118] Maryland and Delaware

هۆکارێکی راسته‌وخۆی پێکهاتن و هه‌ڵوه‌شانه‌وه‌ی ده‌وڵه‌ته نیشتمانییه‌کانی عێراق. که‌وابوو کاتی که کورده‌کان به‌ڵێنی ئه‌وه‌یان ده‌دا که پشتیوانی له ده‌وڵه‌تی عێراق ده‌که‌ن هۆشداری ئه‌وه‌شیان ده‌دا که ئه‌م حکوومه‌ته تێکده‌ده‌ن (ئه‌ڵبه‌ته به یارمه‌تی هێزه‌کانی دیکه) ئه‌گه‌ر داواکارییه‌کانیان قبوڵ نه‌کات.

## په‌یوه‌ندییه ده‌ره‌کییه‌کان

## یارمه‌تی و پشتیوانی

روونه که کورده‌کان بێ یارمه‌تی ده‌ره‌کی نه‌یانده‌توانی ٩ ساڵ له‌گه‌ڵ حکوومه‌ت شه‌ڕ بکه‌ن . له راستیدا کورده‌کان سه‌رجه‌م یارمه‌تییه‌کانیان له ئێران یا له رێگای ئێرانه‌وه وه‌رده‌گرت. سه‌ره‌تا کورده‌کانی ئێران خۆیان ئه‌م یارمه‌تیانه‌یان پێشکه‌ش به کورده‌کانی عێراق ده‌کرد به‌ڵام پاشان که شا له‌وه ترسا دراوسێ لاوازه‌که‌ی بکه‌وێته ژێر رکێفی جمال عبدالناسر، ئاشکرا بوو که ئێران پێداویستییه‌کانی مه‌شقکردن و پێداویستی مادی و ده‌وا وده‌رمان بۆ کورده‌کان دابین ده‌کات. له به‌رامبه‌ردا ئێران داوای له مه‌لا مسته‌فا ده‌کرد کورده‌کانی ئێران هان نه‌دات و نه‌هێڵێت بێنه ریزی شۆڕشه‌که‌ی. حکوومه‌تی عێراق سه‌ره‌ڕای ئه‌و هه‌موو دڵنیاکردنانه‌ی که له‌رێگای ئه‌ندامانی په‌یمانیCENTO وه پێی ده‌درا، پێی له سه‌ر ئه‌وه داده‌گرت که ئه‌م چالاکیانه به ره‌زامه‌ندی ئه‌مریکا (ئه‌گه‌ر نه‌ڵێین به‌شداری) به‌رێوه ده‌چێت و ئه‌م تاوانبارکردنه‌ی ئه‌مریکا کاری کرده سه‌ر ئاڵۆزبوونی په‌یوه‌ندییه‌کانی عێراق و ئه‌مریکا له ١٩٦٣ تا ئه‌وه که له‌کاتی شه‌ڕی عه‌ره‌ب وئیسرائیل له حوزه‌یرانی ١٩٦٧ به ته‌واوی پچڕا. ده‌وڵه‌تی عێراق هه‌روه‌ها له‌وه به‌دگومان بوو که بریتانیا به هۆی به‌رژه‌وه‌ندییه نه‌وتییه‌کانی و ئیسرائیل به هۆکارگه‌لی روون پشتیوانی له کورده راپه‌ڕیوه‌کان ده‌که‌ن .

هه‌رچه‌ند که مه‌لا مسته‌فا وه‌رگرتنی یارمه‌تی له رۆژئاوا به باشتر ده‌زانێت به‌ڵام ئه‌م یارمه‌تییه له هه‌موو سه‌رچاوه‌یه‌ک وه‌رده‌گرێت . به وته‌ی یه‌کێ له دۆسته کۆنه‌کانی مه‌لا مسته‌فا، بارزانی کاتێک که له دووره وڵاتی له ئاکادیمیای سه‌ربازی سۆڤیه‌ت

پەروەردەی دەبینـی، دەیویسـت پـرۆژەی دروسـتکردنی جـادە و تـۆڕی پەیوەنـدی جێبەجێ بکات بۆ ئەوەی کوردستانی عێراق لە ڕێگای باکووری ئێرانەوە گرێ بـدات بە ئەرمەنستانی سۆڤیەت و لە سەر ئەو باوەڕە بوو کە سۆڤیەت پشـتیوانی لە شۆڕشـی کورد دەکات.

لە کـانوونی یەکەمـی ۱۹٦۰ – کـانوونی دووەمـی ۱۹٦۱ (۷ مانـگ پـێش لە هەڵگیرسانی ناکۆکی کورد و حکوومەت) مەلا مسـتەفا چـوو بـۆ موسکۆ و ئامـانجی نەتەوەیی کوردی لە کۆبوونەوەی حیزبی کومونیست خستە ڕوو بەڵام بە هـۆی ئەوەی کە ڕژیمێکـی چەپ تـازە لە عێـراق گەیشـتبوو بە دەسـەڵات، سـۆڤیەت داواکـارییەکەی مەلا مسـتەفای ڕەت کـردەوە. بەهەرحـال لە ۱۹٦۳ کـاتێ کە بەعـس گەیشـت بە دەسـەڵات و شـیوعییەکانی عێراقـی ئـازاردا ، سـۆڤیەت شـوێنێکی ئـارامی لە نـاوچە کوردنشـینەکان بـۆ شـیوعییە هەڵهاتووەکـان دۆزیـیەوە و لە بەرامـبەردا بـاری ۲– ۳ فرۆکە چەکی سووکی دا بە کوردەکـان . سـەرەنجام سۆڤیەت (هەروەک ئەمریکا) وەک کێشەیەکی ناوخۆیی مـامەڵەی لەگەڵ کێشـەی کـورد کـرد بەڵام لە هەمـان کاتـدا پێداگری لە سەر دەوڵەتی عێـراق کـرد کە نەرمونیانتر بێـت و ڕێگاچـارەیەک بـۆ ڕازی کردنـی کوردەکـان بـدۆزێتەوە. مەلا مسـتەفا لە لایەن خـۆیەوە هەسـتی کـرد لە لایەن سۆڤیەتەوە بەکارهێنراوە و خیانەتی پێکراوە، هەر بۆیە ئیـدی متمـانەی بە سـۆڤیەت نەما .

## هەوڵە سیاسیەکان

لە کۆتـایی ۱۹٦۲ تـا ۱۹٦٥ ڕێبەرایەتـی کـورد بە هەمـوو شـێوەیەک هەوڵـی دەدا کێشەکەی نیونەتەوەیی بکات و پشتیوانی مادی و سیاسـی دەرەکـی بەرەولای خـۆی ڕابکێشـێت. ڕێبەرایەتـی کـورد کەڵکـی لە کـوردە شـارەزاکانی نیشـتەجێی تـاراوگە وەرگـرت و نـوێنەری نـارد بـۆ دەرەوە کە مەلا مسـتەفا نـامەی تاکەکەسـی متمـانە پێبەخشینی دەدانێ . عیسمەت شەریف وانلی، سەرۆکی ڕێکخراوی خوێندکارانی کـورد لە ئەورووپـا لەم پەیوەنـدییەدا سـەردانی گەلـێ شـوێنی کـردووە و دوو جـاریش

سەردانی وڵاتە یەکگرتووەکانی کردووە . ساڵی ١٩٦٤ عیسمەت شەریف وانلی داواکارییەکی تەسلیم بە رێکخراوی خاچی سووری نیونەتەوەیی لە ژنیف کرد و لە ساڵی ١٩٦٥ هەوڵێکی سەرنەکەوتووی دا بۆ ئەوەی کێشەی کورد لە نەتەوە یەکگرتووەکان بخاتە ڕوو.

نوێنەرانی مەلا مستەفا سەرەتا لە ڕێگای کونسولگەری وڵاتە یەکگرتووەکان لە تەورێز (لە ئێران) و پاشان لە ڕێگای باڵوێزخانەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە تاران، بەغداد و بەیروت پەیوەندیان لەگەڵ حکوومەتی وڵاتە یەکگرتووەکان گرت . مەلا مستەفا لانیکەم دوو نامەی ناردووە بۆ جانسۆن، سەرۆک کۆماری ئەمریکا و چەند نامەی دیکەشی ناردووە بۆ شای ئێران. مەلا مستەفا هەروەها پەیوەندی تاکەکەسیشی لەگەڵ کەسایەتییەکانی ناوخۆی ئەمریکا هەیە ، لەوانە دادوەر ویلیام داگلاس[١١٩] و چەند کەس لە ئەندامانی کۆنگریس و گەلێ لە سەرۆکی ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان .

لە میانەی ئاگربەستی ١٩٦٣-١٩٦٤ وڵاتە یەکگرتووەکان هەوڵی دا بەرنامەی pl 480 بۆ یارمەتیدانی کوردەکان و پرۆژەی دابینکردنی خۆراک جێبەجێ بکات. بەهەرحاڵ دەوڵەتی عێراق کەندوکۆسپی بۆ جێبەجێبوونی ئەم پرۆژەیە دروست کرد و توانی زۆربەی یارمەتییەکانی ئەم پرۆژەیە بەرەولای کوردەکانی لایەنگری حکوومەت رابکێشێت و سەرەنجام بە هۆی ئەوەی کە ئاسایشی ئەم پرۆژەیە دابین نەکرا، وڵاتە یەکگرتووەکان ناچار بوو دەستی لێبکێشێت .

## نەیەکگرتوویی لە یەکگرتووییدا

تەنانەت لەو کاتانەدا کە شۆڕشی کورد لەو پەڕی هێزدا بووە، کوردەکان قەد بە تەواوی یەکگرتوو نەبوونە و هەندێ لە بەکرێگیراوانی کورد لە پاڵ دەوڵەتی عێراق

[١١٩]ویلیام داگلاس دادوەرێکی بەناوبانگی ئەمریکایە کە جارجار گەڵاڵەی سیاسی پێشنیار کردووە بە دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەک ئەو گەڵاڵەیە کە بۆ چاکسازی سیاسی لە ساڵی ١٩٤٥ بە ئێرانی پێشنیار کرد. (وەرگێڕ)

لەم شـــەڕە بەردەوامەدا بەشـــداریان کـــردووە و هەنـــدێ لە عەشـــیرەت و نـــیمچە عەشیرەتەکان جارجار لە پاڵ دەوڵەت و جارجار لە پاڵ کوردەکاندا شەڕیان کردووە. هەندێ بنەماڵەش لەم شەڕەدا بێلایەن بوونە و گرۆپێکی دیکەشیان لە پـاڵ یەکێ لە لایەنەکانـدا بـووە. گەورەتـرین یەکگرتـوویی کـورد ئەو کـاتە بـوو کە دوابەدوای کۆبـوونەوەیەک لە کـۆیە لە مایسـی ١٩٦٣ کونفدراسـیۆنیک بـۆ شـۆڕش پیکهـات کە هەمـوو گرۆپەکـانی سـەر بە عەشـیرەتە گرنگەکـان و چەپەکـان و شارنشـینەکان و لایەنگرانـی سیاسـی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتانی عێـراق و کەمینە بچووکترەکـانی بـاکووری عێـراق (ئیـزەدی، تورکمـان و هتـد) تێیـدا بەشـداریان کـرد کە لە لایەن ئەنجوومەنی فەرماندەیی شۆڕشەوە رێبەرایەتی دەکرا و نوێنەرە کوردەکانی سـووریاش تێیدا جێیان گرتبوو .

لانیکەم دووجـار کوردەکـان (وادیـارە بە پێشـنیاری ئێـران) پەیوەنـدیان لەگەڵ شـیعە کۆنەپـارێزە ئـایینی و کۆمەڵایەتییەکـان گـرت و هەوڵیانـدا بەرەی دووەمـی شـەڕ لە باشووری عێراق بکەنەوە بەڵام سەرکەوتوو نەبوون .

## دامرکانەوەی شەڕ

هەرچەنـد کە کوردەکـان و حکـوومەتی عێـراق لە شـوباتی ١٩٦٤ ئاگربەسـتیان کـرد و هیوایـان دەربـڕی کە بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەکە وتـووێژ بـکەن بەڵام هیچکـام لە لایەنەکـان بەڵێنەکـانی خۆیـان قەد بە تەواوی جێبەجـێ نەکـرد. کوردەکـان زۆربەی چەکەکانیان تەسلیم بە حکوومەت نەکرد و حکـوومەتیش بە پـێچەوانەی بەڵێنەکـانی، بەنـدکراوە کوردەکـانی ئـازاد نەکـرد و قەد لـە رووی مادیـەوە کوردەکـانی قەرەبـوو نەکـردەوە. کوردەکـان بەردەوام گـلە و گازنـدەیان دەکـرد کە حکـوومەت بازرگـانی بە کێشەی کوردەوە دەکات و کێشەکە هەر لە ناو بونبەسـتدا مـابووەوە . دوایـین شـەڕی قورس لە ١٩٦٥ روویدا و لە کۆتاییـدا هێزەکـانی عێـراق شـاخە بەرزەکانیـان گـرت کە زاڵ بوو بە سەر ئەو رێگایانە کە پێشمەرگەکان لەوێوە یارمەتیان لە ئێران وەردەگرت

ئاگربەستێکی نیوەچڵ بەردەوام بووو تا ئەوە کە لە ١١ی ئاداری ١٩٧٠ حکوومەتی عێراق یەکلایەنە پێشنیاری ڕێککەوتنی ئاشتی کرد کە زۆربەی داواکارییەکانی کوردەکانی لە خۆ دەگرت. هەرچەند کە کوردەکان بەم ڕێککەوتنە رازی بوون بەڵام تەنها هەندێ لە شەرت و مەرجە کولتوورییەکانی بەڕاستی جێبەجێ کرا و لە ئەیلوولی ١٩٧١ پیاوەکانی سەدام حوسەین ئەلتکریتی هەوڵیان دا لە ڕێگای تەقاندنەوەی ئۆتۆمۆبیلێک مەلا مستەفا بکوژن و پێش ئەوەش تەقەیان لە کوڕەکەی، ئیدریس کرد. ئیدی پاش ئەو هەمووو ڕێککەوتنە درێژخایەنانە، هیچکام لە لایەنەکان متمانەی بە لایەنی بەرامبەر نەما.

لە ڕوانگەی کوردەکانەوە گرنگترین خاڵە جێبەجێنەکراوەکانی ئەم ڕێککەوتننامەیە بریتی بوو لە:

١- دیاریکردنی سنووری ناوچە کوردنشینەکان لەوانە پارێزگای کەرکووک لە ڕێگای ریفراندۆم

٢- دانانی کوردێک وەک جێگری سەرۆک کۆمار لە حکوومەتی ناوەندی. کوردەکان هەروەها داوای نوێنەریان لە ئەنجوومەنی فەرماندەیی شۆرش دەکرد کە بڕیاردەری راستەقینە بووو لە ناو حکوومەتدا.

٣- ئەنجامدانی هەڵبژاردنێک بۆ دیاریکردنی ڕێژەی نوێنەرە کوردەکان لە پارلمانی داهاتووی عێراقدا.

کونترۆڵ کردنی هێزەکانی ئاسایش لە ناوچە کوردنشینەکان . دوابەدوای شەپۆلی دەستبەسەرکردن و رفاندنی کوردەکان لە هاوینی ساڵی رابردوو ئەم داواکارییە جاریکی دیکە پێشێل کرا. کوردەکان هەروەها داوای دڵنیاییان دەکرد کە عێراق دژ بە وان لەگەڵ دەوڵەتێک یان دەوڵەتگەلی دیکەی عەرەب نەبێ بە هاوپەیمان.

ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانی ئێران وعێراق، پەیوەندیەکانی کوردەکان و حکوومەتی عێراقیشی ئاڵۆز کرد. حکوومەتی عێراق ئێرانی تۆمەتبار دەکرد کە پیلانی کودیتای دژی بەعس داڕژتووە و لەوە زۆر تورە بوو کە ئێران چەند دوورگەیەکی بچووکی لە کەنداو لە ١٩٧١ داگیر کردووە. حکوومەتی عێراق نزیکەی ٦٠ هەزار هاووڵاتی

عێراقیی بە رەگەز ئێرانی لە وڵاتەکەی دەرکرد. ئێرانیش عێراقی تاوانبار کرد کە ئاژاوە لە پارێزگای زۆرتر عەرەبنشینی خوزستان لە باشووری ئێران دەنێتەوە.

حکوومەتی عێراق دەڵێت کوردەکان دەبێ هەموو پەیوەندییەکانیان لە گەڵ ئێران بپچڕێنن بۆ ئەوەی نیازپاکی خۆیان بۆ چارەسەرکردنی ئاشتیخوازانەی کێشەکە بسەلمێنن. کوردەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە حکوومەتی عێراق داوای لێکردوون کوردەکانی ئێران دژی دەوڵەتی ئێران راپەڕێنن و ئەوانیش رەتیان کردووەتەوە. بەهەرحاڵ دیار نییە کام لەم بانگەشانە راستە بەڵام بووەتە هۆی بەدگومانییەکانی ئەم دواییانە.

## تەنانەت کوردەکانیش تەنها یەک ڕێگایان لە پێش نییە

مەلا مستەفا هرچەند کە ئێستا لە ژێر گوشاردایە بەڵام نایەوێت لەگەڵ بەعس و شیوعیەکانی عێراق بچێتە ناو بەرەیەکی نیشتمانی . کوردەکان قازانجی زۆریان دەست ناکەوێت ئەگەر بچنە ناو ئەم بەرەیە و شتی زۆریش لە کیس دەدەن. ئێستا مەسەلەکە ئەوەیە کە ئایا کوردەکان درێژە بە شەڕ بدەن یا نا .

مەلا مستەفا تەمەنی لە ٦٩ دایە و بە شوێن ئەو دەستکەوتە سیاسیانەدایە کە خەڵکەکەی شەڕی بۆ کردووە .

دەوڵەتی عێراق باش دەزانێت مەلا مستەفا تەنها کەسایەتییەکە کە دەتوانێت خەڵکەکەی بۆ شۆڕشی چەکداری دژی حکوومەتی عێراق بەرێکخستن بکات، هەربۆیە دوابەدوای سەرنەکەوتنی پیلانی کوشتنی بارزانی لە ساڵی رابردوو، بە دوای ڕیگاگەلی دیکەدا دەگەڕێت بۆ ئەوەی مەلا مستەفا تێکبشکێنێت و لاوازی بکات. لە پێناو ئەم ئامانجەدا حکوومەتی عێراق پارە بە عەشیرەتە نەیارەکانی بارزانی دەدات، چەکداریان دەکات و بەرتیل بە پێشمەرگەکان دەدات بۆ ئەوەی چەک دابنین .

## یادداشـــتنامەیەک لە لایەن هارۆڵـــد ســـاندێرز بـــۆ دۆکتـــۆر کیسینجێر(وەزیری دەرەوەی ئەمریکا )،٧ی حوزەیرانی ١٩٧٢

## بابەت: پەیامی شا به وەزیرەی دەرەوی ئەمریکا دەربارەی کوردەکان

ئەوەی کە هاوپێچ کراوە پەیامی شایە بۆ ئیوە بە لەبەرچاو گرتنـی ئەو گفتوگۆیە کە لە تاران کردووتانە دەربارەی بارودۆخی کوردەکان.

بە بیروبۆچوونی شا ئێوە دەبێ لەگەڵ دوو نوێنەرە کوردەکەی مەلا مستەفا بارزانی رووبەڕوو دابنیشـن کە لە داهـاتوویەکی نزیکـدا سـەردانی وڵاتە یەکگرتووەکـان دەکەن. ئەم دوو نوێنەرە کوردە بریتین لە ئیدریس بارزانی، کوڕی رێبەری کـورد مەلا مسـتەفا بارزانی و مەحموود عوسمان کە زۆربەی جاران وەک نوێنەری کوردەکـان کـار دەکـات. شـا چـاوەڕوانی ئەوەیە کە ئیـوە پـاش تـاوتوێکردنی کێشـەی کوردەکـان، بێـنە سـەر قەناعەتی ئەو و لەگەڵ کوردەکان گفتوگۆ بکەن .

بە لەبەرچاو گرتنی سیاسەتەکانی ئێستای عێراق، شا لە سەر ئەو بـاوەڕەیە کە دەبـێ کوردەکان لە بەرامبەر دەستڕۆیشـتوویی کومـونیزم بپـارێزرێن و پـێش لەوە بگیردرێـت کە بچـــن بە شـــوێن سیاســـەتەکانی عێراقـــدا. لەوانەیە کوردەکـــان لە ئەنجـــامی بانگهێشـتەکەی ئێـوە، بانگەشـەی ئەوە بـکەن کە ئەمریکـا پشـتیوانیان لیـدەکات. تەنـانەت ئەگەر ئـێمە بریـاری ئەوە بـدەین کە یـارمەتی کوردەکـان بـدەین دەبـێ ئـەم یارمەتیـە نهێنـی بێـت . ئێسـتا هەردوو تـای تـرازووەکە وەک یەکە بـۆ ئەوەی ئایـا پشتیوانی لە کوردەکان بکەین یا نا .

## هۆکاری سەرەکی ئێمە بۆ پشتیوانیکردن لە کوردەکان ئەوەیە کە:

- رێگا بە کوردەکـان بـدەین یـا تەشـویقیان بکەیـن کە بەردەوام بـبن بە سـەرچاوەی ناسـەقامگیر بـوونی عێـراق و پـوچەڵکردنەوەی هەوڵـی سـۆڤیەت بـۆ تەشـویقکردنی پێکهـاتنی حکـوومەتی یەکێتـی نیشـتمانی کە دەبێـتە هـۆی بەهێزتربـوونی پـێگەی سۆڤیەت .

دوو لایەنی (ڕەش کراوەتەوە بەڵام دیارە مەبەستی ئێران و ئیسرائیلە- وەرگێڕ) بەردەوام پشتیوانیان لە کوردەکان کردووە وەک ئامرازێک بۆ ئەوەی هێزەکانی عێراق لاواز بکەن کە بەهەرحال ئاسایشی ئەم دوو لایەنانە لە پێناو بەرژەوەندیی ئێمەشدایە. لەمە زیاتر ئێستا ئەگەری ئەوە هاتووەتە ئاراوە کە عێراق چالاکانە دەستتێوەردان لە کەنداودا بکات و ناسەقامگیری ناوخۆیی عێراق یارمەتی بە کەمبوونەوەی ئەم دەستتێوەردانە دەدات.

(ڕەش کراوەتەوە- وەرگێڕ) لەوانەیە بتوانێت لە پەیوەندی کوردەکان لەگەڵ هەندێ کەسایەتی سەربازی نەیاری ڕژێمی عێراق کەڵک وەربگرێت بۆ ئەوەی ئەم دەوڵەتە بڕوخێنن کە پەیماننامەی لەگەڵ سۆڤیەت واژۆ کردووە .

## سەرەکیترین هۆکارەکانی پشتیوانی نەکردنی ئێمە لە کوردەکان بریتین لە:

١- خۆمان دەخەینە ناو شەڕێکی گریلاییی کە ئەگەر وایدابنێین تەنانەت سەریش بکەویت، زۆرترین ئەنجامی ئەوەیە کە پەیوەندییەکانی کوردەکان و حکوومەتی عێراق دەپچڕێت و کوردەکان دەگەن بە ئۆتۆنۆمی. ئەگەریش شەڕەکە بە زیانی کوردەکان هەڵبگەڕێتەوە ، ئێمە نە دەستکەوتمان دەبێت و نە بەرژەوەندیشمان لەوە دایە کە بە شێوازێکی یەکلاییکەرەوە پشتیوانی لە کوردەکان بکەین .

٢- سەرچاوە مادییەکانی یارمەتیدانی کوردەکان لە ڕاستیدا لە دەستی (ڕەش کراوەتەوە – وەرگێڕ) دایە. دەربارەی ئەم مەسەلەیە وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێ لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچە ڕاوێژ بکات کە بە شیوازگەلی جۆراوجۆر پشتیوانی لە کوردەکان دەکەن و ڕاشکاوانە پێیان بڵێت کە ئیمە هەست دەکەین ئەم یارمەتیدانە دەبێ هەوڵێکی ناوچەیی بێت نە ئەوەی کە ئێمە بە تەنها ڕاستەوخۆ یارمەتی کوردەکان بدەین .

٣- لەوانەیە هەندێ کەس واتێبگەن کە پشتیوانیکردن لە کوردەکان پەیوەندی بە گفتوگۆکانی کۆبوونەوەکەی (مۆسکۆ) وە هەیە (لە بەر ئەوەی سۆڤیەت ئەم دواییانە هەوڵی داوە قەناعەت بە کوردەکان بهێنێت پەیوەست بن بە حیزبی

بەعس له حکوومەتی یەکێتــی نیشــتمانیدا) کەوابـوو پشــتیوانیکردن له کوردەکـان دەبێ بە دژکردەوەیەکی راستەوخۆ له بەرامبەر سۆڤیەت.

٤- سیاســەتی وڵاته یەکگرتووەکـان بـۆ مـاوەیەک ئەوە بـووە کە خـۆی نەخـاتە نـاو کێشەی کورد. (رەش کراوەتەوە- وەرگێڕ) لە وەڵامدا دەبـێ جەخـت لە سـەر ئەوە بکاتەوە کە ئێمە نامانەوێت بکەوینە ناو ئەم کێشەیە و بڕیـاری وەزارەتـی دەرەوە ئەوەیە کە له ئاسـتیDESK LEVEL دا لەگەڵ نــوێنەرە کوردەکــان دابنیشێت .

ئێستا مەسەلەکە ئەوەیە کە ئایا ئێوە (وەزیری دەرەوە) دەتانەوێت له سـەر داوای شـا لەگەڵ نوێنەرە کوردەکـان دابنیشـن . ئەڵـبەتە ئەم مەسـەلەیە زۆرتـر پەیوەنـدی بەوە هەیە کە ئێـوە بەنیسـبەت ئەم خـاڵە تایبەتـانە چەنـدە خۆتـان لە بەرامـبەر شـا بە دەروەس دەزانـن. مـن بـۆ خـۆم لە سـەر ئەو بـاوەڕەم کە باشـتر ئەوەیە ئێـوە لەم قۆنـاخەدا خۆتـان نەخەنە نـاو کێشـەکە لەبەر ئەوەی کە لە داهـاتوویەکی زۆر نزیکـدا سـەرۆک کۆمـاریش دەخەنە نـاو کێشـەکە (تەنانەت ئەگەر ناڕاسـتەوخۆش بێـت). به بۆچوونی من ئێوە دەتوانن راستەخۆ ئەم مەسەلەیە بڵێن بە شا و هەروەهـا ئەوەشـی پێبڵێن کە ئیوە بە منتان وتووە کە بە تەواوی گوێ بۆ قسـەکانی نـوێنەرە کوردەکـان بگرم و راپۆرتەکەتان تەسلیم بکەمەوە

شـا داوای وەڵامــی ئەم نـامەیەی کـردووە پـێش ئەوەی رۆژی دووشـەمە ئێـران بەرەو ئەورووپا بەجێ بهێڵێت.

## پێشنیارەکان

١- پێشنیار دەکەم ئەم وەڵامە بنێرنەوە بۆ شا:

من (کیسـینجێر) لەوە نـیگەرانم کە ئەگەر لەگەڵ نـوێنەرە کوردەکـان دابنیشـم ئەوان بە هەڵەدا بچن و چاوەڕوانی پشتیوانی لە وڵاتە یەکگرتووەکـان بـکەن، لە کاتێکـدا کە هەروا کە خۆتـان دەزانـن دەوڵەتـی ئەمریکـا بڕیـاری نەداوە پشـتیوانی لە کوردەکـان بکات. بەهەرحاڵ من داوا لە جێگری یەکەمی خۆم لە کاروبـاری رۆژهەڵاتـی ناوەڕاست

دەکەم بە تەواوی گوێ بۆ قسەی نوێنەرە کوردەکان رابگرێت و راپۆرتەکەی بداتەوە بە من. پاشان بیروبۆچوونەکانی خۆمتان لەم پەیوەندییەدا بۆ دەنێرم .

٢- (رەش کراوەتەوە - وەرگێڕ)

فایلی پەیوەندییەکانی دەرەوە ،١٩٦٩-١٩٧٦، بەڵگەنامەکانی ئێران و عێراق، بەرگی E4، 1969-1972

## یادداشتنامەی دانیشتنەکان، واشنگتۆن ،٥ی تەموزی ١٩٧٢، نهێنی

## بابەت : دانیشتن لەگەڵ نوێنەرە کوردەکان لە وەزارەتی دەرەوە لە واشینگتۆن

١- لە رێگای ئاسانکارییەکانی شای ئێران، نوێنەرانی رێبەری کورد، مەلا مستەفا بارزانی لە ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٧٢ لە گەڵ هیلمز، کولونیل ریچارد کنێدی و کاربەدەستێکی CIA دیداریان کرد. ئەم یادداشتنامەیە ناوەرۆکی ئەم دیدارە لەخۆ دەگرێت. هەروەها کۆمەڵێک زانیاری بەکگراوەندی دیکە و وردەکارییەکانی پشتیوانیکردن لە داواکارییەکانی کوردەکان بۆ یارمەتیدانیان هاوپێچ کراوە. ئەم زانیاریانە هەروەها لە کاتی گفتوگۆ بەرفراوانەکان لە ١ی تەموزی ١٩٧٢ خراوەتە بەردەم نوێنەرانی CIA کە لەم گفتۆگەیەدا بەشدار بوون .

٢- وەک وتەبێژی نوێنەرە کوردەکان، بەڕێز(ناوەکەی رەش کراوەتەوە بەڵام وادیارە دۆکتۆر مەحموود عەسمان بوە- وەرگێڕ) بە راگەیاندنی سلاو و رێزی مەلا مستەفا بارزانی بە نیکسۆن (سەرۆک کۆماری ئەمریکا) و خەڵکی ئەمریکا، دانیشتنەکەی ١ی تەموز کردەوە و لە لایەن بارزانییەوە سوپاسی ئەمریکای کرد بۆ رەخساندنی ئەم هەلە (کە کوردەکان لە مێژە هەوڵی بۆ دەدەن) بۆ خستنە بەرباسی راستەوخۆی مەسەلەی کورد لەگەڵ دەوڵەتی وڵاتە یەکگرتووەکان و داوای لە هەر دوو

لا کرد بە تەواوی راشکاوانە و بێ رووده‌ربایسی گفتوگۆ بکەن. ناوبراو پاشان باسێکی کورتی بە گشتی دەربارەی مێژووی بزووتنەوەی کورد و شەڕ بۆ ئوتۆنۆمی لە چوارچێوەی عێراق خستەڕوو و وێڕای شیکردنەوەی باردۆخی کوردستان لە رووی ژئۆپلۆتیکییەوە وتی تەنها هەڵکەوتی ژئۆپلۆتیکی کوردستانە کە دەتوانێت ببێت بە کەندوکۆسپ لە سەر رێگای دەسەڵاتی تەواوی سۆڤیەت بە سەر عێراق و کارێکەرییەکانی لە سەر وڵاتانی دیکە بە تایبەت ئێران، تورکیا، عەرەبستانی سعوودی، ئوردون و وڵاتانی کەنداوی فارس. ناوبراو بە وردی باسی هەوڵە هاوبەشەکانی عێراق و سۆڤیەتی کرد بۆ ئەوەی کوردەکان بخەنە ژێر کونترۆڵی رژیمی بەعس لە بەغداد و بە تایبەت ئاماژەی بە توندتربوونی گوشارە سیاسییە راستەوخۆکانی سۆڤیەت لە سەر رێبەرە کوردەکان کرد ، لەوانە دیداری رێبەرە سەرەکییەکانی حیزبی شیوعی یەکێتی سۆڤیەت و کۆماری دیموکراتیکی ئاڵمانیای رۆژهەڵات لەگەڵ بارزانی.

ناوبراو وتی سۆڤیەت لە کۆتایی حوزەیرانی ١٩٧٢ داوای لە بارزانی کردووە وەڵامی ئەرێنی بداتەوە بەوەی کە کوردەکان پەیوەست بن بە دەوڵەتی بەرەی نیشتمانی لە عێراق. ناوبراو ئەم هەوڵەی سۆڤیەتی وەک یارمەتییەک بە ئابووری، سوپا و هەوڵە تیروریستیەکانی عێراق ناوزەد کرد کە ئامانجی تێکشکاندنی بارزانی و رێبەرایەتی سیاسی کوردی عێراقە.

وتەبێژی نوێنەرە کوردەکان وتی بارزانی و رێبەرانی دیکەی عێراق لە سەر ئەو باوەڕەن کە ئەگەر یارمەتییەکی بەرچاویان لە دەرەوە نەدرێت ناتوانن زۆرتر لە ٦ مانگ لە بەرامبەر گوشارە هاوبەشەکانی عێراق و سۆڤیەت رابوەستن و ئەگەر ئەم یارمەتییە نەگات بە دەستیان، کوردەکان لە ماوەی ٦ مانگدا ناچار دەبن یا لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی عێراق سازشێکی سیاسی بکەن یا شەڕی لەگەڵ بکەن کە بە دڵنیاییەوە سەرکەوتوو نابن.

٣- ناوبراو جەختی کردووە کە بارزانی خوازیاری زیادبوونی یارمەتی دەرەکییە، نەتەنها بۆ ئەوەی ناوچەکەی لە بەرامبەر سۆڤیەت و عێراق بپارێزێت، بەڵکوو

دەیەوێت کوردستانیش بکات بە فاکتۆرێکی ئەرێنی لە پاڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و دۆست و هاوپەیمانەکانی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە تایبەت ئێران، تورکیا، ئیسرائیل، عەرەبستانی سعوودی ، ئوردون و وڵاتانی کەنداوی فارس. ناوبراو هەروەها وتی بارزانی لە سەر ئەو قەناعەتەیە کە سۆڤیەت ئێستا کونترۆڵی رووداوەکانی عێراق دەکات و کاتی ئەوە بە سەر دەچێت کە رۆژئاوا و هاوپەیمانەکانی ببن بە هاوسنووری عێراق. بارزانی لە سەر ئەو باوەڕەیە کە کوردستان هەرچەند کە وڵاتێکی بچووکە بەڵام دەتوانێت لە هەڵکەوتە ئیستراتژیکەکی کەڵک وەربگرێت و وەک فاکتۆرێکی کارێگەر لە جیهانی ئازاددا شەڕ بکات بۆ ئەوەی رێگا لە پەرەسەندنی سۆڤیەت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگرێت و دەستپێشخەر بێت بۆ جیهانی ئازاد و هاوپەیمانەکانی لە ناوچە . لەم پەیوەندییەدا ناوبراو ئاماژەی بەوە کرد کە سەرچاوەکانی نەوتی عێراق زۆرتر لە ناوچە کوردنشینەکاندایە ، کەوابوو کوردستانێکی بەهێز دەتوانێت ببێت بە فاکتۆرێکی گرنگ لە سیاسەتی نەوتی عێراقدا .

٤- ناوبراو وتی لەم چوارچێوەیەدا کە ئاماژەی پێکرا، بارزانی خوازیاری یارمەتی سیاسی، مادی، سەربازی و هەواڵگری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە بەم شێوازەی خوارەوە:

الف- بە فەرمیناسینی ئامانجی ئۆتۆنۆمی کورد و بەردەوامبوونی پەیوەندی نهێنی راستەوخۆ لە نێوان بزووتنەوەی کورد و حکوومەتی ئەمریکا .

ب- یارمەتیدانی ماددی بە کورد وەکوو پێویست بۆ ئەوەی کوردەکان ببن بە هێزێکی چەکداری هێرشبەر بەو مەبەستە کە یا راستەوخۆ دەوڵەتی بەعس لە بەغداد بڕوخێنن یا لانیکەم زۆربەی هێزەکانی سوپای عێراق بخەنە ناو شەڕیکی بەرفراوان بۆ ئەوەی رژیمی عێراق بڕوخێنن (وەک دەوڵەتێک کە لە ژێر دەسەڵاتی سۆڤیەتدایە و هەڕەشەیە بۆ بەرژەوەندی ئەمریکا و جیهانی ئازاد و هاوپەیمانەکانی لە ناوچە ).

ج- دابینکردنی یارمەتی سەربازی

د- دروستبوونی پەیوەندی هەواڵگری له نێوان کوردەکان و وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ ئەوەی یارمەتی هەواڵگری بدەن بە کوردەکان.

٥- بۆ جێبەجێبوونی داواکاریی سەرەوە بۆ بوونی پەیوەندی راستەوخۆی بەردەوام له نێوان رێبەرایەتی کورد و حکومەتی وڵاتە یەکگرتووەکان ، ناوبراو وتی بارزانی پێشنیار دەکات بەڕێز (ناوەکەی رەش کراوەتەوە- وەرگێڕ) بۆ هەمیشە یان بۆ ماوەیەک بێتە حاجی عومەران، ئەگەریش ئەم پێشنیارە بە باش نازانن، بزووتنەوەی کورد له هەر شوێنێکی گونجاو کە وڵاتە یەکگرتووەکان بە باشی بزانێت دەتوانێ لەگەڵ ئەمریکا له پەیوەندیدا بێت. ناوبراو وتی بارزانی له قۆناخی یەکەمدا چاوەڕوانی ئەوە دەکات کە لە هەر کاتێکدا کە هەلومەرجی سیاسی رێگا بدات سەردانی وڵاتە یەکگرتووەکان بکات و جەختی کردەوە کە له بەرامبەر ئەو یارمەتییەی کە کورد له ئەمریکا داوای دەکات بارزانی ئامادەیە بزووتنەوەکەی و هێزە شەڕوانەکانی رەچاوی سیاسەتی ئەمریکا بکەن. ناوبراو ئەوەی زیاد کرد کە پێش له دەرچوون له واشنگتۆن خۆی و بەڕێز (ناوەکەی رەش کراوەتەوە- وەرگێڕ) بوار و وردەکاری داواکارییەکانیان بۆ (ناوەکەی رەش کراوەتەوە- وەرگێڕ) ئامادە دەکەن .

٦- بەڕێز (ناوەکەی رەش کراوەتەوە- وەرگێڕ) وتی هەست دەکات نیگەرانییەکان و داواکارییەکانی بارزانی (کە لە سەرەوە ئاماژەی پێکراوە) زۆر نزیکە له لیدوانەکانی سەرۆک نیکسۆن له کونفرانسە چاپەمەنییەکەی ٢٩ی حوزەیران له پەیوەندی لەگەڵ هەڕەشەی سیاسەتەکانی سۆڤیەت له رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ئاشتی جیهانی. ناوبراو وتی هەوڵی ئێستای سۆڤیەت وعێراق بۆ کونترۆڵکردنی کوردستان دەبێ بە بەشی کۆتایی سیاسەتی سۆڤیەت بۆ ئەوەی عێراق بکات بە دەوڵەتێکی داردەست کە پێش له هەموو شتێک هەڕەشەیە بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا له رۆژهەڵاتی ناوەڕاست .

٧- ناوبراو ئاماژەی بەوە کرد کە خۆی و بەڕێز (ناوەکەی رەش کراوەتەوە- وەرگێڕ) پێستی بەورێکیان له کوردستان هێناوە بۆ سەرۆک نیکسۆن وەک

پێشکەشـییەک له لایەن بـارزانییەوه و ئەم پێشکەشـییه دەنێـرێ بـۆ بەڕێـوەبەره پەیوەندیـداره ئەمـریکیەکه بـۆ ئەوەی له لایەن رێـبەری کـوردەوه بیـدات به سـەرۆک کۆمـاری ئەمریکـا. نـاوبراو له کۆتـایی قسـەکانیدا وتـی بـارزانی هیـواداره دیـداری نوێنەرانی کورد له واشنگتۆن که زۆر نـزیکه له جەژنـی رۆژی سـەربەخۆیی ئەمریکـا له ٤ی تەموز، حکوومەتی وڵاته یەکگرتووەکان تەشویق بکات وەڵامی ئەرێنـی بداتەوه بەم داواکارییەی ئەوان بۆ یارمەتیدانی کورد بۆ گەیشتن به سەربەخۆیی .

٨- بەرپرسـی بەشـی پەیوەندیـداری وەزارەتـی دەرەوه سوپاسـی نـوێنەره کوردەکـانی کـرد بـۆ دیـدار له واشـنگتۆن و سوپاسـی بەڕێـز (نـاوەکەی رەش کراوەتەوه- وەرگێڕ) کـرد بـۆ ئەوەی به جـوانترین شـێوه هەڵوێسـت و داواکارییەکـانی خەڵکی کورد و رێبەرایەتییەکەی روون کـردووەتەوه. نـاوبراو وتـی خـۆی و "کولونیـل هیلمـز" له لایەن دوکتـۆر کیسـینجیر(وەزیری دەرەوەی وڵاته یەکگرتووەکـان)-ەوه رێگایـان پێـدراوه هاوسـۆزی وڵاته یەکگرتووەکـان لەگەڵ بـزووتنەوەی کـورد به رێبەرایەتـی بـارزانی بەوان رابگەیەنن . بەڕێـز هیلمـز ئامـاژەی بەوه کـرد که دانیشـتن لەگەڵ نوێنەرانی کورد له ئۆفیسییکی وەها له وەزارەتی دەرەو ئەوه دەسـەلمێنێت که ئێمه هاوهەڵوێستین له گەڵ کوردەکان و وئامـادەین داواکارییەکانیـان تـاوتوێ بکەیـن. بەرپرسـی ئۆفیسـەکه وتـی دەوڵەتـی وڵاته یەکگرتووەکـان دەیەوێـت درێـژه به پەیوەنـدییەکانیی لەگەڵ بـزووتنەوەی کـورد بـدات که ئامـادەبوونی نـوێنەرانی کـورد هەنگاوی یەکەمی ئەم پەیوەندییانەیه .

٩- به تەواوی رەش کراوەتەوه- وەرگێڕ

10- بەرپرسی ئۆفیسەکه پاشان داوای له (ناوەکەی رەش کراوەتەوه- وەرگێڕ) کـرد که به زووترین کات پێداویستییه ماددی و سـەربازییەکانی کوردەکـان به وردی ئامـاده بکـات بـۆ ئەوەی دەوڵەتـی وڵاته یەکگرتووەکـان بتـوانێ به زووتـرین کـات تـاوتوێی بکـات. بەڕێـز هیلمـز جەختـی کـردەوه که کـات بـۆ کوردەکـان زۆر هەسـتیاره و حکوومەتی وڵاته یەکگرتووەکان لەم پەیوەندییەدا هەرچی له دەستی بێت دەیکات و پاشان به زووترین کات ئەم یارمەتیانه بۆ کوردەکان دابین دەکـات . نـاوبراو هەروەهـا

وتی وەڵامەکەی وڵاته یەککگرتووەکان له ڕێگای (ناوەکەی ڕەش کراوەتەوە- وەرگێڕ) دەدرێتەوە به بارزانی.

بەڕێز هیلمز وەک بەرپرسی ئۆفیسەکە له پێشەوە کوردەکانی ئاگادار کردەوە کە زۆر زەحمەته بۆ وڵاته یەککگرتووەکان که بتوانێ یارمەتی سەربازی ڕاستەوخۆ بدات به کوردەکان بێ ئەوەی بیروڕای گشتی ئاگاداری بێت . ناوبراو وتی لەوانەیە ئێمه بتوانێن تاوتوێی کاناڵێک بکەین بۆ دابینکردنی ئەم یارمەتییه له ڕێگای (ڕەش کراوەتەوە بەڵام مەبەستی ئیسرائیلە- وەرگێڕ) یا ئێران. بەرپرسی ئۆفیسەکە به ڕاشکاوی وتی نهێنیپارێزی مەرجی سەرەکی ئەم پەیوەندییەیە و ئەگەر ئەم نهێنییە نەپارێزرێت ، پەیوەندییەکە ئاڵۆز دەبێت .

١١- بەڕێز (ناوەکەی ڕەش کراوەتەوە- وەرگێڕ) له وەڵامدا وتی ڕێبەرایەتی کورد دەرک به گرنگی نهێنیپارێزی ئەم مەسەلەیە دەکات و ئامادەیە سەرجەم ئەو ڕێوشوێنانه که ئەمریکا لەم پەیوەندییەدا دایدەنێت جێبەجێ بکات و هەموو یارمەتییەکانی ئێمه قبوول بکات بەو شێوەیە که ئێمه پێیان دەڵێین . ناوبراو بۆ نیشاندانی نیازپاکی کوردەکان لەم پەیوەندییەدا وتی تەنها حکوومەتی ئێران ئاگاداری دیداری کوردەکانه له واشنگتۆن .

١٢- کۆلونیل کنێدی سپاس و پێزانینی دوکتۆر "کیسینجێر"ی به کوردەکان ڕاگەیاند بۆ ئامادەبوونیان له واشنگتۆن و ڕوونکردنەوەی بارودۆخی هەستیار و مەترسیداری کوردستان و پوتانسیەلەکەی بۆ ئەوەی له ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەور ببینێت. ناوبراو هەروەها ستایشی (ناوەکەی ڕەش کراوەتەوە- وەرگێڕ) کرد که به نوێنەرایەتی له لایەن مەلا (مستەفا) بارزانییەوە لەو دانیشتنه گرنگەدا بەشدار بوە.

پاشان دانیشتنەکە کۆتایی پێهات و هەردوو لا له سەر ئەوە ڕێککەوتن کە نوێنەرە کوردەکان دیسان لەگەڵ (ناوەکەی ڕەش کراوەتەوە- وەرگێڕ) دیدار بکەن بۆ ئەوەی وردەکارییەکانی داواکارییەکانیان بخەنه بەر دەستی "هیلمز" و کلونیل" کنێدی ".

هاوپێچەکان:

هاوپێچی سیاسی

هاوپێچی ماددی

هاوپێچی سەربازی

هاوپێچی هەواڵگری

٩- هاوپێچی سیاسی

## بەکگراوەند

ئامانجی یەکەمی بزووتنەوەی کورد لە عێراق ئۆتۆنۆمییە بۆ ناوچە کوردنشینەکان. ئەو ئۆتۆنۆمییە کە کوردەکان داوای دەکەن بەراوەرد دەکرێت لەگەڵ ئۆتۆنۆمی هەرکام لە ئەیالەتەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە خۆی کونتروڵی سیستمی پەروەردەی خۆی بکات و خزمەتگوزارییە بنەڕەتییە کۆمەڵایەتییەکانی دابین بکات بۆ هاووڵاتیانی خۆی. ئەم ئۆتۆنۆمییە بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ سەربەخۆیی بەراورد ناکرێت . ئامانجی دووەمی بزووتنەوەی کورد پەرەپێدانی دیموکراسییە وەک سیستمی سیاسی دەوڵەتی عێراق .

کەوابوو گرنگترین لایەنی سیاسی پەیوەندی کورد لەگەڵ هەر دەوڵەتێک (لەوانە دەوڵەتی ناوەندی عێراق)ئەوەیە کە ئەو دەوڵەتە ئۆتۆنۆمی کورد لە چوارچێوەی کۆماری سەربەخۆی عێراقدا وەک مافیکی ڕەوا و یاسایی بە فەرمی بناسێت .

ئەم ئۆتۆنۆمییە یەکەم جار لە "ڕاگەیاندننامەی کریسمەس٣" لە ٢٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٢ بە فەرمی ناسرا کە تێیدا بریتانیا بە تایبەت ئۆتۆنۆمی کوردی بە فەرمی ناسی و ئەو دەسەڵاتەی دا بە کوردەکان کە ناوچەی ئۆتۆنۆمی خۆیان بەڕێوە بەرن. بەداخەوە ئەم ڕاگەیاندننامەیە قەد لە لایەن بریتانیا و عێراقەوە جێبەجێ نەکرا و پێش لە هەموو شتێک بووە هۆی ڕاپەڕینی یەک لە دوای یەکی کوردەکان. ئامانجی کورد لەم شەڕانەدا ئەوە بوو کە ئەو ئۆتۆنۆمییە فەرمییە یاساییە کە لە "ڕاگەیاندنامەی کریسمەس"دا پێیان درابوو لە کردەوەدا بە فەرمی بناسرێت .

پاش کودیتای قاسم له ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ حکوومەتی عێراق یاسایەکی بنەڕەتی دانا که له ماددەی ٣دا ئەوەی به فەرمی دەناسی که کورد و عەرەب له بەڕێوەبردنی وڵات بەشدارن ، بەڵام بەهەرحاڵ ئەم ماددەیه قەت جێبەجێ نەکرا و له ساڵی ١٩٦١ عەبدولکەریم له راستیدا دەستی کرد به کۆمەڵێک هەوڵی بەرچاو بۆ ئەوەی بزووتنەوەی کورد تێکبشکێنێت. قاسم ئوفیسەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی (رێکخراویکی سیاسییه که نوێنەری بزووتنەوەی کوردە)داخست، رۆژنامەکەی داخست، هێزی سەربازی نارده کوردستان و هەوڵیدا عەشیره عەرەبەکان له ناوچه کوردنشینەکان نیشتەجێ بکات. له وەڵامی ئەم کردەوانەدا مەلا مستەفا بارزانی بزووتنەوەی بەرخۆدانی کوردی له ١٩٦١ تەنها به ٦٠٠ پێشمەرگەوە بەرێکخستن کرد و تا ١٩٦٣ ئامانجی ئۆتۆنۆمی بزووتنەوەی کوردی عێراق له مێشکی بارزانی و هاوڕێکانیدا جێگیر بوو. شەڕ درێژەی کیشا تا ئەوە که له ١١ی ئاداری ١٩٧٠ بارزانی رێککەوتننامەیەکی لەگەڵ حکوومەتی بەعس له بەغداد مۆر کرد. چەند مانگ پاش ئەوە رژیمی بەعسی سەدام التکریتی دەستی کرد به جێبەجێکردنی پیلانێک بۆ تێکشکاندنی رێبەرایەتی کورد و پاشان هەوڵی دا مەلا مستەفا بارزانی و کوڕەکەی، ئیدریس بکوژێت .

هەوڵەکانی بەعس بۆ تێکشکاندنی کوردەکان هەتا رۆژی ئەمڕۆ به هاوئاهەنگی له گەڵ گوشاره توند و بەرفراوانەکانی سۆڤیەت، کۆماری دیموکراتی ئاڵمانیا، بولگاریا و دەوڵەته کومونیستەکانی دیکه بەردەوامه. یەکێتی سۆڤیەت بۆ پاراستنی زۆرتری رژیمه داردەستەکەی له بەغداد، گوشاری خستووەته سەر میسر (دوژمنی لەمێژینەی بەعس)تا رەفتارێکی دۆستانەتر به نیسبەت عێراق بگرێته بەر و تەنانەت قەناعەتی به سوریا (که یەکێ له نەیارەکانی حیزبی بەعسی عێراقه) هێناوه تا کۆتایی به کردەوەکانی دژی رژیمی بەعسی عێراق بهێنێت. ئەم رووداوانه لەگەڵ کەشوهەوای کوشتن و ئەشکەنجەدانی رژیمی بەعس به رێبەرایەتی سدام حسین التکریتی تێکەڵ بووه تا عێراق بکات به داردەستی سۆڤیەت و هەرچەند که زۆربەی خەڵکی عێراق (وەک زۆربەی خەڵکی چکسلڤاکیا) لەم رژیمه بێزارن بەڵام بەهەرحاڵ تیرۆر و

دڕندەیی لە ڕادەبەری بەعسییەکان بووەتە هۆی ئەوەی کە بە سەر ئەم خەڵکەدا زاڵ بن .

کوردستان ئێستا تەنها شوێنێکە کە بووە بە کەندو کۆسپ لە سەر ڕێگای زاڵبوونی تەواوی سۆڤیەت بە سەر عێراقدا لە ڕێگای (سدام التكريتي)یەوە . ئەگەر ئەم ئامانجەی سۆڤیەت جێبەجێ بێت، سۆڤیەت پێش لەهەموو شتێک دەتوانێت لە ڕێگای عێراق و یەمەنی باشوور(کۆماری دیموکراتی گەلی یەمەن) گوشارێکی یەکجار زۆر بخاتە سەر دەوڵەتە لاواز و تازە پێگەیشتووەکانی کەنداوی فارس. کوردەکان ئاگاداری ئەوەن کە ڕێبەری یەمەنی باشوور، عبدالفتاح اسماعیل لەگەڵ کۆسیگێن (وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت) ڕێککەوتووە تا بە هاوئاهەنگی لە گەڵ عێراق ئەم دەورە لە کەنداو بگێڕن .

بارودۆخی ئێستای هێزەکانی بارزانی ڕێگای بۆ ئەوە خۆش کردووە تا بزووتنەوەی کورد تەنها ڕەفتارێکی بەرگرییانەی لاواز لە بەرامبەر هێزی دوژمنە هاوبەشەکەی بگرێتە بەر. بارزانی مەزەندەی ئەوە دەکات کە بەو ڕێژە یارمەتییە کە ئێستا لە ئێران و (ڕەش کراوەتەوە- وەرگێڕ) وەریدەگرێت، ئیدی ناتوانێت لە کاتی خۆیدا دژی ڕژیمی عێراق شەڕ بکات. بارزانی هەست دەکات لە ماوەی ٦ مانگی داهاتوودا ناچار دەبێت یا لەگەڵ ڕژیمی عێراق ڕێکبکەوێت (کە ئەمەش بە واتای تەسلیمبوونی سیاسییە) یا هێزی پێشمەرگە و ڕێبەرانی کورد بخاتە ناو شەڕێکی کورتخایەن کە بە دڵنیاییەوە بە هەرەسهێنانی هەمیشەییان کۆتایی پێدێت .

بارزانی تەنها بە دوای ئەوەدا نییە کە یارمەتی پێویست بۆ ئەوە بە دەست بهێنێت تا بتوانێت کوردستان لە بەرامبەر عێراق و سۆڤیەت بپارێزێت ، ئەمە بچووکترین ئامانجی مەلا مستەفایە. مەلا مستەفا ئەوە بە باشتر دەزانێت یارمەتی سیاسی، مادی و سەربازی وەکوو پێویست بۆ کوردەکان دەستەبەر بکات بۆ ئەوەی بارودۆخی بەرگریانەی خۆیان بگۆڕن و ببن بە هێزێکی هێرشبەر دژی عێراق و هاوپەیمانە سۆڤیەتییەکانی. خۆشبەختانە لەم بارودۆخەدا کوردەکان دەتوانن لە گەڵ عەرەبە نەیارەکانی بەعس تێکەڵ بن بۆ ئەوەی یا ڕژیمی بەعسی عێراق بڕوخێنن یا ڕژیم و

هێزه‌کانی ئه‌وه‌نده دژی یه‌ک هان بده‌ن و لاوازی بکه‌ن که ئیدی نه‌توانێت ببێت به هه‌ڕه‌شه‌یه‌ک بۆ ئێران، تورکیا، عه‌ره‌بستانی سعوودی، ئۆردۆن یا ده‌وڵه‌تانی که‌نداوی فارس .

ڕێبه‌رانی کورد هاوکات له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی ئاگاداری ئه‌وه‌ن که له ناوچه‌یه‌کی به‌رفراواندا ده‌توانن ده‌ورێکی بچووک بگێڕن به‌ڵام له‌گه‌ڵ ئه‌مه‌شدا له سه‌ر ئه‌و باوه‌ڕه‌ن که ده‌توانن یارمه‌تییه‌کی زۆر بده‌ن به پاراستن و ته‌نانه‌ت به‌ره‌و پێشبردنی به‌رژه‌وه‌ندییه‌کانی ولاته یه‌کگرتووه‌کان وهاوپه‌یمانه‌کانی له رۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاست.

ئه‌مه خاڵێکه که نوێنه‌رانی کورد له واشنگتۆن ده‌یانه‌وێت زۆر جه‌ختی له سه‌ر بکه‌نه‌وه. ئه‌م نوێنه‌رانه هه‌روه‌ها جه‌خت ده‌که‌نه‌وه که بارزانی ده‌یه‌وێت بزووتنه‌وه‌که‌ی له‌گه‌ڵ ئامانج و سیاسه‌ته ناوچه‌ییه‌کانی ولاته یه‌کگرتووه‌کان هاوئاهه‌نگ بکات به‌و مه‌رجه که ئه‌مریکا پێداویستییه‌کانی کورده‌کان دابین بکات. نوێنه‌رانی کورد ده‌ڵێن ئه‌م هاوکارییه له‌گه‌ڵ فه‌لسه‌فه‌ی هاوبه‌شی سیاسی کوردستان و ولاته یه‌کگرتووه‌کان (واتا ئازادی خه‌ڵکیک که ده‌یه‌وێت به‌و شێوازه‌ی که خۆی پێی باشه، بژی و کاروباری خۆی به‌ڕێوه ببات) ده‌گونجێت. به تایبه‌تتر نوێنه‌ره کورده‌کان له واشنگتۆن به شوێن ئه‌وه‌دان که ولاته یه‌کگرتووه‌کان ئامانجی سیاسی کورد واتا ئۆتۆنومی به فه‌رمی بناسێت هه‌روا که ده‌وڵه‌تانی رۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاست له‌وانه ده‌وڵه‌تی ناوه‌ندی عێراق، یه‌کێتی سۆڤیه‌ت و ده‌وڵه‌ته کومونیسته‌کانی دیکه پێشتر به فه‌رمیان ناسیوه.

کورده‌کان ئه‌وه ده‌زانن که به هۆی پێویستی نهێنیپارێزی له په‌یوه‌ندییه‌کانیان له‌گه‌ڵ ولاته یه‌کگرتووه‌کان ، ئه‌م هاوخه‌مییه و به فه‌رمیناسینی هه‌ڵوێسته‌که‌یان له لایه‌ن ولاته یه‌کگرتووه‌کان ده‌بێ به ته‌واوی نهێنی بێت. به‌هه‌رحاڵ ئه‌وان هیوادارن ده‌رفه‌تی ئه‌وه بڕه‌خسێت که ولاته یه‌کگرتووه‌کان کوردستان وه‌ک کیانێکی سیاسی خاوه‌ن ئۆتۆنۆمی له چوارچێوه‌ی ولاتی عێراقدا به ته‌واوی به فه‌رمی بناسێت.

کاتێک که به‌ڕێز (ناوه‌که‌ی ره‌ش کراوه‌ته‌وه- وه‌رگێڕ)له ٤ی حوزه‌یران سه‌ردانی شای کرد، شا وتی به ته‌واوی له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌دایه دوو ره‌وتی کاری له په‌یوه‌ندی له‌گه‌ڵ

ئامانجی ئۆتۆنۆمی کورد بگیردرێتە بەر: یەکەم ڕەوت کە شا ئەمەیان بە باشتر دەزانێت ئەوەیە کە کەڵک لە کورد و عەرەبە نەیارەکانی بەعسی عێراق وەربگیردرێت بۆ ڕووخاندنی ئەم حکوومەتە. ڕەوتی دووەم پشتیوانی کردنە لە کوردستانێکی خاوەن ئۆتۆنۆمی لە ناو عێراق بۆ ئەوە بتوانێت لە سەر پێی خۆی ڕابوەستێت و هەروەها لە بەرامبەر ئەو هەوڵانەدا ڕابوەستێت کە بۆ تێکشکاندنی دەدرێت. ئەمە ڕوونترین شێوازی بە فەرمیناسینی ئۆتۆنۆمی کوردە کە تا ئێستا ئێران کردوویەتی .
بزووتنەوەی کورد هەروەها یارمەتی دەوڵەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی بۆ ئەوە دەوێت کە قەناعەت بە ئێران و تورکیا بهێنێت کە بزووتنەوەی کورد لە عێراق هیچ زیادەخوازییەکی سەرزەمینی یا سیاسی بە نیسبەت کوردەکانی ئێران یا تورکیا نییە. بزووتنەوەی بارزانی بە تایبەت نیگەرانی دەوڵەتی تورکیایە کە بەردەوام هەر چەشنە پەیوەندییەکی لەگەڵ کوردەکانی عێراق ڕەت کردووەتەوە، سەرەڕای ئەو ڕاستییە کە لە ماوەی ١٠ ساڵی ڕابردوودا گولەیەک بەرەو سنووری تورکیا نەتەقینراوە، بە پێچەوانەوە بزووتنەوەی کورد ئاسایشی سنووری ئێران و تورکیای لەگەڵ کوردستان بە توندی پاراستووە. کەوابوو ئەمە پێش لە هەموو شتێک ئاسایشی زۆربەی سنووری ئێران و تورکیا لەگەڵ عێراقی نەیاریان دابین دەکات.
کوردەکان سوپاسی ئۆفیسی پەیوەندیداری ئەمریکا دەکەن ئەگەر پەیوەندی ڕاستەوخۆ لە نێوان کوردەکان و دەوڵەتی تورکیا درووست بکات. نوێنەرە کوردەکان هەروەها ئامادەیی کوردەکانی عێراقیان دەربڕی بۆ ئەوەی هەموو چەشنە گارانتییەک بدەن بە ئێران یا تورکیا بۆ پاراستنی سنوورەکانیان و ئەوەیان زیاد کرد کە ئەم دوو دەوڵەتە هەر چەشنە گارانتییەکیان دەربارەی ئاسایشی سنوورەکانیان لەگەڵ کوردستان بوێت دەتوانن بینووسن و کوردەکان واژۆی دەکەن .
سەرەنجام ئەوە کە بزووتنەوەی کورد داوا لە دەوڵەتی وڵاتە یەکگرتووەکان دەکات درێژە بەو پەیوەندییە ڕاستەوخۆیە بدات کە یەکەم جار لە ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٧٢ لە نێوانیاندا دروست بووە. بزووتنەوەی کورد ئەوە دەزانێت کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی وەها دەبێ بە تەواوی نهێنی بێت .

له ئەنجامی گفتوگۆکانی ۳۰ی حوزەیرانی ۱۹۷۲ له واشینگتۆن دی سی نوێنەره کوردەکان و (ناوەکانیان رەش کراوەتەوە- وەرگێڕ) گەیشتوونەته ئەو باوەڕه که هاوخەمی ئەمریکایان لەگەڵ ئۆتۆنۆمی سیاسی و جوگرافیایی کوردەکان له ناو عێراقدا به دەست هێناوه. کوردەکان دەرک بەوە دەکەن که دەوڵەتی ولاته یەکگرتووەکان رەزامەندی خۆی دەربڕیوه بۆ ئەوەی درێژه به پەیوەندی راستەوخۆ لەگەڵ رێبەرایەتی سیاسی (رەش کراوەتەوە- وەرگێڕ) بدات. سەرەنجام ئەوان دەرک بەوە دەکەن که دەوڵەتی ولاته یەکگرتووەکان به زووترین کات داواکارییەکانی کوردەکان بۆ یارمەتی مادی و سەربازی تاوتوێ دەکات و (رەش کراوەتەوە- وەرگێڕ).

فایلی پەیوەندییەکانی دەرەوه ۱۹٦۹-۱۹۷٦، بەڵگەنامەکانی ئێران و عێراق، بەرگی E4، 1969-1972

یادداشتنامه، ۱۸ی تەموزی ۱۹۷۲

## بابەت : یارمەتیدان به رێبەری کوردی عێراق ، مەلا مستەفا بارزانی

۱- ئەم یادداشتنامەیه باسی پێشنیارێک دەکات بۆ یارمەتی نهێنی به رێبەری کوردی عێراق، مەلا مستەفا بارزانی. ئەوانەش که هاوپێچ کراون بریتین له : هاوپێچی (الف) که باسی چۆنیەتی تەسلیمکردنی چەک و تەقەمەنی به کوردەکان دەکات و هاوپێچی (ب) که بارودۆخەکه هەڵدەسەنگێنێت و قازانج و زیانەکانی یارمەتیدانی ئەمریکا به کوردەکان شی دەکاتەوە.

۲-ئەو یارمەتییه مادییه که مەلا مستەفا بۆ درێژەدان به خەبات دژی رژێمی عێراق پێویستییەتی دوو جۆره: یارمەتی ماددی و چەک و تەقەمەنی

۳-له پەیوەندی لەگەڵ یارمەتی مادیدا دەزگای هەواڵگری ئێمه بەردەوام بودجەیەکی ساڵانەی تەرخان کردووه بۆ دابینکردنی یارمەتی ماددی بۆ ۲۵ هەزار پێشمەرگه

(هێزە چەکدارەکانی بارزانی )کە دەکاتە نزیکەی ١٨ ملیۆن دولار. لە کاتێکدا کە نوێنەرانی بارزانی ئەم دواییانە وتوویانە ساڵانە بە گشتی پێویستیان بە ٦٠ ملیۆن دولار هەیە بەڵام ئەمە پارەیەکی خەیاڵییە چونکە بە ٦٠ ملیون دولار دەکرێت خەرجی ٦٠ هەزار سەربازی هێرشبەر و خەرجی ژێرخانی حکومەت و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییە تایبەتەکان بۆ دانیشتووانی ناوچە کوردنشینەکان دابین بکرێت .

ئێمە نابێت پشتیوانی لە یارمەتییەکی زیادەخوازانە و زۆر هاندەرانەی وەها و چالاکییەکی ئەوەندە بەرفراوان (کە جێبەجێش ناکرێت) بکەین کە لەوانەیە لە سنووری یارمەتییەکی نهێنی بچێتە دەرەوە

٤-لە بڕی ئەو ١٨ ملیون دولارە کە بۆ شەڕی پێشمەرگایەتی پێویستە و لە بنەڕەتدا بۆ بەرگریکردن لە خۆیە ، لەوانەیە ئێران بتوانێت نیوەی ئەم پارەیە واتا ٩ ملیون دولاری دابین بکات .

٥-لە چوارچێوەی یارمەتی ماددیدا پێشنیار دەکەین جاریَ ساڵیَ ٣ ملیون دولار بدەین بە بارزانی . بە هەرحال هەم بارزانی و هەم شا چاوەڕوانی یارمەتی ئێمەن. ئەم بڕە پارەیە هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە تا رادەیەک سەلیقەییە، کاتێک بە دەستی لایەنی بەرامبەر دەگات کە یەکەم لانیکەم نیوەی سەرجەم پارەکە لە لایەن ئێرانەوە دابین بکرێت چونکە ئێران وەک دراوسێی عێراق قازانجی زۆری لەم مەسەلەیەدا هەیە و دووەم (رەش کراوەتەوە — وەرگێڕ).

٦-لە چوارچێوەی یارمەتی چەک و تەقەمەنیدا CIA ئێستا ئەو چەک و تەقەمەنییە زیادییەی لە دەستدایە کە کوردەکان پێویستیان پێیەتی . ئەم چەک و تەقەمەنییە نابێت هی ئەمریکا بێت واتا یا دەبێت لە وڵاتانی دیکەدا دروست کرابێت یا ئەو چەک و تەقەمەنییانەی ئەمریکا بێت کە بە شێوازی ئاسایی لە ئێران و عێراقدا هەیە (جگە لە تۆپی زەمینی و دژەهەوایی و تانک کە بەهەرحال ئێمە ناچار نین بیدەین بە کوردەکان ) کەوابوو بە گشتی دەبێ بڕی دوو ملیون و چوار هەزارو سەد و نەوەد ( ٢٠٠٤١٩٠) دولار بۆ دابینکردنی چەک و تەقەمەنی بۆ کوردەکان تەرخان بکرێت (جگە لە خەرجی گواستنەوەی ئەم چەک و تەقەمەنییە بە کەشتی بۆ ناوچە ).

٧-مەسەلەی گوازتنەوەی ئەم چەک و تەقەمەنییە دەبێ بە کێشەیەکێ بەرچاو. ئێمە پێشنیار دەکەین ئەم چەک و تەقەمەنییە تەسلیم بە کوردەکان بکرێت (رەش کراوەتەوە- وەرگێڕ )کەوابوو ئێران ئەم ئەرکە وەئەستۆ دەگرێت . دابینکردنی ئاسایشی ئەو کەشتیانەی کە ئەم چەک و تەقەمەنییە دەگوازنەوە و وەرگرتنی لە ئێران و گوازتنەوەی لە ئێران بۆ کوردستانی عێراق بە تەواوی چارەسەر ناکرێت بێ راوێژ لەگەڵ چەند (رەش کراوەتەوە- وەرگێڕ ).

٨-لەم کاتەدا پێشنیار دەکەین ئەم هەنگاوانە هەڵبگیردرێت:

الف- بڕی ٥٣٧٩١٩٠٨٠ دولار بەم شیوازە دابەش بکرێت و تەرخان بکرێت بۆ پشتیوانیکردن لە کوردەکان بۆ یەک ساڵ:

١-سێ میلیون دولار بۆ یارمەتی ماددی (رەش کراوەتەوە- وەرگێڕ)

٢- (رەش کراوەتەوە- وەرگێڕ)

ب-راوێژکردن لەگەڵ (رەش کراوەتەوە- وەرگێڕ ) بۆ دیاریکرنی تەواوی چۆنیەتی وەرگرتن و گوازتنەوەی چەک و تەقەمەنییەکە بۆ کوردستان بەو شیوازە کە لە سەرەوە شی کراوەتەوە .

هاوپێچی ب

18ی تەموزی ١٩٧٢

**کێشەکان و پراسپیکتیڤەکانی یارمەتیدانی کوردەکان**

ئەمەی خوارەوە هەڵسەنگاندنێکی سەرەتاییە کە بە وردی نرخاندنەکانی پەیوەندیدار بە پشتیوانی دەوڵەتی وڵاتە یەکگرتووەکان لە کوردەکانی عێراق بە رێبەرایەتی مەلا مستەفا بارزانی دەخاتە ڕوو.

**کورتە**

۱- روونه که به قــازانجی وڵاته یەکگرتووەکــان و دۆســتەکان و هاوپەیمانەکــانی له ناوچه یـه که رژیمـی ئێستای عێـراق لاواز بکرێـت و تەنانەت برۆخێت، ئەگەر ئەم ئامــانجه بــێ پەرەســەندنی ناکۆکییەکــان له ئاســتی نیونەتەوەییــدا بەدی بێــت. کــارێگەرترین و دڵنیــاترین ئامرازەکــانی گەیشــتن بەم ئامــانجه تەیــارکردن و پشتیوانیکردن له بـارزانی و کوردەکـانه بـۆ ئەوەی بتـوانن بەردەوام دژایەتـی رژیمـی عێـراق بـکەن . رژیمـی عێـراق که له ئاسـتی ناوخۆییـدا رژیمێکـی دیکتـاتۆره نیـازی دەستدرێژیکارانەی هەیه به نیسبەت ئێران، کوێت، ئـوردۆن و عەرەبسـتانی سعودی و فدراسیونی تازەدامەزراوی ئەماراتی یەکگرتووی عەرەبی.

ئەو مەترسـییه که له دوژمنایەتییەکـانی عێـراق کەوتـووەتەوه بـووەته فـاکتۆرێکی رۆژبەرۆژ گرنگ له ناوچه به هۆی پشتیوانی بەردەوامی سـۆڤیەت له عێـراق که ئێسـتا له پەیماننامەی دوستی و هاوکاری نێـوان ئەم دوو وڵاتەدا بەرهەسـت بـووه که له ۹ی نیســانی ۱۹۷۲ واژۆ کـراوه. ئاگـاداربوونی سـۆڤیەت له مەترسـی دوژمنـایەتیکردنی کوردەکـان لەگەڵ رژیمـی عێـراق بـووەته هـۆی ئەوەی که ئەم دواییـانه سـۆڤیەت و ئاڵمانیـای رۆژهەڵات گوشـارەکانیان له سـەر بـارزانی زیـاد بـکەن بـۆ ئەوەی بـارزانی پەیوەست بێـت به بەرەی نیشـتمانی عێـراق که سـۆڤیەت و رژیمـی عێـراق پشـتیوانی لێدەکەن .

هەم سۆڤیەت و هەم رژیمی عێراق دەزانـن که ئەگەر سوپای عێـراق بـۆ شـەرێکی نوێ دژی کوردەکان تەیار بکرێـت ئەگەری ئەوه کەمتـر دەبێـت که کوردەکـان بـکەونه ژێـر کـونترۆڵی رژیمـی عێـراق و توانـایی رژێـم بـۆ چـالاکی دژی دراوسـێکانی کەمتـر دەبێـت. لەگەڵ ئەمەشـدا ئێسـتا کۆمەڵێـک هۆکـار نیشـان دەدەن که رژیمـی عێـراق خـۆی ئامـاده دەکـات هێرشـی سـەربازی بکـاته سـەر کوردەکـان و ئەم ئەگەره زیـاد دەبێت ئەگەر رژیمی عێراق ئاگادار بێـتەوه که ئێسـتا کوردەکـان له حکـوومەتی وڵاته یەکگرتووەکان نزیک بوونەتەوه بۆ ئەوەی پشتیوانی ئەم دەوڵەته بەدەست بهێنن .

۲- رژیمــی عێــراق چ کــردەوەی ســەربازی دژی کوردەکــان ئەنجـام بـدات و چ ئەنجامی نەدات، حکوومەتی وڵاته یەکگرتووەکان دەتوانێت یـارمەتی به بـارزانی بـدات

بۆ ئه‌وه‌ی دژایه‌تی کورده‌کان له‌گه‌ڵ رژیمی عێراق به‌رده‌وام بێت . ئه‌گه‌ر کورده‌کان له لایه‌ن هێزه‌کانی عێراقه‌وه بکه‌ونه به‌ر هێرش، ده‌ستبه‌جێ پێویستیان به چه‌ک و ته‌قه‌مه‌نی ده‌بێت . یارمه‌تی وڵاته یه‌کگرتووه‌کان ده‌بێ به‌و په‌ڕی نهێنیپارێزی و ئاسایشی ئیداری و فیزیکی ئه‌نجام بدریت بۆ ئه‌وه‌ی له کاتی پێویستدا حاشای لێبکرێت. هه‌رچه‌ند که چوارچێوه‌ی ئه‌م یارمه‌تییه چه‌ند ره‌هه‌ندییه، بێ گومان مه‌سه‌له‌ی ئاڵۆزی پاراستنی ئاسایش له خۆ ده‌گریت . جگه له‌به‌رچاو گرتنی لایه‌نی حاشاکردن له‌م یارمه‌تییه له کاتی پێویستی خۆیدا ، رێژه و شێوازی یارمه‌تی مادی و سه‌ربازی ده‌وڵه‌تی وڵاته یه‌کگرتووه‌کان به کورده‌کان ده‌بێ ئه‌وه‌نده بێت که کورده‌کان ته‌شویق بکات درێژه به ئوپه‌راسیۆنه پێشمه‌رگایه‌تییه‌که‌یان بده‌ن له سنووری ناوچه شاخاوییه‌کانی خۆیاندا که هه‌ر له کۆنه‌وه تێیدا باڵاده‌ست بوونه و هه‌روه‌ها ده‌وڵه‌تی وڵاته یه‌کگرتووه‌کان ده‌بێ تا ئه‌و شوێنه‌ی که پێی ده‌کرێت مه‌ترسی ئه‌وه دوور بخاته‌وه که په‌ره‌سه‌ندنی چالاکی سه‌ربازی کورده‌کان ببێته هۆی ئه‌وه‌ی که سۆڤیه‌ت راسته‌وخۆ له کێشه‌که‌دا ده‌ستێوه‌ردان بکات .

٣- پشتیوانی نهێنی وڵاته یه‌کگرتووه‌کان له کورده‌کان کۆمه‌ڵێک کێشه‌ی تایبه‌تی به دواوه ده‌بێت که یه‌کێ له‌وانه‌یه ئه‌وه‌یه که سۆڤیه‌ت راسته‌وخۆ بکه‌وێته ناو کێشه‌که . له کاتێکدا ده‌ستێوه‌ردانی سۆڤیه‌ت باشبوونی په‌یوه‌ندییه‌کانی ئێران و سۆڤیه‌ت ده‌خاته ناو مه‌ترسی که سۆڤیه‌ت له‌م ساڵانه‌ی دواییدا کاری بۆ کردووه، به‌ڵام له‌وانه‌یه سۆڤیه‌ت ئاماده بێت ئه‌م باجه بدات بۆ ئه‌وه‌ی سه‌رمایه و پێگه‌ی خۆی له عێراق بپارێزێت .

یه‌کێ له کێشه‌کانی دیکه‌ی یارمه‌تیدانی ئه‌مریکا به کورده‌کان ئه‌وه‌یه که تورکیا به نیسبه‌ت ناسیونالیزمی کورد هه‌ستیاره چونکه تورکیا له که‌مینه‌ی گه‌وره‌ی کوردی خۆی له ناوچه‌ی رۆژهه‌ڵاتی ئه‌و وڵاته نیگه‌رانه و سه‌ره‌نجام ئه‌وه که پشتیوانی نهێنی حکوومه‌تی وڵاته یه‌کگرتووه‌کان له کورده‌کان له ئێستادا خۆی له خۆیدا مه‌سه‌له‌یه‌کی ئاڵۆزه چونکه وه‌زاره‌تی ده‌ره‌وه‌ی ئه‌مریکا ده‌یه‌وێت له کۆتایی ساڵی ١٩٧٢ نووسیگه‌ی پاراستنی به‌رژه‌وه‌ندییه‌کانی ئه‌مریکا له به‌غداد بکاته‌وه .

٤- ئەگەر ئەم کێشـانه بنێینـه لایەکەوه، روونه که هەتـا کاتێـک که دەوڵەتـی ولاَته یەککگرتووەکـان و دەوڵەته خـاوەن بەرژەوەنـدییەکانی دیـکه پشـتیوانی زۆرتـر له بارزانی بکەن، بـارزانی هـیچ ئالترنـاتیڤێکی دیـکەی نیـیه بـۆ ئەوەی بەم زووانه لەگەڵ رژیمـی عێـراق رێکبکەوێـت که ئەم رێککەوتـنه به قـازانجی ئامانجەکـانی سـۆڤیەته و تواناییەکانی عێراق دەباته سـەرەوه بـۆ ئەوەی سـەقامی دەوڵەتەکـانی دیـکەی نـاوچه تێکبدات. بارزانی و هەندێ له لایەنەکانی دیکه که پشتیوانی لەو دەکەن بـزووتنەوەی کورد به بەشێک له بزووتنەوەیەکی گەورەتـر دەزانـن، لەوانه هێـزه غەیـره کوردەکـانی عێـراق که جێگـای رژیمـی رادیکـالی بەعـس دەگـرنەوه و دەوڵەتێکـی میـانەڕەو و ئاشتیخواز پێکدێنن .

٥- به پێشبینیکردنی بریاری دەرچوونی پشتیوانی نهێنی به کوردەکـان له لایەن ولاَته یەککگرتووەکانەوه، ئێمه چۆنیەتی ئەم پشتیوانییەمان تـاوتوێ کـردووه بەتـایبەت گرنگتربوونی دابینکردنی چەک و تەقەمەنی و چەکی ئاسایی زیادەی دیکه بـۆ ئەوەی کوردەکان بتوانن بەرگری له خۆیان بکەن. تـاوتوێکردنه سـەرەتاییەکان نیشـان دەدات که چەک و تەقەمەنی پێویست بۆ ئەم مەبەسته له بەر دەستماندا هەیه

## پشتیوانی له بارزانی : هەڵسەنگاندنێکی سەرەتایی

## پراسپێکتیڤەکان

١- نـوێنەره کوردەکـان له گفتوگۆکانیانـدا لەگەڵ نـوێنەرانی ئـێمه، پێداویسـتییه سیاسـی، مـاددی و هەواڵگرییەکـانی خۆیـان به وردی خسـتووەته ڕوو . هەروەهـا که ئێمه ئەم پێداویستیانه و رەوتی مامەڵه کردن لەگەڵ کوردەکان شی دەکەینەوه دەبێ

ئاکام و ئەنجامەکانی پەرەپێدانی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ کوردەکان لەبەرچاو بگرین بۆ ئەوەی بە کەمترین مەترسییەوە بگەین بە ئامانجە خوازراوەکانمان .
هەندێ مەسەلە هەیە کە کار دەکاتە سەر ئاست و چۆنیەتی پشتیوانی ئێمە لە کوردەکان کە بریتین لە نیگەرانی بە نیسبەت پشتیوانی سۆڤیەت لە رژیمی عێراق و ئەرکەکانی حکوومەتی عێراق لە بەرامبەر سۆڤیەت بە گوێرەی پەیماننامەی نیسانی ١٩٧٢ و توانا سەربازی و پێداویستییەکانی کوردەکان و هەروەها کۆمەڵێک کێشەی دیکە وەک یەکنەگرتوویی خودی کوردەکان، دوژمنایەتی تورکیا لەگەڵ کوردەکان ، چۆنیەتی پەیوەندی ئەمریکا لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی و پشتیوانی ماددی و لوجستیکی لە مەلا مستەفا .

## هاوکاری رژیمی بەعس و سۆڤیەت دژی حکوومەتە میانەڕەوەکان و بەرژەوەندییەکانی رۆژئاوا

٢- هیچ گومان لەوەدا نیە کە بەرژەوەندی ئێمە و هاوپەیمانەکانمان و دەوڵەتە دۆستەکانی دیکەمان لە ناوچە لەوەدایە کە رژیمی بەعسی عێراق لاواز بێت و ئەگەر بکرێت بڕوخێت ئەگەر ئەم ئامانجە بێ زیادبوونی دەستڕۆیشتوویی سۆڤیەت لە عێراق یا پەرەسەندنی دژمنایەتییەکان تا ئاستێکی مەترسیداری نێونەتەوەیی دەستەبەر بێت .

٣- رژیمی عێراق نەتەنها بە سەرەڕۆیی خاک و خەڵکەکەی خۆی کونترۆڵ دەکات بەڵکوو لە لایەن ئیدوئۆلۆژی نیمچە مارکسیستی داگیرکەری ماجەراجوە پاڵی پێوە دەنرێت و چالاکییەکانی دژ بە دراوسێکانی و سەرجەم بەرژەوەندییەکانی رۆژئاوا لە کەنداو پەرەپێداوە . گرووپی سەرکردایەتی بەعس بە سەرکردایەتی سەدام حسین التکریتی هەوڵیداوە رژیمی کوێت، بەحرەین و ئەماراتی یەکگرتووی عەرەبی بڕووخێنێت، هەروەها مەشقی بە خراپکارەکان و پیاوکوژەکان کردووە و ناردوونی بۆ ئەنجامدانی چالاکی دژی شا، و کەمینەی عەرەب و بەلووچی ئێرانی بۆ راپەڕین دژی حکوومەتی شا هان داوە . گرووپی پیاوکوژەکانی بەعس کاری خۆیان بە

سەرکەوتووویی لە کوێت و بەیروت ئەنجام داوە و هەوڵیان داوە یەکێ لە سەرۆک وەزیرەکانی پێشووی عێراق لە لوبنان بکوژن .

٤- لە کاتێکدا کە ئاوات و ئامانجەکانی بەعس تا ئێستا دوور بووە لە تواناییەکانی، پێشهاتەکانی ئەم چەند مانگی رابردووە نیشان دەدات کە ئەم رژیمە دەیەوێت بە جیدییەتییەکی زۆرترەوە بە شوێن ئاواتەکانیدا بچێت . لە ماوەی ئەم چەند مانگەدا یەکێتی سۆڤیەت قەسد ونیازی خۆی بە روونی ئاشکرا کردووە بۆ ئەوەی لە پێناو بەرەوپێشبردنی بەرژەوەندییە ستراتژیک و ئابوورییەکانی خۆی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، رژیمی عێراق بەکار بهێنێت. هەرچەند کە گەڵی لە کردەوەکان و بانگەشەکانی پێشووتری سۆڤیەت ئێستا کەم بووەتەوە بەڵام ستراتژی سۆڤیەت بۆ کونترۆڵکردنی ناوچە و سەرچاوەکانی قەد ئەوەندەی ئەمڕۆ روون و ئاشکرا نەبووە .

٥- لە ٧ی نیسانی ١٩٧٢ سەرۆک وەزیرانی سۆڤیەت، "ئالێکسی کۆیسیگێن" لە رێوڕەسمی کردنەوەی بیری نەوتی "رومەیلا" لە باکووری عێراق کە بە یارمەتی تکنولۆژی زیاتر لە ٢٠٠ میلیۆن دولاری سۆڤیەت خراوەتە کار، قسەی کرد و بە ئەدەبیاتی پروپاگەندایی کومونیزم (کە لە شەڕی یەکەمی جیهانییەوە تا ئێستا شەڕاشۆیی پێدەکات) وتی وڵاتانی ناوچە دەبێ کۆتایی بە بەتاڵانچوونی نەوتەکەیان لە لایەن کومپانیا نەوتییەکانی کاپیتالیستەوە بهێنن و جەختی لە سەر ئەوە کردەوە کە بزووتنەوە رزگاریخوازە نەتەوەییەکان توانیویانە کولونیالیستەکان ناچار بکەن لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست (وەک شوێنەکانی دیکەی جیهان ) پاشەکشە بکەن . "کۆسیگێن" هەروەها بۆ پوچەڵکردنەوەی بانگەشەکانی کومپانیای نەوتی کاپیتالیست دەربارەی ئەوەی کە عەرەبەکان ناتوانن ئابووری خۆیان بەڕێوە بەرن، بەڵێنیدا کە دەوڵەتە سوسیالیستەکان یارمەتی بە عەرەبەکان بدەن تا دەستیان بگات بە پسپۆر و تکنسیەن و زانستوان بۆ ئەوەی گیروگرفتەکانیان چارەسەر بکەن .

## پەیماننامەی دۆستی و هاوکاری سۆڤیەت و عێراق

٦- دوو ڕۆژ دواتر لە ٩ی نیسان لە بەغداد "کۆسیگێن" و سەرۆک کۆماری عێراق ، احمد حسن البکر پەیماننامەی دۆستی و هاوکارییان واژۆ کرد کە بە گوێرەی ڕێوشوێنە بڵاوکراوەکانی پەیماننامەکە ئەم دوو دەوڵەتە لە کاتی هاتنەئارای مەترسی بۆ ئاشتی دەبێ لە لایەنی دیکە بەرگری بکات و هەردوو لا هاوکاری بەردەوامی یەکدی بکەن بۆ بەهێزترکردنی توانایی بەرگری خۆیان. ئەم شەرتومەرجانە عێراقی دڵنیا کردەوە کە ئەگەر لایەنێکی دەرەکی هێرشی بکاتە سەری یا لەگەڵ راپەڕینی ناوخۆیی ڕووبەڕوو بێتەوە، سۆڤیەت پشتیوانی لێدەکات .

ماددەی ٩ی ئەم پەیماننامەیە کە پەیوەندی بە بەهێزترکردنی توانایە بەرگرییە دوولایەنەکانەوە هەیە، ڕێگا خۆش دەکات بۆ زیادبوونی دامەزراوە و پێداویستییە دەریاوانییەکانی سۆڤیەت لە بەندەرەکانی عێراق لە کەنداو و دەستڕاگەیشتنی زۆرتری سۆڤیەت بە سیستمی هەوایی عێراق. ئەم پەیماننامەیە ئەو پەیماننامەیەمان وەبیر دێنێتەوە کە یەکێتی سۆڤیەت ٣٢ ساڵ لەمەو بەر لەگەڵ ئاڵمانیای نازی مۆری کرد کە تێیدا یەکێتی سۆڤیەت ڕایگەیاند ئامانجە سەرزەمینییەکانی خۆی لە باشووری قەڵەمڕەوی نەتەوەیی خۆی بەرەو ئاراستەی ئوقیانووسی هیند دەباتە پێش.

## پشتیوانی سۆڤیەت لە خۆماڵی بوونیIPC

٧- کەمتر لە دوو مانگ پاش لیدوانەکانی "کۆسیگێن" لە "ڕومەیلا" و واژۆ بوونی پەیماننامەی سۆڤیەت و عێراق، حکوومەتی بەعس لە ١ی حوزەیرانی ١٩٧٢ ڕایگەیاند IPC (کومپانیای نەوتی عێراق- وەرگێڕ) خۆماڵی (نەتەوەیی) کردووە و کتوپڕ پاش ئەوە وەزیری دەرەوەی عێراق بە سەرۆکایەتی لێژنەیەک چوو بۆ موسکۆ بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی سۆڤیەت بۆ ئەوەی ئەگەر دەوڵەت و کومپانیا ڕۆژئاواییەکان

له بەرامبەر عێراقدا دژکردەوەیان نیشان دا ئاکام و لیکەوتەی ئابووری (که شتێکی چاوەڕوانکراو بوو) بۆ عێراق بەدواوه نەبێت .
ئاژانسی دەنگوباسیTASS ی سۆڤیەت به توندی پشتیوانی له خۆماڵیبوونی IPC کرد و وەک هەنگاوێک بەرەو رزگاری عێراق له دەسەڵاتی کاپیتالیزمی دەرەکی ناوزەدی کرد. له ٣ی حوزەیران رادیۆ موسکۆ شرۆڤەیەکی به زمانی فارسی بۆ ئێران بڵاو کردەوه که دەیگوت خۆماڵی بوونی IPC دەبێ ببێ به نموونەیەک بۆ ئێران بۆئەوەی چۆن لەگەڵ چالاکییه تالانکەرانەکانی کونسێرتیۆمی نیونەتەوەیی نەوت هەڵسوکەوت بکات. رادیۆ سۆڤیەت هەروەها رایگەیاند " ئەمڕۆ دەبینین دارایی و سەرمایەی کومپانیای نەوتی ئیمپریالیست له عێراق خۆماڵی بووه و بێ گومان ئەمه درەنگ یا زوو له وڵاتانی دیکەش روو دەدات . سۆڤیەت و وڵاتانی سوسیالیستی دیکه پشتیوانی له خەباتی رەوای بەرهەمهێنانی نەوتی وڵاتان دەکەن. ئەمه فاکتۆرێکی گرنگه بۆ بەهێزبوونی پێگەی وڵاتان بۆ بەرهەمهێنانی نەوت. هیچ گومان لەوەدا نییه که خۆماڵیبوونی IPC له لایەن عێراقەوه پێگەی پاوانخوازه نەوتییەکانی ئیمپریالیست له وڵاتانی دیکه لاواز دەکات و دەبێته هۆی ئەوەی خەباتی خۆیان دژی ئەم پاوانخوازانه بەهێز بکەن". ( رادیۆ مۆسکۆ، به زمانی فارسی بۆ ئێران، کاتژمێر ٩:٣٠ خولەک به کاتی گرینویچ ،٣ی حوزەیرانی ١٩٧٢).

## بزووتنەوەی کورد، کەندو کۆسپێک له سەر رێگای بەعس و سۆڤیەت

٨- یەکێتی سۆڤیەت به ئاشکرا گرنگییەکی زۆری داوه بەوەی که مەلا مستەفا بارزانی و هاوڕێکانی رازی بکات پەیوەست بن به بەرەی نیشتمانی عێراق که سۆڤیەت پشتیوانی لێدەکات و حیزبی بەعس و حیزبی شیوعی عێراق تێیدا بەشدارن . نوێنەره کوردەکان و سەرچاوه سەربەخۆکانی خۆمان ئاماژه بەوه دەکەن که ئەم دواییانه کاربەدەستانی بالای سۆڤیەت و لیژنەی ئالمانیای رۆژهەڵات لەگەڵ

بارزانی دیداریان کردووە بۆ ئەوەی رازی بکەن پەیوەست بێت بەم بەرەیە. سۆڤیەت و بەعس بە روونی پەیان بەوە بردووە کە ئەگەر بارزانی لەمە زیاتر بتوانێت ناوچەیەکی سەربەخۆ لە باکووری عێراق بۆ خۆی رابگرێت، دەبێت بە هەڕەشەیەکی هەمیشەیی بۆ رژیمی دیکتاتۆری عێراق کە پێگەی لەناو خەڵکدا نییە .

٩- لە سەرەتا و ناوەڕاستی دەیەی ١٩٦٠ راپەڕینی کورد دەستی زۆربەی هێزەکانی سوپای عێراقی بەستبووەوە. ئەم بارودۆخە رێگای خۆش کرد بۆ کۆمەڵێک کودیتای سەرکەوتووی سەربازی و لە راستیدا توانایی عێراقی کەم کردەوە بۆ ئەوەی چالاکی سەربازی لە دەرەوەی عێراق دژی ئیسرائیل، کوێت، ئوردون و ئێران ئەنجام بدات . سەدام حوسەین تکریتی توانیویەتی کونترۆڵی سیاسی بەعس بە سەر سوپادا زیاد بکات . ئەگەر حکوومەتی عێراق ناچار بێت سۆپای خۆی بۆ خەباتێکی دیکە دژی کوردەکان وەگەڕ بخات بەهەرحاڵ پێویستی بە چەک و تەقەمەنی و سووتەمەنی زۆرتر دەبێت و دەبێت ئوپەراسیۆنێکی گەورەتر ئەنجام بدات. ئەمە دەسەڵاتی حیزبی بەعس بەسەر سوپا کەم دەکاتەوە و هەل دەڕەخسێنێت بۆ ئەوەی کودیتایەکی سەربازی ئەنجام بدرێت .

توێژینەوەکەی ئەم دواییانەی ئیدارەی لێکۆڵینەوەی هەواڵگری وەزارەتی دەرەوەی ( ئەمریکا) نیشان دەدات ئەگەر بارزانی پشتیوانی دەرەکی وەکوو پێویست وەچنگ بخات بۆ ئەوەی شۆڕشەکەی هەڵبگیرسێنێتەوە، باری زیادەی شەڕێکی دیکەی کوردەکان دەتوانێت حکوومەتی بەعس بڕوخێنێت .

١٠- رابردووی سیاسەتەکانی دەوڵەتی بەعسی عێراق نیشان دەدات که ئەم دەوڵەتە بە وەرگرتنی پەوان ئاشت نابێتەوە و تەنها کاتێ لە کردەوە دەستدرێژیکارانەکانی خۆی پاشگەز دەبێتەوە که لە هەرەسهێنانی خۆی بترسێت و یا لە حاڵەتی بەرگریدا بمێنێتەوە .

١١- لە بارودۆخی ئێستادا کە رژیمی بەعس لەگەڵ کەمبوونەوەی جیدی داهات رووبەڕوو بووەتەوە و رێبەرایەتی سیاسی بەرێکخستنکراوی کورد هێشتا دەتوانێ لە بەرامبەر ئەم رژیمەدا رابوەستێت، لەوانەیە دوایین دەرفەت بۆ ئێمە ئەوە بێت کە

پلانی ئۆپەراسیۆنێک دابرێژین بۆ ئەوەی لانیکەم رژێمی بەعس زەلیل و ماندوو بکەین و یارمەتی بەوە بدەین کە باروودۆخێک بێتە ئاراوە کە تێیدا کەسانیک جێگای بەعس بگرنەوە کە کەمتر دوژمنی بەرژەوەندییەکانی ئێمە و دۆستەکانمان لە ناوچە بن.

ئێمە دەبێ ئەوە بزانین کە ئەگەر شۆرشی کورد هەڵبگیرسێتەوە رژێمی بەعس لەوانەیە ناچار بێت داوای پشتیوانی زۆرتر لە سۆڤیەت بکات و ئەگەر ئێمە پشتیوانی لە کوردەکان نەکەین و لە ئاکامدا بزووتنەوەی کورد لەناوبچیت بەهەرحاڵ کوردەکان ناچار دەبن پەیوەست بن بەو بەرە نەتەوەییە کە سۆڤیەت پشتیوانی لێدەکات و لە ئەنجامدا رژێمی بەعس دەتوانێت بێ هیچ تەنگ و چەڵەمەیەک سیاسەتی دەستدرێژیکارانەی خۆی لە ناوچە درێژە پێبدات .

لە نێوان ئەم دوو رێگایەدا، وادیارە رێگای باشتر بۆ ئێمە ئەوەیە کە مەترسییەکانی زیندوومانەوەی بزووتنەوەی کورد قبوڵ بکەین .

١٢- لە روانگەی ئێمەوە باشتر ئەوەیە تا رادەی پێویست بارزانی تەشویق بکەین و پشتیوانی لێبکەین بۆ ئەوەی مەحتاجی حکوومەتی عێراق نەبێت و پێش لەوە بگرێت سوپای عێراق سەرەنجام کونترۆڵی سەربازی ناوچە کوردنشینەکان بگرێتە دەست، کەوابوو هەتا کاتێک کە ناوچەی پارێزراوی کورد هەبێت کەسایەتییە نارازییەکانی ناو سوپا و گۆرەپانی سیاسی عێراق لەوە بێ هیوا نابن کە رۆژێ بتوانن رژێمی عێراق بروخێنن . هەروەها مانەوەی بزووتنەوەی کورد (تەنانەت ئەگەر تەنها لە ئاستی بەرگریشدا بێت)توانایی رژێمی عێراق بۆ ئەوە سنووردار دەکات کە چالاکی زیادەخوازانە دژی ئێران، ئۆردون و کەنداو ئەنجام بدات .

## ئیمکانی هێرشی ئەم زووانەی عێراق بۆ سەر بارزانی

١٣- سەرەرای هیواداربوون بە ئەنجامدانی هێرشێکی سەرەکی دژی عێراق، بارزانی ئێستا باش دەزانێت کە تا کاتێک چەکی دژە هەوایی و چەک و تەقەمەنی بەرگریکارانەی وەکوو پێویست لە دەستدا نەبێت بە قازانجی نییە ئۆپەراسیۆنێکی

هێرشبەرانە ئەنجام بدات چونکە دەبێتە هۆی ئەوەی رژێمی عێراق لە بەرامبەردا هێرشی هەوایی و زەمینی بکاتە سەر شار و گوندەکانی کوردەکان .

١٤- بەهەرحاڵ خواستی بارزانی بۆ ئەوەی کردەوەی سەربازی ناوەخت دژی رژێمی عێراق ئەنجام نەدات نابێتە هۆی ئەوەی کە بەعس لە داهاتوویەکی زۆر نزیکدا متمانەی پێبکات. SAVAK (رێکخراوی هەواڵگری و ئاسایشی ئێران- وەرگێڕ) کۆمەڵێک راپورتی لە دەستدایە کە نیشان دەدات سوپای عێراق ئەم دواییانە لە دەوروبەری موسڵ و کەرکووک مەشقی بە سەربازە پەڕاشۆتڤانەکان (چەتربان) کردووە و دووجار جەولەی هەوایی لە سەر بارەگای سەرکردایەتی بارزانی لە ناوچەی حاجی عومەران ئەنجام داوە . بارزانی لە سەر ئەو باوەڕەیە کە سوپای عێراق حەتمەن هێرش دەکات و فەرمانی بە خەڵکەکەی خۆی داوە تەقە لە فڕۆکەکان بکەن.

چاپەمەنی و رادیۆی عێراق خەباتیکی بەرفراوانی لە ماوەی هەفتەی رابردوودا بەڕێوە بردووە و بانگەشەی ئەوەی کردووە گروپێکی ٣٠ کەسی (کە ١٥ کەسیان کورد بوونە) لە پیکدادانێکدا لە ٣ی تەموز لە ناوچەی سنجار لە باکووری رۆژئاوای عێراق دەستگیر کراون کە بەکرێگیراوی داردەستەکانی ئیمپریالیزم و کومپانیا نەوتە پاوانخوازەکان بوونە و ئەمە یەکێ لە ئاڵقەکانی زنجیرە پیلانگێرییەکان دژ بە عێراق بووە .

هەروەها لەوانەیە بە هۆی ئەوەی کە بارزانی لە هەندێ لە دەوڵەتەکان نزیک بووەتەوە، یەکێتی سۆڤیەت و بەعس لە هەوڵەکانی بارزانی بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی ئەمریکا ئاگادار ببنەوە کە ئەمەش بەریانی سۆڤیەت و بەعس زیاد دەکات بۆ ئەوەی کردەوەی پێویست دژی بارزانی ئەنجام بدەن پێش لەوەی بارزانی بتوانێت پێگەی خۆی قایم بکات .

## پێویستیی بارزانی بە یارمەتی دەستبەجێ و درێژخایەن

٦٥- بارزانی له راستیدا هیچ رێگایەکی نییە جگە لەوەی کە بەرگری لە خۆی بکات و بۆ زیندوومانەوەی بزووتنەوەکەی خەبات بکات، کەوابوو بە زووترین کات پێویستی بە تەقەمەنی هەیە بۆ ئەو چەکانەی کە پێشتر هەیبووە و هەروەها پێویستی بە جۆرە چەککەلێکی دیکە هەیە کە کوردەکان پێشتر بەکاریان هێناوە. ئەم پێداویستییە بە پەلەیە دەبێ بە شیوازگەلێک و لە ریگاگەلێکەوە تەسلیم بە کوردەکان بکرێت کە بە زووترین کات بەدەستیان بگات و تا ئەو شوێنەی کە دەکرێت نهێنی بێت .

٦٦- ئەگەر بارزانی لەگەڵ هێرشی کتوپڕی عێراق رووبەڕوو نەبێتەوە، ئێمە گرنگی دەدەین بە دابینکردنی پیداویستییە درێژخایەنەکانی بارزانی لە چوارچێوەی سێ ئیستراتژی ئاڵترناتیڤدا کە نوێنەرانی بارزانی خستوویانەتە روو. ئەم نوێنەرانە پێداویستییە ماددی وسەربازییەکانیان لە ٣ پلاتفۆرمدا گونجاندووە کە بریتین لە "بەرگری، هێرش و شۆڕشگێڕانە ."

٦٧- بە وتەی نوێنەرە کوردەکان یەکەم جۆری پێداویستییەکان واتا "پلاتفۆرمی بەرگری" دەبێ ئەوەندە زیاد بێت کە بزووتنەوەکەیان بتوانێ بارودۆخی ئێستا رابگرێت و لە بەرامبەر گوشارە سیاسی، ئابووری و سەربازییەکانی بەعسدا رابوەستێت .

٦٨- یارمەتییەکانی جۆری دووەم واتا "پلاتفۆرمی هێرش" کە بارزانی زۆرتر جەختی لە سەر دەکاتەوە دەبێ هەم ماددی و هەم سەربازی بێت بۆ ئەوەی کوردەکان بتوانن نەتەنها شوێنەکانی خۆیان رابگرن بەڵکوو رژێمی بەعس ئەوەندە زەلیل و ماندوو بکەن کە ئیدی نەتوانێت هەڕەشەی سەربازی یا خراپکارانە لە دراوسێکانی و لە بەرژەوەندییەکانی رۆژئاوا بکات. پرۆژەی بارزانی بۆ یارمەتی ماددی و پێداویستی سەربازی شتێکی یەکلاییکەرەوەیە بۆ چالاکییەکانی نێو ئەم پلاتفۆرمە .

٦٩- جۆری سێیەمی یارمەتییەکان واتا "پلاتفۆرمی شۆڕشگێڕانە" ئەوەیە کە وەک بنکەیەکی ئارام کەڵک لە کوردستان وەربگیردرێت بۆ ئەوەی لە رێگای هاوکاری هێزە عێراقییەکانی دژبەری رژێمی بەعس، هەوڵ بدرێت بۆ رووخاندنی ئەم رژێمە.

نوێنەرە کوردەکان رایانگەیاند کە بۆ ئەنجامدانی ئەم چالاکییە پێویستیان بە تۆزێ یارمەتی زۆرتر (لە چاو یارمەتییەکانی پلاتفۆرمی دووەم) هەیە و دەبێت یارمەتی ماددی بدرێت بە هاوکارە عەرەبەکانیان .

٢٠- لە کاتی گفتوگۆ لەگەڵ نوێنەرە کوردەکان دەربارەی جۆری ئەو چەک و تەقەمەنییەی کە کوردەکان بۆ ئەنجامدانی چالاکیەکانی پلاتفۆرمی یەکەم و دووەم پێویستیان پێیەتی، ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە کوردەکان کۆمەڵێک بیروڕای ناواقعبینانەیان هەیە دەربارەی کردەوە سەربازییەکان و جۆری ئەو چەکانەی کە دەتوانن بەکاری بهێنن. بۆ نموونە داوای تانک دەکەن بۆ ئەوەی لە دەرەوەی ناوچە شاخاوییەکان واتا لە ناوچە دەشتەکاندا بە کاری بهێنن. کوردەکان دەیانەوێت ئەوەمان پێبڵێن کە دەتوانن وەک شەڕی ئاسایی نێوان دوو سوپا لەگەڵ سوپای عێراق شەڕ بکەن. کوردەکان هەروەها داوای بنکەیەکی لوجستیک لە ئێران دەکەن وەک ئەوەی کە ڤیەتنامی باکوور بۆ "ڤیەتکۆنگەکان[١٢٠]" دابینی کردووە. بەهەرحاڵ خۆشبەختانە نوێنەرە کوردەکان دانیان بەوەدا ناوە کە پێویستیان بە راوێژی سەربازی هەیە .

٢١- ئازموونەکانی رابردوو ئەوە دەسەلمێنێت کە کوردەکان زۆر باش دەتوانن لە بەرامبەر سوپای عێراقدا رابوەستن ئەگەر باش خۆیان لە ناو شاخەکاندا بشارنەوە و تاکتیکگەلی هێرشبەرانەی پێشمەرگایانە ئەنجام بدەن و لە گەلێ شوێنەوە زەبر لە هێزەکانی عێراق بوەشێنن و لاوازیان بکەن . بەهەرحاڵ کوردەکان بە هۆی ئەوەی کە هیچ پشتیوانییەکی هەواییان نییە و چەکی گران و توپخانەی قورسیان لە دەستدا نییە ناتوانن پێش لە بومبارانی شار و گوندەکانیان لە لایەن سوپای عێراقەوە بگرن

[١٢٠]ڤیەتکۆنگ ناوی رێکخراوی گریلایی چەکدارانی چالاکی کۆمۆنیستی ڤیەتنامی باشوور بوو کە لە کاتی شەڕی ڤیەتنام و دەستدرێژی ئەمریکا بۆ سەر ئەم وڵاتە دژی هێزەکانی ئەمریکا و ئەو دەوڵەتەی کە ئەمریکا لە ڤیەتنامی باشوور دایمەزراندبوو، شەڕیان دەکرد و ساڵی ١٩٦٠لەگەڵ چەند رێکخراوی سەربەخۆخوازی دیکە لە بەرەی رزگاریدەری نەتەوەیی ڤیەتمین کۆبوونەوە و سەرەنجام لە ساڵی ١٩٧٥ شکستێکی گرانیان بەسەر ئەمریکادا سەپاند . (وەرگێڕ)

یا لە هاویندا کە جادەکان دەکرێنەوە ناتوانن رێگا لە ناردنی بەتالیونی زرەیی بگرن کە هێرش دەکەنە سەر ئەو گوندانەی کە لە قەراخ جادە سەرەکییەکاندان. کوردەکان بە چەکی سووک لەملاولاوە لە هەوراز و دۆڵەکان جموجۆڵ دەکەن لە کاتێکدا کە سوپا بە چەکی قورس و ئۆتۆمۆبێل تەنها لە سەر بۆ خواری جادەکان دەچێتە پێش. سوپا ناتوانێت لە گەردەنە بەرزەکاندا لەملا بۆئەولاو و لەم هەوراز بۆ ئەو هەوراز جموجۆڵ بکات .

## دەوری هێزە غەیرە کوردەکان لە دژایەتیکردنی رژیمی بەعس

٢٢- کوردەکان بۆ خۆیان دەڵێن بە تەنهایی ناتوانن رژیمی بەعس بروخێنن و پێویستە هێزی دیکەش بێتە نێو کایەکە بۆ ئەوەی زۆرترین گوشار بخرێتە سەر بەعس .

٢٣- داوا دەکەین ئەو کەسایەتی و گروپانە بدۆزرێنەوە کە پێشتر دژایەتی رژیمی بەعسیان کردووە یان دەکرێت ئێستا دژی ئەم رژیمە هان بدرێن، و ئەوە دیار بکرێت چ جۆرە دوژمنایەتییەک لە گەڵ بەعسیەکان زۆرترین سوودی دەبێت.

٢٤- لەم پەیوەندییەدا دەبێ لە سەر ٣ گروپ حیساب بکرێت: بەعس بۆ خۆی، سوپا و نەیارە سیاسیەکانی دانیشتووی تاراوگە .

٢٥- راپۆرتەکانی ئێمە نیشان دەدات ئێستا کۆمەڵێک ناکۆکی هەیە لە نێوان سەرۆک کۆمار "البکر" و پیاوی بەهێزی حیزبی بەعس واتا سەدام حوسەین تکریتی. ئەمە بەرچاوروونیەکە کە دەتوانین کەڵکی لێوەربگرین. هەروەها کۆمەڵێک بواری نارازیبوونی دیکە لە ناوخۆی بەعسدا هەیە بۆ نموونە پێگەی زۆر بەرزی ئەندامانی ئیدارەی پەیوەندییە گشتییەکانی ناو حیزبی بەعس و ناکۆکی نێوان باڵی سەربازی و مەدەنی ئەم حیزبە. ئێمە زانیاری وردمان لەم پەیوەندییەدا لە دەستدا نییە .

٢٦- پاکتاوکردنەکانی ئەم دواییانەی کەسایەتییە گومانلێکراوەکانی ناو سوپا لە لایەن حیزبی بەعس بووەتە کەندو کۆسپ لە سەر رێگای ئەوەی کە بزانین چ کەسانێک لە ناوە ئەفسەرانی سوپادا لە رژیمی بەعس دەترسن و لێی بێزارن.

جارێکی دیکە دووپاتی دەکەینەوە کە ئێمە زانیاری زۆرمان لەم پەیوەندییەدا لە دەستدا نییە .

٢٧- ئێمە زانیاری زۆرمان هەیە دەربارەی گروپە سیاسیە نەیارەکانی عێراق کە ئێستا لە دەرەوەی وڵاتن کە هەندێکیان رابردووی پیلانگێری سەرنەکەوتوویان دژی رژێمی عێراق هەیە. هەروەها ئێرانیش لە رابردوودا هەوڵی داوە کودیتایەک لە عێراق هان بدات بەڵام سەرنەکەوتووە .

٢٨- دەبێ بە خێرایی و بە شێوازی سیستماتیک سەرجەم هێزە غەیر کوردەکانی نەیاری رژێمی عێراق بدۆزینەوە کە دەتوانن لەم پەیوەندییەدا چالاکی بکەن .

## چۆنیەتی دابینکردنی پشتیوانی لۆجستیکی بۆ بارزانی

٢٩- لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو چەکانەی کە ئێستا لە دەستماندایە و لەوانەیە دابین بکرێت بۆ کوردەکان، ئێمە دەبێ زۆر گرنگی بدەین بەو چەک و تەقەمەنییە کە پێشتر لە دەستی کوردەکاندا بووە، پاش ئەوەش دەبێ گرنگی بدەین بە چەکی دژە هەوایی و دژی تانک لەوانە مین و رۆکێت کە بە ئاسانی لە شوێنێک بۆ شوێنێکی دیکە دەگوازرێتەوە. فاکتۆری گوازتنەوە نیشان دەدات کە ئێمە دەبێ مۆچیاری کوردەکان بکەین لە باتی ئەوەی توانایی خۆیان بۆ بەکارهێنانی تۆپ بە شێوازی شەڕی نێوان دوو سوپا زیاد بکەن، پشت بە رۆکێت و هاوەن ببەستن.

٣٠- وتەبێژی نوێنەرە کوردەکان ئاماژەی بەوە کردووە کە ئەگەر کوردەکان بکەونە ناو "پلاتفۆرمی هێرش"دەتوانن ژمارەی هێزی پێشمەرگە تا ٦٠ هەزار کەس زیاد بکەن بەڵام ئێستا تەنها ٢٤ هەزار پێشمەرگەیان هەیە کە ١٤ هەزاریان پارێزەری سنوور و پۆلیسن کە حکوومەت موچەیان دەداتێ و ١٠ هەزاریان سەر بە یەکێنەی سەربەخۆی پێشمەرگەن. لۆجستیکی پێویست بۆ دابینکردنی پێداویستی ئەم ٦٠ هەزار کەسە کاریکی ئەستەمە .

دەستڕاگەیشتن بەم ناوچەیە لە ڕێگای جادە لە ئێرانەوە زەحمەتە و گوازتنەوەی پێداویستییەکان لە ڕێگای هەواییەوە لە دەرەوەی توانایی ئێرانە و نهێنیپارێزی مەسەلەکەش دەخاتە ناو مەترسی و پاشان بە ئاسانی حاشای لێناکرێت .

٣١- ئێمە دەبێ لە بیرمان بێت کە داواکاری کوردەکان بۆ (ڕەش کراوەتەوە- وەرگێڕ) بۆ بەڕێوەبردنی "پلاتفۆرمی هێرش" تەنها بۆ ئەوەیە کە موچەی پێشمەرگە و یارمەتی بێوەژن و هەتیوەکانی پێ دابین بکرێت و خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی و پەروەردەی پێبەرێوە بچێت. لە کردەوەدا بۆ پشتیوانیکردن لە حکوومەتی کورد دەبێ لە بودجەدا یارمەتییەکی بۆ تەرخان بکرێت . ئەم یارمەتییە خەرجی شەڕ واتا دابینکردنی چەک و تەقەمەنی و ئامرازەکانی پەیوەندیگرتن لەخۆ ناگرێت .

ئەگەر مەسەلەی پەیماننامەی دۆستی و هاوکاری سۆڤیەت و عێراق ڕاستەوخۆ بێتە مەیدان، سۆڤیەت یارمەتی بەرفراوانی دەرەکی بە کوردەکان پشتگوێ ناخات و بۆی گرنگ نییە چەندە ڕەچاوی پەیوەندییە هەستیارەکانی خۆی لەگەڵ شای ئێران بکات. سۆڤیەت حیسابێکی زۆری بۆ پێگەی خۆی لە عێراق کردووە و ئامادە نییە لە دەستی بدات، ڕژێمی بەعسیش تا ئێستا بە قەد ئەمڕۆ پوانی بە سۆڤیەت نەداوە. پەیماننامەی سۆڤیەت-عێراق (تەنانەت ئەگەر هیچ شەرتومەرجێکی نهێنیشی تێدا نەبێت) ڕێگای خۆش کردووە بۆ دەستێوەردانی سۆڤیەت لە کاتی پێویستی خۆیدا بۆ لەسەر دەسەڵات مانەوەی ڕژێمی ئێستای عێراق .

٣٣- کەوابوو ئێمە لە کاتی گفتوگۆی زۆرتر لە گەڵ نوێنەرانی بارزانی دەبێ چاوەڕوانیەکانیان لە ئاستی واقیعدا قبوول بکەین و ئەوەندە یارمەتییان بدەین کە پاشان بتوانین حاشای لێبکەین و مۆچیاریان بکەین هیچ کردەوەیەک ئەنجام نەدەن کە ببێتە هۆی ئەوەی بەریەرەکانیەکی نێونەتەوەیی بێتە ئاراوە .

٣٤- چۆنیەتی دابینکردنی پشتیوانی سەربازی و ماددی بۆ کوردەکان بەوە گرێدراوە کە ئێمە چەندە دەمانەوێت ئەم یارمەتییە نهێنی بێت و چەندە دەمانەوێت کوردەکان لە ڕووی سەربازییەوە بە توانا بن و دەمانەوێت بە چ ئامانجگەلێک بگەین .

٣٥- به پـیچەوانەی دابینکردنـی چەک و تەقەمەنـی، ئـێمە دەتـوانین راسـتەوخۆ یـان ناراسـتەوخۆ بە کەمتـرین گیروگرفـت (لە رووی نهێنیپـارێزییەوە) یـارمەتی مـاددی بـۆ کوردەکـان دابـین بکەیـن. هەروەهـا بە قـازانجی ئـێمەیە کە لە سـەر بنەمـای کـۆمەڵێ هۆکاری ئەمنـی و هەروەهـا بـۆ ئەوەی هەسـتی بەشداری ئێران لەم رەوتەدا بەهێزتـر بکەین هەندێ یارمەتی ماددی زیادەش بدەین بە ئێران. هەروەهـا بە سـوودی ئـێمەیە کە راسـتەوخۆ برێـک پـارە بـدەین بە خـودی کوردەکـان بـۆ ئەوەی دەسـەڵاتمان بە سەریانەوە هەبێت و هەروەها بۆ ئەوەی بتوانین لە لایەن خۆمانەوە کونترۆڵیان بکەیـن و لە رووی هەواڵگرییەوە بیانخەینە خزمەت خۆمان .

ئـێمە دەتـوانین میکانیزمەکـانی بەدەسـتهێنانی ئەم بـڕە پـارەیە و تەسـلیمکردنی بە کوردەکان لە عێراق و شوێنەکانی دیکە تاوتوێ بکەین .

٣٦- دابینکردنــی چەک وتەقەمەنــی مەســەلەیەکی دیــکەیە و ئــێمە بە نــوێنەرە کوردەکانمان وتووە کە زۆربەی یارمەتییەکانی ئێمە دەبێ لە لایەن لایەنـی سـێیەمەوە تەسلیم بە کوردەکان بکرێت. ئێران بە هـۆی هەڵکەوتـی جوگرافیـایی دەتوانێـت ببێـت بە واســیتەیەکی ســەرەکی لە رەوتــی تەســلیمکردنی چەک بە کوردەکــان (رەش کراوەتەوە- وەرگێڕ).

## ئاسایش و نهێنیپارێزی

لە بەرنامەکەماندا ئێمە دەبـێ هەوڵ بـدەین بەو پەڕی ئاسـایش و نهێنیپـارێزییەوە کـار بکەین. بەهەرحاڵ بە هۆی ئەوەی کە چەند لایەنێک لەم بەرنامەیەی ئێمەدا بەشدارن ناتوانین بە تەواوی نهێنی مەسەلەکە بپارێزین و لەوانەیە رۆژێک بێت حاشا لە بـوونی بەرنامەیەکی وەها بکەین .

کوردەکان لە ناوخۆیاندا زۆر ناپەکانگیرن و رێکخراوە هەواڵگرییە کارزانە بیانییەکان دەتوانن دزەیان تێدا بکەن و نهێنییەکانیان لێ بدزنەوە. هەروەها هەندێ لە لایەنەکانی سییەمی ئەم رەوتە لەوانەیە نهێنییەکان بدرکێنن. بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئێمە پێشتر لە لایەن رژێمی عێراقەوە بەوە تۆمەتبار کراوین کە یارمەتی بە دوژمنەکانی دەدەین ، دەبێ زۆر ئاگاداری ئەوە بین کە هیچ بەڵگە و نیشانەیەک نەکەوێتە دەستی لایەنی بەرامبەر بۆ ئەوەی دژی ئێمە کەڵکی لێوەربگرێت. ئەم رەوتە دەبێ بەردەوام بێت، تەنانەت ئەگەر بڕیاریشماندا هیچ کارێک نەکەین .

٣٨- لە پەیوەندی لەگەڵ بانگەشەکانی رژێمی عێراق، بۆ نموونە لە تەموزی ١٩٧٢ رادیۆ بەغداد لە پەخشی ناوخۆی عێراقدا، شرۆڤەیەکی بڵاو کردەوە کە تێیدا هێرشی کردە سەر سەفەرەکەی بەڕێز راجێرز، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وەک ئاڵقەی زنجیرە کردەوەگەلێکی گومناوی بۆ پیلانگێڕی دژی نەتەوەی عەرەب لە قەڵەمی دا، بە تایبەت بە هۆی ئەوەی کە عێراق سامانی نەوتی خۆی لە ١ی حوزەیران ئازاد کردوووە. رادیۆ بەغداد سەردانەکەی سەرۆک کۆمار نیکسۆن بۆ تارانی لە مانگی مایس وەک ئاڵقەیەکی گومناویی دیکەی پیلانەکانی ئیمپریالیزمی جیهانی وەسف کرد و رووداوەکەی ناوچەی سنجار لە باکووری عێراق لە ٣ی تەموزی بە کردەوەیەکی تاوانبارانە لەقەلەم دا کە لە لایەن ئیمپریالیزم و داردەستەکانی کومپانیا نەوتییەکانەوە پیلانی بۆ دارێژراوە .

## دەستێوەردانی سۆڤیەت

٣٩- ئەگەری ئەوە زۆرە کە سۆڤیەت بۆ پشتیوانی لە رژێمی بەعس دەستێوەردانی زۆرتر بکات ئەگەر شەڕی رژێمی عێراق لەگەڵ کوردەکان دەستپێبکاتەوە یا تەنانەت ئەگەر حکوومەتی عێراق پێشبینی ئەوە بکات کە شەڕەکە هەڵدەگیرسێتەوە. سۆڤیەت ئیستا پێگەیەکی گەورەی لە عێراق هەیە کە لەراستیدا جێپێکەی

دەگەڕێتەوە بۆ خولی دەسەلاتداری عبدالکریم قاسم له ١٩٥٨-١٩٦٣. به پێچەوانەی ئەوەی رژیمی بەعس له سەرەتای گەیشتن به دەسەلات له شوبات- تشرینی دووەمی ١٩٦٣ دژی کومونیزم بوو و کەندوکۆسپی بۆ سۆڤیەت دروست دەکرد، له ساڵی ١٩٦٨ تا ئێستا دەسەلاتی سۆڤیەت له عێراق زۆر پەرەی سەندووە و به واژۆبوونی هاوپەیمانییەکەی ئاڤریلی ١٩٧٢ گەیشتە ئەوپەڕی خۆی .

٤٠- له کاتی رووخانی حکوومەتی پاشایەتی له تەموزی ١٩٥٠ تا ئێستا سۆڤیەت زۆرترین یارمەتی سەربازی و ئابووری به ئەماراتی یەکگرتووی عەرەبی و پاش ئەوە به عێراق داوە. تەنانەت له مانگەکانی پاش کودیتای بەعس له ٨ی شوباتی ١٩٦٣ دژی قاسم که بەعس سەدان کەس له شیوعییەکانی لەسێدارەدا و سۆڤیەت بزووتنەوەکەی بەعسی به فاشیست ناوزەد کرد، سۆڤیەت کۆتایی به دەستتێوەردان له سوپای عێراق و تەواوکردنی ئەو پرۆژە ئابووریانە نەهێنا که دەستی پێکردبوو. سۆڤیەت مەزەندەی ئەوەی دەکرد که هێدی هێدی هەر حکوومەتێک له عێراق بگات به دەسەلات پێویستی به هاوکاری سۆڤیەت دەبێت بۆ دابینکردنی تەقەمەنی و پۆشتە کردنی سوپا و هێزی هەوایی خۆی و هیچ رێگایەکی دیکەی نابێت جگە لەوەی که پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ سۆڤیەت تا ئاستی هاوکاری پەرەپێبدات. هەڵسەنگاندنەکەی سۆڤیەت راست بوو. حکوومەتی یەکەمی بەعس و ئەو حکوومەتە غەیرە بەعسی و رادیکاڵانە که پاش بەعس به دەسەلات گەیشتن ، رۆژبەرۆژ زیاتر مەحتاجی یەکێتی سۆڤیەت بوون .

٤١- خێراتربوونی دەسەلاتی سۆڤیەت له عێراق له سەرەتای ئەم ساڵ بووەتە مایەی نیگەرانی تایبەتی ئێمە. سۆڤیەت پاش ئەوەی که پارە و زانستی تەکنیکی دا به عێراق بۆ ئەوەی نەوتی رۆمەیلای باکوور بەرهەم بهێنێت، پێگەی خۆی له رێگای پەیماننانەی دۆستی و هاوکاری ٩ی نیسان له عێراق بەهێزتر کردووە. به گوێرەی ٣ ماددە لەم پەیماننامەیە:

ماددەی ٨: له کاتی هاتنەئارای هەر بارودۆخیکی نائاساییدا که ببێتە هەڕەشە بۆ ئاشتی، هەردوولا دەستبەجێ دەبێ پەیوەندی لەگەڵ یەکدی بگرن بۆ ئەوەی

هەڵوێستەکانی خۆیان هاوئاهەنگ بکەن بۆ ئەوەی بەرەنگاری مەترسییەکە ببنەوە و ئاشتی جێگیر بکەنەوە .

ماددەی ٢: لە پەیوەندی لەگەڵ ئاسایشی هەردوو وڵات، عێراق و سۆڤیەت درێژە دەدەن بە هاوکارییەکانیان بۆ بەهێزترکردنی توانایی بەرگری لە یەکدی

ماددەی ١٠: هەردوو لا رادەگەیەنن کە ناچنەناو هیچ هاوپەیمانییەک یان بەشداری ناکەن لە هیچ گروپ یا چالاکی یا کردەوەیەک کە دژی لایەنی دیکە بێت. هەروەها هیچکام لە لایەنەکان نابێ رێگا بەوە بدەن کە کەڵک لە خاکی وڵاتەکەیان وەربگیردرێت بۆ ئەنجامدانی هەر کردەوەیەک کە زیانی سەربازی بۆ لایەنی دیکە هەبێ.

٤٢- سۆڤیەت چالاکانە هەوڵ دەدات پەیوەندییەکانی رژێمی بەعسی عێراق و رژێمی بەعسی سوریا ئاسایی بکاتەوە (رژێمی بەعسی سوریا توندترین دوژمنی رژێمی بەعسی عێراق بووە لە سەروبەندی خەباتی نەپساوەی ئەم دوو لایەنە بۆ گرتنەدەستی حیزبی بەعس). سۆڤیەت هەروەها هەوڵ دەدات پەیوەندییەکانی عێراق و ئەماراتی یەکگرتووی عەرەبی باشتر بکات. ئەم دوو وڵاتە هەوڵ دەدەن هاوپەیمانییەک لە نێوان گروپە سیاسییەکانی عێراق (لەوانە شیوعیەکان و ناسیونالیستە پێشووکانی لایەنگری جمال عبدالناسر) لە بەرەیەکی نیشتمانیدا بە رێبەرایەتی بەعس کۆ بکەنەوە. سۆڤیەت (لەوانە خودی "کۆسیگێن"ی وەزیری دەرەوە) هەوڵیداوە بارزانی رازی بکات بچێتە ناو ئەم بەرەیە. ئەم هەوڵانەی سۆڤیەت نیشان دەدات کە بۆ ئەم دەوڵەتە زۆر گرنگە رژێمی بەعس (کە زۆر رێگای داوە بە دەسەڵاتی سۆڤیەت و زۆر بەپەرۆشە هێرش بکاتە سەر بەرژەوەندییەکانی رۆژئاوا لە ناوچە) بەهێز بێت .

٤٣- SAVAK (رێکخراوی هەواڵگری و ئاسایشی ئێران- وەرگێر) راپۆرتی داوە کە ئێستا ئەفسەران و راوێژکارانی سۆڤیەت مەشق بە پەرەشۆتقانانی (چەتربازان) عێراق لە نزیکی موسل و کەرکووک دەکەن. لە کاتی شەڕی ناوخۆی یەمەن کە سەربازانی کۆماریخوازی حکوومەت (کە سۆڤیەت پشتیوانی لێدەکردن) کەوتنە ژێر گوشاری

توندی هێزەکانی لایەنگری پاشایەتی، سۆڤیەت فڕۆکە و فڕۆکەوانی ناردە یارمەتی سەربازانی لایەنگری حکوومەت . هەروەها فڕۆکە و فڕۆکەوانانی سۆڤیەت لە ئەماراتی یەکگرتووی عەرەبی وەگەڕ خران واتا ئەو کاتە کە میسر کەوتبووە ژێر کاریگەری هێرشە قووڵەکانی ئیسراییل. کەوابوو ئەگەر سۆڤیەت هەست بکات ڕژیمی بەعس لەگەڵ هەڕەشەی جیددی ڕووبەڕوو بووەتەوە، دوور نییە هەندێ هێز (تەنانەت هێزە کوردە بەکرێگیراوەکان) بنیرێت بۆ یارمەتیدانی بەعس و پاراستنی بەرژەوەندی سۆڤیەت لە عێراق.هەروەها لەوانەیە سۆڤیەت دەست بکات بە خەباتێکی سیاسی، دیپلوماتیک و پروپاگەندایی بۆ پشتیوانی لە هاوپەیمانە عێراقییەکەی .

٤٤- لەوانەیە سۆڤیەت دووری بکات لە بەربەرەکانی لەگەڵ ئێران چونکە نایەوێت ئەو قازانجانە بخاتە ناو مەترسی کە لەم ساڵانەی دواییدا لە شا بەدەستی هێناوە. بەهەرحال لەوانەیە سۆڤیەت لای خۆی وا حیساب بکات کە دەتوانێ شا بترسێنێت و مەزەندەی ئەوە بکات کە تەنانەت ئەگەر شا لە هەڕەشەی دەستێوەردان یان هەڕەشەی راستەقینەی سۆڤیەت بترسێت، دەستەوەستانتر دەبێت لە بەر ئەوەی کە هاوپەیمانە ئەمریکاییەکەی نایەوێت یا ناتوانێت لە لایەن ئەوەوە لەگەڵ سۆڤیەت بەربەرەکانی بکات .

٤٥- ئەگەر لە ئەنجامی هەڵگیرسانەوەی شەڕی کورد و حکوومەتی عێراق، سۆڤیەت سەرباز بنێرێتە یارمەتی حکوومەتی عێراق یا بەعس هەست بکات وەکوو پێویست لە لایەن دوژمنە دەرەکییەکان وەک ئێران هەڕەشەی لێدەکرێت لەوانەیە ڕژیمی عێراق داوا لە سۆڤیەت بکات بۆ ماوەیەکی نادیار لە ناو خاکی عێراقدا بمێنێتەوە. بوونی هێزی زەمینی و دەریایی سۆڤیەت لەناوخۆی عێراق (ئەگەر بە قەد ئەو هێزانە بێت کە لە میسر هەیەتی)دەبێتە هۆی ئەوەی کە شیوعییەکان پشت ئەستوور بن و دەسەڵات لە بەعس بسێننەوە. ئێستا سۆڤیەت گوشار دەخاتە سەر هەمووو لایەنەکان تا بچنە نێو بەرەی نیشتمانی . پەیماننامەی سۆڤیەت و عێراق و بەرەوپێشچووونی بارودۆخەکە لەوانەیە لایەنەکانی دیکە هێدی هێدی بخاتە ناو کایەی دەسەڵات واتا سەربازیچێتی سۆڤیەت.

٤٦- لایەنی "تورکیا"ی ئوپەراسیونە پێشنیارکراوەکە بۆ پارمەتیدانی کوردەکان پێویستی بە لێکدانەوەی زۆرتر هەیە. لە راستیدا تورکەکان زۆر هەستیارن بە نیسبەت هەرچەشنە سەرهەڵدانێکی ناسیونالیزمی کورد لە وڵاتەکەیان. ٣ملیۆن کورد (کە دەکاتە نیوەی نفووسی کوردەکانی جیهان) لە تورکیا دەژین. هەرچەند کە کوردەکان بە توندی لە لایەن حکوومەتی تورکیاوە سەرکوت دەکرێن و ئێستا پێیان دەڵێن "تورکی شاخاوی" بەڵام تورکیا هێشتا وەک هەڕەشەیەکی جیدی لە سەر سەقامگیری ناوخۆ و یەکپارچەیی خاکی خۆی سەیری کوردەکان دەکات. سەرەڕای ئەوەی تورکیا لە رژیمی بەعس و هاوپەیمانییەکەی لەگەڵ سۆڤیەت بێزارە بەڵام ناسیونالیزمی چەکداری کورد لە بەعس بە مەترسیدارتر دەزانێت بۆ ئاشتی و ئاسایشی خۆی. لە ٢٨ی حوزەیرانی ١٩٧٠ کاتێک کە سەرۆک کۆماری عێراق، حسن البکر سەردانی ئانکارای کرد دەربارەی کێشەی کورد لە گەڵ رێبەرانی تورکیا راوێژی کرد . تورکەکان لە سەر ئەوە هاوڕان کە ئامانجی کوردەکان ئەوەیە بەرەبەرە کوردستانی گەورە لە نێوان دانیشتووان و خاکی کوردەکانی عێراق، ئێران و تورکیا دابمەزرێنن .

## کەسایەتی مەلا مستەفا بارزانی

٤٧- بارزانی دەوری سەرەکی بینیوە لە خەباتی کوردەکان بۆ گەیشتن بە ئۆتۆنۆمی لە عێراق و رێبەری راپەرینی کوردەکان لە ١٩٤٣ بووە و هەروەها فەرماندەی سەربازیی "کۆماری مهاباد" بە سەرۆکایەتی قازی محەمەد لە ئێران لە ١٩٤٦ بووە. بارزانی لە ساڵی ١٩٦١ تا ئێستا رێبەری خەباتی چەکداری کوردە دژی حکوومەتی بەغداد .

بارزانی تەنها رێبەری کوردەکان نییە بەڵکوو کەسایەتییەکی جیهانیشە.
بارزانی خۆی رێبەرێکی عەشیرەتی نییە بەڵکوو رێبەرێکی ئایینی- نەتەوەییە. بارزانییەکانی هەواڵی مەلا مستەفا بارزانی بە واتای راستەقینەی خۆی عەشیرەتی

نـین بەڵـکۆ خەڵـکێکـی کـوردی نیشـتـەجێی نـاوچەی بـارزان لە بـاکووری رۆژهەڵاتـی عێراقن.

تەمەنـی بـارزانی ٦٩ سـاڵە و بە تونـدی لە لایەن کورەکـانیەوە، ئیـدریس و مەسـعوود پشتیوانی لێدەکرێت. مەسعوود بەرپرسی رێکخراوی "پاراستن"ـە و ئیـدریس کاروبـاری پەیوەندییەکانی دەرەوە بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی دەرەکی بەرێوە دەبات .

## یەکنەگرتوویی کوردەکان

٤٨- تـاقمچێتی قـووڵ کە لە نـاکۆکی عەشـیرەتی، سیاسـی و کـۆمەڵایەتی سـەرچاوە دەگرێت، کوردەکانی لە یەک جیـا کـردووەتەوە. سـەرچاوەی سـەرەکی یەکنەگرتـوویی کوردەکان ناکۆکی عەشیرەتی کۆنە. ئەم بـارودۆخە کۆمەڵێـک کێشـە دروسـت دەکـات بۆ کارێگەری و بە تایبەت ئاسایشی بەرنامەکەی ئێمە بۆ یارمەتیدانی کوردەکـان بەڵام بەهەرحاڵ ئەم مەسەلەیە نابێـت ببێـتە هـۆی ئەوەی کە ئـێمە بەرنـامەی یارمەتیـدانی نهێنی کوردەکان جێبەجێ نەکەین کە بەشێکە لە هەوڵی ئێمە بۆ لاوازکردنی دسـەڵاتی بەعس و سۆڤیەت لە پێناو پاراستنی دوستەکانمان و بەرژەوەندییەکانمان .

بەهەرحاڵ سەرەرای یەکنەگرتوویی کوردەکان، ئەمرۆ بـارزانی زۆرتـر لە هەر رێبەرێکـی دیکەی کورد لە لایەن خەڵکەوە بە گشتی پشتیوانی لێدەکرێت .

## بەرنـامەی وەزارەتـی دەرەوە ی ئـەمریکا بـۆ کـردنەوەی نووسـینگەی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە باڵوێزخانەی بەلژیکا لە عێراق بە کارمەندی ئەمریکییەوە

٥٤- وەزارەتی دەرەوە ئامـادەیە لە ١ی ئەیلـوول بەشـی FSO-4 و خزمەتگـوزاری ئیداری لە نووسینگەی بەرژەوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە باڵوێزخانەی بەلژیکـا لە بەغداد بکاتەوە. ئێستا عێراق ٢ کەسـی وەک نـوێنەر لە واشـنگتۆن هێشـتووەتەوە، سـەرەرای ئەوەی کە پەیوەنـدی دیپلومـاتیکی خـۆی لە حـوزەیرانی ١٩٦٧وە لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکـان پچرانـدووە. کەوابـوو بەرنـامەی جێگیرکـردن و هێشـتنەوەی

کاربەدەستانی ئەمریکا له بەغداد رووبەرووی مەترسی دەبێتەوە ئەگەر عێراق له بەرنامەی پشتیوانیکردنی ئێمه له کوردەکان ئاگادار بێتەوە .

## ئەنجامەکان

٥٦- هەرەشەی رژێمی بەعسی عێراق (که سۆڤیەتی له پشته) لەسەر حکوومەته میانەرەوەکانی رۆژهەلاتی ناوەراست و بەرژەوەندییەکانی رۆژئاوا رامانەدەچڵەکێنێت تا یارمەتی بارزانی بدەین بۆ ئەوەی دژمنایەتیەکەی لەگەڵ رژیمی عێراق درێژه پێبدات .

٥٧- بێ لەبەرچاوگرتنی بەرنامەکانی بارزانی، لەوانەیه بارزانی لەگەڵ هێرشی سەربازی کتوپری عێراق رووبەروو بێتەوە و ئەگەر ئەم هێرشه روو بدات بارزانی له هەموو شتێ زۆرتر پێویستی به چەک و تەقەمەنی بەرگری دەبێت .

٥٨- یارمەتی ئێمه به بارزانی (چ یارمەتی ماددی بێت، چ یارمەتی سەربازی)دەبێت بەو پەری ئاسایش و نهێنیپارێزی ئیداری و فیزیکییەوە ئەنجام بدرێت. نابێ ئەوەش لەبیر بکەین که به هۆی ئەوەی چەند لایەنێک لەم رەوتەدا بەشدارن، به دڵنیاییەوە کۆمەڵێک گیروگرفتی ئاسایشی دێته ئاراوه .

٥٩- یارمەتی ماددی و سەربازی ئێمه به کوردەکان نابێ ئەوەندە زیاد بێت که نەتوانین رۆژێ له رۆژان حاشای لێبکەین چونکه ئەگەر ئەم یارمەتییه له هەندێ چوارچێوەی تایبەت بچێته دەرەوە، حاشا کردن لێی مومکین نابێت .

٦٠- وەک هەوڵێکی تەواوکەر ئێمه دەبێ راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ کەڵک له هێزه غەیره کوردەکانی نێو گۆرەپانی سیاسی عێراق که نەیاری رژێمی بەعسن، وەربگرین

٦١- به لەبەرچاو گرتنی ئەوەی که چەند دەوڵەتێک له رەوتی پشتیوانیکردن له بارزانی و هێزە نەیارەکانی دیکەی رژێمی بەعس بەشدارن، دەبێ هەوڵی هەموو لایەنەکان هاوئاهەنگ بکرێت بۆ ئەوەی ئاسایش و کاریگەری مەسەلەکه بپارێزرێت و به یەک شێوه و یەک ئامانج کارەکان ئەنجام بدرێت.

**کۆشکی سپی، واشنگتۆن، ۲۸ی تەموزی ۱۹۷۲**
**یادداشتنامەیەک لە لایەن AL HAIG بۆ هێنری کیسێنجێر ، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا**
**نهێنی**

**بابەت: کێشەی کورد**

ئەوە کە هاوپێچ کراوە ، یادداشتنامەیەکە کە بەڕێز "هیلمز" (بەڕێوەبەری CIA – وەرگێڕ) ئامادەی کردووە و ئەنجامەکانی گفتوگۆی خۆی و "کنێدی" لەگەڵ نوێنەرە کوردەکان و هەروەها پێشنیارێک بۆ دەوڵەتی وڵاتە یەکگرتووەکان لەخۆ دەگرێت. پێشنیارەکە لە چوارچێوەی دوو جۆرە یارمەتی بە بارزانی پۆلێنبەندی کراوە: یەکەم یارمەتی ماددی و دووەم دابینکردنی چەک و تەقەمەنی .

١- لە پەیوەندی لەگەڵ یارمەتی ماددی، پێشنیار دەکرێت زێدەباری یارمەتیەکانی ئێران، ساڵانە ٣ میلیون دولار لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ کوردەکان تەرخان بکرێت. "هیلمز" ئەم (ڕەش کراوەتەوە – وەرگێڕ) تەواو دەکات، بەڵام بە ئاگاداری تەواوی شا و بارزانی .

٢- لەپەیوەندی لەگەڵ دابینکردنی چەک وتەقەمەنی بۆ کوردەکان، وڵاتە یەکگرتووەکان نزیکەی ٢ میلیون دولار بۆ ئەم مەبەستە تەرخان بکات (جگە لە خەرجی گوازتنەوەی ئەم چەک و تەقەمەنیە بۆ ناوچە). چەک و تەقەمەنیەکە تەسلیم بە ئێران دەکرێت تا ئەویش تەسلیمی بکات بە کوردەکان. وردەکارییەکانی خەرجی گوازتنەوەی چەک و تەقەمەنیەکە لە بەشی ٣ی یادداشتنامە هاوپێچکراوەکەدا گونجاندراوە.

"هیلمز" و "کنێدی" هەردوویان لایەنگری پشتیوانیکردن لە بارزانین . ئەم مەسەلەیە ئێستا لە رابردوو گرنگترە بە هۆی ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی میسر کە لەوانەیە ببێتە هۆی توندتربوونی هەوڵەکانی سۆڤیەت لە عێراق. لە هەمان کاتدا بە هۆی دەسەڵاتخوازی لەرادەبەدەری سۆڤیەت لە ئەنجامی ڕووداوەکانی میسر، لەوانەیە بارودۆخەکە لە رادەبەدر هەستیار بێت .

٣- لەم رەوتەدا ئـێمە دوو ریگامـان لە پێشـە : یەکەم خۆمـان لە کـومیتەی ٤٠ دەرباز بکەین و لە رێگای یادداشتنامەیەکەوە راسـتەوخۆ بچیـنە لای سـەرۆک کۆمـار و پاش ئەوەش تەنها لەگەڵ OBM و "هیلمز" مـامەڵە بکەیـن . رێگـای دووەم ئەوەیە تەنها ئەندامانی سەرەکی کـومیتەی ٤٠ (جانسـۆن، رۆش، سـەرۆکی JCS و هیلمـز) بێ هیچ نووسراوەیەک و تەنها بە شـێوازی زارەکـی ئاگـادار بکەیـنەوە و پێیـان بڵێـین سەرۆک کۆمار ویستوویەتی وەها بکرێت.

## پێشنیارەکان

بە بۆچوونی من ئێمە دەبـێ رێگـای دووەم بگـرینە بەر نەکـا شـتێ روو بـدات و دەبـێ پێـداگری بکەیـن لە سـەر ئەوەی کە رێوشـوێنە جیکەوتووەکـان گیـراوەتە بەر. لەمە زیـاتر مـن زۆر شـک و گومـانم هەیە بە نیسـبەت ئەوەی ئەم ئوپەراسـیونە ئەنجـام بـدرێت ئەگەر لە هەنـدی رووەوە لە کانـاڵە فەرمییەکانـدا نەخـرێتە ڕوو . ئەگەر ئێـوە رازی بـن، مـن ئەمە دەکەم بە یادداشـتنامەیەک بـۆ ئەوەی ئێـوە پەسـەندی بـکەن و تەسلیمی بکەن بە سەرۆک کۆمار و پێی بڵێن ئەگەر جەنابیـان بڕیـاری لە سـەر بـدات ئـێمە ئەنـدامانی سـەرەکی کـومیتەی ٤٠ رێنـوێنی دەکەیـن و هەروەهـا دەیخەیـنە بەردەم CIAو OBM بۆ ئەوەی کاری پێویست لەم پەیوەندییەدا ئەنجام بدەن .

فایلی پەیوەندییەکانی دەرەوە ،١٩٦٩-١٩٧٦، بەڵگەنامەکانی ئێران و عێـراق، بەرگـی E4، 1969-1972

**بابەت: راپۆرتێکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا دەربارەی پەیوەندییەکانی ئەمریکا، ئێران و عێراق و کێشەی کورد**

لە سـاڵی ١٩٦٩ تـا ١٩٧٢ وڵاتە یەکگرتووەکـانی ئەمریکـا وەک یەکـێ لە دۆسـتە وەفادارەکانی خۆی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەیری ئێرانـی دەکـرد و وەک نەیـارێکی مەترسیدار سەیری عێراقی دەکرد و بە هۆی ئەوەی کە ئێـران و عێـراق رکـابەر بـوون،

پەیوەندییە نزیکەکانی ئەمریکا و ئێران تەنها درزی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و عێراقی زیاتر دەکرد.

سەرۆک کۆمار ریچارد نیکسۆن هەروەک سەرۆک کۆمارەکانی پێشووی ئەمریکا وەک یەکێ لە کۆڵەکە قایمەکانی ئاسایشی وڵاتە یەکگرتووەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەراست سەیری ئێرانی بن رێبەرایەتی "محەمەد رەزا شا"ی پەهلەوی دەکرد. تەنها خاڵی سەرەکی جیاوازی لە پەیوەندییە گەرموگوڕەکانی ئێران و ئەمریکا، تاسەی شا بوو بۆ بەدەستخستنی چەکی زۆر تکنولۆژیک بە بەهایەکی گران (کە پێویست نەبوو). کاربەدەستانی ئەمریکا کە نیگەرانی ئەوە بوون زیادبوونی مەیلی چەکخوازیی شا لە وانەیە ببێ بە مەترسی بۆ سەقامی ناوخۆی ئێران، لە نێوان رازیکردن و کونترۆڵکردنی شادا گیریان کردبوو. لە پەیوەندی لەگەڵ عێراق، ئیدارەی نیکسۆن بە چاوی گومان (ئەگەر نەڵێین دوژمنایەتی) سەیری رژیمی بەعسی عێراقی دەکرد کە تا ساڵی ١٩٦٧پەیوەندی زۆر نزیکی لەگەڵ ئەم دەوڵەتە هەبوو.

حکوومەتی ئەمریکا لە ساڵی ١٩٦٧وە لە رێگای باڵوێزخانەی بەلژیکا کۆمەڵێک پەیوەندی زۆر کەمی لەگەڵ حکوومەتی عێراق هەبوو و کاتێک مەسەلەیەکی زۆر هەستیار رووی دەدا لە رێگای لایەنێکی سێیەمەوە کۆمەڵێک گفتوگۆی دیکەی لەگەڵ دەکرد. بە هەرحال بە پێچەوانەی حکوومەتی ئێران، ئیدارەی ئەمریکا وا سەیری بەعسی دەکرد کە ئەوەندە لەرزۆک و لاوازە کە ناتوانێت هەرەشەیەکی جیدی دروست بکات بۆ ناوچەی کەنداو ، و هەوڵە یەک لە دوای یەکەکانی نەیارانی بەعس بۆ کودیتا ئەم بیروڕایەی بەهێزتر دەکرد .

بەریانی ئیدارەی نیکسۆن بەرەولای ئێران بووە هۆی گۆڕانێکی گرنگ لە سیاسەتی ئەمریکا بە نیسبەت ئێران و عێراق لە ساڵی ١٩٧٢: یەکەم ئەوە کە وڵاتە یەکگرتووەکان دەستی لە هەوڵە جارناجارەکانی بۆ کونترۆڵکردنی خەرجە سەربازییە یەکجار زۆرەکانی ئێران هەڵگرت. لە میانەی سەردانەکەی بۆ ئێران لە ١٩٧٢ نیکسۆن بەڵێنی دا هەموو جۆرە چەکێکی ئەمریکی (جگە لە چەکی ناوکی)کە شا دەیەوێت بفرۆشێت بە ئێران. دووەم ئەوە کە لە هەمان دانیشتندا سەرۆک کۆماری ئەمریکا

لەگەڵ ئەو روانگەیەی شا هاورا بوو که عێراق (که ببوو به هاوپەیمانێکی نزیکی سۆڤیەت)مەترسییه بۆ ئاسایشی ناوچەی کەنداو.

حکوومەتی وڵاته یەکگرتووەکان بۆ راگرتنی هاوسەنگی لەگەڵ رژێمی بەعس له ئەموزی ١٩٧٢ەوه دەستی کرد به پشتیوانیکردن له شۆڕشی کوردەکانی عێراق به رێبەرایەتی مەلا مستەفا بارزانی. هەرچەند که شا چەندین ساڵ بەر لەوەش یارمەتی ماددی دەدا به بارزانی، بەڵام ئەو کاته حکوومەتی ئەمریکا له سەر بنەمای پرەنسیپی دەستتێوەرنەدان له کاروباری ناوخۆیی وڵاتانی دیکه داواکاری یارمەتیخوازانەی کوردەکانی رەت دەکردەوە. بەهەرحاڵ پاش ئەوەی که عێراق له نیسانی ١٩٧٢ پەیماننامەیەکی لەگەڵ سۆڤیەت مۆر کرد، کاربەدەستانی ئەمریکا (به تایبەت کاربەدەستانی CIA) گەیشتنه ئەو قەناعەته که دەبێ سەرنج بدەن به هەرەشەکانی عێراق .

دوابەدوای پچڕانی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و عیراق له میانەی شەڕی ١٩٦٧ی عەرەب و ئیسرائیل، له رێگای بەلژیکاوه تۆزی پەیوەندی له نێوانیاندا دروست بوو بەڵام ئەمریکا له عێراق بوونی نەبوو و کەم دەستی لەم وڵاته دەڕۆیشت. له ١٩٦٩ حکوومەتی بەعس "به هۆکاری ئەمنی"چاوی تەماحی بڕیبووه مڵکی باڵوێزخانەی پێشووی ئەمریکا له بەغداد و سەرەنجام هەروەها که پێشبینی دەکرا پاش چەند ساڵ وتووێژی بێ سوود له مایسی ١٩٧١ دەستی به سەردا گرت. ئەم رووداوه ئیدارەی نیکسونی هاندا تا له ساڵی ١٩٧٢ نووسینگەی پاراستنی بەرژەوەندی ئەمریکا له باڵوێزخانەی بەلژیکا له بەغداد بکاتەوە، هەروەها که عێراق نووسینگەی پاراستنی بەرژەوەندی خۆی له ١٩٦٧ له واشنگتۆن کردبووەوە.

رێژەی دەستنەرۆیشتویی ئیدارەی نیکسۆن له سەرەتای ١٩٦٩ له عێراق زیاد بوو واتا ئەو کاته که هەوڵیدا پێش له تۆڵەسەندنەوەی ئیسرائیل له دەوڵەتی عێراق بگرێت چونکه دەولەتی عێراق دەستیکردبوو به شەپۆلی گشتی له سێدارەدانی جولەکەکانی عێراق و ئەو کەسانه که تاوانی سیخۆڕی بۆ ئیسرائیلیان خرابووه پاڵ. بۆ ئارامکردنەوەی ئیسرائیل، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا له بەیاننامەیەکدا له

نەتەوەیەکگرتووەکان ئەم کردەوەیەی عێراقی (له سێدارەدانی جولەکەکان) شەرمەزار کرد. هەروەها کاربەدەستانی وڵاتە یەکگرتووەکان بەرنامەیەکیان دارشت بۆ ئەوەی جولەکەکانی عێراق بتوانن کۆچ بکەن بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان. بەهەرحاڵ ئەمریکا دەرکی بەوە دەکرد کە هاوکاریی بنەڕەتی عێراق دەستەبەر نابێت ئەگەر واشنگتۆن بکەوێتە ناو کێشەکە ، هەربۆیە وەزارەتی دەرەوە ئەندامانی کۆنگریسی پەشیمان کردەوە کە مەسەلەی لەسێدارەدانی جولەکەکان له کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بخەنە ڕوو.

له تشرینی یەکەمی ١٩٧٠ باڵوێزخانەی بەلژیکا راپۆرتی دا کە بارودۆخەکە باشتر بووە بۆ جولەکەکانی عێراق ، هەرچەند کە ئەو راپۆرتانە کە پاشان دەربارەی دەستگیرکرانی جولەکەکان (کە ویستوویانبوو له عێراق کۆچ بکەن)بڵاو بووەوە دەوڵەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی له ئاداری ١٩٧١ هاندا تا داوا له کومیسیونی باڵای نەتەوە یەکگرتوەکان له کاروباری پەنابەران بکات تاوتوێی ئەم مەسەلەیە بکات. ئەم کومیسیونە لەپاڵ هاوپەیمانەکانی دیکەی ئەمریکا (کە ئەمریکا داوای لێکردبوون) توانی له لایەن جوولەکەکانی عێراقەوە سکاڵایەک تەسلیم بە حکوومەتی عێراق بکات ، بەهەرحاڵ مەسەلەکە جارناجار سەری هەڵدەدایەوە. کاربەدەستانی ئەمریکا ئازاردانی جولەکەکانی عێراقیان وەک هەوڵێک بۆ راکیشانی پشتیوانی خەڵک بەرەولای رژیمی بەعس له ڕێگای کایەکردن بە هەڕەشەی سەربازی ئەمریکا لێکدایەوە. بە وتەی INR لاوازبوونی عێراق له ناوخۆ له رووی سیاسییەوە بووە هۆی ئەوەی کە رژیمی عێراق سیخۆڕە جولەکەکان له سێدارە بدات.

تا ماوەیەکی کورت پاش ئەوەش کاربەدەستانی ئەمریکا دەوڵەتی عێراقیان زیاتر بە سەرئێشە دەزانی تا هەڕەشە. ئەم لاوازییەی عێراق تێگەیشتنی سیاسەتمەدارانی ئەمریکای له ساڵەکانی سەرەتای ئیدارەی نیکسۆن پێکدەهێنا. سەرەڕای هەوڵی شا بۆ ئەوەی هەڕەشەی هێرشی عێراق یا خراپکاری سۆڤیەت له ڕێگای عێراقەوە گەورە بکات، حکومەتی ئەمریکا نەگەیشتبووە سەر ئەو قەناعەتە کە عێراق ئەوەندە بەهێز بێت کە دژی ئێران هەنگاو هەڵبگرێت و سۆڤیەت وەک هاوپەیمانێک پشتی

پێببەستێت یان سۆڤیەت بیەوێت پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران بکات بە قوربانی پەیوەندیەکانی لە گەڵ عێراق. کاربەدەستانی ئەمریکا دەیانزانی رەوتی تەیاربوونی عێراق بە چەکی مودێرن رەوتێکی هێواشە و هەرچەند کە سوپای عێراق دەتوانێت ئاسایشی ناوخۆی وڵات و هەروەها سنوورەکانی خۆی دژی وڵاتانی دیکەی عەرەبی بپارێزێت بەڵام ناتوانێت وەڵامی هێرشی تورکیا یا ئێران بداتەوە. شێلگیربوونی رژێمی بەعس بۆ زاڵبوون بە سەر سوپا بووە هۆی ئەوەی بارودۆخیکی لاوازی هەبێت.

دەوڵەتی ئەمریکا ئاگاداری ئەوە بوو کە سۆڤیەت کەرەستە و پێداویستی هێزی دەریاوانی لە بەندەری "ام القسر" دامەزراندووە و هەروەها کۆمەڵێک زانیاری دەست کەوت دەربارەی ئەوەی کە سۆڤیەت لە هاوپەیمانە عێراقییەکەی بێ هیوا بووە چونکە نەیتوانیوە لەگەڵ کوردە راپەڕیوەکان لە باکوور ئاشت بێتەوە و ئەو قەرزانەی کە لە مۆسکۆ وەریگرتووە بداتەوە بە سۆڤیەت. کاربەدەستانی ئەمریکایی ئەوەیان دەزانی کە راوەستانی دوژمنایەتی نێوان رژێمی بەعس و کەمینەی کورد دەتوانی ببێتە هۆی بەهێزبوونی عێراق و دەستی ئاوەڵا دەکات تا روو بکاتە کەنداو.

بەهەرحاڵ تەنانەت پاش ئەوە کە دەوڵەتی عێراق پەیماننامەی ئاگربەستی لەگەڵ کوردەکان لە ئاداری١٩٧٠ واژۆ کرد، بەشدارنەکردنی کوردەکان لە دەسەڵات لە لایەن بەعسییەکانەوە نیشانیدا کە راپەڕینی کورد بەردەوام دەبێت. لە گەڵ ئەوەشدا کە کاربەدەستانی ئەمریکا حەزیان لە رژێمی بەعس نەبوو بەڵام زۆریش بە پێویستیان نەدەزانی یارمەتی کوردەکان بدەن .

لە ساڵی ١٩٦٩وە رێبەری کوردەکانی عێراق، مەلا مستەفا بارزانی بۆ راپەڕینەکەی دژی بەعس چەند جار داوای یارمەتی لە ئیدارەی نیکسۆن کردبوو بەڵام کاربەدەستانی ئەمریکا ئەم داواکارییەیان رەت دەکردەوە لە سەر بنەمای ئەوە کە ئەمریکا نایەوێت لە کاروباری ناوخۆیی وڵاتانی دیکەدا دەستێوەردان بکات و ئامانجی ئەوە نییە کە دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد دابمەزرێت. کاربەدەستانی ئەمریکا هەروەها وا هەستیان دەکرد کە بێ لەبەرچاو گرتنی گلە و گازندەی کوردەکان دەربارەی ئەوەی کە وەکوو پێویست یارمەتی نادرێن، کوردەکان دەتوانن ئەو

یـارمەتییە لە ئێـران و ئیسـرایيل وەربگـرن. ئەم دوو وڵاتە بـۆ مـاوەیەکی درێـژ پشـتیوانیان لە بـارزانی کردبـوو بـۆ ئەوەی دوژمنەکەیـان واتـا دەوڵەتـی عێـراق ناسەقامگیر بکەن. لە سەراسـەری سـاڵی ١٩٧١ سـەرەڕای ئەوەی کە بـارزانی پێـی لە سەر ئەو دادەگـرت کە تەنهـا راپەڕینـی کـورد دەتوانێـت رژێمـی بەعـس بڕوخێنێـت ، وڵاتە یەکگرتووەکـان یارمەتیـدانی کوردەکـانی رەت کـردەوە. دەوڵەتـی ئەمریکـا چاوەڕوانی ئەوە بوو کە رژێمی بەعس بۆ خۆی بڕوخێت لەوانە لە رێگای کودیتاوە .
لە ئـاب و کـانوونی یەکەمـی ١٩٦٩ هەنـدێ لە نەیـارانی رژێمـی بەعـس لە دەرەوەی وڵات هەوڵیانـدا پشـتیوانی ئەمریکـا بـۆ کودیتـا دژی رژێمـی بەعـس بە دەسـت بهێـنن بەڵام ئەمریکـا پشـتیوانی لێنەکـردن. کودیتـایەکی دیـکەش بە پشـتیوانی SAVAK (رێکخـراوی هەواڵگـری و ئاسایشـی ئێـران- وەرگێـڕ) لە رێگـای هێزەکـانی نەیـاری بەعـس لە کـانوونی دووەمـی ١٩٧٠ هەرەسـی هێنـا . کاربەدەسـتانی ئەمریکـا هەروەها کۆمەڵێک هەواڵیـان بە دەسـت گەیشـت دەبـارەی ئەوەی کە پلانـی کودیتـای سییەم لە ئەیلوولی ١٩٧٠ لە لایەن محمد جعفر النمیـری (کە مسـڵمانیکی شیعە بـووە کە بە دەستی هەڵاواردنی موسلمانە سوننە بەعسیەکانەوە وەزاڵە هـاتبوو) داڕێـژراوە. کاربەدەستانی ئەمریکا هەروەها هەوڵیاندا ناکۆکی بخەنە ناو خودی حیزبـی بەعـس کە لە تشرینی یەکەمی ١٩٧٠ بووە هـۆی ئـەوەی کـە هـاردان تکریتـی، وەزیـری بەرگـری بەهانـدانی سـەدام حوسـەین، جیگـری سـەرۆکی ئەنجـوومەنی فەرمانـدەیی شـۆڕش بەرکەنار بکریت . بە گشتی کاربەدەستانی وڵاتە یەکگرتووەکـان وای بـۆ دەچـوون کە عێراق بە تیپەڕبوونی کات خۆی ناسەقامگیر، لەرزۆک و سەرگەردان دەبێت .
بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا رژێمی عێراق خـۆی بەهێزتـر کـرد و تـا سـاڵی ١٩٧٢ هەنـدێ لە کاربەدەستانی ئەمریکی گەیشـتنە ئەو قەناعەتـە کە حکـوومەتی بەعـس دەتـوانی بـۆ ماوەیەک درێژە بە دەسەڵاتی خۆی بـدات، سـەرەڕای تەنـگ و چەڵەمە ئابوورییەکـان و ناڕازیبونی کوردەکان. وادیار بوو کە ناسەقامگیری نـاوخۆیی رێـگە بەوە نـادات رژێمـی بەعـس کـاریگەری و دەستڕۆیشـتووی سیاسـی خـۆی بنێـرێتە دەرەوەی عێـراق. بەهەرحـاڵ دەستڕۆیشـتوویی سـۆڤیەت لە عێـراق زۆرتـر بـوو و ئەم مەسـەلەیە لە

رێککەوتننامەی سۆڤیەت و عێراق بۆ دابینکردنی ٢٥٠ ملیۆن دولار پێداویستی سەربازی و یارمەتی زۆرتر بە عێراق لە لایەن سۆڤیەتەوە رەنگی دایەوە. سۆڤیەت سەرمایەگوزاری لە عێراقی کردبوو بە بنەمایەک بۆ ئەوەی پێگەی خۆی لە رۆژهەلاتی ناوەراست بەهێزتر بکات.

بەهەرحاڵ ئەوە کە بوو بە مەترسییەکی جیدیتر بۆ ئەمریکا ئەوە بوو کە سەدام حوسەین بە سەرۆکایەتی لیژنەیەک پێکهاتوو لە کاربەدەستانی بەعس لە شوباتی ١٩٧٢ سەردانی موسکۆی کرد و لە ئەنجامدا راگەیاندننامەیەکی هاوبەشیان واژۆ کرد بۆ ئەوەی پاشان پەیماننامەیەک پێکەوە مۆر بکەن . پێشمەرجی ئەم پەیماننامەیە ئەوە بوو کە دەوڵەتی بەرەی نیشتمانی لە عێراق پێکبێت کە شیوعی و کوردەکان تێیدا بەشدار بن . هاوکات لەگەڵ ئەوە کە سۆڤیەت بارزانی هان دەدا تا پەیوەست بێت بەم بەرە نیشتمانییە، کوردەکان جارێکی دیکە لە رێگایCIA وە لە حکوومەتی ئەمریکا نزیک بوونەوە و پێیان لە سەر ئەوە داگرت کە ئەگەر لە لایەن ئەمریکاوە یارمەتی نەدرێن ناچار دەبن لەگەڵ حکوومەتی عێراق رێکبکەون . "شا"ش پشتیوانی لەم داواکارییەی بارزانی کرد و هۆشداریدا کە عێراق کەوتووەتە ژێر دەسەلاتی سۆڤیەت.

لە گەڵ ئەمەشدا لە ئاداری ١٩٧٢ کۆشکی سپی بە رەزامەندی CIA و وەزارەتی دەرەوە جارێکی دیکە داواکارییەکەی کوردەکانی رەت کردەوە و دووپاتی کردەوە کە ئێران و ئیسرائیل دەتوانن یارمەتی کوردەکان بدەن کە بەهەرحاڵ ئەم دوو دەوڵەتەش پێیان خۆش نەبوو کوردەکان سەرکەوتن بە دەست بهێنن. ئەمریکا هەروەها پێی خۆش نەبوو دەست بە کارێ بدات کە سۆڤیەت وەک دژکردەوەیەک لە بەرامبەر خۆی لێکی بداتەوە.

لە کۆتایی نیسانی ١٩٧٢ وەزارەتی دەرەوە هەستی کرد پشتیوانیکردن لە کوردەکان هاوسەنگی هێزەکان تێکدەدات و وای بۆ دەچوو کە هاوپەیمانی عێراق و سۆڤیەت گۆرینی رژیمی عێراق وەدوا دەخات و بلاوبوونەوەی هەواڵی یارمەتی ئەمریکا بە کوردەکان زیان بە پەیوەندییەکانی ئەمریکا و ولاتانی دیکەی عەرەبی دەگەیەنێت .

لەمە زیاتر یارمەتیدانی ئەمریکا بە کوردەکانی عێراق هیوا و وورەی کوردەکانی ئێران و تورکیای بۆ "کوردستانێکی سەربەخۆ" بەرز دەکردەوە، کەوابوو دەبووە هۆی لاوازبوونی هاوپەیمانەکانی ئەمریکا .

لە هەمان مانگدا عێراق و سۆڤیەت پەیماننامە چاوەڕوانکراوەکەی "دۆستی و هاوکارییان"پێکەوە واژۆ کرد کە بەرەوپێشچوونە دواییەکانی سۆڤیەتی لە عێراق سەمبولیزە کرد و دەسەڵاتی بەرچاو و رووڵە زیادبوونی سۆڤیەتی لە عێراق مسۆگەر کرد. ماددەی ٩ی ئەم پەیماننامەیە دەیوت هەر دوو وڵات لە بواری بەرگرییەوە پێکەوە هاوکاری دەکەن و رێگای خۆش دەکرد بۆ بەرفراوانبوونی هێزی سەربازی سۆڤیەت لە عێراق و پشتیوانی سەربازی سۆڤیەت لە عێراق لە کەنداوەوە . ئەم پەیماننامەیە کە بە هۆی سەرمایەگوزاری سۆڤیەت لە عێراق دەبووە هۆی پتەوبوونی سەقامی ناوخۆی عێراق، سیاسەتمەدارانی ئەمریکای نیگەران کرد.

بە بیروبۆچوونی کاربەدەستانی ئەمریکا، عێراق ئەو پوتانسییەلەی تێدابوو کە لە کەنداو کێشە بخولقێنێت ( ئەگەر بە جوانی کەڵک لە پشتیوانی سۆڤیەت وەربگرێت) و ئەگەر بەم شیوازە بچێتە پێش ئاسۆی سۆڤیەتیش روونتر دەبێت بۆ ئەوەی دەسەڵات و دەسترۆیشتوویی خۆی زیاد بکات. سەرۆک نیکسۆن مانگی دواتر لە تاران لە گفتوگۆ لەگەڵ شا بەڵێنیدا کە یارمەتی بە کوردەکان بدات بۆ سەربەخۆبوون لە بەعسیەکان. ئیدارەی ئەمریکا هیوادار بوو کە لە رێگای یارمەتیدان بە کوردەکان عێراق ناسەقامگیرتر بکات و پیلانی سۆڤیەت بۆ بەهیزترکردنی پێگەی خۆی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پووچەڵ بکاتەوە و ئاسایشی ئێران، ئوردون و ئیسرایل زامن بکات. لە روانگەی حکوومەتی ئەمریکاوە بەدیهاتنی ئەم ئامانجانە مەترسی جێبەجێبوونی ناوەرۆکی گفتوگۆکانی کۆبوونەوەی ١٩٧٢ی مۆسکۆ لە نێوان عێراق و سۆڤیەتی کەم دەکردەوە.

وڵاتە یەکگرتووەکان هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە لە پشتیوانیکردنی راستەوخۆ لە کوردەکان خۆی دەبوارد بەڵام بەڵێنیدا لە گەڵ لایەنە ناوچەییەکانی دیکە هاوکاری بکات کە یارمەتیان بە کوردەکان دەدا. لە سەرەتای مانگی حوزەیران ، بەڕێوەبەری

CIA، "ریچارد هیلمز" پشتیوانی له داواکارییه فه‌رمییه‌که‌ی شا کرد بۆ ئه‌وه‌ی هێنری کیسینجێر، وه‌زیری ده‌ره‌وه‌ی ئه‌مریکا له‌گه‌ڵ دوو نوێنه‌ره‌که‌ی بارزانی له واشنگتۆن دیدار بکات. شا وه‌بیری ئه‌مریکای هێنابووه‌وه که کورده‌کان له ژێر گوشاری سۆڤیه‌تدان بۆ ئه‌وه‌ی له‌گه‌ڵ ده‌وڵه‌تی به‌عسی عێراق ئاشت ببنه‌وه، که‌وابوو ده‌بێ کورده‌کان له به‌رامبه‌ر کاریگه‌ری کومونیزم بپارێزرێن.

" هیلمز" به پێی گفتوگۆکانی له‌گه‌ڵ نوێنه‌ره‌کانی بارزانی له ٢٨ی ته‌موز پێشنیارێکی بۆ کۆشکی سپی به‌رز کردوه‌وه بۆ ئه‌وه‌ی به نهێنی یارمه‌تی کورده‌کان بدرێت و سه‌ره‌نجام سه‌رۆک کۆماری ئه‌مریکا پێشنیاری ته‌رخانکردنی ساڵانه ٣ ملیون دولار یارمه‌تی ماددی و ٢ میلیۆن دولار یارمه‌تی سه‌ربازی به کورده‌کان په‌سه‌ند کرد. سه‌رۆک کۆمار هه‌روه‌ها به‌وه رازی بوو که به‌رپرسانی کومیته‌ی ٤٠ ئاگادار بکرێنه‌وه به‌ڵام له سه‌ر ئه‌م مه‌سه‌له‌یه کۆبوونه‌وه نه‌گرن . ئه‌مریکا ده‌یویست مه‌سه‌له‌که نهێنی بێ و له رێگای لایه‌نه‌کانی دیکه‌وه که هاوکاری ئه‌م ئۆپه‌راسیونه بوون، یارمه‌تی کورده‌کان بدات. به‌گوێره‌ی راپۆرته‌کان قۆناخی یه‌که‌می ئه‌م ئۆپه‌راسیونه به سه‌رکه‌وتوویی جێبه‌جێ بووه .

ئیداره‌ی هه‌ڵسه‌نگاندنی هه‌واڵگری نیشتمانی CIA له راپۆرتێکدا ده‌رباره‌ی ده‌وری عێراق له کێشه ناوچه‌ییه‌کانی رۆژهه‌ڵاتی ناوه‌راست له په‌یوه‌ندی له‌گه‌ڵ روانگه‌کانی ئه‌مریکا به نیسبه‌ت رژیمی به‌عسی عێراق ده‌ڵێت:

"عێراق دۆستی سۆڤیه‌ته، دوژمنی دراوسێکانیه‌تی (به تایبه‌ت ئێران)، له‌گه‌ڵ ده‌وڵه‌ته عه‌ره‌به‌کان په‌یوه‌ندی سارده، دژی ئاشتی عه‌ره‌ب- ئیسرائیله و دژی وڵاته یه‌کگرتووه‌کانی ئه‌مریکایه، که‌وابوو له روانگه‌ی وڵاته یه‌کگرتووه‌کانه‌وه هه‌وڵدان بۆ ناسه‌قامگیرکردنی حکوومه‌تێکی کێشه‌خولقێنه‌ری وه‌ها شتێکی ره‌وایه".

# بەشی دووەم:
# کورد وکوردستانی عێراق لەئەجێندای کۆنگرێس، (ئەنجوومەنی نوێنەران و ئەنجوومەنی پیرانی) ئەمریکا لە ساڵی ١٩٧٣ تا ٢٠٠٠

## یەکێتی سۆڤیەت و گازە کیمیاییەکان
## ٦ی تشرینی دووەمی ١٩٧٣- ئەنجوومەنی نوێنەران

بەڕێز" هابر " :

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن، لەم ڕۆژانەی دوایی دەوری یەکێتی سۆڤیەت وەک کێشەخولقێنەرێک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جارێکی دیکە ئاشکرا بووە. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گەلێ نیگەرانە لەو برە زۆرە چەکەی کە یەکێتی سۆڤیەت داویەتی بە دەوڵەتە عەرەبەکان . تا ئێستا بێباکی یەکێتی سۆڤیەت لەم بوارەدا بۆ هەمووان ئاشکرا بووە.

لەم پەیوەندییەدا وتارێک لە ڕۆژنامەی "دیترۆیت نیوز٣ " لە ٤ی ئەیلوولی ١٩٧٣ بڵاو بۆتەوە کە تێدا هاتووە سۆڤیەت گازی ژەهراوی داوە بە عێراق ، کە ڕەنگە لە دژی کەمینەی کوردی عێراق بەکاری بهێنێ . ئەمە تراژیدیایە بەڵام ئەمە یەکەم جار نییە کە سۆڤیەت کارێکی وادەکات . ئەگەر لە بیرمان بێت لە ساڵی ١٩٦٧، یەکێتی سۆڤیەت ، میسری بە گازی ژەهراوی تەیارکرد تا لە دژی لایەنگرانی پاشایەتی یەمەن بە کاری بهێنێت . کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور بەڵگەکانی ئەمەی لە دەست دایە . کەوابوو ئەم بابەتە شایانی ئەوەیە هاوکارانم سەرنجی زۆری پێ دەن

### کوردەکانی عێراق لە هێرشی کیمیایی دەترسن

نوێنەرانی کورد لە واشنگتۆن دوێنێ بانگەشەی ئەوەیان کردووە کە دەوڵەتی بەغداد گازی کیمیایی لە یەکێتی سۆڤیەت کڕیوە و خۆی ئامادە دەکات تا کوردەکانی پێ قەڵاچۆ بکات . سەرچاوەکان دەڵێن ڕژێمی بەعس لە بەغداد ٦٠ هەزار دەمامکی دژە گازی لە یەکێتی سۆڤیەت کڕیوە بۆ سەربازانی عێراق. هەروەها بە وتەی سەرچاوەکان، سۆڤیەت ٨ پسپۆڕی گازە ژەهراوییەکانی ناردووە بۆ عێراق تا سەربازە عێراقییەکان ڕابهێنن.

کوردەکان کـە ژمارەیـان نزیکـە ١٠٠هـەزار کەسـە لـە عێراقـدا ، خـەڵکێکی عەشـیرەتی غەیرە عەرەبن کە لە شاخەکانی عێراقدا دەژین و داوای دەوڵەتێکی ئۆتۆنـۆمی کـوردی دەکـەن. ئـەوان لـە سـەدەی رابـردوودا چەنـدجار لـە گـەڵ حکوومەتـە یـەک لـە دوای یەکەکانی عێراق شەڕیان کردووە کە دوایینیان لە ١٩٧٠ کۆتایی پێهات . ئەوکاتـە بـە پێی رێککەوتننامەیەک ، بەغداد بەڵێنی دا بـە کـورد کـە ناوچەیـەکی ئۆتۆنـۆمی هـەتا مارسی ١٩٧٤ دامـەزرێنێت، بـەڵام نوێنـەرانی کـورد ئێسـتا دەڵـێن عێـراق نکوڵی لـەو رێککەوتننامەیە دەکات و هێرشەکانی بۆ سەر هێزە کوردەکان دەست پێکردوەتـەوە .
بە وتەی بەرپرسانی کورد کە لێرەن، دوایین هێـرش لـە ناوەڕاستی ئـاب لـە ناوچـەی سنجار رووی داوە . لە ئەنجامی ئەم هێرشـەدا ٣٠ سـەربازی عێـراق کـوژراون و چەنـد کەسیش لە کوردەکان برینداربوونە .
سەرچاوەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە عێراق لەو شـەڕەدا تـۆپ و فڕۆکـەی MIG بـەکارهێناوە . کوردەکـان دەڵـێن هیوادارببوونـە بەرپەرچدانـەوەی هێرشـی عێـراق ، کۆتایی بە هەوڵەکانی دەوڵەتی بەغداد هێنابایا بۆ پێشێلکردنی رێککەوتننامـەی ١٩٧٠ بەڵام هەرحاڵ ئێستا کڕینی گازی ژەهـراوی لـە سـۆڤیەت نیشـان دەدات کـە بەغـداد هەوڵ دەدات دوایین رێگاچارەی کێشەی کورد جێبەجێ بکات ، بـە هـەمان شـێوە کـە هیتلێر جوولەکەکانی قەڵاچۆ کرد.
بە وتەی وتەبێژی کورد ، گازی کیمایی لە کەمپی لەشـکری "تـاجی"، هەڵکـەوتوو لـە رۆژئـاوای بەغـداد و ناوەنـدی فەرمانـدەیی ٢ی سـوپا لـە کـەرکووک و ناوەنـدی فەرماندەیی ٤ی سوپا لە مووسڵ رادەگیرێت . وتەبێژەکە وتـی تـەنها بیـروڕای گشـتی دەتوانێت پێش لە بە کارهێنانی گازی ژەهراوی دژبە کورد بگرێت و داوای لە بیـروڕای گشتی کرد کە داوا لە سۆڤیەت بکەن گازی ژەهراوی و پسپۆڕەکانی خۆی لـە عێـراق بباتە دەرەوە .

## کوردەکان لـە عێراقدا

## ١١ی تەموزی ١٩٧٤– ئەنجوومەنی نوێنەران

بەڕێز " هامیلتۆن" :

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران، ئەوەی کە لەم رۆژانەی دواییدا لە رۆژنامەکاندا سەرنجی پێدراوە شەڕێکی دیکەیە لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا . ئەم شەڕە لە نێوان هێزە کوردەکان و لایەنگرانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە لایەک و هێزەکانی سوپای عێراق لە لایەکی دیکەیە . ئەم شەڕە لە سەر ئەوەیە کە کوردەکان داوای جۆرێک ئۆتۆنۆمی ناوچەیی دەکەن لە ناو وڵاتی عێراقدا . ئەم شەڕە نوێ نییە و لە ماوەی ١٣ساڵی رابردوودا پەیتا پەیتا بەردەوام بووە.

لەم دواییانەدا من و کۆنگریسمەن " فرایزێر " لە سەر داواکاری خۆیان لەگەڵ نوێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان (PDK ) دیدارمان کرد تا سەبارەت بەم شەڕە و کاریگەرییەکانی لە سەر ئاشتی و سەقامگیری رۆژهەلاتی ناوەڕاست قسەو باس بکەین. بێ ئەوەی کە بیروڕای خۆمان سەبارەت بە شایانبوونی کێشەی کورد و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لەم شەڕانەی دواییدا و کێشە ناوخۆیی و بنەڕەتییەکانی دیکەی عێراق دەرببڕین ، ئێمەلە سەر ئەو بڕوایەین کە پێویستە بیروڕای نوێنەرە کوردەکان بە هەند وەربگیردرێت و بۆ ئەم مەبەستە ئێمە داوامان لە وەزارەتی دەرەوە کردووە کە بە شێوازی غەیرە فەرمی لە گەڵ ئەم نوێنەرانەی PDK دابنیشێت ، بەڵام وەزارەتی دەرەوە قبووڵی نەکردووە .

لە حاڵێکدا من لە سەر ئەو بڕوایەم کە نابێت هیچ چەشنە یارمەتییەکی نهێنی و ئاشکرا بدرێت بە کوردە راپەڕیوەکان، بەڵام پێمناخۆشبوو کە بەرپرسانی پایەبەرزی وەزارەتی دەرەوە نەیانویست بە شێوازی غەیرە فەرمی دیدار بکەن لەگەڵ دوو وەزیری پێشووی عێراق کە ئەندامی PDK ـ ن. کەوابوو هەلێکی سوودمەندمان لە دەست چوو بۆ ئاگاداربوون لە یەکێ لە روانگەکانی ئەم شەڕە کە لە ٢ مانگی رابردوودا پەرەیەکی بەرچاوی سەندووە . ئەمە دەقی ئەو نامەیەیە کە من و بەڕێز "فرایزێر" ناردوومانە بۆ وەزارەتی دەرەوە :

کۆمیتەی کاروباری دەرەوەی ئەنجوومەنی نوێنەران

واشنگتۆن دی سی ، ١٣ی حوزەیرانی ١٩٧٤

بەڕێز " هێنری کیسینجێر "، وەزیری کاروباری دەرەوە، واشنگتۆن دی سی

بەڕێز جەنابی وەزیر ، ئێمە دەمانەوێت داواتان لێ بکەین نوێنەری پایەبەرزی وەزارەتی دەرەوە ، جێگری وەزیری دەرەوە ، "جۆزێف سیسکۆ"یا یارمەتیدەری وەزیری دەرەوە " ئالفرێد ئەسێرتۆن " لە گەڵ " م م عەبدولڕحمان" و "م دزەیی" ، وەزیرانی پێشوی دەوڵەتی عێراق و "شەفیق قەزاز "دیدار بکەن کە هەموویان ئەندامی پایەبەرزی پارتی دیموکراتی کوردستانن و ئێستا لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادان بۆ ئەوەی لە کۆبوونەوەی نەتەوەیەکگرتووەکاندا بەشداری بکەن .

بێ ئەوەی رای خۆمان لە سەر داخوازییەکانی ئەو ئەندامانەی PDK دەرببڕین ، ئێمە لە سەر ئەو بڕوایەین کە مەسەلەی ئەم نوێنەرانە شایانی ئەوەیە لەلایەن نوێنەرانی پایەبەرزی وەزارەتی دەرەوە گوێی لێبگیردرێت. شەڕی ناوخۆی عێراق کە تا ئێستا نزیکەی ١٣ ساڵی خایاندووە ، لەم دوایانەدا بووە بە شەڕێکی جیدی تر و خوێناویتر و ژمارەیەکی بەرچاو تێیدا کوژراون . ئێمە لەو بڕوایەداین کە بە هۆی ئەوەی کە ئەم شەڕە دەتوانی کار بکاتە سەر رەوشی هەستیاری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، و هەندێ لە دراوسێکانی عێراقی سەرقاڵی خۆی کردووە ، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەبێ ئاگاداری هەموو لایەنەکانی ئەم شەڕە بێت .

ئێمە سپاستان دەکەین ئەگەر بەزووترین کات سەرنج بدەن بەم بابەتە.

لەگەڵ رێزماندا

" لی ه هامیلتۆن"، سەرۆکی کومیسیۆنی رۆژهەڵاتی نزیک و باشووری ئاسیا

"دۆناڵ م فرێزێر"، سەرۆکی کومیسیۆنی رێکخراو و بزووتنەوە نێونەتەوەییەکان

ئەمەش دەقی وەڵامەکەی وەزارەتی دەرەوەیە:

وەزارەتی کاروباری دەرەوە

واشنگتۆن دی سی، ٣ی تەموزی ١٩٧٤

بەڕێز لی ه هامیلتۆن

سەرۆکی کومیسیۆنی رۆژهەڵاتی نزیک و باشووری ئاسیا، ئەنجوومەنی نوێنەران ،

واشنگتۆن دی سی

بەڕێز جەنابی سەرۆک

جەنابی وەزیر داوای لێمکردووە تا وەڵامی نامەکەی ١٣ی حوزەیرانی ئێوە بدەمەوە کە سەرۆک " فرایزێر" یش وازۆی کردووە و داواتان کردووە جێگری وەزیر ، "سیسکۆ" یا یارمەتیدەری وەزیر، "ئەسێرتۆن" لە گەڵ نوێنەرانی پایەبەرزی پارتی دیموکراتی کوردستان ( PDK) دیدار بکات.

ئێمە چەند داواکارێکمان لە لایەن نوێنەرانی کوردەوە بۆ چاوپێکەتن بە دەست گەیشتووە. لە ساڵی رابردوودا پەیوەندی ئێمە لە گەڵ PDK لە ئاستێکی نزمدا بوو. ئەگەر ئێمە ئێستا ئەم سیاسەتە بگۆڕین لە وانەیە هەم کوردەکان و هەم دەوڵەتی بەغداد بەهەڵە تێبگەن . هەرواکە ئێمە سەرنجمان داوە ، لە ئەنجامی ئەم سیاسەتەی ئێمەدا ، بانگەشەکانی عێراق کەم بۆتەوە دەربارەی ئەوە کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پشتیوانی لە راپەڕینی کورد دەکات .

لە کاتێکدا کە گەلێ لە ئەمریکاییەکان هاوسۆزی کوردەکانن ، هەڵوێستی وەزارەتی کاروباری دەرەوە ئەوەیە کە ئەم ململانێیە پێش هەموو شتێک کێشەی ناوخۆیی عێراقە و ئێمە نامانەوێت کوردەکان بەو باوەڕە بگەن کە ئێمە ئامادەین بە ئاشکرا یان نهێنی پشتیوانی لە راپەڕینەکەیان لە عێراق بکەین . کەوابوو ئێمە هەموو هەلێک دەدەین بە نوێنەرانی کورد تا باسی کێشەی خۆیان بکەن ، بەڵام نە لەو روانگەیە کە ئێمە پشتیوانی لە کێشەکەیان دەکەین . ئەڵبەتە پەیوەندییەکانی ئێمە لەگەڵ PDK بۆ یارمەتیدەری وەزیر، بەڕێز "ئەسێرتۆن" و جێگری وەزیری کاروباری دەرەوە راپۆرت دەدرێت.

ئەگەر ئێمە سیاسەتی پێشوومان بگۆڕین و لە ئاستێکی بەرزتردا لەگەڵ نوێنەرانی PDK دیدار بکەین ، بێگومان ئەمە سەرنجی دەوڵەتی عێراق و وڵاتانی عەرەبی دیکە رادەکێشێت و لە وانەیە وەک دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆی عێراق شرۆڤە بکرێت و خەسار لە باشتربوونی پەیوەندی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و عێراق بدات. هەر چەشنە یارمەتییەک کە ئێمە بیدەین بە کەمینەیەک لە خەباتیدا بۆ ئۆتۆنۆمی دژی دەوڵەتێکی عەرەبی ، لەوانەیە ببێتە جێگای گومانی جیهانی عەرەب بە نیسبەت نیازەکانی ئێمە .

له ئاکامدا ، من باوەڕ ناکەم بەرز کردنەوەی ئاستی دیدارەکانمان لە گەڵ نوێنەرانی PDK خزمەت بە ئامانجەکەمان بکات . ئەوەی کە باس کرا ، بە واتای ئەوە نییە کە ئێمە لە گەڵ سیاسەتی عێراق داین بە نیسبەت کورد یا بایەخی ئامانجە نەتەوەییەکانی خەڵکی کورد کەم بکەینەوە . هەڵوێستی ئێمە لە بنەڕەتدا ئەوەیە کە بێ لایەن بین بە نیسبەت هەر ناکۆکیەکی ناوخۆیی کە هەست دەکەین نابێت خۆمانی تێوەبگلێنین .

لە کاتێکدا ئێمە لە سەر ئەو باوەڕە نین کە گۆڕانی سیاسەتەکەمان بە نیسبەت PDK لەم کاتەدا زۆر بە قازانجمان بێت بەڵام خۆشحاڵ دەبم بەڕێز "عەبدولڕەحمان "، بەڕێز "دزەیی" و نوێنەرێکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە کاتێکی گونجاودا پێکەوە دیدار بکەن .

بەڕێز شەفیق قەزاز ، نوێنەری PDK لە ٩ی حوزەیران لە وەزارەتی دەرەوە وەرگیراوە و سێ نوێنەری کوردی دیکە لە هەمان ڕۆژدا بۆ لێژنەی ئێمە بانگهێشت کراون لە نەتەوە یەکگرتووەکان . ئەگەر بەڕێزت یا سەرۆک "فرایزێر" کورتەیەکی غەیرە فەرمی لە بارەی سیاسەتی ئێمەتان دەوێت بە نیسبەت کێشەی کوردی عێراق ، ئاگادارم بکەنەوە .

لە گەڵ ڕێزمدا

لینۆد هاڵتۆن

یارمەتیدەری وەزیر بۆ پەیوەندییەکانی کۆنگرێس

## چارەنووسی کوردەکان

## ١٧ی نیسانی ١٩٧٥– ئەنجوومەنی نوێنەران

بەڕێز " کۆچ " نوێنەری ئەیالەتی نیۆیۆرک :

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن ، لە ساڵی ڕابردوودا ، کوردەکان شەڕێکی خوێناوییان دژی دەوڵەتی عێراق کردووە بۆ مافی ڕەوای ئۆتۆنۆمی . ڕێبەری کورد ، مستەفا بارزانی بە ڕەتکردنی ئەو جۆرە ئۆتۆنۆمییە سیاسییە کە عێراق بەڵێنی دابوو ، داوای

لە خەڵکەکەی کرد لەگەڵ سوپای عێراق شەڕ بکەن کە لەلایەن سۆڤیەتەوە پۆشتە دەکرێت. کوردەکان ئازایانە شەڕیان کرد و هەندێک سەرکەوتنیان بەدەست هێنا ، بەشێک لەم سەرکەوتنە بە هۆی ئەو چەک و تەقەمەنییە بوو کە شای ئێران ناردبووی بۆ کوردەکان . هاندەری شا بۆ ئەم یارمەتیدانە ئەوەیە کە شا هەوڵ دەدات دوژمنە سەرسەختەکەی خۆی واتا عێراق لەرێگای کوردەکان لاواز بکات. پەیماننامەی جەزاییر کە ئەم دواییانە لە نێوان ئێران و عێراق واژۆ کرا، هەڵوێستی بێ بەزەییانەی شای بە نیسبەت کوردەکان خستەڕوو . شا لە سەر ئەوە رێککەوت کە کۆتایی بە هەموو یارمەتێک بە کورد بهێنێ و لە ١ی ئافریلی ئەمساڵدا ، سنوورەکانی بە رووی ئاوارە کوردەکان داخست . لە ئاکامدا ، شا حوکمی مەرگی ئەو کوردانەی واژۆ کرد کە لە وڵاتی خۆیاندا مابوونەوە .

تراژیدیای ئەم خیانەتە لەگەڵ بێدەنگی نەتەوە یەککگرتووەکان تێکەڵ بووە . لە کاتێکدا کە نەتەوەیەککگرتووەکان زۆر بە باڵای یاسر عەرەفاتدا دەیخوێند ، بە ساردی لە گەڵ کوردەکان هەڵسوکەوتی کرد و بەتووندی نوێنەرە کوردەکانی رەت کردەوە ، لە بەر ئەوە کە نوێنەری بزووتنەوەیەکی بێ دەوڵەت بوون ، ئەمە دووڕووییە .

کوردەکان تەنها ئەوەیان دەوێت بە ئاشتی و بەو شێوازە کە خۆیان پێیان باشترە بژین بەڵام کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لە بەرامبەر هەوڵەکانی ئەواندا راوەستاوە . ئێمە دەبێت هەرچی لە دەستمان دێت یارمەتی مرۆڤدۆستانە بە کوردەکان بدەین ، چ ئەوانە کە ئاوارەی ئێران بوونە و چ ئەوانەی کە لە ژێر دەستی دەوڵەتی عێراقدان . وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا کە بە پەناگای دوورخراوە سیاسییەکان ناسراوە ، دەبێت داواکارییەکەی رێبەری کورد ،مەلا مستەفا بارزانی قەبووڵ بکات ، ئەگەر بێت و داوای مافی پەنابەری بکات.

کورد کە گەلێکی شاخنشینی زمووختە ، هەزاران ساڵە لە سەر خاکی خۆی دەژی . ئەم خاکە هی خودی کوردەکان بوو ، پێش ئەوەی نەوت خاکەکەیان ئەوەندە گرنگ بکات . لە راستیدا چەندە ناخۆشە کە لای هەندێ لە دەوڵەتەکان، نەوت لە چارەنووسی ئەم خەڵکە ئازایە و مافی ژیانیان گرنگترە.

لەم بەسەرهاتە دا ، خاڵی کۆتایی کە زۆر کاری کردۆتە سەر من ئەوەیە کە پێشمەرگەکانی بارزانی قەد دەستیان نەبردووە بۆ تیرۆریزم و ئەمە لە نێو ئەو بزووتنەوانەی کە خەبات بۆ رزگاری نەتەوەیی دەکەن ، بێ وێنەیە . لەم شەڕەدا بارزانی لیستی دیلە عێراقییەکانی بڵاو کردووەتەوە و ئیزنی بە رێکخراوی خاچی سوور داوە سەردانیان بکات ، سەرەڕای ئەو هەڵسوکەوتە خراپەی دەوڵەتی عێراق لە گەڵ دیلە کوردەکان . کوردەکان ئەوەندە جورئەت و جەسارەتیان هەیە داکۆکی لە ئازادی خۆیان بکەن ، بێ ئەوەی دەست ببەن بۆ ئەم تاکتیکە سەرنجڕاکێش و درێوانە . چەندە شەرمە بۆ شارستانییەت کە ئەوانەی کە دەست نابەن بۆ تیرۆریزم ، تووشی کارەسات دەبن ، بەڵام ئەوانەی کە دەستی بۆ ئەبەن ، بە فەرمی دەناسرێن

## بارودۆخی کورد پێویستی بە کۆنوانسیۆنی ژنێڤ هەیە
## ٨ی مایسی ١٩٧٨ – ئەنجوومەنی پیران

بەڕێز" پرۆکزمایر ":

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن ، گەلێک هۆکار هەیە بۆ ئەوەی بۆ دەبێ ئەنجوومەنی پیرانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کۆنوانسیۆنی ژینۆساید پەسەند بکات . من گەلێک جار لە بارەی ژینۆسایدەوە قسەم کردووە کە ئێستا لە "کامبۆجییا" و " ئۆگاندا "بەڕێوە دەچێت و ئەڵبەتە هەموومان باش ئاگاداری کۆمەڵکوژی درێوی ٦ میلیۆن جوولەکەین بە دەستی نازییەکان لە ماوەی شەڕی دووهەمی جیهانیدا . کۆنوانسیۆنی ژینۆساید بەرهەمی هەوڵی گەلێ لە نەتەوەکانی جیهانە بۆ پێشگرتن لە تاوانی ژینۆساید و خودی پەیماننامەکەش ژینۆسایدی بە تاوانێکی نێونەتەوەیی داناوە . بەڵام بە دڵنیاییەوە یەکێ لە گرنگترین هۆکارەکانی پەسەندکردنی کۆنوانسیۆنی ژینۆساید ئەوەیە کە ژینۆساید لە وانەیە لە داهاتوودا دووبارە ببێتەوە. لەم رۆژانەی دواییدا رۆژنامەی "واشنگتۆن ستار" وتارێکی بڵاو کردووەتەوە سەبارەت بە بەسەرهاتی دڵتەزێنی رێبەری کورد ، ژنەراڵ مستەفا بارزانی.

ژمارەی کوردەکان چەند ملیۆنە و لە ناوچە شاخاوییەکانی عێراق ، ئێران ، سوریا و تورکیا دەژین . ساڵەهای ساڵ کوردەکان بۆ دامەزراندنی وڵاتی خۆیان لە عێراق خەباتیان کردووە بەڵام راپەرینەکەیان هەرەسی هێنا کاتێ کە پشتیوانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ساڵی ۱۹۷٥بچڕا .

بۆ خەڵکی ئەمریکا چەندە سەختە وێنای ئەوە بکەن کە ژیان چۆن دەبێت ئەگەر وڵاتێکیان نەبێت بە ناوی ئەمریکا، بەڵام وێنا کردنی ئەم جۆرە ژیانە بۆ کوردەکان و ژنەراڵ بارزانی ئاسانە . ژنەراڵ بارزانی لە ناوچە شاخاوییەکانی عێراق لە گوندێکی بچووک بە ناوی بارزان دەژێت . لە ۱۹۳۱ بارزان لەلایەن سەربازە عێراقییەکانەوە گەمارۆ درا و خاپوورکرا و پاش ئەوەش بارزان ١٤ جار کاول کرا .

ئەمرۆ ژنەراڵ بارزانی لە ئەمریکا دەژی و ئاگادارە کە خزم و کەسە کانی لە نێو خاکی ئێران و عێراق لە کەمپەکاندا دەژین . کاربەدەستانی عێراق هەوڵیان داوە خەڵکی کورد بۆ باشووری وڵات دووربخەنەوە چوونکە لەوێ لە ژێر چاودێریدان و بەرەبەرە لە ناو کۆمەڵگادا دەتوێنەوە . گەلێ لەم بنەماڵانە لەناوچوونە ، پێشمەرگەکان کەشف کراون و کوژراون . ئەوەی کە بەڕێوەدەچێت کەمتر لە هەوڵدان بۆ قڕکردنی ناسنامەیەکی کوولتووری نییە . بێ ئاگاداربوون لە زانیارییەکانی ناوچە ، ناتوانین بە دڵنیاییەوە بڵێین کە ئایا ئەم کوشتنانە بە تاک رووی داوە یا بە کۆمەڵ و سیستماتیک . ئێمە نازانین ئایا ژینۆساید ـــ بەو شێوازە کە لە کۆنوانسیونی ژنێڤدا پێناسە کراوە ـ رووی داوە یا نا بەڵام دەزانین کە هەموو ئەم خەڵکە لە رووی ئەتنیکی و کولتوورییەوە رووبەڕووی ئازار و ئەزییەت بوونەتەوە و بەشێک لەم بەر پرسیارییەتییە لە ئەستۆی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە .

من داوادەکەم وتارەکەی رۆژنامەی "واشنگتۆن ستار " کە لە لایەن "لین رۆزیلینی۳ "یەوە نووسراوە ( بە ناوی دوایین شەڕی ژنەراڵ مستەفا بارزانی کە لە لایەن چەند سەرچاوەیەکەوە پشتڕاست کراوەتەوە و لە ۱۸ی نیسانی ۱۹۷۸ بڵاو بۆتەوە) دەستبەجێ لە دوای قسەکانی من بخرێتە بەردەستی هاوکارانم.

هەروەها من لەم هەلە کەڵک وەردەگرم و وەبیری ئەنجوومەنی پیران دەهێنمەوە کە بارودۆخی کوردەکان یەکێ لەو نموونە روونانەیە کە پێویستە بە گوێرەی کنوانسیۆنی ژینۆساید مامەڵەی لەگەڵ بکرێت . ئەم پەیماننامەیە ۳۰ ساڵ لەمەو بەر بووەتە ئەجینداى ئەنجوومەنی پیران . له ماوەی ئەم ۳۰ساڵە دا واتا لەو کاتەوە کە سەرۆک ترۆمەن٤ ئەو پەیماننامەیەی واژۆ کرد ، هەموو سەرۆکێک داوای لە ئەنجوومەنی پیران کردووه کنوانسیۆنی ژینۆساید پەسەند بکات . ئایزنهاور ، کینیدی ، جانسۆن ، نیکسۆن ، فۆرد و ئەم دواییانە سەرۆک کارتێر پشتیوانییان لەو پەیماننامەیە کردووه . داوا له ئەنجوومەنی پیران دەکەم به زووترین کات کونوانسیۆنی ژینۆساید پەسەند بکات .

## کۆچی دوایی ژنەراڵ مستەفا بارزانی
## ۷ی ئاداری ۱۹۷۹ – ئەنجوومەنی پیران

بەڕێز " پرۆکزمایر ":

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن ، دەمەوێت ئاماژە بە کۆچی دوایی ژنەراڵ مستەفا بارزانی بکەم کە بە ماوەی ٤٠ساڵ خەباتی کرد بۆ ئازادی گەلەکەی. سێ ساڵ پێش جارێکیان ژنەراڵ بارزانی داوای کردبوو لە نووسینگەکەمدا بمبینێت . بارزانی لە رێگای وەرگێڕێکەوە باسی ئەوەی کرد کە هاتووه سپاسی من بکات بە بۆنەی لێدوانەکانم سەبارەت بە کردوەوە سەرکووتکارانەکانی رژێمی عێراق و ئێران دژی کوردەکان و ژنان. بارزانی بە نەرمی و راشکاوانە قسەی دەکرد و دەیگوت یەکێ لە گەورەترین بێ هیواییەکانی ژیانی ئەو کاتە بووه کە سیاسەتی ئەمریکا لە لایەن "کیسینجێر"، وەزیری کاروباری دەرەوە گۆڕاوە و بووەتە هۆی سەرکوتی خوێناوی راپەرینەکەی دژی دەوڵەتی عێراق . بارزانی داوای یارمەتی بۆ ئاوارە کوردەکان کرد و پاشان رۆیشت.

داستانی دەوری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە راپەرینی کورد ، داستانێکی ناخۆشە و یەکێ لە خراپترین نموونە ژئۆپلۆتیکییەکان و کایە سیاسییەکانی نێوان حکوومەتەکان و نەتەوەکانە . کاتێ کە بە قازانجی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو ، ئێمە یارمەتیمان بە راپەرینی کورد دا و کاتێ کە وەزیری دەرەوە ، کیسنجێر هەستی بەوە کرد دەبێ هاوپەیمانییەک لەگەڵ شای ئێران مۆر بکات کە رۆژ لە دوای رۆژ زۆرتر نیگەرانی سنوورەکانی رۆژئاوای وڵاتەکەی دەبوو ، وڵاتە یەکگرتووەکان لە ناکاو یارمەتییەکانی پچڕاند . خەڵکی کورد دەوری "سەرباز"یان لەم کایەی شەترەنجەدا گێڕا .

کاتێ کە وەزیری دەرەوە ، کیسینجێر دەڵێت "ناهێڵێت نیگەرانی بۆ مافی مرۆڤ بە سەر سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا زاڵ بێت" ، دەبێ بیر لە خەڵکی کورد بکاتەوە کە چارەکە سەدەیەک خەباتیان کردووە بۆ سەربەخۆییەک کە سەرەتا ئەنجامێکی باشی بۆ وێنا دەکرا ، بەڵام لە ئاکامی رێکەوتنێکی دیپلۆماتیکی خێرا لەپشت پەردەوە خنکێندرا.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن داوا دەکەم وتارەکانی رۆژنامەی " واشنگتۆن پۆست" (٣ی ئاداری ١٩٧٩) و " نیۆیۆرک تایمز" (١ی ئاداری ١٩٧٠) سەبارەت بە ژنەراڵ بارزانی بخرێتە بەر دەستی هاوکارانم.

## کوردەکان: بە دوور لە کوورەی تواندنەوە
## ١٤ی ئەیلوولی ١٩٧٩ – ئەنجوومەنی نوێنەران

بەڕێز " رابێرت مایکل، "نوێنەری ئەیالەتی ئیلینۆیز:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن یەکێ لە گەورەترین ئەفسانەکان کە لە ٥٠ ساڵی دووەمی سەدەی ٢٠دا تاوتوێ نەکراوە ، بیرۆکەی کوورەی تواندنەوەیە لە کاروباری ناوخۆیی و نێونەتەوەییدا . شارەزایان دەڵێن ئاڵوگۆڕی خێرای زانیاری و راگەیاندنە ئیلکترۆنیکییەکان جیاوازی نێوان نەتەوەکان و گرووپە ئەتنیکییەکان لەناو دەبات ، دەڵێن هەمووکەس دەیەوێت شێواز و بیروڕا کۆنەکان لاببات و خۆی فرێداتە نێو

شەپۆلی نوێی پێشکەوتن ، بەو شێوازە کە رۆشنبیر و شارەزا رۆژئاواییەکان پێناسەیان کردووە . باشە ، بەڵام ئەم شێوازە بەتەواوی نەگۆڕاوە . لە باتی ئەوەی دنیا ببێتە کوورەیەکی گەورەی تواندنەوە ، ئێمە شەڕی عەشیرەتی خوێناوی لە ئافریقا و بەرز بوونەوەی گروتینی ناسیۆنالیستی لە نێوان ئیسکاتلەند و وێڵز دەبینین. "ڤێتنامییەکان" ، "کامبۆجیاییەکان" و" ×ینییەکان" کەوتوونەتە ململانێ لە گەڵ یەکدی و ئەم ململانێیە ئەوەندە کە هەوێنی سیاسی هەیە ، ئەوەندەش هەوێنی ئەتنیکی هەیە.

کوردیش کە گەلێکی کۆن و سەربەرزە ، نایەوێت بکەوێتە نێو ئەم کوورەی تواندنەوەیە . کورد شایانی ئەوەیە سەرنجی پێبدەین . من ئێستا دەمەوێت بچمە ناو وتارێک بە ناوی کورد و PLO (رێکخراوی ئازادی فەلەستین) کە لە رۆژنامەی "پیوریا ژۆرنال ستار " لە ٧ی ئەیلوولی ١٩٧٩ بڵاو بووەتەوە.

## بارودۆخی کورد و پەیماننامەی ژینۆساید
## ٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٣ – ئەنجوومەنی پیران

بەرێز " پرۆکزمایێر" :

بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن ، راپۆرتی ئەم دواییانەی میدیاکان سەبارەت بە گیرۆدە بوونی کورد لە شەڕی ئێران و عێراق ، جارێکی دیکە رەوشی دژواری خەڵکی کوردی هێنایەوە بیرمان کە ماوەی چەند دەیە بە دەستی دەوڵەتە دەسەڵاتدارەکان سەرکووت کراوە . ئەم بارودۆخە، پێویستی یەکجار زۆری پەیماننامەی ژینۆساید ئاشکرا دەکات.

نزیکەی ١٠ میلیۆن کورد لە ناوچە شاخاوییەکانی سەر سنووری عێراق ، ئێران و تورکیا دەژین . هەرچەند کە کوردستان لە نێوان سنووری ئەم دەوڵەتانەدا دابەش کراوە بەڵام دانیشتووەکانی نەتەوەیەکی جیاواز پێک دەهێنن ، بە زمانیکی جیاوازی

هینـد و ئۆرووپـایی قسـەدەکەن ، دابونـەریتێکی جیاوازیـان هەیـە و لـە رووی ئەتنیکییەوە لە خەڵکی دەورووبەری خۆیان جیاوازن .

کورد ئامـانجی سـەرکوتە سیسـتماتیکەکان ـ بـە تایبـەت لـە عێراقـدا ـ بـووە ( و ئێسـتاش هـەر هەیـە) بـۆ ئـەوەی کۆمەڵگاکـەیان بنبـڕ بکـەن ، بـڵاوەی پێبکـەن و بیخنکێـنن. گونـدە کوردنشـینەکان کـاول کـراون ، بنەماڵـە کوردەکـان لـە یـەک جیاکراونەتەوە ، کوردە وڵاتپارێزەکان و پێشمەرگەکان بەندکراون یـا ئیعدام کـراون . ئاوارە کوردەکان بە زۆر نیشتەجێ کراون و لە رەوشی ژیانی مان و نەمانـدان . روونـە ئەم کردەوانە بۆ لەناوبردنی کـورد وەک گرووپێکـی کولتـووری دارێـژراوە . روون نییـە کـە بـە گـوێرەی پێناسـەی وردی پەیماننامـەی ژینۆسـاید، خـەڵکی کـورد قوربـانی ژینۆسایدن یا نا بەڵام بە هەرحاڵ روون و ئاشکرایە کـە گـەلێ لـە کوردەکـان بوونەتـە قوربانی پێشێلکردنی تەواوی مافی مرۆڤ و ئەم پێشێلکارییانە سیاسەتی دەوڵەتەییـە کە بە شێوازی سیسـتماتیک بـەڕێوە دەچێـت . ئـەم کردەوانـە بـێ گومـان لـە ئاسـتی ژینۆساید دان .

هیوادارم هاوکارانم لە ئەنجوومەنی پیـران لـە بیریـان نـەچێت کـە کـردەوەی ژینۆسـاید هێشـتا ئـەمڕۆ روو دەدات . پێویسـتبوونی گارانتێـک بـۆ قەدەغـەکردنی ژینۆسـاید ئێستاش لە ئارادایە . پەسەند کردنی پەیماننامەی نێونەتەوەیی ژینۆساید ئـەم پەیامـە بە هێزتر دەکات کە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی ئیدی تەحەمولی تاوانی دژی مرۆڤایـەتی نییـە. داوا لـە هاوکـارانی سـناتۆرم دەکـەم بـێ دواخسـتن، پشـتیوانی خۆیـان لـە پەسەندکردنی ئەم یاسایە دەرببڕن .

## زیادەڕۆیی لە بەکارهێنانی گازی کیمیایی لە عێراق
## ٢٤ی ئاداری ١٩٨٨– کۆنگرێس

بەڕێز "لانتۆس" :

بەڕێز سەرۆکی کۆنگرێس، ماوەیەکی زۆر بە سەر مۆتەکـەی "جانسـتۆن" ـ کـە تێیـدا ٩١٣ پیاو ، ژن و منـداڵ بـە هـۆی گـازەوە کـوژران- تێنەپـەڕیوە کـە بیـرورای گشـتی

ئەمریکا کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئەو وێنە ترسناکانەی کە لە عێراقەوە دێن و نیشان دەدات گازی "سیانید" ، گازی "موستارد" و گازی دەمار لە لایەن دەوڵەتی عێراق دەژی خەڵکی خۆی بەکار هاتووە . لە بەر ئەوەی کە ناهێڵن میدیاکان دەستیان بە شوێنی رووداوەکە بگات ، ئێمە نازانین ئایا ژمارەی ئەو منداڵ ، ژن و پیرانە کە لە ئاکامی بەکارهێنانی زاڵمانەی گازی ژەهراوی لە سەر دەستی کاربەدەستانی عێراق کوژراون ، ٣ هەزار کەسە یان ٥ هەزار کەس. هێزی دەریایی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئێستا عێراق و هاوپەیمانانی لە کەنداوی فارس دەپارێزیت. حکوومەتی ئەمریکا دەبێت گوشار بخاتە سەر رژێمی بەغداد و پێی نیشان بدات کیمیابارانکردنی خەڵکی مەدەنی لە چاوی نەتەوە شارستانییەکانەوە قابلی قەبووڵ نییە . نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێ بە زووترین کات لێژنەیەک بنێرێت بۆ ناوچە تا لەم کۆمەڵکوژییە هۆڤانەیە بکۆڵێتەوە.

## یاسای شەرمەزارکردنی بە کارهێنانی چەکی کیمیایی لە لایەن دەوڵەتی ئێران و عێراق
## ٢٩ی ئاداری ١٩٨٨- کۆنگرێس

بەرێز "ئەتکینز" :

بەرێز سەرۆکی کۆنگرێس، من دەمەوێت نیگەرانی خۆم دەرببرم بە نیسبەت بە کارهێنانی چەکی کیمیایی لە لایەن ئێران و عێراق کە دژی یەکدی شەڕدەکەن . هەفتەی رابردوو ، بە سەدان خەڵکی بێ گوناح لە کوردستانی عێراق بە چەکی کیمیایی کوژراون . هەموومان راپۆرت و هەواڵەکانی ئەم رووداوەمان بینیوە . بنەماڵەکان لە سەر مێزی نان خواردندا مردوون ، دایک و باوکەکان منداڵەکانیان بە توندی لە ئامێز گرتووە تا لە گازی ژەهراوی بیانپارێزن ، وەکوو ئەوە وایە ئەسب سواری چوارەمی کتێبی "موکاشفاتی یوحنا " لە هەموو شاردا غاری دابێ و کۆمەڵێک مردووی بە شوێنی خۆیدا بە جێ هێشتبێ .

چەکی کیمیای ترسناکە و لە لایەن هەموو نەتەوەکانی جیهان شەرمەزار کراوە . پرۆتۆکۆلی ١٩٢٥ی ژنێف بەکارهێنانی چەکی کیمیایی قەدەغە کرد و هیوادار بوو ئیدی قەد بەکار نەبردرێت بەڵام هەم ئێران و هەم عێراق لە شەڕی کەنداودا لەم چەکە ترسناکانە کەڵکیان وەرگرتووە . کەڵکوەرگرتن لە چەکی کیمایی وەک ئامرازی شەڕ خۆی لە خۆیدا کارێکی درەندانەیە بەڵام وادیارە دەوڵەتی عێراق ئەم چەکەی دژی خەڵکە سڤیلەکەی خۆیشی بەکار هێناوە . ئەمە یەکەم جار نییە کە چەکی کیمیایی لە ناوچەی کوردستان بە کار دبردرێت . کوشتنی خەڵکی بێ گوناح هیچ پاساوێکی نییە و ئەو کۆمەڵکوژییە کە هەفتەی رابردوو رووی دا ، جێی داکۆکی نییە

لەم هەفتەیە دا من گەلاڵەیەک تەسلیمی ئەنجوومەن دەکەم بۆ شەرمەزار کردنی بە کارهێنانی چەکی کیمیایی لە لایەن ئێران و عێراق .
داوا لە هاوکارانم دەکەم لەم هەوڵەدا دەنگی خۆیان بخەنە پاڵ دەنگی من بۆ ئەوەی لانیکەم خەڵکی بێ گوناح لە شەڕی کەنداو لەمە زیاتر نەبن بە قوربانی.
ئێمە نابێت لەمە زیاتر بێ دەنگ بین .

## ئیدانەکردنی دەستدرێژی عێراق بۆ سەر هەرێمی هەوایی تورکیا
## ٣٠ی ئاداری ١٩٨٨– کۆنگرێس

بەڕێز "پۆرتێر":
بەڕێز سەرۆکی کۆنگرێس ، هەفتەی رابردوو عێراق بە هێرشی کیمیایی بۆ سەر خەڵکەکەی خۆی لە شارۆچکەی سنووری هەڵەبجە نەوەستاوە و هەرێمی هەوایی تورکیای بەزاندووە بۆ ئەوەی کەمپی پێشمەرگەکان بۆردمان بکات کە تەنها یەک کیلۆمەتر لە ناو خاکی تورکیادا بوون .
لە کاتێکدا کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەبێ لە شەڕی کەنداوی فارس بێ لایەن بمێنێتەوە بەڵام هیچ گومان لەوەدا نییە کە نابێت لە بەرامبەر هێرش بۆ سەر تورکیا بێ دەنگ بێت .

بە گوێرەی مەنشووری ناتۆ ، هێرش بۆ سەر هەر هاوپەیمانێکی ناتۆ لە حوکمی هێرشکردنە بۆ سەر تەواوی ئەندامانی ناتۆ . دەبێت لە پێشەوە هۆشداری بدرێت بە دەوڵەتی عێراق کە هەرچەند کە هێرشی کیمیایی دەکاتە سەر خەڵکەکەی خۆی و بە رواڵەت کەس هیچ ناڵێت ، بەڵام هێرش کردنە سەر هاوپەیمانێکی وەفادار وەک تورکیا خراپترین ئاکام و لێکەوتەی بەدواوە دەبێت . با قارەمانانی هێزی هەوایی عێراق کە هێرشیان کردوەتە سەرUSS.STARK و هەڵەبجە بزانن کە بەم کارەی خۆیان دوژمنێکیان بۆ خۆیان دروست کردووە کە لە ئێران گەورەترە .

## ئیدانەکردنی کەڵک وەرگرتنی عێراق لە چەکی کیمیایی
## ٢٤ی حوزەیرانی ١٩٨٨ – ئەنجوومەنی پیران

بەڕێز "مایکێل ":

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن، خۆشحاڵم ئەمڕۆ هاوکارانم پشتیوانی خۆیان لە پەسەندکردنی بڕیارنامەی ٤٠٨ دەردەبڕن . ئەم بڕیارنامەیە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە لایەن عێراق شەرمەزار دەکات و داوا لە سەرۆک دەکات درێژە بە هەوڵەکانی ئەمریکا بدات بۆ ئەوەی بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی چەک لە ئاستی نێونەتەوەییدا قەدەغە بکرێت .

جێگای داخە پەسەندکردنی بڕیارنامەیەک لەم جۆرە پێویست بێت ، بەڵام ئێمە ناتوانین پەرەسەندنی ترسناکی کەڵک وەرگرتن لەم چەکانە لە شەڕی ئێران و عێراق پشتگوێ بخەین . ئێمە دەبێ لە ئەنجوومەنی پیرانی ئەمریکادا بە فەرمی کەڵک وەرگرتن لەم چەکە ئیدانە بکەین و پشتیوانی خۆمان لە هەوڵە بەردەوامەکان دەرببڕین بۆ دووبارە کردنەوەی قەدەغەی ئەخلاقی و یاسایی کەڵک وەرگرتن لە چەکی کیمیایی . چەند مانگ پێش کۆمەڵگای نێونەتەوەیی شۆکە بوو بە هۆی دیتنی ئەو بەڵگە روونانەی کە نیشانی دەدا عێراق دژی خەڵکی خۆی چەکی کۆمەڵکوژی بەکار هێناوە .

له ١٦ی ئادار عێراق به چەکی کیمیایی هێرشی کردە سەر شاری هەڵەبجە کە ئێران داگیری کردبوو و پتر له ٢ هەزار کوردی سیڤیلی کوشت.
وێنەی سەیر و سەمەرەی خەڵکی سیڤیل که لە کاتی ئەنجامدانی کاری ڕۆژانەیاندا مردبوون و وشک ببوون ، هەموومانی هەژاند . بەڵام پێش ئەم ڕووداوە ، گەلێ نیشانە لە دەستدا بوو کە توانایی بەرهەمهێنانی چەکی کیمیایی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ڕووی لە پەرەسەندنە . ئێمە دەزانین لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٢ عێراق دەستی کرد بە تاقیکردنەوەی چەکی کیمیایی و بە هەڵە بە چەکی کیمیایی هێرشی کردە سەر سوپای خۆی.
ئەم بڕیارنامەیە ستایشی "سەرۆک ڕەیگان" دەکات بە هۆی ئەوە کە کتووپڕ ئەم کردەوەیەی عێراقی وەک پێشێلکردنی گەورە و تایبەتی یاسایی نێونەتەوەیی شەرمەزار کرد. پشکنەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان پێشتر ڕایانگەیاندووە کە عێراق لە ساڵی ١٩٨٤ ، ١٩٨٦ و سەرەتای ١٩٨٧ دژی ئێران چەکی کیمیایی بەکار هێناوە .
هەر هێرشێک لەم پەیوەندییەدا پێشێل کردنی زەقی پرۆتۆکۆلی ١٩٢٥ی ژنێڤە کە عێراق واژۆی کردووە . وادیارە ئێرانیش چەند ساڵ پاش دەستپێکردنی تاقیکردنەوەکانی عێراق ، لە ئاستێکی بەرتەسکتردا دەستی کردووە بە بەرهەمهێنانی چەکی کیمیایی . بە پێی ڕاپۆرتەکان ، ئێران لە تۆڵەی هێرشە کیمیاییەکانی عێراق ، چەکی کیمیایی بەکار هێناوە ، لە وانە لە هەڵەبجە.
هەتا کاتێک کە هەر دوولا هەروا چەکی کیمیایی بەکار بهێنن ، مەترسییەکانی چەکی کیمیایی لە شەڕی ٨ ساڵەی کەنداوی فارس زۆرتر دەبێت . ئێستا ئێران و عێراق لە هێرشکردنە سەر شارەکان ، لە مووشەکی ئاسایی کەڵک وەردەگرن و ئەگەر بتوانن ئەم مووشەکانە بە کڵاوەی کیمیایی تەیار بکەن ، ڕەنگە خەڵکی سڤیل لە ناو شارەکاندا بکوژن و بریندار بکەن .
پەسەند کردنی بڕیارنامەی ٤٠٨ لە ئەنجوومەنی پیران ، هەڵگری پەیامێکی بە هێزە بۆ لایەنەکانی شەڕی کەنداو . بڕیارنامەکە وەک نموونە هێرشە کیمیاییەکانی عێراقی شەرمەزار کردووە و نیگەرانی خۆی دەربڕیوە لە بەکارهێنانی بەردەوامی چەکی

کیمیایی له لایەن ئێرانەوه . دەبێ ئەنجوومەنی پیران به توونـدی کـەڵک وەرگـرتن لـه چـەکی کیمیـایی لـه لایـەن هـەر وڵاتێکـەوه بـێ جیـاوازی شـەرمەزار بکـات. هێرشـه کیمیاییەکانی ئەم دوایيانەی عێراق سـەمبولی سـەرنەکەوتنی کۆمـەڵگای نێونەتەوەییـه بۆ ئەوەی که به شێوازی کارا رێگه له راگوازتنەوەی مـاددەی کیمیـایی و بـەکارهێنانی چەکی کیمیایی بگرێت که له لایەن پرۆتۆکۆلی ١٩٢٥ی ژنێفەوه قەدەغه کراوه .

له کاتێکدا که نەتەوه یەکگرتووەکان بەردەوام بەکارهێنانی چـەکی کیمیـایی لـه لایـەن عێراقەوه شەرمەزار کردووه ، بـەڵام قـەد هـیچ چەشـنه گەمارۆیـەکی نەخسـتۆته سـەر ئەو وڵاتانەی که پرۆتۆکۆلی ژنێڤ پێشێل دەکەن .

## تاوتوێکردنی گەلالـەکان و بڕیارنامـه هاوبەشـەکان بـۆ پێشـگیری لـه ژینۆساید ٨ی ئەیلوولی ١٩٨٨ – ئەنجوومەنی پیران

بەڕێز " پێڵ ":

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن ، له سەر سـنووری ئێـران و عێـراق ، هێمـا و نیشـانەکانی تاوانێکی زۆر گەوره دەردەکەوێت . بۆ جاری دووەم لەم سەدەیه دیکتاتۆرێکی دڕنده گازی کوشنده بـه کـار دێنێـت بـۆ قـەلاچۆکردنی کەمینەیـەکی ئـەتنیکی جیـاواز. ئـەم جاره قوربانییەکه کەمینەی کوردی عێراقه و بکەری تاوان سوپای عێراقه .

کـورد گرووپێکـی ئـەتنیکی جیـاوازه کـه ٢٠ميليۆنـه و خـاوەن مێژوویێکـی کـۆن و کولتوورێکی دەوڵەمەنده. هەر چەند که گەلێ لـه کوردەکـان ئامانجیـان کوردسـتانێکی سـەربەخۆیه بـەڵام کـورد تووشـی چارەڕەشـییەکی گـەوره بـووه و لـه نێـوان عێـراق ، ئێران ، تورکیا ، سووریا و یەکێتی سۆڤیەتدا پارچه پارچه بووه.

هەرچەند که هەڵسووکەوتی عێراق لـه گـەڵ کەمینـەی کـورد لـه رابـردوودا تۆزێـک لـه هەڵسوکەوتی دراوسێکانی باشتر بووه ، بـەڵام رەوشـی کوردەکـانی عێـراق لـەم چەنـد ساڵەی دواییدا بـووه بـه نەهامـەتی و کارەسـات . بـه دەسـتپێکردنی شـەڕی ئێـران و عێـراق، خـەباتکارانی کـورد لـه هـەر دوو وڵات هـەلیان بـۆ رەخسـا ئۆتۆنۆمییـەکی

بەرفراوانتر (نە سەربەخۆیی) بەدەست بهێنن . لە عێراق راپەڕینی کورد پێشکەوتنی زۆرتری بە خۆە بینی و کۆنترۆڵی زۆربەی ناوچە شاخاوییەکانی باکووری رۆژهەڵاتی عێراق کەوتە دەستی کورد. بە هەرحاڵ بە گۆڕینی ئاراستەی شەڕ بە قازانجی عێراق لە سەرەتای ئەمساڵ ، سوپای عێراق هێرشێکی گەورەی دژی کورد ئەنجام دا. لەگەڵ ئەم هێرشەدا ، گوندە کوردنشینەکان لە سەرانسەری ناوچەکە بە دینامیت تەقێندرانەوە و گازی ژەهراوی دژی خەڵک بە کار برا. لە مانگی ئادار لە شارۆچکەی کوردنشینی هەڵەبجە ، ٥هەزار سڤیلی کورد تووشی گازی کیمیایی بوون .لە دوای ئاگربەستی ٢٠ی ئاب لە نێوان ئێران و عێراق ، سوپای عێراق چەک و تەقەمەنی و پاشکەوتی گازە کیمیاییەکانی بە تەواوەتی دژی کوردەکان بەکار هێنا. راپۆرتەکانی ئاوارەکان بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە سەبارەت بە بەکارهێنانی بەرفراوانی گازی کیمیایی. بە هۆی ئەوەی کە ناوچە بە رووی هەموو بیانییەکان داخراوە ، ئێمە تەنها دەتوانین پشت بە ژمارەی کوژراو وبریندارەکان ببەستین ، بەڵام روونە کە ژمارەیان دەیان هەزار کەسە.

هێرش بۆ سەر کورد هەروا کە باسمان کرد ، درێژەی هەیە. هیچ گومان لەوە دا نییە کە رژێمی سەدام حوسێن بە نیازە ئەم هێرشە بکات بە دوایین رێگاچارەی کێشەی کورد. لە کاتێکدا کە خەڵک تووشی گازی کیمیایی دەبن ، جیهان بێ دەنگە . ئەم بێ دەنگییە چەند هۆکاری هەیە : سەرچاوەی زۆری نەوتی عێراق ، هێزی سەربازی، و هیوای تێکنەچوونی وتووێژە هەستیارەکان کە بە ئامانجی کۆتایی پێهێنانی شەڕی ئێران وعێراق ئەنجام دەدرێت .

بە هەرحاڵ ئەم بێدەنگییە لە جێی خۆی دا نییە . نیو سەدە لەمەو پێش دنیا لە بەرامبەر هیتلێر دا بێ دەنگ بوو ، ئەوە بوو هیتلێر نزیک بوو هەموو جوولەکەکانی ئۆرووپا لە ناو بەرێت . ئێمە ناتوانین لە بەرامبەر ژینۆسایدێکی دیکەدا بێ دەنگ بین .من ئەمرۆ گەڵاڵە یاسایەکەم تەسلیمی ئەنجومەن کردووە کە هەموو یارمەتییە ئابوورییەکان بە عێراق دەپچڕێنێت و پێویستی بەوە هەیە کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دژی ئەو قەرزانە دەنگ بدات کە دامەزراوە ئابوورییە نێونەتەوەییەکان

دەیدەن بە عێراق و ناردنە دەرەوەی نەوتی عێراق قەدەغە دەکات . ئەم کردەوانە بەردەوام دەبێت هەتا کاتێک کە عێراق بە کەڵک وەرگرتن لە گازی کیمیایی پرۆتۆکۆلی ١٩٢٥ی ژنێف پێشێل بکات و هێرش بۆ ژینۆسایدی خەڵکی کورد درێژەی هەبێ .

دەگووترێت ئێمە کاریگەرییەکی ئەوتۆمان لە سەر عێراق نییە ، لەوانەیە ئەمە راست بێت بەڵام بە بیروبۆچوونی من ، ئێمە دەبێت لە هەموو کەرەستەیەکی بەردەستمان کەڵک وەربگرین تا سەرنجی ئەوان رابکێشین . رێژیمی عێراق رژێمێکی دیکتاتۆری دڕندەیە کە بە تێپەڕبوونی ساڵەها شەڕ وناکۆکی پتەو بووە . دەستگواشتن ، بە تەنهایی سیاسەتی ئەم رژیمە ناگۆڕێ و پێویستە بە زۆترین کات دەست بەکاربین.

## کەڵک وەرگرتنی زیادەڕۆیانەی عێراق لە گازی کیمیایی
## ٨ی ئەیلوولی ١٩٨٨- کۆنگرێس

بەڕێز "پیێس" :

بەڕێز سەرۆکی کۆنگرێس ، دەمەوێت ناڕازیبوونی خۆم دەرببڕم بە نیسبەت کەڵکوەرگرتنی عێراق لە گازی ژەهراوی دژی کەمینەی کوردی وڵاتی خۆی . راپۆرتەکان نیشان دەدەن کە عێراق گازی ژەهراوی دژی ئێرانیش بەکار هێناوە . گازی ژەهراوی ٦٠ ساڵ پێش لە لایەن کۆمەڵگای نێونەتەوەییەوە قەدەخە کرا لە بەر ئەوەی کە گازی ژەهراوی لە جیهانی شارستانیدا قابلی قبوڵ نییە ، هەر بۆیە خەڵکی شارستانی دەبێ لە هەموو شوێنێک ، عێراق شەرمەزار بکەن : لە کۆنگرێس، لە ئەنجوومەنی پیران ، لە کۆشکی سپی ، لە نەتەوە یەکگرتووەکان و لە هەر شوێنێکی دیکە کە دەکرێ. پەیامی ئێمە دەبێ روون ، راشکاوانە و شیلگیرانە بێ . بە کارهێنانی چەکی کیمیایی لە شەڕدا قابلی قەبووڵ نییە .

**کیمیاباران کردنی کورد**

**٩ی ئەیلوولی ١٩٨٨ – ئەنجوومەنی نوێنەران**

بەڕێز "پۆرتێر" :

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن ، عێراق بە کەڵک وەرگرتن لە گازی ژەهراوی "موستارد" بۆ سەرکوتی کەمینەی کوردی خۆی ، هەروا کە دەچێ زۆرتر مافی مرۆڤ پێشێل دەکات . وەزیری دەرەوە، شۆڵتز، عێراقی باش تێگەیاندووە کە درێژەدان بە کەڵک وەرگرتن لەم چەکانە و پێشێلکردنەکانی دیکەی مافی مرۆڤ خەسار لە پەیوەندییەکانی وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا و عێراق دەدات.

دوایین هێرشی کیمیایی بێبەزەییانەی عێراق نیشانەی کێشەیەکی زۆر گەورەترە. ئەمڕۆ لانیکەم ١٥ دەوڵەت لەوانە لیبیا، عێراق ، سوریا و کۆریای باکوور چەکی کیمیایی بەرهەم دەهێنن. وادیارە گەلێ لە دەوڵەتان خەسارەکانی گازی موستاردی فۆسنگینز و (کلۆرین) یان لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا لە بیر کردووە . پێویستە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی هەنگاو بنێت بۆ راوەستاندنی بڵاو بوونەوەی ئەم چەکانە.

من و "ئێک سکێلتۆن" داوا لە کۆبوونەوەی ٢٨٨٠ی کۆنگرێس دەکەین سیستمێکی نوێ بۆ رێگرتن لە پەرەسەندنی چەکی بایۆلۆجیکی و کیمیایی دابنێت بۆ ئەوەی سەرنجی راستەوخۆی جیهان بەرەولای گرنگبوونی بڵاونەبوونەوەی ئەم چەکانە رابکێشێت. داوا لە ئەندامانی ئەنجوومەن دەکەم لەم گەڵاڵە یاسایە پشتیوانی بکەن . لە هەمان کاتدا ئێمە دەبێ دڵنیابین کە وڵاتانێک وەک عێراق کە ئەم چەکە قەدەخەکراوانە بەکار دێنن ، لەگەڵ شەرمەزارکردنی توونـد لە لایەن کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و ئەگەر پێویست بێ گۆشەگیر کردن رووبەڕوو دەبنەوە.

## ژینۆسایدی کورد

## ٩ی ئەیلوولی ١٩٨٨– ئەنجوومەنی پیران

بەڕێز " بۆند" :

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن ئەو هەواڵ و راپۆرتانەی کە لەم رۆژانەی دواییدا سەبارەت بە باکووری عێراق بیستوومانە ، لە راستیدا زۆر ترسناکن . روونە کە دەوڵەتی عێراق بە شێوازی سیستماتێک ، هێرشێک بۆ قەلاچۆکردنی کەمینەی کورد لەو وڵاتە بەڕیوە دەبات .

پاش واژۆبوونی ئاگربەست لە نێوان ئێران و عێراق لە ٢٠ی ئاب ، سوپای عێراق دەستی ئاوەڵا بووە و دەوڵەتی عێراق ئەم هێزە دژی خەڵکی خۆی بەکار دێنێت . لە ماوەی ٢ هەفتەی رابردوودا ، ئەو ئاوارانەی کە هاتوونەتە نێو خاکی تورکیا وتوویانە پتر لە هەزار کورد گولەباران کراون و ناوچەیەکی بەرفراوان کەوتۆتە بەر هێرشی کیمیایی . بە هەواڵنێران ئیزن نادرێت سەردانی ناوچەکە بکەن ، بۆیە زانیارییەکانمان کرچوکاڵن . بە هەر حاڵ مەزەندە دەکرێت ژمارەی ئەو کەسانەی کە بە دەستی دەوڵەتی عێراق کوژراون ، گەیشتۆتە دەهەزار کەس و ژمارەیەکی زۆرتر بریندار بوونە . پتر لە ١٠٠هەزار کەسی دیکە ناچار کراون پەنا بۆ تورکیا ببەن . "تورگوت ئۆزاڵ" ، سەرۆک وەزیرانی تورکیا شایانی ستایشە لە بەر ئەوەی کە ئەو کەسانەی قبووڵ کردووە کە لە دەستی دەوڵەتی عێراق هەڵاتوون و لە ناوچە سنوورییە مەترسیدارەکان دووری خستوونەتەوە .

ئەمە یەکەم جار نییە کە رژێمی عێراق گازی ژەهراوی دژی خەڵکی خۆی بەکار دەهێنێت .لەم رۆژانەی دواییدا لە ١٦ی ئادار ، عێراق سەدان پیاو و منداڵی بێ گوناهی لە شاری هەڵەبجە کیمیاباران کردووە . وینەکانی ئەم رووداوە ترسناکە ، جیهانی هەژاندووە .

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن ، خەڵکی شارستانی لەم وڵاتە و سەرانسەری جیهان ناتوانن بە سانایی بێدەنگ بن ، لە کاتێکدا کە تاوانگەلی ئەوندە مەزن دژی خەڵکی

بێ گوناه بەڕێوە دەچێت. من لەم ڕۆژانەی دواییدا نیگەران بووم لەوە کە ڕێبەرانی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی نیگەرانی خۆیان دەرنەبڕی لە بەرامبەر ئەم تاوانە .

دوێنێ زۆر خۆشحاڵ بووم کە سەرۆکی تێکەیشتووی کۆمیتەی پەیوەندییەکانی ئەنجوومەنی پیران گەڵاڵە یاسایەکی تەسلیمی ئەنجوومەنی پیران کردووە کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ناچار دەکات دژی عێراق دەست بەکار بێت . ئەمە گەڵاڵەیەکی باشە و من هیوادارم کە هاوکارانم بێ فیرۆدانی کات ، پەسەندی بکەن .

بە هەرحاڵ بە بیروبۆچوونی من پێویستە لەم پەیوەندییەدا هەنگاوی زیاتر هەڵبگیردرێت و دوا لە سەرۆک کۆمار دەکەم کردەوەی عێراق بە توندترین شێوە ئیدانە بکات و داوا لە هاوپەیمانەکانمان بکات کە ئەوانیش ئیدانەی بکەن . لەمە زیاتر داوا لە سەرۆک کۆمار دەکەم ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان هان بدات تا سەبارەت بە کۆمەڵکوژی کورد لێکۆڵینەوە بکات و کردەوەکانی عێراق لە نەتەوە یەکگرتووەکان ئیدانە بکرێت .

بۆ چەندەمین جار لەم سەدەیە دا ، ئێمە بینیومانە کە هەندێ مرۆڤکوژ گروپێکی ئەتنیکی یان ئایینیان قەڵاچۆ کردووە وەک کۆمەڵکوژییەکانی گروپی "ئیدی ئەمین لە ئووگاندا" ٢، کۆمەڵکوژی ٣ میلیۆن لە هاوڵاتیانی خۆی بە دەستی" پۆل پۆت"٣ و لە هەموو خراپتر کۆمەڵکوژی ٦ میلیۆن جوولەکە بە دەستی" هیتلەر" . ئێمە نابێ بهێڵین ئەم ڕووداوانە دووپات بێتەوە . داوا دەکەم دوای قسەکانی من ئەم دوو وتارە بخرێتە بەر دەستی هاوکارانم: یەکەم وتاری" جیم هۆگلەند٤" لە ژێر ناوی "بە هەڵەدا مەچن: ئەمە ژینۆسایدە" کە لە ٨ی ئەیلوولی ١٩٨٨ لە ڕۆژنامەی "واشنگتۆن پۆست" دا بڵاو بۆتەوە و ئەوی دیکە وتاری" ویلیام سافێر" لە ژێر ناوی "کۆمەڵکوژی کورد بەدەستی عێراق ڕابوەستێنن" کە لە ٩ی ئەیلوولی ١٩٨٨ لە ڕۆژنامەی" نیۆیۆرک تایمز" دا بڵاو بۆتەوە .

داوا لە هاوکارانم دەکەم ئەم وتارانە بخوێننەوە و نەهێڵن ئەم بابەتە بکەوێتە پەراوێزەوە .

## مەسعود بارزانی داواکارییەک تەسلیم  بە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات ٩ی ئەیلوولی ١٩٨٨- ئەنجوومەنی پیران

لە دوای ڕووداوەکانی ئەم دوایانەی باکووری عێراق کە تێیدا چەکی کیمیایی لە لایەن سوپای عێراق دژی خەڵکی سڤیلی کورد بەکاربرا ، بەڕێز مەسعوود بارزانی ، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بە نوێنەرایەتی خەڵکی کورد  داواکارییەکی بۆ ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بەرز کردۆتەوە کە تێدا هاتووە :

" ئێمە داوا لە ئەنجوومەنی ئاسایش دەکەین بڕیارنامەکانی ئەم دواییانەی خۆی جێبەجێ بکات سەبارەت بە هەڵگرتنی هەنگاوی خێرا دژی هەر دەوڵەتێک کە چەکی کیمیایی بە کار دەهێنێت .ئێمە هەست دەکەین پێویستە جیهانی شارستانی دەستێوەردان لەم بابەتە بکات کە هەتا ئاستی ژینۆساید چۆتە پێش و مافی مرۆڤی پێشێل کردووە . ئێمە لەم کردەوەیە زۆر بەداخین کە نموونەکەی بە دەگمەن لە سەردەمی نوێدا بینراوە . ئێمە دەرک بەوە دەکەین کە ئەنجوومەنی ئاسایش دەست وەرنادات لە کاروباری ناوخۆیی وڵاتان و دواکاری ئێمە بە هیچ شێوەیەک ئامانجی سیاسی لە پشتەوە نییە ، بەڵکوو سکاڵانامەیەکە بە نوێنەرایەتی خەڵکێکی سڤیل کە لە ناودەچێت ، ئەگەر پێش لە هێرشی ئیسێ تای دەوڵەتی عێراق نەگیردرێت .

ئێمە هەست دەکەین ئاکام و لێکەوتەکانی ئەم سیاسەتەی عێراق تەنها کاری نەکردۆتە سەر خەڵکی گەمارۆدراوی ئێمە و ئەگەر عێراق هەروا بێ هیچ نارەزایەتی دەربڕینێک درێژە بە سیاسەتی خۆی بدات ، لەوانەیە ببێتە نموونەیەک بۆ دەوڵەتەکانی دیکە کە ناتوانن ناکۆکییەکانیان بە شێوازی شارستانی چارەسەر بکەن . لە کەشوهەوای هەستیاری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و شوێنەکانی دیکەی جیهان ، لەوانەیە هەندێ لە دەوڵەتەکان، بێدەنگی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی وەک ڕێگەپێدان بۆ ئەنجامدانی ئەم کردەوانە لێکبدەنەوە .

ئێمە دڵنییاین ( له بەر خەڵکەکەمان و ئاشتی جیهانی ) کە ئەم سکاڵانامەیەی ئێمە پشتگوێ ناخرێت و ئەنجوومەنی ئاسایش هەڵدەسێت بە جێبەجێ کردنی ئەرکی خۆی لەم پەیوەندییە دا.

مەسعوود بارزانی

سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان

١ی ئەیلوولی ١٩٨٨ ، عێراق

* * * * * *

ڕێبەرایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی عێراق

کوردستان ، عێراق ، ١٥ی ئابی ١٩٨٨

بەڕێزان :

جەنابی "خاوێر پرێز دێکوئیار" ، سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان

جەنابی نوێنەری یەکێتی سۆڤیەت له ئەنجوومەنی ئاسایش

جەنابی نوێنەری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا له ئەنجوومەنی ئاسایش

جەنابی نوێنەری بەریتانیا له ئەنجوومەنی ئاسایش

جەنابی نوێنەری کۆماری گەلی چین له ئەنجوومەنی ئاسایش

جەنابی نوێنەری فەرانسا له ئەنجوومەنی ئاسایش

بابەت : پەرەسەندنی شەڕی ڕەگەزی عێراق بۆ ژینۆسایدی کورد

بەڕێزان :

وێڕای سڵاو و ڕێز ، ئێمە دەمانەوێت سپاس و پێزانینی خۆمان دەرببڕین لە بەرامبەر هەوڵە چاکەکانی ئێوە بۆ کۆتایی پێهێنانی شەڕی ئێران و عێراق و ڕزگارکردنی خەڵکی ئەم دوو وڵاتە لە کارەساتە مرۆڤی و مادییەکانی ٨ساڵی ڕابردوو . هیوادارین دادپەروەری و ئاشتییەکی درێژخایەن له نێوان عێراق و ئێران بێتە ئاراوە و ئارەزووی خەڵکی عێراق بۆ ئازادی و دیموکراسی و مافی مرۆڤ بێتە دی .

ئێزنمان پێبدەن ئەم ڕاستییەتان وەبیر بهێنینەوە ( هەروا کە پێشتر وەبیری ئێوەمان هێناوەتەوە ) کە شەڕێکی دیکە دژی کورد لە عێراق بەڕێوەیە کە دەوڵەتە

یەک لە دوای یەکەکانی عێراق لە ساڵی ١٩٨١ەوە بەڕێوەی دەبەن. لەم شەڕە شۆڤینییەدا کە لە نیسانی ١٩٨٧وە شێوازی شەڕی ژینۆسایدی تەواوی بە خۆوە گرتووە ، سوپای عێراق چەکی جۆراوجۆری کۆمەڵکوژ ( بەتایبەت چەکی کیمیایی) بەکار دێنێت ، هەروا کە جیهان لە نێوەڕاستی مانگی مارسی ئەمساڵ دا بینی . ئێمە دەمانەوێت ئەوەش زیاد بکەین کە لە کاتێکدا کە ئەم شەڕە درێژەی هەیە ، کاربەدەستانی عێراق سیاسەتی تیرۆر و سەرکوتی خەڵکی عێراق - چ کورد ، چە عەرەب ، یان کەمینە ئەتنیکییەکانی دیکە - پەیڕەو دەکەن. دەوڵەتی عێراق ئەم شەڕە خوێناوییە دژی خەڵکێک بەڕێوە دەبات کە لە مافە بنەڕەتییەکانی خۆی بێبەش کراوە و تەنها داوای مافی نەتەوەیی خۆی دەکات کە بە گوێرەی هەموو کۆنوانسیۆنە نێونەتەوەییەکان و پەیماننامەکانی مافی مرۆڤ ، مافێکی رەوایە .

شایانی ئامازە پێکردنە کە لە کاتێکدا کە میدیا نێونەتەوەییەکان لە زمانی پسپۆڕان و شارەزایانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە رایانگەیاندووە کە هێزەکانی عێراق لە شەڕی کەنداو و دژی خەڵکی سڤیل لە هەڵەبجە و شار و گوندەکانی دیکەی کوردستانی عێراق ، چەکی کیمیاییان بەکار هێناوە ، لە هەمان کاتدا دەوڵەتی عێراق دژی خەڵکی سڤیل لە گوندەکانی دیکەی کوردستان چەکی کیمیایی بەکار هێناوە . بۆ نموونە لە ٣٠ و ٣١ی مانگی تەموز ئەمساڵ ، هێزەکانی عێراق گوندەکانی چۆمی بالیسان١ ، هیران٢ و سماقلۆی٣ هەڵکەوتوو لە باکووری هەولێریان بە چەکی کیمیایی بۆمباران کردووە . هەمان هێرش لە ٢ی ئۆگۆست لە گوندەکانی ئارای ، سەرۆ و زاروا لە نزیکی سنووری تورکیا ئەنجام دراوە.

لە راستیدا بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دژی خەڵکی ئێمە هەتا کاتی نوسینی ئەم داواکارییە هەروا بەردەوامە . وادیارە هیچ شتێک لە ئێستا و داهاتوودا ناتوانێ پێش لە کەڵکوەرگرتنی عێراق لە چەکی کیمیایی دژی خەڵکی کورد بگرێ ، مەگەر ئەوەی کە کۆمەڵگای جیهانی بەتایبەت ئەنجوومەنی ئاسایش هەندێ هەنگاوی جیدی تر لەم پەیوەندییەدا هەڵبگرێت.

ئێمە لەو بڕوایەداین کە دەوڵەتی عێراق تاوانگەلێکی مەزنی دژی کورد ئەنجامداوە کە دەکرێت وەک تاوان دژی مرۆڤایەتی لە قەڵەم بدرێت. دەوڵەتی عێراق شەڕی ژینۆساید بە کەرەستەگەلێکی جۆراوجۆر بەڕێوە دەبات، لەوانە:

١ ـ بەکارهێنانی بەرفراوانی چەکی کیمیایی لە ١٤ی نیسانی ١٩٨٧وە ، واتا کاتێک کە بۆ یەکەمجار عێراق گوندەکانی شێخ وەسان و دەیان گوندی دیکەی کیمیاباران کرد.

٢ ـ ڕاگەیاندنی زۆربەی گوندە کوردنشینەکان و دەورووبەری شارەکان وەک ناوچەی قەدەخەکراو کە تێیاندا فەرمان بە هێزە چەکدارەکان دراوە تەقە لە هەموو مرۆڤ و تەنانەت ئاژەڵ و بوونەوەرێک بکەن .

٣ ـ کاولکردنی زیاتر لە ٣هەزار گوند و شار و شارۆچکە و دوورخستنەوەی زۆرەملێی دانیشتوانەکانیان . گرووپێک لەم خەڵکە ئاوارە و دەربەدرە بۆ بیابانەکانی باشووری ڕۆژئاوای عێراق گوێزراونەتەوە ولەوێ لە کەمپە بە کۆمەڵەکان ، لە هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتی یەکجار دژوار و خراپدا ڕایانگرتوون .

٤ ـ سووتاندنی کێڵگە و باخ و دارستانەکانی ئەم ناوچانە .

٥ ـ توندترکردنی گەمارۆی ئابووری ناوچە قەدەخەکراوەکان بە ئامانجی ئەوە کە ژیانی خەڵک لەو شوێنە لە ناو بەرن .

٦ ـــ درێژەپێدانی سیاسەتی ئەشکەنجە وئێعدامی بە کۆمەڵ کە تێیدا بە بیانووگەلێکی سادە وەک پەیوەندی سیاسی ، ئاینی و نەتەوەیی دەیان و هەندێ جار سەدان کەس، لەوانە منداڵ کوژراون.

لە سەروبەندی شاڵاوی سەربازی بۆ سەر گوندە کوردنشینەکان لە پارێزگاکانی کەرکووک ، سلێمانی و هەولێر لە بەهاری ساڵی پار، کاربەدەستانی حکوومەت دەیان هەزار بنەماڵەیان دەستگیر کرد . پاشان بەساڵاچووان و منداڵەکانیان لە یەک جیا کردەوە و لە کەمپەکاندا ڕایان گرتن ، بەڵام پیاوەکان بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرانەوە کە چارەنووسیان نادیارە. لە هەمان کاتدا ژنەگەنجەکان بۆ شوێنەکانی

دیکه راگوێزراونەتەوه و هەواڵگەلێکی باسنەکراو له بارەی رەوشی ئەوان بە دەستی ئێمه گەیشتووه .

بەڕێز سکرتێری گشتی

بەڕێزان ئەندامانی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایش

بەرەی کوردستانی عێراق کە له ٦ حیزب پێکهاتووه ، داواتان لێ دەکات :

١ ـ گوشار بخەنە سەر عێراق تا دەستبەجێ کۆتایی بهێنێت بە بەکارهێنانی چەکی کیمایی دژی خەڵکی کوردستان .

٢ ــ دەست بەکار بن بۆ ئەوەی شەڕی رەگەزی ژینۆسساید دژی خەڵکی ئێمە رابوەستێت و هەموو کردەوەیەک بۆ دوورخستنەوه ، تەعریب و شێوازەکانی دیکەی گۆڕینی سیمای نەتەوەیی کوردستان وەلاوه بنرێت و ئیزن بە خەڵکی خۆجێیی کوردستان بدرێت بگەڕێنەوه بۆ گوندەکانی خۆیان و رێگا چارەیەکی دیمۆکراتیک ، دادپەروەرانەو ئاشتیخوازانه بۆ کێشەی کورد بدۆزرێتەوه . رێگەمان پێبدەن بگەڕێینەوه بۆ ئەو بەڵێنانەی کە کۆمەڵەی گەلان دابیوو بۆ پاراستنی مافە نەتەوەییەکانی خەڵکی کورد له کاتی لکیانی باشووری کوردستان بە عێراقەوه .

٣ ـ گوشار بخەنە سەر دەوڵەتی عێراق تا رێز له مافی مرۆڤ و ئازادی تاکە کەسی سڤیلی هاوولاتیانی عێراق بگرێت، بێ لە بەر چاو گرتنی رەگەزیان و سەرجەم زیندانییە سیاسییەکان ئازاد بکرێن .

جارێکی دیکه رێز و سپاسی ئێمه قبووڵ بفەرموون

مەسعود بارزانی بەوەکالەت له لایەن رێبەرایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی عێراق

هاوپێچ :

١ ــ لیستی شاڵاوه سەربازییەکانی هێزەکانی عێراق لە نێوان ١٩٨٧/٤/١٥ و سەرەتای ئابی ١٩٨٨ کە تێیدا کەڵک له چەکی کیمیایی وەرگیراوه .

٢ ـ دەقی بڕیارێکی دەوڵەتی عێراق کە فەرمان بە هێزەکانی دەدات هەموو مرۆڤ ، ئاژەڵ و بوونەوەرێک له ناوچەی قەدەخەکراوی کوردستان لەناو بەرن.

## پشتگیری لە گەڵاڵە یاسای "پێشگیری لە ژینۆسایدی ۱۹۸۸"
## ۹ی ئەیلوولی ۱۹۸۸- ئەنجوومەنی پیران

بەڕێز " پێڵ ":

جەنابی سەرۆک ، ئەمڕۆ ئەنجوومەنی پیران گەڵاڵە یاسای "پێشگیری لە ژینۆسایدی ۱۹۸۸" تاوتوێ دەکات کە من دوێنێ تەسلیمم کردبوو و پشتیوانە سەرەکییەکەی ، ئەندامی هێژای کۆمیتەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەنجوومەنی پیران ، سناتۆر" هێڵمز" بوو . لە ئەنجوومەنی پیراندا وێنەی کەم بووە کە گەڵاڵە یاسایەکی ئەوەندە گرنگ بەم خێراییە تاوتوێی بکرێت . بە هەرحاڵ بارودۆخی کوردستانی عێراق پێویستی بە کردەوەی خێرا هەیە.هەروا کە باسمان کرد ، سوپای عێراق شاڵاوێک بەڕێوە دەبات کە تەنها دەکرێت وەک ژینۆسایدی خەڵکی کورد شرۆڤە بکرێت . گوندە کوردنشینەکانی باکووری عێراق لە گەڵ دانیشتووەکانیان بە دینامیت دەتەقێنرێنەوە . تەنانەت سوپای عێراق لە هێرشە بەرفراوان و کاریگەرەکانی بۆ سەر هاووڵاتیانی بێ پاراستنی کورد گازی ژەهراوی بەکار هێناوە .

کردەوەی عێراق ، تاوان دژی مرۆڤایەتییە و دەبێت بە توندترین شێوە وەڵام بدرێتەوە . ئەو گەمارۆیانەی کە ئەم گەڵاڵە یاسایە بە سەر عێراقدا دەیسەپێنێت، گرانن. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دژی بەخشینی قەرز بە عێراق دەنگ دەدات لە رێکخراوە ماڵییەکانی جیهان. بۆ وڵاتێک کە ٦٠ بیلیۆن دۆلار قەرزارە و داوای قەرز لە رێکخراوە ماڵییە نێونەتەوەییەکان دەکات تا پارەی شەرە گرانەکەی لە گەڵ ئێران دابین بکات ، ئەم گەمارۆیە قورسە .

ئەم گەڵاڵە یاسایە هەموو هورمە (متمانە) ئابوورییەکان و گارانتی هورمەکانی ئەمریکا بە عێراق دەپچڕێت کە نزیکەی ۸۰۰میلیۆن دۆلارە لە ساڵدا. گەڵاڵەکە هەروەها ناردنی هەموو شتێک بۆ عێراق قەدەخە دەکات واتا ناردنی هەرشتێ کە لە کۆنترۆڵی رێکخراوەکانی دەوڵەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دابێت . ئەم کارە خۆی لە خۆیدا رێگرە لە چوونی ئەو پێداویستییانە کە عێراق پێویستی پێیە بۆ خستنەکاری

پیشەسازی نەوت و بووژاندنەوەی ژێرخانی ئابووری کە لە ئاکامی شەڕدا لەکار کەوتووە . گەڵاڵە یاساکە هەروەها هەناردنەوە دەرەوەی نەوتی عێراق قەدەخە دەکات.

لە ئاکامی پەسەندکرانی ئەم گەڵاڵە یاسایە ، هەندێ لە بەشە بازرگانییەکانی ئەمریکا تووشی زەرەر دەبن . بە هەر حاڵ ئەمە پەیوەندی بە مەرگ و ژیانی سەدان هەزار کەسەوە هەیە و مەسەلەیەکی ئەخلاقیی زۆر پیرۆزە. بۆ ئەنجامدانی کاری راست و دروست ، خەڵکی ئەمریکا لە رابردوودا ویستوویەتی بەردیل بدات .

پاش هۆلۆکاست کە پشتی جوولەکەکانی ئۆرووپای شکاند ، خەڵک پێیان وابوو قەد شتێکی وا ئیدی روو نادات . بەڵام بە داخەوە ئەمە دیسان لە کوردستانی عێراق روودەدات . ئێمە دەبێت هەرچی لە دەستمان دێت بیکەین بۆ ئەوەی دیکتاتۆری عێراق بزانێت ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە بەرامبەر کۆمەڵکوژی کورد بێ دەنگ نابێت ، ئەم گەڵاڵەیاسایە ئەم پەیامە دەگەیەنێت.

بەڕێز "پرۆکزماییر٣":

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن ، من زۆر ستایشی سناتۆری ئەیالەتی" رۆئیزلەند" ، بەڕێز " پێڵ " دەکەم بۆ ئەو هەنگاوە دەستپێشخەرانەیە کە سەبارەت بە رەوشی دژواری خەڵکی کورد هەڵیگرتووە . رێبەرایەتی و دووربینی بەڕێز "پێڵ "لەم بوارە دا جێگای رێز وستایشە.

کورد خەڵکێکی لەبیرکراون کە لە نێو سنووری چەند دەوڵەتێکی دوژمندا پارچە پارچە کراون و زلهێزەکان بۆ ئامانجی خۆیان بە کاری هێناون و لە رۆژئاوادا لۆبیان نییە یان لۆبیەکەیان لاوازە . هەر بۆیە ماوەیەکی زۆری خایاند تا وەزارەتی دەرەوە وڵامی رووداوە تراژدیکەکانی باکووری عێراقی دایەوە . هەروەها هۆکاریکی دیکە، ترس لەوە بوو کە باسکردنی ئەم کێشەیە بە تەواوی ، هەوڵی ئاشتی لە نێو ببات .

لە ناوەڕاستی ١٩٧٠ کاندا سیاسەتی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەوە بوو کە پشتیوانی لە بزووتنەوەی بەرخۆدانی کورد بکات لەرێگای دابینکردنی پێداویستی سەربازی و پێداویستییەکانی دیکە بۆ بەرەی بارزانی لە رێگای ئێرانەوە . پاشان

هێنری کسینجێر لەگەڵ شای ئێران رێککەوت کە لە ئەنجامدا شا سنوورەکانی ئێرانی داخست و بەرخۆدانی کورد هەڵوەشایەوە و ئەو خەڵکە کە ئێمە پشتیوانیمان لێکردن، تێکچوون .

هیچ وێنەیەک بەقەد ئەوەی کە لە ماوەی چەند سەدەی رابردوودا بە سەر کورددا هاتووە ، بۆ زلهێزێک وەک ئەمریکا ناخۆش نییە . سۆڤیەتیش بۆ کورد باش نەبووە ، بگرە خراپتریش بووە .

ئیستا دەوڵەتی عێراق نەتەنها دژی هێزە چەکدارەکان ، بەڵکوو دژی گرووپە سڤیلەکان، گوندەکان و ئاوارە کوردەکان چەکی کیمیایی بەکار دەهێنێت . ئەم هێرشە بە هەوڵدان بۆ دەرکردنی خەڵک و دووبارە نیشتەجێ کردنیان لە شوێنەکانی دیکە گەیشتووتە لووتکە بە ئامانجی لە ناوبردنی کولتووری کورد و کوشتنی سیستماتیکی ئەندامانی بنەماڵەی بارزانی .

بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەنی پیران ، ئەمە ژینۆسایدە ، ئەمە قەسد و نیازە بۆ لەناوبردنی تەواو یان بەشێک لە گروپێکی نەتەوەیی ـــ ئەتنیکی کە بە بێبەزەییانەترین چەک بەرێوە دەچێت واتا چەکی کیمیایی کە لەشی مرۆڤ وشک دەکات و دەیشێوێنێت و مرۆڤ بە مەرگێکی درێژخایەن و بەژان دەکوژێت و ئەگەر قوربانی خۆشبەخت بێت ، بە گازی دەمار کتووپڕ دەمرێت .

من لەوە دەترسم ئەم کردەوەیە ببێتە سەرەتایەک بۆ ئەوەی ئەو وڵاتانەی کە لە بواری بەرهەمهێنانی چەک پێشکەوتوون ، ئەم جۆرە چەکە هەڵبژێرن. تکاتان لێدەکەم ئەم گەلاڵە یاسایە پەسەند بکەن و هیوادارم کە بە شێوەیەک لە شێوەکان بتوانێت ئێش و ژانی خەڵکی کورد کەم بکاتەوە .

بەرێز"هێڵمز ":

بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن ، لە هەفتەی رابردوو میلیۆنەها ئەمریکایی ئاگادار بوون لەو هەوڵە ترسناکەکانی کە دەوڵەتی عێراق بۆ لە ناو بردنی سیستماتیکی هاووڵاتیانی کوردی خۆی ئەنجامی دا. ئەمە تاوان دژی مرۆڤایەتییە و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نابێت بێکار دابنیشێت و بێ دەنگ بێت لە بەرامبەر ئەوەی

کە روو دەدات. بیرکردنەوە لەوە زۆر ترسناکە کە چۆن رژێمێکی زاڵم و رادیکاڵ وەک رژێمی سەدام حوسەین بوونی هەیە . دەوڵەتی عێراق زۆربەی جاران کەڵکی لە چەکی کیمیایی وەرگرتووە و هەزاران کوردی کووشتووە و هەزاران کەسی دیکەی ناچار کردووە بۆ ولاتانی دراوسی هەڵبێن .

ئەمە بە هیچ شێوەیەک یەکەمجار نییە کە رژێمی عێراق ـ کە زۆربەی چەکەکانی لە سۆڤیەت دەکڕێ ـ دژی خەڵکی سڤیلی خۆی چەکی کیمیایی بەکار دێنێ . لە مانگی ئاداری ئەمساڵ عێراق بە چەکی کیمیایی هێرشی کردە سەر شارێکی کوردنشین . بە گوێرەی هەواڵنێرەکانی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و راپۆرتە جیهانییەکان ئەم هێرشە ٥هەزار خەڵکی بێ گوناهی کوشتووە . راپۆرتە هەواڵەکان دەڵێن ئەم هێرشە بۆ سزادانی هاووڵاتیانی کوردی عێراق بووە . ئەمە لە کاتێکدایە کە بە هەرحاڵ لە مانگی رابردوودا هێرشی رژێمی عێراق بۆ سەر هاووڵاتیانی کوردی خۆی توندتر بووە . بەگوێرەی رۆژنامەی "نیویۆرک تایمز " رژێمی عێراق لە ئاگربەستی ٢٠ی ئاب لە گەڵ ئێران وەک هەلێک کەڵک وەردەگرێت بۆ ئەوەی هێرشێکی سەربازی دژی کورد ئەنجام بدات .

بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەنی پیران ، ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نابێت لە لایەک بێکار دابنیشێت و سەیری هێرشی عێراق بۆ سەر ٣ تا٤ ملیۆن کوردی هاووڵاتی خۆی بکات. خەڵکی ئەمریکا نایانەوێت ئێمە بێ دەنگ بین . لە راستیدا من بە شانازییەوە دەڵێم کە کلیسای" دۆت" کە یەکەم کلیسای" بابتیست" لە "ئالکساندریا "لە ویلایەتی" ڤیرجینیا"یە٤، ئێستا پەنای بەو ٣ کوردە داوە کە بۆ پرۆتستۆ کردنی کردەوەکانی رژێمی عێراق دەستیان بە مانگرتن کردووە .

ئەم گەلاڵە یاسایە ـ کە من شانازی بەوە دەکەم کە سەرۆکی هێژای کۆمیتەی پەیوەندییەکانی دەرەوەپشتیوانی لێکردووە ـ بە رژێمی عێراق نیشان دەدات ولاتی ئێمە چەندە بە جیدی سەیری هێرشی عێراق بۆ سەر کورد دەکات . لەمە زیاتر ، دڵنیامان دەکاتەوە کە دۆلارە باجەکانی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەک یارمەتی نادرێت بە رژێمی عێراق . بەتایبەت پێویستە نوێنەرانی ولاتە یەکگرتووەکانی

ئه‌مریکا له هه‌موو رێکخراوه ماڵییه‌کانی جیهان وه‌ک بانکی جیهانی ده‌نگ بده‌ن دژی به‌خشینی هه‌ر چه‌شنه قه‌رزێک به عێراق. له‌مه زیاتر ده‌بێ هه‌موو یارمه‌تی ، فرۆشتنی چه‌ک و ته‌قه‌مه‌نی ، هورمه (متمانه) ئابوورییه‌کان و گارانتی هورمه‌کان به عێراق قه‌ده‌خه بکرێت و ناردنه ده‌ره‌وه‌ی نه‌وتی عێراق قه‌ده‌خه بکرێت که له ٣/ ١له ١٠٠ی نه‌وتی هاورده‌ی ئه‌مریکا پێکده‌هێنێت . ئه‌م گه‌ماروانه به‌رده‌وام ده‌بێت هه‌تا کاتێک که سه‌رۆک کۆمار پشتڕاستی بکاته‌وه عێراق هێرشی ژینۆسایدی دژی کورد و به کارهێنانی چه‌کی کیمیایی راوه‌ستاندووه .

به‌ڕێز سه‌رۆکی ئه‌نجوومه‌نی پیران ، داوا ده‌که‌م وتاره‌که‌ی "کارێل مۆرفی٥" له رۆژنامه‌ی "واشنگتۆن پۆست" له ٧ی ئه‌یلول - که باسی شه‌رت و مه‌رجی به‌خشینی مافی په‌نابه‌ری به ٣ کورد ده‌کات له لایه‌ن یه‌که‌م کلیسای "باپتیست" له "ئالکساندریا" - و وتاره به‌نرخه‌که‌ی" ویلیام سافێر" که له ٩ی ئه‌یلوولی ١٩٨٨ له رۆژنامه‌ی "نیۆیۆرک تایمز" دا بڵاو بۆته‌وه، بخرێته به‌رده‌ستی ئه‌ندامانی ئه‌نجوومه‌ن .

***

گه‌ڵاڵه یاسای پشتگیری له ژینۆسایدی ١٩٨٨

به‌شی ١ : ناوی ئه‌م یاسایه، پشتگیری له ژینۆسایدی ١٩٨٨-ه

به‌شی ٢ : کۆنگرێس ده‌ڵێت :

١ ـ نه‌ته‌وه‌ی کورد گرووپێکی ئه‌تنیکی جیاوازه که نزیکه‌ی ٢٠ ملیۆنه و خاوه‌ن مێژوویێکی کۆن و میراتێکی کولتووری ده‌وڵه‌مه‌نده .

٢ ـ ٣ تا ٤ ملیۆن کورد ، هاووڵاتی عێراقن و له باکوری ئه‌و وڵاته نیشته‌جێن .

٣ ـ سوپای عێراق هێرشێکی ئه‌نجامداوه بۆ چۆڵکردنی ناوچه‌کوردنشینه‌کانی عێراق له رێگای کاول کردنی هه‌موو گونده کوردنشینه‌کان له زۆربه‌ی ناوچه‌کانی باکووری عێراق و هه‌روه‌ها له رێگای کوشتنی خه‌ڵکی سیڤیل .

٤ ـ هێما و به‌ڵگه‌نامه تایبه‌ته‌کان نیشان ده‌دات سوپای عێراق دژی خه‌باتکارانی کورد و هاووڵاتیانی سیڤیل چه‌کی کیمیایی به‌کار هێناوه و ئێستاش به‌کاری ده‌بات

٥ ـ دەیان هەزار کوردی رزگار بوو لە هێرشەکانی سوپای عێراق پەنایان بردۆتە تورکیا.

٦ـ بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە لایەن عێراق پێشێل کردنی یاسای نێونەتەوەییە.

٧ ـ هێرشی عێراق دژی خەڵکی کورد ژینۆسایدە کە تاوانێکە کە خەڵکی شارستانی لە هەموو شوێنێک نفرەتی لێ دەکەن و یاسای نێونەتەوەیی قەدەخەی کردووە.

بەشی ٣ : گەمارۆکانی سەر عێراق

١ ـ کاربەدەستان و نوێنەرانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە هەموو رێکخراوەماڵییە نێونەتەوەییەکان کە ئەمریکا ئەندامیانە دژی بەخشینی هەرچەشنە قەرزێک بە عێراق دەنگ دەدەن.

٢ ـ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نابێت هیچ چەشنە هورمە (متمانە) ئابوورییەکان و گارانتی هورمەکان بدات بە عێراق .

٣ ـ نابێت هیچ شتوومەکێکێ قەدەخەکراو لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە بۆ عێراق بگوازرێتەوە.

٤ ـ نابێت نەوت و بەرهەمە نەوتییەکانی عێراق بنێردرێتە دەرەوە بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

بەشی ٤ : چاوپۆشییەکان : سەرۆک کۆمار دەتوانێت چاوپۆشی لە گەمارۆکانی بەشی ٣ بکات ، ئەگەر دڵنیابێت و بۆ سەرۆکی کۆنگرێس و سەرۆکی کۆمیتەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ئەنجوومەنی پیران بنووسێت کە:

١ ـ عێراق ژینۆساید دژی خەڵکی کورد ئەنجام نادات.

٢ ـ عێراق چەکی کیمیایی بەکار ناهێنێت کە لە لایەن پەیماننامەی ١٩٢٥ی ژنێڤ قەدەخە کراوە و گارانتی جێگای متمانەی داوە کە ئێدی لەم چەکانە کەڵک وەرناگرێت.

بەشی ٥ : ستایش کردنی تورکیا:

کۆنگرێس ستایشی دەوڵەتی تورکیا دەکات بۆ داڵدەدانی هەزاران ئاوارەی کورد که له قەڵاچۆ کردنی عێراق هەڵهاتوون و داوا له سەرۆک کۆمار دەکات سپاس و پێزانینی ئێمه بگەیێنێته دەوڵەتی تورکیا .

بەشی ٦ : یارمەتیدان به ئاوارەکوردەکان :

کۆنگرێس هەست بەوه دەکات که وڵاته یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەبێت یارمەتی بەو ئاواره کوردانه بدات که پێویستیان به دەوا ودەرمان و یارمەتییه مرۆڤییەکانی دیکه هەیە.

بەشی ٧ : بۆ وڵاته یەکگرتووەکانی ئەمریکا :

داوا له وەزیری کاروباری دەرەوه دەکرێت به زووترین کات ، مژاری کەڵک وەرگرتنی عێراق له چەکی کیمیایی دژی هاووڵاتیانی خۆی- که زۆربەیان هاووڵاتی سیڤیلی بێ پاراستنن- تەسلیمی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوه یەکگرتووەکان بکات تا به گوێرەی بڕیارنامەی ٦٢٠ی وڵاته یەکگرتووەکانی ئەمریکا ، بڕیاری گونجاو و کاریگەر دژی عێراق دەربکرێت به هۆی کەڵک وەرگرتنی بەردەوام له چەکی کیمیایی.

بەشی ٨ : بەرواری کار پێکردن : له ڕۆژی پەسەندکردنیدا کار بەم بڕیارنامەیە دەکرێت.

## بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دژی کورد
## ٩ی ئەیلوولی ١٩٨٨- کۆنگرێس

بەڕێز " گیلمان" ، نوێنەری ئەیالەتی نیویۆرک :

جەنابی سەرۆک ڕۆژنامەکانی ئەمڕۆ ئاشکرایان کردووه وەزارەتی دەرەوه بەم ئەنجامه گەیشتووه که عێراق چەکی کیمیایی دژی هاووڵاتیانی سڤیلی کورد و خەباتکاره چەکدارەکانی ناوخۆی عێراق بەکار دەهێنێت .

ئەگەر پێشتر عێراق هەستی بەوه دەکرد که کورد مەترسییه ، له بەر ئەوەی گەلێ له کوردەکانی عێراق هاوپەیمانی ئێران بوون ، ئێستا کاتی نیگەرانییەکی وەها بەسەر چووه ، چوونکه عێراق و ئێران ئاگربەستیان کردووه . بەهەرحاڵ بەکارهێنانی چەکی

کیمیایی لەلایەن پەیماننامەی ١٩٢٥ی ژنێڤ قەدەخە کراوە . بە لەبەر چاو گرتنی ئەوەی کە هاووڵاتیانی عێراق بەشدارییان لە هیچ راپەرینێکدا نەکردووە ، بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دژی هاووڵاتیانی کورد، کاریگەری جیدی دەبێت لە سەریان.

من ستایشی حکومەتی ئەمریکا دەکەم بە بۆنەی راگەیاندننامە راشکاوانەکەی لەم بارەوە و ئیدانە کردنی بەردەوامی عێراق و ئێران بە بۆنەی کەڵک وەرگرتن لەم چەکانە لە شەڕی ئێران وعێراقدا . ئێمە نابێت ڕێگە بەوە بدەین چەکی کۆمەڵکوژ وەک چەکی کیمیایی و مووشەکە دوورهاوێژەکان ببن بە شتێکی ئاسایی . تەنانەت بیرکردنەوە لە کەڵک وەرگرتنی ئاسایی لەم چەکانە بۆ ئاشتی و سەقامگیری جیهان ترسناکە . گەلێ لە وڵاتانی جیهان - و بەتایبەت رۆژهەڵاتی نێوەراستی ناسەقامگیر - لە سەروبەندی ئەنبار کردنی ئەم چەکانەدان . ئێمە نابێت ڕێگە بەوە بدەین ئەم رەوتە هەروا درێژەی هەبێت .ئێمە بە دڵنیاییەوە دەبێت بە کارهێنانی چەکی کیمیایی و هەر چەشنە چەکێکی دیکە دژی کورد هەڵبەسەنگێنین و هەموو چەشنە گوشارێک بخەینە سەر دەوڵەتی عێراق تا رەفتاری ئێستای خۆی بگۆڕێت .

خەڵکی ئەمریکا ستایشی دەوڵەتی ئەمریکا دەکات بۆ دالدەدانی ئەو کوردانەی کە لە عێراق هەڵاتوون و هیواداره ئەم مرۆڤدۆستییە تا کاتی پێویست درێژەی هەبێت . بە بۆنەی مرۆڤدۆستی و ئاشتی و سەقامگیری جیهان ، دەوڵەتی عێراق دەبێ سیاسەتی ئێستای خۆی بگۆڕێت .

## کەڵک وەرگرتنی عێراق لە چەکی کیمیایی
## ١٢ی ئەیلوولی ١٩٨٨- ئەنجوومەنی پیران

بەڕێز "جۆرج" :

بە گوێرەی راپۆرتە تێروتەسەل و بەڵگەمەندەکان ، دەوڵەتی عێراق ئێستا هەوڵ دەدات ڕێگاچارەی کۆتایی بە سەر خەڵکی کورددا بسەپێنێت . پتر لە ١٠٠هەزار کورد پێشتر لە دەستی سوپای عێراق هەڵهاتوون و سنووری تورکیایان بەزاندووە . نزیکەی ٥٠ هەزار کورد لە نێو ئەو ناوچە قەدەخەکراوەکانەدا کەوتوونەتە داو کە دەوڵەتی

عێراق فەرمانی داوە کەس نابێت تێیدا بژیت . ئێستا ئەم خەڵکە بوونەتە ئامانجی ئۆپراسیۆنێکی (شالاوی) سەربازی کە بە گوێرەی گەلێ لە راپۆرتەکان چەکی کیمیاییش تێیدا بەکار دەبرێت .

ئەگەر جیهان نەیەوێت وڵامی ئەم کردەوانە بداتەوە ، ناچار دەبین لەگەڵ کردەوەیەکی بێ بەزەییانەی بە کۆمەڵ رووبەڕوو بینەوە بە دەستی دەوڵەتێک کە کردەوەکانی ، شەرەفی مرۆڤایەتی و شارستانییەت لەکەدار دەکات . لەم کاتەنەدا نابێت بێدەنگ بین. ئەو دەوڵەتانەی کە ئاگاداری ئەم کردەوانەن و دەنگ ناکەن ، دەبن بە شەریکی ئەم کردەوانە .

هەفتەی رابردوو ، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەرەنجام بێدەنگی شکاند و بوو بە نموونەی وەڵامی جیهان بە تاوانە بەردەوامەکانی هێزەکانی عێراق دژی مرۆڤایەتی، لەوانە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی .

سپاس بۆ سناتۆر " پێڵ " و ئەنجوومەنی پیران بە بۆنەی پەسەند کردنی ئەم گلاڵەیاسایە کە ئامانجی پچڕانی یارمەتییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە بە عێراق و کۆتایی پێهێنانە بە کڕینی نەوتی عێراق لە لایەن ئەمریکا.

ئەمە تەنها سەرەتایەکە و بەس نییە . بۆ گەیشتن بە ئەنجام ئێمە دەبێت بیروڕای جیهانی هان بدەین کە داوا لە عیراق بکات دەست لە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی هەڵگرێت و ئیزن بە پشکێنەرە نێونەتەوەییەکان بدات لێکۆڵینەوە بکەن سەبارەت بە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و لەگەڵ کوردەکانی دانیشتووی وڵاتی عێراق بە گوێرەی مەرجەکانی مەنشووری نەتەوە یەکگرتووەکان و یاسای نێونەتەوەیی هەڵسوکەت بکات. بۆ گەیشتن بەم ئامانجە ، من ئەم کردەوە تایبەتانە پێشنیار دەکەم :

١ ـــ دەوڵەتی ئێمە دەستبەجێ راگەیاندننامەیەک دەر بکات کە تێیدا هێما و بەڵگەکانی خۆی بە تێروتەسەلی بخاتەڕوو.

٢ ـ ئێمە دەبێت داوا لە ئەنجوومەنی ئاسایش بکەین کە بە زووترین کات لێپرسینەوە لەگەڵ ئەم گومانە بکات کە ئایا عێراق لە سەروبەندی جێبەجێ کردنی سیاسەتی ژینۆسایدە یا نا .

٣ ـ ئێمە دەبێ داوا لە هاوپەیمانەکانمان بکەین- کە هەندێکیان شەریکی بازرگانی عێراقن یان چەک و تەقەمەنی بۆ دابین دەکەن- کە خوازیاری ئەوە بن کە عێراق لە بەرامبەر ئەم تاوانە وەڵامدەر بێت.

٤ ـ ئێمە دەبێت راستەوخۆ دژی بێ دەنگی دەوڵەتانی ئەندامی "بزووتنەوەی نادەرووەس" رابوەستین و داوایان لێ بکەین بێ دەنگ نەبن.

٥ ـ ئێمە دەبێت بە هەمان شێوە داوا لە یەکێتی سۆڤیەت بکەین کە بێ دەنگ نەبێت. هاوتەریب بوونی بەرژەوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت ئەم پەیامە بە رێبەرانی عێراق دەدات کە دەبێت سیاسەتی خۆیان بگۆڕن.

٦ ـ ئێمە دەبێت بەو وڵاتانەی کە پەیماننامەی ژنێڤیان واژۆ کردووە ( سەبارەت بە قەدەغەبوونی بەکار هێنانی چەکی کیمیایی ) رابگەیەنین کە بێ دەنگبوون لە بەرامبەر تاوانێکی وەها ، ئەم پەیماننامەیە دەکات بە پەیماننامەیەکی مردوو و بێ کەڵک .

٧ ـ ئێمە دەبێ خێراتربین لە دابینکردنی پێداویستییەکانی ئاوارە کوردەکان لە تورکیا و ئەو رێکخراوانەی کە یارمەتی ئەوان دەدەن ، لە وانە نەتەوە یەکگرتووەکان و خودی دەوڵەتی تورکیا . ئێمە دەبێت دڵنیابین لەوەی کە پێداویستییەکان دابین دەکرێت .

بۆ راپەڕاندنی ئەم کارانە ، هەندێ هەنگاوی تایبەت هەیە کە ئێمە دەتوانێن لەم پەیوەندییەدا هەڵی بگرین ، وەک:

١ ـ دەبێ ئەنجوومەنی پیران داوا لە وەزیری دەرەوە بکات لە زانیارییەکانی بەر دەستی بۆ ئەم مەبەستە کەڵک وەربگرێت.

٢- پێشنیار دەکەم هەر دوو حیزب (مەبەستی کۆماری و دیموکراتە- وەرگێڕ)لە رێگای رێبەرەکانیانەوە ، کاربکەن بۆ پێکهێنانی دامەزراوەی ئاڵوگۆڕی زانیاری بۆ کۆبوونەوە و شرۆڤە کردنی زانیارییەکان بە نوێنەرایەتی لە لایەن ئەنجوومەنی پیرانەوە .

٣ ـ ئێمە دەتوانین لە ڕێگای باڵوێزی تورکیا لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سپاس و پێزانینی خۆمان رابگەیەنین بە دەوڵەتی تورکیا بۆ ئەوەی تا ئێستا ئەوەی لە دەستی هاتووە کردوویەتی بۆ ئاوارە کوردەکان و ئاگاداریان بکەینەوە کە ئەنجوومەنی پیران ئامادەیە پێداویستییە مادییەکانی ئەم ئاوارانە دابین بکات.

٤ ـ ئێمە دەبێت لە ڕێگای باڵوێزی سۆڤیەت لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا داوا لە سۆڤیەت بکەین کە بۆ شەرمەزار کردنی رەفتاری عێراق بە گشتی، پەیوەست بێت بە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا .

٥ ـ ئێمە دەتوانین و دەبێت داوا لە و ڕێکخراوانە بکەین کە شەریکی بازرگانی عێراقن و پشتیوانی لێدەکەن و شتومەکی بۆ دابین دەکەن کە بێ هەڵوێست نەبن و دەستڕۆیشتوویی خۆیان بەکار بهێنن .

٦ ـ ئێمە دەبێت دڵنیابین لەوەی کە خەڵکی ئەمریکا هۆشیار بێ بەنیسبەت ئەو شتانە کە روودەدات .

بۆ گەیشتن بەم ئامانجە ئێمە نەتەنها دەتوانین لە سەرچاوەکانی خۆمان کەڵک وەربگرین ، بەڵکوو دەبێت داوا لە دوو پاڵێوراوەکانی سەرۆک کۆماری بکەین لەم پەیوەندییەدا هەڵوێست بگرن .

بەڕێز جەنابی سەرۆک ، ئەم بێ باکییەی عێراق مەعقوول نییە . ریبەرانی عێراق ئاگاداری بارودۆخی جیهانن و دەزانن کە بەرژەوەندییە مەزنەکانی ئەوان بە توندتر بوونی بیروڕای گشتی دەکەوێتە بەر مەترسی . هەر بۆیە ئێمە دەتوانین لە ئاکامی ئەم رووداوانە کەڵک وەربگرین ، ئەگەر بیروڕای گشتی بهەژێنین .

## بەکارهێنانی گازی کیمیایی لە لایەن عێراقەوە

## ١٣ی ئەیلوولی ١٩٨٨ – ئەنجوومەنی نوێنەران

بەڕێز" پییێس "، نوێنەری ئەیالەتی "ئۆهایۆ" :

من دەمەوێت ستایشی وەزیری دەرەوە، بەڕێز شوولتز ، حکوومەتی رەیگان و ئەنجوومەنی پیرانی ئەمریکا بکەم بە بۆنەی ئەو هەنگاوانەی کە ئەم دواییانە هەڵیان

گرتووە بۆ سەرنجپێدان بە کەڵک وەرگرتنی عێراق لە گازی کیمیایی. من لە چەند مانگ لەمەوبەر تا ئێستا ڕۆژ بە ڕۆژ زۆرتر دڵتەنگ دەبم بە بیستنی ئەو ڕاپۆرتە متمانەپێکراوانە کە دەڵێن عێراق لە ماوەی شەڕی درێژخایەنی ئێران و عێراقدا ، چەکی کیمیایی دژی ئێران بە کار هێناوە. من وای بۆ دەچم کە بەشی زۆری جیهانی شارستانی ، بەتایبەت وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بێ هەڵوێست بووە و کاری زۆر کەمی کردووە بۆ شەرمەزارکردن و هەنگاو هەڵگرتن دژی زیادەڕۆیی عێراق و کەڵک وەرگرتن لە گازی ژەهراوی کە لە ماوەی ٦٠ ساڵی ڕابردوودا قەدەخەکراوە و شەرمەزار کراوە .

شەڕی ئێران و عێراق بە ئاگربەست کۆتایی پێهاتووە ، لانیکەم جارێ کۆتایی پێهاتووە. کەوابوو ڕاپۆرتەکان سەبارەت بە کەڵک وەرگرتنی عێراق لە چەکی کیمیایی دژی سەربازانی ئێران لە چەند ڕۆژ و هەفتەی پێش ئاگربەست پەیوەندییەکی ئەوتۆی بە ئێستاوە نییە و ئێستا هیچ دووژمنایەتییەک لە نێوان عێراق و ئێراندا نییە. بەڵام کتووپڕ پاش ئەوەی کە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دژی ئێران کۆتایی پێهاتووە ، عێراق شەڕێکی دەست پێکردووە دژی هەندێ لە خەڵکی وڵاتی خۆی کە کوردن و لە باکووری عێراقدا نیشتەجێن . زیادەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێین عێراق هەوڵ دەدات بۆ لەناو بردنی خەڵکی کورد لەو وڵاتە.

ئەمە سەرەتایەکی خراپە، زۆر جاران ژینۆساید شەرمەزار دەکرێت ، بەڵام لە هەموو شت خراپتر ئەوەیە کە عێراق بۆ ژینۆساید ، گازی ژەهراوی بە کار دەبات. لە دوو هەفتەی ڕابردوودا ژمارەیەکی زۆر ڕاپۆرتی متمانەپێکراو بڵاو بوونەتەوە و ئێستاش بڵاو دەبێتەوە کە باسی کەڵک وەرگرتنی عێراق لە گازی ژەهراوی دەکەن . من کۆمەڵێک لە وتارەکانی ڕۆژنامەکان و گۆڤارەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکام هەیە لەم پەیوەندییەدا .

جیهانی شارستانی ناتوانێت تەحەمولی بەکارهێنانی گازی ژەهراوی بکات دژی ئێرانییەکان یا کوردەکان یا هەرکەسێکی دیکە . من خۆشحاڵ بووم کە هەفتەی ڕابردوو ئەنجوومەنی پیران یاسایەکی پەسەند کرد بۆ پچڕاندنی ٨٠٠ میلیۆن دۆلار

متمانە پێبەخشینی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە عێراق بە ئامانجی پرۆتستۆ کردنی بەکارهێنانی گازی ژەهراوی . هەڵمەتێک لە کۆنگرێس لە لایەن بەڕێزان "لانتۆس" لە ئەیالەتی کالیفۆرنیا و بەڕێز "پۆرتێر" لە ئەیالەتی ئیلینۆیز بۆ ئەم مەبەستە بەڕێوە چوو . دەمەوێت ستایشیان بکەم بۆ کارەکەیان و هیوادارم کۆمیتەی پەیوەندییەکانی کۆنگرێس و تێکرای کۆنگرێس بە زووترین کات ئەم یاسایە بەرز بکەنەوە و ئێمە پەسەندی بکەین و بینێرین بۆ سەرۆک کۆمار .

لە هەمان کاتدا ستایشی وەزیری دەرەوە ، بەڕێز شووڵتز دەکەم بۆ لێدوانە زۆر بەهێزەکەی لە پێنجشەمە یا هەینی رابردوو . داواکارم ئەو و سەرۆک کۆمار رەیگان بە دوای ئەو کارەدا بچن لە نەتەوە یەگرتووەکان لە رێگای ناردنی تیمێکی پشکنینی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عیراق بۆ ئەوەی کە بە تەواوی دڵنیابن لەوەی کە گازی ژەهراوی دژی چەکدارانی کورد بە کار هاتووە و ئەگەر شتێکی وا سەلمێندرا ، داوا لە وەزیری دەرەوە و سەرۆک کۆمار دەکەم کە توندترین هەڵوێستی موومکین لە نەتەوە یەکگرتووەکان بگیردرێت بۆ دانانی گەمارۆیەکی چەند لایەنە و زۆر کاریگەر دژی عێراق . ئێمە ناچارین ئەوە روون بکەینەوە کە گازی ژەهراوی هیچ جێگایەکی لە جیهانی شارستانیدا نییە و دەوڵەتی عێراق یان هەر دەوڵەتێکی دیکە کە چەکی کیمیایی بە کار دەهێنێت ، دەبێ چاوەڕوانی دژکردەوەی توند و خێرای جیهانی شارستانی بێت

## ژینۆسایدی کورد بە چەکی کیمیایی
## ١٣ی ئەیلوولی ١٩٨٨- ئەنجوومەنی نوێنەران

"ستیلی ە هۆیەر" لە ئەیالەتی "مریلەند":

وتارێک لە رۆژنامەی "واشنگتۆن پۆست" لە ٨ی ئەیلوولی ١٩٨٨ لە ژێر ناوی "بەهەڵەدا مەچن ، ئەمە ژینۆسایدە" لە لایەن "جیم هۆگلەند" و وتارێکی دیکە لە ژێر ناوی "کۆمەڵکوژی کورد لە سەر دەستی عێراق " لە ٥ی ئەیلوولی ١٩٨٨ لە

نووسینی "ڤیلیام ساڤێر "لە ڕۆژنامەی" نیویۆرک تایمز"دا بڵاو بووەتەوە کە داوا دەکەم بخرێتە بەر دەستی ئەندامانی ئەنجومەن. هەردوو وتار جێگای متمانەن . ژینۆساید لە لایەن هێزە چەکدارەکانی سەرۆک کۆماری عێراق ، سەدام حوسەین دژی خەڵکی کوردی دانیشتوی باکووری عێراق بەڕێوە دەچێت .

ئێمە ناتوانین لە بەرامبەر ئەم کۆمەڵکوژییە کە ئامانجێکی لە پشتە بێ هەڵوێست بین . بێ هەڵوێستی ئێمە لە رابردوودا رێگای بۆ ئەوە خۆش کردووە کە دیکتاتۆرە دڵڕەقەکان میلیۆنەها کەس بکوژن و بێ هەڵوێستی لە ئەمڕۆشدا رێگا خۆش دەکات بۆ ئەوەی ژمارەیەکی یەکجار زۆری دیکە بکوژرێن . ئاگربەستی شەڕی کەنداو ، کۆتایی بە شەڕێک هێنا کە سەدان هەزار کەسی کردە قوربانی و ئێمە نابێت بهێڵین لەم ئاگربەستە وەک هەلێک کەڵک وەربگیردرێت بۆ دەستپێکردنەوەی خوێنڕێژی . بەکارهێنانی سیستماتیکی چەکی کیمیایی دژی خەڵکی سیڤیل ، کەمتر لە مێژوودا رووی داوە و ئەگەر دەمانەوێت لە داهاتوودا بێ رێزییەکی هاوشێوە بە مرۆڤایەتی نەکرێت ، دەبێت بە توندترین شێوە وڵامی بدرێتەوە .

## هێرشی کیمیایی دەکرێتە سەر کورد
## ١٣ی ئەیلوولی ١٩٨٨ ـ ئەنجوومەنی نوێنەران

بەڕێز "جیم بەیتز "، نوێنەری ئەیالەتی "کالیفۆرنیا" :

سەرەرای ئاگربەستی ٢٠ی ئابی ١٩٨٨ لە نێوان ئێران و عێراق ، سەرچاوە سیخوڕییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پشتڕاستیان کردۆتەوە کە عێراق چەکی کیمیایی دژی کەمینەی کورد بەکارهێناوە . ئەمە کردەوەیەکی دڕ ندانەیە کە ئاکام ولێکەوتەی جیدی بەدواوە دەبێت.

بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن پرۆتۆکۆلی ١٩٢٥ی ژنێف قەدەخە کراوە بە هۆی ئەوەی کە لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا هێزە سەربازییەکان بەم چەکانە کوژران و برینـدار بوون. پاش ئەوەش هیچ دەوڵەتێک بەم رێژەیە کەڵکی لەم چەکانە

وەرنەگرتووە ، بەڵام سەلمێندراوە کە دەوڵـەتی عیـراق ئـەم چەکانـەی وەک ئامرازێـک بەکار هیناوە بۆ سەرکووتی راپەڕینی کەمینەی کورد. تاوانـەکان دژ بـەم ٣/٥ میلیـۆن کەسە کە بۆ ئۆتۆنۆمی خەبات دەکـەن ، وەبیرهێنـەری ئـەو کـردەوە ترسـناکانەیە کـە جیهان لە کاتی هۆلۆکاستی جوولەکەکاندا بینـی . ئێمـە نابێـت رێگـە بـدەین جـارێکی دیکە دەوڵەتێک هەوڵ بدات بۆ لە ناوبردنی فیزیکی گرووپێک مرۆڤ . هەر بۆیـە مـن بڕیارنامەیەکـەم لـە کـۆنگرێس بـە نـاوی بڕیـاری ٥٣٢٠ ئامـادەکردووە کـە نیگـەرانی دەردەبڕێت بە نیسبەت بـەکارهێنانی چەکی کیمیـایی لـە لایـەن دەوڵـەتی عێـراق دژی کـورد و داوا لـە عێـراق دەکـات بـەزووترین کـات و بـۆ هەمیشـە بـەکارهێنانی چـەکی کیمیایی رابگرێت .

نەتەوەی کورد ، گرووپێکی جیاوزی ئەتنیکی ٢٠ میلیۆن کەسییە . پێکهاتنی کۆمـاری تورکیا لە ساڵی ١٩٢٢ ، کۆتایی بە هیوای کورد بۆ دامەزرانی وڵاتێکـی سـەربەخۆ بـە نـاوی کوردسـتان هێنـا و ئێسـتا کوردەکـان لـە تورکیـا ئێـران، عێـراق، سـووریا ، یەکێتی سۆڤیەت و لوبنـان نیشـتەجێن . لـە ئاکـامی هێرشـی کیمیـایی دا ١٠٠هـەزار کوردی عێراق لەم دواییانە دا هەڵهاتوون بۆ تورکیا. بـەکارهێنانی چـەکی کیمیـایی لـە لایەن عێراق دژی خەڵکی کورد ، تاوانی ژینۆسایدە و پێشـێل کردنـی تـەواوی یاسـای نێونەتەوەییە . داوا لە هاوکارانم دەکەم پشتیوانی لەم بڕیارنامەیە بکەن .

## ئێش و ئازاری ئاوارە کوردەکان لە تورکیا
## ٢٨ی حوزەیرانی ١٩٩٠ – ئەنجوومەنی نوێنەران

بەڕێز "جان ئێدوارد پۆرتێر":

ئێش و ژانی ئاوارە کوردەکان لە تورکیا هەروا بەردەوامە . ئەوە دوو سـاڵە ٧٠هـەزار کورد لە ترسی چەکە کیمیاییەکانی سەدام حوسەین هـەڵهاتوون و بەداخـەوە رەفتـاری تورکیاش لە گەڵیان لە رەفتاری عێراق زۆر باشتر نییە . راپۆرتـە هەواڵیـەکان نیشـان دەدەن کـە کـەمپی ئـاوارە کوردەکـان لـە بـارودۆخێکی خـراپ دایـە ، پێداویسـتییە

سەرەکییەکان دابین ناکرێت ، هەلی کار کردن بۆ کوردەکان نییە ، گۆشەگیر کراون و بە هۆی ئەوەی کە کاربەدەستانی تورکیا مافی پەنابەریان نەداوە بە کوردەکان ، لە بارودۆخێکی زۆر نالەباردا دەژین.

هەوڵە نێونەتەوەییەکان بۆ دروستکردنی خانوو بۆ ئاوارەکان لە لایەن تورکیاوە رەت کراوەتەوە . وادیارە سەرۆک "ئۆزاڵ" دەیەوێت کوردەکان بگەڕێنەوە بۆ عێراق . ئەگەر شتێکی وا روو بدات بێگومان لە گەڵ ئازار و ئەزیەتی زۆرتر رووبەڕوو دەبنەوە

ئاوارەکان لە تورکیا دەبێ دەستیان بگات بە رێکخراوە نێونەتەوەییەکانی ئاوارەکان و بە شێوازی گونجاو بپارێزرێن. هەروەها ئێمە دەبێت پێداگری بکەین لە سەر ئەوەی کە عێراق ، ئێران و تورکیا بە تەواوی رێز لە مافی هاوولاتییە کوردەکانیان بگرن .

## ئاوارە کوردەکانی عێراق لە تورکیا بەردەوام لە سەختیدا دەژین
## ١٢ی تەموزی ١٩٩٠- ئەنجوومەنی نوێنەران

بەڕێز "دیکۆنیسنی ":

من دەمەوێت نیگەرانی خۆم دەرببڕم بە نیسبەت رەفتاری تورکیا لە گەڵ ٣٠هەزار کوردی ئاوارەی عێراق کە لە باشووری رۆژهەلاتی تورکیا دەژین . ئەم خەڵکە چارەڕشە پێشتر لە سەر دەستی سەدام حوسەین ئێش و ئازاری زۆریان بینیوە . سەدام ئەوانی کیمیاباران کردووە ، کوشتووە و ئەوانەی کە لە کاولکردنی گوندەکان و خانووەکان رزگاریان بووە، دوورخستووەتەوە . لە بەر ئەوەی کە لە لایەن میدیاکانەوە سەرنجی کەمی پێدراوە، کەمتر کەسێک لە دەرەوەی کۆمەڵگای کوردستان دەزانێت لەم ناوچە دەستپێڕانەگەیشتووەدا چ روو دەدات . بە داخەوە ئەم رەفتارە دزێوە کە سووکایەتییە بە هەموو مرۆڤایەتی، بەردەوامە لە بەر ئەوەی کە

وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و دەوڵەتانی دیکەی رۆژئاوا ناتوانن گوشار بخەنە سەر رژێمی سەرەڕۆی عێراق.

پاش ئەوەی کە هەزاران کورد بە دەستی سەربازەکانی عێراق بە کۆمەڵ کوژران، هەزاران کەس هەڵاتن و پەنایان بۆ تورکیا برد، بەڵام بەهەرحاڵ لە تورکیاش لەگەڵ کۆمەڵێک کێشەی نوێ بەرەوڕوو بوونە، دەوڵەتی تورکیا ئەوانی وەک پەنابەر بە فەرمی نەناسی و ئەوانی وەک ڕێبوار ناوزەد کرد. ئەم رەفتارە بووە هۆی ئەوە کە ئەوان لە کۆمەڵێک یارمەتی مرۆڤانە بێبەش بن . ئێستاش پاش ٣ ساڵ ئەم رێبوارانە لە کەمپەکانی باشووری تورکیا نیشتەجێن و دەوڵەتی تورکیا درێژە بە هەوڵەکانی دەدات تا ئەوان وەک نیشتەجێبووی کاتی لە رەوشێکی دژواردا بهێڵێتەوە . لە مانگی ئۆگۆستی رابردوودا من و سناتۆر "لاتینبێرگ٢ "سەردانی یەکێ لەم سێ کەمپانەمان کرد کە بە نیسبەت کەمپەکانی دیکە دۆخەکەی باشتر بوو، ٣٠ تا ٤٠ کەس لە شۆقەیەکی ٣ ژووریدا بوون ، دۆخی پاک و خاوێنی خراپ بوو و ئاوارەکان نەیاندەتوانی کار بکەن. لەمە زیاتر دەوڵەت نەیدەهێشت منداڵە کوردە ئاوارەکان بە شێوازی فەرمی پەروەردە ببینن و ماندوویی و بێ هیوایی بە نیسبەت داهاتوو ، کەشوهەوای سەرکوت و بێ دەنگی و بێزاری بە سەریاندا زاڵ کردبوو .

لەم دواییانەدا، دەوڵەتی تورکیا پەیماننامەکەی خۆی لە گەڵ کۆمیسۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران (UNHCR ) هەڵوەشاندەوە کە بە گوێرەی ئەوە دەوڵەتی تورکیا دەبوو بە پەناگەی هەمیشەیی هەزاران ئاوارە. دەوڵەتانی سەرانسەری جیهان پارەیان تەرخان کرد بۆ جێبەجێ کردنی پرۆژەی نیشتەجێ بوونی ئاوارەکان لە لایەن UNHCRو دەوڵەتی تورکیا . کۆنگرێس ٥٠ میلیۆن دولاری بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کرد و وەزارەتی دەرەوە دەورێکی گرینگ و جێگای ستایشی بینی لە دابینکردنی هاوکاری دەوڵەتانی دیکە لەم بوارە دا .

زێدەباری هەڵوەشاندنەوەی پرۆژەکە بە بێ هیچ پاساوێکی فەرمی، دەوڵەتی تورکیا هەروەها نەیهێشتووە یارمەتییە نێونەتەوەییەکان بە کار ببردرێت بۆ باشترکردنی رەوشی کەمپەکان . لەوە خراپتر ئەوەیە کە لە سەرەتای ئەمساڵەوە ، دەوڵەتی

تورکیا هاتووچۆی دیپلۆماتەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وکارمەندانی UNHCR ی بۆ کەمپەکان بەرتەسک کردووەتەوە .

کاربەدەستانی تورکیا دەڵێن کوردەکانی عێراق لە لێبوردنەکەی سەدام حوسەین کەڵک وەربگرن و بگەڕێنەوە بۆ عێراق . ئاوارەکان دەڵێن دەوڵەتی تورکیا یارمەتییە نێونەتەوەییەکان نادات بە کەمپەکان بۆ ئەوەی ئاوارەکان ناچار بن بگەڕێنەوە بۆ عێراق. گروپەکانی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ کە ئاگاداری رەوشی کەمپەکانن ، نیگەرانی خۆیان دەربڕیوە بەنیسبەت گەڕاندنەوەی زۆرەملی ئاوارەکان بۆ عێراق . ئەگەر ئەم ئاوارانە بگەڕێنەوە بۆ عێراق، مەترسی ئەوە زۆر جیدییە کە تووشی چارەنووسی برا و خوشکەکانیان ببن کە کوژراون یان لە ماڵ و زێدی خۆیان دەرکراون .

من مانگی ئۆگۆستی پێشوو لە تورکیا گەڕاومەتەوە . تورکیا پشتیوانی بە هێزی ئێمەیە و پەیوەندی و بەرژەوەندی دوولایەنەمان پێکەوە هەیە و دۆستایەتییە لەمێژینەکەمان لە گەڵ ئەوان بەرز دەنرخێنم . بە درێژایی سەدەکان ، تورکیا ( هەروەک وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ) پەناگایەکی ئەمن بووە بۆ میلیۆنەها ئاوارە . لە راستیدا ، ساڵی ١٩٩٢ دەبێت بە پانسەدەمین ساڵیادی پێکهاتنی کۆمەڵگای جوولەکەکان لە تورکیا کە لە دەستی ئازار و ئەزیەتی ئایینی لە ئیسپانیا هەڵهاتبوون. دەوڵەتی تورکیا لە بەرامبەر هەر شتێکدا کە پەیوەندی بە کوردەکانی دانیشتووی باشووری رۆژهەلاتی ئەو وڵاتەوە هەبێت ، کۆمەڵێک حیساباتی گرینگی سیاسی و ئاسایشی هەیە .

بە هەرحاڵ کردەوەکانی دەوڵەتی تورکیا بەنیسبەت ئاوارە کوردە عێراقیەکان پیشاندەری جۆرێک هەستیاربوونە کە تەنها ناکۆکیەکانی ناوچە خراپتر دەکات . داوا لە دەوڵەتی تورکیا دەکەم بە رەفتاری خۆی لە گەڵ ئاوارەکاندا بچێتەوە و هەرچی لە دەست دێت بیکات بۆ ئەوەی پێشوازی لەم ئاوارانە بکات و بهێڵێت لە ئازادی و هەلەکانی وڵاتی تورکیا چێژ وەربگرن .

## رژێمی سەرکووتکەری سەدام حوسەین هەڕەشەیە بۆ میلیۆنەها کەس ١١ی ئەیلوولی ١٩٩٠ – کۆنگرێس

بەرێز "پۆرتێر" :

هەموومان ئاگاداری ئەو مەترسییەین کە لە ئەنجامی داگیرکردنی نایاسایی کوێت بەدەستی عێراق ، بە سەر سەقامگیری ئابووری جیهاندا سەپاوە . بەڵام رژێمی سەرکوتکەری سەدام ئەوەندەش هەڕەشەیە بۆ سەر میلیۆنەها کەس کە لە کەنداوی فارسدا دەژین .

لە کاتی بە دەسەڵات گەیشتنی سەدام حوسەین لە ساڵی ١٩٧٩وە ، کوردەکان ــ کە مەزنترین کەمینەی عێراقن ــ بە تاوانی ئەوەی کە داوای بە فەرمی ناسینی ئەتنیکی جیاوازی خۆیان دەکەن، بە دڕندانەترین شێوە سەرکووت کراون. لە ماوەی ٥ساڵی رابردوودا سەدان منداڵ ـ کە دایک و باوکیان چالاکی سیاسی بوونە ـ دەستگیر و ئەشکەنجە کراون ، سەدان هەزار کورد لە شوێنەکانی دیکە نیشتەجێ کراون و بۆ ئەوەی بڵاوە بە کۆمەڵگای کورد بکرێت، سەدان گوند کاول کراون ، هەزاران کەس لە ئەنجامی هێرشی کیمیایی بۆ سەر خەڵکی سیڤیلی کوردکوژران و هەرچەشنە دەنگی نارەزایەتییەک بەتووندترین شێوە سەرکووت کراوە .

ئێمە نابێت چاو لە قسەکانی سەدام بکەین ( لە بەر وەوەی کە هیچ متمانەیەک بە قسەکانی ناکرێت ) بەڵکوو دەبێت چاو لە کردەوەکانی بکەین . بە لەبەرچاو گرتنی کارنامەی رەشی مافی مرۆڤی سەدام دژی هاووڵاتیانی خۆی ، ئەوە ئەرکی ئێمەیە کە ئاسایشی هاووڵاتیانی بیانی کە لە کوێت بە بارمتە گیراون و هاووڵاتیانی کوێت و وڵاتانی دراوسێ بپارێزین .

## سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ رزگارکردنی کوێت لە داگیرکاری عێراق ١٢ی کانوونی دووەمی ١٩٩١- ئەنجوومەمەنی پیران

راپۆرتی "جۆشوا ر گیلدێر"، جێگری وەزیری دەرەوە بۆ مافی مرۆڤ و کاروباری مرۆڤدۆستانە، ١٥ی کانوونی دووەمی ١٩٩٠

### ١- پەیوەندی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەگەڵ عێراق

مافی مرۆڤ لە عێراق رێزی لێ ناگیرێت . هەروا کە راپۆرتەکەی ئێمە نیشان دەدات هاووڵاتیانی ئاسایی عێراق هیچ ئاسایشێکی تاکەکەسییان لە بەرامبەر دەستدرێژییەکانی حکومەت نییە . بێ سەروشوێن کردن و لەسێدارەدانی نهێنی بە کۆمەڵ هەیە . هەندێ جار بنەماڵەکان کاتێ ئاگادار دەبن کە یەکێ لە ئەندامەکانی خۆشەویستی بنەماڵە لەسێدارە دراوە کە هێزە ئەمنییەکان تەرمەکەی تەسلیم دەکەنەوە و داوا لە بنەماڵەکەی دەکەن کە غەرامەکشی بدا بە حکوومەت ، ئەمە روانگەی رژیمی عێراقە بە نیسبەت دادپەروەرییەوە. سزای دەربڕینی بیروڕا، توونـد و دڵڕەقانەیە. ئێمە دەزانین کە لە دە ساڵی رابردوودا بە دەیان هەزار کەس (سەرژمێرییەکی ورد و ڕاست لە دەستی ئێمەدا نییە) لەلایەن هێزەکانی ئەمنییەوە گیراون بە گومانی ئەوەی کە دژایەتی حکوومەت دەکەن . لە کاتێکدا کە سیستەمی دادی عێراق ریسا ناوچەییەکان رەچاو دەکات بە نیسبەت ئەو کەسانەی کە تاوانی غەیرە سیاسییان ئەنجامداوە، بەڵام بە نیسبەت ئەوانەی کە سووچی سیاسییان خراوەتە پاڵ ریسا ناوچەییەکان رەچاو ناکرێت. دەبی ئەوەش زیاد بکەین کە بازنەی سووچە سیاسییەکان بەرفراوان پێناسە کراوە بۆ ئەوەی سووچە ئاساییەکانیش لە خۆ بگرێت .

ئەشکەنجەکردنی سووچبارە ئەمنییەکان و ئاساییەکان ، شتێکی ئاساییە و ئەو دانپێدانانەی کە لەژێر ئەشکەنجەدا وەردەگیرێن ، لە دادگادا متمانە پێکراون .

دەستبەجێ پاش دەسبەسەربوون و لەکاتی لێپرسینەوە و لێکۆڵینەوەدا (کە لەوانەیە چەند مانگ درێژەی هەبێت) خراپترین هەڵسوکەوت لە گەڵ سووچباران دەکرێت .

بە هۆی سرووشتی زۆر نهێنیپارێز و سەرکوتکاری رژیمی عێراق کۆکردنەوەی زانیاری ورد و راست سەبارەت بە بارودۆخی مافی مرۆڤ لە عێراق لە رادەبەدەر دژوارە. هاتووچۆی دیپلۆماتەکان زۆر بەرتەسک کراوەتەوە و زۆربەی عێراقییەکان دەترسن بیروبۆچوونی خۆیان لای بیانییەکان و کەسانی دیکە دەرببڕن .

رژیمی عێراق لە رادەبەدەر سەرەڕۆیە . لەم نێوەدا ناوازەیەک هەیە، ئەویش بەجێهێنانی کاروباری ئایینییە . هەروەها هەندێ هەوڵ دراوە بۆ باشترکردنی رەوشی ئابووری وڵات کە ئەم هەوڵانە ئێستا راوەستاوە . بەهەرحاڵ بەگشتی رژیم لە هەوڵەکانی بۆ کۆنترۆڵ کردنی تەواوی خەڵک، دڵڕەقە . بەشێک لەم کۆنترۆلکردنە لە رێگای دەزگای حیزبی بەعسەوە ئەنجام دەدرێت. حیزبی بەعس ، حیزبێکی نهێنییە کە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی کردووە بە ئەندامی خۆی و بڕیاردان تەنها بە دەستی چەند کەسێکە لە ئاستی سەرەوە. ئەوانەی ئاستی خوارەوە وەک سیخوڕ کاردەکەن بۆ کۆکردنەوەی زانیاری سیاسی لە بارەی دراوسێکانیانەوە. کۆمەڵێک تۆڕی سیخوڕی دیکەش هەیە کە لە رێگای ئەوانەوە ، حکوومەت کۆنترۆڵی کاروباری هاووڵاتیان دەکات و چاودێرییەکی باش بە سەر کاروباری سوپا و کاروباری خێرای حیزبی بەعسدا دەکات. پێشتر باسی سزای ئەو کەسانەمان کرد کە لەم هێڵە لادەدەن یان حکوومەت متمانەی پێیان نامێنێ . لە ماوەی ٢ساڵی رابردوودا حکوومەت چەند جار رایگەیاندووە چەند پیلانێکی سەرەتایی بۆ کوودتای سەربازی لە ناو سۆپادا پووچەڵ کردووەتەوە . سەدان کەس گیراون و ئێمە نازانین چەند کەس لەسێدارە دراون .

حیزبی بەعس ، حیزبێکی پان عەرەبییە، هەربۆیە هەموو عەرەبەکانی ـــ سەربە هەر ئایینێک یان تاقمێک بن ـ لە دەوری خۆی کۆکردۆتەوە ، بەڵام نەیتوانیوە پێگەیەکی ئایدۆلۆژیک لە نێو هاووڵاتیانی غەیرە عەرەبی عێراق پەیدا بکات کە زۆربەیان کوردن . ئەم نامۆبوونەی کورد پێش لە بە دەسەڵات گەیشتنی حیزبی بەعسیش هەر بووە ، بەڵام ئێستا سیاسەتی دەوڵەت بووەتە هۆی پێشێل کردنی بەرفراوانی مافی مرۆڤ .

بە نیسبەت کوردەوە ، دەوڵەتی عێراق "سیاسەتی گۆپاڵ و گێزەری" پەیڕەو کردووە و بە شوێن ئەوەدا بووە کە هەتا پێی دەکرێت ، پشتیوانی عەشیرەتە کوردەکان بە دەست بهێنێت و لە گێزەری ئازادی کوولتووری ئەتنیکی کەڵک وەردەگرێت . ناوچەی خودموختاری کوردستان هەیە کە خاوەن دامەزراوەگەلی تایبەتی خۆیە و پشتیوانی لە عەشیرەتە کوردەکانی لایەنگری رژیم دەکات . زمان و کوولتووری کوردی گەشەی پێدەدرێت و پەروەردە بە زمانی کوردی هەتا قۆناخی ناوەندی هەیە .

بەڵام گۆپاڵی سیاسەتی عێراق زۆر هۆڤانەیە . لە کاتی شەڕی کەنداو ـــ کە ئێران کەڵکی لە نارازی بوونی عەشیرەتە کوردەکان وەرگرت ـــ دەوڵەتی عێراق شاڵاوی کاول کردنی گوندە گومانلێکراوەکانی دەست پێکرد و گوندنشینەکانی لە شار و شوێنە نوێکاندا نیشتەجێ کرد تا لە نزیکەوە چاوەدێریان بە سەردا بکات . پاش ئاگربەستی عێراق و ئێران ، عێراق بۆ دەرکردنی راپەڕیوان لە شوێنەکانی ژێر دەستیان ، بە بێ فەرق و جیاوازی کەڵکی لە چەکی کیمیایی وەرگرت کە لە ئەنجامدا ، هەزاران پیاو، ژن و منداڵ کوژراون . پاش ئەوەی کە سەربازانی عێراق ئەم ناوچانەیان گرتەوە، کاول کردنی گوندەکان و شارۆچکەکان و گوازتنەوەی دانیشتووەکانیان خێراتر بوو و سەرئەنجام نزیکەی ٥٠٠ هەزار کەس ـــ ١ لە٧ی سەرجەم دانیشتوانی کوردی عێراق ـ دەربەدەر بوون. ئەگەرچی ئێستا کاربەدەستانی عێراق رێگا بەوە دەدەن گوندنشینە دەربەدەرکراوەکان سەردانی زێدی خۆیان بکەن تا زەوییەکانیان بکێڵن، باخەکانیان ئاوەدان بکەنەوە بەڵام ئیمە نیگەرانین بە نیسبەت ئاکام و لێکەوتە گشتییەکانی ئەم دەربەدەر کردنە بەرفراوانە .

سەبارەت بە نیگەرانی ئێمە بە نیسبەت رەفتاری دەوڵەتی عێراق لە گەڵ کوردەکانی عێراق، هەڵوێستی ئێمە ئەوە نییە کە لە گەڵ ریشە و ئامانجەکانی راپەڕینی کورددا بین ، بەڵکوو ئەوەیە کە بەنیسبەت ئەو پێشێلکاریانەی مافی مرۆڤ هەڵوێست بگرین کە لە ئاستی نێونەتەوەییدا بە فەرمی ناسراون . دەوڵەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پشتیوانی لە یەکپارچەیی خاکی وڵاتانی ئەم ناوچەیە دەکات و جەخت لە

سەر ئەوە دەکاتەوە کە کوردەکان دەبێ لەم چوارچێوەیەدا هەوڵ بدەن بە شێوازی ئاشتیخوازانە بکەن بە ئامانجەکانیان .

لە ماوەی ٢ساڵی رابردوودا ، دەوڵەتی عێراق نیازی خۆی دەربڕیوە بۆ چاکسازی . ئێستا کەندوکۆسپەکانی سەفەر کردن لە کاتی شەڕدا هەڵگیراون و بە ژمارەیەکی زۆر لە عێراقییەکان ئیزن دەدرێت بۆ یەکەم جار لە ماوەی ٨ساڵی رابردوودا، سەفەری دەرەوە بکەن . هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی لە نیسان و ئەنجوومەنی ئۆتۆنۆمی کوردستان لە ئەیلوولی ١٩٨٩ بەڕیوە چووە . ژمارەیەک لە کاندیدا سەربەخۆکان لەم هەڵبژاردنانە دا سەرکەوتن و هەندێک لە ئەندامانی حیزبی بەعس سەرنەکەوتن . بەهەرحاڵ سەرجەم کاندیداکان دەبێ سەر بەحکوومەت بن و هیچ کەس خاوەنی دەسەڵاتێکی ئەوتۆ یان کاری یاسادانان نییە ، بەو شێوازە کە دەبێ هەبێ . یاسای بنەڕەتی نوێ ئامادەکراوە و لە مانگی ژانویە تەسلیمی سەرۆک کۆمار کراوە . بە گوێرەی راپۆرتەکانی ئەم دواییانەی چاپەمەنییەکانی عێراق ، ئەم یاسایە لە بەرچاوی لێژنەیەکی ٦ کەسی لە ئەندامانی رێبەرایەتی عێراق تێپەڕیوە و دەخرێتە رێفراندۆمی گشتی خەڵک. بە هەر حاڵ پەسەند کردنی یاسای بنەڕەتی شتێکە و رێز گرتن لێی شتێکی دیکەیە . یاسای بنەڕەتی ئێستای عێراق هەندیک خاڵ لەخۆ دەگرێت بۆ رێزگرتن لە مافی مرۆڤ و قەدەغە کردنی ئەشکەنجە و سەربەخۆیی سیستمی داد کە هیچکام لەم خاڵانە ئێستا جێبەجێ ناکرێت.

ئەگەر عێراق دەیەوێت کۆتایی بەو رەخنانە بێنێت کە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی سەبارەت بە پێشێل کردنی مافی مرۆڤ لێیدەگرێت ، دەبێت هەندێک هەنگاوی جیدی و راستەقینە هەڵگرێت. دەبێت کۆتایی بە کەشو هەوای ترساندن و تۆقاندن لە لایەن دەزگای ئەمنەوە بهێنێت و هەڵبژاردنگەلێکی بە واتا بەڕێوە ببات نە هەڵبژاردنێکی شانۆیی و لە هەمووشت گرینگتر ئەوەیە کە بە رێزەوە لە گەڵ هاوولاتیانی خۆی رفتار بکات و ئەو هەل و شانسەیان پێ بدات بە ئاسایشەوە لە ماڵی خۆیاندا بژین و لە هەڕەشەی سەرکوت و توندوتیژی دەوڵەت ـــ کەلە هەموو شوێنێک هەیە ـــ دوور بن .

# راپــۆرتی وەزارەتـــی دەرەوەی وڵاتـــە یـــەکگرتووەکانی ئـــەمریکا سەبارەت بە بارودۆخی مافی مرۆڤ لە عێراق لە ساڵی ١٩٨٩

عێراق دەوڵەتێکی تەک حیزبییە کە لە لایـەن حیزبـی سۆسیالیستی بەعسی عـەرەبی (ABSP) لە ڕێگای ئەنجوومـەنی فەرمانـدەیی شـۆڕش (RCC)ەوە دەسـەڵاتداری تێدا دەکرێت کە لە ٢ دەسەڵاتی بەڕێوەبەری و یاسایی بـە گـوێرەی یاسـای بنـەڕەتی ١٩٦٨ پێک دێت . هەموو هێزێک بە دەستی سەدام حوسەینە وەک سـەرۆک کۆمـار ، سەرۆکی RCC وسکرتێری گشتی فەرماندەیی ABSP لـە عێراقـدا . دوو حیزبـی بچـووکی دیکـەش هـەن کـە لـە بنەڕەتـدا پشـتیوانی لـە حکوومـەت دەکـەن . لـە سـاڵی١٩٨٩ دەوڵـەت رایگەیانـد کـە بـە نیـازە لـە ڕێگـای یاسـایەکی بنـەڕەتی نـوێ، سیستمی چەند حیزبی پێکبهێنێت .

هەڵبژاردنـەکانی ئەنجوومـەنی نیشـتمانی ــ کـە دەسـەڵاتێکی کـەمی هەیـە- لـە ١ی نیسان بـەڕێوە چـوو . ڕەشنووسـی یاسـای بنـەڕەتی لـە ١٩٨٩ تـەواو بـووە کـە ڕێگـا دەدات بە پێکهاتی سیستمی چەند حیزبـی و لـە سـەرەتای ١٩٩٠ دەخرێتـە ڕێفرانـدۆم .بە هەرحاڵ مـاوە ببینـین کـە ئایا ئـەم سیسـتمە نوێیـە ، پـاوانی دەسـەڵاتی سـەدام حوسەین و ABSP کەم دەکاتەوە یا نا . دانیشتوانی عێراق لـە هەنـدێ گروپـی ( ئایینی و ئەتنیکی) جیاواز پێک دێن کە سەرەکیترینیان ، شیعە و سـوننە عەرەبـەکان ، کورد، تورکمان و گەلێ گروپی مەسیحین (زۆرتر ئاشووری و کلدانی ).

سوپای عێراق گەورەیەو بە باشی پەروەردە کراوە و بەشێک لـەم سۆپایە بـە تایبـەت هێزی "فۆرسان" کە لەعەشیرەتە کوردەکان پێکدێت ـ ئـەرکی دابینکردنـی ئاسایشـی سیاسی لە ناوچەی ئۆتۆنـۆمی کوردسـتان لـە ئەسـتۆیە. پۆلیسـیش ئـەرکی ئاسایشـی مەدەنی لە ئەستۆیە .

دەوڵەت کۆنترۆڵی بەشێکی زۆری ئابووری وڵاتی لە دەست دایە کە زۆرتر لە بەشی نەوت پێک دێت و سەرجەم پیشەسازییە گرینگەکان لە دەستی حکوومەتدایە . دەوڵەت بەرنامەی کەرتی تایبەتی جێبەجێ کردووە لە بەشی کشتوکاڵ، گەشتیاری، خزمەتگوزاری گشتی و پیشەسازی سووک و هەوڵ دەدات سەرمایە لە ئابووری وڵاتدا وەگەڕ بخات . بەهەرحاڵ دەسەڵاتداری حکوومەت بەسەر چالاکی ئابووریدا هەروا بەردەوام دەبێت .

ئەنجامنامەی مافی مرۆڤی عێراق لە ساڵی ١٩٨٩ هەروا نەرێنییە . هەرچەشنە بەرهەڵستکارییەکی جیدی دژی حکوومەت سەرکوت دەکرێت . دەزگای سیخوڕی لە بەرامبەر چالاکییە دژە حکوومەتییەکان لە کۆمەڵێک ئامرازی نایاسایی کەڵک وەردەگرێت وەک ئەشکەنجە و کوشتن . مافی مەدەنی هاووڵاتیانی عێراق هەروا بە توندی بەرتەسک کراوەتەوە و خەڵکی عێراق مافی ئەوەیان نییە دەوڵەتەکەیان بگۆڕن . ئازادیی دەربڕینی بیروڕا و چاپەمەنی و گرتنی کۆمەڵە و ئەنجوومەنەکان بوونی نییە. گرینگترین پێشێلکارییەکانی دیکەی مافی مرۆڤ بریتین لە بێ سەر شوێن کردن و گرتنی سەرەڕۆیانە ، نەبوونی دادگای دادپەروەرانە، دەستێوەردانی هەمە لایەنە لە کاروباری تاکەکەسی و بنەماڵەیی و بەکارهێنانی لە رادەبەدەری هێز دژی هاووڵاتیانی کورد و نەبوونی هیچ چەشنە مافێکی کرێکاری . هەروەها کۆنترۆڵی سەرکوتکارانە لە کاروباری ناوخۆیی وەک کەندوکۆسپەکانی سەفەر کردن ــ کە پێش لە شەڕی ئێران و عێراقیشدا هەر هەبوو و لە کاتی ئەم شەڕەدا توندتر ببوو ــ ئێستاش سەرەڕای ئاگربەستی ١٩٨٩ لەگەڵ ئێران ، هەر هەیە .

بزووتنەوەی چەکداری کورد لە ساڵی ١٩٨٩ بەردەوام بوو بەڵام ئاستیەکەی نزمتر بوو . هەرچەند کە هیچ بانگەشەی ئەوە نەکراوە کە دەوڵەتی عێراق لە ساڵی ١٩٨٩ چەکی کیمیای دژی هاووڵاتیانی سیڤیلی کورد بەکار هێنابێ ( بە پێچەوانەی ساڵی ١٩٨٨) بەڵام پێشێل کردنی مافی خەڵکی کورد هەروا بەردەوام بووە .

دەوڵەت له مانگی گوڵاندا رایگەیاند لەپێناو سەرکووت کردنی بزووتنەوەی کورد ، بەرنامەکەی ساڵی ١٩٨٧ درێژە پێبدات بۆ دروست کردنی ناوچەیەکی ئەمن لە پاڵ سنووری عێراق و ئێران و تورکیا کە نابێ کەسی تێدابێت. بۆ جێبەجێ کردنی ئەم بەرنامەیە، دەوڵەت گوندەکانی ناوچەی نێو ٣٠ کیلۆمەتری قووڵایی خاکی عێراقی کاول کردووە و نزیکەی ٥هەزار کورد و ئاشووری لەو شار و شارۆچکانەی کە لە لایەن دەوڵەتەوە چاوەدێری دەکرێن و دەپارێزرێن و هەروەها لەو شوێنانەی کە بۆ ئەم مەبەستە لە ناوچەی کوردستان دروست کراون، نیشتەجێ کردووە .

## رێزگرتن لە مافی مرۆڤ

الف : رێزگرتن لە مافە تاکەکەسییەکان ، لەوانە بە دووربوون لە:

**١ـ کوشتنە سیاسی و غەیرە سیاسییەکانی دیکە**

بەدرێژایی ساڵان، لەسێدارەدان یەکێ لە میتۆدە جێکەوتووەکانی عێراق بووە بۆ رفتار لە گەڵ بەرهەڵستکارانی سیاسی و سەربازی دەوڵەت ، لەوانە ئەندامانی حیزبی نایاسایی "دەعوە" (کە گروپێکی بناژۆخوازی شیعەیە کە کاری تیرۆریستی لە ئاستی نێونەتەوەییدا کردووە و لە لایەن ئێرانەوە پشتیوانی لێدەکرێت ).

هەندێ جار، بنەماڵەیەک کاتێ ئاگاداری ئەوە دەبێتەوە کە یەکێ لە ئەندامانی بنەماڵە لەسێدارە دراوە کە هێزە ئەمنییەکان تەرمی کەسە لەسێدارە دراوەکە دەدەنەوە و داوای غەرامە لە بنەماڵەکەی دەکەن .

رێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی (AI) لە راپۆرتی خۆی بۆ نیمچە کۆمیسیۆنی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پێشگیری لە هەڵاواردن و پاراستنی کەمینەکان ، رایگەیاندووە کە کۆمەڵێک بانگەشەی بە دەست گەیشتووە سەبارەت بەوەی کە نزیکەی ٨٠ کەس لەوانەی کە لە سۆپای عێراق هەڵهاتوون لە مانگی کانوونی یەکەمی ١٩٨٨ لەسێدارە دراون و دەوڵەت ١١ کەس لە کوردە بەرهەڵستکارەکانی لە مانگی

ئادار و نیسانی ١٩٨٩ لەسێدارە داوە . AI هەروەها لە راپۆرتی مانگی شوباتی خۆیدا لە ژێر ناوی "عێراق: منداڵان ، قوربانیانی بێ گوناهی سەرکوتی سیاسی " رایگەیاندووە کە هەرساڵ کۆمەڵێک بانگەشەی سەبارەت بە لەسێدارەدانی سەدان کەس بە دەست گەیشتووە. AI ئاماژەی بە فایلی ٢٩ منداڵ و جوانی کورد کردووە کە لە کانوونی دووەمی ١٩٨٧ لەسێدارە دراون . لەمە زیاتر AI لە راپۆرتی ساڵی ١٩٨٩ی خۆیدا ئامارەی بەوە کردووە کە سەدان هاووڵاتی سیڤیل ، لەوانە ژن و منداڵ لە بنەکەی سەربازی تانجەرۆ لە پارێزگای سلێمانی لەسێدارە دراون. بانگەشەکانی نێوئاخنی راپۆرتی AI هێشتا لە لایەن سەرچاوە سەربەخۆکانەوە پشتڕاست نەکراوەتەوە .

٢ـ بێسەروشوێن کردن

لە راپۆرتی مانگی شوبات، AI رایگەیاندووە هەزاران کەس لە ماوەی چەند ساڵی رابردوو لە لایەن هێزەکانی ئاسایش یان هێزە ئەمنییەکانەوە دەستبەسەر کراون و پاش دەستبەسەر بوون بێسەروشوێن کراون و ژمارەیەکی زۆریان لەسێدارە دراون . لە راپۆرتی خۆیدا لە مانگی ئاگۆست بۆ نیمچە کۆمیسیۆنی نەتەوە یەکگرتووەکان ، AI رایگەیاندووە کە مەلا محەمەد دەڵگەیی ، پێشنوێژی مزگەوتی قەلاَ دزێ لە ناوەراستی مانگی نیسان بێ سەروشوێن کراوە کە لە نێو ئەو لێژنەیە دا بووە کە دیداری لە گەڵ کاربەدەستانی دەوڵەت کردووە بۆ ئەوەی داوایان لێ بکەن کوردەکان بە زۆر لە قەڵادزێ دەرنەکرێن. ناوبراو لە بەغداد دەستبەسەر کراوە و پاشان بێ سەروشوێن کراوە . رێکخراوێکی ئاشووری کە بنکەکەی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە بانگەشەی ئەوەی کردووە کە لە مانگی ئادار ، ٣٣ ئاشووری بێ سەروشوێن کراون کە پاش دەرچوونی لێبوردنی دەوڵەت، لە ئێران و تورکیاوە گەرابوونەوە بۆ عێراق .

### ٣ـ ئەشکەنجەو ڕەفتاری زاڵمانه، نامرۆڤانه و سووکایەتی پێکردنەکانی دیکه یان سزادان

یاسای بنەڕەتی عێراق ئەشکەنجەی قەدەغه کردووه و سزای بۆ ئەو کەسانه دیاری کردووه کە کەسانی دیکه ئەشکەنجه بکەن ، بەڵام روونه کە هەم ئەشکەنجەی جەستەیی و هەم ئەشکەنجەی دەروونی لە لایەن کاربەدەستانەوه ، بە تایبەت هێزەکانی ئاسایشەوه دەکرێت . بە لەبەرچاو گرتنی پەیوەندی توندی نێوان کاربەدەستانی دەوڵەت و هێزه ئەمنییەکان ، ئەشکەنجه ناتوانێت بە بێ ئاگاداری یا ئیزنی کاربەدەستانی پایەبەرز ئەنجام بدرێت .

ئەو گرووپانەی که بۆ دەرەوەی عێراق کۆچیان کردووه و ئەو کەسانەی که پێشتر لە بەندیخانەدا بوونه پشتڕاستیان کردۆتەوه کە ئەو کەسانەی کە بە هۆی سیاسی یان ئەمنی دەستگیر دەکرێن، ئەشکەنجه دەکرێن و هەڵسوکەوتی خراپیان لە گەڵدا دەکرێت . هەڵسوکەوتی زۆر خراپ کتووپڕ پاش دەستبەسەربوون دەست پێدەکات و لە کاتی لێکۆڵینەوه بەردەوام دەبێت کە لەوانەیە چەند مانگ درێژەی هەبێت . ئەشکەنجەو رەفتاری هۆڤانه تەنها هی تاوانه سیاسییەکان نییه و تاوانەکانی دیکەش لە خۆ دەگرێت . تاوانه سیاسییەکان بەرفراوان پێناسه کراون و تاوانه زۆر ئاساییەکانیش دەکەونه ناو بازنەی تاوانی سیاسییەوه .

AI لە راپۆرتی ساڵی ١٩٨٩ی خۆیدا رایگەیاندووه کە ئەشکەنجەو هەڵسوکەوتی خراپ له گەڵ بەندکراوەکان بە شێوازێکی بەرفراوان بەردەوام بووه و هەندێک لە گیراوەکان مێرمنداڵانی ژێر١٨ساڵ بوونه کە لێیاندراوه، قامچیان لێدراوه، شۆکی کارەباییان لێدراوه و له نان خواردن بێ بەش کراون.

دەوڵەت بەردەوام حاشا له ئەشکەنجه کردنی منداڵان (وەک سیاسەتی فەرمی یان بە کردووه) دەکات و دەڵێت ئامادەیه لەم پەیوەندییەدا لێپرسینەوه لە گەڵ

هەرچەشنە بانگەشەیەک بکات و تاوانباران سزا بدات. شاهیدانی بێلایەن تا ئێستا نەیانتوانیوە لێپرسینەوە لە گەڵ ئەم بانگەشانە بکەن .

**٤ـ دەستبەسەرکردنی سەرەڕۆیانە، گرتن و دوورخستنەوە**

لە کاتێکدا کە یاسای بنەڕەتی و یاساکانی مەدەنی ، مافی هاووڵاتیانی لەم بوارەدا دابین کردووە و کۆمەڵێک کەندو کۆسپی لە سەر ڕێگای پۆلیس داناوە بۆ دەستبەسەر کردن ، گرتن ، زیندانی کردن و گەڕانی شوێنی ژیان یا کاری خەڵک ، بەڵام ئەم ڕێوشوێنانە لە راستیدا بەنیسبەت تاوانگەلی سیاسی یا ئەمنی جێبەجێ ناکرێت ، هەرچەند کە بەنیسبەت تاوانە ئاساییەکان جێبەجێ دەکرێت .

هێزەکانی ئاسایش نەتەنها خەڵک بە شێوازی سەرەڕۆیانە دەستبەسەر دەکەن، بەڵکوو بە شێوەی نهێنیش ، گومانبارەکان دەگرن و تەنها پاش لەسێدارەدانیان ، چارە نووسیان روون دەبێتەوە . تاوانە ئەمنییەکان بریتین لە سیخوڕی ، خیانەت و پیلانگێڕی دژی دەوڵەت و هاوکاری کردن لە گەڵ دوژمنانی بیانی .

گوازتنەوەی ٥٠٠ هەزار گوندنشینی کورد بۆ شوێنەکانی دیکەی کوردستان لە ساڵی ١٩٨٧وە دەکرێت وەک جۆرێک دوورخستنەوەی ناوخۆیی سەیر بکرێت. دەوڵەت لە حوزەیرانی ١٩٨٩ رایگەیاندووە ناوچەیەکی ئەمنی چۆڵی دروست کردووە بۆ ئەوەی ئاسایشی هاووڵاتیان لە ناوچە سنوورییەکان (کە لە کاتی شەڕی ئێران و عێراقدا تۆپباران کراون و هێرشی سەربازیان کراوەتە سەر) بپارێزێ و خزمەتگوزاری باشتر بۆ گوندنشینان دابین بکات .

هەرچەند کە دەوڵەتی عێراق دەرکردنی عێراقییەکانی راگرتووە - بە بیانووی ئەوەی کە بە رەگەز ئێرانین - بەڵام ئەو چەند کەسە ئێرانییە کە هێشتا لە عێراقدا ماونەتەوە، زیندانی کراون یا هەڕەشەی دوورخستنەوە و زیندانی کردنیان لە سەرە . ئەو ژن و مێردە عێراقیانە کە هاوسەرەکەیان بە رەگەز ئێرانییە ، دەبێ لە هاوسەرەکانیان جودا ببنەوە، ئەگەرنا هەمان هەڵسوکەوتیان لە گەڵدا دەکرێت .

لەمە زیاتر عێراقییەکانی دیکە کە باپیریان بە رەگەز عێراقی نییە ، بە شێوازێکی سەرەڕۆیانە دەستبەسەر دەکرێن و دوور دەخرێنەوە .

**٥ـ بێبەشکردن لە دادگایەکی گشتی دادپەروەرانە**

بە گوێرەی سیستمی یاسایی عێراق ، لێکۆڵینەوە لەگەڵ سووچ لە لایەن پۆلیس و پاشان دادوەرێک دەکرێت کە لەوانەیە فایلەکە بنێرێ بۆ دادگا یا نەینێرێت . دادوەر حووکمی تاوانەکان دەدات و لێژنەی دادوەری بوونی نییە .

ئەوانەی کە بە تاوانبار دەناسرێن دەتوانن داوای پێداچوونەوە لە داداگای پێداچوونەوە و دیوانی بەرزی وڵات بکەن. دادگای شەریعەت لە عێراق بوونی نییە ، بەڵام بە هەرحاڵ دادگاکانی بنەماڵە ، یاسای شەریعەت جێبەجێ دەکەن کە بە گوێرەی دابونەریتی عێراق داڕێژراون. لێپرسینەوە لە گەڵ سووچە ئاساییەکان لە دادگای مەدەنی ، ئایینی و جەزاییدا دەکرێت و بە ئاشکرا دەبێت. تاوانبار دەتوانێت بە خەرجی دەوڵەت پارێزەری هەبێت (ئەگەر هەژار بێت) و پارێزەر دەتوانێت فایلی تاوانبارەکە ببینێت . دادگای پێداچوونەوە ، لێپرسینەوە لە گەڵ ئەو فایلانە دەکات کە لە دەستی دادگاکانی شۆڕشدا نین .

بە پێچەوانەی تاوانە ئاساییەکان ، تاوانە ئەمنییەکان لە لایەن دادگای شۆڕشەوە (RCC )حووکم دەدرێن کە زۆربەی جاران بە شێوازی نهێنی بەڕێوە دەچن. تاوانە ئەمنییەکان بریتین لە سیخوڕی، خیانەت، قاچاخ، ئاڵوگۆڕی دراو و کڕین و فرۆشتنی مادە سڕکەرەکان . مافی داکۆکی کردن لە خۆ لەم جۆرە تاوانانەدا زۆر بەرتەسکە . دادگا تایبەتەکانیش کە لە لایەن RCC بۆ رووداوگەلێکی تایبەت دروست کراون ( وەک پیلانی دژی حکوومەت لە ساڵی ١٩٧٩) بە نهێنی بەڕێوە دەچن. تاوانبارانی ئەم دادگا تایبەتانە لەو مافانەی کە یاسای بنەڕەتی بۆ هاووڵاتیانی داناوە ، بێبەش کراون . تاوانباران لە ژووری تاکەکەسیدا رادەگیرێن و بە ئەشکەنجە، دانپێدانانیان لێ وەردەگیرێت . پێداچوونەوە بەم تاوانانە تەنها لە لایەن

سەرۆکی RCCوە دەکرێت . بە هەرحاڵ داوای پێداچوونەوە هیچ کەلکێکی نییە بە هۆی ئەوەی کە تا ئێستا چەندین کەس ، ماوەیەکی کورت پاش دادگایی کردن لەسێدارە دراون.

تاوانی سیاسی لە عێراق بازنەیەکی بەرفراوان لە چالاکییەکان لە خۆ دەگرێت و لە هەلومەرجێکدا کە بیروڕای گشتی ئاگاداری گیران و زیندانی کردنی تاوانباران نییە، زۆر زەحمەتە کە ژمارەی زیندانییە سیاسییەکان مەزەندە بکرێت. AI لە راپۆرتی ساڵی ١٩٨٩ی خۆیدا ، رایگەیاندووە هەزاران بەندکراوی سیاسی هەروا بە شێوازی سەرەڕۆیانە دەستبەسەر دەکرێن و لە زیندانەدا دەمێننەوە ، بە تایبەت ئەندامانی حیزبە سیاسییە نایاساییەکان ، ئەوانەی کە لە سۆپا هەڵاتوون و ئەوانەی کە پیلانی بەرخۆدانی چەکدارییان دارشتووە. کەسوکاری تاوانباران ( لەوانە منداڵەکانیان) وەک بارمتە دەگیردرێن بۆ ئەوەی تاوانبار دان بە تاوانەکانیدا بنێت.

**دەستێوەردان لە کاروباری شەخسی و بنەماڵەیی و پیشەیی**

بە گوێرەی یاسای بنەڕەتی ، بنەماڵە لە دەستدرێژی دەپارێزرێت و بایەخە کۆمەڵایەتییە بەرزەکان ئەم پاراستنە بەهێزتر دەکات . پۆلیس پێش ئەوەی ماڵی گومانلێکراوەکان بپشکنێت، دەبێت ئیزنی پشکنین لە دادگا وەربگرێت. بە هەر حاڵ بۆ دەستبەسەرکردنی گومانلێکراوە ئەمنییەکان ، گرتنی ئیزنی دادگا پێویست نییە . هەرچەندە زۆربەی گومانلێکراوەکان لە دەرەوەی ماڵ دەستبەسەر دەکرێن ، هێزەکانی ئاسایش هەندێک جار بە زۆر چوونەتە نێو ماڵ بۆ دەستبەسەر کردنی گومانلێکراو ، بە تایبەت ئەندامانی گومانلێکراوی حیزبی نایاسایی "دەعوە" .

هەرچەندە بە گوێرەی یاسا نابێت پۆست و تلگراف و تەلەفۆنی هاووڵاتیان کۆنترۆل بکرێت بەڵام گەلێ لە عێراقییەکان لە سەر ئەو بڕوایەن کە بە گشتی تەلەفۆنی هاووڵاتیان کۆنترۆڵ دەکرێت و هەموو ئەو کەلوپەلانەی کە لەڕێگای پۆست دەگوازرێنەوە ، دەپشکێندرێن . دەزگای ئیستیخبارات و حیزبی بەعس تۆڕێکی

بەرفراوانی زانیاری کۆکەرەوەکانیان هەیە . دەوڵەت هەروەها بە وردی چاودێری دەکات بە سەر هەوڵەکانی ئێران بۆ کەڵک وەرگرتن لە شیعەکانی عێراق (ئایینی شیعە ، ئایینی فەرمی ئێرانە) دژی دەوڵەتی عێراق.

٦ـ بەکارهێنانی لە رادەبەدەری زۆر و پێشێلکردنی یاسای مرۆڤایەتی لە ناکۆکییە ناوخۆییەکاندا

خەڵکی کوردی عێراق لە ساڵەکانی ١٩٢٠وە تا ئێستا شەڕی چەکداریان لە گەڵ دەوڵەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق کردووە . بە هەڵگیرسانی شەڕی ئێران و عێراق لە ساڵی ١٩٨٠ خەباتێکی نوێ لەلایەن کوردەکانەوە دەستی پێکرد و لە کاتی شەڕدا لە پاڵ ئێران یان بە یارمەتی ئێران شەڕیان دەکرد . لە ساڵی ١٩٨١تا ١٩٨٩ هەوڵەکانی حکوومەت بۆ تێکشکاندنی بزووتنەوەی چەکداری کورد ، بۆتە هۆی کوژرانی نزیکەی ٨هەزار کەس کە گەلێک لەوانە خەڵکی سڤیل بوونە و بەبێ فەرق و جیاوازی بە چەکی کیمیایی هێرشیان کراوەتە سەر لە ساڵی ١٩٨٨. هەرچەندە شەڕی کورد و دەوڵەت لە ساڵی ١٩٨٩ کەم بۆتەوە بەڵام چالاکی چەکداری کورد بەردەوامەو دەوڵەت دەستی داوە بە هەندێ کار بۆ ئەوەی پێشیان پێ بگرێت .

خەباتکارانی کورد بەردەوام نەیارییەتی خۆیان لە گەڵ دەوڵەتی ناوەندی راگەیاندووە . لە ٢٩ی ئابی ١٩٨٩ رێبەری گرووپێک لە خەباتکاران لە ژنێڤ بە چاپەمەنییەکانی راگەیاند کە لە عێراق هێرش دەکەنە سەر ئەو دامەزراوە بیانییانە کە پشتیوانی لە رژیمی عێراق دەکەن . هەتا کۆتایی ساڵی ١٩٨٩ کێشەی بزووتنەوەی کورد و سەرکوتی دەوڵەت هەروا بێ چارەسەری ماوەتەوە.

رژیمی عێراق وەک بەشێک لە هەڵمەتەکەی بۆ لەناوبردنی راپەڕینی کورد و پاک کردنەوەی ناوچەی ئەمن لە لە پاڵ سنوورەکانی لە باکوور، درێژە دەدات بە سیاسەتی راگوازتنی سەدان هەزار کورد. هاوکات لەگەڵ ئەوەی زۆربەی ئەم کوردانە گوازراونەتەوە بۆ ناو یا نزیکی شار و شارۆچکە کوردنشینەکان لە دەشتەکاندا، بە

گوێرەی هەندێ راپۆرتی پشتڕاستنەکراو، ژمارەیەکی دیکە گوازراونەتەوە بۆ ناوچە غەیرە کوردنشینەکانی عێراق. رژێمی عێراق دەستی داوە بە کاولکردنی بەرفراوانی گوندە کوردنشینەکان و هەندێ لە گوندەکانی مەسیحییەکان و تورکمانەکان. رژێمی عێراق لە ١٩٨٧ بەرنامەی کاول کردنی گوند و شار و شارۆچکە کوردنشینەکانی باکووری عێراقی توندتر کرد و نزیکەی ٥٠٠ هەزار کەس ئاوارە و دەربەدەر بوون. بە هۆی ئەوەی کولتووری نەریتیی کورد زیاتر لە گوندەکاندا رەنگ دەداتەوە، دەر کردنی زۆرەملێ و خاپوور کردنی گوندەکان، کاریگەری نەرێنی بووە لە سەر ژیانی نیو میلیۆن کورد.

بەرچاوترین نموونەی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە ١٩٨٨ روویدا کە دەوڵەتی عێراق لە هەڵمەتی تێکشکاندنی راپەڕینی دێرینی کورد، پاش ئاگربەستی ٢٠ی ئاب لەگەڵ ئێران کەڵکی لە چەکی کیمیایی دژی پێشمەرگە و خەڵکی سڤیل وەرگرت. هێزەکانی عێراق هێرشیان کردووەتە سەر گوندەکانی لای سنووری ئێران کە بە گوێرەی بانگەشەکان کوردە راپەڕیوەکان خۆیان تێدا داڵدە دابوو. بە ماوەی چەند رۆژ لە مانگی ئاب، هێزەکانی عێراق کەڵکیان لە چەکی کیمیایی وەرگرت و کتوپڕ پاش ئەم هێرشانە لانیکەم ٦٠ هەزار کورد ئاوارەی تورکیا بوون.

دەوڵەتی عێراق هەوڵەکانی خۆی توندتر کردووە بۆ تێکشکاندنی راپەڕینی کورد لە باکووری عێراق کە بووەتە هۆی کوژرانی ٨ هەزار کەس (بە وتەی سەرچاوە کوردەکان) کە زۆربەیان مەدەنین. هێزە چەکدارەکانی عێراق بە شێوەیەکی بەرفراوان چەکی کیمیاییان دژ بە خەڵکی سڤیل و هێزە چەکدارەکان لە کوردستانی ئێران و عێراق بە کار هێناوە. لە میانەی شەڕی ١٦ی ئادار لە نیوان هێزەکانی عێراق و سوپای پاسدارانی ئێران لە نێو و نزیکی شاری کوردنشینی هەڵەبجە لە باکووری عێراق،٦٠٠ کەس تا ٣ هەزار کەس بە هۆی چەکە کیمیاییەکانی عێراق کوژران.

لە ٨ی ئەیلوول وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا رایگەیاند کۆمەڵێک بەڵگەی لە دەستدایە کە هێزەکانی عێراق چەکی کیمیاییان دژ بە کوردەکان بەکار هێناوە و کەڵک وەرگرتن لەم چەکانەی شەرمەزار کرد. لەو کاتەوە گەلێ گروپ لەوانە لیژنەیەکی ئەنجوومەنی پیرانی ئەمریکا، پزشکانی مافی مرۆڤ و تاقیکارانی بریتانیایی کە نموونەی خاکەکەیان تاقی کردووەتەوە، ئەوەیان پشتڕاست کردووەتەوە کە عێراق کەڵکی لە چەکی کیمیایی وەرگرتووە. رژیمی عێراق حاشای لە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دژ بە کوردەکان کردووە.

رێکخراوی لیبۆردوونی نیونەتەوەیی (AI) لە راپۆرتی ساڵی ١٩٨٨ی خۆیدا ئاماژەی بەوە کردووە کە لانیکەم ١٧ منداڵی کوردی ١٤ تا ١٧ ساڵان لە مانگی تشرینی دووەم و کانوونی یەکەمی ١٩٨٧لە سێدارە دراون. AI هەروەها راپۆرتی داوە کە هێزەکانی ئاسایشی عێراق لە تشرینی دووەمی ١٩٨٧ کوردە نەیارەکانیان ژەهرخوارد کردووە. هەروەها بە گوێرەی راپۆرتی AI لە ساڵی١٩٨٥، ٣٠٠ مندال و جوانی کورد دەستگیر کراون کە تەرمی ٢٩ کەسیان تەسلیم بە بنەماڵەکانیان کراوە کە پێش کوشتنیان لە کانوونی دووەمی ١٩٨٧ ئەشکەنجە دراون و ئاسەواری ئەشکەنجە بە تەرمەکانیانەوە دیار بووە.